له چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
«دەستەی کورد»

هێنی هارۆلد هانسن

# ژیانی ئافرەتی کورد

## لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی‌یە
## لەبارەی کۆمەڵی ئیسلامی عیراقەوە

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق
بەغدا - ١٩٨٣

NATIONALMUSEETS SKRIFTER

*Etnografisk Række, VII*

# The Kurdish Woman's Life

## FIELD RESEARCH IN A MUSLIM SOCIETY, IRAQ

*by*

HENNY HARALD HANSEN



NATIONALMUSEET · KØBENHAVN

1961

لاپەڕەی یەکەمی چاپە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبە

# قسەی وەرگێڕ

خوێنـەری ئـازیز !

● ئەم کتێبەی لە بەردەستتدایە بەرهەمی کردوکۆشی چـوار مانـگی ئافرەتێکی بێگانەیە کە ساڵی ١٩٥٧ هاتبوە کوردستانو بە زۆری لە گوندی تۆپزاوەی نزیـك دووکان مـابوەوەو ووردە ووردە سـەفەری بـۆ نـاو شاخوداخەکانی کوردستان کردبوو و چووبوە گوندەکانی وەکو سەرکانو سەرگەلوو و شەدەلەو سەری لە کەرکووكو هەولێرو ڕواندزو هەڵەبجـەش دابوو ، ماوەیەکیش لە سلێمانی ، لە ماڵی تەرجومانەکەی مابوەوە •

ئەم ئافرەتە بێگانەیە خاتوو هێنییە • خاتوو هێنی لەم هـاتنەی بـۆ کوردستان دوو مەبەستی بووە ؛ یەکەم : کەرەستەی ئەتنۆگرافیو شـتی کۆنینەی ڕەسەنی کوردەواری کۆبکاتەوەو بیانێرێتەوە دانیمـارك ، بـۆ ئەوەی، لەوێ، لە پاڵ کەلەپووری میللەتەکانیتری ئەم دونیـایە، بیانخەنـە مووزەخانەی نیشتمانییەوە • دووەم : لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەبـارەی ئافرەتی کوردەوە ئامادە بکا •

خاتوو هێنی ئەو کاتەی کە لە کوردستان بووە چی کەلەپووری کوردی چنگ کەوتووە ناردوویەتیەوە دانیمارکو لـەوێ خراونەتـە مووزەخـانەی نیشتمانیو هەر یەك ژمارەی خـۆی وەرگرتووە • لەم کتێبـەدا وێنـەی زۆربەی کەرەستەکان بڵاوکراوەتەوە• دوای گەڕانەوەیشی بۆ دانیمارك هەر زوو ساڵی ١٩٦٠ کتێبێکی وەکو گەشتنامەی لەبـارەی سەفـەرەکەی بـۆ کوردستان بـڵاوکردەوە• کتێبەکە بـە نـاوی Daughters of Allah

ــ کچانی خوا ) [١] بوو • پاشانیش بۆ سالّی ١٩٦١ ئەم کتێبەی بلاّوکردەوە کە ئێمە کردوومانەتە کوردیو بەرهەمی زانستیی گەشتەکەیەتی •

● زۆر جار لە هەقایەتی کوردەواری خۆمان گوێمان لیّدەبیّ کە پاشایەك نەخۆش دەکەوێ ، دەرمانەکەی ئەوە دەبیّ : «شیری شێر ، لە پشتی شێر ، شێر هەلّیبگریّو شێر بیهاژوا»• منیش بیّ سیّو دوو دەلّێم ئەم بەرهەمەش وا کەوتۆتەوە ، لەبارەی ئافرەتەو ئـافرەت نووسیویـەو ئـەگەر ئافرەتیـش وەریبگێڕابایە هەلّبەت سەرکەوتووتر دەبوو • چونکە پیـاو هەرچەنـد بەتواناش بیّ ناتوانیّ وەکو ئافرەتێك بچێتە بنجوبنـەوانی لایەنـە ووردو تایبەتییەکانی ژیانی ئافرەت • بۆیەش بە من بوایە ئافرەتێك لەباتی من خۆی لەم بەرهەمە بدابوایەو بیکردایەتە کوردی ؛ چونکە لەوانەیە من بۆم نەکرابیّ بە تەواوی لە هەموو کونوکەلەبەرێکی ژیانی ژنان بگەمو بە تەواویو وەکو پێویستە ئاوا بیکەمە کوردیو ئەگەر ئافرەتێك بیکردایە هەلّبەت باشـتر بۆی دەچوو و زیاتر تێدا سەردەکەوت ، بەلاّم چ بکەم سالیّ سەدان نا بەلاّم دەیان کچ زمـانی ئینگلیزی لە زانکۆکان تەواو دەکەن ، بـەلاّم بەداخەوە قـەت یـەکیّ بـەری بەوە نیـیە کە ئەرکێکی نەتەوایـەتی وا پێویست بەجیّ بێنیّ کە تا ئەوان هەبن ئیشـەکە بە ئیشی پیـاوان نـاشیّ • ئیـتر ناچاربووم ــ ئەگەر بتوانم بلّیم ، لەباتی ئەوان ــ ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرمو ئەم کتێبەی خاتوو هێنی بێنمە سەر زمانی خۆمان ، بۆ ئەوەی بزانین ئـەم ئافرەتە بێگانەیە کە ئەو ماوە دوورەی بڕیـوەو لە دانیمـارکەوە هاتۆتـە کوردستان ، عەودالّی چی بوەو چۆنمان تیّگەییوەو بە چی داناوینو لەگەلّ کیّ بەراوردی کردووینو دوارۆژمان چۆن دەبینیّ ؟ چونکە ئافرەتێکی وا هەر چەندە بۆ ماوەیەکی کورت هاتوەو ڕۆیشتوەو ئێمە لە سـەر ئەم خاکە

---

(١) د. ناجی عەباس ئەم کتێبەی کردۆتە کوردیو سالّی ١٩٨٠ کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد ــ بە ناوی (کچانی کورد) بلاّوی کردۆتەوە .

دەبین‌و دەژین‌و دەمرین بەڵام دیسان ئەو دەرفەتەی بۆ ئەو و هی وەکو ئەو ڕەخساوەو دەڕەخسێ بۆ ئێمەمانان ڕێك ناکەوێ ، جا چ لەبارەی زروفـی گشتی نەتەوەکەمانەوەبێ‌و چ لەبارەی دەسەڵاتی سیاسی‌یەوە بێ ؛ هەربۆیەش دەبینی کە ئێمە تا ئێستاش هەر چاومان لە دەست‌و پلی بێگانانە کە شتێکمان دەرهەق بنووسن‌و بە خەڵك‌و خوامان بناسێنن • قسەیشی لەسەر نی‌یە کە تا ئێستا زۆر گەڕیدەو ڕۆژنامەگەرو سیاسی‌و ڕۆژهەڵاتناسی بیانی ، چ بە چاك‌و چ بە خراپ ، چ بە نیـازی پـاك‌و چ بە مخەنـەتی بێ لەسـەر ئێمەیـان نووسیوەو ، پێویستە ئێمەش هەر هیچ نەبێ بەرهەمی ئەم جۆرە بێگانانـە بکەینە کوردی‌و بیانخەینە بەردەستی خوێنەرانی کوردەوە •

● ئەگەر ئێمەی کورد هەقمان بێ سوپاسی ئەو کەسانە بکەین کە ، لـە چاکەی خۆیانەوە ، لەسەریان نووسیوین‌و دەنگیان بە خەڵك گەیاندووین‌و لەسەریان کردووینەتەوە ، ئەوا منیش بەش بە حاڵی خۆم هەق بە خۆم دەدەم کە دوو جار سوپاسی خاتوو هێنی بکەم : جارێـك بـۆ ئەو ئـازارەی کە کێشاویە ، لەوێوە هاتۆتە کوردستان‌و زۆر کەلەپووری کوردی لە فەوتـان پاراستوەو کە چۆتەوە هەوڵی داوە باری ژیاری‌و جۆری ژیانی ئافرەتی کورد بە هەندەران بناسێنێ • جارێکیش بـۆ ئەوەی کە بـە خـێرا وەرگـێڕانی کتێبەکەی ئەوەوە ناچار بووم بە دوای زۆر ووشـەی ڕەسـەنی کوردی‌دا بگەڕێم‌و لە گەلێ پێشەسازی خۆماڵی وەك تەون‌و جـۆلایی‌و پێـڵاوچنی‌و شتی‌تر بکۆڵمەوە کە ئەگەر بۆ خاتری ئەو کتێبە نەبوایە هەوڵم نـەدەدا فێریان بم‌و بیانزانم • ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو کەسەی گوتوویە : حەزدەکەم کتێبێکی بێگانە وەربگێرمە سەر زمانی خۆم بۆ ئەوەی زیاترو باشتر فـێری زمانەکەم ببم •

● خاتوو هێنیش وەك هەموو نووسەرێکی‌تری بیانی کە لەسەر کوردیان نووسیوە ، ڕەنگە لە هەندێ شوێن سەرچیخ چووبێ‌و لە هەندێ شوێنی‌تر پەرەی هەبێ • چی گوتوەو چی نووسیوە من بێ‌دەستکاری ، بە دەقە خۆی ،

کردوومه به کوردی‌و ئه‌گه‌ر له شوێنێ پێویست به ڕاست‌کردنه‌وه‌و ڕون‌کردنه‌وه بووبێ من له په‌راوێزا نووسیومه •

نابێ ئه‌وه‌شمان له بیر بچێ که ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ی خاتوو هێنی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مه‌یدانی‌یه چی دیوه‌و چی بیستوه ئه‌وه‌ی نووسیوه بۆیه زۆر زانیاری وای هێناوه که تایبه‌تین به‌و ناوچانه‌ی که ئه‌و لێیان بوه‌و له ناوچه‌کانی‌تری کوردستان جودان ، بۆیه نابێ قسه‌کانی به ڕه‌هایی‌و گشتی وه‌ربگرین •

هه‌ر بۆ نموونه که باسی نان‌کردنی به ساج‌و به ته‌ندوور ده‌کا ، ده‌ڵێ که نان به ساج ده‌که‌ن ئه‌نگوتك ته‌نیا به ده‌ست پان ده‌که‌نه‌وه‌و تیرۆك به‌کار ناهێنن ، به‌ڵام که نان به ته‌ندوور ده‌که‌ن ئه‌نگوتك به تیرۆك پان ده‌که‌نه‌وه • ئه‌م قسه‌ی هێنی ڕه‌نگه له‌م ناوچانه وابێ که ئه‌و لێیان بوه به‌ڵام له هه‌ندێ ناوچه‌ی‌تری کوردستان مه‌سه‌له‌که ته‌واو پێچه‌وانه‌یه ؛ واته : که نان به ساج ده‌که‌ن ئه‌نگوتك به تیرۆك پان ده‌که‌نه‌وه‌و که نان به ته‌ندوور ده‌که‌ن هه‌ر به ده‌ست ئه‌نگوتکه‌که پان ده‌که‌نه‌وه‌و تیرۆك به‌کار ناهێنن •

یان بۆ نموونه که باسی جل‌وبه‌رگ ده‌کاو پێوانه‌یان ده‌گرێ : ڕانك‌و چۆغه‌و کراس‌و کورته‌ك‌و ده‌رپێ‌و سوخمه‌و عه‌با ••• به ژماره پێوانه‌که دیار ده‌کاو ده‌ڵێ درێژی هێنده سانتیمه‌تره‌و به‌رینی هێنده سانتیمه‌تره ••• هه‌ڵبه‌ت ئه‌م ژمارانه‌ی ئه‌و داوینی شتی چه‌سپاو نین ، به‌ڵکو ئه‌و ، ژماره‌کانی به پێی ئه‌و نموونانه داوه که له به‌رده‌ستی بوون‌و گه‌وره‌و بچووکی ئه‌و شتانه‌ش به گوێره‌ی که‌له‌شی ئه‌و که‌سه ده‌گۆڕێ که به‌رگه‌که له‌به‌ر ده‌کا •

ئه‌مه چه‌ند نموونه‌یه‌ك بوو ، له زۆر شوێنی لێکۆڵینه‌وه‌که‌دا تووشی شتی وا ده‌بین ، جا ده‌بێ به شتێکی ئاسایی وه‌ری‌بگرین بۆ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مه‌یدانی وا و بزانین ئه‌م زانیاری‌یه تایبه‌تی‌یه به‌و چه‌ند گوندو شاره‌ی که ئه‌و دیونی‌و کردوونی به مه‌یدانی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی •

● له نووسینەوەی کتێبەکەدا بـە کوردی ، پەراوێـزەکانی نووسـەر (خاتوو هێنی) م وەکو خۆیان له پەراوێزەوە داناوە • هەروەهـا لـە گەلێ شوێنیشدا پەراوێزی خۆمم داناوە • ئەم دوو جۆرە پەراوێزەم ، بەش بـە بەشی کتێبەکە هەموو بە ژمارەی (١ ، ٢ ، ٣ •••) ڕیزکردووە ، ئەوەندە هەیە بۆ جویکردنەوەی پەراوێزەکانی خۆم له پەراوێزەکانی نووسەر ، له داوێنی پەراوێزەکانی خۆمەوە (و)ێکم داناوە واتە (وەرگێڕ) •

● نووسەر له ناو نووسینە ئینگلیزی‌یەکەی خۆی‌دا هەندێ ووشەی کوردی بەکار هێناوەو خستوونیەتە ناو کەوانە و پاشان کردوونی بە ئینگلیزی‌و له دواوەی کتێبەکە فەرهەنگۆکێکی بۆ ئەو ووشە کوردی‌یانە کردووەو مانای لێکداونەتەوە • منیش له کاتی وەرگێرانەکەدا ئەو ووشـە کوردی‌یانـەم (چ ڕاست بن‌و چ چەوت) وەکو خۆیان له ناو دوو کەوانەی بەم‌جۆرە«•••»دا داناوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ کە ئەم ووشە ئەوەیە کە خاتوو هێنی بەکاری هێناوەو ئەگەر ووشەکە هەڵە بێ له پەراوێزا ڕاستم کردۆتەوەو له پاش جاری یەکەم بەدواوە هەر ڕاسـتەکەم نووسیوەو هەڵـەکەی خـاتوو ( هێنی )م نەنووسیوە • له کتێبە ئینگلیزی‌یەکەدا پرۆفیسۆر کێ‌ی بار فەرهەنگۆکێکی بۆ ووشە کوردی‌یەکانی خاتوو هێنی کردوە ، بەڵام ئێمـە بە پێویستمـان نەزانی بینووسـین •

● له دواوەش فەرهەنگۆکێکم بۆ وەرگێڕانەکە داناوە ، واتـە لەپـاش وەرگێڕانی کتێبەکە چی ووشەیەکی دەگمەن‌و زەحمەت هەبێ دەرم هێناون‌و له دواوە بە ڕیز مانام لێکداونەتەوە بۆ ئەوەی خوێنـەر بـە دەستیـانەوە دانـەمێنێ •

● ئیدی ئومێدەوارم لەم ئەرکە قورسەدا تێ‌نەخرچابم‌و توانیبێتم ڕازو نیازو مەبەستی خاتوو هێنی بە کوردی دەور بکەمەوەو زۆر سوپاس •

**عەزیز گەردی**

**بەحرکە ـ هاوینی ١٩٨١**

# پێشەکی

چاکەی مامۆستا ( هارۆلد ئینگۆنت )و (جۆرگین لیسۆ)م قەت لە بیر ناچێ کە دەرفەتیان بۆ خەڵکناسێکی ژیاریی وەکو من ڕەخساند بۆ ئەوەی بتوانم بەشداری (لیژنەی دانیمارکیی دووکان) بکەم کە بە سەرۆکایەتی خۆیان بوو •

زۆر سوپاس بۆ دکتۆری فەلسەفەو زانست (کاج بیرکێت ـ سمێث) کە پێشنیاری بۆ کردم ئەم ئەرکە بگرمە ئەستۆو سوپاسی دەکەم کە بڕوای وابوو ئەمن لەبارمدا هەیە لێکولینەوەیەکی باش دەرهەق باری ژیاری ئافرەتی ئیسلام بنووسم • دکتۆر زۆر چاکەی لەسەر من هەیە ، نەك هەر ئەم جارە بگرە ئەمە چەند ساڵە زۆر هانم دەداو ئامۆژگاریم دەکا •

پێش ئەوەی لە دانیمارك بەڕێ بکەوم ، مامۆستا (کێی بار) سەرەتایەکی زمانی کوردی دامێ ، پاشانیش دلسۆزانە ئەو زاراوە کوردییانەی بۆ ساغ کردمەوە کە پەیوەندییان بە باسەکەمەوە هەبوو ؛ زۆر سوپاسی دەکەم•

دەزگای (کالسبێرگ) پارەیەکی باشی دامێ ، توانیم پێیبچمە عێراق‌و بە خێرا ئەو بوو توانیم چوار مانگ‌و نیو لە کوردستانی عیراق بمێنمەوە • کە ئیشم لە کەرستەکانی بابەتەکەشم دەکرد ئەم دەزگایە هەر پشت‌و پەناهم بوو ، زێدە لە باری هەندێ ئەرکی چاپەکەیشی وەئەستۆ گرت •

(مێجەر سی ئێل بایلیس) بە پارەی دەزگای (ڕاسکۆرستێد) دەستنووسە دانیمارکییەکەمی وەرگێڕا (بۆ ئینگلیزی) • سوپاسی بێپایانی ئەم دەزگایەش دەکەم •

سەرباری ئەمانەش زۆر سوپاسی تۆفیق وەهبی دەکەم کە خۆی

کوردەو وەزیرێکی پێشووی عیراقە بەرامبەر بەوەی کە تەرجومانێکی ژنی بۆ پەیدا کردم ئەویش حەلیمە کەریم سەعید بوو •

ئەم کتێبە زۆر قەرداری (جێی گی کامبیل)ی ئەندازیاری نیشتەجێی پرۆژەی ئاوبەستی دووکانە کە لەناو کوردەکانی ئەو گوندەی خەڵکەکەی لە پرۆژەکەدا کرێکاری‌یان دەکرد ، جێی بۆ کردمەوە •

(جێی تایلەر) کە یەکێ بوو لە ئەندازیارە نیشتەجێکان ، ئەو ماوەی کە لە هەواری ئاوبەستی دوکان بووم ، بە خۆو بە ژنەوە لە ڕادە بەدەر یارمەتی‌یان دام •

بێجگە لەمانە هەمووی ، ڕێزو سوپاسی بێ‌پایانم بۆ خاتوو حەلیمە کەریم سەعیدی تەرجومانم کە قەتاوقەت لە بیری ناکەم ، هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ خزم‌و برادەرەکانی ، بۆ شێخ تەیفوورو خاوو خێزانی لە تۆپزاوە کە زۆر لەگەڵم بە خزماتی بوون ، وەك برادەران بەخێریان هێنام‌و بە هەموو جۆرێك‌و بە هەموو توانایەکەوە ئەرکی تۆژینەوەکەیان بۆ ئاسان کردم •

سوپاس بۆ هاوڕێکانم لە لیژنەکەدا ، ئەندازیاران : (مۆگینز فرێز)و خاتوو (ئان تین فرێز)و (فیلمینگ جۆهانسن)و هەردوو سەرۆکیش کە تا لەوێ بووم لە سای سەری ئەوانەوە خۆشم رابواردو هەر کاتێ پێویستی‌یەکم بوایە خێرا بە تەنگمەوە دەهاتن •

دواجار سوپاسی (پێ• یو• هانسن)ی ئەندازیاری کوڕم دەکەم کە وێنە ساکارەکانی خانوە کوردی‌یەکانی بۆ کردمە نەخشەی سەر عەردو نموونەی زانستی •

**هێنی هارۆلد هانسن**
**١٩٦١**

# سەرەتا

بەهارو هاوینی ١٩٥٧ (لێژنەی دانیمارکیی دووکان) ، بە سەرپەرشتی مامۆستا (هارۆلد ئینگۆلت)و مامۆستا (جۆرگین لیسۆ) ، لە دەشتی ڕانیەی ڕۆژاوای زێی بچووك ، کە چلێکی دیجلەیە ، لە کوردستانی عێراق ، ئیشی دەکرد. لێژنەکە بە زۆری خەریکی هەڵدرین و پشکنینی گردی شمشارە[١] بوو • پێش ئەوەی لێژنەکە لە دانیمارك بەڕێ بکەوێ وایان بە چاك زانی کە لە بەشی خەڵکناسیی مووزەخانەی نیشتمانییەوە خەڵکناسێك لەگەڵ خۆیان بەن بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو پاشماوە کۆنینانەی لە کەناری دەستەڕاستی زێی بچووك دەدۆزرێنەوە ، لە گوندە نزیکەکانی ئەو دەورو بەرەی کوردان بکۆڵێتەوە • یاریدەری دەزگای (کارلسبێرگ) بۆی پێك هێنام کە من لەگەڵ ( لێژنەی دانیمارکیی دووکان ) بچم •

سەبارەت بەوەی کە من خەڵکناسێکی ئافرەت بووم ، سەربارى لێکۆڵینەوەی گشتیی خەڵکناسیی کورد ، ئەرکێکی تریشیان پێ سپاردم ئەویش بریتی بوو لە تۆژینەوەی باری شارستانێتی ئافرەتان ؛ چونکە ئەم جۆرە کارە ، لە ناوچەکانی ئیسلامەتیدا ، زەحمەت بە پیاوان بکرێ •

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە ئافرەتێکی کوردی دەویست ، ئەویش چا بوو توفیق وەهبی ، کۆنە وەزیری کورد ، بۆی پەیدا کردین کە ئەوسا ماڵی لە بەغدا بوو و لەگەڵ (ئێف لێستۆ)ی لێپرسراوی کاروباری دانیمارکی ، کە پاشان لە هاوینی ١٩٥٧دا (ئێف دوژۆنکییر) جێی گرتەوە ، میانەو هاتوچۆی هەبوو •

مایس ، لە دانیمارك بەڕێ کەوتم و لەگەڵ لێژنەکەدا چوومە (هەواری

---

(١) ب : هـ. ئینگۆلت ، لێژنەی دانیمارکی دووکان ، سۆمەر ١٣ ، ٢١٤ ود بەغدا ١٩٥٧ . جۆرگن لیسۆ ، تابلۆکانی شمشارە. ڕاپۆرتێکی پێشەکی. Arkaeol. Kunsthist. Medd. Dan. Vid. Selsk. 4, No. 3, Kobehavn 1959.




نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست : ناوچەی ناو لاکێشەکە شوێنی سەردانی نووسەرە کە لە ناوچەی کوردستانی خوارەوە تا دەشتی دەوری بەغدا دادەکشێ

ئاوبەستی دووکان ) کە بنەگەیان لەدەو زێی بچووك ، لە نزیك ئاوبەستەکە هەڵدابوو و دەستەی پێش‌خستن‌و پەرەپێدانی عێراق ، لەوێ پرۆژە ئەندازیاری‌یە ئەنگلۆ ـ فەرەنسی‌یەکەی[٢]، لە چیاکانی کوردستان‌دا خستبوە کار •

کە زانیمان تۆپزاوەو ڕەکاوە ، ئەو دوو دێ‌یەی کە ئەندازیارە بەریتانی‌و فەرەنسی‌یەکان کرێکاریان لێ دەهێنان ، نموونەی بەرزو شوێنی باشن بۆ لێکۆڵینەوەکەمان ، ئەندازیاری نیشتەجێی هەواری ئاوبەستی دووکان، مستەر جێ‌ی• گی• کامبیل بۆی ڕێك خستم ئەو ماوەیە تا تەرجومانێکی ژن دەست دەکەوێ ، بە میوانی بمبەنە ماڵی شێخ تەیفوور لە تۆپزاوەو وەکو ئەندامێکی ئەم خێزانە ( خاوەن‌دێ‌یە ) وا بم •

بە ماوەی سێ حەفتە تۆفیق وەهبی‌و موتەسەڕیفی سلێمانی[٣] (سلێمانی مەڵبەندی لیوای سلێمانی‌یە) بە هەوڵی دڵسۆزانەی خۆیانەوە کچە کوردێکی جحێڵی مامۆستای قوتابخانەیان دۆزی‌یەوەو کچە ڕازی بوو و هات بە خۆو بە برایەکی سێزدە ساڵی ئەو هەموو گوندانەم لەگەڵ گەڕا کە باسم کردوون • تا ئیشم لە ماڵی شێخ تەیفوور هەبوو لەوێ لە کنم بوو ، کە لەوێ تەواو بووین سەردانێکی گوندی میرزا ڕۆستەممان کردو نەختێ لەوێ ماینەوە بەڵام ئەم گوندە ئێستا هەڵگیراوەو کەوتۆتە ژێر ئاوەوە • هەندێ سەردانی شەدەڵەو سەرگەڵوومان کردو پاشان مەیدانی لێکۆڵینەوەکەمان بەرەو سلێمانی بردەوە بۆ ماڵی تەرجومانەکەم کە ماڵە کوردێکی شارنشینن ••• لەوێوە هەندێ سەفەرمان بۆ ئەو ناوچانە کرد کە

(٢) Firm Binnie, Deacon & Gourley, London. Contractors : Firm Dumez - Ballot, Paris.

(٣) دەنووسرێ سلیمانیە ، لێرەدا وامان پێ باش بوو کورد خۆیان ناوەکە چۆن دەڵێن بەم شێوەیە بینووسین .
ب : سی. جێی. ئەدمۆنز ، کوردو تورك‌و عارەب ، لەندەن ١٩٥٧ .




نەخشەی ناوچەکانی سەردانی نووســەر

ماڵه خزمی تەرجومانەکەمیان لێ‌بوو • ئەوە بوو سەرمان لە هەڵەبجەو بەڵخەو
تەوێڵەی سەر سنووری ئێران دا • بۆ هات‌وچۆیش ترومبێل‌و پاسە شڕەی
کۆن‌و ئێسترو ئەسپمان بەکرێ دەگرت • شەویش ئەگەر ماڵێکی خۆییمان
دەست نەکەوتایە دەچووینە ئوتێل‌و ئەویش هەر کورد بوون بە ڕێوەیاز
دەبرد• بێ‌لەوەی کە جاروبار سەرمان لە هەواری ئاوبەستی دووکان دەداو چی
کەرەستەمان دەست بکەوتایە ــ ئاخر من ئیشم ئەوە بوو ئەو کەرەستانە بـۆ
بەشی خەڵکناسیی مووزەخانەی نیشتمانی کۆبکەمەوە ــ دەمانبرد ، لەوێ
دامان دەنا ، هەر لەوێش چاوم بەم ئەندامەی لیژنەی دانیمارکیی دووکان
دەکەوت کە هەر دوو حەفتە جارێك لە بنەگەی پشکنینـەوە بۆ ئـازووقەو
پێویستیتر دەهاتەوە دوکان • یەك تاقە جاریش سەرم لە بنەگەی پشکنینی
گردی شمشارە دا• ئەو هەموو ماوەی کە لە لادێ مامەوە (لە پێنجی مایس
تا پێنجی ئەیلوول) هەر لەناو کوردان بووم •

لە سەرەتای مانگی ئاب ، سەرێکم لە بەغدا داو ئەو کەرەستانەی کۆم
کردبوونەوە هەمووم ڕەوانە کردنەوە • جا لەبەر ئەوەی لیژنەکە لە ناوەڕاستی
ئەم مانگەدا هەڵوەشایەوە ناچار بووم بە تـاقی تەنێ بــە ڕێی کەرکووکدا
گەڕامەوە سلێمانی • ئەمجارەیان مانگێکیتر مـامەوە ، سەردانێـکیتری
تۆپزاوەو ڕەکاوەم کردو لەگەڵ تەرجومانەکەم‌و براکەی چووینە سەرکان‌و
بە ڕێی کەرکووکدا گەشتێکی دوورو درێژمـان بۆ هەولێرو مووسـل‌و
ڕواندز کردو لە بەرگ‌و دەستووری ئەو ناوچانەمان کۆڵییەوە (٤) •

کە هات ماڵاوایی لە کوردستان بکەم ، تەرجومانەکەم بە خۆو بە براوە
تـا بەغدا لەگەڵم هاتن • بەم جۆرە ، لەوێش ، لەو شارەی عارەبان ، دیسان
هەر لەگەڵ کوردان بووم •

بەم جۆرە ، ئەم چوار مانـگەی کە لە کوردسـتان بووم ، نزیـکەی

---

(٤) ئەو ناوچانەی من سەرم لێداون لە نەخشە ئاسمانیەکانی ئار . ئێ ی . ئێف‌دا هەن ، ژمارە ، ٣٤٠ ، ٤٢٧ ، ٤٢٨ .

هەمووی ، هیچی بە گوێرەی ئەو پلانە نەڕۆیشتم کە پێشتر بۆ خۆم دامنابوو • وام دانابوو کە لــە هــەواری لێژنــەی دانیمــارکیی دووکان ، لــەگەڵ ئەوروپاییەکان بژیم و لەوێوە ڕۆژبەڕۆژ بچمە سەردانی گوندی کوردان ، بەڵام ئەنجام وا کەوتەوە، نزیکەی تەواوی ئەو ماوەیە بەبێ دابڕان هەر لەناو ماڵە کوردان بووم ، بێگومان ئەمەش ئەرکی تەرجومــانە ژنــەکەمی زۆر زۆر ئاسان کردبوو ؛ چونکە ماڵەوەیان ڕازی نەدەبوون ، بێ ئەو مــاوەیە بە دەوام لە بنەگەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی ئەوروپاییــان لەنــاو زەلامی بێگانەدا بژی ، چش با ژنێکی تریشیان لەگەڵدا بێ •

سەرباری لێکۆڵینەوەی لادێ ، دەرفەتم بۆ هەڵکەوت کە لــە ژیانی شارستانیشیان بکۆڵمەوە • ئەوە هــەر لێ گــەڕێ کــە تەرجومانەکــەم هاوکارییەکی زۆری کردم بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی ئافرەتی لادێ ، خۆیشی نموونەیەکی زیرەکانەی ئەو گۆڕانکارییە بوو کە ئەو حەلە ژیانی ئافرەتی کوردی گرتبووەوە •

بەم جۆرە ، ماڵی تەرجومانەکەم لە سلێمانی ، هێ لەو خوشکانەی کە نموونەو نوێنەری گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەم بوون ، تاقمــە ژنێکــی گەورەیشی تێدا بوو ؛ ئەمانە نموونەی ئەو زەمینەیە بوون کە گۆڕانکارییەکە چووزەرەی لێ دەرکردبوو •



# مەیدانی لێکۆڵینەوە

## بەشی یەکەم

کورد گەلێکی هیندوئەوروپینو زمانەکەیان کە زاراوەی زۆرە خزمی زمانی فارسی‌یە • لەبارەی ئایینەوە کورد ئیسلامی سوننینو مەزەبیان «شافعی»یە• ئەگەرچی ئاشکرایە کە کورد بە درێژایی مێژوو هەر لەم شاخانەدا ژیاون کە ئەمرۆ لێیان دەژین ، بەڵام کوردستان هەرگیز وەکو زاراوەیەکی سیاسی پەیدا نەبوە •

سنووری باکووری وولاتەکەیان — کە ناوجەرگەکەی ئەنتی توروسە — خەتێکە بە یەریڤانو ئەرزەڕۆمو ئەرزنجاندا دەڕواو پاشان بە شێوەی مانگی یەکشەوە دەسووڕێتەوە لای مەرعەشو بەرەو حەڵەب دەچێ • لە خوارووی ڕۆژاواوە خەتەکە بە بناری شاخەکانی نوسیبیندا دەڕواو بە دەم دیجلەوە دەگاتە مووسلو لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەچێتە مەندەلی‌ی سەر سنووری عێراقو ئێران• لە ڕۆژهەڵاتەوە وولاتی کوردان لە یەریڤانەوە بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات دەڕواو ناوچەی ماکو و بەشێکی خوی و ورمێ و مەهاباد و سەقزو

---

تێبینی :

● نووسەر لەپەراوێزا داوامان لێ دەکا بگەڕێینەوە لای هەندێ سەرچاوەی زانستی ، ئەویش یان بۆ تەماشاکردنی دەقەکە یان بۆ بەراوردکردنی زانیاری ئەم نووسەرەو نووسەری سەرچاوەکە . جا ئێمە وامان بە باش زانی بۆ (بڕوانە)و (بەراود بکە) تەنیا ڕەمزی (ب :) بەکاربێنینو بەس .

● زۆر جار وا دەبێ ئەو زانیاری‌یەی ئیشارەتی بۆ کراوە کەوتۆتە چەند لاپەڕەیەکەوە . جا نووسەر ناوی هەموو لاپەڕەکان ناهێنێ ، تەنیا ناوی یەکەم لاپەڕە دێنێو دەڵێ فلان لاپەڕەو بە دواوە ، لێرەدا ئێمە وامان بە باش زانی بۆ کورت کردنەوەی ئەم نووسینە ژمارەکە بنووسینو (ود) بە دواوە بنووسین وەکو : (٢١٤ ود) واتە لاپەڕە ، ٢١٤و بە دواوە .

سنه و کرماشان دەگرێتەوە ، ئینجا ڕێگای سەرەکی نێوان کرماشان‌و کەرەند دەگرێ‌و پاشان بە خەتێکی ڕاست بەرەو مەندەلی دەبێتەوەو سنوورێکی زەق لە نێوان کوردی ڕەسەن‌و لەك [1] و لوڕەکانی [2] خزمیان پێك دێنێ .

زەینەفون (٤٠٠پ٠ز) لە ئەناباسیس‌و [3] ستڕابۆ (٦٤پ٠ز-٢٠ز) باسی ئەو گەلەیان کردوە کە دەتوانین بە باپیرە گەورەی کوردەکانی ئەمڕۆیان دابنێین . بە بەلگە ساغ بۆتەوە کە کوردو میدی‌یەکانی زەمانی کۆن یەك شت بووین . بۆ ئەو تیورە جۆراوجۆرانەی کە باسی ڕەگەزو بنچینەی کورد دەکەن تەماشای نیکیتین [4] بکە . لە شەرەفنامەش [5] دا ، کە مێژووی کوردەو ساڵی ١٥٩٦ بە فارسی نووسراوە ، ئەفسانەیەك هەیە باسی ڕەچەڵەکی [6] کورد دەکات .

---

(١) خاتوو هێنی لەك بە خزمی کورد ناو دەبات . ڕاستی‌یەکەی لەك بەشێکی کوردن‌و نەدەبوو لە کوردیان دابڕێ — و .

(٢) لەبارەی لوڕەکانیشەوە هەمان شتە . خاتوو هێنی بە خزمی کوردیان دادەنێ ، کە خۆیان کوردن. ئەوەتا هەزار ساڵێك پێش ئێستا بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی کە کوردە چوارینەکانی بە زاراوەی لوڕی هۆنیوەتەوە. لە زۆر جێگادا ، خاتوو هێنی کە شتێکی کوردی لەگەڵ نەتەوەکانی‌دی بەراورد دەکا ، لەگەڵ لەك و لوڕەکانیشی بەراورد دەکا وەك ئەوەی لەگەڵ کورد جودا بن کە ئەمەش لەگەڵ زانست‌و ڕاستی یەك‌ناگرێتەوە — و .

(٣) کوردستان ، شوێنی گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی لە ٤٠١ ی پێش میلاددا، وەرگێڕانی حەسەن فەهمی جاف ، بەغدا ، ١٩٦١ — و .

(٤) نیکیتین ١٩٥٦ ، ٨ (بەشی سێ‌یەم) ، ١٥ لە ڤی . مینۆرسکی وەرگرتوە کە پێ لەسەر (میدی — سیدی) دادەگرێ .
— نیکیتین ١٩٥٦ ، ١٢ (بەشی ٤) ، ١٥ لە ئێن . جێی . ماری وەرگرتوە کە لای وایە گۆڕانەکە بەم جۆرەیە «کاردوخ — کارتڤیل — کورد» .

(٥) مامۆستا هەژار شەرەفنامەی کردۆتە کوردی‌و ساڵی ١٩٧٢ کۆڕی زانیاری کورد چاپی کردووە — و .

(٦) نیکیتین ١٩٥٦ ، ١٧ (بەشی ٥) .
— ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٣ .

لەوەتی فەرمانڕەوای میدی لە سالی ٥٥٠ ز سەری بۆ (سیرۆس)ی پاشای فارس شۆڕ کردوە ، ئەو ناوچەیەی کە ئێستا کوردستانی خوارووە ، یەکەمجار بەشێك بوو لە قەلەمڕەوی ئەخمینییەکان (تا ٣٣٠ پ٠ز)و پاشان (سلوسیدەکان)ی گریك حوکمیان کردو ئینجا پارثییەکانو فارسە ساسانییەکانو خەلیفە عارەبەکانو مۆنگۆلەکانو تورکمانەکانو تا حوکمی سەفەوییە فارسەکانو ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی کە لە ١٦٣٩دا کوردستانیان بە سنوورێك شەق کرد .

ئەمڕۆ ، ئەم ناوچەیە کە نزیکەی پێنج ملیۆن (٧) کوردی تێدایە ، لە نێوان ئێرانو تورکیاو عێراق دابەش کراوەو هەندێ پارچەی بچووکیشی کەوتۆتە سوریاو یەکێتی سۆڤیەت (٨) . بەم جۆرە ، سالی ١٦٣٩ کوردەکانی ئێران لەو هاونیشتمانانەیان دابڕان کە تا بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی هەر لە ژێر حوکمی تورکیادا بوون .

سالی ١٩١٨ کە شەڕەکە دامرکایەوە ، دوو ویلایەتی سەر بە تورکیا ، بەسراو بەغدا ، یەکیان گرتو بوون بە دەولەتێکی عارەبی کە عێراقەو کەوتنە ژێر ئینتیدابی بەریتانی ، کەچی مەسەلەی بارو زروفی نەتەوایەتی ناوچەی سێیەم کە ویلایەتی مووسل بوو و خەلکی شاخەکانی باکووری کورد بوون، بوو بە مایەی گفتوگۆیەکی زۆر . سالی ١٩٢٠ ، کە گفتوگۆی ئاشتی لە سیڤەر دەستی پێ کرد ، بە پێی ژمارە دوازدە لە چواردە نوختەکەی ویلسۆن

(٧) خاتوو هێنی سەراپای کوردی بە (نزیکەی پێنج ملیۆن) داناوە . بەلای منەوە ، بۆ ئەو کاتیش ، ئەم ژمارەیە زۆر ناتەواوە ، چونکە هەلبەت کورد ئەو کاتەش لەوە زیاتر بوون . جگە لەوەش ، باروزروفی کورد تا ئێستا ڕێی نەداوە سەرژمێرێکی تەواوو زانستی هەموو کورد بکرێ . ئەوەی هەیە هەر مەزەندەو تەخمینە ، زۆربەی مەزەندەکانیش می ناحەزی کوردن ــ و .

(٨) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٤١ .

مەسەلەی دروستکردنی دەولەتێکی ئۆتۆنۆمی بـۆ کورد قســەی لێکراو هیوای سەربەخۆیی‌یەکی تـەواو [9] کەوتــە نـاوەوە • ئەمــەش ناوچــە کوردنشینەکانی ڕۆژهەلاتی فوراتو بەشە شاخاوی‌یەکەی باکووری ویلایەتی مووسلی دەگرتەوە • ئەم بیرەش لە مادەی ٦٢ (کە دیارکردنی ناوچەکەیە)و مادەی ٦٤ی پەیمانی ئاشتی [10] ، کە هەر تەسدیق نەکرا ، گەلاڵە بوو •

ساڵی ١٩٢٣ ، کە گفتوگۆی ئاشتی لە لۆزان تــەواو بوو ، تورکیــای پەرتو پچڕپچڕ نەماو کۆمارێکی توندو پتەو بە سەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورك جێی گرتەوەو هەموو بیرێکی ئۆتۆنۆمی کوردی بن‌گوم کرا • سەر لەبەری ویلایەتی مووسل بە هەموو بیرە نەوتەکانی دەوروبەری کەرکووکیشــەوە خرایە سەر عێراق کە لە ساڵی (١٩٢٢)وەوە ببوو بە دەولەتو فەیسەلی یەکەمی کوڕی شەریفی مەککە حوکمی دەکرد ، بەلام تا ساڵی ١٩٣٢ هەر لە ژێــر ئینتیدابی بەریتانی‌دا مایەوە •

ساڵی ١٩٢٨ ، نوێنەری تورکیاو عێراقو بەریتانیا لە ئەنقەرە کۆبوونەوەو سنووری نێوان عێراقو تورکیایان بە درێژایی خەتی ــ برۆسێل ــ و ــ برانتینگ [11] دیار کرد • کورد هیوایان بە کوردستانێکی سەربەخۆ هەبوو، ئەم هیوایەشیان لە سێقەر چەکەرەی دەرکردو لە لۆزان سەر بڕا ، ئیــدی کورد هەستی خۆیــان بە یاخی‌بــوونی پەی‌دەرپــەی دژی تورکیــاو [12] ئێرانو [13] عێراق دەربڕی • لەو کاتەی کە ویلایەتی مووسل (جێی پیلەکەو مشتو مڕ) [14] بوو ، حکوومەتی ئینتیدابی بەریتــانی شێخ مەحمــوودی

---

(٩) ب : یۆستروپ ١٩٣١ ، ١٢١ .
(١٠) ب : ئەدمۆنز ١٩٢٥ ، ٨٣ .
(١١) لۆید ١٩٢٦ ، ١٠٥ .
ــ ب : سیسی ١٩٢٦ ، ٣٦٣ ، ٣٦٤ ، نەخشە .
(١٢) ب : برۆکلمان ١٩٤٧ ، ٤٤٤ .
(١٣) ب : ئێلفنستۆن ١٩٤٨ ، ٤٢ ود .
(١٤) رەسسام ١٩٣١ ، ٥٦٥ .

(۱۸٦۱ ـ ۱۹٥٦)(۱٥) گردە «حوکمدار»ی سلێمانی ـ سلێمانی مەڵبەندی لیوای سلێمانی‌بە ـ و لە ڕووی دارایی‌یەوە پشتی گرت . کە شێخ مەحموود خۆی کردە «مەلیك»ی کوردستان‌و حکوومەتی ئینتیدابی سەخڵەت کرد ، ساڵی ۱۹۱۹ ، مێجەر (ئی بی سۆن)یان (۱٦) لە جێی دانا کە هەر لە زووەوە ، ساڵی ۱۹۰٦ ببوو بە ئیسلام‌و لەبەر ئەوەی کوردی‌یەکی باشیشی دەزانی زۆر لە کوردەکانەوە نزیك بوو . یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (۱۷) لە ۲۰ی ئەیلوولی ۱۹۲۰ دەرچوو (۱۸) . لە هەمان کاتیش‌دا زمانی کوردی بوو بە زمانی

---

(۱٥) لەبارەی شێخ مەحموودی سلێمانی‌یەوە بڕوانە :
- بورتۆن ۱۹٤٤ ، ۷۱ .
- داڤیدسۆن ۱۹۳۲ ، ۲۳۲ .
- ئەدمۆنز ۱۹٥۷ ، ۲ ، ٦۹ ، ۳۱۰ ود .
- ئەدمۆنز ۱۹٥۸ ، ۱٤٥ .
- ئێلفنستۆن ۱۹٤۸ ، ٤٥ .
- گاوان ۱۹۳۸ ، ۱۹۸۰ .
- هاملتۆن ۱۹٤۷ ، ٦۱ ، ۱٥٤ .
- حورانی ۱۹٤۷ ، ۹٦ .
- لیس ۱۹۲۸ ، ۲٥۳ ود .
- ليندفيلد ـ سۆن ۱۹۳٥ ، ٤۱۲ .
- مێن ۱۹۳۳ ، ٤۳۰ .
- مومفۆرد ۱۹۳۳ ، ۱۱۲ ود .
- سیسی ۱۹۲٦ ، ۳٥۳ ، ۳٦۰ .
- سۆن ۱۹۲٦ .
- ویگرام ۱۹۲۸ ، ٤۲۷ .

(۱٦) لەبارەی مێجەر سۆنەوە بڕوانە :
- ئەدمۆنز ۱۹٥۷ ، ۳۲ ود ، ۱٤۹ ود .
- هاملتۆن ۱۹٤۷ ، ۱٥٤ ود .
- لیس ۱۹۲۸ ، ۲٦۹ .
- سۆن ۱۹۲٦ (پێشەکی ویلسۆن) .

(۱۷) ئەدمۆنز ۱۹٤٥ ، ۱۸٥ «پێشکەوتن ...» .

(۱۸) مەبەستنی (پێشکەوتن)ە . بەڵام پێشکەوتن ، وەك خاتوو هێنی دەڵێ ، =

کاروباری بەڕێوەبەرایەتی • هەر چۆن بێ ساڵی ١٩٢١ سۆن بانگ کرایەوە. ئینگلتەرەو ئەو هیوایەی کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ هەیبوو لـەگەڵ ئەنجامی گفتوگۆی ئاشتیی لۆزان تێکی‌نەکردەوە ، دیسان شێخ مەحموود داندرایەوە ، ئەمەشیان بوو بە هۆی بەرپابوونی یاخی‌بوونەکانی ٢٢–١٩٢٤و ٣٠–١٩٣١ بە سەرۆکایەتی خۆی‌و یـاخی‌بوونی ١٩٣٢ بـە سـەرۆکایەتی ئەحمەدی بارزانی • بۆ گۆڕانی باری سیاسی ئەو ساڵانە بڕوانە لۆنگریك‌و ستۆکس‌و(١٩) ئەدمۆنز (٢٠)

دەتوانم باری سەرنجی تایبەتی خۆم لەبـارەی زروفی سـیاسی ئـەو کوردانەی کە ساڵی ١٩٥٧ لەناویان بووم بەم جۆرە کورت بکەمەوە :

کوردەکانی عێراق ، لە شارێکی وەکو شاری سلێمانی کە مەڵبەنـدی ڕۆشنبیری‌و شارستانێتی کوردستانی خوارووە ، چاویان لە باکوورە ، چاویان لە ڕوسیای سۆڤیەتە (٢١) • دەیانگوت ئەم کۆمەڵە کەمە کوردەی لە یەکێتی

---

یەکەم ژمارەی لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٢٠ دەرنـەچووە ، بەڵـکو لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچوە. بڕوانە : جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ . هەروەها بڕوانە : د. کمـال مظهر احمـد ، تێگەیشتنی ڕاستی ، بەغدا ، ١٩٧٨ . لێرەدا وا چاکە ئەوەش باس بکەین کە لەبارەی دوا ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە ڕای جمال خەزنەدار و د. کمال مظهر احمد جودایە . جمال خەزنەدار دەڵێ : «ژمارە (١١٨) کە دوا ژمارەیەتی لە ٢٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ دەرچووە » کەچی د. کمال مظهر احمد دەڵێ : «دوا ژمارەی کوردی کە من دیومە ، ژمارە (١٤٤)ە کە ڕۆژی ٢٩ی جون (حوزەیران)ی ١٩٢٢ی بە سەرەوەیە» .

«پێشکەوتن» یەکەم ڕۆژنامەی کوردی نی‌یە ، وەك خاتوو هێنی دەڵێ، چونکە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە کە یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ دەرچووە . بڕوانە : د. کمال فؤاد ، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢ ، بەغدا ، ١٩٧٢ – و .

(١٩) لۆنگریك‌و ستۆکس ١٩٥٨ ، ٢٠٩ ود .

(٢٠) ئەدمۆنز ١٩٥٧ .

(٢١) ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٤٦ : «زۆر گەنجی کورد ... دەبوایە چاویـان لـە ڕووسیا بێ بۆ هیواو ئاواتیان ...» .

سۆڤیەت دەژین دەرفەتی خزمەت کردنو پاراستنی سەربەخۆیی زمانو ڕۆشنبیریو ژیاری‌ی کوردی‌یان لەو کوردانە زیاتر هەیە کە نزیکەی ملیۆنیك [٢٢] دەبنو لە عیراقی عارەبی‌دا دەژین • بۆ نموونە ، دەیانگوت زانکۆیەکی کوردی لە تاشکەند [٢٣] کراوەتەوە • بێجگە لەمە تا ئێستاش گەنجی دەولەمەندی کورد لە لوبنان ، لە زانکۆی بیرۆت ، دەخوێننو کۆمەڵەی «هۆی بوون» [٢٤] ئێستاش هەر ماوە • کە من لە کوردستانی عێراق بووم کوردەکان چاویان لە باکوور بوو ، چاویان لە کۆمۆنیزم بوو ، هەر بە ئومێد بوون ڕۆژێ بێو کوردستانێکی سەربەخۆ لەم ناوچەیە بێتەکایەوە •

هەرچی‌یەکی کە پێش ئێستا لە بارەی ئافرەتی کوردەوە نووسرابێ بە قەڵەمی پیاوان بوە • فرێزەر ساڵی ١٩٤٠ دوای ئەوەی کە بەم چەشنە باسی ئافرەتی عارەبی ــ بەغدا ــ دەکا : «•••تارمایی لەناو عەبای ڕەشو شینی تۆخ بە چەکمەی زەردی بچکۆلەوە دێنو بە لاتەوە تێ‌دەپەڕن گوایە ئەمانە ئافرەتن•••» هەروەها دەڵێ : «••• ڕاستی‌یەکەی بەخێلی‌ی ڕۆژهەلاتی هیچ خۆشاردنەوەیەکی لەو کفنە شراوانە باشتر نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی چاوی پیس بترۆقێنێو گیانی داوێن‌پیسی دابمرکێنێتەوە••••» [٢٥] ئینجا دێتە سەر

(٢٢) لیرەش خاتوو هێنی وورد نی‌یە لە ژمارەکە ــ و .
(٢٣) هیچ زانکۆی کوردی لە تاشکەند نەکراوەتەوە . بگرە سۆڤیەت هەر هیچ زانکۆی کوردی لێ‌نی‌یە تەنانەت بەشی کوردیش لە هیچ کۆلێژێکی هیچ زانکۆیەکدا نی‌یە ، ئەوەی هەیە خوێندنی باڵایە کە پاش بەکالۆریۆسەو لە شارەکانی یەریڤانو باکوو لێنینگرادو مۆسکۆ هەیەو سەر بە ئەکادێمیای زانستی سۆڤیەتە ــ و .
(٢٤) ئێلفنستۆن ١٩٥٢ ، ٩٢ .
١٩٤٨ ، ٤٧ : «کۆمەڵەی خۆی‌بوون کە ساڵی ١٩٢٧ دامەزرا بوو بۆ بەردەوام بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی » .
[ هۆی بوون : خۆی بوون ــ و ] .
(٢٥) فرێزەر ١٨٤٠ ، ٢٧٨ .

باسی ئافرەتی کوردو دەڵێ : «... وەکو ژنە فارسەکان عەبا ناپۆشن ، ئەو پەڕەکـەی دەسرۆکێـك لەسـەر دەنـێن لچـکی دێتـەوە سـەر دەمو چەنەگەیان...»(٢٦). هەروەها دەڵێ : «ئافرەتی چینە دەوڵەمەندەکانی شار، لە حەرەمسەرای مێردیان یان باوکیاندانو کە دەچنە دەرەوەش چارشێو لـە خۆ دەدەن...»(٢٧) . بەم جۆرە جیاوازی باری شارو لادێ دەستنیشان دەکاو پتر پێدا دەچێو دەڵێ : «بەڵام داخەکەم نـاتوانم بە تەواوی بچمـە بنجو بناوانی شتی تایبەتییانەوەو لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکو کاری خۆیانەوە باسیان بکەم ...»(٢٨) . بەمەوە دەبینین فرێزەریـش وەکو ئەو هەمـوو نووسەرە پیاوانە وایە کە چوونەتە سەردانی ناوچەکانی ئیسلامەتی .

لە بارەی شوێنی ئافرەتی کورد لە وڵاتی فارس‌دا ، بلایبترۆ ، سـالی ١٨٩٤ ، نووسیویە ، دەڵێ : «ژن عەبا ناپۆشنو لە زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات سەربەستییان زیاترە ...» (٢٩) .

ڕامبۆش ، سالی ١٩٤٧ ، هەمان شتی دووبارە کردۆتەوە : « ئـافرەت بە لای کوردانەوە وەکو پیاو وایە ، زۆری لێناکەن عەبا لەبەر بکا ...»(٣٠) سۆن دەیچەسپێنێ کە کورد (٣١) هەر نازانن عەبا چییەو «ژن سەربەستییەکی تەواوی هەیە» هەروەها دەڵێ : «ڕاستی ، ژنیان وەکو ژنی هەر وڵاتێـکی ئەورووپایی سەربەستن ئەوەندە نەبێ کە ناچنە بازاڕ...»(٣٢) بە هەمان جۆر

---

(٢٦) فرێزەر ١٨٤٠ ، ١٩٣ .

(٢٧) فرێزەر ١٨٤٠ ، ١٩٤ .

(٢٨) فرێزەر ١٨٤٠ ، ١٩٣ .

(٢٩) بلایبترۆ ١٨٩٤ ، ٦٤ .

(٣٠) ڕامبۆ ١٩٤٧ ، ١٧ .

ـ ب : دیکسۆن ١٩١٠ ، ٣٦٤ : «پیاو زۆر ژن نـابینێ لـە ڕۆژهەڵات ، هەرچەندەکە کورد وەکو تورکان دەرگایان لەسەر داناخەنو ئافرەت عەباو پێچە ناپۆشن ... ».

(٣١) سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٢ .

(٣٢) سۆن ١٩٢٦ ، ٣٩٦ .

ـ ب : ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ : «ژنێ بە ناوی حەفسەخان...» .

پێ‌دادەگرێ کە کوردەکانی کوردستانی خواروو و ناوەڕاست «بە شێوازێکی پیاوانە» لەگەڵ ژنان دەجوولێنــەوە «لەوە زیــاتر کە لــە نــاو نەتــەوە موسلمانەکانی‌دی باوە »[٣٣] باسێکی‌دیکەی وایش دێنێتە پێشەوە کە دەڵێ : «کورد لە زۆربەی نەتەوە محەمەدی‌یەکان زیاتر ڕێزی ژنەکانیان دەگرن . تەنیا سەرۆکەکانیان ژنیان دادەبڕێنن‌و گۆشەگیریان دەکەن . ئەم ڕەوشتەش تازە لە ژێر زەبری کاریگەری تورکی‌یــەوە ســەری هەڵــداوە ...»[٣٤] ئەدمۆنزیش نووسیویە : «زۆر گەڕیدە پێش ١٩١٤ سەرنجیان وابوە ، کە بە شێوەیەکی گشتی وەری‌بگری ، ژنــە کورد لــە خوشکە عــارەب‌و تورك‌و فارسەکانیان سەربەستی‌یان زێترە....»[٣٥]. لە بارەی ژن هێنان‌و فرەژنیشەوە کە قورعان ڕێ‌ی داوەو لە ناوچەکانی دیکەی ئیســلامەتی بــاوی هەیــە ، سۆن[٣٦] دەڵێ : «لە باکوورەوە بگرە تا باشوور ، کورد تەنیــا یــەك ژن دێنن ...» هەروەها دەڵێ : «تێکەڵاو بوونی سەربەستانەی کوڕو کــچ دەستوورە ، هەر بۆیە ژن هێنانی بە حەز لێ‌کردن زۆرە ...»

ڕاستی ، ئەو کاتەی کە کورد کەوتۆتە تەنگانە[٣٧] تاك‌و تەرا ژنــی چینە بەرزەکان ناوبانگیان دەرکردوە . ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە گوایە لــە وولاتەکانی ئیسلامەتی‌دا ئافرەت توانای ئیش‌کردن‌و دەرکەوتنی کەمە ؛ بەڵام دووریش نی‌یە ئەمەیان سەبارەت بە پایەو شوێنی بەرزی بنەماڵەکەیانەوە بێ[٣٨]

---

(٣٣) سۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٧ .
(٣٤) های ١٩٢١ ، ٤٣ .
(٣٥) ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .
(٣٦) سۆن ١٩٢٦ ، ٣٩٦ .
خاتوو لینفیلد ـ سۆن یش ئەم زانیاری‌یەی دووپات کردۆتەوە ، ١٩٣٥، ٤١٠ .
(٣٧) سۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٧ .
(٣٨) ب : بارث ١٩٥٣ ، ١٢٠ : «لەناو خێزانە کاربەدەستەکانی کوردستــانی خواروو » .

خانمی عوسمان پاشا : عادیله خاتوونی هەڵەبجە (٣٩) کە لە بنەماڵەی وەزیری ئەردەلان بوو و مێردی بە عوسمان پاشای بنەماڵەی بەگزادان کردبوو باشترین نموونەیە • مێردەکەی کە لە ئاخروئۆخری حوکمڕانی تورکی کرایە «قایمەقام»ی هەڵەبجە ، هێشتا خۆیشی مابوو هەموو دەسەڵاتی کەوتبوە بەردەستی ژنەکەی •

مێجەر سۆن ، پاش ئەوەی کە ساڵی ١٩٠٦ بوو بە ئیسلامو بە ناوی میرزا غولام حوسێن شیرازی‌یەوە بە دزی بەم ناوچانەدا گەڕا (٤٠) ، ساڵی ١٩١٠ ، بوو بە نۆکەری تایەر بەگی (٤١) کوڕی • پاشان دوای ئینتیدابی بەریتانی ١٩١٨ کە ئەو وەختە پێوەژن بوو ، لێپرسراوە سیاسی‌یەکانی بەریتانیا قسەو گفتوگۆیان هەر لەگەڵ ئەو بووە بێ‌گومان دیارە دەبێ شەخسیەتێکی زۆر بە هێزی هەبووبێ چونکە دژی شێخ مەحموودی سلێمانی بوو کە سەرۆکی بنەماڵەی پیرۆزی شێخەکانی بەرزنجەو (٤٢) نوێنەری خەونو ئاواتی کوردستانی ئازادو سەربەخۆ بوو •

---

(٣٩) سۆن ١٩٢٦ .
– لیس ١٩٢٨ ، ٢٥٧ .
– بارث ١٩٥٣ ، ١٢٠ ود .
– ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .

(٤٠) بڕوانە : مێجەرسۆن : رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان . ترجمة فؤاد جميل ، بغداد ، ١٩٧٠ – و .

(٤١) مامۆستا گیوی موکریانی لە پێشەکی دیوانی تاهیر بەگی جافدا (چاپخانەی هەولێر ، ١٩٦٦ ل ٦ – ٧) بە درێژی باسی مێجەرسۆنو تاهیر بەگ دەکاتو دەڵێ : «جارێکی لە کاتی ئاخاوتنیدا کە بە کوردی‌یان وتوویژ دەکرد غوڵام حسێن لە جیاتی ووشەی نا : (نۆ)ی بەسەر زمانی‌دا هات . تاهیر بەگ لەمەدا سەرسام بوو و هەستی بەمەکرد کە دەبێ ئەم غلام حسێنە ئینگلیز بێ ...» ئیدی تاهیر بەگ پێی ئاشکرا دەکا کە ئینگلیزەو ناوی مێجەرسۆنەو چەند ساڵێکە بەم ناوچانەدا دەسووڕێتەوە، تاهیر بەگ بە ڕێی دەکا بۆ ئەوەی لەلای ئەوەوە هیچی بەسەر نەیە – و.

(٤٢) لیس ١٩٢٨ ، ٢٥٤ .
– گاوان ١٩٣٨ ، ١٩٨ .

عادیله خاتوون ، ساڵی ١٩٢٤ ، له سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی کۆچی دوایی کرد • گۆڕەکەی ، کە خۆم چوومە سەری و وا له گۆڕستانی گوندی عەبابەیلێی نەختێ ئەولای هەڵەبجەیە ، ساڵی ١٩٥٧ بێخزمەت بوو ، بگرە هەر تەواو پشتگوێ خرابوو • تەرجومانەکەم گوتی گوایە لەسەر خواستی عادیله خاتوون خۆی گۆڕەکەی بایەخی پێ نەدراوەو نەپارێزراوە بەڵام ئەوەندەیشی گوت کە خەڵك مەڕو بزنی لەسەر دەلەوەڕێننو بە ساردی یادی عادیله خاتوونی هەڵەبجە دەکەنەوە • دیار بوو تەرجومانەکەشم هەستی هەر وا بوو چونکە جارێکیتریش بەو پەڕی ڕێزەوە باسی شێخ مەحموودی غەنیمی سیاسی عادیله خاتوونی کردو بە پاشای ڕاستەقینەو مەلیکی کوردستان ناوی هێنا •

بەم جۆرە ، ئەو کاتەی کە عادیله خاتوون له سەرەتای ساڵی بیستەکان، لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئینتیدابی بەریتانی زۆر ڕێكو تەبا بوو ، ئافرەتێکی ناوداریتر هەبوو کە حەفسەخانی دۆتمامی شێخ مەحموودەو مێردی بە شێخ قادری برای شێخ مەحموود کردوە • ئەمەیان یەکێ بوو لەوانەی له سلێمانی بە ئینتیداب ڕازی نەبوون ، ئافرەتێکی زۆر تێگەیشتوو بوو ، بە تێگەیشتنی خۆیەوە لێپرسینەوەی ئەو تاقمە ئەفسەرە بەریتانییەی گرتە ئەستۆ کە پسمامو شووبرای لە ئاژاوەکانی ساڵی ١٩١٩ی ئەو شارە بە دیلیان گرتبوون • دووربینی ئەم کارە نەختێ دواتر دەرکەوت ، ئەو کاتەی کە شێخ مەحموود له نزیك دەربەندی بازیان بەدیل گیرا ، ئەوە بوو بۆ خاتری ئەم هەڵوێستەی حەفسەخان حوکمی شێخ مەحموود له خنکاندنەوە کەم کرایەوە بۆ خەپسی هەتاهەتایەو (٤٣) پاشانیش بە تەواوی ئازاد کرا •

ئەدمۆنز (٤٤) باسی ئافرەتێکی ناوداریتری کورد دەکا کە فاتمە خانە •

---

(٤٣) ب : بارث ١٩٥٣ ، ١٢٠ ود .
– ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .
(٤٤) ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .

فاتمه خان که مێردی مرد هەشت گوندی هەبوو و خۆی موڵك‌و ماڵـەکەی بەڕێوە دەبرد • هەر چەندە کە ئافرەتیش بوو بەڵام خەڵکی ئەم گوندانە بـە متمانەوە کردیانە دەمڕاستی خۆیان بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لێـپرسراوانی میری بـکات •

پوختەی بەرهەمی زانستی ئەو نووسەرە پیاوانەی لەم بارەیەوە شتیان نووسیوە ، بریتی‌یە لەمەی خوارەوە :

دەڵێن ئافرەتی کورد لە ئافرەتی ناوچەکانی دیکەی ئیسلامەتی سەربەستی زیاترە ، لە شارو ناوچە شارستانەکان نەبێ عەبا ناپۆشێ ، یەکژنی بـاوە، ژن هێنانی (بە حەزلێ‌کردن) هەیە •

وا لە خوارەوە باسی ئەوە دەکەم داخۆ ئەم زانیاری‌یـە تا چڕادەیەك لەگەڵ تاقی‌کردنەوەی خۆمدا دەگونجێ کە وەکو ئافرەتێك لەناو ئافرەتـانی کوردستانی خوارووددا ژیاوم •

بەلای منەوە ، ناشێ هەموو ئافرەتانی کورد ، کـە دەبێ باری ژیاری‌و ڕۆشنبیری‌یان لە بەرچاو بگرین ، لە ژێر یەك سەردێری گشتی وەکو (ئافرەتی کورد) کۆ بکەینەوە • بە گوێرەی کەرەستەی بەردەستی من دەتوانین چـوار مەڵبەنـدی جیاواز دەست نیشان بکەین کە نموونەی ژیاری‌و ڕۆشنبیری‌یان تا ڕادەیەکی زۆر جودایە • یەکەمین دابەشکردنی زەق‌و ئاشکرا ئەوەی بەینی مەڵبەندی لادێ‌و مەڵبەندی شارە • ئەم دوو مەڵبەندەش ، هەر چەنـدە لـە بنچینەدا جودان ، بەڵام ئەوانیش لەناو خۆیانەوە دابەش دەبن •

دەتوانین لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە مەڵبەندی لادێ بکەینە دوو چین : دەرەبەگ‌و کرمانج (مسکێن) • دەرەبەگ ؛ وەکو ماڵە شێخەکانی تۆپزاوەو شەدەڵەو سەرگەڵوو و سەرکان ، لە تۆپزاوەو ڕەکاوەو میرزا ڕۆستەم‌و بەڵخە ماڵە کرمانجم بینی • ماڵی ئەو ئەفسەرە پۆلیسەش کە لە شاربەندەری میرزا ڕۆستەم تێ‌یدا بووم لەم بەینەدا مام ناوەنجی دەوەستێ •



دەرەبەگایەتی دێ ٠ ژنی بەمێرد پەلکەمێو دێنن (سەرکان)

یەکەمجار مەڵبەندی شارستانیم لە سلێمانی بینی کە پێتەختی لیواکەیە ، بەڵام لە کەرکووكو هەڵەبجەو تەوێڵەو ڕواندزیش هەبوو •

دەتوانین ئافرەتەکانی ئەم مەڵبەندە شارستانی‌یە ، زۆر بە زەقی ، دابەش دوو بەرە بکەین ؛ خوێندەوارەکان : کە خرابوونە بەر خوێندن • نەخوێندەوارەکان : کە وەکو ژنە لادێ‌یی‌یەکان خوێندەواری‌یان نەبوو (خوێندنو نووسینیان نەدەزانی) • بۆی هەیە ئەم هەر دوو بەشەی ئافرەتی شارستانی لەیەك ماڵدا کۆببنەوە وەکو ماڵی تەرجومانەکەم کە هەردوو ژنی کابرای خاوەن ماڵ لە تاقمی نەخوێندەواران بوون ، کەچی کچەکانی چووبوونە قوتابخانەو نموونەی تاقمی دووەم بوون • هەر چەندە ئەم دوو تاقمەی ئافرەتانی شارستان لەیەك ماڵدا هەبوون بەڵام باری ژیاریو ڕۆشنبیری‌یان



دەرەبەگایەتی دێ • ژنێکی بەمێرد لەسەر حەوزی ناو باخچە (سەرکان)

تەواو جودا بوو •

ئەو بەشەی کوردستان ، کوردستانی خواروو ، کـە من چووبوومـێ ناوچەیەکی شاخاوی‌یەو کەوتۆتە ناوچەی نیمچەمـەداری باکوور • سـاڵ ، نیوەی زستانێکی فێنکە ، لە تشرینی دووەمەوە تا نیسان باران دەبارێو لـە مایسەوە تا تشرینی یەکەم هاوینێکی گەرمو بێبارانە • ئەوەش هەبوو کە لـە ٥ی حوزێرانی ١٩٥٧ تاوە بارانێکی ناوەخت باری • گوندەکانیان لە قـەد گردان کراونو کەوتوونەتە هەورازی زەویو کرتوکێڵەکان • خانوویـان زۆربەی بەڕیز لە تەلانی گردان کراونو کەوتوونە سەر یەکدی • بانی خانووی خوارێ بۆتە حەوشوبەرەی خانووی سەرێ • هاتوچـۆش بـەو ڕێگـە شاخاوی‌یانەدا دەکەن کە بڕیویانەو وەکو قادرمە پایەیان بە بەرد بۆ کردووە •



دەرەبەگایەتی دێ . ژنێکی بەمێرد جگەرە دادەگرێ (سەرکان)

یان هەر ئاوەڕۆی جۆگای ووشك‌بوو دەکەنە ڕێ • لە هیچ شوێنێ هەوڵیان نەداوە زەوی تەخت بکەن • لە کوێ جۆگاو کانی هەبێ گوندو ئاوەدانی لەوێ پەیدا دەبێ ( ئاوو داوەدانی‌یان گوتوە ـ و ) •

هەندێ قۆرتی قووڵ لە تۆپزاوە هەبوو (بەڕیزلێ‌درابوون‌و هەر ڕیزەی سێ قۆرت بوو) نیشانەی ئەوە بوون کە ئێرە پێشتر «قەنات» بوە • بەری کانی‌و جۆگایان دەگرت‌و ئاوەکە لە حەوزێك کۆدەبوەوەو دەچوون ئاویان لێ‌دەهێناو شتیان تێدا دەشووشت • کێڵگەی شینایی‌و زەوی تووتن چاندن جۆگای ئاوداشتیان دێتەوە سەر • ئەم جۆگایانە بە کەڕدو و پێمەڕە هەڵدەکەنن • کەردوو پێمەڕەیەکی گەورەیە بە دوو کەس ئیشی‌پێ‌دەکەن• پێمەڕەمان [٤٥] لە خوارێ ، لە دەم زێی بچووك ، لە ناو کوراقی کێڵگەی برنج بینی •

دەوروبەری تۆپزاوەو ڕەکاوە چنارو دارگوێزو هەندێ تووو هەنجیری لێیە • داربەڕووی کورت لەقەد شاخان ڕواون • هەوراز گوندان هەمووی ڕەزەو بەرەکەی یان دەکرێتە خۆشاو یان ووشك دەکرێتەوەو دەبێتە مێوژ • دەوروبەری گوندی سەرگەڵوو و بەڵخەو تەوێڵە ئاوی زۆرەو باخچەی گەورەی درەختی بەرداری وەکو قۆخ‌و توو و قەیسی زۆرە •

ئاژەلی ماڵی‌یان ئەمانەن : چێڵ‌و «گا» ، مەڕی بە دوونگ ، «بزن»ی ڕەشۆکی و بزنە مەرەز • «کەر» ، «هێستر» ، مریشك‌و قازو مراوی ، «ئەسپ» بۆ بەزم‌و ڕابواردن ڕادەگرن‌و کە سواری دەبن لغاوی [٤٦]دەکەن•

---

(٤٥) ب : وەسفی بەختیاری لەلایەن بێشۆپەوە ، ١٨٩١ ، ٩ .
ـ هەوجاڕی پێی ئێرانی لە موزەخانەی نیشتمانی‌ی دانیمارك .
ب : فێلبێرگ ١٩٣١ ، ٢٠٢ .

(٤٦) ب : های ١٩٢١ ، ٥٧ : «لغاوەکە جۆرێکی زۆر ڕەقە لەوانەی کە لە میزۆپۆتامیا هەن » .



زەوی برنج چاندن (قورە برنج) لە شاخەکانی کوردستان

سەگی زەردی گەورەی شوانانو تاژی ئێرانی [٤٧] ، بۆرەجرەی ڕاوی ، (وورچو بەرازی کێوی)ش هەن •

سەعات پێنجی بەیانی منداڵو پیرەژن مانگا دەبەنە ناو گاڕانو گاڕان دەچێتە دەرەوەی دێ • لە سبەینێ تا ئێواریێ ڕەشە ووڵاغەکان لەقەد تەلانان دەلەوەڕێنو منداڵی پارچەڵە چاویان لێدەبن [٤٨] • سەعات (شەش ـحەفت)ی ئێواریێ گاڕان دێتەوە ناو دێو هەر مانگایەو دەچێتەوە گەوڕی خۆیو ئێوارە دەیاندۆشن •

لە ناوەڕاستی حوزێرانەوە شوانی دێ مێگەلی مەڕو بزن دەباتە شەوبەکێو • لە بەلخە دەیانگوت شەرتی شوان شەش مانگەو هەر شەرتی سەر مەڕی بە ٢٥ فلس دەبات • ڕۆژێ دوو جار ڕان دێتەوە نزیك دێ ـ دەوروبەری سەعات ١٠ ی بەیانیو ٥ ی ئێواریێ ـ و بێری بۆ بێرو مەڕدۆشین دەچنە دەرەوەی دێ • مەڕو بزن لە کۆتایی تەمموز دەبڕێتەوە •

---

(٤٧) ب : های ١٩٢١ ، ٦٠ .

(٤٨) ئەمە بە گوێرەی تۆپزاوە وایە بەڵام گاڕان لەوەڕاندن لە هەر ناوچەیەکی کوردستان شێوازێکی تایبەتی هەیە . بۆ نموونە لە هەندێ ناوچەدا خەڵکی گوند ، بە نۆرە ، هەر یەکە ڕۆژێك دەچێتە بەر گاڕان. لە هەندێ ناوچەیتر گاوان دەگرن بۆ ئەوەی بچێتە بەر گاڕان . ئەویش یان خەڵکی گوندە ، یان خەڵکی گوندێکیترە . چوونە بەرگاڕانیش هەروەکو شوانێتی دوو شەرتە ، واتە ساڵێ دوو کرێی هەیە . بە زۆری وا دەبێ شەرتی هاوینان بە دەغلەو شەرتی زستانان بە پارەیە . گاوان سەرباری شەرتی خۆیشی کە هەر ڕەشەووڵاغێك ئەندازە دەغل یان پارەیەکی تایبەتی دەوێ ، داوای نانیش دەکا . ئەویش یان ئەوەتە هەموو سبەینان ژن یان دایك یان هەر ژنێکیتری ماڵی گاوانەکە ماڵەوماڵ لە دێ دەگەڕێو یەکەو نان لەو ماڵانە دێنێ کە ڕەشەووڵاغیان هەیە ، یان ئەوەتە گاوان نان‌نانە وەردەگرێ . نان‌نانە ئەوەیە کە هەر ماڵەو سەرباری کرێی ڕەشەووڵاغەکانی یەك دوو ڕبە گەنمی زیادە دەداتە گاوان بۆ ئەوەی بیکاتە باراش ـ و .

گەنم لە کانوونی دووەم دادەچێندرێ* و لە سەرەتای حوزێران
دروێنەی دێ • دروێنە بە مەلەغان ناکەن ، پاڵە شان دەدەنە شانی یەکترو



کەرەستەی دروێنە : داس ، قەیناغ ، گوریسی دەستکرد
قەیناغی چەند ناوچەیەك • مووزەخانەی نیشتمانیی دانیمارك •

(*) ئەو کاتەی خاتوو هێنی باس دەکات و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان، جوتیار چەندی عەرد لە بەردەستدا بێ دەیکاتە دوو بەش و هەر ساڵەو بەشێك دادەچێنێ و بەشەکەی تر بەجێ دێڵێ بۆئەوەی بۆ ساڵی دادێ بەهێز بێ • کە دەغل دروایەوە دەبێتە پەرێز و جوتیار پایزێ گاسنێك لە پەرێزەکە دەدا ئەمە پێی دەگوترێ (شۆبڕین) ، بەهاریش گاسنێکی تری لێ دەداو ئەمەش پێی دەگوترێ (وەرددانەوە) جا لێی دەگەڕێ و بۆ ساڵی دادێ یەکسەر تۆوی پێوەردەکات و گاسنێکی تری لێ دەدات و دایدەچێنێ ــ و •

دەچنە بەر بەری دروێنەو بە « داس » دروێنە دەکەن کە نزیکەی ٢٧ سم درێژ دەبێ . پاڵە داسەکە بە دەستی ڕاستە دەگرێو چوار « قەیناغ » (٤٩) لە چوار پەنجەی دەستی چەپەی دەکات . ئەو قەیناغانە بە زریزە لێك بەستراون . دروێنە تەنیا ئیشی پیاوانە(٥٠) بەڵام ژن قرشەکە دەکێشنەوە (٥١) سەر جۆخین (٥٢) ، ئەویش یان بە «گوریس»ێکی درێژ کە نزیکەی ٦٫٨٠ م دەبێ یان بە دەهۆ دەیکێشنەوە . ژنان خۆیان گوریسەکە دەهۆننەوە . یەکەم جار خوری و موو دێنو هەر بە ڕەنگی خۆی ، سپیو ڕەشتاڵەو حەلوایی ، بە «تەشی» دەیڕێسنو دەیکەنە

---

(٤٩) تەختە دارێکی چەماوەیان لەناو لوڕەکانی ئێران هێناوە ، لای ژورەوەی جێگای سێ پەنجەی دەستی چەپەی تێدایە ؛ ب : ڤێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٨١ وێنەی ژمارە (٦٠) .

– سێ قەیناغی ئێسیکیان لە تورکیاو قەیسەریا هێناوە بە زریرە بە یەکەوە بەستراونو پارچە قایشیان لە پشتەوە دراوە. (وێنەی ژمارە ـ ٩).

(٥٠) وایە ، بە گشتی وەری‌بگری ، دروێنە ئیشی پیاوانەو گیشەکردن ئیشی ئافرەتانە بەڵام ئەگەر کابرایەك یەکتەنێ بێ بۆی هەیە ژنو کچەکانی دروێنەی لەگەڵ بکەن ـ و .

(٥١) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ، پیاو دروێنە دەکاتو ژن گیشە . واتە پیاو دروێنە دەکاتو چەپك چەپك قرشەکە دادەنێتە سەر زەوی (ئەو چەپکانە پێیان دەگوترێ سوارە)و ژنێك (کە پێی‌دەگوترێ گیشەکەر یان تێلی‌کێش) سوارەکان کۆدەکاتەوە تا دەبێتە هامێزێك کە بوە هامێزێك دەیبا لە شوێنێك لەسەر هامێزی‌تری دادەنێو هامێزی‌کەیشی دەخاتە سەرو دەیکاتە گیشە . ئەگەر قرشەکە جۆ بێ گیشەکە وەکو گلکۆ درێژ دەبێتەوەو گوڵەکانی دەکەونە ناوەوە . ئەگەر نیسكو نۆك بێ گیشەکە خڕەو بەرز هەڵدەچێ ، جار وایە بەقەد بەژنە زەلامێك بڵند دەبێ . ئەگەر گەنم بێ پانو پان لەسەر زەوی ڕیز دەکرێو گوڵی یان دەکەوێتە ددردوە یان دەکەوێتە ناودوە ، گیشەی گەنم پێی‌دەگوترێ (گەلاوێژ) .

قرشەکە ئەگەر کەم بێو نزیك بێ وا دەبێ ژن بە گوریسو بە پشتی بیکێشنەوە ، بەڵام قرشەی دوورو زۆر بە شەغرە دەکێشرێتەوە . یەکێ لەسەر زەوی شەغرە لێ‌دەنێو بە وولاغان دەیکێشنەوە سەر جۆخین .

=



سەرەوە : قەیناغی ئێسکی تورکی .
خوارەوە : قەیناغی تەنەکەی کوردی .
دەستەڕاست : تەختەدارێکی چەماوەیە جێی سێ پەنجەی تێدایە . هی لوڕەکانی ئێرانە .

داوەبەن‌و داوەموو ، ئینجا ئەم داوانە دەهۆننەوەو دەیکەنە گوریس . کۆڵە قرشەیەك بە گوریس دەبەستن‌و ژنێك دێ پشــتی پێــوە دەداو ســەری گوریسەکە دێنێتەوە سەر شانی ڕاستەی‌و توندی دەکات‌و قیت دەبێتەوە . قرشەکە لە جێ‌جۆخینێکی(٥٣) خڕی گێچینی نزیك دێ هەڵدەڕێژن یان لەبەر

---

هەڵبــەت شــــەغرەی ئێســـتر لــە شــــەغرەی کــەر گەورەتـــرە . شەغرە لە دوو لاشەغرە پێك دێ ؛ هەر لایەکی بریتی‌یە لە دوو داری درێژو سێ چوار شەپــکە شەغرەیــان لە نێــوان گــیراوە بۆ ئــەوەی لێك‌نەبنەوەو قرشە هەڵبگرن . هەر دوو لاشەغرە بنەوەیــان نەختێ بەرینەو تا دێ لەلای سەرەوە تەسك دەبنــەوە ، لەســەرەوە هەر دوو لاشەغرە بە گرگرەیەك پێکەوە لکاون‌و مەودای سووڕان‌و جولانەوەیــان هەیە . هەر لاشەغرەیــەك لــەلای بنــەوە قادەیــەکی بە دوو بەنقــادە لێ‌دەبەسترێ . قادە : دارێکی کەوانەیی‌یە بۆ ڕاگرتنی قرشەیە . بەنقادە: ئەو پەتەیە کە قادەی پێ لە شەغرە دەبەسترێ . جگە لەوەش ، شەغــرە لەلای سەرەوە ، لەکن گرگرەکە دوو گوریس یان کندڕی پیوەیەو قرشەی ئەم لاو ئەولای پێ‌دەبەسترێ . ئەو کەســەی شــەغرە لێ‌دەنــێ پــێ‌ی دەگوترێ شــەغرە بەســت . شەغرەبــەست شەغرە لەســەر زەوی دادەمەزرێنێ‌و لەم‌لاو لەولا قادەکان بە گوێرەی درێژی بەنقادەکان لــە دووری شەغرەکە لە زەوی دادەکوتێ‌و بە قەڵانگ هامێزە قرشە لە گیشە یان گەلاوێژەوە دێنێ‌و دەیخاتە بەینی قادەو شەغرە ، سەر بەنقادەکان‌و، هێدی هێدی بە شەغرەکەدا هەڵی‌دەنێ تا پڕ دەبێ ئینجا هــەر دوولای شەغرەکە بە گوریســەکە لە قادە توند شەتەك دەداو قوڵفانگەیەکی لێ‌ددا بۆ ئەوەی بە ئاسانی بکرێتەوە . ئەگەر شەغرەبەست چوست‌و چالاك‌و زانا نەبێ‌و شەغرەکە باش توند نەکا بۆی هەیە لــە ڕێــگادا شــەغرەکە هەڵبوەشێتەوەو قرشەکە بە گۆڕێ وەربێ ، ئەمەش پــێ‌ی دەگــوترێ (شەغرەزان) . شەغرە بزێ شتێکی زۆر عەیبە بۆ شەغرەبەست. شەغرە یان هەر تەنیا لایەکی دەزێ یان هەردوولای . ئەو کەسەش کە شەغرەکە لە سەر زەوی‌یەوە بە وولاغان دێنێتەوە سەر جۆخــین پێ‌ی‌دەگــوترێ «شەغرەکێش» . وا دەبێ شەغرەکێش بە یەك وولاغ یان دوو یان کۆمەڵێك بکێشێ ، ئەمەش هەر چەندە بە چوست‌وچالاکی‌و لیهاتنی شەغرەکێــش دەگۆڕێ ، بەڵام بە گوێرەی هەبوون‌و دەست‌کورتی کابراش دەگۆڕێ — و.

(٥٢) ب : لەبارەی لوڕەکانەوە ، فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٨٠ .

(٥٣) ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، کە لە ئێرانەوە باسی «ناومالّی گێچی پتەو دەکا» .

ماڵان لە شوێنێکی وا هەڵیدەڕێژن کە خاکەکەی توندو پتەو بێو بە باگوردان کوترابێتەوە • پاش بارانان ئاخەبانیش هەر بەو باگوردانانە دەپەستنەوە • جۆخین کوتان لە تەمموزەوە تا تشرینی یەکەم[٥٤] دەخایەنێ • کوتانیش دوو جـۆرە :ـــ

یان ئەوەتە قرشەکە پان دەکەنەوە[٥٥] و لە ســێ وولاغەوە تـا حەفت وولاغی ماڵی وەکو کەرو مانگاو ئێستر یان هەرچییەکی دەست بکەوێ بە ئەشکەلە جەلە دەکەن و قرشەکەیان پێ گێرە دەکەن • لە شاخەکانی سەرەوەو لە دەشتی شارەزووری نێوان سلێمانی و هەڵەبجە هەر گێرە باوی هەبوو • زەلام وولاغەکان لێدەخوڕن و دەیانسووڕێنن و ئەو قرشەو بەرمەی ووردە ووردە لەبەر پێی وولاغەکان دەڕواتە دەرەوە ، بە شەنەی دار دەیهاوێنەوە بـەرێ •

ڕێگای دووەم بە «جەنجەڕ»ە[٥٦] کە دەتوانین پێی بڵێین عـارەبانەی

---

(٥٤) ب : لیچ ١٩٤٠ ، ٣٨ .

(٥٥) های ١٩٢١ ، ١٠١ لەبارەی کوردستانەوە باسی ئەوە دەکا کە لەسـەر جۆخین دارێك دەچەقێنن و ٢ـ٦ «حەیوانی جەلەکراو»ی لێدەبەستن و بە دەوریدا دەیانسووڕێنن . ئەو جۆرە دارەی حەیوانـەکانی لێ قـایم دەکرێ لەو ناوچانە نەبوو کە من لێیان بووم .

(٥٦) جەنجەڕ : لەبەر ئەوەی خاتوو هێنی نەیتوانیوە بە ووردیو بە تـەواوی باسی جەنجەڕو بەشەکانی جەنجەڕو ئەرکی جەنجەڕ بکا ، دەمەوێ مـن لێرەدا نەختێ بە درێژی باسی بکەم .
جەنجەڕ لە دوو حوشترۆکە پێك دێ کە بریتین لە بەشی ئەم لاو ئـەو لای جەنجەڕو ڕەنگە بۆیە پێیانبگوترێ حوشترۆکە چونکە لای پێشـەوەیان وەکو ملی حوشتر درێژەو قیتبۆتەوە . ئەم دوو حوشـترۆکەیـە لـە دەرەوە بە بزماری گەورەو پان بزمـار کوت کراون کـە پێیاندەگوتـرێ (بزماری جەنجەڕ) . لە لای ناوەوەش یەکەو دوو کلچووکیـان لێ قایـم کراوە . کلچووك نێرکە ئاسنێکی ئەستوورو نەختێ درێژە . دۆراندۆری کلچووکەکە پارچە بەرمیلێکی چوارگۆشە لە حوشترۆکەکە دراوە تا داری



گێره ( تۆپزاوه )

حوشترۆکەکە نەخورێ ئەم پارچە بەرمیلـە پێ‌ی‌دەگوترێ ( سـێرۆکە ) . پارچە سیفێکی درێژیش لە بنی بنەوەی حوشترۆکەکان دەدەن بۆ ئەوەی داری بنی حوشترۆکە کە بە سەر قرشەو هوردەدا دەڕوا نەخورێ ، ئەم سیفەش پێ‌ی‌دەگوترێ : «شیرۆکە» .

هەروەها جەنجەڕ دوو تۆپی هەیە : تـۆپی جەنجـەڕ بـریتی‌یە لـە گولتەدارێکی ئەستوورو لوولەیی‌و نەختێ درێژ . بالتەی ئاسنی لێ‌دراوە. ئەم بالتە ئاسنانە بە پۆلاّ دووشاخ کراونەتەوەو بە جۆرێکی‌وا لە تۆپەکـە قایم کراون کە لەگەڵ سووڕانی تۆپەکە هەر جارەی هێزی جەنجـەڕەکە دەکەوێتە سەر کۆمەڵە بالتەیەك . هەر تۆپێك لەم لاو لەو لا دوو کـونی تێدایە پێ‌یان دەگوترێ کلدانەو ئەم کونانە بە زۆری بەرمیل یان ئاسنیان تێدەگیرێ تا دارەکە نەخورێ . کە جەنجەڕ دەبەستن دوو حوشترۆکەکە لەم‌لاو لەولا دادەنێن‌و دوو تۆپەکە لە بەینیان درێژ دەکەن‌و وایان دادەنێن کە لەم لاو لەو لا کلچووکی حوشترۆکەکان بچێتە ناو کلدانەی تۆپەکان . پاشان لە لای پێشەوەو لەلای پاشەوە دوو شەپکەداری گەورەو پـان دەخەنە بەینی حوشترۆکەکان پێ‌یان‌دەگوترێ (دەفە) . شەپکەیەکی‌تریش لە سەرەوە دەخەنە بەینی هەر دوو حوشترۆکە بۆ ئەوەی جەنجەڕوان لەسەری دابنیشێ‌و پێ‌ی‌دەگوترێ (ناودەف) . هـەر دوو حوشترۆکـە یەکەو دوو داری چوارگۆشەی قوتیان لەسەر قیت بۆتەوە ، دوو داری ئەستوورو درێژ دێنن ، هەر دارێك دوو کونی لەم سەرو لەو سـەر هەیە ، ئەو دارانە پێ‌یان‌دەگوترێ (پردۆکە) . ئەم پردۆکانە دەخەنە سەر ناودەف‌و کونەکانی ئەم لاو ئەو لایان دەسەر دارەقوتەکانی سەر حوشترۆکە دادێ‌و توند ڕایدەگرێ . لەلای پێشەوەش ملی حوشترۆکەکان یـەکەو کونیان تێدایە ، دارێك دێنن‌و هەر سەرێکی لە کونێکی حوشترۆکەیـەك ڕادەکەن ، ئەم دارە پێ‌ی‌دەگوترێ ( دارئەقرەبە ) ، لـە نـاوەڕاستەوە ئاسنێکی چەماوەی وەکو چەنگاڵی پێوەیە پێ‌ی‌دەگوترێ (ئەقرەبە) ، کلکی مژانە ئەلقەیەکی ئاسنی پێوەیە ، ئەلقەکە دەسەر ئەم ئەقرەبەیە دادێ . سەرەکەی تری مژانە بە سەرەمژانکەیەك لە بۆسەی نیر قایم دەکرێ .

جەنجەڕ کە بەم جۆرە تێك‌هەڵکشا هەمووی بە ئێرەو مێ‌یە دەچێتە بار یەك‌و توند دەبێ‌و قەت لێك‌نابێتەوە بەلاّم بە زۆریش گوریسێك دوو جار لە هەر چوار دەوری جەنجەرەکە دەبەستن‌و پێچەکی دەدەن تا توند بێ . لە کاتی هووردەکوت‌دا جەنجەڕ کوچکوچە یان چانچانەی بە دواوە دەکرێ تا هووردەکە لووس بکا .

. . . . . . . . . . . . . . . . . .

جەنجەڕدابەستن : لە وەختی جەنجەڕدابەستن دوو وولاغ دێنن (هەرچی ڕێك بکەوێ) لە تەنیشت یەکتریان ڕادەگرن . قەڕاسەی یەکێکیان دەکەنە جەلە . یەکەو بنملیان دەخەنە سەر مل تا نیر ملیان ئەزیەت نەدا پاشان یەکەو کۆپەڵانیان دەخەنە سەرملو نیرەکەیان دەخەنە سەر . نیر : دارێکی درێژو ئەستوورو خڕە ، لە ناوە ڕاستەوە زەنگولەیەکی بە قایشێك لێ قایم کراوە کە پێیدەگوترێ ( هیرتە ) . زەنگولەکە پێیدەگوترێ (بۆسە) . بۆسە ، لە ناوەڕاستەوە پەلەدارێکی بە بەرینایی لێدراوە پێیدەگوترێ (بەربۆسە) . سەری مژانە دێتەوە ناو ئەم بۆسەو بەربۆسەیەو بەسەرە مژانکەیەك قایم دەکرێ . نیر ، لەملاو لەولای هیرتە ، لە ناوەڕاستەوە ، دوو داری بچووکی تێدەکوترێ تا هیرتەکە بەملاو بەولادا نەڕوا . ئەم دارە بچووکانە پێیاندەگوترێ (دارخەزنە) . نیر ، لە هەر لایەکی دارخەزنەوە تا سەری نیر دوو کونی تێدایەو هەر کونێك دارێکی دووگوێی درێژی تێدەخرێ پێیدەگوترێ (دارکڵاوە) . بە هەمووی دەکاتە چوار دارکڵاوە . کە نیر داوێنە سەر ملی وولاغەکان هەر وولاغێك دوو دارکڵاوەی دەکەوێتە ئەم لاو ئەولای مل . دوو دارکڵاوەکەی ئەم سەرو ئەو سەری نیر دوو پەتی باریکیان لەلای بنەوە پێوەیە ، پەتەکە پێیدەگوترێ بەنقادە «بۆیە وای پێدەگوترێ چونکە ئەو پەتەیە کە لە شەغرە قادەی پێ لە شەغرە دەبەستن» بەو بەنقادەیە نیرو کۆپەڵان لێك قایم دەکەنو لە ملی وولاغەکانی شەتەك دەدەن . کۆپەڵانەکانیش ، هەر یەکە لەم لاو لەولای پەلەدارێکی بچووکی پێوەیە پێیدەگوترێ (فرِفرِۆك)و لە کاتی شەتەكدانی نیرو کۆپەڵان بەنقادەی دێتەوە سەر . کە ئەم شتانەیان لە ملی وولاغەکان قایم کرد ، مژانە دێنن سەرێکی بە ئەلقەیە دەسەر ئەقرەبەی جەنجەڕی دادێننو سەرەکەیتری هەندێ کونی تێدایەو سەرەمژانکەیەکی پێوەیەو بەو سەرەمژانکەیە لە بۆسە قایمی دەکەن ، ئیدی ئامادە دەبێ بۆ ئیش .

جەنجەڕ بە شێوەیەکی ڕێك لە مەدارێکی بازنەییدا بە دەوری جۆخیندا دەسووڕێتەوە ، ئەویش بە هۆی گوریسێکەوە کە سەرێکی لە سەرکەلەی وولاغەکەی ناوەوە دەخەنو سەرەکەیتر بە زەنگولەیەك لە سنگێکی ناوەڕاستی جۆخین دەخەن . جەنجەڕ بەسەر ملی چۆپەدا دەسوڕێو ئەو وولاغەی دەکەوێتە لای ناوەوەی جۆخین پێیدەگوترێ (بنە)و ئەوەی دەکەوێتە لای دەرەوە پێیدەگوترێ (سەرە) . بنە باری لە سەرە قورسترە . ئەو قرشە یان هووردەی جەنجەڕی بەسەردا دەسووڕێتەوە پێیدەگوترێ

کوتان(٥٧) یان ترومبێلی کوتان(٥٨) یان ڕۆڵەی کوتان یان هەر شتێکی‌تر . جەنجەڕ لە دوو حوشترۆکە پێك هاتوە کە وەکو گورجیلە وان‌و لە سەرەوە بە تەختەیەکی پان‌و درێژ لێك توند کراون . ئەم تەختەیە وەکو کورسی وایە جەنجەڕوان لەسەری دادەنیشێ . هەر دوو حوشترۆکە بە بزماری گەورەی سفر بزمارکوت کراون‌و زۆر لە عارەبانەی کۆن دەکەن . دوو تۆپی داری قوڕسیان لە بەین‌دایە . ئەم دوو تۆپە ڕیزڕیز پەڕی دەم پانی ئاسنیان تێدا کوتراوە ، پەڕەکان دەمیان ڕاست‌و ڕاست بەرامبەر یەك وەستاوە(٥٩)و بە جۆرێکی وا کوتراون کە هەر جارەی قوڕسایی جەنجەڕەکە دەکەوێتە سەر کۆمەڵە پەڕێك کە دەمیان هاوتەریبی تۆپەکانەو پاشان دەکەوێتە سەر کۆمەڵە

---

(پێ) . لای ژوورەوەی پێ(چاوە) یە ، لای دەرەوەی پێ (ڕۆخە)یە . کە پێ کوترا هەمووی هەڵدەدەنەوە تەنیا چاوەکەی دێڵنەوە ، چاوە بە ناو پێیەکە وەردەکەن ئینجا پێی‌تری داوێنە بەرێ . لە کاتی قرشەشکێن پێ بۆ دەرەوە هەڵدەدرێتەوە ، لە کاتی هووردەکوتدا بۆ لای ژوورەوە هەڵدەدرێتەوە ... [ناوی کەرەستەکانی جەنجەڕو چۆنیەتی دابەستن‌و ئیش‌کردنەکەی لە گوندی «بەحرکە» وەرگیراوە ] و ـ .

(٥٧) های ١٩٢١ ، ١٠١ بە «وەکو عارەبانە» باسی ئەم ئامێرەی کردوە .
ـ کریستۆف ١٩٣٥ ، ٢٩ : «لە ڕۆژهەڵات‌دا بە گشتی عارەبانەی کوتان باوە » .
ـ فیلد ١٩٣٢ ، ٥٦ ، وێنەی ژمارە ( ١ ـ ٢ ) : «عارەبانەی کوتان ( کۆتان ) لە کوردستان‌دا » .
ـ لیچ ١٩٤٠ ، ٥١ : «عارەبانەی ئەسپان» ، کوردستان .

(٥٨) لێزەر ١٩٢٨ ، ٤٢٢ : «... جەنجەڕ ... هەر لە ڕۆژاوای دەریای ناوەڕاستەوە تا ئێران هەیە» .
ـ فێلبێرگ ١٩٣٦ ، ١٤٨ وێنەی ٨ هەمان جۆرە کە لە ئێران هەیە .

(٥٩) ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٣٨ (لوڕستان) : «... مەکینەی وەك عارەبانەی گران کە تۆپی قوڕسیان پێوەیە دەسووڕێ‌و باڵتەی ئاسنیان بە گۆشەی جیا جیا تێ‌گیراوە ... » .
ـ بلاکمان ١٩٢٧ ، ١٧٣ لە میسرەوە باسی «... مەکینەیەکی وەك عارەبانە » ، دەکا کە تۆپەکانی باڵتەی ئاسنیان پێوە نی‌یە بەڵکو پێچکەی ئاسنیان پێوەیە » .

پەڕێکی‌تر کە دەمیان لەگەڵ دەمی پەڕەکانی پیشوو گۆشـەی وەسـتاوی پێك‌هێناوە • جا وا نەبێ جەنجەڕەکە بە کوتانو بە ئەرکی ئـەو وولاغـانەی ڕایدەکێشن هەر تەنیا دان لە گوڵەکان بکاتەوەو بەس ؛ چونکـە ئەگـەر وولاغەکان بە تەنێش بە سەر قرشەکەدا بسووڕێنەوە دانەکە هەر لێ‌دەبێتەوە، بەڵکو پەڕە ئاسنەکانی جەنجەڕەکە قرشە ووردو هەڕا دەکاتو دەیکاتە (کا) •

های(٦٠) وای بۆ دەچێ گوایە بەکارهێنانی جەنجەڕ پەیوەنـدی بـە مەسەلەی ئابووری‌یەوە هەیە ، واتە بە شێوەیەکی گشتی ، جەنجەڕ لە زەوی بە پیتو بەرەکەت بەکار دێ • لە لایەکی‌تریشەوە لیچ جیاوازی دەخاتە بەینی (شێوازی ناوچەی شاخاوی) کە وولاغ بە تەنێ قرشەکە گێرە(٦١) دەکەنو (شێوازی دەشت) کە جەنجەڕی لێ بەکار دێ(٦٢) • فیلبێرگ بەکـارهێنانی جەنجەڕ لە لوڕستاندا بۆ سەبارەتی جوگرافی دەباتەوە : لەلای سـەرەوە جەنجەڕ بەکار دێ ، کەچی لەلای خوارەوە گێرەی وولاغان باوی هەیە(٦٣) • لەبارەی ئەو ناوچەیەی کوردستانی خواروو کە من لێم‌کۆڵیوەتەوە دەتوانم بڵێم بەکار هێنانی هەر یەکە لەم دوو ڕێگایەی قرشەکوتان بـۆ مەسەلـەی ئابووری‌و جوگرافی دەگەڕێتەوەوە بەش بە حاڵی زەوی‌و زاری شێخ تەیفووری خاوەنی گوندی تۆپزاوە ، لەسەر جۆخینی ناوچە شاخاوی‌یەکان تەنیا گێرەی وولاغان هەبوو ، کەچی لە دەشتی خوارێ جەنجەڕی ئێسترانیان پێ‌پەسند بوو • هەر چۆنی بێ من لە دەشتی شارەزووری نێوان سلێمانی‌و هەڵەبجـە نەمدی جەنجەڕ بگەڕێ •

کە قرشە کوترا هووردەکە شەنەبا دەکەن • (با) کاو تۆزەکە دەبـاتو

---

(٦٠) های ١٩٢١ ، ١٠١ .
(٦١) لیچ ١٩٤٠ ، تابلۆی ٩ .
(٦٢) لیچ ١٩٤٠ تابلۆی ١٠ .
(٦٣) فیلبێرگ ١٩٣٦ ، ١٤٨ .

دانەکە لەبەر گرانی خۆی بەر دەبێتەوە سەر جۆخین[٦٤] و دەمێنێتەوە ، دەبێتە ڕەوسە ، ڕەوسەکە لە بێژنگ دەدەن‌و پاکی دەکەنـەوە • ژنیش بەشـداری لەبێژنگ‌دان دەکەن •

دەغل‌و دان لە ماڵەوە یان لە ناو «کەندو»و یان «عەمار»ێکی[٦٥] قوڕی

(٦٤) ب : یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٧٩ لەبارەی ناوچەی دیمەشق .
ــ بلاکمان ١٩٢٧ ، ١٧٣ (میسر) .

(٦٥) کەندوو عەمبار جودان . کەندو ، ڕاستە یەك بەژن بڵند دەبێ‌و لەسەر پێچکەیە . یان خڕە یـان چوارگۆشە هەڵچـوە ، ژن لـە مـاڵەوە بـە قووڕەسووری خووساوە دروستی دەکەن . کەنـدوو لـە شـوێنێکەوە دەگوازرێتەوە شوێنێکی‌تر . بەڵام عەمبار وا نی‌یە ، خانوویەکی بچووکەو سەری دەگیرێ‌و دەرگایەکی بچووکی وەکو پەنجەرەی تێ‌دەهێشترێتەوە بۆ دەغل تێ‌کردن‌و دەغل لێ‌دەرهێنان . کەچی کەندوو سەری نـاگیرێ بەڵام وا دەبێ قەپاغێکی بۆ بـکەن جا چ قـوڕ بێ‌و چ دارو شـتی‌تر . جا لەسەرەوە دەغلەکەی تێ‌دەکەن‌و بۆ دەرهێنانیش کونێـکی خڕی لـە خوارەوە هەیە کەوتۆتە لای پێشـەوە بە پەڕۆ قەپاتی دەکەن‌و کە بیانەوێ هەندێ دەغڵ دەربێنن ئەو پەڕۆکە دەردێنن‌و دەغڵەکە خۆی دێتە خوارێ‌و پاشان قەپاتی دەکەن .

بێجگە لە کەندوو و عەمبار (چاڵ)یش هەیە . چاڵ قورتێکی خڕ یـان چوارگۆشـەیە بەڵام بە زۆری خڕە . کاتێ دەغڵ لە چاڵ دەکەن کە زوو پێ‌یان نەوێ یان لە پێویستی خۆیان زیاد بێ‌و بیانەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵی‌بگرن چونکە داکردن‌و شکاندنی چاڵی دەغڵ وەکو کەندوو و عەمبار ئاسان نی‌یە . کە چاڵ دادەکەن ، پێش ئەوەی کە دەغلی تێ‌بکەن ، تفرە کایەکی (بە زۆری کا جۆ باشترە) لە ژێر پان دەکەنەوەو پاشـان ووردە ووردە دەغلی تێ‌دەکەن‌و هەر چـوار دەوری چاڵـەکە بە تفرە کایـەك هەڵدەنێن بۆ ئەوەی دەغڵەکە بە دیواری قوڕی چاڵەکە نەکەوێ . ئـەو تفرە کایەش کە دەبێتە ناوبڕەی بەینـی دەغـڵ‌و دیـواری قوڕی چـاڵ پێ‌ی‌دەگوترێ (شارە) ، بۆیەش ئەم شارەیە دەکەن تا مۆرانە لە دەغڵەکە نەدا . بەم جۆرە چاڵەکە پڕ دەغڵ دەکەن‌و کە پڕ بوو هەندێ کای لەسەر ڕوو دەکەن‌و خۆڵی بەسەردا دەکەن‌و دەیپەستنەوەو جاری وا هەیە بـە قوڕ سواقی دەدەن تا ئەگەر زستان بارانێکی زۆریش باری ئاو نەگاتـە دەغڵەکە . وا چاکە پاش چوونی چلەی هاوین دەغڵ لە چـاڵ دابکرێ چونکە ئەگەر لە چلە دابکرێ لەوانەیە ئەسپێ لێ‌ی‌بداو عەدمی بکا ــ و •

یەك بەژن بڵند دادەكەنو لە بەرەمی ئازووقەی (٦٦) دادەنێن •

دوو جۆرە كەندوو(٦٧) هەیە : جۆرێكی خڕە وەكو جەڕە وایە ، بنەكەی تەختێكی پانی قوڕەو پێچكەی خڕی بەردی بۆ كراوە • بەردێكی پانولووس دەخەنە سەر كونی سەرەوەی • لە خوارەوەش لە لاتەنیشتێ گوڵبینەیەكی تێدەكەن دانی پێدەردێنن • جۆرەكەیتری چوار قولینچكە ، لە قوژبنێكی ژوورێ لەسەر عەرد دروست دەكرێ • هەردوو جۆرەكە بە نەخشی مارو پەنجەمۆری قوڕ نەخش دەكرێن • ئەوەی چوار قولینچكەكە بە تەتۆكەو چێنیش دەڕازێتەوە • بەلای لیچەوە(٦٨) ئەم نەخشو ڕازاندنەوەیە بۆ ئەوەیە كە لە چاوی پیسو بەد بپارێزێ • دەیانگوت كەندووی چوار قولینچك ژنی ماڵێ خۆیان دروستی دەكەنو دەینەخشێنن(٦٩) كەچی ئەوانەی وەكو جەڕە وان لە شوێنیتر دروست دەكرێن • هەرچی دەغلو دانێكی لە پێویستی دێ زیاد بێ لە جوالانی دەكەنو لە كەرو ئێستران باری دەكەنو دەیبەن لە شار دەیفرۆشن • ئەمە ئیشی پیاوانە •

دەغڵ بە ئاشی ئاو لێدەكەن بەلام من دەرفەتم بۆ نەڕەخسا لەم ئاشانە بكۆڵمەوە • ئاشی ئاو لە دەم ڕوبارو جۆگای گەورە دادەمەزرێنرێ • بۆ كەرەستەو چۆنیەتی دروست كردنی ئاشی ئاو بڕوانە : لیچ(٧٠) •

زەوی تووتن لە ناوەڕاستی حوزێرانەوە دەكێلرێ • جوتكردن ئیشی پیاوانە بەلام وا دەبێ ژنیش بیكەن • «جووت(٧١)» «گاسنێكی» بەلی

(٦٦) گوایە لە لوڕستانی ئێران «جەڕەی گەورەی قوڕ لە ژووری دانیشتنی ماڵەوە هەیە» ، بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٣٨ .

(٦٧) هەردوو جۆری «لوولەیی»و «لاكێشەیی» گوایە لە ئەنتی لوبنان هەن ڕیچ ، ٦١ .

(٦٨) ڕیچ ئێس . ئێ. ، ٥٨ ود .

(٦٩) ب : ڕیچ ، ٦١ .

(٧٠) لیچ ١٩٤٠ ، ٦٩ وێنەی ٧٠ .

(٧١) مەبەستی : هەوجاڕ یان ئامووره ــ و .

ێبوەیە • زمانەو باسکی ئاموور یەك پارچەن • لەو نموونەی کە هێنابوویانەوە ماڵێ زمانەو باسکی ئامووەرەکە یەك پارچەی سروشتی بوو • قونگی ئامووەرەکە «هەوجاڕ[٧٢]»ێکی تێدەخسترێ • بۆ ئەوەی باسکی ئامووەرەکەش درێژ بێتەوە مژانەیەکی تێدەگرنو هەر کاتێ جووت تەواو بوو لێی دەکەنەوە • ئیدی گواستنەوەی ئاسان دەبێو یەك تاکە کەس دەتوانێ بیخاتە سەر شانی یان لە کەرێکی بار بکات •

گلۆب ئەم هەوجاڕەی زەوی کێڵانی بە (عەردخوارد)[٧٣] ناو بردوە • وێرث یش ناوی لێناوە (هەوجاڕی خوار) و لە گەڵ هەوجاڕی سێ گاسنی[٧٤] گریکی بەراوردی کردوە • بیجگە لەمەش بەلای وێرثەوە ئەم هەوجاڕە پەیوەندی بە دەشتەکانی ژوورووی میزۆپۆتامیاوە هەیەو کە باسی دەکا ، دەڵێ : « زمانەو باسکییەك پارچەیە[٧٥]• »

دیارە هەوجاڕی کوردی وەکو هەوجاڕی کۆنی هۆرسلێڤو ڤیبیرۆبی دانیمارکی وایەو لەگەڵ هەوجاڕی تورکی جودایە کە ئەویش وەکو هەوجاڕی دەسترەپی دانیمارکی زمانەو دەستەندووی یەك پارچەیەو باسكو مژانەی لێقایم دەکرێ • نیبوور[٧٦] باسی هەوجاڕی وولاتی عارەبان دەکات کە وەکو هەوجاڕی کوردی وایەو پێیدەڵێن « ئاموری بە باسك » باسی

(٧٢) خاتوو مێنی ووشەی «هەوجاڕ»ی کوردی بۆ دەسکی ئامووردەکە بەکارهێناوە . هەوجاڕ هەموو کەرەستەکان دەگرێتەوە . ئەو دەسکەی لە قونگی ئاموور دەگیرێ پێیدەگوترێ (دەستەندوو) . دەستەنا.ووش لەلای سەرەوە پارچە دارێکی پڕ بە گۆلمی تێدەگیرێ پێیدەگوترێ «دەستەمستە» جوتیار لە کاتی جوتکردن دەستی تێدەگرێ — و .

(٧٣) گلۆب ١٩٥١ ، ٩ ، ١٤ ود. ، وێنەی ٢ .

(٧٤) وێرث ١٩٣٩ ، ٣٥٣ ؛ ١٢ «هەوجاڕی خوار لە دەشتی باکووری میزۆپۆتامیا » .

(٧٥) وێرث ١٩٣٩ ، ٣٤٤ ؛ ١ : «هەوجاڕی باشووری میزۆپۆتامیا» .

(٧٦) نیبوور ١٧٧٢ ، تابلۆی ٢ ، (بەرامبەر ل ١٥٨) .



زەوی توتن بە گا دەکێڵن ( تۆپزاوە )

ئەوەش دەکا کە بەوەوە باشە بە سانایی لێك دەکرێتەوەو لەسەر زەوی یەکەوە دەگوازرێتەوە سەر زەوی یەکی تر • ئەمەش لەناو زەوی یە بچووکەکانی کوردەواری زۆر باوە • لیچ[٧٧] باسی هەمان شتی کردوە • عەینی جۆرە هەوجاڕیش لە ئەرمینیا هەیە بەڵام وەکو لێی ڕەچاو دەکرێ هەوجارەکەیان هەوجاڕی تورکی نی یە •[٧٨] لە کاتی جوت کردندا ، دوو وولاغ دادەبەستن ، چ گایەك‌و کەرێك بێو چ دوو گا[٧٩] یەکەو بن‌ملی لبادیان دەخەنە سەر مل (تا نیرەکە ملیان ئەزیەت نەدا) ، پاشان نیرێکی بە دوو تاقمە دارکلاوەوە دەخەنە سەر ملی هەردووکیان و مژانەی هەوجاڕەکە بە سەرەمژانکەیەك لە بۆسەی نیرەکە دەخەن‌و بە گوریسێکی سەربەگرێ توندی دەکەن[٨٠] •

زەوی توتن دوو گاسنی لێدەدرێ • گاسن کوورِ ئەبێ زەوی هەڵناگێرێتەوە بگرە پەرەی زیاتر دەبێ[٨١] • ئەوەی جووت دەکا ، چ پیاو بێو چ ژن ، پێ‌داوێتە سەر قونکی هەوجاڕەکە ، لای دەستەندوو ، تا هەوجاڕەکە دابکەوێ‌و لە خەتیش دەرنەچێ • ئاو لە جۆگایەکی گەورەوە بەردەدرێتەوە ناو زەوی تووتن‌و وەکو ددانەی شانە کووزو کەرخاوی لێدەکرێتەوە • ئاوی جۆگاکە بە پێی پێویست بەنداوەکەی بە قورِ دەگیرێو

(٧٧) لیچ ١٩٤٠ ، ٥٠ .
(٧٨) لیزیشیان ١٩٥٨ ، ١٨٣ ، وێنەی ١ .
(٧٩) مەرج نی یە ئەو دوو وولاغەی دادەبەسترێن تەنیا گایەك‌و کەرێك یان دوو گا بن . گرنگ ئەوەیە دوو وولاغ بێ جا لەمانە چی ڕێك بکەوێ «کەر ، گا ، ئێستر ، بارگین ، یەختە» ئەوەندە هەیە تا زیاتر بۆ ناوچە شاخاوی یەکان هەڵبکشێین جووتی بە گایان زیاترەو تا دابکشێینە پێ‌دەشت زیاتر جووتی بە کەرو ئێسترو بارگین‌و یەختە باوی هەیە ــ و.
(٨٠) بۆ چۆنیەتی دابەستنی جووت ، بڕوانە چۆنیەتی دابەستنی جەنجەڕ لە پەراوێزی ژ ٥٦ ــ و .
(٨١) فێلبێرگ ١٩٣١ ، ٢٠٤ دەڵێ ئەم جۆرە هەوجاڕە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە تۆوی پێ‌دابچێنبرێ .



هەوجاڕی دار ( تۆپزاوە ) زمانەو باسکی یەك پارچەیە

بەرەڵڵا دەکرێ (٨٢) .

لە سەرەتای ئەیلوولدا تووتن لێدەکرێتەوە . ژن چارۆکەی بەرامپیلی گەورە لە خۆ دەبەستن (وەکو ئەو بەرامپیلانەی قرشەی لەسەر زەوییەوە پێدەکێشنەوە ماڵێ.) و پەلکەتووتنە سەوزەکان لێدەکەنەوەو بە شیشەیەکەوە بە داری درێژی وەدەکەن . پاشان ئەو پەلکە تووتنانە لەبەر ڕۆژ ووشك دەکەنەوەو ووردیان دەکەن (٨٣) . ئەوەندەی من تێی گەیشتم

(٨٢) خاتوو هێنی بە دوورودرێژی باسی زەوی تووتنی نەکردوە ، بۆیە لێرەدا نەختێکی لێ دەدوێم :

ئەو پارچە زەوییەی کە دەکرێتە تووتن پێیدەگوترێ قەدە عارد . قەدەعارد لە ناوەڕاستەوە بە هۆی خەتێکەوە دەکرێتە دوو بەش . خەتەکە پێیدەگوترێ (پشتەقەد) ، هەردوو بەشەکەش هەر لایەکی پێیدەگوترێ ( قەدەملك ) .

هەڵبەت زەوی تووتن جۆگای بە کندا دێ . لەو جۆگایە جێگایەك هەیە ئاوی جۆگەکەی پێدەگیرێو بەردەدرێتەوە پێی دەگوترێ (بەنداو) .

دوودوو جۆگەی بچووك لەم سەر تا ئەو سەری زەوییەکە هەڵدەکەنن ، ئەو جوت جۆگایانە پێیان دەگوترێ کووز . هەر جۆگایەك لە کووزەکە لایەك ئاو دەدا . تاکە جۆگەش لە بەینی کووزەکان هەن کە ئاو لە کوزەکانەوە وەردەگرنو بڵاویدەکەنەوە. ئەم تاکەجۆگایانە پێیاندەگوترێ ( کەرخاو ) .

جا ئەو پارچە عەردەی دەکەوێتە بەینی کووزێكو کووزێکیتر پێیدەگوترێ « قەد »و هەر قەدێکێش دەبێتە چەند پارچەیەکیتر کە پێیاندەگوترێ دەستەكو هەر دەستەکێك پارچەی بچووك بچووکی لێدەبڕێتەوە پێی دەگوترێ (بۆوا)ی تووتن . (بۆوا)ی تووتن ئاو لە کەرخاو وەردەگرێو لایەکی ئاوالایە پێیدەگوترێ «زارکە بۆوا»و لایەکەیتری داخراوە پێیدەگوترێ «قونکە بۆوا»و تەنیشتەکەیشی پێیدەگوترێ « پشتە بۆوا » .

«ئەو زانیارییەم لە کاك حەمەد فەقی مەحموودی خەڵکی وەرتێ سوپاس » ـ و .

(٨٣) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٥٢ .
ـ گاوان ١٩٣٨ ، ٢٠٠ .
ـ نموونەی تووتن .

تووتن گەڵاڵە ناکرێ • تووتنی وورد ناپێچرێ بـەڵام قامیش هەیـە کـە کاغەزێکی وەکو لوولەی باریك وایەو ئاغزەی تێ گیراوە ، بە دەست تووتن بەسەر قامیشەکەدا دەکەن تا پڕ دەبێ • ئەم قامیشانـە بـە بەتاڵـی تێـك هەڵدەکێشرێـن‌و دەکرێنـە دەسـتەی گەورەو ئەو دەسـتە قـامیشانە لە « سوق »[٨٤] دەکرن • جگـەرە داگرتن ئیشی ئافرەتانە ، کۆمەڵە قامیشێك دێنن‌و بە کۆمەڵ لەسەر تەپسی دایاندەگرن •

دونیای ئافرەتانیش وەکو هی پیاوان بە پێی باری کۆمەڵایـەتی دێ دەگـۆڕێ •

ئەو گوندانەی من لێیان بووم مولکی «ئاغا»[٨٥] یان دەرەبەگان [٨٦] بوون •مەرج نی‌یە ئاغا ماڵی لە دێ بێ • بۆ نموونە لەوانەیە لەباتی سەرچنار بچێ لە سلێمانی بژی[٨٧]• واش دەبێ کە خاوەن‌دێ ئافرەت بێ‌و کـوڕی گچکە بێ‌و هێشتا پێ‌ڕانەگەیشتبێ‌و خۆی موڵك‌و ماڵەکە بەڕێوە ببا وەکـو بووکی عادیلە خاتوون کە ئەو وەختەی من دیم لە سلێمانی بوو • دەیانگوت زۆر گوندو بەراوی هەیە • بە گوێرەی قسەی لیچ[٨٨] ئەگەر بێت‌و خاوەن دێ لە گوند ، لەناو موڵکی خۆی نەژی ، «کۆخا»یەك دەکاتە سەرکار • بۆی هەیە ئاغا لەگەڵ کرمانج‌و جوتیارەکانی دێ لەیەك بەرەباب بن‌و پەیوەندی

---

(٨٤) سەیرە خاتوو هێنی هەر کاتێ باسی بازاڕ بێتە پێشەوە ووشەی (سوق) بەکاردێنێ کە وشەیەکی عارەبی‌یە . نازانم لەکوێی کەوتۆتـە بەرگـوێ‌و گرتوویەتی بەری نادا . خۆ کورد قەت سوق بۆ بازاڕ بەکار ناهێنێ ئەوە نەبێ کە لە کرمانجی سەروودا ووشەی (سیك) یـان (سـویك) بـەکار دێنن ـ و .

(٨٥) نیشانەیەکی تورکی‌یە . ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٢٢٣ .

(٨٦) ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٢٢٣ .
ـ ب : لیچ ١٩٤٠ ، ١٤ .

(٨٧) ب : بورتۆن ١٩٤٤ ، ٧٠ .

(٨٨) لیـچ ١٩٤٠ ، ١٤ .



خانووی دێ کەوتوونەتە قەد تەلان ( تۆپزاوە )

خێلایەتی بەینیان زۆر بە هێز بێ • لەو نموونەی کە من لە تۆپزاوەو ڕەگاوەو سەرگەڵوو سەرکان دیمو لیم کۆڵیەوە شێخەکان خزمی ڕەمەکی خەڵك نەبوونو پەیوەندی نێوانیان دەرەبەگایەتی بوو • دەرەبەگ (خاوەندێ) زەوی دەداتە جوتیاران بەڵام جوتیارەکان ناتوانن بە بێ ڕەزامەندی ئاغا(٨٩) زەوی‌یەکە بفرۆشن یان جێی بێلن یان بچنە سەری • کرمانج سەروسامانیان بریتی‌یە لە مێگەڵو ئەخشالو بوزگوڕی ناوماڵو خانووبەرەش تەنیا کاریتەو شەقرەی بەکەلك دێ •

بە پێی قسەی تەرجومانەکەم کرمانج ٥٠٪ی بەرهەمی تووتنو ١٠٪ی هەموو جۆرە دەغڵو داتێکیتر دەداتە ئاغا • ڕۆژە جووتو دروێنەو جەنجەڕیشی بۆ دەکا(٩٠) • کەچی هەر تەرجومانەکەم جارێکیتر گوتی تووتنو گەنم ٥٠٪ە • بۆیە قسەکانی جێی گومانن • ئەدمۆنز (٩١) بەروبوومەی زستانی ــ گەنمو جۆ ــ بە ١٠٪ داناوە ، سەرباری باجی پاوانو کەرەو هێلکە • لیچ(٩٢) دەڵێ ئەگەر جوتیار تۆو کەرەستەی کشتو کاڵی هی خۆی بێ ٥٠٪ی دەداو ئەگەر ئاغا هەموو شتێکی بۆ ئامادە بکات ٧٥٪ دەدات •

لە ماوەی سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی ١٩١٨ــ١٩٣٢ (لێژنەی ڕێکخستنی زەوی‌و زار) دامەزرا کە وەکو دادگایەك وابوو بۆ ئەو سکالایانەی پەیوەندی‌یان بە مولکایەتی زەوی‌و زارەوە هەبوو ، لەگەڵ (پرۆگرامێکی گەورەی) ڕووپێوکاری بۆ دەست نیشان کردنی ئەو زەوی‌یانەی بە کەلك کشتوکاڵ دەهاتن • لێژنەکە ئیشی (دیارکردنو تۆمارکردنی مافی

---

(٨٩) هەروەکو لیچ ١٩٤٠ ، ٥٢ ، تەواو لێم ڕون نی‌یە ئەم جۆرە سیستەمە چۆنی ئیش دەکرد .
(٩٠) لەبارەی ئەم فەرمانەوە ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٢٢٤ .
(٩١) ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٢٢٤ .
(٩٢) لیچ ١٩٤٠ ، ١٥ ، پەراوێز .

مولکایەتی)[٩٣] بوو • ئەو ماوەی کە من لەوێ بووم نوێنەرێکی ئەم لیژنەیە، لە سەرکان ، لە ماڵی شێخ لەگەڵ جوتیاران کۆبوەوە •

لیژنەی ڕێکخستنی زەوی‌و زار مەبەستی ئەوە بوو زەوی‌یەکانی دەست‌نیشان بکات‌و کرێیان دیار بکات • دیارە ئەم کارە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆنینەی نێوان ئاغاو کرمانجان چونکە ئاغا بەرامبەر بەو تاپۆیەی وەری دەگرێ کێشەو ناکۆکی ناو دێ چارەسەر دەکات‌و لەگەڵ بەڕێوەبەرو لێپرسراوانی میری پێك دێ‌و لە مەسەلەی شەڕو کووکەو سەربازگرتنەوە بە هانایانەوە دێ‌و دیوەخانەیشی[٩٤] هەیە • دیوەخانە شوێنێکی زۆر گرنگی دێیە ، ئەو شوێنەیە کە هەر ڕێبوارێك بێ بۆ دالدەو خواردن لادەداتە ئەوێ • دیوەخانە سەر بە ماڵی ئاغایەو لە هەمان کاتیش‌دا وەکو یانەی دێ وایە ، پیاو بە سەربەستی هات‌وچۆی دەکەن‌و بە ماڵی خۆیانی دەزانن • بەڕێوەبردنی دیوەخانە شوێنێکی تایبەتی نی‌یە بگرە هەر میوانێك ڕوو بکاتە دێ دەبێتە میوانی دیوەخانە[٩٥]• دیوەخانە هۆی پتەوکردنی ناوبانگی ئاغاو دەرەبەگ‌و سەراپای دێیە • جا ئەگەر جوتیار تاپۆ نەدەنە ئاغا ، ئاغا دیوەخانی پێ‌بەڕێوە ناچێ‌و کۆڵەگەیەکی پتەوی پێکهاتنی دێ دەڕووخێ • بۆ ئەم مەسەلەیە بڕوانە : ئەدمۆنز[٩٦] •

لە دێ‌دا جوتیارەکان «موختار»[٩٧]ێك لەناوەخۆیان هەڵدەبژێرن •

---

(٩٣) ب : بارث ١٩٥٣ ، ٥٨ ، پەراوێزی ١ .
(٩٤) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٠٠ ـ ١٩٥٨ ، ١٤٩ .
ـ لیچ ١٩٤٠ ، ٢٨ ود .
(٩٥) ب : ئیبن بەتتوتە ١٨٥٤، ١٤١ ود. : «... کوردەکان چاوتێرو نەبەردن».
(٩٦) ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .
(٩٧) ب : بارث ١٩٥٣ ، ٤٨ .
ـ ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٠٠ .

موختار ناوی کۆرپەی تازەبوو تۆمار دەکات ، کاروباری سەربازگری ڕایی دەکاتو ئەگەر کێشەو ناکۆکی‌یەك قەوما داریان بە بەین ڕادێنێو پێکیـان دێنێتـەوە •



# بەشی دووەم

## دەوروبەری مــادی

سێ جۆرە خانوو لە کوردستاندا هەیە • یەکێکیان دەگوازرێتــەوە ، کەچی دوەکەیدی چەسپاونو جێگۆڕکێیان پێناکرێ •

ئەوەی دەگوازرێتەوە « ڕەشماڵ »(١) کە کوردی ڕەوەندو کۆچەری بەکاری دێننو گواستنەوەی ئاسانە • فێلبێرگ(٢) بە دووروودرێژی باســی ئەمەی کردوە بەڵام من لێم نەکۆڵیوەتەوە ، من تەنیا باسی ئەوانەم کردوە کە چەسپاونو خەڵکیان تێدا دەژی •

ئەو دوو جۆرە خانوەی کە چەسپاونو لە هەمان کاتیشدا لێکجودان بریتین لە «کەپر»(٣)، ئەمەیان بۆ یەك هاوین دروست دەکرێ، ئینجا خانووی هەمیشەیی کە پێیدەگوترێ «خانوو» یان «ماڵ»• لە سەرەتای حوزێرانەوە کە «هاوینی» بەڕاستی دێ ، لە دەوروبەری گوندی تۆپزاوەو ڕەکاوە کەپر دروست دەکەن • هەروەکو پێشتریش باسمان کرد لەنــاو پەرێزی دروست دەکەن لە هەر چوار لاوە ، چوار یان شەش یان هەشت ئەستونــدەی دوو مەتری دەچەقێنن • ئەم ئەستوندانە سەرەوەیان دوو گوێیە • ژمــارەی ئەستوندەکان بە پێی قەبارەی کەپرەکە دەگۆڕێ • کەپر ناوەکەی لاکیشێکی

---

(١) ب : نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٣٥ .
(٢) فێلبێرگ ١٩٤٤ .
(٣) ب : نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٣٥ .
– فێلبێرگ ١٩٥٢ ، وێنەی ٢٤ .
لەلایەکیتریشەوە فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٥٠ باسی کوتانێکی مێگەل دەکا لەناو لوڕەکان پێی دەگوترێ «چابێر» .
[کەپر لە دارو چرو دروستدەکرێ . ئەگەر پێشەوەی هەیــوان بێ پێی دەگوترێ : ساباتت] – و .



دروست‌کردنی کەپــر

تەختەو تەنیا یەك تاقە ژوورە • ئەستوندە دووگوێ‌یەکانی چوار دەوری توند لە زەوی دەکوترێن‌و بەردیان لەبەر ڕادەکرێ تا مکووم بن‌و نەهەژێن • ئەم دووگوێ‌یانە دوو کارێتەی ڕاستی بەقەد خۆیان گەورەو قورسیان دەخرێتە سەر • لەسەر ئەو کارێتانە شەقرەڕانی دەکەن‌و لەسەر شەقرەکانیش چرووو و گردڵی داوێنێ • لادیوارەکان بە شواڕی باریك دەکەن • قونکی شواڕەکان لە زەوی ڕادەکەن‌و سەریان دەگاتە کارێتەکانی بان‌و بە چرووو تیوەرێخیان بۆ دەکەن‌و کونێکی تێدا دێڵنەوە ، دەیکەنە دەرگا • بۆی هەیە دەرگاکە ڕووی لە باکوور یان باشوور یان ڕۆژهەڵات بێ • وێ ناچێ هیچ دەستوورێکــی تایبەتی لەم بارەیەوە هەبێ • وا دەبێ لەباتی ئەم چرووەی دیواری پی‌دەچنن حەسیری حازری پێوە قایم بکەن(٤) بەڵام ئەمەیان زۆر مکووم نی‌یەو خۆی لەبەر باوو بژ ڕاناگرێ • ( لە ٧ی حوزێران زۆر کەپری نیوەچڵو تەواو لەم گوندەدا بە تۆزوبا کەوتن ) • کەپر هیچ دیواری حەوشەو شتی‌وای نی‌یە • زەلام کەپر دروست دەکەن‌و بۆ ئەوەیە هاوین بە خاووخێزانەوە بچنە نــاوی بەتایبەتی ئەوانەی کە خانووی هەمیشەیی‌یان ، چ لەبەر شوێنەکەی بێ‌و چ لەبەر قەبارەکەی ، وەکو خانوە گەورەکان فێنك نی‌یە •

(٤) ب : لەبارەی کوردەکانی ئێران ئاریستۆڤا ١٩٥٨ ، ٢٣٥ ، وێنەی ٣ .



ئەم کەپرە دیوارەکانی حەسیرە ( تۆپزاوە )

دەیانگوت لە مەڵبەندی پیشەگەری تەوێلەدا کە لەناو شاخە بەرزەکانی سەر سنووری ئێرانە هاوینان هەمووماڵەکان دەچنە ناو باخچەی میوەجاتو ئیشیان تێدا دەکەن • بەڵام من بۆم ڕێك نەکەوت لەو خانوانە بکۆڵمەوە کە لەناو ئەو باخچانە دروستی دەکەن • های باسی ئەوە دەکا کە ( لە شەقڵاوە ، کەپر لەناو باخی میوەجات[٥] دروست دەکەن) • بەڵام لەوە زیاتر نالێ •

خانووی هەمیشەیی لە زۆر کەرەستە دروست دەکرێو لە هەموو جێگایەکیش هەر لە شێوەی شەش پاڵوودایە • بانەکەی قوڕەو کاریتەی دارچناری دەهاویشترێتێ (بە پێچەوانەی بانی گزیریی تورکییەوە•) لە شاخەکانی نزیك سنووری ئێران کە «بەرد»ی زۆرە ، دیواری خانوو بە بەرد دەکەنو لە کاتی دیوارکردندا دارسیلە (دیمەك) داوێنە ناو ڕیزی دیوارەکان بەڵام ئەم دارسیلانە ناگەنە یەك• کە دیواریش بە بەرد دەکەن بۆ مەلات (قیمە)، یان تەنکە قوڕێك لەسەر ڕیزەکان ڕوو دەکەن یان هەر بەبێ مەلات دەیکەن • خانووی نوێ بە چیمەنتۆ دەکەن • هەندێ هۆدە ، دیواری ناوەوەیان بە قوڕ یان گێچ سواق دەدەنو ژن قوڕو گێچەکە دەگرنەوە، پاشان کە سواقیان دا بە بەردێکی پان[٦] لووسی دەکەن بەمەوەش وەکو بۆیەیەکی زەیتیی سپی ئەستوور خۆی دەنوێنێ • لەلایەکیتریشەوە ، خانووی گوندانو خانوە کۆنەکانی سلێمانی دیواریان بە خشت کراوە • کەچی خانوە نوێکانی سلێمانی دیواریان کەرپووچە • لە گوندان کە بیانەوێ خانوو لە شوێنێ دروست بکەن ، هەر لەوێ قوڕ دەگرنەوە ، واتە خۆڵو ئاو لێكدەدەنو زەلام بە پێ

(٥) هـای ۱۹۲۱ ، ٤٧ .

(٦) ب : سۆن ۱۹۲٦ ، ۲٦٨ : « ... خـانووی ساکارتر لە کوردستان . ژووری زستانان ... یەکێکیان ، هەرە باشەکەیان ، بە گەچ سپی کرابوو ... » .
[ئەم بەردە پانە لەباتی ماڵنجە . ماڵنج پارچە بەرمیلێکی پانو لاکێشەییەو دەسکێکی پێوەیە کە دیوار هەڵدەسوون یان بان سواق دەدەن بەو ماڵنجە لووسی دەکەن . ماڵنجی داریش هەیە ــ و ] .



دیواری بەردەو دار سیلەی تێدایە

دەشێلن • ئاوەکەش یان ئەوەتە لە جۆگایەکەوە هەڵـیدەبەستن‌و بـەری دەدەنەوە ئەو شوێنە ، یان ئەوەتە ئاو بە کوندان دێنن • دوو کوندە لە کەرێك بار دەکەن‌و ئاوی پێ‌دێنن(٧) • پاشان کە قوڕەکەیان گرتەوە دەیکەنە خشت• ئەو بەردانەی بۆ بناغەو بۆ پشتی خانوو ( ئەگەر خانوەکە پشـتی نەدابێتـە تەلان) پێیان‌دەوێ بە پشتی کەرو بە ساوەڵ دەیهێنن • خشت بە قالب‌بڕێکی لاکێشەیی دەبڕن • دێنن قوڕە خوساوەکە لەناو قالب بڕەکە دەکەن تا پڕ دەبێ کە پڕ بوو سەری لووس دەکەن‌و قالب‌بڕەکەی دەردێنن‌و خشتەکە لە جێی خۆی دەمێنێتەوە • ئەم خشتانە چەند ڕۆژێك لە قەد تەلان دەمێننـەوە تـا ووشك دەبنەوە ، گرنگ نی‌یە سەری خشتەکان زۆر لووس بێ یـان نـەء ؟ یەکەمجار بناغەی خانوو لێ‌دەدەن‌و بناغەکە بە بەرد دەردێنن‌و ئینجا دیوارەکە لەسەر بناغەوە بە خشت دەکەن‌و ئەستوورایی دیواریان خشت‌و نیوێکە • کە دیوار دەکەن خێتی دەگرن بەڵام تەرازوو و شتی وا بەکار ناهێنن کە پێویستن بۆ ئەوەی دیوارەکە ڕاست بێ‌و لـە ئـاستێـکی تەختدا بـێ • مـەلاتی دیوارکردنیان قوڕە • زەلام قوڕ دەگرنەوەو ئاوو بەردو کارێتە دەکێشنە ئەو شوێنەی خانووی لێ‌دەکەن • ژنیش لە خشت‌کێشان‌و ڕیزکردنیان یارمەتی‌یان دەدەن • پەنجەرەیان لاکێشەیی‌یەو وەکو دەرگا سەردەرەیان بـە قوتـەدار دەکرێ • لەلایەکی‌تریشەوە پەنجەرەی بەتاقیان هەیە • هێدی هێدی خشتەکان دەبەزێنن‌و ووردە ووردە سەری پەنجەرەکە تەسك دەبێتەوە • پارچە تەلیسێك

---

(٧) یان بە تێرو ڕاویە ئاو دێنن . تێرو ڕاویە لە خیوەت دروست دەکرێن . کە دەخرێنە سەر وولاغەکە هەر لایەکیان دەکەوێتە سەر لاتەنکێشێکی وولاغەکە . هەر لاتێرێکیش سەرەوەی کراوەتەوەو کونێکی لە گۆشەی لای پێشەوەی خوارێ تێدایە بۆ ئاو بەتاڵ‌کردن . ئەو کونـە بە دارێك دەگرن پێ‌ی‌دەگوترێ دارتێر . ڕاویەش هەر وایە بەڵام لەباتی ئەو کونەی بە دارتێر دەگیرێ ، گۆشـەی لای پێشـەوەی خوارێ لوولەیـەکی درێژی پێوەیە لەلای سـەرەوە قایم دەکرێ‌و لەو لوولەیەوە ئاوەکـەی لێ‌بەتـاڵ دەکرێ ــ و .



دیواری به خشت ( تۆپزاوه )

لەسەر خشتەکان دادەنێن و بە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی خشتی‌تریان دێتەوە سەر • هەر کاتێ کە مەلاتی نێو ڕیزەکانی دیوارەکە ووشك بوەوە پارچە تەلیس و خشتە کەلەکان لادەبەن و پەنجەرەیەکی تاقی سەر دەرە نیمچە بازنەیی دروست دەبێ • پەنجەرەی تاق یان ئەوەتە بێ پەردەیە یان ئەوەتە چەپەرێکی بە پەلووکەدار بۆ دەکەن کە هەم ڕوناکی لێ دێتە ژوورەوەو هەم لە دەرەوەڕا ژوورێ دیار نی‌یە • ئەم چەپەرە لەلای دەرەوە لەگەڵ دیوار یەکە • جاری وا هەیە دەرگا بۆ ئەم پەنجەرانە دەکەن و کە دەرگاکە پێوەدرا لەگەڵ دیواری ژوورەوە ڕاست دەبێ • وایش دەبێ کە پەنجەرەی لاکێشەیی دۆربەندێکی شووشەبەندی تێ‌دەگیرێ • ئەم جۆرە پەنجەرانە لە بارەی دارتاشی‌یەوە زۆر هەرزان دەوەستن و بە زۆری شیشە ئاسنیان بۆ پاراستن تێ‌دەگیرێ •

پەنجەرەی تاق بە چ شێوەیەك دروست دەکەن هەر بەو شێوەیەش لەلادیواری ناوەوە دەلاقەی[8] بەقەد نیوەی ئەستوورایی دیوار قووڵ بەجێ دێڵن • ئەم دەلاقانە بۆ ئەوەن شت و مەکیان لێ‌دادەنێن • هەر چەندە کە ئەم مەڵبەندە کەرەستەو ناومالی کەمە بەلام ئەوەی هەیە هەمووی لەو دەلاقانە دادەنێن • کە باران دەبارێ و بان دلۆپە دەکا تەنیا ناو ئەم دەلاقانە بە ساغی دەمێنێتەوەو بەلای نەگاتێ • لە هەڵەبجە دەلاقە هەبوو دەرگای شووشەبەندی دوو شیپی بۆ کرابوو وەکو دۆلابی کۆن وا بوو کە لە دیوار گیرابێ • لە سەرگەڵوو دەلاقەیەکی تەواو گەورەی ناو دیوارمان دی کە چەند دەلاقەیەکی‌تری تێدا بوو • ئەمە ڕەگەزێکی ئێرانی‌یەو لە ڕۆژهەڵاتەوە ئا

(٨) بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٤٩ باسی دەلاقان دەکا « پێ‌یەك یان زیاتر قووڵە ، لە ئەستوورایی دیوار بڕاوە ... » لە هونەری بیناسازی ئێرانی .
– لوکۆك ١٩١٦ ، ٥٨ دەلێ لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەیە .
ب : ئۆلوفسێن ١٩١١ ، ٣٢٥ .
– ڤۆرۆنینا ١٩٥٩ ، ٣٠٧ وێنەی ٣ . دەلێ لە ئۆزبەکستان هەیە .



خانووکردن : قوڕ به پێ دەشێلن‌و ساوەڵ (بەردکێش) لە کەر بار
دەکەن‌و بەردی بۆ بناغەی خانوو پێ دێنن

دەگاتە ئۆزبەکستان باوی هەیە • دیوی ژوورەوەی دیوارەکان بە قوڕو کا سواق دەدەن • عەردەکەی ژووریش قوڕێکـی تونـدو پتـەوەو بـاش دەپەستنەوە بەڵام ئەوەندە هەیە ڕاستو لووس نییە • لە هەندێ ماڵدا ، بۆ نموونە ، ماڵی شێخی تۆپزاوە ، ژووریان کۆنکریت بوو • ژوورەکە باش باش دەپەستنەوەو دەستە چەمەتۆیـەکی تەنـکی لێدەدەن • بەنرخترین کەرەستەی خانوو کاریتەیە • کە یەکێ بیەوێ خانوویەکی نوێ بکـا ، لـە خانووی کۆن تەنیا کاریتەی بەکەڵك دێ • کاریتە قەدی دارچنارەو سـپی کراوە • دوو ، بە جووتە ، لە تەنیشت یەك دەهاوێشترێنە درێژایی[9] بان • بەینی جووت کاریتەیەكو جووت کاریتەیەکی دی نزیکەی مەترێکە • لەسەر کاریتەکان شەقرەڕانی دەکەن • شەقرەکان لە جووت کاریتەیەکەوە دەچنـە سەر جووت کاریتەیەکیترو نزیکەی نیو مەتر لە دیـوار دەچنـە دەرێو سواندەیەکی نارێك پێكدێنن ، ئەم سواندەیە دیواری قوڕ لە ئاوی بـاران دەپارێزێ • ئینجا لەسەر شەقرەکان نەمامی ئەستووری داوێنێ بەڵام ماڵـە دەستکورتەکان لەسەر شەقرە حەسیر داوێنە خانوو •[10] ئینجـا لەسـەر ئەویشەوە هەژگو هەراشی لەسەر پان دەکەنەوەو قوڕە پەستی دەکـەنو سەری وەکو دیوارەکان بە قوڕو کـا سـواق دەدەن[11] • پاش هەمـوو باراتێکیش دەبێ بانەکە بپەستنەوە تا ئاوەکەی سەری ڕابداتو[12] بانەکـە

---

(۹) لە ئاخەبان کە خاتوو هێنی باسی دەکا کاریتە دەخرێتە پانایی بان نـەك درێژایی . بەڵام لە خانووی گزیری کاریتە دەخرێتە درێژایی بان ــ و.

(۱۰) بە پێچەوانەوە ، ئەوەی هەبوو بێ ئەو حەسیر داوێتە خانوو چونکە هەم باشیشەو هەم خاوینو جوانتریشە ــ و .

(۱۱) لەبارەی دروست کردنی بانەوە ب : چەند ڕاپۆرتێ لە بارەی ئێرانەوە ، بیشۆپ ۱۸۹۱ ، ۱٤۹ .

(۱۲) ب : لیدەردێل ۱۹٤۸ ، ٦۷ .

پتەو بێ‌و دلۆپە نەکات • بە هەموو دەمێ باگورداێکی خڕی دار[١٣] وا لەسەر بانە •

ئەو قوڕە ئەستوورەی بانی پێ‌سواق دەدەن ژوورەوە لە تیشکی ڕۆژو گەرما دەپارێزێ بەڵام «باران» ناگێڕێتەوە • دەرگای ماڵێ دارە ، ئەویش یان یەك دەرییە یان دوو دەرییە • دەرگا لەسەر سیوسیوەیەکی بەرد[١٤] دەسووڕێ ، یان بە شمشیرەیەکی گەورە کلۆم دەدرێ یان بە پشتکۆڵێك گارە دەدرێ • لە زۆر جێگا ، لەباتی دار ، باریەو پلێتی بەرمیل دەکەنە دەرگا • ئەوەی سەیرو جێی سەرنجە لە گوندی سەرگەلوو ، کە کەوتۆتە ناو دارستان‌و لێرەوارێك ، ماڵەکان دەرگای گەورەی حەوشەیان دارەو بزماریشی هەر دارە[١٥] • هەندێ جار دەرگای دارو دۆربەندی پەنجەرەکان لە دیواری قوڕ جودا دەبێتەوەو دەرەزێکی گەورەی تێ‌دەکەوێ • جا ئەگەر تۆزوبای بێ ئەم دەرگاو پەنجەرانە تا دێ شل‌و شۆقتر دەبن •

لە گوندی کوردەواری کە خانوویان بچووکە ، دوو دیاردەی باو سەرنج ڕادەکێشن : یەکێ ئەوەیە هەندێ جار هەیوانی دانیشتن دەکەوێتە نهۆمی سەرەوەو نهۆمی خوارێ دەکەنە پشتێر • ئەم «هەیوانە»[١٦] وەکو دەلاقەیەکی گەورە وایە لە چاو تێکڕای خانوەکە • چونکە دیواری چوارەمینی نییە • ئیدی بۆ وەرزی گەرمی ساڵ[١٧] ژوورێکی فێنك‌و بەر

---

(١٣) مەرج نییە باگوردان هەر دار بێ . باگوردان بە زۆری بەردە . ئەم لاو ئەو لای نەختێ کلۆر دەکەن‌و شیشەیەکی تێ‌دەخەن‌و بانی پێ‌دەپەستنەوە ــ و .

(١٤) قسەیەکی نەستەقی پێشینانی کورد هەیە دەڵێ : دونیا هێند کۆنە هیچ جێیەك نییە سیوسیوەی دەرگای لەسەر نەگەڕابێ ــ و .

(١٥) بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٠٢ لە ئێران باسی : « دەرگای قوڕسی بۆیەنەکراوی دار کە بزماریشی هەر دارە ...» دەکات .

(١٦) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٩١ ، وێنەی ١ .

(١٧) ب : سۆن ١٩٢٢ ، ٢٢٨ : « ... ژوورێکی گەورەی سێ لایی یان =



دیواری بـە خشت ( تۆپزاوە )

سێیەرە • دیاردەی دوەم ئەستوندەی بە سەرکۆلە • ئەستوندەکان لە قەدی ووشكو سپی‌کراوی دارچنار[18] دروست دەکرێن • لەوانەیە کورد هەیوانیان لە هونەری بیناسازی ئیسلامی‌یەوە وەرگرتبێ بەڵام ئەستوندەکان لە ڕووی مێژوویی‌یەوە بۆ هونەری بیناسازی ئەخمینی دەچنەوەو لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ئۆزبەکستان[19] باویان هەیە • (بن‌بیف)یان[20] نی‌یەو «سەرداب»یش[21] کە نموونەیەیەکی بیناسازی شارستانێتی عارەبی‌یە لە خانووی کوردەواری‌دا نی‌یە •

لە گوندان خانوو لە قەد گرد دروست دەکەن • بە زۆریش خانوەکان لە پێشەوە یەك نهۆمو لە پشتەوە دوو نهۆمن • هەروەکو پێشتریش باسمان کرد ، بە زۆری هەموو ژوورەکان پێکەوەنو بەشی چەند خێزانێك دەکەن • بە نەردەوانی تەسك[22] دەچنە سەربان • نەردەوان لە قەدی باریکی دارچنار دروست دەکەنو بە داری خڕ یان شەپکە پایەی بۆ دەکەن• قادرمەی

---

بەرسفکی هاوین » .

ـ گارنێت ١٨٩١ ، ١١٨ : «ژوورێك لای پێشەوەی هەموو کراوەتەوە ، کە دونیا گەرم بێ ماڵ دەیکەنە ژووری دانیشتنو نووستن ... » .

ـ ب : ڤاسیلێڤا ١٩٥٤ ، ١٤١ ، وێنەی ١٢ .

(١٨) لە هونەری بیناسازی ئەرمەنی‌دا هەیە . ب : لیزیشیان ١٩٥٥ ، ٢٠٨ ، وێنەی ١٨ .

(١٩) ب : ڤاسیلێڤا ١٩٥٤ ، ١٣٤ ، وێنەی ٧ : ئەستوندەی بە سەرکۆل .

ـ ب : ئۆرۆنینا ١٩٥٩ ، ٣٠٤ ، ٣٣٩ ، ٣٤٧ ، وێنەی ٢ ، ١٨ ، ٢٣ : هونەری بیناسازی لادێی لە شاچریسجابزا .

(٢٠) بن‌بیف لە کوردستان‌دا زۆرە بە تایبەتی لە شارۆچکە شاخاوی‌یەکان . بەڵام دیارە خاتوو هێنی لەو گوندو شارانەی دیوینی چاوی بە بن‌بیف نەکەوتوە . بن‌بیف ژوورێکی بچووکو تزمە لە نهۆمی خوارێ ، نیوەی لە بن عەردەو نیوەی لەسەر عەردە . بەرامبەر (( Cellar ))ئینگلیزی‌یە ـ و .

(٢١) ب : لیدەردێل ١٩٤٨ ، ٦٧ .

(٢٢) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٧٢ : «... نەردەوانێکی ساکار ...» .



هەیوانی بە ئەستوندەی بە سەرکۆل (تۆیزاوە)



نەردەوانەی چوونە سەربـان (سەرگەلوو)

ژوورەوە ، لە نهۆمی یەکەمەوە بۆ نهۆمی دوەم زۆر کەم‌و بە دەگمـەنە لـە گوندان ، ئەگەر هەشبێ لە قوڕو قوتەدار دروستی دەکەن • قوتەدارەکان دەبنە لێواری دەرەوەی پایـەکان • ئەم قادرمـانە پایەیـان زۆر بـەرزو نارێکە (٢٣) • ئەو خانوانەی لە سلێمانی لێیان‌بووم ، هەندێکیان بە خشت کراون‌و هەندێکیان بە کەرپووچ • تا دێ کەرپووچەکە ڕوو لە زیـادی‌یە • زۆربەی خانوەکان یەك نهۆمن‌و وەکو هی لادێ بانیان قوڕە • کە لە بـاتی خشت دیوار بە کەرپووچیش بکەن بانەکەی هەر قوڕە بەڵام ئەوەندە هەیـە سواندەی بۆ ناکەن چونکە دیواری کەرپووچ وەکو دیواری خشت مەترسی بارانی لەسەر نی‌یە واتە باران کاری لێ‌ناکا • خانووی دوو نهۆم قادرمـەی هەیەو قادرمەکە پایەکانی بەرزن‌و یەکسەر لە حەوشـەوە دەچێتـە نهـۆمی سـەرەوەو ژووری مـاڵ لەوێ‌یـە ــ ئەمـەش ڕەگەزێـکی بیناسـازی

(٢٣) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٧٠ : «... پایەکانی هێندەی یەك نین...» .

ئێرانی‌یە ــ و ئەم نموونەیەمان لە سەرگەڵوو ، لە خانوویەکی بە خشت بینی• بیناکە زۆر بەرزو باسەفا بوو • دیار بوو ماڵی شێخ بوو •

## ئــەرکی خــانوو

دوای ئەوەی لە چۆنیەتی دروستکردنی خانوومان کۆڵی‌یەوە ئێستا دێینە سەر شێوەو ئەرکی خانوو لە هەر چوار مەڵبەندی جیاوازی ئافرەتاندا لەم ڕووەوە کە خانوو بریتی‌یە لە شوێن‌و چوارچێوەی ژیانی ئافرەتان •

خانووبەرەی ماڵی شێخ تەیفوور لە تۆپزاوە دەکەینە نموونەی مەڵبەندی ئافرەتی دەرەبەگی دێ ، بۆ مەڵبەندی ســاکاری ژنە جوتیاریش خانوویەکی بچووکی بەڵخە وەردەگرین • هەردوو مەڵبەندی شارستانێتی : خوێندەوارو نەخوێندەوار لە یەك تاکە ماڵ کۆ ببوونــەوە ، مــاڵی تەرجومانــەکەم لــە سلێمانی ، ئەم خانوە وەك نموونەیەك وا بوو بۆ هەموو خانوەکانی‌دی کە لەم شارەو لە شاری کەرکووکیش هەر دوو مەڵبەندی شارستانی‌یان تێدا بوو •

خانووی شێخ تەیفوور لە تۆپزاوە خێزانی خۆی تێدایە ، خێزانەکەیان بریتی‌یە لە : مێرد کە تەمەنی ٤٢ ساڵە ، ژن کە ٤٠ ســاڵە ، سێ کوڕ کــە تەمەنیان ١٨ ، ١٥ ، ٦ ساڵە ، دوو کچ کە تەمەنیان ١٧ ، ٨ ساڵە • بــرای مێردەکەش کە ٣٥ ساڵانەو هەر لەگەڵ ئەوان لە ماڵێ دایە • کارەکەرێکیان هەیە لە دەوروبەری ٢٥ ساڵی‌دایەو دوو منداڵی هەیە : کچێکی چوار ساڵی‌و کوڕێکی دوو ساڵی • هۆدەیەکی لاپەڕ هەیە دەرگای لە حەوشەدا نی‌یە ، دەرگای کەوتۆتە دەرەوە بێوەژنێکی تێدایە هەندێ کوڕی هەیە بەڵام کــە من لەوێ بووم کوڕەکانی لە ماڵەوە نەبوون • بەم جۆرە سەرجەمی دەکاتــە ١٣ ــ ١٥ سەرخێزان • خانووی شێخ تەیفوور ، بە پێچەوانەی خــانووی گوندان کە کەوتوونەتە تەلان گردان‌و ئاخەبانی خانووی خــوارێ بۆتــە حەوش‌و بەرەی خانووی سەرێ ، بە تاقی تەنێ هەڵکەوتوە • خانوەکە بــە خشت کراوە ، خشتی ووشك‌کراوەی بەرهەتاو ، بناغەی بەردە • بە قوڕی



خانووبەرەی شێخ لەیقوون (لاپزاوە)

به کا مۆڵە کراوە • بانەکەی بە کاریتەی چنار دارەڕێ کراوەو هەراشــی هاویشتراوەتێو قوڕەپەستێکی باش کراوەو بە باگوردان پەستراوەتەوە • خانوەکە هەشت بانی بەشقە بەشقەی هەیە ، کەوتۆتە نزیك تەلانێکی نزم • شوێنەکەی عەردێکی نارێکەو کەوتۆتە پەڕگەی دێو لای هەورازی گرتوە• جۆگایەك بە تەنیشت دیواری پشتەوەی خانوەکەدا دەڕوا هاوین هەر چەندە گەرم بێ ووشك ناکا • جۆگایەکی بچووکیان لێ‌هەڵبەستوە بەناو کونێکی دیواری حەوشەدا دێتە نــاو حەوشـــەو حەوزێکیــان (نزیــکەی ٢م × ١م × ٧٥وەم دەبێ) لەناو باخچە بە چیمەنتۆ کردوە • ئاوی جۆگاکە دەڕژێتــە ناو ئەم حەوزەو لە سەری دەڕژێتەوەو لەبەری دەڕواو لەبن دیوارەکە کونێك هەیە بەو کونەدا دەچێتە دەرەوە •

خانووبەرەکە سێ بەشی بەسەر یەکەوەیە : لای ماڵێ ، لای باخچــە ، لای دیوەخان • لای ماڵێ وەکو هەیوانێکی گەورە وایەو لەگەڵ نــاندین ڕوویان لە حەوشەیە • خانووی ماڵێ لەچاو عەردە نارێکەکە نەختێ بەرزەو لە حەوشەوە بە چوار پایە سەردەکەون • باخچەش دیوارێــکی نزمی بــۆ کراوەو دەرگایەكو ڕاڕەوێکی تێدایە دێتەوە ناو حەوشە • تەویلەی وولاغانو ژووری ئازووقە وان لەوێ کە لە سێ لاوە حەوشەیەکی بچووکیان پێك‌هێناوەو لای چــوارەم بۆتــە باخچەیــەکی بچــووكو حەوزێــکی ڕێژەوپــێژەو شت‌شووشتنی تێدایە • هەروەکو لە نەخشەی سەر عەردو ، وەکو ئــەوەی لە سەرەوەڕا تەماشای بکەی ، دیارە ئەو ڕاڕەوەی کە دەچێتە ناو بــاخچە کەوتۆتە لای ڕۆژاوای خانووبەرەکە • خــانوەکە قەتتــەرەی حەوشـــەی دەرگایەکی دوودەری دەندەیە • دەرگای خانووی ماڵێ دەرگایەکی تەسکی دارەو کۆسپەی دوو پایە بەرزە ، لە ژوورەوەش دالانێك دەچێتەوە ســەر باخچە • لە بەشی خانووی ماڵێ ژوورێك هەیە ڕووی لە دەرەوەیە ، کەوتۆتە سەر ڕێگای گشتی ، بێوەژنەکەو کوڕەکانی لەو ژوورەدا بوون • کەچــی



خانووبەرەی شێخ تەیفوور کە لە ئاسمانەوە تەماشای بکەی (تۆپزاوە)

کارەکەرو منداڵەکانی لە بەشی باخچەکەدا بوون • ئەم دوو چاوە خانوە (هی بێوەژنەکەو هی کارەکەرەکە) هیچێکیان پەیوەندی‌یان بە بەشی خانووی ماڵەوە نی‌یە ، هەر یەکە تەواو سەربەخۆیە • دیوەخانیش (٢٤) هەر چەندە کە بە خانووی ماڵەوە نووساوە بەڵام پەیوەندی‌یان پێکەوە نی‌یە • لە گوندی کوردەواری ، دیوەخانە شوێنێکی زۆر خۆشەو بەو باروبوە بەڕێوە

(٢٤) ب : های ١٩٢١ ، ٤٧ .

دەچێ کە سەراپای دێ دەیدەنە ئاغا • بێرتۆن‌و ئەدمۆنزو لیچ[٢٥] بە دوورو درێژی ، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، باسی دیوەخانیان کردوە • باریکە ڕێیەك هەیە بۆ دیوەخان بە تەنیشت خانووبەرەکەدا دەڕواو دەچێتە گوندی ڕەکاوە • ئەو پایە بچووکانەی بۆ خانووی ماڵێ هەڵدەکشێن هەندێ پایەی تریان لێ‌جودا دەبێتەوە ، ئەو پایانە دەچنە بەر دەرگایەکی‌ترو دەرگاکە دەچێتە ناو هەیوانێك‌و هەیوانەکە ڕووی لە باخچەیە • ئەم هەیوانە لەسەر پێنج کۆڵەگەی دارچناری نەخشین ڕاوەستاوە ، کۆڵەگەکان سەرکۆڵیان زۆر جوان‌و ڕێکەو ، شێوەیەکی سەرەتایی سەرکۆڵی دەرەجەدارە • هەیوانەکە لەم‌لاو لەولا دوو دەرگای تێدایە ، هەر یەکە دەچێتە ژوورێکی لاکێشەیی ، ژوورەکان پەنجەرەی نزم‌و گەورەیان تێدایە دەڕواننە هەیوانێ • لە بڵندیش دوو پەنجەرە هێشتراونەتەوە : یەکێ دەڕوانێتە حەوشەی خانووی ماڵێ‌و ئەوەی‌دی دەڕوانێتە لای دیواری دەرەوە • هەموو پەنجەرەکان شیشەی ئاسنیان تێ‌گیراوەو ئینجا مینایان بۆ کراوە • ئەم دوو ژوورە ناوبڕەیەکیان هەیە دەرگایەکی تێدایە • دیواری ئەستووری لای دەرەوە دەلاقەیان تێدایە بە قەد پەنجەرەکان دەبن • لەلای دیوەخانیش ، لەوبەری ڕێگا ، خانیلکەیەکی بچووکی شەش پاڵوویان بە قوڕ کردوە ، جێی نەوراییە ، ئەمەیان ئەدەبخانەیە ، میوانی زەلام دەچوون لەوێ دەستیان بە ئاو دەگەیاند • «ئەدەبخانە»ی ماڵەوە کەوتۆتە نزیك دیواری باخچەو بەلای ژوورەوەدایە ، لەسەر ئەو جۆگەیە کراوە کە لەبەر حەوزی ڕێژەوپێژە دەڕوا • ئێواران دەرگا زلەکەی باخچەو دەرگا دارەکەی ماڵێیان زۆر چاك دادەخست‌و کلیلیان دەدان ، بەمەوەش هەر دوو لاباڵ بە تەواوی لە دیوەخانە دادەبڕان • هەر چەندە کە دیوەخانە هەندێ پەنجەرەی بچووکی بەرامبەر حەوشە تێدایە

(٢٥) بورتۆن ١٩٤٤ ، ٦٨ .
— ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٠٠ ، ١٠١ .
— لیچ ١٩٤٠ ، ٢٨ ود .



هەندێ دیمەنی یەك لایی خانووبەرەی شێخ تەیفوور (تۆپزاوە)

بەڵام ئەوەندە بڵندن کەس پێی ناکرێ لەو پەنجەرانــەوە تەماشــای دوو بەشەکەی تری خانووبەرەکە بکات‌و سەر لە سەراپەردەی ماڵەوە هەڵکێشێ .



نەخشەی خانووبەرەی شێخ تەیفوور (تۆبزاوە) .
بەڕێژەی ١/٢٠٠ کراوە . هەیوان ، ژووری نووستن ، دەرەم (ژووری ئازووقە) ، ناندین ، سەرشۆرك ، ئاودەستخانە ، ژووری میوانــان .

ژیانی ڕۆژانەو چوست‌وچالاکی ئافرەتان لەناو چوارچێوەی خانووی ماڵ‌و لەناو باخچەدا بوو . تەنیا جاروبار سەریان لە دیوەخانە دەداو پاکیان دەکردەوە ، یان ئەگەر پیاو لەوێ نەبوونایەو میوانی ژنیان بهاتایــە ، بە دەرفەتیان دەزانی ، لەگەڵ میوانەکان لە دیوەخانە دادەنیشتن . هات‌و چۆ لە بەینی خانووی ماڵ‌و باخچە بەردەوام بوو ؛ چونکە تەنیــا یــەك حەوزاو هەبوو ، ئەویش هەر چەندە لە بەشی خانووی ماڵیدا بوو بــەڵام کەوتبــوە باکووری ڕۆژاوای باخچەکەو هەموو ڕێژەوپێژەیەك هەر لەسەر ئەو حەوزەیە

بوو : خۆراکیان تێدادەشووشتەوە ، قاپو قاچاغو جلوبەرگیان تێدا دەشووشتو تەنانەت خۆیشیان هەر لەوێ دەشووشت • هەروەکو گوتمان حەوزەکە ئاوی لەبەر دەڕۆیشتو لە نزیك دیواری دەرەوە کردوویانەتە ئەدەبخانەی ژنان • جێی سەرنجە کە ئەم حەوزە بۆ هەندێ ئافرەتی گوند مەعاف بوو • دەهاتن برنجیان لێدەشووشتەوە و دەموچاوی خۆیان تێدا دەشووشتو لەسەر لێوی پاڵیان دەدایەوەو ماندووی خۆیان دەحەساندەوە • هەر لێرەش ئاویان بۆ خۆیانو بۆ ماڵەوە دەبرد • ئاویان بە جەڕەو تەنەکەو کوندە دەبرد • هەندێ ژن ئەم هاتنە سراوەیان بە هەل دەزانیو دەهاتنە ناو ماڵێ ؛ جا یان هەر بە سەردان دەهاتن ، یان بۆ دەستاڕ دەهاتن تا خوێی پێ لێ بکەن یان برنجی پێ بکوتنو بیکەنە ئاردەبرنج یان ساواری پێ لێ بکەن کە لە باتی برنج لێی دەنێن • هەندێ ژنیش تەنیا بۆ ڕێژەوپێژە دەهاتنە سراوێ • چۆن حەوزاوەکە ، کە زۆر پێویستی ماڵێی پێ جێبەجێ دەبوو ، کەوتبوە ناو باخچە ئاواش ژووری کۆگا شتی وای تێدا تەقەت دەکرا کە وای دەخواست لەناو باخچەدا بێ • شتی وەکو : داس ، هەوجاڕ ، کەندوو ، لە ژوورێکی تاریکی بێ دەلاقەدا بوون کە کەوتبوە پشت ژووری دانیشتنی ماڵەوەو دەرگایشی هەر لەو ژوورەدا بوو •

بەشی خانووی ماڵێ کەوتۆتە سەر تەلانێکی قوڕو لەقەد گرد هەڵکەندراوەو بە پێنج پایە بۆی سەردەکەون • خانوەکە تەنیا یەك نهۆمەو بێ ژێرزەمینە • شەش چاوەیە : سێیان دەڕواننە حەوشەو سێیشیان کەوتوونەتە پشتەوە • دیواری پشتەوەو لاتەنیشتەکان پەنجەرەیان نییە • ژووری ناوەڕاست کە بەسەر حەوشەدا دەڕوانێ زۆر لە دەلاقەیەکی گەورە دەکات ؛ هەیوانێکی سێ دیوارە • عەردەکەی پەستراوەتەوەو دەستە چیمەنتۆیەکی تەنك ، بەڵام ناڕێكو ناهەمواری لێدراوە • دوو ژوورەکەی ئەم لاو ئەو لاش پایەیەك لە هەیوانەکە بەرزترنو دەرگایان کەوتۆتەوە

هەیوانێ • هەردووکیان ، یەکەو دوو پەنجەرەی نزمیان تێدایە • پەنجەرەکان مینابەندنو شیشەی ئاسنیان تێ گیراوەو دەڕواننە حەوشە • ژوورەکەی لای ڕۆژاوا عەرەدەکەی قوڕو ناڕێکە کەچی ئەوەیتریان وەکو هەیوانەکە عەردی چیمەنتۆیە • دیواری تەنکی پشتەوەی ئەم ژوورە دەرگایەکی تێدایە بە دوو پایە دەچێتە ژوورێکی بچووکو ئەویش دەچێتە ژوورێکی بچووکتری دۆلابیی بێ پەنجەرە ، عەردەکەی چیمەنتۆیە • حەوزێکی بچووکی تێدایە ، جێی ئاوەڕۆی هەیە ، ئەم ژوورە بچووکە سەرشۆرکە • حەوزەکە لە بەرمیلێکەوە ئاوی دێتە سەر • ئەو کاتەی کە من لەوێ بووم (حەوزێرانو تەمموز) بەکاریان نەدەهێنا • دەیانگوت بە تەنەکە ئاو لە حەوزی ناو باخچە دێننو بەرمیلەکەی پشت دیوار پڕ ئاو دەکەنو بە چیلکەو ساورمە ئاگری لەبن دەکەنەوەو گەرمی دەکەن • ئەوەی خۆی بشوا سابوون لە خۆی دەداتو ئاوی گەرم بە خۆیدا دەکاتو ئەم سەرشۆرکە تورکانی‌یە پڕ هەڵمو بووغ دەبێ • ئەو کاتەی کە من چووم ، ژوورەکەی پێش سەرشۆرکێ مافووری لێ ڕاخرابوو بەڵام پاشان کە هاوین داهات مافوورەکەیان هەڵگرت بۆ ئەوەی شوێنەکە فێنکترو هەواکەی سازگارتر بێ • لە سێ ژوورەکەی پشتەوە دوویان کرابوونە کۆگا : یەکێ بۆ دەغڵو دانەوێڵەو کەرەستەی فەلایی ، ئەوەیتریش بۆ نانو شتی وا • کەچی ژووری ناوەڕاست بە دەرگایەکو پەنجەرەیەکی شیشەبەندەوە بە هەیوانە بەرهەڵدایەکەوە لکابوو • هەر چەندە کە بە دەگمەن وا دەبێ گۆشتی ئەمڕۆ بۆ سبەینێ هەڵبگرن بەڵام ئەگەر هەڵیانبگرتایە لەم ژوورەدا ، یان بە ساپیتەوە هەڵیاندەواسی یان بە قولابێکی ئاسنیان وەدەکرد • ئەم ژوورە ڕایەخێکی لێبوو پاش نیوەڕۆیان منداڵی کارەکەرەکە لەسەری دەنووست • قادرمەیەکی پێچاوپێچی گەورەش هەیە پایەکانی بە قوڕ کراون ، زۆر بەرزو ناڕێکن ، قوتەداریان لە لێوی گیراوە ، ئەم قادرمەیە

دەچێتە بانکەیەکو لەوێوە بە دەرگایەکەوە ، کە لەسەر سیوسیوە دەسووڕێ ، دەچێتە سەر ئاخەبانی خانووی ماڵێ • ئەم بانە وەکو کەرەستەیەکی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی ماڵەوە وایە ؛ چونکە لە وەرزی گەرمدا لەسەر ئەو بانە نان دەخۆنو هەر لەوێش دەخەون • هۆدەکانی بەشی خانووی ماڵێ لە دۆراندۆری حەوشەن • ناندین هەیە کەوتۆتە پێش ئەو بەشەی زستانان دەیکەنە هەلا بزنان • بە هەندێ چیلکەدار لە حەوشە دابڕابوو • تەندوورێکی تێدا بوو لە قوڕ گیرابوو کە ئیشیان پێنەبوایە سێڵێکیان لەسەر دادەنا • مەدبەقیش ، کە خواردنیان تێدا حازر دەکردو مەشکەیان تێدا دەژەند ، بێ پەنجەرەیە ، بەڵام دوو دەرگەی هەیە بۆ ناو حەوشە • سۆبەیەکی نەوتیان لە ژوورەوە ، لەبن دیواری پشتەوە دانا بوو ، زۆر بە دەگمەن بەکاریان دەهێنا • بە درێژایی دیوارێکی تەنیشتیش سێقۆرتیان لە عەرد (٢٦) هەڵکەندبوو • سێ کوچکەیەکی ئاسنیان لەسەر ئاگردان دانا بوو مەنجەڵیان لەسەر دادەناو بە چیلکەو چواڵ ئاگریان لەبن دەکردەوە •

لە دیواری بەرامبەر ئاگردانیش سنگێکیان چەقاندبوو کە مەشکەیان دەژەند بەو سنگەیان هەڵدەواسی • سنگێکیتری وایشیان لە دیواری دەرەوە ، لە تەنیشت دەرگا کوتابوو ، ئەویش هەر بۆ مەشکەژەندن بوو • مەدبەق شێوی تێدا لێدەندراو قاپو قاچاغو مەنجەڵو هیرباری سپیکراوەی تێدا بوو • ئەوەندە هەبوو پێش لێنانی چێشت کەرەستەکەیان لە شوێنێکیتر ئامادە دەکرد : لەسەر ئاخەبانی خانووی ماڵێ گۆشتیان چا دەکردو یاپراخیان دەپێچاو لەناو مەنجەڵیان دادەنا ، گۆشتو برنجیان لە حەوزێ دەشووشتەوەو کە چێشت دەخوراو خواردن هەڵدەگیرا هیرباریان هەر لەسەر ئەو حەوزە دەشووشت • لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کاروباری چێشتلێنان لە زۆر

---

(٢٦) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٧٠ : «... وەکو شەڤەلێکی گەورەی قوڕ ، لە سەرعەرد ...» .

جێگادا دەکرێو هەمووی لەیەك ژوور یان لەیەك شوێن تۆپ ناکرێ .

وا دەبێ دەڵێن [27] لە ڕۆژهەڵات هیچ کەرەستەی ناوماڵیان نیيە . ئێمە ناتوانین بڵێین ئەم قسەیە دەرهەق مەڵبەندی دەرەبەگی لادێی کورد ڕاستە . خانوە گەورەکەی شێخ تەیفوور سێ قەرەویلەی ئاسنی تێدا بوو . بەڵام بایی ئەو هەموو سەر خێزانە زۆرەی نەدەکرد . هەندێ کورسیو مێزو قەنەفەشیان هەبوو . هەندێکیان قەنەفەی کۆن بوونو بەرگیان بۆ کرابوو ، کورسيیان هەبوو هەر یەکە تەپڵەی جگەرەی خۆی پێوە بوو ، هەندێکیشیان نرتو نوێو هاوچەرخانە بوون ، ئاسن بوونو بەرگیان قایشی سەوز بوو . بێجگە لە دوو کانتۆری جلوبەرگو سندووقێکی بە چەکمەزە . نیشانەی هەرە دیاری ئەم ماڵە شێخە ئەوە نەبوو کەرەستەی ناوماڵی نەبێ بەڵکو ئەوە بوو کە کەرەستەکانیان بە ڕێكوپێکی دانەنابوو و هەریەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکار نەدەهێنا .

گرنگترین شتێ کە بۆ لەسەر دانیشتنو خواردنو ئیش‌کردن بەکاریان دەهێنا عەرد بوو . ئەویش بە پێی وەرزی ساڵ ، کەم تا زۆر ، «لبادە»و[28] «فەرش»یان[29] لەسەر ڕادەخست . فەرشەکانیان لە ئێرانو لەو شوێنانەی کوردستان هێنابوو کە من نەمدیون . قەت بە پێڵاوەوە بەسەر لبادو فەرش ناکەون ، کە وەسەریان بکەون سۆڵو پێڵاویان لە پێ دەکەنەوە . ژیانیان هەمووی لەسەر عەردە . لەسەر عەرد ئیش دەکەن ، لەسەر عەرد نان دەخۆن ، لەسەر عەرد دەنوون . دەستوورێکی دیارو تایبەتی نيیە کە کام ژوور یان کام بەشی ماڵەوە بکەنە ژووری نانخواردنو کامیان بۆ نووستن دابنێن .

(٢٧) ب : ئۆلوفسن ١٩١١ ، ٣٢٦ .

(٢٨) بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٥١ باسی دەکا «ئەم لبادانە ، کە لە هەموو ڕایەخێ جوانترن ... » .
— ب : فێلبێرگ ١٩٤١ ، ٧٠ .

(٢٩) گرێکان گرێی (گێور)ن کە بەتایبەتی لە مافووری تورکیو قەوقاسی هەیە . ب : ستێرنەر ١٩٤٤ ، ١٧ وێنەی ٦ .



ژووریٚ لە خانوویەکی قورِ . دیواری ئەستوورە . کەلوپەلی
ناومالّی تیٚدا نی‌یە ( تۆپزاوە )

«مەجمەع» یان «سینی» هەیە • هەر سینی‌یەك خواردنی چەند کەسیٚکی لەسەر دادەنیٚن • سینی‌یەکە لە چ شویٚنیٚ دابنیٚن ئەو شویٚنە دەبیٚتە ژووری نانخواردنی ئەو جەمە ، جا ژووریٚ بیٚ لە سیٚ ژوورەکەی مالّیٚ ، حەوشە بیٚ ، ئیٚوارەی گەرم ، سەربان بیٚ ! ئەگەر میٚزیان دابنایە دەیانبردە ئەو شویٚنەی نانی لیٚدەخوراو پاشان دەیانبردەوە شویٚنی جاران • تاقمە کورسی‌یەکیش هەبوو لەگەلّ میٚزەکە دەگۆزرانەوە • قەنەفەی گەورەگەورەش گۆزەگۆزیان پیٚدەکرا • بە رِۆژ ، کە دونیا گەرم دادەهات ، دەیانبردنە بەر هەیوانی فیٚنكو ئیٚوارانیش دەیانگواستنەوە حەوشە وەکو دەستووریٚك ، ئەو قەنەفانە هەمیشە بە رِۆژ لەبن دیواری ژووریٚ دادەنیٚنو دەق وەکو کورسی ڤارگۆنی شەمەندەفەر وا خۆی دەنویٚنیٚ • کە میوان دەهاتن لەسەر ئەو قەنەفانە دادەنیشتنو یەکەو «باوەژیٚن»ی دریٚژیان لەدەست دەنان • ئەگەر میوانی

زەلام لە دیوەخانە نەبوونایەو خواردنێکی زۆریان نەکردایە ئەوا دوو مێزەکەی ئەویێیان دەکردە ئەستێرکو نوێنیان لەسەر دادەنان •

کەرەستەی هەرە نوێی ماڵ دوو کانتۆرو سندووقێکی خۆکردی بە چەکمەزە بوو ، جلی پیاوانیان تێدا هەڵدەگرتن‌و کەوتبوونە لای ئەو پەڕی ڕۆژاوای ژووری ، بە شێوەیەکی وا داندرابوون دەتگوت لـە دوکـانی لەنگەفرۆشی یان قازی بازاڕ داندراون • لە چۆنیەتی دانانی ئەو سندووق‌و کانتۆڕانەوە دیار بوو کە هیچ بایەخ بە ڕێك‌وپێکی ناوماڵ نادەن‌و هیچ بیر لەوە ناکەنەوە ماڵ بەو کەرەستانە بڕازێننەوە • لەگەڵ ئەم شتانەدا باولیشیان هەبوو کە هی ژن‌و منداڵان بوو • باول سندووقێکە لە بەرمیل یان تەنەکـە دروستکراوەو بە بۆیاغی شین یان سەوز یان سوور ڕەنگ کراوە • هـەر باولێك «کلیلە»کەی لای خاوەنی خۆیەتی • بە قەلابە لە کورتەکی خـۆی دەداو دەیخاتە ناو گیرفانی خۆیەوە • ئافرەت تەنیا ئەو باولانەیان هەبـوو کە کەس هەقی نەبوو تخوونیان بکەوێ • «سنووق»ێکی داری بە پێچکەش هەبوو لە «سوق»ی سلێمانی دروست کرابوو • لە شەپکەداری سندووقی تۆوچاو شتی وا دروستیان کردبوو و پێشەوەیان کردبوە شووشەو بۆیاغیان کردبوو• وێنەی دەسکە گوڵ‌و میوەو بوراقیان لەسەر شووشەکان کردبوو• بۆراق ئەسپی سواریی محەمەدە • سەری سەری ئافرەتەو دوو باڵی پێوەیە• ئەم سندووقە دارەیان پێش ساڵێك لەگەڵ بارگەی بووك هێنابوو و ئێستـا کەوتبوە کوژییەکی هۆدەی ناوەڕاست • لەم مەڵبەنـدەی شارسـتانیدا قەرەوێلەش زۆر جێ‌گۆڕگێی پێ دەکرێ [۳۰] •

قەرەوێلەیەك بۆ من تەرخان کرابوو • دوو قەرەوێلەکەی‌تریش هەر دوو کوڕی ماڵێ لەسەری دەنووستن • ئەوانـەی‌دی هەمـوو لەسـەر عـەرد

---

(۳۰) ب : ئەدێلبێرگ ۱۹۵۲ ، ۱۱۹ وێنەی ١٤ : دەرگای خیوەتی چەرمینـی ئۆزبـەکی •



باولی تەنەکە لەسەر سندووقی داری بووکێنی‌یە کە شووشـــەی
پێشەوەی وێنەی بوراقی محەمەدی لەسەر کراوە (تۆپزاوە)

دەنووستن • سەیری قەرەوێڵەکان لەوەدا بوو کە ڕێك نەخرابوون ، بە ڕۆژ نوینەکانیان لوول دەداو لەگەڵ ڕایەخ و جاجم پێکەوە دەیانپێچان و وا دەبوو پۆپەشمینیان پێدا دەداو وا دەبوو پێیاندا نەدەدا • ئەو هەمــوو نوێنـەی ئەو خێزانە قەوغەیە پێی‌دەنووستن هەموویان لە یەك شوێن دەخستە ســەر یەك • ئێوارانیش کە قەسەریان پان دەکردەوە لەسەری بنوون دایان نـابوو لەکوێ بنوون نوێنەکەیان لەوێ ڕادەخست و شەویش هەر لەوێ دەنووستن• ژووری ئازووقەش سوودی ئەوە بوو تا چ ڕادەیەك کاروباری ماڵەوەی تێدا جێبەجێ دەبێ • ژووری ئازووقە وا نەبوو هەر تەنیا شتی پێویستی وەکــو خواردن و خواردنەوەی تێدا بێ و بەس بگرە شتی بەنرخ و بەهاداریش هــەر

لەوێ هەڵدەگرن • ئەو شتانەی کە ئێمە لە ژووری نـانخواردنو ژووری نووستن‌دا لەبەر چاوانو لە ناو جامخانەدا دایاندەنێین بۆ دەرخستنی ئـاستی ئابووری ماڵێ ، ئەوان لەم ژوورەیان دادەنا ، بۆیە ژوورەکە زیاتر ژووری گەنجینە بوو تا ژووری کۆنەشڕە • ئەو کەرەستە بەنرخانەی لەوێ قوفڵو کلیل نەدرابوونایە خاوەنەکەی وەکو چەكو خشڵ بە خۆیەوە دەکردن • کە بە خۆیشی‌یەوە دەکردن بۆ ئەوەی نەبوو خۆی پێ‌دەربخاو ئەدگاری خـۆی پێ‌برازێنێتەوە • ئەمەش ئەو جیاوازی‌یە گەورەیە دەردەخـا کە لـە بەینـی ئافرەتی پۆشتەو پەرداخو بەخشڵو زڕەوپۆیلەو لە بەینی ماڵی ڕووتوقووتو بێ‌نموددا هەبوو •



کۆڵانێکی سـلێمانی . دەسـتەچەپ : دیوارێکی کەرپووچە .
دەستەڕاست :دیوارێکی خشتە .

پێویستە لەبارەی دەستووری نووستنو نوێن‌ڕاخستنی ماڵە کوردانیش بکۆڵینەوە • لە ماڵەوە هەموو بەیەکەوە دەنوون[٣١] (ئەوە نەبێ کە بووكو

(٣١) ب : فرێزەر . ١٨٤٠ ، ٢٢٠ : «هەموو لەدیار یـەك ڕادەکشـێن‌و قیـت دەبنەوە » .

زاوا دەخرێنە ژوورێکی تەنیاوە) • کە دەنوون یان هـەر بـۆ حەسانـەوە پاڵدەدەنەوە جلیان ناگۆڕن • ئافرەت هەر بە جلی ڕۆژ دەنوون تەنیا ئەوەندە هەیە ژنی بەمێرد کلاّوو دەسرۆکی لە سەر دەکاتەوە لەچەکێکی تەنك دەماملك دەدا • زەلام بە جلی ناوماڵ دەنوون کە ڕەنگە کراسو دەرپێ بێو یان لەباری هەرە هاوچەرخانەدا پێجامەی چاولێکەری بەغدایی بێ • ئەوەندە هەیـە پیجامە لای ئەوان تەنیا جلی شەو نییە • ئەو پێجامەی لە بەغداو شارەکانی‌دی هەیە پێجامەی هیندی‌یەو بە ڕێی ئەوروپادا گەڕاوەتەوە ڕۆژهەلاّتی نزیكو وەکو بەرگی شەوو بەرگی ناوماڵ لەبەری دەکەن • لە کوردستاندا ئەوەی پێجامەی لەبەر بکردایە ، بە ڕۆژ پێجـامەی لەبـەر بـوو و بە شـەویش پێی‌دەنووست • تەوالێتی (دەموچاو شووشتن) تایبەتی سبەینەو ئێوارانیان نی‌یە • بە زۆری پاكو خاوێنی‌یان لەسەر دەستنوێژ شووشتن ڕاوەستاوە • ئەم دەستنوێژ شووشتنەش وەکو زۆربەی کاروباری ژیانی ڕۆژانەیان بـۆ پێڕەو کردنی دەستووری ئیسلامەتی‌یە کە پێش نوێژکـردن دەمو چاویـان دەشۆنو خۆیان پاك دەکەنەوە بۆ خاتری نوێژەکەیـە نـەك بـۆ خـاتری تەندروستی خۆیان • پاش هەموو جەمێك دەستیان زۆر پاك دەشۆنو ئاو لە دەمو لووتیان وەردەکەن • کە دەچنە سەرپێشاو یان تەرجومانەکەم گۆتەنی کە دەچنە سەر ئاوێ و عەیبی خۆیان دەشۆن ، دیسان دەستو پلیان دەشۆن • ڕۆژ پێنج فەرزە دەستنوێژ دەشۆن(٣٢) • واتە دەموچاوو دەستو قـۆڵو پێیان دەشۆنو دەستێکی تەڕ بە پێشەسەریاندا دێنن• بێجگە لەوەی کە ، بۆ نموونە ، پاش مەهك(کنج) یان گان(٣٣) سەراپای لەشـیان دەشـۆن • ئیدی، بەم جۆرە، دەبینین کە هیچ حەوجە بە تەوالێتی سبەینەو ئێواران نین •

---

(٣٢) مەرج نی‌یە هەر پێنج فەرزە دەستنوێژ بشۆن . تا دەستنوێژیان نەشکێ دەتوانن نوێژی پێ‌بکەن . وا دەبێ نوێژکەر بە یەك دەستنوێژ دوو سـێ نوێژ بکـا ـ و.

(٣٣) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ٧٤ .

به ڕۆژ ، هەر کاتێ پێویست بوو جلیان دەگۆڕن • بەتایبەتی کە بزانن جلکیان دژوون بوە • بەم جۆرە (نووستن‌و لە خەو ڕابوون) لای کوردان هیچ پێوەندی بە جل‌وبەرگ گۆڕینەوە نی‌یە •

بۆ ڕوناکیش ، ئەو ماڵە قەوغەو گەورەیـە یەك لامپـاو دوو چـرای ناندینیان هەبوو • بە ڕۆژ ، لامپاکەیان بە بزمارێکی سەر دیواری هۆدەی ناوەڕاستەوە هەڵدەواسی‌و کە تاریك دادەهات ، چ لەسەر بان بوایە ، چ لـە حەوشە بوایە ، چ لە ژووری ناوەڕاست بوایە ، لامپاکەیان لەسەر عەرد یـان لەسەر تەپلەیەکی بچووك دادەناو بە ئەڵقە لە دەوری دادەنیشـتن • ئەوەش بایی ڕوناك‌کردنەوەی سەرلەبەری ئەو ماڵەی نەدەکرد بەڵام خەڵکی مـاڵێ کە لە ناندین لەبەر ڕوناکی ئاگر ئیشیان دەکردو لە حەوزی حەوشە لەبـەر تریفەی مانگەشەوو جریوەی ئەستێران شتیان دەشووشت بەم ڕوناکی‌یە کەمە سەخڵەت نەدەبوون چونکە لە ڕوناکی زۆر ڕانەهاتبوون • ئێواران لە هەندێ پەنایان ئیشیان دەکرد کە ڕوناکی لامپای نەدەگەیشتێ • ئەم خانوە قوڕەی دەرەبەگی دێ هەندێ کەرەستەی پچڕپچڕو پەرت‌وبڵاوی ئەوڕوپایی تێـدا بوو وەکو : ئاوێنە ، رادیۆ (بەرگێکی خامەکیان بۆ کردبـوو و بـە کرێی ئاوبەستی دوکان کڕیبوویان) ، سـەعاتی دەسـت ، چـاویلکە ، دەرمـانی نینۆك ، چەرخ ، فڵچەی ددان ، کلیلی قووتووشکاندن ، گرامافۆن •

★ ★ ★

بۆ نموونەی مەڵبەندی ژیانی ژنە جوتیاری لادێیی خانوویەکی زۆر بچووکی گوندی بەڵخەمان دەست‌نیشان کردوە • خانوەکە ژن‌و مێردێـکی گەنجی تێدا بوو ، کچێکی پێنج ساڵانیان هەبوو • ئەم خانوە نە بە بـەردو دیمەك کراوە ، نە بەشێکی خانوویەکی گەورەیشە کە بەسەر یەکەوە بۆ چەند خێزانێك دروستی دەکەن • خانوەکە بە جۆرێکی وا کراوە پشتی داوەتـە تەلان‌و لە پێشەوەڕا دوو نهۆمە • هەلا بزنان کەوتۆتە خوارێ ، بانهەڵبـان

بۆتە ژووری ماڵێ • لە خوارەوە بە کۆماج سەردەکەون • بانەکەی قورە • بە کاریتەی دار چنار دارەڕێ کراوە • نهۆمی سەرەوە تەنیا یەك ژوورو بەربانکێکە • ژوورەکە دەرگایەکی داری پتەوی هەیە • عەردی بەربانکەکە سەربانی هەلا بزنانە • دیواری پشتەوەی خانوەکە بەردەو پشتی داوەتە چیا • هاوینان ، تاقە ژوورەکەی ئەم ماڵە دەبێ بە ژووری ئازووقەو هەرچی بەروبوومی وەکو تۆوی ووشكو هەر کەلوپەلێکی ماڵەوە هەبێ وەکو هیبارو سندووقی دارو باولی تەنەکە لەو ژوورەی دادەنێن • کە دونیا گەرم دادێ ، ئەو ماڵە لەسەر بانو بەربانکەکەی سەر هەلا بزنان دەخەون • ئەم بەربانکە لەلای دەرەوە بە شوارو چروو تەیمانی بۆ کراوەو بەرامبەر ژووری زستانان وای لێهاتوە نە هەیوانەو نە کەپر ، لەو بەینەدایە •

ئاخەبانیان باش دەپەستایەوەو باگوردانیان لەسەر دەگێڕا بە تایبەتی لە بەڵخە کە بانیان بە گڵ گەج سواق دەدا • هەموو ساڵێ سەر لەنوێ بان سواق دەدەنو هەر کاتێ ئاوی پێبکەوێ سواقی دەدەنەوە • خانوو سواقدان پیشەی ژنانە [34] بە دەستەواو بە هەرەوەز بۆ یەکتری دەکەن • ئەم مەڵبەندە بە تەواوی بێ کەرەستەو کەلوپەلی ناو ماڵە •

بە زۆری هەر لەسەر بان دەژیان ، یان ڕایەخیان لەسەر بانەکە ڕادەخست ، یان مافووری گوڵگوڵیان لەبن دیوار ڕادەخستو لەسەری دادەنیشتن • بالیفی لوولەییان هەبوو پاڵیان پێدەدا • (کوون) زۆر ڕاست دەکا کە دەڵێ : «پیاو کە لەسەری دادەنیشێ وەکو لەسەر کورسی دانیشتبێ ئاوا تەواو بە ئیسراحەتو بە دەبدەبەیە •••» [35] کەرەستەی چێشتلێنانو نانکردنیان بریتییە لە : ئاگردانی چێشتلێنان کە لە قوژبنی دواوەی

(٣٤) مەرج نییە لە هەموو شوێنێکی کوردستان خانوو سواقدان پیشەی ژنان بێ • ڕەنگە لە بەڵخە وابێ ، بەڵام لە هەندێ شوێنیتر سواقدان ئیشی پیاوانەو ئەوپەڕەکەی ژن نەختێ یارمەتییان دەدەن ــ و .
(٣٥) کوون ١٩٥٢ ، ٣٤٨ .

بەربانکەکەیەو کەوتۆتە پێش دەرگای تاقە ژوورەکە ، مەنجەلی شیو ، «ساج» یا «تاوە»ی «نان» کردن • لێرە کە لە سنووری ئێران نزیکە تەندووریان نی‌یە • ئەو ئــاوەی بۆ پێویستی زەلامــانو بۆ شمەك شــووشتنو بــۆ ڕێژەو پێژەی ماڵێ گەرەکیان بوو لەو نزیکانە دەست نەدەکەوت ، نەختــێ لەولاوە ، لە ناو خانوە بانهەڵبانەکانی قەدگرد حەوزێك هەبوو شوێنەکــەی وەکو ئەشکەوت وا بوو ، بۆ ژنان تەرخان کرابوو دەیانگوت ئەم حەوزە جۆگایەکی پیسی دەهاتەوە سەر بۆیە بەکەڵك ماڵێ نەدەهات ئیدی ناچــار بوون دەچوون لە دۆڵی خوارێ ئاویان لە تاقگەیەکی ناو دارستانەکە دەهێناو لە گەڕانەوەدا نیو سەعاتیان پێ‌دەچوو تا سەردەکەوتنەوە دێ • لەو دۆڵەی خوارێ حەوزێکیان بە بەرد کرد بوو کە ژن دەچوونە سراوێ جلودەمو چاوی خۆیان تێدا دەشووشت • هەلا بزنانیــان کردبــوە ئاودەسخــانە • مەشکەیان بە سێ‌پێك دەژەند • شەو لەسەربان لەسەر مافوور دەنووستنو ئەو کۆماجەی دەچوە سەربان بە چیلکەدار قەپاتیان دەکرد بۆ ئەوەی سەگی کورکنو بۆرەی شوانانو ڕانی سەرەڕۆی ڕێچکە شاخاوی‌یەکانی شوانــان بەسەر بان نەکەون •

★ ★ ★

بۆ نموونەی لێکۆڵینەوەی باری نیشتەجــێی هەردوو (مەڵبەنــدی شارستانی)ی ئافرەت خانووی ماڵی تەرجومانەکەم وەردەگرین لە سلێمانی •

باوکەکە بازرگان بوو ، نوێنەری کۆمپانیایەکی گەورەی بەغدا بوو • لە شەقامە سەرەکی‌یەکەی سلێمانی دوکانێکی کەرەستەی کارەبایی هەبوو • هەرچەندە بازرگانی ئەم کەرەستە نوێ‌یانە بوو بەڵام دوکانە بچووکەکەی وەکو دوکانە گەورەکانی بازاڕ سەکۆی هەبوو ، مافووری لەسەر ڕاخرابوو، کە مەعمیل دەهــاتن لەسەری دادەنیشتن • مێزێــکی بچووکی وەکو هــی دوکانی زێڕینگرانیشی لێ‌بوو کارگێڕەکە لەسەری دادەنیشت •

بێجگە لە مێرد کە خۆی لە شێست سالی دەدا ، ئەو ماڵە دوو ژنی تێدا

بوو ، ٥٥ ساڵان و ٣٧ ساڵان بوون و یازده منداڵیان هەبوو • پێنجیان کوڕ بوون : ٢٦ ، ١٣ ، ٨ ، ٦ ساڵان و یەکی ٦ مانگان • شەشیان کچ بوون : تەرجومانەکەم کە ٢٥ ساڵان بوو ، ئەوانی تریش : ٢٣ ، ١٧ ، ١٦ ، ١٥ ، ٣ ساڵان بوون • کچێکی نۆزده ساڵیش بە مێرد چووبوو و لە ماڵە خەزوورانی بوو (خێزانەکە هەموو پێکەوە دەژیان) بەم جۆرە ئەم ماڵە زۆر بە فەڕاحی ١٤ سەر خێزانی تێدا بوو •

ئەم خانوەش وەکو خانووبەرەی شێخ تەیفووری تۆپزاوە ، کە دادەخرا لە هەموو لایەك دادەبڕاو سەربەخۆیی‌یەکی تەواوی وەردەگرت • ئەم خانوە بریتی‌یە لە کۆمەڵە ژوورێکی یەك نهۆم بەڕیز یەکەوە ، کەوتۆتە گەڕەکە کۆنەکەی سلێمانی • ئەم خانوە دەرگای لە کۆلانێك‌دایە ، کۆلانەکە قیر نی‌یە • دیواری ئەم لاو ئەو لای بێ‌پەنجەرەیە • خانوەکە دوو بەشە • بەشەکۆنەکەی بە خشت کراوەو بەشە نوێکەی بە کەرپووچ کراوە • هەردوو بەش بانیان کاریتەیەو هەراشیان هاویشتراوەتی‌و قوڕەپەست کراون • جیاوازی‌یان ئەوەندەیە کە کاریتەکانی بەشە کۆنەکە وەکو خانووی لادێ سەریان لە دیوار هاتۆتە دەرێ‌و بوونەتە سواندەیەکی پتەو ئەو سواندەیە دیوارە قوڕەکە لە باران دەپارێزێ کەچی ئاخەبانی بەشە نوێکە ، کە دیواری کەرپووچە ، بێ سواندەیە • خانوەکە ژوورەکانی لە دەوراندەوری حەوشەیەك کراون ، تەنیا جێی یەك دەرگای ئاسن ماوەتەوە ئەوەی‌تر تەواو لە دونیای دەرەوە دابڕاوە • دەرگای دەرەوە لایەکی دیواری کەرپووچە کە کەوتۆتە بەینی خانوەکەو کۆلانێ • لە دەرگاوە بە دوو پایە شۆڕ دەبیتەوە ناو حەوشەو لەویوە دەچیتە دالانێك کە دەرگای کەوتۆتەوە حەوشە • دالانەکەو حەوشەکە هەردووکیان بەردرێژ کراون بەڵام ئەوەندە هەیە دالانەکە نەختێ لە حەوشە بەرزترە • لەناو دالانەکەوە دەرگایەك هەیە دەچێتە ژووری میوانان ئەویش عەردی بەردرێژ کراوە دوو پەنجەرەی شووشەی تێدایە دەڕواننە حەوشە




نەخشەی دوو خانووی ماڵ لە سلێمانی
گەورەکەیان : بۆ خێزانێکی گەورەیە
بچووکەیان : بۆ ژنو مێردێکی تازەیە

بەڵام پەیوەندی بە بەشی ئافرەتانەوە نی‌یە[٣٦] جێگای ئاوو شت شووشتن لە دیواری لای کۆڵانە • حەوزێك لەناو داڵانەکە ، لای دەرگای حەوشـــە هەیە ئاوی لەبەر دەڕواو شتو مەکی تێدا دەشۆن • ئاودەسخانە کەوتۆتـــە حەوشە ، تەنیشت دیواری لای کۆڵانێ • بنەوەی قۆرتێکی درێژووکانی‌یە ، ئاوەڕۆی هەیە • هەندێ سۆندەو شێرەیەك لەبن دیوارەکە هەن پاش دەست بە ئاو گەیاندن دەستی پێ‌دەشۆن • حەوزێکی وەکو بەرمیل لە نزیك دەرگای ئاودەسخانەکە لە عەرد گیراوە • بۆڕی‌یەکی بە لاتەنیشتێکەوەیە • تەنەکەیەك هەیە ئاگری لەبن دەکەنەوە ، کە ئاوەکە گەرم بوو بـــە بـــۆڕی دەچێتـــە سەرشۆرك‌و سەرشۆرك کەوتۆتە تەنیشت دیواری لای کۆڵانێ‌و ژوورێکی بچووکی لەپێشەوە بۆ کراوە جلی لێ‌دادەکەنن • ئیدی جگە لەمانە ئەوەی

(٣٦) ب : لەبارەی باری ئەو تورکانەی ئیسلام کاری لێ‌کردوون لە بۆسنیـــا ، هانگی ١٩٠٧ ، ٥٤ : «شوێنی سەرداری ماڵ پێی دەگوترێ (سەلاملك)، کەچی شوێنی خانان پێی دەگوترێ (حەریم) یان (حەرەملك) . کەچـــی موسلمانی هەژارو دەست کورتتر میوان‌و پیاوی بیگانە دەباتە ناو هەمان شوێنی خێزانەکەیەوە .

دی هەمووی وەکو هیماڵی شێخ تەیفووری تۆپزاوە وایە • بەم جۆرە سەراپای خانوەکە سێ بۆڕی ئاوی تێدایە کە ئاوی پوختەوپاکی شارەوانی سلێمانی‌یان لێدێ : داڵانو ژووری میوانانو بن‌دیواری باخچەو قوللەکان کە بەم دوایی‌یە بە کەرپووچ کراوە • حەوشە بە بەردی ئاسایی بەردڕێژ کراوە ، قۆرتێکی لە ناوەڕاستدایە ، وەختی خۆی حەوزو فیچقە بووە بەڵام لەبەرئەوەی منداڵێکی تێدا خنکابوو کوێریان کردبوەوە • لە شێوەی چوارگۆشەدایەو ناوەڕاستی کونە کە حەوشەیان دەماڵی خۆڵەکەیان تێدەکرد • هەموو هۆدەکان کەوتوونەتە دۆراندۆری حەوشە • بەشی ماڵەوەو شوێنی ئافرەتانیش هەروایە کە وەکو لە نەخشەی سەر عەردڕا دیارە ئەم بەشە کۆنە کە بە خشت کراوە بریتی‌یە لە دوو ژووری لاکێشەیی لێك‌تێپەڕیونو ژوورێکی سێ دیوار «هەیوان» یان لە بەینەو دەڕوانێتەوە حەوشە • دەرگای هەر دوو ژوور لەو هەیوانەدایە • هەر دوو ژوور عەردیان باش پەستراوەتەوە بەڵام بانیان دارەڕێو هەراشە • بەشە نوێکەی خانوەکەش هەر وایە • ژوورەکان پەنجەرەی شیشەبەندی شووشەیان تێدایەو پەنجەرەکان تەواو دادەکشێنو دەگەنە سەر زەوی • ژووری ئازووقەش کە گەنمو کەرەو کەرەستەی ماڵیان لێ دانابوو ، کەوتۆتە پشت ژووری میوانان بەڵام دەرگای لە ناو ژووری میواناندا نی‌یە ، دەرگای دەچێتەوە ناو یەکێ لەو دوو ژوورەی باسمان کردنو زۆر توند قوفڵ دەدرێ • بێ پەنجەرەشە • ناندین کەوتۆتە پەنا قۆمەتە دارێکی قەلاشکەری‌و دەڕوانێتە حەوشە • کەوتۆتە بەینی دیواری لای کۆڵانێ‌و هۆدەکانی بەشە کۆنەکەی خانوو • هەر وەکو ماڵی شێخ تەیفووری تۆپزاوە تەباخێکی نەفت‌و ئاگردانێکی تێدایە • خانوەکە کارەبای هەیە ، گلۆپی هەیە ، پلاکی بۆ ئوتوو و بۆ پانکەی کارەبایی هەیە • هەر چەندە خانوەکە ئەوەندە گەورەیش نی‌یە بەڵام وەکو هی تۆپزاوە کاروباری چێشت‌لێنانیان سەربەخۆیە • لە

حەوشەو لە هەیوانێ خواردن ئامادە دەکەنو شێولێنانو نانکردنیان لە ناندینە • شێو لەسەر تەباخی نەفت یان لەسەر کوچکاگر لێدەنێن • کە نان بە سێڵ دەکەن هەر لەسەر ئەم کوچکاگرە دەیکەن • لە حەوزی بەینی ئاودەسخانەو سەرشۆرك قاپو هیربار بە ئاوی سارد دەشۆن • جلوبەرگیش هەر لەوێ ، لە ناو تەشتێکی زلو پەل ، لەسەر عەرد دەشۆن •

تاقمە قەنەفەیەك لە هۆلەکەدا هەبوو سەرپۆشی قەدیفەی شینباویان تێ گیرابوو • مێزێکی گەورەیشی لێبوو • ئەگەر موناسەبەیەك لە گۆڕێ هەبایە ئەمانەیان هەموو دەبردە حەوشە • جارو بار نانیان لەسەر مێزەکە دەخوارد بەڵام ئەگەر وەکو دەستوورێك وەری بگرین بە زۆری مێزەکەیان دەکردە ئەستێرك‌و بە ڕۆژ نوێنیان لەسەر دادەنا • کەلوپەلو کەرەستەی ناومالیان ئاسن نەبوو • ژووری میوانانیش تاقمەیەکی لێبوو ، قەنەفەی دار بوو ، بۆیاغ کرابوو ، کورسیەکی سادەی لێبوو کیفکێکی مەخمەلی بۆ کرابوو • تەپلەیەکی جگەرەیشی لێبوو • ئەم تاقمە تایبەتی بوو بە ژووریێو نەدەگۆزرایەوە • هەر چەندە ژووری میوانان ئەم شتانەیشی لێبوو بەڵام میوان لەسەر عەرد دەنووستن • هاوین ، ژوورەکانیتر هیچ کەرەستەیان تێدا نەبوو تەنیا دوو قەنەفەی نزمیان تێدا بوو ئەوانیش جاجمی زستانو فەردە دەغڵو شتی وایان لەسەر دادەنان • بێجگە لەمانە ، تەنیا یەك ژوور کانتۆرێکی داری لێبوو دەرگای ئاوێنە بوو • لە جێی خۆی بۆ جلوبەرگ کرا بوو و ڕەفتەی تێدا بوو بەڵام بەم دواییە ڕەفتەکانیان لێکردبوەوەو بوخچەی مالییان لەناو نابوو • باولی تەنەکەی شینو سوورو سەوز لە قوژبنەکان داندرابوون سنگ‌و بزماریان لە دیوارەکان کوتابوو جلیان پێوە دەکردن (٣٧) • لەوە نەدەپەنگانەوە کە جلی ئافرەتان بێرەوە

(٣٧) ب : لەبارەی ئەو تورکانەی ئیسلام کاری لێکردوون لە بۆسنیا هانگی ١٩٠٧ ، ٦١ : «... زۆر شوورەییە ئەگەر ژن جلوبەرگیان لە تەنیشت جلی پیاوان بە دارەوە هەلبواسن...» .

بکەنو بەویەوە نەکەن •

نەردەوانێکی بچووك لە گۆشەیەکی حەوشێ ، لە بەینی ناندینو سەرشۆرکێ هەبوو دەچوە سەر ئاخەبانی خانووی ماڵێ کە بە بانی تری ئەو گەڕەکەوە لکاوە بەڵام هەموو بانەکان بڵندی‌یان هێندەی یەك نی‌یە • ئەو ماوەی کە من لە سلێمانی بووم دوو قەرەوێلەکەی ماڵێ لەسەر ئەو بانە داندرابوونو ئەوانەی‌تریش ڕایەخیان هەبوو • کە ڕەشەبا بوایە لە حەوشە دادەنیشتن • لە کاتی ڕەشەبادا قەرەوێلەکانیان بەجێ دەهێشتو تەنیا ڕایەخەکانیان دەبردە خوارێ • لێرەش ، هەر وەکو ماڵی شێخ تەیفووری تۆپزاوە ، هاوین ، بە پەرتو بڵاوی دەنوونو شوێنێکی زیاتر دادەگرن • جا شوێنی نووستنیان کەوتبوە ئەو لایەی بۆ لای مزگەفت هەنیشکەی کردبوو و چەپەرێکیان بە چیغ[٣٨] بۆ کردبوو• ئەم چیغە لەسەر بانەکانی‌تری شاریش هەبوو • چیغ شوێنی نووستنی تەواو دانەدەبڕاند چونکە هەر چوار دەوری تەواو قەپات نەدەکرد • هەر چەندە هەموو بانەکان بەرزایی‌یان نزیکەی هەندی یەك بوو بەڵام جێگەی نووستنی شەوانیان جودا بوو و کە بە پەیژە دادەبەزینە خوارێ خانوەکە بە تەواوی لە خانوەکانی‌تر جودا دەبوەوە • لێرەش ، هەروەکو مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێو مەڵبەندی ژنە جوتیاران ، سینی نان خواردن لە کوێ دابندرێ ئەوێ دەبێتە ژووری نانخواردن • لە مەڵبەندی شارستاندا نەمدی نان لەسەر بان بخۆن • لە ماڵەوە نان دەخۆن ، جا لە هەر کوێ ڕێك بکەوێ ، چ حەوشە بێ ، چ هۆڵ• تەنیا ئەگەر میوانیان هەبێو شتێ لە گۆڕێ هەبێ لە ژووری میوانان (دیوەخانە) نان دەخۆن • ژووری میوانان سەرەتایەکی ڕێکخستنی کەلو پەلو هەڵبژاردنی ناوماڵی پێوە دیار بوو • کەرەستەو دەستووری خواردنو خواردنەوە وەکو هی لادێ هەمان شت بوو • دوو ژنەکەی ماڵێ،

---

(٣٨) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٨٧ .
– ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٦٠ .

که نوێنەری ئافرەتی شارستانی نەخوێندەوار بوون ، وەکو ئافرەتی لادێ نەختێ بەمە سەخڵەت دەبوون چونکە نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ جـۆری ژیانی ئەم منداڵە گەورەو گچکانە بگونجێنن کە دەچوونە قوتابخانە • ئەوەی ڕاستی بێ ، کێشەو ململانەیەکی بەردەوام لە نێوان جۆری ژیانی ڕەسـەنو دەقگرتووی ماڵو ئەو جۆرە ژیانە نوێیەدا هەبوو کە خوێندەوارەکانی ماڵ عەوداڵو سەراسیمەی بوون •

★ ★ ★

بۆ نموونەی خانووی نوێی ئافرەتی خوێندەواری شـار ئەو خـانوە وەردەگرین کە ژنو مێردێکی تازەی تێدابوو • ژنو مێردەکە هەردووکیـان مامۆستای قوتابخانە بوون• ئەم خانوە نموونەیەکی بچووکی خانووی ماڵی تەرجومانەکەم بوو ، بریتی بوو لە : هۆڵ یان هەیوان ، ژووری میوانـان کە کەوتبوە پشت ژووری نووستنو دەرگەی کەوتبوەوە هەیوانێ ، هەر لەو ژوورەوەش دەچوە ژووری ئازووقە • ئەم ژوورانە پێشەوەیان حەوش بوو• ئەم حەوشە لە قوژبنێك ئاگردانو لە ناوەڕاستەوە شێرەیەکی ئاوی تێـدا بوو • ئاوەدەسخانەیان لە تەنیشت دیواری لای کۆڵان بوو ، ژوورێـکی سەربەخۆ بوو • خۆیان لە سەرشۆرکی دراوسێکەیان دەشووشت • کارەبایان نەبوو • ژووری میوانانیان تاقمێکی ئاسنی تێدا بوو • بۆ دانیشتنی هەیوانو نووستنی سەربان ڕایەخیان ڕادەخسـت • کەلوپـەلو ناومـاڵی ژووری نووستنیان بریتی بوو لە : تاقمێکی بەغدایی ، سیسەمێکی دوو نەفـەری ، کانتۆرێكو مێزێکی دار • لە کاتی زەماوەندا ، کە ماڵیان بۆ ئەم ژنو مێردە خوێندەوارە دانا هەموو ژوورەکان کەلوپەلیان تێدا بوو • ئەگەر ئەم ماڵـە لەگەڵ ئەوانەیتر بەراورد بکەین کە پێشتر کەلوپەلی وایان هەبوە دەبینـین بە پێی ڕۆژگار کە خێزانەکە زیاد دەکا کەلوپەلەکان نامێننو ژیانێکی نوێ دێتە کایەوە • ئەمە لە مـاڵی تەرجومـانەکەم هـاتبوە دی • قەڕەوێـلەی

( م — ٧ )



ژنە جوتیارێك نان بە سێڵ دەكا (بەڵخە)

بووکێنی‌یان فڕێ‌دابوە سەربانو ئەوانەی‌دی لەسەری دەنووستن ، کانتۆڕی پڕ بوخچەش کەوتبوە حاڵی گۆشەگیری‌یەوە • کە تەگبیریان کرد ژن بۆ کوڕە پێ‌ڕاگەیشتوەکەی ماڵی تەرجومانەکەم بێنن بڕیاریان دا ئەم ژوورە بدەنە بووكو زاوا کە کانتۆڕی ماڵی تێدا بوو و ئەو کاتەی من لەوێ بووم لەو کانتۆڕە زیاتری تێدا نەبوو ؛ چونکە دەبوایە بووكو زاوا هەر لە ماڵی باوکی زاوا بمێننەوە • وا دەبێ بووك داوا دەکا کە بەشێکی مارەیی لە بەغدا بە کەلوپەلی ناوماڵ بدەن • ئەم ژنو مێردەش کە شانەیەکی نوێ لە ماڵەوە دروست دەکەن هەر کاتێ یەکەم نۆبەرەیان بوو لێك‌دەترازێن ، ژنەکە دەچێتە ناو دونیای ژنانو کابراش دەچێتە ناو دونیای زەلامانو ئەو حەلە چی کەلوپەلیان هەیە هەمووی تێکەڵ ماڵی گەورە دەکەنەوە • جا بۆ ئەوەی خانوەکە بەم ژوورە کەمانەوە جێی هەموو سەر خێزانەکانی تێدا ببێتەوە ناچار خواردنو نووستنیان پێکەوە بوو • دیارە ئەوەیان پێ لە ژیانی تایبەتی‌و ژیانی ژنو مێردایەتی زۆر گرنگتر بوو کە ژووری میوانان بە جۆرێکی‌وا بێ زەلام بێنو بڕۆنو ژنی ماڵێ چاویان پێ نەکەون •

## چوستو چالاکی ئافرەت لە ماڵێ

چوستوچالاکی ئافرەتی کورد ئەم یازدە بەشە دەگرێتەوە : نان‌کردن ، بەناو هێنانی شیرو ڕێچاڵ ، چالێنان ، چێشت‌لێنان ، ئاوهێنان ، کۆکردنەوەی گزرەو دارودوو ، بەناو هێنانی دانەوێلە ، ڕێژەوپێژە ، شووشتنو ئوتووکردنی جلوبەرگ ، هەڵبژاردنو خاوێن کردنەوەی ماڵ ، جێ‌ڕاخستن •

ئافرەت لە دەوروبەری سەعات پێنجی بەیانی لە خەو ڕادەبن ، نیوەڕۆ پاڵ دەدەنەوەو نەختێ دەنوون ، لە بەینی سەعات یازدەو دوازدەی شەو دەخەون •

نـــان‌کردن :

نانی کوردی پان‌و تەنك‌و خڕە ، ئەوەندە تەنکە دەڵێی پەڕە کاغەزە ٠ تیرەی نزیکەی ٥٠سم دەبێ ٠ کە تازە دەکرێ نانەکە پۆڤژە هەڵدەداو پاشانیش ئەوەندە نەرمە وەکو تیمانج [٣٩] وایە ٠ «ئارد»ی گەنم دەکەنە «هەویر»و بە هێلەگ دەیبێژن ٠ هەویرەکە بە «ئاو»و «خوێ» دەکەن ٠ خوێ لە نــاو «خوێدان»[٤٠] دەکەن ، خوێدانیش لە پارچە جواڵێك دروســت دەکەن ٠ هەویرترش لە هەویر ناکەن تا هەڵبێ ، کە هەویریان کرد یەکسەر دەیکەنــە نان ٠ هەویر لە ناو تەشتێکی گەورەی پەڵ‌و خڕی سفر دەکەن ٠ ئەم تەشتە لێواری ١٠ سم بەرزەو ناوەوەی بە شۆرە سپی دەکرێتەوە ٠ ئەستیو هەیــە هەویری پێ لە تەشت دەکەنەوە ٠ ئەستیو نزیکەی ٢٣سم درێژە ٠ ســەری دەسکەکەی بە ئەڵقەیە ٠ بە دەست «گونــك» واتە ئەنگوتــك لە هــەویر دەبڕنەوە ٠ هەر ئەنگوتکێك بەقەد کۆلەمستێك دەبێ ٠ ئەنگوتکەکان لەسەر سەختیان ڕیز دەکەن‌و پاشان دەیکەنە نان ٠ ئەنگوتك دوو جــۆرەو هــەر یەکەیان ، بە پێی تێگەیشتنی من ، بە گوێرەی ئەوە دەگۆڕێ ئاخــۆ بــە «تەندوور»[٤١] دەیکەن یان بە «تاوە»[٤٢] یان «ساج» ٠ لە هەر دوو باردا ژنێ لە سەر زەوی هەڵدەتروشکێ‌و «پنە»[٤٣] یــەك لە تەنیشــت خــۆی

---

(٣٩) ڕیگارد ١٩٣٥ ، ٧٢ ود . باسی هەمان جــۆرە نــان دەکا لای کوردەکانی تورکیاو دیمەنی لەگەڵ دەسڕی زۆر پیس‌و کاغەزی قاوەیی بەراورد دەکا .

(٤٠) کوردی ڕەوەند خوێدانانیان لە مافوورەو بــە گولنــگ‌و مورووی زەرد ڕازاوەتــەوە .

(٤١) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٥٦ : «تەندوور» .
— نیکیتین ١٩٥٦ ، ٨٨ .

(٤٢) لوڕەکانی ئێران بەکاری دێنن ، فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ٨٩ ، وێنــەی ٧٢ .
— گوایە لە لوبنان بەکار دێ ، جۆلی ١٩٥١ ، ١٨٢ .

(٤٣) ب : فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ٨٩ ، وێنەی ٧٢ .

دادەنێ • پنە (٤٤) واتە فەرشە هەمووی یەك پارچەیەو لە پارچەدارێکی گەورە دادەتاشرێو دەیێنە تەختەیەکی ئەستووری چوارگۆشە ، گۆشەکانی خڕەو پشتی نەختێ زەقەو چوار پێچکەی هەیە تا بەرەو خوار دەچن باریك‌و بچووك دەبنەوە • نموونەیەك ٣٦٥و٠م×٢٥و٠م ×٠٧و٠م ، نموونەیەکی‌تر ٥٠و٠م × ٤٢و٠م × ١٠و٠م ) •

کاتێ کە نان بە تەندوور دەکەن چەند ژنێك پێکەوە دەیکەن‌و بە گشتی وەری‌بگری سێ ژن بە هەرەوەز دەیکەن (٤٥) • ئەنگوتك بە تیرۆك (٤٦) پان



نان‌کردن : ژنێ هەویری لەسەر فەرشە پان‌کردۆتەوە

---

(٤٤) پنە واتە فەرشە یان خوان ڕاستە بە دار دەکرێ ، بەلام لە هەندێ شوێن لە گێچ دەکرێ‌و خڕەو سێ پێچکەی هەیە . کە پنە لە گێچ دەکەن زەردێنە هێلکە لە پشتەکەی دەدەن تا لووس بێ‌و ئەنگوتکی باش لەسەر پان بێتەوەو گێچەکە لەگەل هەویر پان کردنەوە هەلنەستێ ـ و.

(٤٥) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٩٧ ود .

(٤٦) ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩٥ : «... دارێکی خڕە پێی دەگوترێ تیر ..» .

دەکەنەوە • تیرۆگێ دارێکی باریکە ، نزیکەی ٧٠سنم درێژ دەبێ ، لە هەر دوو سەرەوە بە شەش حەفت لەلەی خڕ ڕازاوەتـەوە • دوو ژن [٤٧] ئیـش بـە تیرۆگەکە دەکەنو هەویرەکە زۆر چاك پان دەکەنەوە • ئینجا ئەم هەویرە پانـە بە دارێك لەسەر فەرشەکە هەڵدەگرنو هەندێ پەینکەی بەسەردا دەکەنو دایدەنێنەوە سەر فەرشەو تەنکتری دەکەن • کارامەیی و دەستڕەنگینی ژن لەوەدایە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ هەویرەکە تەنكو پان بکا • پاشان هەویرە پانەکە بە دارێك هەڵدەگرنو دەیخەنە سەر «مادە» [٤٨] • مادە یان بلێـین مەزرەکە وەکو بالیفێکی چوارگۆشەی ئەستوور وایە ، لە قوماش دەکرێ • لایەکی کونە • یەکێ دەستی ڕاستەی لەو کونە دەباتە ژوورەوەو مـادەکە توند لە ژوورەوە دەگرێو مادەکە وەکو دەستەوانەیەکی ئەستوور دەسەر دەستی دادێ • ئەو مادانەی لە زۆر مالآنم دین ئافرەت خۆیـان دروستیان کردبوونو هەموو بە هەویر بوونو زۆر پیسو پلۆخ بوون • یەك مـادە هەبوو پیاو لە فڕنێکی سلێمانی هێنابوویان ، ئەم مادەیە زەلام هەڵیاندرووبوو، خڕ بوو ، تیرەکەی ٣٣٨وەم بوو ، دارێکی خڕی لە ناوەوە تێ گیرابوو [٤٩] •

مادە بۆ ئەوەیە هەویرە پانەکەی پێ بە تەندوورەوە دەدەن • تەندوور لە عەرد دەگیرێ • هەر چوار دەوری بە قوڕ سواق دەدرێ • لە لاتەنیشتێکی

---

(٤٧) بە زۆری وایە یەك ژن بە تەنێ ئیش بە تیرۆگەکە دەکاو ئەنگوتکی پێ لەسەر فەرشە پان دەکاتەوە ــ و•

(٤٨) بە زۆری (مادە) بۆ نانی فڕنی بەکار دێ . بۆ نانی سەر سێلو ئەستوورکی تەندوور یەکسەر هەویرەکە پان دەکەنەوەو دەیخەنە سەر سێل یان بـە تەندووری وەدەدەن . ئەو نانەی بە تەندوور دەکرێ نەختێ لە نانی تیری ئەستوورترەو پێی دەگوترێ : «لەواشە» ــ و .

(٤٩) (مادە)یەکی لاکیشەیییان لە ئەفغانستان هێناوە پەلووکە داری تێدایـە کە بەکاری دێنن لێواری دەرەوەی دەگرن ، چونکە هیچ کونی تێدا نییە دەستی تێڕا بکەن .



نانکردن : ژنێ هەویری پان کردۆتەوەو خستووتیە سەر مادە (تۆپزاوە)

خوارێ گولبینەیەکی تێدەهێشترێتەوە ، بۆڕی‌یەکی تێدەگیرێ نزیــکەی ٥٠م لە تەندوورەکە دوور دەکەوێتەوە • تەندوور نزیکەی ٧٥و٠م قوولەو تیرەکەی نزیکەی ٥٠و٠م دەبێ • تەندوور پڕ چیلــکەدار دەکەنو ئــاگری تێبەردەدەن ، لێدەگەڕێن تا سوور دەبێتەوە ، کە سوور بوەوە مانای وایــە حازرە بۆ ئەستووك پێوەدان • تەندوور جێگای دوو ڕیزە ئەستووکی تێــدا دەبێتەوە (٥٠) • کە ئەستووکەکە برژا بە دارێك لە دیواری تەندوورەکــەی دەکەنەوەو لەناو «سەبەد»ەیەك واتە تریانێکی دادەنێن • تریان پانو خڕەو بە شووڕك دەچنرێ •

کاتێ کە نان بە تاوە یان سێڵ دەکەن ـ سێڵ لە عەرد ناگیرێ بۆ کوێ

(٥٠) هەمان ڕێگای نان کردن باس کراوە کە لە ئەرمینیا هەیــە ، لیزیشــیان ١٩٥٥ ، ٢١٧ ، وێنەی ٢٣ . هەروەها لە ئێرانیش هەیــە ، بیشــۆپ ١٨٩١ ، ١٥٩ وذ .

بیانەوێ دەیگۆزنەوە ــ ئەمدی تیرۆگ بەکار بێنن‌و (٥١) تەنیا یەك تاکە ژنیش نانەکە دەکا . ئەنگوتك دەخاتە سەر قەرشەو بە شەپان پانی دەکاتەوە، ئینجا بە هەردوو دەست بڵندی دەکاو بەم دەست‌و بەو دەستیدا دەداو هەویرەکە لەبەر ئەم جولانەوەو لەبەر قورسایی خۆی وورده وورده لێك دەکشێ‌و پان دەبێ . کە هەویرەکە بەم جۆرە تەواو پان‌و تەنك بوو ژنە دەیخاتە سەر مادە ، مادە بە دەستی ڕاستە دەگرێ‌و بە دەستی چەپە هەویرەکە پتر پان دەکاتەوەو لێکی دەکێشێتەوە . ئیدی هەویرەکە ئەوەندە پان‌و تەنك دەبێ دەلێی بە تیرۆگ پان کراوەتەوە . لە کاتی نانکردندا ، ژنەکە چوارچمکی لەسەر عەرد دادەنیشێ‌و لەلای ڕاستەوە ئاگر لە ئاگردانێکی بە سێ کوچکە دەکاتەوە . ئاگرەکە بە چیلکەدار (٥٢) دەکاتەوەو هێدی هێدی چیلکەکان لەبەر ڕادەکات . سێلێك دەخاتە سەر سێ کوچکەکە . سێڵ قولپی پێوەیە پێی بەدارەوە دەکەن . کورد لە کاتی نانکردندا بە جۆرێ سێڵ دەخەنە سەر ئاگر کە پشتە زەقەکەی دەکەوێتە لای سەرەوە ... ئینجا ژنەکە هەویرە پانەکە بە مادە دەخاتە سەر سێڵی سوورەوە بوو (٥٣) . نانی

---

(٥١) هەر وەکو لە پێشەکی‌دا بە نموونە باسمان کردوە ئەم تێبینی‌یەی خاتوو هێنی تەواو پێچەوانەی هەندێ ناوچەی‌تری کوردستانە . بە پێی سەرنجی ئەو و لەو شوێنانەی ئەو دیونی کە نان بە تەندوور بکرێ تیرۆگ بەکار دێ ، کە بە سێڵ بکرێ تیرۆگ بەکار نایە کەچی لە ناوچەکانی‌تر تەواو پێچەوانەیە کە نان بە سێڵ بکرێ تیرۆگ بەکار دێ‌و کە بە تەندوور بکرێ بەکار نایە ــ و .

(٥٢) لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەی خاتوو هێنی لێ‌بوە ناوچەیەکی شاخاوی‌یەو دارستانی زۆرە ، سووتەمەنی‌یان بە زۆری دارەو نانیش هەر بە چیلکەدار دەکەن . لە ناوچە دەشتایی‌یەکان ئەوەی مەڕی هەبێ قشپل (پشقل) دارودوویەکی زۆر باشەو ئەوەی مەڕی نەبێ بە کاوکۆت‌و قەسەر نان‌و شیو دەکا . بەڵام ئێستا لەوە ترازاوە ، سێڵ بە نەفت‌و غاز سوور دەکرێتەوە ــ و .

(٥٣) لوڕەکانی ئێرانیش نان بەو شێوەیە دەکەن فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩٥ .

یەکەم بە تەنێ دەبرژێنێ ، تا ئەو دەبرژێ نانێکی‌تر پان دەکاتەوە • هەر بە دەستو بە بێ دار نانەکە لە سێڵ دەکاتەوەو (٥٤) ئەوەی‌تری لە جێ دەخاتە سەرو پاشان نانە برژاوەکە ، کە هێشتا گەرمە ، دەخاتەوە سەر نانی سەر سێلەکە • لە کۆتاییدا هەموو نانە برژاوەکان لەناو تریانێك لەسەر یەك دادەنێ (٥٥) •

**بەناوهێنانی شیرو ڕێچاڵ :**

ئافرەت مانگاو مەڕو بزن دەدۆشن • مانگا لە تەنیشتەوەو مەڕو بزن لە پشتەوەڕا (٥٦) دەدۆشن • لە کاتی دۆشین (٥٧) ، ئافرەتەکە یەکێکی دەوێ

---

(٥٤) لێرەش‌دا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە هەندێ ناوچەی‌تر کە نان دەخەنە سەر سێڵ هەر بە تیرۆك دەیخەنە سەر سێڵو پاشان بۆ هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی نانەکە دارێك بەکار دێنن پێی دەگوترێ (ناوبرێشك)و کە نانەکە برژا هەر بە ناوبرێشك (نەك وەکو خاتوو هێنی دەڵێ بە دەست) نانەکە دێننە خوارێو لەسەر تریانی دادەنێن — و .

(٥٥) ئەو نانەی کە بە سێڵ دەکرێ سێ جۆرە :

١ — نانی تیری : ئەو نانەیە کە یەك یەکە دەکرێو زۆر نەرمو خاوەو هەر بایی ڕۆژێکە ، بۆیە هەموو سبەینان ئەو نانە دەکەن . چونکە ئەگەر بمێنێتەوە ڕەنگە کەڕەکیف هەڵبێنێو خراپ ببێ .

٢ — نانی هەورامانی : ئەوەیە کۆمەڵە نانێك بە یەکجار پێکەوە دەبرژێنن . کە نانی یەکەم برژاو نانێکی‌تریان پان کردەوەو خستیانە سەر سێڵ ئەوەی یەکەمی دەخەنەوە سەرو کە نانی بنەوە برژا دیسان نانێکی‌تری داوێنە سەرو بەم جۆرە کۆمەڵە نانێك پێکەوە دەبرژێننو ئەمەش هەر بۆ ڕۆژێکە .

٣ — نانی مەزرەقە : نانێکی زۆر تەنکەو یەك یەك دەیبرژێننو لەگەڵ برژاندنەکەدا سووری دەکەنەوەو ڕەق دەبێ . ئەم جۆرە نانە بە زۆری دەکەنو بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێو هەر کاتێ بیانەوێ هەندێکی ئاو لێدەڕشێنن خاو دەبێتەوەو دەیخۆن — و .

(٥٦) ب : لەبارەی لوڕەکانەوە ، فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩٠ .

(٥٧) خاتوو هێنی هەر باسی ئەوە دەکا کە مەڕو بزن بە تاکە تاکی دەدۆشن . هیچ باسی بێری نەکردوە ، دەڵێ ژن بۆ بێر دەچوونە دەرێ بەڵام نالێ =



دیوارێکی قوڕەو دەرگایناندینی تێدایە . ئافرەتێ هەویر لەسەر
پنە (فەرشە) پان دەکاتــەوە ( سلێمانی )

بێرەکە چۆنەو چۆن دەکرێ ؟ هەڵبەت دیارە بێرکردنی نەدیوە ئەگەرنـا نەیدەتوانی باسی ئەم دیاردە ناسكو جوانەی شوانکارانەی کوردی نەکا . بۆیە وا چاکە کورتە باسێکی بێر بکەین .

بەهاران بێر دوو جار دەکرێ سبەینان لە پەڕگەی گوندو ئێواران لـە دەشتو دەر . کە هاوین داهات هەر دوو بێر لە گونـد دەکرێ . ئـەو ئافرەتانەی بۆ بێر دەچنــە دەرەوەی دێ پێیان دەگوتـرێ (بێری) یـان (بێریوان) یان (بێریڤان) . هەر بێرییەك شیرمەشك یان پەقلەجێکی پێیە بۆ شیر . دیمەنی ئەو ئافرەتانەی کە بە ڕەوە دەچنە دەرەوەی دێ بـۆ مەڕدۆشینو دێنەوە دیمەنێکی زۆر جوانەو هەر لە زووەوە سەرنجی شاعیرە دڵتەڕەکانی ڕاکێشاوە .

ئینجا چۆنیەتی بێرکردن : ئەگەر بێر لە بەر گوند بکرێ دارێك یـان بەردێکی تایبەتی هەیە هەموو جارێ شوان لە کاتی بیرکردندا لە سەری دادەنیشێ پێی دەگوترێ (داربێر) یان (بەردەبێر) هەڵبەت کە بێرەکە لە دەشت بێ شوان لەسەر بەردێك دادەنیشێ ، واتە بەردەبێری هەیە .



کەرەستەی نان‌کردن : پنە (فەرشە) ، تیرۆک ، مادە ، ئەستیو ، کەوچکێکی داری بچووکی چێشت‌خواردن ، کەوچکێکی داری گەورەی خواردنەوە .



مەڕو بزن لە پشتەوەڕا دەدۆشرێن (لۆڕزاوە)

مالآتەکەی بۆ بگرێو بە زۆریش وا دەبێ کچێـکی بچکۆلانـە سـەری حەیوانەکەی بۆ بگرێ • شیر لە مەنجەڵی سفر دەکەن • لە نزیـك بەڵخـە لە شاخان ، کە ژن بۆ بێری ئێواران دەچوونە دەرەوە دەماندی « هەلیزە » ــ یان «کیسە»یان پێ بوو • ئەم هەلیزەیە واتە شیرمەشکە ٤٠سم درێژ دەبێو لە پێستەی ساغی کار یان بـەرخ دروسـت دەکرێ • دەرکاێنـدی بـە هەنگڵێکەوەیە زارکی پێ دەبەستن • قەت شیر بە خاوی نـاخۆنەوە (٥٨) •

---

شوان لەسەر داربێر دادەنیشێو بێرییەکان لەم لاو لەولای دادەنیشنو هەر کەسە بادییەکی بچووکی پێیە مەڕەکانی تێدا دەدۆشیو کە پڕ بوو لە شیرمەشکی دەکا ..

مێگەلە مەڕەکە هەموو لە دوو یەك ڕیز دەکەنو بەری دەدەنە شوانی سەر داربێرو چەند کەسێك لەم لاو لەو لای ریزی مەڕەکان ڕادەوەستن، مەڕەکان وورده وورده لێدەخوڕنە پێشو لێناگەڕێن بێدۆشین هەڵبێنو دە پشت شوانەکە بکەون . ئەو کەسانەی مێگەلەکە ئاوها ڕیز دەکەنو لێیدەخوڕنو نایەڵن مەڕەکان بڕۆن پێیان دەگوترێ «بێرکەر» .

کە مەڕەکان دەگەنە لای شوانەکە . شوانەکە دوو دوو یان چوار سەری مەڕەکان بۆ بێرییان دەگرێو ئەوانیش دەیدۆشنو هەر بێرییەك کە مەڕێکی دۆشیو تەواو بوو دەڵێ «بەرەکەتدا» . بەمەوە شوانـەکە دەزانێ کە مەڕەکە دۆشراوەو بەری دەدا بڕوا .

کە هەموو مەڕەکە دۆشراو بەپشتدا کەوت ، بێرییەکان بەرەو مـاڵ دەبنەوەو ئینجا بەرخەوان بەرخ دێنێو لە مەڕەکانی بەردەدا . کە بـەرخ تێبەردەدرێ دیمەنێکی هێند جوانی هەیە ، دیمەنێکی هێند بە تاسیری هەیە بڵێی وەکو هەرچییەکە وا نییە . باعەباعی بـەرخو مـەڕ گوێی گەردون کەڕ دەکا . غارەغاری بەرخ لە دوای دایکیو مەڕ لە دوای جەرگی دونیا دەهەژێنێ . پاش ئەوەی هەر بەرخێك بە دایکی دەکـەوێو تـێر دەیمژێ شوانو بێرکەرەکان بەرخ هاوێر دەکەن .

هاوێرکردن وایە کە هەموو مێگەلەکە بە بەرخو مەڕەوە کۆ دەکەنـەوە سەریەكو لە لایەکەوە هەموویان بە ڕیز بەریان لێدەگرنو وورده وورده مەڕەکان ئیزن دەدەنو بەرخەکان داژۆن ، تا هەموو مەڕەکان دەڕۆنو تەنیا بەرخەکان دەمێننەوە ، بەرخەوان بەرخـەکانی داژواو شـوانیش دەچێتەوە لای مەڕەکانیو بێرکەرەکانیش بەر[illegible] دەبنەوە — و .

(٥٨) ب : لەبارەی بەختیارییەکانەوە ، بیشۆپ ١٩٨١ ، ٢٢ .



دەستە چەپ : جەڕەیەکی وەکو بوتل وایە ، دەسکی هەیە (شەربە) (تۆپزاوە) .
دەستە ڕاست : شیرمەشك ، لە پێستە بەرخی ساغکراوە (بەلخە)

شیری مەڕو بزنو مانگا تێکەڵ دەکەنو لەناو مەنجەڵێکی گەورەی بنپانی سپی کراوەی دەکەنو دەیخەنە سەر ئاگرو گەرمی دەکەن تا دەکوڵێ (یان نەختێ دەیکوڵێنن) پاشان وازی لێدێنن تا سارد دەبێتەوە • کە سارد بوەوەو گەرمایی گەیشتە پلەی گەرمی دەست [٥٩] کەوچکە «ماست»ێکی ڕۆژی پێشووی تێدەکەنو بە گەرمی دایدەپۆشن (وا دەبێ هاوین لە حەوشە دایپۆشن)و تا سبەینەی پاشی شیرەکە دەمەیێو دەبێتە ماستێکی تازەو نوێ•

دیزەیەکی ١٤٠٠م بڵند هەبوو تیرەی ١٧٠٠م بوو دەیانگوت بۆ ئەم مەبستە بەکاری دێنن • دەیانگوت بۆ هەوێنکردنی یەکەم ماست شیلکی بەرخ یان کارژۆڵەیەك ، کە تازە بووبێو هێشتا فرچکی نەخواردبێ ، دەردێننو لەناو شیری شیرتێنی دەکەن [٦٠] • کە شیر دەکوڵێنن سەرتووی

---

(٥٩) خاتوو هێنی بۆیە پلەی گەرمی هەوێنکردنی شیری بە پلەی گەرمی دەست داناوە چونکە دیویە کابان پێش هەوێن کردنی شیر ناو بە ناو پەنجەیەك دەخاتە ناو شێرەکە بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ نەختێ سارد بۆتەوەو بە کەلك هەوێن دێ یان نا ؟ چونکە کە شیر هەوێن دەکرێ دەبێ نە زۆر گەرم بێو نە زۆر سارد چونکە لەم هەر دووبارەدا بۆی هەیە شێر هەڵبیزرێو نەبێتە ماست ــ و •

(٦٠) هەوێن کردنی یەکەم ماست بە شیلکی بەرخ یان کارژۆڵەی گۆشنەکراو نابێ • خاتوو هێنی بە هەلەدا چووە ، هەوێن کردنی یەکەم ماستو هەوێنکردنی پەنیری لێ تێکەڵ بوە • هەوێنکردنی یەکەم ماست بەم جۆرە دەبێ :

ئەگەر ماستی کۆن هەبوو ، ماستە کۆنەکەی تێدەکەنو هەوێن دەبێو دەبڕێتەوە • ئەگەر ماست نەبوو ، هەندێ کەشك دێنن دەیسوونەوەو کەشکاوەکەی تێدەکەنو شیرەکە هەوێن دەبێ •

یان ، شتێکی ترشی وەك لیمەندۆزی ، یان هەر شتێکیتری ترش دێننو لە شیرەکەی دەکەنو هەوێن دەبێ •

یان گیایەك هەیە پێیدەگوترێ گیاشیرە • ئەگەر قەدەکەی بقرتێنی دوو سێ دڵۆپی سپی وەك شیری لێ دەتکێ • ئەم دڵۆپانە لەناو شیر دەکەنو شیرەکە دەبێتە دەڵەمە ، واتە دەبێتە ماست بەڵام ماستێکی زۆر پەیت نا •

=

لەسەر پەیدا دەبێ ، ئەو سەرتووە دەگرن‌و دەیخۆن ، زۆر خۆش‌و بەتامە[٦١] • تەرۆزی گچکەو ناسك وورد دەکەن‌و لەناو ماستی دەکەن‌و دەیکەنە تێچین، خواردنێکی زۆر بەتام‌و زەریفە • یان سبەینان ناشتا بە نان‌و ماست دەکەن• وا دەبێ ماست لە تۆربەیەك دەکەن‌و بە دارەوە هەڵیدەواسن • ئاوەکەی لێ‌دەچۆڕێتەوەو دەبێتە تۆراخ[٦٢] •

ئاو لە ناو ماست دەکەن‌و دەیکەنە «ماستاو»[٦٣] • ماستاو وایە نەختێ ڕونە بەڵام زۆر چەورو بە کەڵکەو لەباتی شەربەت دەیدەنە میوانان • «کەرە»یش هەر لە ماست دەگیرێ[٦٤] • لە گوندان ، هەموو ڕۆژێ ، سبەینێ زوو ، سەعات پێنجی بەیانی ، ماست لە مەشکە دەکەن • مەشکە پێستەی ساغی[٦٥] بزنە بە جەفت خۆشی دەکەن‌و زۆر جوان دەیشۆن‌و دوو حەفتە لەو ژوورەی ئاگردانی لێیە بە بنمیچەوە هەڵیدەواسن تا قانگ بدرێ‌و تێر دووکەڵ بێ • هەنگڵەکانی دەدوورن‌و کونی دواوەیشی بە قایش پینە دەکەن •

---

یان ، هەروەکو لە کوردەواری باوە ، ئەگەر خەنجەری دەبانی جەوهەردار لە شیرەکە هەڵبکێشی هەوێنی دەکا .

هەندی شیلکی بەرخ‌و کارژۆڵەیەو خاتوو هێنی بە هەوێنی یەکەم ماستی داناوە ، ئەم شیلکە دەکرێتە هەوێنی پەنیر . هەوێنی پەنیر پێی دەگوترێ ئامێژەن‌و لەم شتانە دەگیرێتەوە :

(شیلکە بەرخ یان کار ، ناوکە گندۆرە ، نۆك ، بیبەر ، خوێ ، زاخ ) ــ و .

(٦١) ب : لەبارەی لوڕەکانەوە فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩١ .
ــ ب : فردیناند ١٩٥٩ ، ٣٥ .

(٦٢) ب : نیکیتین ١٩٥٦ ، ٥١ .

(٦٣) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٠٣ .
ــ های ١٩٢١ ، ٥٣ .

(٦٤) ب های ١٩٢١ ، ٥٣ ود .
ــ نیکیتین ١٩٥٦ ، ٥١ .

(٦٥) پێستەی بزن بە زۆری دەکرێتە کوندە . بۆ مەشکە پێستەی مەڕو ڕەشەووڵاغ باشترە ــ و.

مەشکەژەن مەشکە قیت دەکاتەوەو ماستی تیٚدەکاو دەرکی بە دەرکابێندێك دەبەستیٚ کە بە مەشکەکەوەیە • دوو لۆلەپ لە بەینی هـەردوو هەنگڵـی پێشەوەو هەردوو هەنگڵی دواوە قایم دەکەن تا مەشکەکە ڕەپ ڕابوەستیٚ(٦٦) کە مەشکە دەخەنە داریٚ مەشکەکە دەکەوێتە سەر بارێکی ئاسۆیی‌و(٦٧) بە گوریسێك بە سـنگێکەوە هەڵیدەواسن جا ئەو سـنگە چ لـە دیواری ژوورەوەی ناندین بیٚ‌و چ لە دیواری دەرەوەی ناندین کە دەکەوێتەوە نـاو حەوشە • وایش دەبیٚ مەشکە بە «سیٚپا» واتە سیٚپێك دەژەنن • سیٚپێك سیٚ دارەو لە بەر ماڵیٚ لەسەر زەوی دادەمەزریٚ •

مەشکەژەن یان لە پێش مەشکە ڕادەوەستیٚ یان لەسـەر چینچکـان هەڵدەترووشکیٚ و زۆر بە توندی مەشکەکـە بەرەو پێش‌و بـەرەو پاش دەژەنیٚ(٦٨) • دوای بیست دەقیقەیەك مەشکەکە دەکاتەوەو ئاوە شیرتینەکەی

(٦٦) دارێك لە بەینی لۆلەپی پێشـەوەو لۆلەپی پشتـەوە ڕادەکـریٚ پـیٚی دەگوتریٚ : ناودۆك ، ناودۆ ، ناودارك ، دۆژەنگ ــ و.

(٦٧) ب : لیچ ١٩٤٠ ، تابلۆی ٥ .

(٦٨) کابان کە مەشکە دەژەنیٚ بەدەم مەشکەژەنـدنەوە گـۆرانی دەڵـیٚ‌و لـە گۆرانی‌یەکانی‌دا بە جۆرو قەبارەو دەنگ‌و نقیشکی مەشکەکەی هەڵدەڵیٚ: ئەمەش چەند نموونەیەکە لە گۆرانی مەشکەژەندن :

مەشـکۆرەم لۆ نەژایە
بایی سـەران لیٚ دایـە
هەمـووی بە ڕون گـەڕایە

★ ★ ★

مەشکەم مەشکەی گیسکۆران
تێکەن ئـاوی زەندۆران
بژیـنن بـە کیژۆران

★ ★ ★

مەشکەم مەشکەی بـەرانی
تێکەن ئـاویٚ تـەلانی

=



ژنێك مەشكە دەژەنێ . مەشكەكە لە پێستەی ساغی مەڕ
دروستكراوەو بە سنگێك بە دیواری قوڕەوە هەڵواسراوە (تۆپزاوە)

لێدەڕێژێ‌و دەیبەستێنەوە • پاشان نیو سەعاتی پێهەل هەر ناو بەناو مەشکەکە دەکاتەوەو تەماشایەکی ناوی دەکا • کە (کەرە)کە دروست بوو [٦٩]و وەکو گژنیژەی سپی لێهات لەسەر دۆی ناو مەشکە ، ڕووی دەکاتە ناو مەنجەڵێك، بەسەری پەنجەکانی گژنیژەی کەرەکان کۆ دەکاتەوەو دەیکاتە سەلکە کەرەیەکی سپی • ئەم سەلکە کەرانە زۆر نەرم‌و ناسکن • ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ژەمەنەی دەیگرن لە ناو دیزەیەك لەسەر کەرەی ڕۆژەکانی پێشووی دەکەن‌و خوێی پێوەردەکەن‌و پارچە کەوڵێکی بەسەردا هەڵدەکێشن • جاروبار ئەم کەرە خۆش‌و بەتامە بە خاوی دەخۆن بەڵام بە زۆری هەر چێشتی پێ لێدەنێن • ئەو کەرەی دەیانەوێ بیبەنە شار بیفرۆشن چەند جارێك دەیقرچێننەوەو دۆوڵ‌و سرپاتەکەی لێدەگرن‌و ئەوەی بە پاك‌و پوختەیی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێ «ڕۆغەن» [٧٠] •

ئەوەی دوای کەرەگرتن دەمێنێتەوە پێی دەگوترێ «دۆغ»و[٧١]

---

شەقەی لە مەشکەی دەدا
دەنگی گەیی یە عوربانی

★ ★ ★

مەشکەم مەشکەیی گایێ
لۆلەپ داری چیایێ
شەقەی لە مەشکەی دەدا
دەنگی گەیی‌یە بەغدایێ

— و •

(٦٩) فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩١ پەراوێزی ١ ، گومانی هەیە لەوەی داخۆ کەرە لە ماست دەردەهێنرێ کە بێگومان لە کوردستانی عێراق وا بوو •

(٧٠) ب : های ١٩٢١ ، ٥٤ •
— ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ١٦١ •
— لەبارەی ئێرانەوە ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، ١١٧ •
— فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ٩٢ •
— لەبارەی ئەففانستانەوە ب : فردیناند ١٩٥٩ ، ٣٥ •
[ ڕاستەکەی بە کوردی پێی‌دەگوترێ (ڕۆن ، ڕوون ، دۆن — و ] •

(٧١) ڕاستەکەی پێی دەگوترێ (دۆ) — و •

شەربەتێکی وەکو ماستاو وایە • لە بەینی جەمەکان ، یان کە تینوو دەبن دەیخۆنەوە • دۆ ترش‌و خۆشە • لە لادێ‌دا دۆ لە دۆدان دەکەن‌و زارکی بە دەرکابێند دەبەستن‌و لەبەر سێبەرێکی ، بۆ نموونە ، وەکو قەنتەرەی حەوشە بە دارێیەوە دەکەن تا فێنك بێ •

لە سلێمانی ، بۆ ساردکردنی ماستاو هەندێ بەفریان تێ‌دەکرد • ئەم بەفرە لە چیا لە کونبەفران دەکرێ‌و هاوین دەری دێنن‌و دەیهێننە شارو لە بازاڕ(٧٢) دەیفرۆشن • لە گوندان ، دۆ بە کۆتکی گەورە دەخەنە بەر میوانان‌و «کەوچك»ێکی(٧٣) گەورەی چەماوەی دەخەنە ناو پێی دەخۆنەوە • کەوچکەکە ٣٨و٠م درێژەو ١٢و٠م قووڵەو دەسکی درێژو نەخشینە • دۆ لەگەڵ گەنمی ساغ لەناو مەنجەڵ دەکوڵێنن‌و پاشان لەسەر بەڕەیەك ڕایدەکەن• ئاوەکەی لەبەر دەڕواو ئەوەی مایەوە لە پێستەی دەکەن‌و بۆ زستان دایدەکەن ( ئەمەمان لە بەڵخە دی ) (٧٤) •

---

(٧٢) ب : هامیلتن ١٩٤٧ ، ١٨٥ : « کورد ، زستانان ، بەفر لە ئەشکەوتی سەر ترۆپکە شاخان دادەکەن‌و هاوینان دەیهێننە خوارەوە » .
— نیبوور ١٧٧٨ ، ٢ ، ٤٠٢ لەبارەی دیاربەکر لە توریا نووسیویە : « لە دەرەوەی شار قۆرت هەیە بەفری تێدا کۆدەکرێتەوە » .
— لە بارەی ئێرانەوە ب : چاردن ١٧١١ ، ١٩٥ .

(٧٣) ب : های ١٩٢١ ، ٥٣ .

(٧٤) لەبارەی بەناوهێنانی شیرو ڕێچاڵەوە با ئێمەش ئەمەی بخەینە سەر :
حەیوان کە تازە دەزێ تا سێ ڕۆژ شیرەکەی هەوێن نابێ . هەر هێندە دەیکوڵێنن‌و هەندێ خوێی تێ‌دەکەن ، خۆی هەڵدەبزرکێ‌و پێی‌دەگوترێ (فرۆ) . فرۆش تامی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ماست بە چا دەخورێ .
شیری مەڕ لە هی بزن چەورترو خۆشترەو هی بزنیش لە هی مانگا . شیر ، یان بە خاوی دەخورێتەوە ، ئەوەش زۆر کەمە . یان هەوێنی ماستی تێ‌دەکرێ‌و دەبێتە ماست ، یان ئامێژەنی تێ‌دەکرێ‌و دەبێتە پەنیر .
بۆ ماستەکە ، شیر دەکوڵێنن‌و لێ‌دەگەڕێن تا نەختێ سارد دەبێتەوەو هەندێ هەوێنی تێ‌دەکەن‌و شەش حەوت سەعات بە گەرمی دایدەپۆشن =

. . . . . . . . . . . . . . . . .

هەوێن دەبێو دەبێتە ماست . شیر پاش کوڵاندن سەرتووی لەسەر پەیدا دەبێ ، سەرتوەکەی لێدەگرنو بە جیا دەیخۆن زۆر چەورو خۆشە .

ئینجا کە بوە ماست :

- یان ماستەکە بە نان دەخۆن .
- یان ئاوی تێدەکەنو دەیکەنە ماستاو و دەیخۆنەوە .
- یان لە تۆربەی دەکەنو ئاوەکەی لێدەچۆڕێتەوەو دەبێتە (تۆراغ ـ ماستی گرتیەوە ) .
- یان بە مەشکە دەیژەنو کەرەکەی لێدەگرنو ئەوەی ماوە دەبێتە (دۆ) .

جارێ مەشکە دوو جۆرە : یان پێستەیە یان دارە . کە پێستە بێ ، یان پێستەی ڕەشەووڵاغە یان پێستەی سپیانە . مەشکەی دار ئەوەیە کە دار بە تەڕی دێننو دەیکەنە شەپکەو شەپکەکان تێك دەبەنەوەو لە قاڵبی دەدەنو مەشکەیەکی پتەوی وای لێ دەردەچێ یەك دڵۆپە ئاوی لێناچێ .

ئینجا کەرەو دۆ : کەرە یان هەر وا بە خاوی دەخۆن ، واتە وەکو ماست بە نان پارووی لێدەدەنو دەیخۆن یان دەیکەنە هەرمیشك و نانچێنە . هەرمیشك : ئەوەیە ئەستوورکی گەرم بە سێڵ دەکەنو هێشتا گەرمە کەرەی لێدەدەنو کەرەکە بەسەری دا دەتاوێتەوەو چەوری دەکاو دەیخۆن . نانچێنە : ئەوەیە کە نانو ئەستوورکی گەرم دێننو وورد ووردی دەکەنو لەناو قاپێکی دەکەنو چەند سەرکە کەرەیەکی تێدەکەنو کەرەکە لەبەر گەرمی ئەستوورکو نانەکە دەتاوێتەوەو چەوری دەکاو دەیخۆن. ئەمە کەرەی خاو . واشدەبێ کەرەکە دەقرچێننەوە، واتە لەسەر ئاگری دادەنێن تا دەتوێتەوە کە توایەوە دۆوکو سرپاتی سەری فڕێ دەدەنو ساردی دەکەنەوەو دەبێتە ڕۆن .

ئێستا دۆ : دۆ زۆر شتی لێدەردێ :

- یان بە خاوی دەخورێتەوە . ترشو خۆشە .
- یان دەیکوڵێننو لە ناو تۆربەیەکی خامی دەکەن کە پێی دەگوترێ «تازیە» . ماوەیەك دایدەنێن تا ئاوەکەی هەموو لەبەر دەرواو دۆیەکی پەیت دەمێنێتەوە پێی دەگوترێ «شیرێژ» . شیرێژ بەکەلك زۆر شت دێ:

— هەر وا بە خاویو بە تەڕی دەخورێ .

— دەیکەنە سەرکی بچووك بچووکو لەبەر ڕۆژ ڕایدەکەن تا ووشك دەبێتەوە کە ووشك بوەوە ڕەق دەبێو پێی دەگوترێ کەشكو بۆ زستان

=

**چالێنـــان :**

لەو بەشەی کوردستان کە من لێبووم قاوە نەدەخورایەوە • تەنیا یەك قاوەجۆشم بینی • بە نیوداشتی لە سلێمانی کڕیبوویان • قــاوەجۆشــەکە دەرەوەو ناوەوەی تفرێکی تەنکی زەردی لێدرا بوو ، لێوی وەکو دەنووك وا بوو • سەرقاپەیەكو دەسکێکی پێوە بوو [٧٥]• ١٩•م بەرز بوو • ئەم

---

هەڵیدەگرن . زستانێ ناو بە ناو هەندێکی لێ دەردێنن‌و لەناو ئــاوی دەکەن تا نەرم دەبێتەوەو دەیسوونەوەو گەنم بە کەشك بە دۆواوکەکەی لێدەنێن .

- یان شیرێژەکە لەگەڵ ساوار لێك دەدەن‌و دەیکەنە سەرکی خڕی وەك کفتەو لەبەر ڕۆژ ڕایدەکەن تا ووشك دەبێتەوە کە ووشك دەبێتەوە پێی دەگوترێ (داندۆك)و بۆ زستان هەڵیدەگرن . زستانێ یان ئێواران لەباتی شەوچەرە هەندێ سەرکە داندۆك لەناو ئاو دەکەن‌و نــەرم دەبێتــەوەو دەیخۆن . یان ئەوەتە دەیکەنە شێو . شێو داندۆك زۆر خۆشە .
- یان شیرێژەکە دەکەنە ژاژی : هەر بە تەڕی دەیهێنن هەندێ گیاوگۆڵی لەگەڵ دەکەن تا بۆنی خۆش بکات‌و بۆگەنی نەبێ ئینجا لەناو پێستــەی دەکەن‌و بیست ڕۆژ لێی دەگەڕێن دەبێتە ژاژی . ئەو گیایانەی لە ژاژی دەکرێن ئەمانــەن : (کەنــگرە ، کولیــکەزەر ، کــوڕات ، غەزێمـوك ، باغۆغە ، مەندی ، بێزوو ، چەور ) .

مایەوە پەنیر : شیر دەکوڵێنن‌و یەکسەر ئامێژەنی تێدەکەن . ئامێژەن هەوێنی پەنیرەو لەم شتانە دەگیرێتەوە (شیلکی بەرخ یــان کارژۆڵــەی گۆش‌نەکراو ، ناوکە گندۆرە ، نۆك ، بیبەر ، خوێ ، شەب) . کە ئامێژەنی تێکرا دەم‌و دەست دەبزرکێ‌و سەڵك سەڵك دەبێ . ئەم سەڵکانە لــە ئاوەکەی جودا دەکەنەوەو لەناو تۆربەی دەکەن‌و دەیگــوشن تا هەمــوو ئاوەکەی لێدەچۆڕێتەوە . ئینجا لە ناو پێستەی دەکەن‌و هەڵیدەگرن . ئەگەر پێستەکە نوێ بێ‌و هی کوشتی ئەو ســاڵە بێ پــێی دەگــوترێ (تەڕکوژ) ، ئەگەر پێستەی کۆن‌و هی ساڵەکانی پێشوو بێ پێی دەگوترێ (خاوەك) .

ئەو ئاوەی پاش گرتنی پەنیرەکە دەمێنێتەوە پێی دەگوترێ (سزگ) ، هەندێ شیری تێدەکەنەوە یان نەء ، لە هەر دوو باردا ســەر لە نــوێ دەیکوڵێننەوەو دیسان ئامێژەنی تێدەکەن‌و ئەمجــارەیان هەڵــدەبزرکێ‌و دەبێتە لۆر . لۆریش بۆ ئەوەی تام‌وبۆی خۆش بێ (کوارگ)ی تێدەکەنــوە.

قاوەجۆشە ڕەگەزێکی بیانی (عارەبی)یە ، من نەمدی بەکاری بێنن • لەسەر شارێگاکان ناوناوە «چایخانە» هەیە ، زەلام لادەدەن‌و «چا»ی لێ دەخۆنەوە• لە ماڵێ بێجگە لە جەمی ئاسایی زۆر جاری‌تر چا لێ‌دەنێن • چا شەربەتێکی خۆشە پاش هەموو جەمێك لێ‌ی‌دەنێن ، میوانیان بێ چای بۆ لێ‌دەنێن[٧٦] • ئێواران بۆ ڕابواردن‌و خەو ڕەواندنەوە چا لێ‌دەنێن • چالێنان‌و چاگێڕان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە •

وەك دەستوور وەری‌بگری ژنێکی تایبەتی ماڵ ئەرکی چالێنان دەگرێتە ئەستۆ • ژنە بە چوار مەشقی لەسەر کەوڵەمەڕێکی بچووك یان حەسیرێك یان پارچە «لباد»ێکی ٥٠ر١م × ٧٥٠و٠م دادەنیشێ‌و هەموو کەرەستەی چالێنان‌و چاتێکردن لە دەوروبەری خۆی کۆدەکاتەوەو هەرچی پێ‌ی بوێ‌و دەستی بۆ بیا حازرە • لە هەمووی گرنگتر «سەماڤەر»ە • سەماوەر لە تووج یان مس[٧٧] دروست دەکرێ ، پێچکەی نزمی هەیە • پڕ ئاوی دەکەن‌و لە ناوەڕاستەوە جەهەندەمێکی تێدایە بە پەلاگرك پڕ پەڕەنگی گەشی دەکەن • پەڕەنگ یان لە ئاگردانی ناندین دێنن یان ڕەژووە ، لە مەقەڵەیەکی پان‌و پەل‌و چوارگۆشەی بەرمیلی پایە نزم گەشی دەکەنەوە • سەماوەر لە بنەوە پەنجەرەی هەیە • بۆڕی‌یەکی بچووك داوێنە سەر دەمکێشی سەماوەرەکە تا ئاوەکەی دەکولێ ، کە کولا بۆڕی‌یەکەی لێ‌دەکەنەوەو قۆڕی‌یەکی چینکۆی بچووکی لە باتی دەخەنە سەر دەمکێشەکە • قوڕی‌یەکە پڕ ئاوی کولاو دەکەن‌و هەندێ تۆوچای زۆر توندی تێ‌دەکەن‌و لێ‌دەگەڕێن تا دێم دەکێشێ‌و دەبێتە چایەکی زۆر خەست‌و تیرو بایی هەموو خەڵکەکە دەکا • تاسێکی پڕ ئاو لە تەنیشت سەماوەر دادەنێن • پیاڵە ، کە ٨ سم بەرزە ،

---

(٧٥) ب : بووشمان ١٩٣٤ ، تابلۆی ، ژمارە (٦٤ـ٦٦) ، ( عارەبی کۆچەری بیابانی سوریا • )

(٧٦) ب : های ١٩٢١ ، ٥٢ •

(٧٧) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٣٠ ، ٢٢٥ •

بنپیاڵەی گوڵگوڵیو کەوچکیشی [٧٨] دەخەنە ناو • پیاڵەو بنپیاڵەیان بە دەستە (دەستەی دوازدە دانەیە) لە بازاڕ کڕیبوو • دەیانگوت لە چیکۆسلۆفاکیا هاتوە • شەکری وورد لە قوتوودایەو دێنن ( بەقەد دوو گڵمت) لەو شەکرە ووردە لەناو پیاڵە دەکەنو تا نیوە ڕەنگی ناو قۆڕیەکەی تێدەکەنو پاشان لە شێرەی سەماوەرەکە پڕ ئاوی کوڵاوی دەکەن ، وا دەبێ هەندێ شەکری قەند بە شەکرشکێن [٧٩] لەسەر قوماشێك وورد دەکەنو لەناو قوتوویەکی دەکەنو لە پێش خەڵکەکە دەیگێڕن... [٨٠] هەر جارەی کە پیاڵە چایەك خورایەوە پیاڵەکەو بنپیاڵەکەو کەوچکەکە لە ئاوی ناو تاسەکە هەڵدەکێشن • هەر پیاڵەیەك بە تاڵ بوو دەیهێننەوەو بۆی تێدەکەنەوە تا کابرا نخوونی دەکاتەوە • کە نخوونیکردەوە مانای وایە چیتری پێ ناخورێتەوە •

ئەو ژنەی چا لێدەنێ خۆی چا ناگێڕێ • لە پشت سەماوەر دادەنیشێو لە شوێنی خۆی ناجوولێتەوە • ئەو خەڵکەی ئەوێ ، چ میوانو چ خۆیی ، ئەوانیش لە جێی خۆیان نابزوون • ئەگەر چ منداڵ لەوێ نەبێ ، کێ لە هەموویان بچووکترو سووکەڵەتر بێ ، چ کوڕو چ کچ ، ئەو چایەکە دەگێڕێو بۆشەکان دەباتەوە • بەڵام ئەگەر وەك دەستوور وەریبگری چاگێڕان ئیشی منداڵانە • لەو کاتەوە دەست بە چاگێڕان دەکەن کە وایان لێدێ پیاڵەی پڕ بە بنپیاڵەوە بە یەك دەست هەڵبگرنو بتوانن لەنگەری خۆیان ڕابگرنو نەیڕێژن •

**چێشتلێنان :**

ناشتا بە ماستو چا دەکەن ، پارچە نانێك دەکەنە قەمچۆكو ماستی [٨١]

---

(٧٨) سۆن ١٩٢٦ ، ٢٢٥ ، بەم چاڵێنانە دەڵێ : «هی فارسان » .
(٧٩) ب : قوماشو شەکرشکێنی ئێران لە موزەخانەی نیشتمانی دانیمارك .
(٨٠) ب : لیچ ١٩٤٠ تابلۆی ٦ .
(٨١) ب : های ١٩٢١ ، ٥٣ .

پێ‌دەخۆن ، جاروباریش «هێلکە»و ڕۆن دەخۆن • بێجگە لەمەش ئــافرەت ڕۆژێ دوو جەمی گەرم (چێشت) ئامادە دەکەن : یەکێ نەختێ دوای نیوەڕۆو ئەوەی‌تر دەوروبەری سەعات شەشی ئێوارە • ئەو خواردنەی لەبەر جەمێك دەمێنێتەوە بۆ جەمێکی‌تر هەڵی‌دەگرن بەلاّم بە دەگمەن وا دەبێ پاشماوەی جەمی ئێوارە بۆ سبەینەی پاشی هەڵبگرن‌و ناشتای پێ‌بکەن [٨٢] ڕاستی ، ئەو خواردنەی لەبەریان دەمێنێتەوە ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵی‌بــگرن چونکە هاوینی زۆر گەرمە • پلەی گەرما لە دەوری ١٠٤°ف دایەو هیــچ کەرەستەی هەڵگرتنی خواردەمەنیشیان نی‌یــە •

خواردنی سەرەکی جەمی نیوەڕۆو ئێوارێ «برنج»ەو بــە ڕۆن [٨٣] لێ‌ی‌دەنێن‌و لەگەڵ یەك دوو جۆرە مەرەگەی سەوزەو پەتاتەو پشکە گۆشتی بچووك • گۆشت هەموو جەمێك نی‌یە ، ئەگەر هەبێ یان گۆشتی مەڕە یــان هی مریشکە • مریشك بە ئاوی کوڵاّو ئاوەڕووت دەکەن تا پەڕو کورکی خاو بێتەوە ، کە خاو بوەوە پەڕەکانی دەردەکێشن‌و کورکەکەی لێ‌دەکەنــەوەو پاکی دەکەنەوەو دەیشۆنەوە [٨٤] • ئینجا یان دەیکوڵێنن یان دەیبرژێــنن • ئەگەر بەزم‌وزیافەت لە گۆڕێ هەبێ مریشکەکە بە ساغی دەخەنە سەر سفرە، ئەگەرنا پەل‌پەلی دەکەن‌و لەگەڵ مەرەگە پێشــکەشی دەکەن • مریشــك سووریش دەکرێتەوە : مریشکەکە پاگژ دەکەنەوەو خوێ‌ی پێ وەردەکەن‌و

---

(٨٢) ڕاستە ، پەسند نی‌یە شێوی شەوی بخۆی . لەم بارەیەوە خەرافەیــەك لە کوردەواری هەیە دەڵێ کە شێوی ئێوارە مایەوە نابێ سبەینەی پاشی بیخۆین چونکە ئەجندە پەڕۆوپاتاڵی منداڵانی تێدادەشۆن‌و پیس دەبێــو.

(٨٣) سۆن ١٩٢٦ ، ٣٠ : « پــلاو » •

ـ لیچ ١٩٤٠ ، ٣٤ : « پلاف » •

(٨٤) پەڕەکە فڕێ دەدەن‌و کورکەکە دەگرن تا زۆر دەبێ ، کە زۆر بــێ دەیکەنە (بالیف ، سەرین ، بالگ) . سەرینی کورکی پەڕەوور زۆر نەرمەــو.

له شیشه‌ی درێژی هه‌ڵده‌کێشن‌و به ئه‌ڵقه ده‌یخه‌نه سه‌ر ئاگر • جاری وا هه‌یه له‌باتی برنج ساوار [٨٥] لێ‌ده‌نێن • که برنج لێ‌ده‌نێن پێش ئه‌وه‌ی برنجه‌که له‌ناو ئاوی کوڵاو یان له‌ناو که‌ره‌ی قرچاوه بکه‌ن زۆر جوان ده‌یشۆنه‌وه •

گۆشت خواردنیان «که‌باب»ه ــ که‌بابی تورکی‌نا [٨٦] که ساف گۆشته‌و له شیش ده‌درێ‌و سوور ده‌کرێته‌وه ــ که‌بابه‌که‌یان بریتی‌یه له گۆشتی قیمه‌کراو ، ئه‌و گۆشته قیمه‌کراوه وه‌کو هه‌مبه‌رکه‌ری لاکێشه‌یی له شیشه‌یه‌کی پان ده‌ده‌ن ، ئه‌م شیشانه له ڕیز یه‌که‌وه له‌سه‌ر ئاگری مه‌قه‌ڵه داده‌نێن • که برژا به پارچه نانێك ده‌ستێکی پێوه ده‌نێن‌و له شیشه‌که‌ی ده‌که‌نه‌وه •

سه‌وزه ، ئه‌مانه‌یان هه‌یه : ته‌ماته ، «بامیه» [٨٧] ، «بادنجان» [٨٨] ، کووله‌که ، نیسك ، پیاز ، کرتۆپه (په‌تاته) ، که‌له‌م ، لۆبیا ، پاقله [٨٩] • ته‌رۆزیش ده‌که‌نه کووزی وورد ووردو له ماستی ده‌که‌ن‌و ده‌بێته تێچین‌و

---

(٨٥) ب : های ١٩٢١ ، ١٠٢ .
ــ لیچ ١٩٤٠ ، ٣١ .
ــ لێره‌دا خواردنێکی تورکی میللیمان هه‌یه « بولغور ». ب : ریگارد ١٩٣٥ ، ٧٤ .
ــ یۆستروب ١٩١٢ ، ١٣٧ .
(٨٦) ب : ڕیگارد ١٩٣٥ ، ٧٤ .
(٨٧) ب : های ١٩٢١ ، ١٠٥ .
ــ ئه‌دمۆنز ١٩٥٧ ، ٩٥ .
ــ دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٩٤ .
ــ لێن ١٩٤٤ ، په‌راوێزی ١ : « بامیه «تۆله‌که‌یه‌که»» به‌که‌لك خواردن دێ... قله‌کانی به کیفکه ... پڕ ناوك‌و خۆراکی لیچه ... تامی خۆشه ... » .
(٨٨) ب : های ١٩٢١ ، ١٠٥ .
ــ دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٩٤ .
(٨٩) ب : لیچ ١٩٤٠ ، ٣٤ .
ــ لیده‌ردێل ١٩٤٨ ، ٧١ .

ناشتای پێ دەکەن • وایش دەبێ تەرۆزی وەکو میوە دەخۆن ، دەیخەنە نـاو قاپێکی بچووكو خوێی پێوەردەکەن •

میوەش ، ئەمانەیان هەیە : خۆخ ، قەیسی ، هەنجیر ، ترێ ، گندۆرە ، شـفتی •

لە تۆپزاوەو سلێمانیو بەلخە خۆشترین خواردن یاپراخ بوو ؛ پەلکە مێویان بە برنجو ووردکە پیاز دەپێچاو هەندێ تەماتەو سەڵکە پیازیشیـان ( سۆغان ) پڕ برنج دەکردو هەموویان پێکەوە لە مەنجەڵێك دەکردو نەختێ ڕۆنو ئاویان [90] بەسەردا دەکرد •

ئەو جەمەی یەك تەرحە خواردن بێ میوەیشی لەگەڵ دەخۆن • برنجیان لە فەخفووری‌یەکی پەل دەکردو مەرەگەی گۆشتو سەوزەیان لە قاپێـکی قووڵ دەکرد • وەکو دەستوور ، دووقاپی وایان لە سەر سنی‌یەکی خـڕی گەورە دادەناو دەیانهێنا لەسەر عەرد دایاندەنا • لەبەر ئەوەی ئەمن ئەوڕوپی بووم نانم لەسەر مێز دەخوارد بەڵام ئەمە شاز بوو • کەوچکێـکی ئاسـن یان داریان دەخستە ناو مەرەگەکە ٢٢٥و٠م درێژ بوو • کەوچـکەکە بـۆ ئەوە بوو مەرەگەیان پێ لەسەر پەردەپلاو دەکرد • پلاو بە دەست دەخۆن• بە پەنجەکانی دەستی ڕاستە هەندێ برنج خڕ دەکەنەوەو دەیکەنە پاروو و بە ئەنگوستی گەورە دەیخەنە ناو دەمیانەوە • کە مریشك بە ساغی بهاتایـە دەیانخستە سەر لەتە نانێكو دەیانڕنیەوە • وا دەبوو مەرەگەی ناو قاپەکەیان بە کەوچك [91] دەخوارد بەڵام چەقۆو چەنگاڵیان بەکار نەدەهێنا [92] • بێجگە

---

(٩٠) لێرەدا خواردنێکی تورکیمان هەیە «بەراغ»* یـان «دۆلـمـە». دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٩٤ لەباسی عارەبان ئیشارەتی بۆ دەکا .

* یاپراغ ــ یاپراخ ــ و .

(٩١) ب : های ١٩٢١ ، ٥٣ : «چەنگاڵو چەقۆ بەکار ناهێنن ، ئەوانەی ناتوانن بە دەست بخۆن بە کەوچك دەخۆن ...» .

(٩٢) نیبوور ١٧٧٢ ، ٥٣ دەڵێ کورد بە کەوچکی شاخ یـان دار ، چێشـت دەخۆن کەچی عارەب بە تبل دەخۆن .

لەوەی کە نان خۆی لە خۆیەوە جۆرە خواردنێکەو چێشتی پێ‌دەخۆن • شەربەتیان ، «ماستاو» یان «دۆغ» بوو ، دۆیەکە باوی کەمتر بوو • دۆ و ماستاو یان بە کەوچکی‌دار لە کۆتك دەخۆنەوە یان بە پەرداخ • پێش خواردن‌و پاش خواردن دەستیان دەشۆن • یەکێ دەستشۆرك‌و مەسینەیەك دێنێ‌و ئاویان بەدەستدا دەکا ، ئەوانیش دەستیان لەناو دەستشۆرەکە دەشۆن • پاش خواردن ئاو لە دەمیان وەردەکەن‌و خاوێنی دەکەنەوە •

**ئاو هێنان :**

ئافرەت بە زۆر چەشنە دەفر ئاو دێنن ، وەکو ؛ جەڕە : جەڕە نزیکەی ٤٠٠م بەرزەو لەلایەکەوە دەسکێکی پێوەیە • خۆیان لە ماڵەوە دروستی دەکەن‌و نەختێ سووری دەکەنەوە • یان وەکو ، تەنەکە : تەنەکە لاکێشەیی‌یەو لە گۆشەیەکی لای سەرەوە کونێکی خڕی تێدایە • ئافرەت کە جەڕە یان تەنەکە هەڵدەگرێ دەیخاتە سەر شانی چەپەو بە دەستی ڕاست دەیگرێ • بێجگە لەمانە «کونە» واتە کوندەش هەیە ؛ کوندە لە پێستەی ساغی خۆش‌کراوی مەڕ یان بزن دروست(٩٣) دەکرێ • ئافرەت کە کوندە

---

(٩٣) پێستەی ماڵات زۆر جۆرە دەفری جودای لێ دروست‌دەکرێ‌و بۆ زۆر مەبەست بەکاردێ • لەبەر ئەوەی خاتوو هێنی بە درێژی باسی ئەم لایەنەی نەکردوە ، ئێمە نەختێ قسەی لەسەر دەکەین :

پاش ئەوەی کە حەیوانەکە دەکوژنەوە ، پێستەکەی خۆش دەکەن‌و ئەم شتانەی لێ‌دروست دەکەن :

– یان ئەوەتە پێستەکە (وەکو پێستەی بەرخ بە بەرگنەوە) خۆش دەکەن‌و دەیکەنە فەروە ، ( جا چ فەروەی گەورەی وەك ساقۆ بێ ، چ فەروەی بچووکی بەقەد سوخمە بێ ) .

– یان پێستەکە (وەك پێستەی مەڕ) خۆش دەکەن‌و بە خوری‌یەوە ڕێکی دەخەن‌و لەسەری دادەنیشن .

– یان پێستەکە بە تەڕی خۆش دەکەن‌و دەیکەنە داوی باریك باریك‌و بۆ دروست‌کردنی شەنەی دارو دوورونی هەندێ شتی سخ بەکاری دێنن • یان دەیکەنە بێژینگ‌و سەڕەند .

هەڵدەگرێ یان دەیخاتە سەر نێکی قۆڵی تێوەردێنێ یـان دەیخـاتە نـاو بەرامپیلو بە پشتی خۆیدا دەدا • ئەگەر کوندە لە پشتێ بـکا یەکەمجـار بەرامپیلی لە سەر عەرد ڕادەخاو کوندەکەی لەسەر درێژ دەکا ، پاشان خۆیشی دادەنیشێ و پشت بە کوندەکە دەداو سەری بەرامپیلەکە دێنێتەوە سەر سنگی، سەرێکیان بەسەر شانی ڕاستەی داو سەرەکەیتر بە بن هەنگلی چەپەی دا دێ ، هەردوو سەر لێك قایم دەکاو هەڵدەستێتەوە • کە هەستایەوە ، پێش ئەوەی بڕوا لە جێوە تەکانێك دەداتە خۆی کوندەکە بڵند دەکا تا باش بخێوێتە پشتی • ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە ئافرەت بە گوریسی فەردە دەغڵ لە پشتی خۆی هەڵدەدا •

**پەیداکردنی گزرەو دارودوو :**

دارودوو کەمە ، گزرەکردنو چیلکە هێنان کارێکی سەختـە • داری قەلاشکەری لە شاخان دێننو لە ژووری نانـدین تەنـدووری پێسـوور دەکەنەوەو لەبەر ئاگری ئاگردانی ڕادەکەن • ئاگردان قۆرتێکە لە هەر چوار

---

— یان پێستەکە (پێستەی ئەستوورو پتەوی وەك هی ڕەشەوولاغ) خۆش دەکەنو دەیکەنە پێتـاو .
— هەندێ جاریش بۆ چارەسازی کە یەکێ هەموو لەشی بکوترێ پێستەیەکی تازە دێننو لێی دەدوورنو کابرا پێ چاك دەبێتەوە .
— یان ئەوەتە پێستەکە بە جەفتو پەلکە هەنارو شتیتر خۆش دەکـەن یان دەیغارێننو ئەم دەفرانەی لێ دروست دەکەن :
- مەشکە : بۆ ماست ژەندنە .
- کوندە : بۆ ئاوهێنانو ئاو تێ هەڵگرتنە .
- دۆدان : بۆ دۆ تێ کردنە .
- شیرمەشك : بۆ شیر تێکردنە ، بە تایبەتی بۆ بێر .
- جەندیلکە (جەوەندە) : پێستەی کارژۆڵەیەو وەکو کوندەیەکی بچووك وایە بە زۆری شوان بەکاری دێنن .
- تەڕکوژ : پێستەی نوێیە بۆ پەنیر هەڵگرتن .
- خاوك پێستەی کۆنە بۆ پەنیر هەڵگرتن .
- هیزە : بۆ ڕۆنە . زۆر شتی تریش ... — و .

لاوە دیوارێکی نزمی بە قوڕ بۆ دەکەن • لە گوندان جۆرە سێ کوچکەیەك هەیە دەگوازرێتەوە[٩٤] • دارودووی تەنــدوورو ئاگردان زۆر کەمــە • پەنگرەکان بە ماشە هەڵدەگرن‌و سەماوەری پێ‌دادەخەن • بێجگــە لەمــە تەپاڵەش هەیە : تەپاڵە چەنگە ڕیخێکە بە تەڕی لەگەڵ قەسەر لێکی‌دەدەن‌و دەیشێلن‌و بەدیواریدا دەدەن تا ووشك دەبێتەوە[٩٥] • ئافرەت قشپلی ماڵات لە هەوێزو مەغەڵ‌و کۆتان دەماڵن • ڕەژووش هەیە : لەناو مەقەڵەی پــان‌و پەڵ‌و نزم گەشی دەکەنەوە • ڕەژوو قالبێــکی بــازرگانی وەرگرتــوە • ڕەژووکەر هەن دەیکەن‌و دەیفرۆشنەوە • سۆبەی نەفت لە سلێــمانی‌و لــە گوندانیش لە ماڵە گەوران هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی لەم هەمــوو شوێنانە چێشت هەر بە ئاگرو مەقەڵە لێ‌دەنێن •

**گەرم کردنــەوە :**

ئەو ماوەی کە من لە کوردستان بووم ، لە مایسەوە تا ئەیلوول ، هاوین بوو • پلەی گەرمی لە ٥٠°م (١١٢°ف) زیاتر بوو ؛ بۆیە دەرفەتی ڕاستەوخۆم نەبوو بە زستان لە چۆنیەتی گەرم کردنەوەی خانوو بکۆڵمەوە • لەبــارەی گەرمکردنەوەی خانوو هەر هێندەم دی سبەینەیەك لە سەرکان ، کە گوندێکی نەختێ بەرزە ، لە قوژبنێك ئاگریان لە خەلانکەیەك کردەوە • جا بۆ ئەوەی زیاتر لەم مەسەلەیە بکۆڵمەوە دەبێ قسەی ڕێبوارو گەڕیدەکان وەربگرم • های[٩٦] دەڵێ : «زستان بۆ گەرم کردنەوەی ژووری سەرەکی ماڵ ئــاگر

---

(٩٤) ب : ریچ . ئێس . ئێ‌ی ، ٥٧ ود . وێنەی ١٢ .

(٩٥) ب : لــێن ١٩٤٤ ، ١٩٩ : ... « گەللــە » ، * ... شــیاکەی ڕەشەوولاغە... لەگەڵ قەسەر دەیشێلن‌و دەیکەنە سەرکی خڕو پان... بە دیواریدا دەدەن ... تا لەبەر ڕۆژ ووشك دەبێتەوە » .
ـ فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ٨٧ لەبارەی لوڕەکانەوە : «پیسایی وولاغان دەکەنە سووتەمەنی ... » .
* تەپــاڵە ــ و .

(٩٦) های ١٩٢١ ، ٤٩ .

لە ئاگردانی ناوەندی ژوور دەکەنەوە ، دووکەڵەکە بە کلاورۆژنەدا دەچێتە دەرەوە (یان وا دەبێ هەر لە ژوورەوە پەنگ دەخواتەوەو ناچێتە دەرەوە) • سۆن(٩٧) ناوی (مەقەڵەی ڕەژوو) دێنێو باسی ئەوەش دەکا کە «جاجمێك بەسەر دەدەن (کرسو) دروستدەکەن، ئەمەش شێوەیەکی خۆگەرم کردنەوەی کوردانە» • نیکیتین(٩٨) نووسیویە ، دەڵێ : «زستان بۆ نووستن تەختێك دەخەنە سەر ئاگردانو بەڕەیەکی (٩٩) بەسەردا هەڵدەکێشنو هەموو خۆیان لەبن ڕادەکەن •••» •

**ڕێژەو پێژەو شووشتنو ئوتووکردن :**

زۆر بە ووردیو بە چاکی هەموو دەفرو ئامانێك بە ئاوی ساردو ڕەوان دەشۆن • لە ئەسپۆن بترازێ کە جلو بەرگی پێدەشۆن هیچ شتیتر بەکار ناهێنن • لە کەلوپەلی ناوماڵ تەنیا پیاڵەی چا بە ئاوی کوڵاو دەشۆن ئەویش لە عانی چا خواردنەوە • جلوبەرگ بە ئاوی گەرم دەشۆن • سەرکە سابوون ، یان زرویو ئەسپۆنو حۆزە دەعەمەل دێنن • لە گوندان کە کوڵ دەکەن ئاو بۆ شووشتنی جلوبەرگ لە مەنجەڵی شێو ، لە حەوشە دەخەنە سەر ئاگرو کە جلەکانیان شووشت لەناو تەشت بە ئاوی ساردی کانی بسمیلیان دەکەن • کە جلك دەشۆن بۆ ئەوەی چڵکی باش لێبێتەوە یان بە

---

(٩٧) سۆن ١٩٢٦ ، ١٣ •

(٩٨) نیکیتین ١٩٥٦ ، ٨٨ •

(٩٩) ب : بیشۆب ١٨٩١ ، ١٣٢ لەبارەی ئێرانەوە : «ئاگردان ... لە ناوەڕاستی ژوورەوە لێی دەدەن ...«کەرسی» یان تەختێکی لەسەر دادەنێن ، وەکو مێزێکی وەرگەڕاو وایە ... یان جاجمێك یان لێفێکی پێدا دەدەن ... » •
ــ کرافت ١٩٠٢ ، ١١٠ وێنەی بەرامبەر ل ١١٢ لەبارەی (سارت)ەکانەوە دەڵێ : «... سەندەلی ... پارچەیەکی چوارگۆشەیە ... پشکۆی لە بن دادەندرێ ... لەسەرەوە لێفێکی چوارگۆشەی گەورەی ... زۆر بەلۆکەی ...».

بەردیدا دەدەن یان بە شوونك دەیکوتن • وا ڕێ کەوتبوو ئەو قوماشەی دەیانکردە بەرگ کەم وا دەبوو بەکەلك شووشتن بێ • قوماشەکان گوڵی سیمیان تێدا بوو ، بە ئارمووشی ڕەنگاوڕەنگی سروشتیو دەستکرد ڕازابوونەوە ، ئەگەر ئاوو سابوونیان پێبکەوتایە ڕەونەقو جوانییان دەڕۆیشت• قوماشی هەرە باویان ئەوەیە کە عاردەکەی سپییەو گوڵی تۆخی تێدایە • ڕاستی ، ژنە کورد ئەو پاگژییە نازانن کە لایەنێکی جوانیو مۆدەی جلوبەرگی ئێمەمانانە • دەیانگوت وەختی خۆی کە هێشتا سابوونی ئەوروپی پەیدا نەبووبوو بەلووچە هەبوو ڕەگەکەیان دەکردە سابوون • جلوبەرگ لەناو باولی تەنەکە هەڵدەگرنو تووتنی پێوەردەکەن تا خۆرکی لێنەدا •

جلوبەرگ بە ئوتوویەکی پڕ پشکۆی خەڵووز ئوتوو دەکەن • لە شارەکانی وەکو کەرکووكو سلێمانی ئوتووی کارەبایی هەیە • تەختەی ئوتووکردن نییە • لەسەر عەرد ئوتوو دەکەن • ڕایەخێك ڕادەخەنو جلەکەی لەسەر پان دەکەنەوە • ئەوەی ئوتوو دەکا لەسەر قوون دادەنیشێ • ئوتووکردنی بە پێوە لەسەر مێز زۆر دەگمەنە • بە زۆری لەسەر چینچکانیان پێ باشە •

**ماڵینو پاك کردنەوەی ماڵ :**

ئەو ماڵانەی من لێیان بووم عەردیان تەختڕێژو ڕاست نەبوو ؛ بۆیە فەرش ڕاخستن زۆر کەم بوو • تەنیا ئەوە نەبێ کە لە سلێمانی ناوماڵیان بەردڕێژ بوو • ژوورو حەوشەو سەربانیان بە «گەزی» دەماڵی • گەزی یان گەسك دوو پەلکە دارخورمایە [100] پێکەوە بەستراون ، قونکیان دەکەنە

(100) گەسك تەنیا پەلکە دارخورما نییە . ئەو گەسکەی لە پەلکە دارخورما دەکرێ بە زۆری لە شارەکان هەیەو بەم دواییە هاتۆتە ناوەوە . لە کوردەواری گەسك لەم شتانە دروست دەکەن :

لایەکو لێك دەدوورێنو وەکو باوەشێنەی لێ‌دێ ، ٤٠ومم درێژەو ٢٧ومم پانە ، لە بازاڕ دەیکڕن ، زۆر هەرزانەو زووش تێـك‌دەچێ • کە عەردیـان دەماڵی خۆڵو زبڵەکەیان ، بۆ نموونە ، لەناو تەنەکەیەك دەکردو دەیانڕشت • لە کاتی گەسك‌دان‌دا ئافرەتەکە لەسەر عەرد دادەنیشێو لە کنە خۆیەوە بـۆ دوور ، نەك لە دوورەوە بۆ لای خۆی ، عەردەکە دەماڵێ • هاوینان ، ناوماڵ بە ئاو دەڕشێننو لە سلێمانیش بە سۆندە ئاویـان پێـدا دەکردو پـاکیان دەکردەوە بۆ ئەوەی فێنك بێو هەوای ژوورەوە خۆش بێ • لە سەرەتـای هاوینەوە حەسیرو ڕایەخ لەناو مـاڵێ هەڵدەگرنو لـە ژوورێـك لەسـەر ئەستێڕکیان دادەنێن کە تۆزو بـای دێ پڕ تۆزو خـۆڵ دەبن • مـافوور داوەشاندن نی‌یە •

**جێ‌ڕاخستن :**

جێ‌ڕاخستن دیاردەیەکی چەسپ نی‌یە • هەروەکو پێشتر باسمان کرد ژن هەموو ئێواران جێ ڕادەخەنو سبەینان هەڵی‌دەگرن • ئـەگەر مـاڵەکە قەرەوێڵەی ئاسنی هەبێ ، شەو لەبەر گەرمای هاوین لە کوێ بنوون ، لـە

— یان ئەوەتە قاتۆری قەسەری گەنم دێنن دانـەکەی لێ‌دادەوەشێنـنو قەسەرەکە دەبەستنو دەیکەنە گەسك . ئەمە زیاتر لەناوچە دەشتەکان باوە کە بە کشت‌وکاڵی‌یەوە خەریکن •

— یان گەسك لە گیایەك دروست دەکەن کە پێی دەگوترێ (گەزگەزۆك) ، لکەکانی باریكو لووسو چڕە . لە دەو بەستان شین دەبێ . چەپـك چەپك دەیبەستنو دەیکەنە گەسك . ئەم گەسکە لە گەسکی قەسـەر پتەوترەو خۆی زیاتر ڕادەگرێ •

— یان گەسك لە جۆرە گیایەکی‌تر دروسـت دەکرێ کە پێی دەگوتـرێ (کرتی) . کرتیش لە دەو بەستان شین دەبێو وەکو گەزگەزۆك وایە بەڵام جیان . ئەم گەسکەش لە گەسکی قەسەر بەهێزترە •

— یان وا دەبێ گەسك لە گیایەکی‌تر دروست دەکەن پێی دەگوترێ (گەز). گەز وەکو (کفر) وایەو لە دەو بەستان شین دەبێ . ئەم گەسکە زیـاتر بۆ مالینی حەوشەو تەویلەو هۆرو هەوێزە ، چونکە زۆر قایمە — و •

هەیوان بێ ، لەسەر بان بێ ، لە هەر کوێ بێ ، قەرەوێڵەکە ڕۆژ تا ئێوارە وەکو ئاسکالتێك لەوێ دەکەوێ • لە گوندان ، لەباتی قەرەوێڵە تەختە دارێکی پانو لەسەر چوار تەنەکەی دادەنێنو پڕی سەری پووشو پەلاشو پەلکەدار دەکەنو لەسەری دەخەون • بە گشتی وەری بگری ، نوێنیان حەسیرێکە دۆشەکێکی بە لۆکەی لەسەر ڕادەخەنو لێف بەخۆدا دەدەن • لێف وا دەبێ بەرگی هەبێو وا دەبێ بێ بەرگ بێ • بەرگەکە وەکو کیسە دەدوورێو لە لێفەکەی هەڵدەکێشنو دەیدوورن بۆیە ناتوانن بیگۆڕن چونکە ئەگەر بیانەوێ بیگۆڕن دەبێ هەڵیبپشکێون • چەرچەف کەمە • بالیفیان لوولەیی‌یە • ئەگەر بەرگە بالیفیان هەبێ لە باتیسقەیەو لەناو قەدی بالیفەکەی دەدوورن ، ئەویش ناگۆڕێ •

سبەینان ، هەموو نوێنەکان پێکەوە لوول دەدەنو لەسەر یەکیان دادەنێنو لە سەرەوە «بەڕە»یەك یان جاجمێکیان پێدادەدەن [٨٠ر٢م × ٤٨ر١م ، داخی قاوەیی‌یە • یان ئەوەتە پۆپەشمینی هیندی پێدادەدەن کە داخی زۆر گەشە ــ ٠٨ر٢م × ١٥ر١م ــ ] •

هەندێ دۆشەك چەرچەفی گوڵگوڵی‌یان تێدەگیرێو لە بن دیواری ژوورێ ڕای دەخەنو هەندێ سەرینی لەسەر دادەنێنو زەلام لەسەری دادەنیشن • دوای فراوینیش بۆ میوانانی ڕادەخەن ، لە وەختی گەرمای ڕۆژ لەسەری دەنوونو لەباتی لێفە قوماشێکی تەنك بە خۆیاندا دەدەن •

## چۆنیەتی دانیشتن لە کاتی ئیش‌کردندا

لە شارستانی‌یەکی وەکو شارستانیی کوردستانی خواروو ، کە دانیشتنو نووستنیان هەر لەسەر عەردە ، شێوازو تەرزی جولانەوەیان لەگەڵ هی شارستانێتی ئەوروپا تەواو جودایە • تەنیا ئەو کاتەی جۆلایی دەکەنو پێ شۆڕ دەکەنەوە ناو پێچاڵ ، یان بە مەکینە دورمان دەکەن ، دانیشتنەکەیان

وەکو دانیشتنی سەر کورسی‌یەو ئەژنۆیان دەچەمێنەوەو پێ‌یـان ڕاسـت شۆڕ دەبێتــەوە •

زۆر بە دەگمەن بە پێوە ئیش دەکەن • تەنیا یەك جار دیم ، ئێمە چۆن ئوتوو لەسەر تەختە دەکەین ، ئاوها ئوتوویان لەسەر مێز دەکرد • ئەمــەی لێ‌دەربچێ ئەوەی‌تر ژن هەر ئیشێك بکا یان بە هەڵتروشکاوی (هەڵکونجاوی) دەیکا یان بە چوارچمکی دادەنیشێ‌و لاقەکانی توند دەنووشتێنێتەوە بنـە خۆی • لەسەر چینچکان جل دەشۆن ، جا چ لەسەر حەوز بێ‌و چ لە تەشتی بەرمیلی خڕو پان بێ کە لە تەنیشت[١٠١] خۆیانەوە لەسەر زەوی دادەنێن • لە مریشك چا کردن‌و گۆشت وورد کردنیش هەر بەم جۆرە دادەنیشـن • لە هەویرشیلان‌و ئەنگوتك پان‌کردنەوەو [١٠٢] نان‌کردنیش هەر بە چوارچمکی دادەنیشن جا نان‌کردنەکە چ بە تەندوور بێ چ بە سێڵ • کەچی ئەو کاتەی ماشەر دەکەن ، یان لەبەر ئاگر ئیش دەکەن ، یان دەستیان دەشۆن‌و دوای نان‌خواردن ئاو لە دەم‌و لووتیان وەردەکەن ، یان کە دەم‌وچاویان لە حەوز یان لەبەر شێرە دەشۆن ، یان کە لە سەرشۆرکێ خۆیان دەشۆن‌و سابوون لـە خۆیان دەدەن‌و بە تاسێکی ئاسنی بچووك ئاو بە خۆیاندا دەکەن ، هەر لەسەر چینچکان دادەنیشن واتە هەڵدەتروشکێن •

هەڵترووشکان شتێکی زۆر ئاسایی بوو لەو ماڵــە عێراقی‌یــەی کــە برادەری ماڵی شێخ تەیفووری تۆپزاوە بوون • ئەم ماڵە لە هەواری ئاوبەستی دووکان لە خانوویەکی بەردی ئەنگلۆــفەڕەنسی‌دا بوون • لەوێش هەر چەندە ماڵەکە مێزی نان‌خواردن‌و جوڕنی ئاسنی تێدا بوو بەڵام قاپ‌و قاچاغیان هەر

---

(١٠١) ڕاستی‌یەکەی : لە پێش خۆیانەوە لە سەر زەوی دادەنێن ــ و •

(١٠٢) لە کاتی هەویر شێلان لە سەر چینچکان دادەنیشن بـەڵام لـە کاتی ئەنگوتك بڕین‌و نان‌کردن لەسەر ڤوون دادەنیشن‌و پێ‌یەکیان دەچەمێننەوە بنە خۆیان‌و پێ‌کەی‌تر درێژ دەکەن ــ و •

لەسەر تریانو لەناو چێنی دەشووشتو تەشتی هیربار شووشتنیان هەر لەسەر زەوی دادەناو کە شتیان دەشووشت دانیشتنەکەیان هەڵتروشکان بوو •
ئەم ماڵە کورسیو مێزێکیان لە ژوورێك هەبوو بەڵام هەموو جەمێك تەنانەت بۆ چا خواردنەوەش هەر لەسەر عەرد دادەنیشتن • ئەگەر عەردەکە تەڕ ببوایە پاشان ووشکیان دەکردەوە • ئەگەر ناوماڵ قوڕ بوایە لە کاتی چا تێکردنو پیالە تێوەرکردندا ئاوەکەیان بە ژوورێدا دەکردو عەردەکە هەڵیدەمژی •
هەتا ماڵی تەرجومانەکەشم لە سلێمانی ، کە شانازییان بە حەوزو شێرەی ئاو دەکرد کە لە بڵندایی چۆکێك بەرز لە دیوار گیرابوو ئـافرەت کە دەستو چاویان دەشووشت لەباتی ئەوەی لەبەر حەوزەکە بوەستن دەچوون لەسەر لێوی هەڵدەترووشکان •

ئافرەت کە بـە چوارچمـکی دادەنیشێ ڕانو چـۆکی بۆ پێشـەوە دەرناپەڕێ • لەبەر گرانایی لەشی دادەکشێتە سەر زەوی • لەبـەر ئەوەی ماسوولکەی کەفەڵ نەرمە ، ئێسکی قاڵچە بە سانایی لە جەمسەری خـۆی دەردەزۆپێ (١٠٣) • جولانەوەی جومگەی ئێكو نەرمو شلی گازەرای پشت ئیشی بۆ ئاسانو مەیسەر دەکەن •

لە هەڵترووشکاندا هێزو قورسایی لەش دەکەوێتە سـەر جومـگەی ئەژنۆ • ئافرەت لە کاتی ڕاپی کردنی زۆر ئیش بەم جۆرە دادەنیشن • تـا دەکەونە ناو ساڵانیش جومگەی ئەژنۆیان هەر نەرمو خـاوە • جارێـکیان پیرەژنێکی حەفتا سـالیم دی لەشی وەکو لـەشی کچۆلـەیەکی پارچـەلە نەرموخـاو بوو •

کە ئیش دەکەن جاروبار لەسەر عەرد دادەنیشنو لاقیان ڕادەکێشـن ئەویش ئەگەر بیانەوێ بە پێ ئیش بکەن وەکو ئەوەی کە لە کاتی هۆنینەوەی

---

(١٠٣) ب : لۆرنز ١٩٣٢ ، ٢٧٧ •

گوریس‌و دۆخین سەرێکی لە پێ‌یان قایم دەکەن •

هەڵترووشکانی سەر کورسیشم بینی • وەکو ئەوەی جارێکیان تەرجومانەکەم لەسەر کورسی دانیشتبوو چۆکی هەڵکێشابووەوە دورمانی دەکردو قوماشەکەی لەسەر چۆکی دانا بوو •



شێوەی دانیشتن لە کاتی ئیش‌کردن‌دا

زۆر جاریش پیاو کە لەسەر قەنەفە دادەنیشن بە چوارمەشقی دادەنیشن• قەنەفەکان گەورەو پیس‌و پلۆخ بوون • سەرپۆشیان شوونی پێ‌ی خواسی پێوە دیار بوو • کە لەسەر عەرد ، لەسەر ڕایەخ ، دادەنیشتن پشتیان بە قەنەفە دەدا •

جومگەی تێك‌و ماسوولکەی کەفەلی ژنە کوردان ئەوەندە نەرمە هاوین کە لە سلێمانی جلی ئەوروپی‌یان لەبەر دەکردو وەکو ڕۆژاوایی‌یان لەسەر کورسی دادەنیشتن ، زۆر جار لە بیریان دەچوو لاقیان پێکەوە بنووسێنن • لاقیان لێك فش دەبووەوەو شۆڕ دەبووەوە خوارێ •

پشت ئێشە هەیەو بە شێلان چارەی دەکەن • ئەگەر زۆر ژان بکا بە سەر پشتی یەك دەکەون • ئەو ئافرەتەی پشتی دێشێ لەسەر قەلەفیسك دادەنیشێ‌و پشتی کوور دەکاتەوەو یەکێ بەسەر پشتی دەکەوێ • ڕەنگە هۆی ئەم پشت ئێشەیە ئەوە بێ کە زۆر ئیش دەکەن • بۆ نموونە، وەکو

ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر بە چوارچمکی دادەنیشن‌و نان دەکەن •

ئیدی ئاوها ، ئەگەر ئافرەتێ ماوەیەکی زۆر بە چوارچمکی دابنیشێ‌و پشتی قیت بوەستێ بۆی هەیە تیلەقەی پشتی ڕەق ببێ • لە لایەکی تریشەوە، نەمدی ئیشی بە پێوە چۆکیان ڕەق بکا • ژن تووشی لاق ئەستوور بوون ، هەوبوون‌و سووتانەوە ، ژانە پێ نابن •

کورد لەشیان زۆر نەرم‌وشلە • بەو پەڕی لەش خـاوی دادەنیشـن‌و دانیشتنەکەیان جوانی‌یەکی مەندی تێدایە •

## چـالاکی ناومـاڵ

## لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتاندا

**دەرەبەگایەتی دێ :**

لە تۆپزاوە حەفتەی نزیکەی سێ جار نان بە تەندوور دەکەن • سێ ژن پێکەوە دەیکەن • دایك‌و کیژوکارەکەر ، یان دایك‌و کیژو ژنە دراوسێ‌یەك کە ئەویش تەندوور سوورکردنەوە بە هەل دەزانێ‌و دێ نانی خۆی پێوە دەدا •

ئێواران ، کە ڕان دێتەوە دێ دایك‌و کیژ بزن‌و مەڕو مانگا دەدۆشن • هاوینان ، کە شوان پەز دەباتە شەوبەکێو کارەکەرێك دەوروبەری سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ ئافرەتانی دێ بۆ بێرێ دەچنە شاخان • هەمـوو ڕۆژێ لە ماڵەوە ماست دەکەن • هەموو سبەینان مەشکە دەژێنن • مەشکە یان لە ناندین بە کاریتەوە هەڵدەواسن یان لە دیواری دەرەوە بە سنگێکـی هەڵدەواسن • دۆدانی دۆ لە قەنتەرە بە دار وەدەکەن‌و هاوین لە بـاتی ئـاو دەیخۆنەوە • ڕاوەکی تۆراخ لە دەرەوە بە دار وەدەکەن • ڕۆژ بە ڕۆژ کەرە لە ژووری ئازووقە هەڵدەگرن • کەرە تەنیا بۆ چێشتلێنانە • هەموو جارێ کچێکی ماڵێ چا لێ‌دەنێ‌و وا دەبێ بەکێکی بێ‌ئیش هاوکاری دەکا • زەلام



ژنی لادێ ڕۆژێ دوو جار بۆ بێر دەچنە شاخان (تۆپزاوە)

گۆشتو سەوزەو تەڕە دەکڕنو دەیهێننەوە یان ئەوەتە لە سلێمانییەوە بە پەستی خۆیی ڕەوانەی دەکەنەوە •

کچی ماڵ شێو لێدەنێ • دایکی کەرەستەی شێوی بۆ ئامادە دەکا • دایكو کیژ پێکەوە دەچنە شاخ پەلکەمێو لە ڕەزی خۆیان دێنن ، پێکەوەش دەچنە ناو باخچەی ماڵو تەڕەی لێدێنن (تۆپزاوە) • بووکی ماڵ دەچێتە ناو باخچەی میوەجاتو هەنجیر دەڕنێ (سەرکان) • ئاو لە ماڵەوە نزیکە (تۆپزاوەو سەرگەڵوو) • منداڵو کارەکەر دەچنە سراوێ • لە میرزا ڕۆستەم ئاویان بە پشتی کەر دەهێناو لە حەوشە لە تەنەکەیان دەکرد • کارەکەری ماڵ دەچێتە چیاو ساورمەو دارودوو دێنێ • بە کەرو تەورداس دەچێتە داران • زەلام دەچن ڕەژوو بە پشتی کەر دێنن (تۆپزاوە) • خزمەتکار هەوڕو هیربار دەشۆن ، جا چ پیاو بن ( سەرگەڵوو و سەرکان )و چ ژن •

ژنی ماڵ جلوبەرگ دەشواو کارەکەر یارمەتی دەدا • ئوتووکردنیش هەر وایە • ناوماڵ هەڵبژاردنو ماڵینو جێڕاخستن ئیشی هەموو ئافرەتانی ماڵەو پێکەوە دەیکەن •

بە کورتی : ئەو ئیشەی لە چوار چێوەی ماڵو لە دەوروبەری ماڵ بێ وەکو باخچەی بەرماڵانو ناو ڕەزانو ناو شینایی ژنی گەورەی دەرەبەگ دەیانکاو منداڵو خزمەتکاریش یارمەتی دەدەن • وەکو ئەوڕوپا ئیش دابەش کراوە • ئەو ئیشەی لە دەرەوە بێ وەکو چوونە بێری شاخان ئەوە کارەکەر دەیکا •

**مەڵبەندی ئاسایی دێ :**

ژنی چەند ماڵێك پێکەوە نان بە تەندوور دەکەن • وا دەبێ تەندوور لە دەرەوە بێ • لە میرزا ڕۆستەم تەندوورێك لە گۆڕەپانی ناوماڵان هەبوو•



ژنێك له دیـار ئاگر هەڵتروشكاوه ( تۆپزاوه )

له بەڵخەو لەو شوێنانەی لە باتی تەندوور بە سێڵ نان دەکەن ، هەر ژنەو لە ماڵی خۆی بە تەنێ نان دەکا •

بەناوهێنانی شیر : ژن ڕۆژێ دوو جار بۆ بێر دەچنە شاخان یان ناو باخچەی تووان • لە بەڵخە ژنەکان بە نۆرە ، شیریان بە یەك دەدا • مەشکە لە هەموو ماڵێك لە دارە • مەشکە لە بەر ماڵێ دادەمەزرێنن •

چالێنان : وا دەبێ ژن چا لێ‌دەنێن‌و وا دەبێ پیاو •

ژن بە جەڕەو تەنەکەو کوندە ئاو لە حەوزێکی دوور مالان دێنن • ئاوهێنان لە بەلخە کارێکی زۆر سەخت‌و ناخۆشە • هەر جارەی سێ‌ـچوار کوندەیان لە دۆڵ سەردەخستەوە دێ‌و تەنیا بایی چوار ــ پێنج کەسی دەکرد• یان میرزا ڕۆستەم وەربگرە ، بە تەنەکە ئاو لە ڕوبارێکەوە دێنن ٨٠٠ هەنگاو لە ئاوایی‌یەوە دوورە •

ژن دەچنە شاخان داری قەلاشکەری بە تەور دەکەن‌و بە کۆڵ دەیهێننەوە • لە شاخان شیاکە کۆ دەکەنەوەو لەگەڵ قەسەر تێکەڵی دەکەن‌و دەیشێلن‌و دەیکەنە تەپاڵە ، بە دیواری خانووی وەدەدەن‌و ووشکی دەکەنەوە•

برنج لە سەر حەوزی ئاوهێنان دەشۆنەوە کە نەختێ لە ماڵەوە دوورە • گەنم بە جۆنیی ماڵە جیرانان دەکوتن •

چێشت‌لێنان‌و ئامان شووشتن لە ماڵەوە دەکرێ بەڵام جل شۆردن لە گوندە بچووکەکان لە دەم حەوزو لە میرەدێکان لە کانی سەرگیراو دەکرێ• ژن بە نۆرە جلی لێ‌دەشۆن‌و هەر لەوێ جلەکان هەڵدەخەن تا ووشك بێتەوە•

هەموو ژنەکانی ماڵ بەشداری جێ‌ڕاخستن دەکەن • کە لەسەر بان دەخەون بە ڕۆژ نوێنەکان ناهێننە خوارەوە ، هەر لەوێ لوولیان دەدەن‌و شتێکیان بەسەردا دەدەن •

لە بەڵخە ژن کارێکی‌تریشیان هەبوو : بانیان بە گڵ‌گەچ سواق دەدا• ئەمەش زۆر ماڵ پێکەوە بە دەستەوا دەیانکرد •

بەکورتی : سەرباری چێشتلێنانو جێ ڕاخستن ، ئافرەتانی دێ زۆربەی چالاکی دەرەوە بە هەرەوەز دەکەن • لە بەڵخە بەشینەوەی شیرو کاروباری سواقدانی بانیش هەر بە هەرەوەز بوو •

**مەڵبەندی خوێندەوارو نەخوێندەواری شار :**

دەتوانین ئەم دوو مەڵبەندە پێکەوە وەربگرینو لێیان بکۆڵینەوە •

نان بە سێ جۆر دەست دەکەوێ : لە ماڵی تەرجومانەکەم ژن لە ماڵەوە نانیان بە سێڵ دەکرد • ئەگەر زۆریان نان بکردایە دەیانکردە هەرەوەز • بەیانی زوو ژنێك دەهات هەویری دەکردو ، بۆ ئەو ڕۆژە ، تەندووریان لە ماڵە دراوسێیەك دەخواستەوەو نانیان پێدەکرد* • بێجگە لەو ژنەی هەویری دەکرد هەر چوار ــ پێنج ژنی ماڵەوەش پێوە خەریك دەبوون • هەر جارەی سێ کەس دەیانکرد بەڵام ماڵی خاوەن تەندوورەکە بەشداریان نەدەکرد • جۆری سێیەم ئەوە بوو کە نانی حازریان لە نانەواخانەکانی سلێمانی دەکڕی • ئەم نانانە خڕو ئەستوور بوونو بە تەندووری لە دیوارگیراو دەیانبرژاند • ئەمە ئیشی پیاوان بوو •



مەڵبەندی شار . ژنێکی نەخوێندەواری بەمێردو کچێکی خوێندەوار لە حەوشە چا دەخۆنەوە ( سلێمانی )

* مەبەستی ئەوەیە دەچوون لە سەرتەندووری ماڵە دراوسێیەك نانیان دەکرد ــ و •

لەم مەڵبەندەدا بەناو هێنانی شیرمان نەدی • ڕۆژ بە ڕۆژ لـە دەرەوە ماستیان بۆ دەهات • منداڵێك دەچوو بەفری لە بازاڕ دەکڕی‌و لە سەر سەری خۆی دادەناو دەیهێنایەوە لەبەر بەلووعە دەیشووشتەوەو دەیانهاوێشتە نـاو مەنجەڵ • ئەوەندە ڕۆنەی پێ‌یان دەویست ، نزیکەی ١٠ تەنەکـە دەبوو تەنەکەی بە دینارێك بوو ، هەموویان بە یەکجار دەکڕی‌و دایاندەنا • ژنـی هەرە گەورە چای لێ‌دەنا • چالێنان یاریدەری ناوێ • لەباتی سەماوەرو شتی وا پرێمزیان بەکار دەهێنا •

ژن‌و کیژ بە نۆرە چێشت لێ‌دەنێن • مێرد(١٠٤) ، کەباب بە مەقەڵەی پەل‌و نزم دەکا • ئاوهێنان نی‌یە ؛ چونکە ئاوی پاك‌و پوختەی شارەوانی بە بۆڕی ڕاکێشراوەو هەندێ شێرەی تێ گیراوە •

وا دەبێ کەباب لە بازاڕ دەکڕن • کەباب ، لە شار ، لە دوکانی بەر والا، لێ‌دەدرێ• مێرد گۆشت‌و سەوزەو میوە لە بـازاڕ دەکڕێ‌و بـە منداڵێـك ڕەوانەی دەکاتەوە • چێشت یان لە سەر ئاگردان یان لەسەر تەباخی نەفـت لێ‌دەندرێ ــ لە هەر دوو باردا ژنی ماڵ لێ‌ی‌دەنێ •

لەم مەڵبەندەدا کارێکی سەربار هەبوو کە لە مەڵبەندی لادێ‌دا نـەبوو ئەویش دەغڵ شووشتنەوە بوو • جوتیارەکان پاش درووێنەو دەغڵ‌کوتان ، لە مانگی ئاب ، گەنمیان لە جواڵان دەکردو دەیانبەست‌و لە کەران باریـان دەکردو دەیانبردە شار دەیانفرۆشت • لە شار کە گەنمیان لە جوتیارێ دەکڕی کابرا خۆی دەیهێنا بارەکەی لە هەیوانێ دەخست • ئینجا ژنەکانی ماڵـەوە دەیانشووشتەوەو تەلیسیان لەسەر بان ڕادەخست‌و گەنمە شووراوەکەیـان لەسەر ڕادەکرد ، تا چەند ڕۆژێك ووشك دەبووەوە ئینجا دەیانهێنا خوارێ‌و

---

(١٠٤) ب : لەبارەی لوڕەکانەوە فێلبێرگ ١٩٢ ، ٨٧ : «ئەوانن (پیاو» کە ... کەبـاب دەبرژێنن ...».



ژنه جوتیارێك گه‌نم به ده‌ستاڕ لێده‌كا (تۆپزاوه)

له حەوشە بە سنی تەتلەیان دەکرد • ژنیکی گەنمشۆرەوەی یەك‌چاو هەبـوو دەیانهێنا گەنمەکەی لە بێژنگ دەکرد • سەرکۆت‌و بنبێژەکەیـان دووبـارە دەشووشتەوەو ووشکیان دەکردەوەو پاکیان دەکردەوە • پاشان هەموویان دەنارد لێ‌بکرێ •

هێربار شووشتن‌و مالین‌و هەلبژاردنی ناومال ئیشی کچانە • لە مالەوە جل دەشۆن‌و ئوتووی دەکەن • ژن‌و کچ پێکەوە جێ‌رادەخەن •

بە کورتی : هەندێ چالاکی وەکو بەناو هێنانی شـیرو دروست‌کردنی کەرەو تۆراخ‌و ئاوهێنان‌و دارودووکردن لە مەلبەندی شارستانێتی‌دا نی‌یە • چالاکی‌یەکانی‌ترو پێویستی‌یەکانی‌تری مال یان لە مالی خۆیان یان لە مـالە دراوسێ‌یەك‌پێکەوە دەکەن • لە شارا دەرفەتی کڕینی نان‌و خواردنی حـازر زۆرترە • گەنمیان دەکڕی‌و خۆیان تاووتوویان دەکرد نەك ئارد • کارەکەری هەمیشەیی‌یان نی‌یە • هەر کاتێ پێویستی‌یان بە ژنێ بێ بۆ ئیشی وەکو گەنم شووشتنەوەو نان‌کردن دەچن دەیهێنن • هیچ کاری هەرەوەزیم لە بـەینی دراوسێ‌کان نـەدی •

## پیشەسـازی خۆمـالی

لەو چوار مەلبەندەی باسمان‌کردن پیشەسازی خۆمـالی تەنیـا لـە یەکێکیان‌دا هەیە ، لە مەلبەندی ساکاری لادێ‌دا هەیە • ئەویش ڕسـتن‌و چنین‌و گلینەکاری دەگرێتەوە •

ژنە جوتیار ئەو کاتە خوری دەڕێسێ کە هیچ ئیشی‌تری مـالەوەی بە دەستەوە نەبێ • لە تەوێلە ، ژن کە دەچوونە ناو باخچان ، لـە چـوون‌و هاتنەوەدا ماوەیەکی زۆریان دەبڕێ‌و ڕێ‌و ڕێ تەشی‌یان دەڕست •

خوری به «تەشی» (١٠٥) دەڕسرێ • تەشی بریتی‌یە لە دارێکی خڕ پێی دەگوترێ کلکە تەشێ نزیکەی ٣٠و٠م درێژەو لە لای سەرەوە سەرکە تەشی‌یەکی تێ گیراوە تیرەی نزیکەی ٣٣٠و٠م دەبێ • ژن ئەو خوری‌و مووەی دەیڕێسن لە باسکی خۆیانی دەئاڵێنن • ئەو بەنەی دەیڕێسن ڕەنگی ناکەن ، هەر بە ڕەنگی ساکاری خۆیەتی : یان ڕەشێکی تاڵەیە ، یان زەردێکی قاوەیی‌یە ، یان سپی‌یە • ژن دەیکەنە پەتی (١٠٦) فەلاحەتی • لە کاتی پەت هۆنینەوەدا ژنەکە لەسەر عەرد دادەنیشێ‌و لنگی ڕادەکێشێ‌و پەنجە گەورەی پێی ڕاکشاوی وەکو سنگ قیت دەکاتەوەو سەری پەتەکەی لێ گیردەکا •

ڕیس دەدەنە جۆلای دێ ، چ ژن بێ‌و چ پیاو ، جۆلا دەیچنێ• ڕیسی دڕ هەیە ڕەنگ ناکرێ • ڕایەخ‌و بەڕەی لێ‌دروست دەکەن • ڕیسی جوان‌و باشیش هەیە ، ڕەنگ نەکراوە ، یان سپی‌یە یان قاوەیی‌یە یان بۆرە ئەو

---

(١٠٥) تەشی لە سێ پارچە پێك دێ :

١ـ کلکە تەشی : دارێکی خڕو باریکەو تا بەرەو خوار دەچێ باریك دەبێتەوە.

٢ـ سەرکە تەشی : پارچە دارێکی خڕو پانە ، ناوەندەکەی کونە دەسەر کلکە تەشی دادێ‌و توند دەبێ .

٣ـ نێرکە تەشی : تێلێکی پتەوی وەکو چەنگاڵ وایە لە سەری هەرە سەرەوەی کلکە تەشی دەگیرێ‌و لە کاتی تەشی ڕستن‌دا داوەکەی بەناودا دەچێ .

تەشی کە تازە دروست‌دەکرێ کلك‌و سەری ڕەنگ دەکرێ ـ و .

(١٠٦) ئەو پەتەی ژن دەیهۆننەوە زۆر جۆرە :

ـ گوریس : پەتێکی خڕو درێژە.بۆ شەغرەو جەنجەڕو شتی وا بەکار دێ.

ـ کەژی : پەتێکی پانە ، چوار پەنجە پان دەبێ .

ـ بەنقادەو گولەوسار : وەکو گوریس وان بەلام باریکترو کورتترن .

ـ دەسرازە : وەکو کەژی پانە بەلام بچووکترەو ڕەنگاوڕەنگیشە بۆ لانك بەکار دێ .

ـ دۆخین : وەکو کەژی دەچنرێ بەلام زۆر باریك‌و تەنکە.

ـ سەرکەلە : ئەمەش هەروەکو کەژی وایە بەلام بەقەد دەسرازە دەبێ‌و دەکرێتە ڕێشمەی وولاغ ـ و .

ڕیسە بۆ جلی پیاوان دەکرێتە کر •

دروستکردنی مافووری ڕەنگاوڕەنگم نەدی چونکە لەو ناوچەیە نەدەکرا کە منی لێبووم •



دەستە چەپ : گەز ، کە جل هەڵدەبڕن قوماشەکەی پێ دەپێون .
ناوەڕاست : تەشی . ئافرەت کە تەشی دەڕێسێ خورییەکە لە دەستی دەئاڵێنێ .
دەستەڕاست : شەپکەدارە کری لێپێچراوەو بەو دەقە کوڵاندراوە تا کرەکە دەق بخوا .

چنین بە دوو جۆر دەبێ : یان بە «تەون» کە ئەستوونی‌یە ، یـــان بـــە (جۆلاّیی) کە ئاسۆیی‌یە •

ئەوەی ئەستوونی (تەون) وەکو پۆل ئەندرسن [١٠٧] گۆتەنی کارگەیەکی هێندە پتەو نی‌یە ڕایەلەکان بە ڕێك‌وپێکی ڕابـــگرێ • کارگەکە لە ژووری ئیش‌کردن بەرامبەر دیوارێك دادەمەزرێنن • لە دوو جێگادا تەونم بیـــنی‌و لە هەر دوو جێگادا تەونەکە لە ژووری ئازووقەدا بوو • ژوورەکە بێ پەنجەرە بوو ، لە دەرگاوە ڕوناکی دەهاتە ژوورێ • کەندووی دەغڵ‌و فەردە خوری‌و مریشکە کورك‌و شتی وای تێدا بوو •

تەون بریتی‌یە لە دوو کاریتەی نارێکی یەك بەژن بڵند ، سەرەوەیـــان دوو لکە پێ‌یان دەگوترێ «کالەکە»یان سمتەك • بەینیان ٥٠ر١م دوورە • لەسەرەوە لە ساپیتە قایم دەکرێن‌و لە خوارەوە لە عەرد دەچەقێنرێن‌و بە قوڕ توند دەکرێن • ئەم دوو سمتەکە لەلای سەرەوە دارێکیان لە تێوان دایە پێی دەگوترێ «سەردار» یان سەرەتان کە «پۆ» یان ڕایەڵی [١٠٨] لێ‌دەپێچرێ • لە خوارەوەش دارێکی‌تریان لەبەین‌دایە پێی دەگوترێ «ژێردار» یان بنەتان• بەشی خوارەوەی ڕایەڵی بە داوێك لێ‌قایم دەکرێ پێی دەگوترێ بن‌تڕنە • سەردارو ژێردار بەینیان نزیکەی ٨٠ر٢م دەبێ •

پێش ئەوەی تەون قایم بـــکەن لە حەوشـــە دوو دار لەســـەر عـــەرد دەچەقێنن [١٠٩] نزیکەی ٨٠ر٢م لەیەك دوورن‌و ڕایەڵیـــان لەســـەر لوول دەدرێ • دوو ژن ئەم کارە ڕایی دەکەن • پاشان کە تەواو بوو ڕایـــەڵەکە لە دارەکان دەکەنەوەو دەیبەن لە کارگەی تەونەکە قایمی دەکەن •

---

(١٠٧) ئەندرسن ١٩٤٩ ، ٣١٤ •
(١٠٨) ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٠٨ : «پووش ...» •
(١٠٩) ئینز ١٩٥٧ ، ٤٥ وێنەی ٣٦ : «قسپ لە عەرد دەچەقێنن‌و ماشـــەری تێ دەئاڵێنن‌و دەیکەنە ڕایەڵ ...» •

هەرزاڵەیەك لە بەینی تەونو دیوار هەیە • لە دوو دووگویٚ پیٚك هاتوە نزیکەی مەترێك بڵند دەبنو لە خوارەوە بە قورِ لە عەرد گیراون دارێکیان بەسەردا ڕاندراوە نزیکەی ٤٠رام دریٚژ دەبیٚ • تەونچی دەتوانیٚ بۆ پیٚشو پاش بیجوولیٚنیٚ • ئەم هەرزاڵەیە بۆ ئەوەیە تەونچی دەچیٚتە سەریو لەوێوە دەستی دەگاتە (سەردار)و ڕایەڵەکەی بە ڕیٚكوپیٚکی لیٚقایم دەکا •



کارگەی تەون : دوو سمتەك لە عەرد لە قورِگیراوە ، سەرەتانو بنەتانیان لە بەینە کە ڕایەڵیان لیٚ قایم دەکریٚ . دارگورد کەوتۆتە پیٚشەوە . ئەوەی پشتەوە هەرزاڵەیە بۆ ئەوەیە ئافرەت بچیٚتە سەریو ڕایەڵەکان لە سەرەتان قایم بکا .

دارگورد هەیە نزیکەی ٦٠رام دریٚژە • لە پیٚشەوەی ڕایەڵەکان بە داوێك لە سمتەکەکان توند دەکریٚ • بەتۆرە ، داوێکی ڕایەڵەکە لە دارگورد قایم دەکریٚو پیٚی دەگوتریٚ (گورد) ، داوێکیتری لیٚقایم ناکریٚو ڕادەکیٚشریٚتە پیٚشەوە ، پیٚی دەگوتریٚ (شیٚر) • شیٚرو گورد بۆ ڕاستو چۆپکردنە • هەندیٚ پارچە پەڕۆ لە بەینی دارگوردو سمتەکەکان دەپەستن تا ڕاستو چۆپەکە توند بیٚ •

«پاژگورد» هەیە دارێکی بچووکە نزیکەی ٥٠رام دریٚژە ، لە هەوراز

دارگورد دەخرێتە ناو ڕایەڵەکان • لە کاتی چنیندا دارگورد چەسپاوە تەنیا ئەم پاژگوردە دەجولێتەوە [١١٠] • لە بنەوە دەست بە چنین دەکەنو (بەر) (بەر)[١١١] دەیچنن کە بەرێك تەواو بوو دارگورد لەم لاو لەو لا شل دەکەنەوەو ئەو گوریسە ڕادەکێشن کە ڕایەڵەکانی لیَ‌قایم کراوەو دووبارە دارگورد توند دەکەنەوە • تێوەرێخی تەون بە شووژنێکەوە دەکەنو بەناو داوی ڕایەڵەکاندا دەیهێننو دەیبەن • لەم تەون چنینەدا شەپۆپە بەکار نایە • تەنیا تێوەرێخ بە شەیەکی ئاسن دەکوتن کە وەکو پەنجە وایەو دەسکێکی داری قیتی پێوەیەو پیَی دەگوترێ «کەلکت»[١١٢] • یان پیشك •

ئەم تەونە ئەستوونییە لە ئەرمینیاش هەیە[١١٣] •

بەم تەونە بەڕە[١١٤] دروست دەکەن کە بە ڕۆژ بەسەر ئەستێرکیدا

---

(١١٠) لە هەوراز گوردیش داوێك لەناو ڕایەڵەکان دەخرێ پیَی دەگوترێ (کێسرە)و لە خوار ئەویشەوە داوێکیتر هەیە سەرێکی قایم کراوەو سەرێکی بەرەللایە . ئەوانەی تازە فێری تەون دەبن ئەو داوە بەکار دێنن تا ڕاستو چۆپیان لیَ‌تێك نەچێ . ئەو داوە پیَی دەگوترێ (نەزانمە)ــو •

(١١١) بەر : ئەو پارچە تەونەیە کە بە یەکجار دەیچننو پاشان جیَی دەگۆزنەوەو دەست بە بەرێکیتر دەکەن . بەر نزیکەی مەترێك دەبێ واتە دەوروبەری پێنج بست . مافوور سێ چوار بەرە ــ و •

(١١٢) لوڕیش ئامێرێك دەق وا بەکاری دێنن . ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٠٩ : « کەرکیت » .
– ڕۆف ١٩١٨ ، ١٣٦ باسی ئامێرێکی وای کردوە :
مووزەخانەی ئەلبێرتی ڤیکتۆری فارسی ، لەندەن » .

(١١٣) ب : لیزیشیان ١٩٥٥ ، ١٩١ وێنەی ٥ .
– ڕۆث ١٩١٨ ، ١٢٩ وێنەی ١٢ وەسفی کردوە : تورکی لەسەر تەون (وێنەی ١٩٥ لە گەشتەکانی ئۆ. بێندۆرف لە لیکیانو کاریان ١٨٨٤)•

(١١٤) (بەڕە)ی بە نموونە هێناوە ، ئەگەرنا زۆر شت بە تەون دەچنرێ ، وەکو مافوور (سەرەناز) (لاکێش) ، تێڕ ، جواڵ ، خرار ، ڕەشماڵ •
مافوور ناوی عەردەکەی بە ڕەنگەکەیە وەکو دەڵێن : مافووری =

دەدەن • ئـەم بەڕەیـە ڕایـەڵی «خوری»یە و تـێوەرێخی « فرات »ە • تەنیا ژن ئەم جۆرە تەونە دەکەن • دڵنیام هەر گوندێك یەك تاقە تەونکەری ئافرەتی لێیە • لە تۆپزاوە پیرەژنێك تەونی هەبـوو ، خێزانێکـی زۆری بەسەرەوە نەبوو • بە خۆو بە کچێکی بوو • بە تەونکردن بەڕێوە دەچوون • ڕیسەکەش ئافرەتی دێ دەیانڕست • لە دێیهاوشانی ڕەکاوە پیرەژنێك هەبوو تەونی دەکرد لەگەڵ کوڕیدا بوو ، کوڕەکەی «موختار»ی دێ بوو •

جۆری دوەم جۆلاییە کە بە ئاسۆیی دەکـرێ و (پێچـاڵ)یشی[115] پێدەڵێن • بە گوێرەی قسەی لینك ڕۆث[116] ئەمەیان جۆلای هیندیە • لیچ وەسفێکی تەواوو پڕ بە پێستی خۆی ئەم جۆرە جۆلاییەی کردوە لە ناوچەی ڕواندز[117] بەڵام لە هەندێ ڕووەوە لەو نموونەیە جودایە کە لـە تەوێڵـە هێنـاویـانە •

ئەم جۆلاییە بە دەست دەکرێو ڕایەڵەکە لە بەردەم جۆلا ڕادەکشێ• لە کاتی چنیندا زەوی وەکو تەختێکی ئاسۆیی دەکەوێتە ناوەندی کارگەی

---

ناولەسوور ، ناولەڕەش ، ناولەزەرد ، ناولەکەسك ... مافوور بـە نەخش و نیگاری جوان جوان دەڕازێنرێتەوە . گرنگتـرین نـەخشی مافوور ئەمانەن : ڕەشبەڵەك ، فنجان (گولەسێو) ، قەمزەو نووشتی ، پێقەلە ، ئەستوورك (ئەمەیان زۆر جۆری هەیە : ئەستوورکی بە قولاب، ئەستوورکی بە پەنجە ، دار ، کرمۆکە ، ئەستێرە . [ئەم زانیاریـەو هەموو زانیارییەکانیتری تەونم لە خوشکە ( لەعلی ) خـانی خێزانـی مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش وەرگرتوە . سوپاس .] ـو.

(115) بوهلەر ـ ئۆپنهایم ١٩٤٨ ، ١٧٨ بەم جۆرە دەڵێ :
« تەونی بە شـەپۆپە » .

(116) ڕۆث ١٩١٨ ، ٦٣ .
ـ لە ئەرمینیا هەیە .
ب : لیزیشیان ١٩٥٥ ، ١٩٣ وێنەی ٧ .

(117) لیچ ١٩٤٠ ، ٦٥ تابلۆی ١٣ ـ ١٤ .
ـ گوایە تاجیك هەیانە ، ڕووسژاژکینا ١٩٥٩ ، ١٤٣ وێنەی ١ .



کارگەی جۆلایی پارچە بزاوتەکان : دەستەچەپ : ناوڕایەڵ ، مێکووك لە تەنیشت ڕایەڵەکانە .
ناوەڕاست : شە ، دەفو بندەف . دەستەڕاست : پـەرکەر . لایپێشەوە : شەپکەی پێ کە قایشی پێوەیە .

جۆلایی • هەندێ کەرەستەی جۆلایی وەکو : نەوەردە ، دارتەپان ، پەرکەر ، پردەلە (شیری بن ڕایەڵ) دەکەونە سەر عەرد ؛ کەچی (چوارپێ)و لاقەکانی جۆلا دەکەونە ناو پێچاڵی ژێر زەوی • ئەو گوریسەی بە ڕایەڵەوەیەو ئـەو داوانەی دەفەو شە ڕادەگرن لەسەر کارگەکەوە بە ساپیتەوە هەڵدەواسرێن• ئەو گوریسەی ڕایەڵی لێ قایمدەکرێ بەسـەر شیری بنڕایـەڵدا دەڕواو دەچێتەوە بن سۆڵەو لەوێوە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ساپیتەو لەوێ بە نـاو چەنگالێکدا دەڕواو دێتە خوارەوەو لە پشت جۆلا یان لە تەنیشتییەوە بـە دارێکی بچووك لە پاش نەولە قایم دەکرێ ، بە جۆرێکی وا قایم دەکرێ کە جۆلا لەکاتی ئیشکردندا زۆر بە ئاسانی دەتوانێ شلی بکاتـەوەو بداتـە دوو ڕایەڵەکان [١١٨] •

کارگەی جۆلایی لەم پارچانە پێـك دێ : نەوەردە : کە لـە نزیـك جۆلایەو سەری ڕایەڵی لێ قایم دەکرێو پاشانیش ووردە ووردە کرەکەی لێدەئالێنرێ • پەرکەر : کە دارێکی ٧٣٠و٠م درێژەو لە هەر دوو سـەرەوە بە داری قیت لە دەفە دەخرێو لەولاوەش بە دارێکیترەوە دەلکێ بۆ هێنانو بردنی دەفە • «شە»[١١٩] : لاکێشەییە ٨٩و٠م×٢٩و٠م کە بیانەوێ بیگۆڕن ئەم بەشەی لێکدەردێنن • داوە شەیەکان قامیشنو لەناو دوو داری ٥٩٥و٠م درێژ گیراون • لای بنەوەی شە کە پێی دەگوترێ پۆتاری بن شە بە هۆی دوو داوەوە لە شەپکەی پێ قایم کراون • جۆلا کە پـێی خستە سـەر شەپکەکانو جولاندییەوە شەیەکەی لەگەڵ دێو دەچێ • لای سەرەوەی شەیش کە پێی دەگوترێ کێشکۆکە بـە داوێکـی[١٢٠] ٨٠ر٢م درێژ بـە

---

(١١٨) ب : ئینز ١٩٥٧ ، ٤٥ : «...ڕایەڵ بەسەر کارگەی جۆلاییدا دەڕواو لەسەر سەری جۆلا قایم دەکرێ ، بەمەوە جۆلا بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی ببزوێ دەتوانێ بیدا بە دەمەوە...» •

(١١٩) ب : دالمان ١٩٣٧ ، ١٣٨ •

(١٢٠) بە زۆری دوو داوە ـ و •



دامەزراندنی کارگەی جۆلایی . پارچەبزاوتەکان لە نەوەردو شیری بنڕایەڵو سۆلە قایم دەکری . شەپکەی پێ شۆڕدەبێتەوە نـاو پێچاڵ .

ساپیتەوە هەڵدەواسرێو دەکەوێتە ناو چەنگاڵێك • شەپۆپەو شـە هـەن ڕایەڵیان بەناودا دەچێ • پۆتاری بن شە دوو داوی پێوە شۆڕبوونەتەوەو بە شەپکەی پێ لکاون • دوو (١٢١) شەپکەی ٢٥و٠م درێژ هەن جۆلا بە نۆرە پێیان لەسەر دادەگرێو بەمەوەش ڕایەڵەکە دابەش دەبێ ، هەندێکیان بەرز دەبنەوەو هەندێکیان نزم دەبنەوە ، لە بەینی ئەم ڕاستو چۆپەدا کوتێك پەیدا

---

(١٢١) وا دەبێ دوو شـەپکە بێو وا دەبێ چوار شەپکە بێ . ئەمە بـە گوێرەی ئەو شتە دەگۆڕێ کە دەیچنن — و .



پێش چنین ، له دەرەوە ، ڕایەڵ لەسەر شواڕی دوولك ڕادەچنن و
لیمۆواوی لێدەڕشێنن (سەرگەڵوو)

دەبێ تێوەرێخی بە ناودا دەڕوا • دەفەش بە ساپیتەوە هەڵواسراوە • ڕایەڵ کە لە دەفەوە دەرچوو بەسەر شیری بنڕایەڵدا دەڕواو دەچێتەوە بن سۆڵە کە دارێکی خڕەو نزیکەی ٧٥و٠م درێژەو کەوتۆتە سەر دوو دووگوێ کە توند لە زەوی قایم کراون ، لەوێوە بەرز دەبێتەوەو گوریسێکی ٧م درێژی تێخراوە وەکو پێشتر باسمان کرد بە بن ساپیتەدا دەڕواو دێتـە خوارەوەو لە تەنیشت جۆڵا لە پاش‌نەولە قایم دەکرێ‌و هەر کاتێ پێویست بوو هێدی هێدی جۆڵا ڕایەڵی پێ شل دەکاتەوە •

تێوەرێخ بە «مەکۆ» مێکووك دەکرێ کە ١٦٥و٠م درێژە • «لوولە» شیشکەیەکی ئاسنی تێدایە لەباتی خڕیلە داوەکەی لێ‌ئالاوە (١٢٢) ئەو کرەی بە جۆلایی دەکرێ ٣٠و٠م پانە ، بۆ نموونە دەکرێتە «کەرارە» خرار یـان تەنیا ١٦و٠م پانەو زۆر تەنکە ئەو حەلە دەکرێتە کر بـۆ بەرگی زەلامـان



کرەکە لە شەبکە دەپێچن‌و لەناو مەنجەڵ دەیکوڵێنن (سەرگەلوو)

(١٢٢) ب : ڕۆث ١٩١٨ ، وێنەی ٢ •

(ڕانك‌و چۆغه) • كه كر دەچنن پێشتر له دەرەوه ڕیسه‌كه به ١٧ شـووڕ ڕادەچنن (گوندی سەرگەڵوو)و لیمۆواوی لێ دەڕشێنن• ئەم ڕاچنینه ژن‌و پیاو پێكەوه دەیكەن بەڵام چنینەكه یان پیاو دەیكا یان ژن• لەلایەكی‌تریشەوه تەنیا زەلامم دی خرار بكا • (میرزا ڕۆستەم) •



ژن‌و پیاو كه گوریس دەهۆننەوه پێیان بەكار دێنن (بەڵخە)

كه كرەكه تەواو بوو و زانی‌یان بایی ڕانك‌و چۆغەیەك دەكا سێ چوار دەقی به بەرینایی دەدەنێ‌و له شەپكەیەكی پانی دەپێچن كه ٣٥و٠م درێژەو به تەقەڵێك شتێكی وا توندی دەكەن • ئەم كره دەق‌كراوه تا چەند دەقیقەیەك لەناو مەنجەڵ دەكوڵێنن‌و پاشان له شەپكەكەی دەكەنەوەو هەڵی‌دەخەن تا به دەق‌كراوی ووشك دەبێتەوه ، پاشان به یەكجاری دوو سێ جار كرەكه بـه پانی دەق‌دەكەن ، دەقی سخ‌و تیژ (١٢٣) •

---

(١٢٣) كه كرەكه تەواو بوو . دەیكەنه سێ یان چوار قەد . واته یان دوو سەر

**گلێنەکاری :**

گلێنە ئەو دەفرە هەڵسووراوو(١٢٤) هەڵنەسووراوانە(١٢٥) دەگرێتەوە کە لە قوڕ دروست دەکرێن • ئەوەی هەڵسووراوە لە بازاڕی شارە گەورەکان دەفرۆشرێو ئافرەت دەیکڕنو کەرەو شتی تێدەکەن • دەفری هەڵنەسووراویش ئاوی پێ لە حەوزو کانی دێنن یان ئاوی تێدەکەنو لە حەوشە لە شوێنێکی نساری دادەنێن تا سارد بێ • ئەم دەفرە هەڵنەسووراوانە لە گوندان لە قوڕ دروست دەکرێن • یەك ئافرەت بە تاقی تەنێ دروستی ناکاو هەر تەنیا بۆ خۆیشی نیʼیە بەڵکو دوو ژنی زانا بە دوو کۆیی بۆ فرۆتن دروستی دەکەن • شەربە هەیە بێقالب دروست دەکرێو (١٢٦) پاشان

=

قەدی دەبێ یان سێ . دوو شەپکەدار دێننو هەر یەکە سەرێکی کرەکەی لێدەپێچن تا لە ناوەڕاستەوە دەگەنە یەك ، واتە نیوەی کرەکە لە شەپکەیەك دەئاڵێو نیوەکەیتر لە شەپکەکەیدی . جا ئەم کرە بە شەپکەکانەوە دەکولێننو پاشان لە کۆلیان دەدەن .
کۆل تەختەدارێکی درێژووکانیʼیە ناوەندی نەختێ کۆلدراوە بایی ئەوە دەکا شەپکەکانی بە کرەوە بخەنە ناو . کە شەپکەکانیان بە کرەوە خستە ناو بە زەمۆمە توندی دەکەن . زەمۆمە وەکو جەگ وایە لە لاتەنیشتێکی کۆلەکە شەپکەکانی پێ دەبەستن تا توند بێو دەق بخوا .
بێجگە لەکر کە بە جۆلایی دەکرێ ، جاجمو دووگردیش هەر بە جۆلایی دەکرێ ، بەلام (کەرارە ــ خرار ــ خەروار) بە جۆلایی ناکرێ وەکو خاتوو هێنی دەلێ ، بەلکو بە تەون دەکرێ . [ئەم زانیاریʼیەو هەموو زانیاریʼیەکانیتری جۆلاییم لە شەقلاوە ، لە مام ئاقوب جەجیی وەرگرت ــ زۆر سوپاس ] . ــ و .

(١٢٤) مەبەست لە دەفری گلێنەی هەڵسووراو دیزەیە کە بە تفرێکی سەوزو لووس هەڵدەسوورێ ــ و .

(١٢٥) مەبەست لە دەفری گلێنەی هەڵنەسووراو گۆزەو جەڕەو جەلەو شەربەو شتی وایە ــ و .

(١٢٦) لە ئەرمینیاش بێ قالب گۆزە دروست دەکەن . ب : لیزیشیان ١٩٥٥ ، ١٩٥ وێنەی ٨ .

هەڵدەسووریێو دەسکێکی چەماوەی بۆ دەکرێ • دەسکەکە لەناو قەدەوە دەگاتە گەرۆمەی • لای دەرەوەی دەسکەکە بۆ جوانی قنج قنج دەکەن • لە نزیك دەسکەکەوەش لە دەوراندەوری قەدەکە لەلەیەکی بۆ جوانی لێدەکەنو بە دارێك تیف تیفەی دەدەنو ڕێکی دەخەن • ئەو جەڕانەی من دیم ، دوای ئەوەی دروستیان دەکەن لە بەر ڕۆژیان دادەنێن تا ووشك دەبنەوەو ڕەنگیان بۆرێکی مەیلەو کاڵ دەردەچێ پاشان نزیکەی دەیان لەسەر یەك خڕ دەکەنەوە • جەڕەیەکی گەورە لە ناوەڕاستەوە لەسەر تەنکێش دادەنێنو بە ئەڵقە ئەوانەی تری بە دەورەدا هەڵدەپەسێرن • ئەم کەڵەکە جەڕەیە نەختێ لە دووری ماڵەوە دادەمەزرێنن • پاشان پڕی سەری تەپاڵە دەکەن • تەپاڵە : ڕیخی ڕەشەووڵاغە لەگەڵ قەسەر دەیشێلنو بە دیواری خانووی وەدەدەنو پێوە ووشك دەبێتەوە • کە تەپاڵەیان لەسەر کرد بۆ ماوەی سێ سەعات ئاگری لەسەر دەکەنەوەو پاشان جەڕەکان لە سەر بانێك دادەنێن تا سارد دەبنەوە • جەڕەکان ڕەنگیان سوورێکی قاوەیی دەردەچێو پەڵەی ئاگرەکەیشی هەر پێوە دیارە [ نموونەیەك وەکو بوتل وایە ٣٨٥ر١م بەرزە ] •

مادام باسی گلینەکاریمان کرد دەبێ باسی کەندووی قوڕی گەورەو چوارگۆشەی دانەوێڵەش بکەین کە هەر چوار لای دەڕازێننەوە • ئەم کەندوانە لە قوڕ دروست دەکرێنو ووشك دەکرێنەوە • نە بە ئاگر سوور دەکرێنەوە ، نە هەڵدەسوورێن • لە گوندان لە ژووری ئازووقە دادەندرێن •

# بەشی سێهەم

## ئادگار

**جل‌وبەرگی ئافرەتان :**

ئادگاری ئافرەتی کورد لە جل‌وبەرگ‌و لە خشڵ‌و زێوەرو لە جوانی شارستانێتی خۆیدایە • قوماشی جلکیان ئەمانەن ، ئارمووش ، ئارمووشی دەستکرد ، جورجێتی بە سیم ، چیت ، کوودەری• جحێڵەکان ڕەنگی گەش‌و پیرەژنەکان ڕەنگی تۆخ لەبەر دەکەن • ئەم ڕەنگانە باون : قورمزی ، ئەرخەوانی ، پیرۆزەیی ، پەمبە ، سەوز •

«جلك»ی ئافرەتان : هەیە لە ڕووی شێوەو پێکهاتنەوە لە رەگەزی ڕەسەنی کوردی‌یە ، هەیە لە ڕەگەزی ئیسلامی‌یە ، هەیشە ڕەگەزەکانی لە شارستانی ڕۆژاواوە خواستوە •

**ڕەگەزی کوردی :**

«ئاوەڵ‌کراس» دەڕپێ : نزیکەی مەترێك درێژەو ۳۰ر۲م بەرینە• لەلای سەرەوە نیفۆی هەیە دەکەوێتە سەر تێکان • دەلینگی نزیکەی ۱۵ر۱م بەرینەو ئەویش نیفۆی هەیەو بە داوێك خڕ دەبێتەوە سەر قولەپی[1] • لەبارەی

---

(۱) ژوان ۱۹۳٤ ، ٤٨٤ لەبارەی جل‌و بەرگی ئافرەتانەوە لە سوریەو فەلەستین دەڵێ : «لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەمین بوو کە پانتۆڕ بەرین بوو شەلوار بە نیفۆ ، لە قوستەنتینیە ، شەلوار لە خوارەوە تەسکە» .

هەڵبڕینەوە دەرپێ وەکو شەڵوار[٢] وایە، ناوپیستێرێکی (٢٥ر٠م×٢٥ر٠م)ی تێدەبردرێتەوە • بەشی سەرەوەی دەرپێ تۆڵەیە ، بەشی خوارەوەی قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگە وەکو خامەك ، کوودەری ، جورجێت[٣] •

«ژێرکراس» : نزیکەی ٩٠و٠م درێژەو کونی جێ قۆڵەکانو جێ ملی خڕو گەورەیە • لە پێشەوەو لە دواوە وەکو یەك وایە • لەلای سەرەوە ٢٠ر١م بەرینەو لە خوارەوە ٧٠ر١م بەرینە ؛ جا کە ئافرەت بە چوارچمکی دادەنیشێ ژێرکراسەکەی لەبەر تەنگ نی‌یەو لەشی ناگوشێ • ژێرکراس تا خوار چۆك دادەکشێو بەشی سەرەوەی ئاوەڵکراس دادەپۆشێ کە تۆڵەیە • قوماشی ژێرکراس ئارموشی دەستکردی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگە •



تاقە وێنەکە : هێڵکاری ـ ژێرکراس . پاشو پێشی یەك پارچەیە . وێنەی یەکەمی دوانەکە : هەڵبڕینی ئاوەڵ کراس . وێنەی دووەمیان : هەڵبڕینی ئاوەڵکراسی ژنان . هەر سێ پارچە جلەکە بەڕێژەی ١/٣٠ کراون .

---

(٢) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ٨٢ ، ١١٠ .

(٣) لورەکان ، ب : فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٩ ، وێنەی ١١٢ ، پانتۆڕی تەسکی دەلینگ بە ڕیشوو ، تەنیا ٧٤و٠م درێژە .



ئاوەڵکراس لە جورجێتی سپیو پەمبەیە ..
ژێرکراس ئارمووشی دەستکردی پەمبەیە .

«کراس»[٤] : ٢٨ر١م–٣٦ر١م درێژەو لە زەوی دەخشێ ٠ لەبارەی هەڵبڕینەوە پانوپانە[٥] ٠ لە تەنیشتەکان تیرێژی تێدەبردرێتەوە ٠ جێ ملی خڕو بچووکەو زی[٦] کورتە ٠ قۆڵی ٤٠و٠م بەرینەو بە ڕاستوڕاستی لـە قاڵبەکەی درواوەو ئەنگونچکێکی ٨٥و٠م – ١٠ر١م درێژی پێوەیە ٠ لـە وەرزی زستاندا ، ئافرەت ئەم ئەنگوچکە لەسەر کورتەك یان کەوێ یـان لەسەر هەردووکیان لە باسکی دەپێچێ ٠ لە وەرزی گەرمیشدا کە کورتەك لەبەر ناکا ، سەری ئەنگوچکەکان لێك گرێ دەداو بەسەر سەری‌یەوە ئاوای پشتەوەی دەکاو بەمەوەش سەرقۆڵی والا دەبێتەوەو تا نیوەی هەڵدەکرێ[٧] ٠ کە نوێژ دەکا گرێی ئەنگوچکی دەکاتەوەو ئەنگوچکەکان بەسەر هەر دوو دەستی‌دا شۆڕ دەبنەوەو لچکیان دەگاتە سەر زەوی ٠ وا دەبێ قوماشی کراس تۆخ یان گوڵگوڵی یان تەرحە ئارموشێك بێ ٠ ئافرەت کە ئیش دەکا دامێنی کراسی لەبەر نیفۆی ئاوەڵکراسی ڕادەکاو بەمەوەش کراسـی هەڵـدەبێو لـە دووی ناخشـێ ٠

« سوخمە » : ٣٦و٠م – ٤٠و٠م درێژەو ٤٠و٠م بەرینە ٠ لە پێشەوە دوو پارچەیەو لە پشتەوە یەك پارچەیە ٠ لەسەر شانەکانی بە ڕیزە دورمانی لارو لە تەنیشتەکانی بە ڕیزە دورمانی ڕاست بە یەکەوە دورواون ٠ وایـش

---

(٤) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ .

(٥) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٢ .

(٦) لوڕەکان ، ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٩ وێنەی ١١١ .

(٧) ب : ژوان ١٩٣٤ ، ٤٩١ : «... لە ناوچەی منین (سوریا) کراس هەیە... سەرقۆڵەکانی درێژەو لە باسکی دەپێچن ...».
– ٥٠٣ ، ئافرەتی ژێریشۆ : «... ئـافرەتی عـازەب ... لەوەندی‌یـان دەکەوێتەوە سەر پشت » .
– دالمان ١٩٣٧ ، وێنەی ٤٢ ، ٨٨ ، ٨٩ (فەلەستین) .



کراسی ژنان جورجێتی پەمپەو گوڵی سپی تێدایە



هەڵبڕینی کراسی ژنان . بە ڕێژەی ١/٣٠کراوە . ئەی : قاڵب . بی : هەردوو قۆڵ .
سی : فەقیانەکان (یەکێکیان دوو پارچەیە تێکبڕدراونەتەوە) . دی : تیرێژەکان . ئی : گرۆیرەکان .



هێڵکاری : هەڵبڕینی کراسی پیاوان

دەبێ سوخمە یەك پارچە قوماش بێ • ئەم لاو ئەو لای دەنووشتێننەوەو تەنیا یەك ڕیزە دورمانی لەسەر شانی دەوێ • جێ قۆڵـەکانی گەورەو فراوانن • قوماشەکەی : یان جورجێتە یان کودەری بەسیمەو تێر ڕەنگە ، بـەرەکەی خامە • لە هەندێ نموونەدا قوماشی لای پێشەوە لەهی لای پشتەوە جوانترە، چونکە لای پشتەوەی دەکەوێتە بن جلکان •



سوخمە مەخمەڵی پەمبەیەو بەری تۆلەیـە



هێلکاری – هەڵبڕینی سوخمە ، بە ڕێژەی ١/٣٠

«سەلتە» (٨) کورتەك : نەختێ لە سوخمە درێژتـره ، قۆلـەکانیشی درێژو تەسکن • لەبارەی هەلبڕینەوە پانوپانەو (٩) قۆلی بەقەد قالبی درێژە• دورمانی سەرشانو دورمـانی تەنیشتی نیـیـه • قوماشـەکەی بەسیمـەو ڕەنگاوڕەنگە ، بەری تۆلەیە • بەینی بەرو پشتی بە ناواخنە •

«کەوا» (١٠) کەوێ : ٣٨ر١ـ٤٥ر١م درێژەو ٥٦ر١م ـ٦٠ر١م بەرینە •



هێلکاری ـ هەلبڕینی کەوێ ، بە ڕێژەی ١/٣٠

(٨) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٨ : «سەلتە (کورتەکی ڕەشی قۆلدرێژی یـاخە بەرینی زی والا» .
ـ نیکیتین ١٩٥٦ ٩٢ : «سەلتە ، چاکەتی تەتەری» .
(٩) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٢ : «چاکەتێکی درێژە ... زی ناگاتەوە یـەك ، بە ناواخنە ، قۆلی تەسکە بەلام سەردەستی نەختێ دەنووشتێتەوە...» .
ـ نیکیتین ١٩٥٦ ، ٩٣ : «کەوێیەکی درێژ...» .
(١٠) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٢ .



کەوێ خامەکی مۆرەو بەری تۆلەیە ، بە ناواخنـــە

لەبـارەی هەڵبڕینـەوە پـانوپانە [١١] • لـە لاتەنیشتەکانـەوە تـیرێژی تێدەبردرێتەوە • قۆڵی تەسکەو بە قاڵبیدا دێتە خوارێ • کەوێ وەکو ساقۆ وایە • لەسەرەوە تا خـوارێ زی والآیـە • لـەملاو لەولا دوو پـارچەی تێدەبردرێتەوە کە لەبەری دەکەن ئەم دوو پارچەیە دەکەونە سەر یـەك • بەم جۆرە ، کەوێ شەقێکی لە ناوەڕاستەو [١٢] بەشی هـەرە خـوارەوەی دورمانە لارەکانی تەنیشتی کراونەتەوەو بوونەتـە شـاقەڵ • لـە ڕاسـت تێکیشی تریزێکی تێدایە وەکو گیرفانەو کە بیانەوێ کەوێ هەڵبـکەنو لـە دوویان نەخشێ لچکەکانی پێشەوەی لەم تریزانە ڕادەکەن • قوماشـەکەی خامەکەو بەری تۆلەیەو بەینی بەرو پشتی بەناواخنە [١٣] •

« کڵاو » : لە لبادی ڕەشەو تەنیشتەکانی نەختێ هاتوونەتە خوارێ • بە دەزووی ڕەش بە ڕیز تەقەڵی لێدراوەو لێواریشی بە شیرازەیەو ئەویش هەر ڕەشە ، ١٠و٠م بەرزەو تـیرەی ٢٠و٠م دەبێ • دراوێـکی زیوی لـە ترۆپکە دەدوورنو دەسماڵی لێقایم دەکەن • سەرێکی ژێرچەنەیشی لـە لاتەنیشتێك دەدوورن کە ٣٨و٠م درێژەو لە مووروو دەهۆنرێتەوە یان لـە زیو دروست دەکرێ • ژێرچەنە سەرەکەی چەنگاڵێکی پێوەیە توند لە کڵاو گیر بێ • جاری وا هەیە ، سەرباری خشلی ڕەسەن یان قەڵپ ، نووشتەیەکی بچووك بە کڵاوەوە دەدوورن • لە شارێـکی ، بڵێـین ، وەکو هەڵەبجـە سەربەست لە سەر کڵاو لێنانێن • کڵاوەکە سەراپای دراوی گەورەی ئێرانی لێدەدوورێو دراوەکان وەکو پوولەکە لێواریان دەکەوێتەوە سەر یـەك • بەڵام لە زۆربەی شوێنەکانیتر سەربەستو هەنیـەپێچ هـەنو بەشـێکی سەرپۆشـن •

---

(١١) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٢ •
(١٢) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٣ •
(١٣) لوڕەکان ، ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٩ •

« دەسماڵ » یانْ « جامانە »[١٤] : سێ گۆشەیە • لە ناوەڕاستی لای درێژی بە ئەڵقەیەك لە دراوی سەر ترۆپکی کڵاو قایم دەکرێو مل دادەپۆشێ • سەری دەسماڵەکە بەسەر پشتدا شۆڕ دەبێتەوەو دوو سەرە



دەسماڵ لە قوماشێکی شینی تەنکی بەسیمە . بە چنگاڵێك لە کڵاو قایم دەکرێ ، دەکەوێتە سەر پشت . هەر دوو سەرە باریکەکەی بەسەر سنگدا دەڕۆنو لە پشت ملەوە گرێ دەدرێن

---

(١٤) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٢ .

— نیکیتین ١٩٥٦ ، ٩٣ : «جامانە» ، چەفیەیەکی ڕەنگاوڕەنگە دەکەوێتە پشتەوەو جارێك لە ملی دەپێچن .

— ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ وا باسی جامانە دەکا کە قوماشێکی ڕەشو سپی یە پیاو لەسەری دەنێن .

باریك‌و درێژەکانی لەلای پشتەوە لێك تێ‌دەپەڕنو بەسەر شاندا دەڕۆنو لەسەر مل لێك‌گرێ دەدرێن • قوماشەکەی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگی تەنك‌و سخە (١٥) •

کۆلوانە : لاکیشەیە ٩٦و٠م×٩٦و٠م دوو لای بەرامبەر یەك هەر یەکە بەڕیز ٢٧ گولنگی پێوەیە • بەکۆلیدا دەدەن • لایە بەگولنگەکانی بەسەر



کۆلوانە جورجێتە . گولنگەکانی هەردوو گۆشەی سەرەوە لێك قایم دەکرێن‌و بەسەر شان‌و پشتدا شۆڕ دەبێتەوە

---

(١٥) لورەکان ، ب : فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٢١ ، وێنەی ١١٤ .

پشت‌دا شۆڕ[١٦] دەبنەوە خوارێ • دوو لچکی سەرەوە بە دەرزی لەبن چەناگە[١٧] لێك قایم دەکەن • قوماشەکەی جورجێتی داخداخە • بێ‌بەرە •

« سەربەست » [١٨] : ٥٠ر١ درێژە • دوو پارچە چیتی تەسك بە لاتەریکی دەبڕنو دەیدوورن • لە ناوەڕاستەوە ١٣و٠م بەرینەو تا دێ لە هەر دوو سەرەوە تەسك دەبێتەوە • سەرێکی ڕاست بڕاوەو سەرەکەی‌تری بە شێوەی نیوبازنەی قووڵ بڕاوە • لا ڕاستەکە ٢٢ گوڵنگی پێوەیە • سەربەست لە هەر دوولاوە وەکو دوو کەزی سەر بە گوڵنگی لێ‌دێ • بەم جۆرە سەرجەمی درێژی دەکاتە ٢٠ر٢م • سەربەست دوو جار بە لای درێژی‌دا دەپێچرێو گوڵنگەکانی دەکەونە دەرەوە پاشان وەکو تیلمێکی پان بە دوو پێچ لە کلاو دەئاڵێنرێ • ناوەندی سەربەستەکە دەخرێتە سەر ملو بەسەر برۆدا دەڕواو دەسووڕێتەوە لەسەر مل لێك دەبەسترێو سەرە بە گوڵنگەکانی لە ژێر دەسماڵ بەسەر پشت‌دا شۆڕ دەبنەوە • قوماشەکەی چیتە • سەربەست بەلاری لەسەر دەندرێ [١٩] • لە دەرەوە هەنیەپێچی لەسەر لێ‌دەندرێ [٢٠] کە ٨٣و٠م × ٨٠و٠ مەترە • لە ئارمووشی تەنکی ڕەشەو گولی سپی‌و قاوەیی تێدایە • دەستووری ڕەنگەکانی تەواو لە ڕەنگی پارچە جلەکانی‌تر جودایە کە ڕەنگیان : بە زۆری ئەرخەوانی ، قورمزی ، پیرۆزەیی‌یە • لەسەر تیرەی دەق دەکرێو بە پێچەوانەی سەربەست لەسەر

---

(١٦) بیشۆپ ١٨٩١ ، ٣٥٤ لە کوردستانی ناوەڕاستەوە باس دەکا : «کۆلوانەیەك بەسەر پشت‌دا شۆڕ دەبێتەوەو بە دوو لچك لە گەردن دەبەسترێ .

(١٧) لوڕەکان ، ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٩ .

(١٨) سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٢ پێ‌ی‌دەڵێ «پوشین» ، وەکو پەشتەماڵ وایە .
— ب : نیکیتین ١٩٥٦ ، ٩٣ : «پووشین : داوێکی ئەستوورو درێژە پارچە قوماشی ڕەشی لەسەر دەچنن کە لە پەشتەماڵ دەکا» .

(١٩) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٤ : «چەفیەیەکی گەورەیە گوڵنگی پێدا شۆڕبۆتەوە، بە لاری لێ‌دەندرێ ...» .

(٢٠) لوڕەکان ، ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٢١ ، وێنەی ١١٤ .



ڕەگەزەکانی جلی ئافرەتی بەمێرد : کڵاو خوری ڕەشە ، داوەموورووی شین ، سەربەست جورجێتەو
بە گوڵنگە ، هەنیەپێچ ئارمووشی ڕەش‌و سپی‌و قاوەیی‌یە .

برۆوه سەر هەوراز لێدەندرێو لەسەر مل گرێ دەدرێو سەرەکانی لەبن مێزەر ڕادەکرێ • لەناوەندی سەری پیرۆزەو دراوی ئێرانی لێ قایم دەکەن•

«سەرپۆش» : ١٫٦٠ – ٢٫٠٠م درێژەو ٧٢وو٠م – ٨٤وو٠م بەرینە • قوماشێکی تەنکە ، جا چ سپی بێو چ ڕەنگاوڕەنگ ، بێدورمانەو بەشلی شۆڕ دەبێتەوە • ژنی بە مێرد لەسەر سەربەست لەسەری دەنێن کەچی کچێ مێردی نەکردبێ یەکسەر لەسەر سەری ڕووت لەسەری دەنێو لەوە زیاتر هیچیکە لەسەر نانێ • وا دەبێ ئافرەت پشتێن (کەمەرە) دەبەستێ •

ئەم دەستە بەرگەی ژنی بەمێرد ، چەکو خشلی لێدەرچێ ، هەمووی دەوری ١٠ دیناری تێدەچێ •

پێلاو : وا دەبێ پێلاو هەر لەپێ ناکەن ؛ چونکە ئافرەت بە زۆری وایان پێخۆشە لەناو ماڵ بە پێ خاوسی بگەڕێن • وا دەبێ «قاپقاپ» لەپێ دەکەن کە دارەو پاژنەی هەیە • وایش دەبێ «قۆندەرە» یان «پاپوچ» لەپێ دەکەن کە نزیکەی ٢٥وو٠م درێژە • لە هەردوو باردا لنگی ڕاستەو چەپەیان یەك شتە • پێلاوی «باتا»ی بریقەداری پاژنە بڵندیش بۆ هاوین هەبوو • ئەو ئافرەتانەی زۆر لە شاخان بوون کۆنە پێلاوی پیاوانیان لەپێ دەکرد کە دەستکردی ئەوروپا بوو •

**ڕەگەزی ئیسلامی :**

عەباو پێچە : لە کوردستانی خوارووددا « عەباو پێچە » هەیە کە لەش‌و دەم‌وچاو بە تەواوی دادەپۆشێ •

« پێچە » : لاکێشەیی‌یە ٤٦وو٠م × ٤٥وو٠م لە ئارمووشی ڕەشی تەنك‌و شانەیی دروست دەکرێ • پێش ئەوەی پێچە لەسەر بنێن هەر دوو لچکی سەرەوە بە دەرزی لێك دەدەن • پێچە بە تەواوی دەم‌وچاو دادەپۆشێ •

« عەبا » : لاکێشەیی‌یە ، دوو دورمانی ئاسۆیی ٦٥وو٠م درێژی لەسەر



پێچەو عەبا . هێڵە سپی یەکان شوێنی هەڵبڕینی عەبـاکەن .



ژنێ عەباو پێچەی لە خۆی داوەو لەماڵ دەردەچێ (سلێمانی)

قۆڵانە• عەبا ١ر٧٠م درێژەو ١ر٥٥م بەرینە• لەلای سەرەوە هەر قولینچکێکی تریزێکی ستوونی ٠ر١٠م درێژی تێکراوە ، قۆلی لێدێتە دەرێ • عەبا لە دوو بەر قوماشی ئارمووشی ڕەش دەکرێ کە ٢ر٨٥م درێژو ٠ر٨٥م پانەو لێك دەدورێن • ئەم عەبایە بە جازری لە بازاڕ دەکڕن • ژن لە ماڵەوە دەینوشتێننەوەو بە درێژو درێژی دەیدورن • عەبا بەم نووشتاندنەوەیە لە پێشەوەو لە پاشەوە تەسك دەبێتەوە بەڵام تەنیشتەکانی بەرینە • بەمەوە

عەباکە یەك بە بەژن دەردەچێو لچکی تەنیشتەکانی لــە دوو ناخشێ • ژن لەسەر پێچە عەبا بە خۆیاندا دەنو لەبن عەباوە لچکەکانی پێشــەوەی بــە دەست دەگرن • عەبا سەرتاپای لەش دادەپۆشێ ، لە بڕۆوە تا پێو بە تەواوی جلی لەبن دەشاردرێتەوە •



هێلکاری ـ هەڵبڕینی عەبا لایەکی کراوەتەوە . هێلە بە پنتکەکان جێی نووشتاوەن . بە ڕێژەی ۱/۳۰ کراوە

**جلی خوازراوەی شارستانێتی ئەوڕوپا :**

فستانی درێژی شەو کە سەرقۆلەکانی فشەو جاروبــار چــاکەتیش • هەردوکیان ئارمووشی پەمبەن • ئەمانە جلی ناومالن • یان لە ماڵەوە دەیدورن یان بە حازری دەیکڕن • هاوینی ۱۹۵۷ جۆرە کراسێکیتریش هەبــوو • هاوین ، ئێوارە لەبەریان دەکرد • تا سەرچۆکان دێو لە گۆڤاری مۆدیلانەوە وەرگیراوە • فستانی شۆڕو بلووزو تەنوورەش هــەن • یــان لە ماڵــەوە دەیاندورن یان بە حازری دەیانکڕن • بەرگی زەماوەندی بووکێنی کراسێکی سپی شۆڕە ، قۆڵەکانی درێژە • بە پلپلە ڕازاوەتەوە • ئەمەیان بە حــازری لــە بەغــدا دەکڕدرێ •

**دابەش‌بوونی ڕەگەزەکانی بەرگی ئافرەتان :**

لە هەر چوار مەلبەندی ئافرەتان دەستووری جل‌وبەرگ لـە ڕەگەزی ئەم سێ بەشە پێك هاتوە : کوردی ڕەســەن ، ئیسلامی ، جلی خوازراوەی ڕۆژاوا • بێجگە لەمانەش ئەم دەستوورانە لەبـارەی ژنی بەمـێردو کچـی بەشوونەدراوەوە لێك‌جودان •

**دەرەبەگایەتی دێ :**

جل‌وبەرگیان لەم ڕەگەزە کوردی‌یـانە پێـك‌دێ : ئـاوەڵکراس ، ژێرکراس ، کراس ، سوخمە ، « سەڵتە » کورتەك ، کـەوێ ، سەرپـۆش ، ئەمەیان لای کچی بێ‌مێرد هەمیشە سپی‌یە • ژنی بەمێردیش : کڵاو ، دەسماڵ، کۆڵوانە ، سەربەست ، هەنیەپێچ لە بن سەرپۆش لەسەر دەنێن بەڵام لەنـاو ماڵ ئەمانە فڕێ دەدەن • قوماشیان ئەمانەیە : مەخمەڵ ، چیت ، جورجێت ، کودەری ، ئارمووش ، ئارمووشی دەستکرد • بێجگە لەمەی کە هەنـدێ جار ئارمووشی گوڵ سیم‌و نایلۆنی ڕەنگاوڕەنگی ژاپۆنی دەکەنە کورتەك • ئەو کوتاڵەی لە دەرەوە دێ هەمووی لە ئەوڕوپاو بە تایبەتی لە فەڕەنسا ، سوریا ، ژاپۆن دێ •

زۆرو کەمی ئەو پارچە بەرگانەی ئافرەت لەبەری دەکا بە پێی ساردو گەرمی وەرزی ساڵ دەگۆڕێ • هیچ دەستووره بەرگێك نی‌یە بە بۆنـەی تایبەتی‌یەوە لەبەر بکرێ • ژنە دەرەبەگێك لە مـاڵی شـێخی تۆپزاوە بـە ئاوەڵکراسی جورجێتی سەوزو ژێرکراسی چیتی سەوزو کورتەکی ڕەشـی گوڵ سیم هەویری پان دەکردەوەو نانی دەکرد • کە بزنیشی دەدۆشی هەر ئەو بەرگەی لەبەر بوو • باشترین جلك ئەوەیە نوێ بێ‌و تازە لەبەر کرابێ • هەروەکو پێشتریش باسمان کرد ئافرەت کە دەنوون جلیـان ناگۆڕن ، بـە هەموو جلی بەریانەوە دەنوون ، سەرو مێشکی خۆیشیان لە چەك دەدەن •



دەرەبەگایەتی دێ : جلوبەرگی ژنی بە مێرد ، لە پێشەوەو لە پاشەوە (تۆپزاوە)

که دەنوون تەنیا سەربەستو دەسماڵو کۆڵوانەو هەنیەپێچ لەسەر دەکەنەوە ، واتە ئەو پارچە بەرگانەی لەگەڵ سەربەست دان • کراسو ژێرکراسو ئاوەڵکراس دەشۆن بەڵام جۆری قوماشەکە ڕێ نادا بە زۆری بیانشۆنو ئوتوویان بکەن • پاکو خاوینی جلوبەرگ هەر نی‌یە • لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمەکانی بارۆك Baroque و ڕۆکۆکۆ Rococo ی ئەوروپا ، ئەو وەختە بەرگی وا هەبوو قوماشەکەی چاك بوو ، بە لەبەر کردن ڕەونەقی نەدەچوو • خۆیشیان نەیاندەویست بیشۆنو پاکی بکەنەوە کە ئێستا لە ئەوروپای هاوچەرخدا بۆتە شتێکی بنچینەیی •

ئاوەڵکراسی درێژو ژێرکراس لەبن کراسەوە لەبەر دەکەنو تەنیا بەرگی بە ناواخن لەسەرەوە لەبەر دەکەن • بە پێی وەرزی ساردو گەرم لەبەریان دەکەنو دایان دەکەنن •

ئەو ڕەگەزانەی پەیوەندی‌یان بە ئیسلامەوە هەیە : عەباو پێچە نەکەوتۆتە ناو دەستووری بەرگی دەرەبەگایەتی دێ بەڵام کە لە دێوە بچنە شار ناچارن لەبەری دەکەن وەکو ئەوەی کە بچنە سەردانی سلێمانی یان شوێنی دوورتری وەکو کەرکوکو مووسل •

**مەڵبەندی ساکاری جوتیاران :**

ئەمانەش جلوبەرگیان هەر لە ڕەگەزی ڕەسەنی کوردی‌یەو بریتی‌یە لە : ئاوەڵکراسو سەرپۆش بۆ کچی بەشوونەدراوو سەربەست بە هەموو تاقمەوە بۆ ژنی بەمێرد (لە شاری هەڵەبجە سەربەست نی‌یە • سەراپای کڵاو دراوی زیوە ، دراوەکە دەسماڵو کۆڵوانەی پێوەیە) •

جیاوازی نێوان جلی ئافرەتی دەرەبەگی دێو جلی ئافرەتی ساکاری جوتیاران لە شێوەو لە ژمارەی پارچەکاندا نی‌یە ، لە ڕەنگو لە جۆری قوماشەکەدایە • جلی ژنە جوتیاری لادێ بە زۆری یان قوماشی سپی



مەلبەندی جوتیاران ( هەلەبجە )

گۆلگۆلە یان زۆر تێر ڕەنگە • لە گوندی تۆپزاوەو ڕەکاوە سەرپۆشیان بە زۆری سپی بوو ، هەندێ جاریش پیرۆزەیی • لە گوندی سەرکان رەنگی هەرەباو قورمزی بوو • لە میرزا ڕۆستەم ڕەش‌و «ڕەنگ نیل»و تۆخ باوی هەبوو • لێرە سەربەستیان زلەو ترۆپکی کلاوەکە پارچە زیوێکی گەورەی لێدرواوە[21]، لە تۆپزاوە کە ئیشیان دەکرد بەرهەلبێنەیان دەبەست‌و ژنە جوتیارەکانی تەوێلەش کە دەچوونە ناو باخان دەیانبەست • تەرجومانەکەم بۆی باس کردم کە ژن پێیان شەرمە خۆیان

(٢١) لێن ١٩٤٤ ، ٥٦٥ : «کورص» .
– بیشۆپ ١٨٩١ ، ٣٥٤ : «تاسی زیوی سەر ...» .
– ب : ژوان ، ١٩٣٤ ، ٤٨٤ «سێ‌سووچە» ، کلاوێکی ئاسنە ...

توند بکەن • لە ئەوروپاش ، لە سەردەمی ڕاپەڕیندا ئەم هەستە هەبوو • کە لە ناو زەوی ئیشیان دەکرد دیم بەرامپیلیان لەبەر دەکرد • بەرامپیل پـارچە تۆلەیەکە بە بەر خۆیانەوە شۆڕیدەکەنەوە • دوو لچکی سەرەوەی لێك گرێ دەدەنو دەیخەنە سەر شانی چەپە • لە گوندی (دەرکۆن)یش کـە پەلـکە توونتیان لە داو دەدا ئەو جۆرە بەرامپیلەیـان لەبـەر دەکـرد • جـۆرە بەرگێکی‌تریشم دی ــ بە پێی ئاگاداری من ــ ئەوانە لەبەریان دەکرد کـە تازە هاتبوونە تۆپزاوەو خەڵکەکە بە نادڵیەوە دەیانگوت ( جلی ئێرانی )یە • ئەم بەرگە بریتی بوو لە دەرپێیەك ، کراسێکی درێژ کە باخەڵی دەکەوتەوە سەر هەیاسە • هەیاسە بە پارچە زیوێکی گەورەو هەندێ پارچەی بچووك نەخشاوە(٢٢) • لەگەڵ ئەم دەستوورە بەرگە سەربەستیان لەسەر نەدەنا بەڵام دەسرۆکیان دەبەست کە دوو سەرەو بەسـەر پشتدا شـۆڕ دەبێتـەوە • (پاشەسەرە)شیان هەبوو کە زنجیرێکی زیوی سێ لایە بەڵام وەکو هی خەڵکی گوند نەبوو • هەورەمانی(٢٣) بوو •

ژنە جوتیاری ساکاریش هەر وەکو ژنە دەرەبەگ کە دەچنە شار عەباو پێچە لە خۆ دەدەن •

**مەڵبەندی خوێندەواری شار :**

لە بارەی جلوبەرگەوە نموونەی زۆر جیاوازیان هەیە (٢٤) • ئـەگەر باسی ئەم هەموو جلوبەرگە بکەم کە تەرجومانەکەم ، لە ماوەی ئەو چـوار

---

(٢٢) ب : بێرلینەر . یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ .
ــ ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٣٧٣ : «کەمەرەی بە پارچە زیوی گەورە» .

(٢٣) ب : فیلد ١٩٥٢ ، ٥٢ : «هەورامییەکان گومانیان لێ‌کرا ئێرانی بـن بۆیە دوورخرانەوە ... » .

(٢٤) سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٢ : «ئەو کراسەی ژنە سلێمانی لەبەری دەکەن هـەر چەندە کوردییە بەڵام کاریگەری عارەبی پێوە دیارە» .
ــ ب : نیکیتین ١٩٥٦ ، ٩٣ .

مانگەی هاودەمم بوو ، لەبەری دەکرد مەبەستەکەمان زۆر ئاشکرا دەبێ •

دوو پارچە بەرگ هەبوو ، وەکو هەموو ژنـە شارستانی‌یەکانی‌ترو بە پێچەوانەی ژنەکانی دوو مەڵبەندەکەی لادێ ، قەت بەبێ ئەوان لە مـاڵ دەرنەدەچوون ئەوانیش بریتی بوون لە : عەباو پێچە • لەبن عەباوە دەستـە بەرگێکی ڕەسەنی کوردی‌یان لەبەر دەکرد کە دەق وەکو بەرگی کچەکانی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ وا بوو ئەوە نەبێ کە ئەو جۆرە قوماشەو ئـەو ڕەنگە کاڵانەی لە گوندان باویان نەبوو لێرە دەستوور بوون •

سەرباری ئەمەش کەمەریان دەبەست • ئەم کەمەرە زۆر دەگمەنـە لای



مەڵبەندی نەخوێندەواری شار (سلێمانی)

کچی لادێ • دەرپێی بە پزی کە کچی لادێ لەبەری دەکاو لەسەر تێکان دەوەستێ ، کچی شار بە مایۆی ڕۆژاوایی گۆڕیوەتەوە • لە هەمان کاتیشدا تەرجومانەکەم وەکو دەستە خوشکە مامۆستاکانی حـەزی لێ بوو کراسی تەنك لەبەر بکا کە ژێرکراسی ئەوروپی تێدا دیار بوو • لـەم مەلبەنـدەی ئافرەتاندا ، لە باتی ژێرکراسی فشوفـۆل ژێرکراسی ئەوروپییـان لەبەر دەکرد • دەستە خوشکە بەمێردەکانی سەربەستیان بە تاقمەوە لەسەر دەنا • خشلیان بە زریزە بە خۆوە دەکردو لێواری سوخمەیـان دەدووریو وەکو پشتێنی لێدەهات • تەرجومانەکەم کراسێکی سووری درێژی شەوانـەی لە ژێر عەبا لەبەر دەکرد کە جلی ناومالو نووستن بوو ، جا چ کورتـەکی لەگەل بوایەو چ بێ کورتەك بوایە • ئەم کراسە ، کە لە کراسی شەوانـەی ئەوروپییەوە وەرگیراوە ، دەق وەکو پێجامەی زەلامان تایبەتی نـین بـە شەو ، بە هەموو دەمێ لەگەل دەستووری بەرگی کوردی لەبـەری دەکەن — ڕەگەزێکی ئەوروپییەو کورد لەبەری دەکەن • وا دەبێ ئافرەت بلووزو تەنوورە ، یان کراسی ئەوروپی — ئەمەریکی لەبەر دەکەن کە یان خۆیـان دەیدورن یان بە حازری دەیکڕن ، بەلام بە گوێرەی دەستووری کـوردی هەر بەو جلانەش دەنوون • ئەم مەلبەندەی خوێندەواری شار کراسی سپی بووکێنی لێبوو • هەردوو خوشکی تەرجومانەکەم کە بە مێرد چوون ، بـۆ زەماوەند ، کراسی سپی شۆڕو تارای سپی کورتیان لەبەر کرد • ژێر بەرگیان ئەوروپی بوو ئەوە نەبێ کە لە باتی قایشی پشت لاستیقـیان دەبەسـت • ئافرەتی کورد کە جلوبەرگی ئەوروپی لەبەر دەکرد دەستووری تایبەتی ئەو جلانەی بەوە دەشکاند کە دەهات بە شەوو بە ڕۆژ لەبـەری دەکرد • لـە مەلبەندی خوێندەواری شاردا بارگەی بووك کورتەکی کودەریو کراسی نووستنی شەوی لەگەلدا بوو بۆ ئەوەی بووك شەو خۆی بگۆڕێ • لـەم مەلبەندەدا مەمکدانو مەمکی لاستیقی نەرمو دەستکردو مایۆی ئەوروپیش



بەرگی بووکێنی ئەوڕوپی . مەڵبەندی خوێندەواری شار (سلێمانی)

هەبوو بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەمانەیان لەماڵەوە لە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرد •

ئەمانەی خوارەوە نموونەی بەرگی ئافرەتی مەڵبەندی خوێندەواری شارن : ئەو بەرگانەی سەرەوە کە لە ڕەگەزی ئیسلامی‌یەوە وەرگیراون گرنگترین شتن • ڕەگەزی ڕەسەنی کوردی‌یان پاراستوە بەڵام تەنیا جاروبار لەبەری دەکەن • کراس لە بارەی جۆری قوماش‌و هەڵبڕینەوە خەریکە لەناو دەچێ • سەرپۆش نەماوە • کەمەرە لە پشت دەبەستن • بلووزو تەنوورەیان لە ڕەگەزی ئەوروپی وەرگرتوە • سەرباری کراسی هاوینی‌و کراسی بووکێنی یەك جار کراسێکی قوتی بێ قۆڵی ئەوروپیم لە سلێمانی دی • کچە کورد لە کاتی عەسرەچادا دامەنی کراسی ئێوارانیان هەڵدەکەن •

بەم جۆرە دەبینین بەرگی ئەوروپی کەوتۆتە ناو دونیای ئافرەتی موسلمانەوە بەڵام بۆ چ بۆنەیەك داندراوە ، بەو بۆنەیە بەکاری ناهێنن •

**مەڵبەندی نەخوێندەواری شار :**

لەم مەڵبەندەش‌دا ، ڕەگەزی ئیسلامی ، کە عەباو پێچەیە ، لە هەمووی گرنگترە • کە لە ماڵەوە دەردەچن دەبێ لەبەری بکەن • کە لە ماڵەوە دەردەچن دەستە بەرگێکی دەق وەکو بەرگی دوو مەڵبەندەکەی لادێ لەبەن عەبا لەبەر دەکەن • جۆری قوماشەکەیان بریتی‌یە لە : جورجێت ، ئارمووش، قوماشی بەسیمی دەرەبەگی دێ ، قوماشی سادەی ژنە جوتیار ، لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شاردا تەنیا ژنی گەورە لەبەری دەکەن • لەم مەڵبەندەدا هەروەکو دوو مەڵبەندەکەی لادێ ژنی بەمێرد سەربەست بە تاقمەوە لەسەر دەنێ کەچی ئەو کچەی شووی نەکردبێ تەنیا سەرپۆش لەسەر دەنێ •

## بەرگی رەسەنی ئافرەتی کورد بە چاوێکی فراوان

| ولاتان | بەرهەمەکان | نموونەی مۆزەخانەی نیشتمانی دانیمارک | دەرپێ | ژێرکراس | کراس | [illegible] | کورتەک | کەوا | [illegible] | سەرپێچ | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| میسر | لێین ۱۹٤٤ ٤٤، ٤٥ و ٤٨ و د. | | + | | + | | + | + | + | + | |
| سعودیا | مووسل ۱۹۸۸ ۱٤٤، ۱٤٥ دکسۆن ۱۹٥۱ ۱٥٤ و د. | F.563.65.67 قەتەر | + | + | + + | | + | + | + + | + | |
| سوریا و فەلەستین | جوین ۱۹۳٤ ٤٢ و ٥٠٣، ٥٠١ دالمان ۹۳۷ | F. 660 هما<br>F. 951 هما | + + | + + | + + + + | + | + + | + | + + + | + | |
| کوردستانی عیراق | ئەدمۆنز ۹٥۷، ۸۷۱ و د. | E. 2333-37<br>E. 2339. 68 | + | + | + | + | + | + | + | + | |
| ئەرمینیا | بیشۆب ۱۸۹۱ ۲٥، ۱٤، ٤٤، ٤٢، ٤٢ | M. 609 | + + | + | | | + + | + + | | | + |
| تورکیا | پیتنێر ۱۹٥ | | + | + | | + | + | + | + | | |
| کوردی تورکیا | | M. 613<br>M. 558<br>M. 563 | + + + | + | | + + | + + + | + + + | | | + |
| ئێران | چاردن ۱۷۱۱ فاولر ۱۹۸۱ | E. 1629 | + + + | | + + + | | | + + | | + + | |
| کوردی ئێران | ئەرەستۆقا ۱۹٥۸ | | + | | + | | | | + | + | |
| بەختیاری | بیشۆب ۱۸۹۱ | | + | | + | | | | | | |
| لوڕ | فیلبێرگ ۱۹٥٥ | E. 286.51 | + | | + | | | | + | + | |

## لێکدانەوەی خشتەکە :

هەروەکو لە خشتەکەدا دیـارە هەوڵمـان داوە ڕەگەزە سەرەکی‌یەکانی دەستووری بەرگی ئافرەتی کورد لەگەڵ دراوسێکانی بەراورد بکەین . دەرپێی ڕەسەنی کوردی وەکو ئەوە وایە کە لە هەموو وولاتە دراوسێکان لەبەری دەکەن. کراسیش هەر وایە . تەنیا هی تورکیاو ئەرمینیا نـەبێ . فەقیـانەی کراسی کوردی لەناو کۆچەری عارەب هەیە بەتـایبەتی لـە دەسـتووری سـووری ـ فەلەستینی ، لەوانەیە هەر لەوەوە وەرگیرابێ . بۆی هەیە سوخمەی کوردی لە دەستووری تورکی خوازرابێتەوە . کەوێ لە هەمـوو وولاتـەکاندا لەگەڵ دەستووری جل‌وبەرگدا هەیە . خێلە کوردەکانی تورکیاو ئەرمینیا کەوتوونەتە بەر کاریگەری دەستووری بێ‌ـکراسی ژنی تورکو دەستووری بە ـ چارۆگ بەرامپیلی ئەرمەنی . بەرگی ئافرەتی کورد لە شێوازی کۆنی دەستووری بەرگی ئافرەتی ئێران دەکا .

بە گوێرەی قسەی بیشۆب (١٨٩١ ، ١ ، ٢١٦) بەرگی ئافرەتی ئێران ، لەم نەوەد ساڵەی دوایی‌دا واتە لە دەوروبەری ١٨٠٠/ەوە ، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتوە .

دوا نموونەی بەرگی ئافرەتی ئێران کە دەرپێی تەسکو کراسی باڵێیـە نموونەیەکی تەواو جودایە .

لوڕەکانی ئێران ، کە فێلبێرگ چۆتە ناویـانو بـاسی کردوون ، هەمـان دەستووری : (دەرپێ ، کراس ، کەوێ)یان هەیـەو سەربەسـتیان وەکو هی کوردانە بەڵام دەرپێ‌یان تەسکترو کەمترە لە دەستووری کوردی عێراق [بڕوانە: فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٩ ] .

# ڕەگەزی بەرگی ئافرەتان و دابەش بوونیان

| کۆمەڵەکان | ڕەگەزەکان | دەرەبەگ [illegible] | | جوتیار [illegible] | | [illegible] خوێندەوار | | [illegible] نەخوێندەوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد | [illegible] مێرد |
| ١ | دەرپێ، ژێرکراس، کراس، سوخمە، کورتەک، کەوێ | X | X | X | X | (X) | (X) | X | X |
| ٢ | کڵاو، دەسماڵ، کۆڵوانە، سەربەست، هەنیەپێچ | | X | | X | | (X) | | X |
| ٣ | سەرپۆش | X | X | X | X | (X) | (X) | X | X |
| ٤ | پشتێن (کەمەر) | (X) | (X) | (X) | (X) | X | X | (X) | (X) |
| ٥ | پێڵاو | (X) | X | | | X | X | (X) | (X) |
| ٦ | عەباو پێچە | (X) | (X) | (X) | (X) | X | X | X | X |
| ٧ | قوماشی تۆڵە | | | X | X | | | X | X |
| ٨ | ئارموش، ئارموشی دەستکرد، جۆرجێت | X | X | | (X) | X | X | | |
| ٩ | بەرگ گۆڕین | | | | | X | X | | |
| ١٠ | کراسی ئەورۆپایی | | | | | X | X | | |

**لێکدانەوەی خشتەکە :**

(×) ڕەگەزی هەمیشەیین . لە هەموو مەڵبەندێکدا هەن .

(×) ئەم رەگەزانە جێ جێ هەن .

١ ــ لە هەموو مەڵبەندەکاندا هەن . ژنی بەمێردو بێمێرد لەبەریان دەکەن . بەڵام لە مەڵبەندی خوێندەواردا ڕەگەزی هەمیشەیی نین .

٢ ــ تایبەتی‌یە بە ژنی بەمێردی هەموو مەڵبەندەکان بەڵام لە مەڵبەندی شاردا هەمیشەیی نی‌یــە .

٣ ــ لەگەڵ تاقمی سەربەستی ژنی بەمێرددایەو تــاکە سەرپۆشێــکی ژنــی بێمێردە . لە مەڵبەندی خوێندەواری شار هەمیشەیی نی‌یە .

٤ ــ تەنیا لە مەڵبەندی خوێندەواردا ڕەگەزێکی هەمێشەیی‌یە .

٥ ــ لە مەڵبەندی دەرەبەگایــەتی دێو مەڵبــەندی نەخوێنــدەواری شــار هەمیشەیی نی‌یە . لە مەڵبەندی ساکاری جوتیاران نی‌یە .

٦ ــ بەرگی چوونە دەرەوەیە لە هەر دوو مەڵبەندی شارو ئافرەتی لادێــش کە لە دێوە بە سەفەر دەچن لەبەری دەکەن .

٧ ــ بە شێوەیەکی سەرەکی ژنە جوتیارو نەخوێندەواری شار بەکاری دێنن .

٨ ــ ئارمووش‌و جورجێت بە زۆری لە بەرگی دەرەبەگی دێو خوێندەواری شاردا هەیە . جاروباریش لای ژنی بەمێردی مەڵبەندی ساکاری لادێ دەبیــنرێ .

٩ ــ ١٠ ــ بەرگ گۆڕین‌و کراسی ئەوروپی تایبەتین بە مەڵبەندی خوێندەواری شــار .

**دروستکردنی بەرگی ئافرەتـان :**

هەموو جۆرە قوماشێکی بەرگی ئافرەتان قوماشی مەکینەیەو لە دەرەوە هـاتوەو [٢٥] لـە بـازاڕی شـارە گـەورەکـان دەفـرۆشرێ . دورمانکەری بازاڕ بەرگی بە ناواخنی وەکو کورتەكو کەوێ بە مەکینـەی سنگەر دەدورن . ئەم مەکینانە لە شارو لادێ هەن[٢٦] . کە بەرگ بە ڕادان دەدەن قەدەری خاوەنەکەی دەگرن واتە بڵندی بەژنو پانایی ناو شانی بـە «گەز» دەپێون . گەز دارێکی خڕە ٥٣٥و٠م درێژەو بە لەلەی خڕ دابەشی (گرێ)ی ئینگلیزی کراوە . لە دوو پارچە پێك هاتوە بە داوێـك پێکـەوە بەستراونو دەچنەوە ناو یەك . هەڵبڕینی چاکەتو کەوێم نەدی .

ژنێ لە ماڵەوە کورتەکی بێقۆڵو ئاوەڵکراسو ژێرکراس بە دەست یان بە مەکینە دەدورێ . کورتەکی بێقۆڵی لێدەرچێ ئەوانەیتر کە هەڵیان دەبڕن هیچیان لێ فڕێ نادەن . ئەو قوماشەی دەیکەنە بەرگ زۆر بە ڕاستی دەیبڕنو نایەڵن هیچی بە خەسار بچێ . دورمانکەرەکانی شار زۆر باش دەزانن هـەر جلێك چەندی قوماش تێدەچێو تەنیا بایی ئەوەندە دەکڕن . کـە کـراس هەڵدەبڕن قوماشەکە بە بەژنی خاوەنەکەی دەگرن . پێوانەی بچووکیـان بستو باڵە (باڵ یاردێکە) . فێلبێرگ[٢٧] باسی لوڕەکان دەکا کە بە دەست قوماش دەپێون دەق وەکو دانیمارکییەکان کە کاتی خۆی بە گەی ئەنگوستی گەورەو بە پێ دەیانپێوا[٢٨] .

---

(٢٥) ب : داوسن ١٩٤٦ ، ٢٥٤ .

(٢٦) سۆن ١٩٢٦ ، ١٢٠ : «مەکینەی دورمانی سنگەر گەیشتۆتە دوورترین ناوچەی کوردستان» .

(٢٧) لە ئینگلیزییەکەدا پەراوێزی ژمارە (٢٧) نییە . ڕەنگە لە چاپ پەڕیبێ . لە دەقەکەدا ژمـارە (٢٧) لە تەنیشـت نـاوی فێلبـێرگ دانـدراوە ، دیارە لەوی وەرگرتوە ـ و .

(٢٨) تا ئێستاش ئەم جۆرە پێوانە سەرەتاییانە لە زۆر ناوچەی کوردستان =

## چەك‌و خشڵ :

چەك‌و خشڵ بە هەموو جۆرەكانی‌یەوە لە جل‌وبەرگی ئافرەتان جودا ناكرێتەوە • خشڵ ڕەگەزێكی ڕازاندنەوەی جل‌و بەرگەو كار لە سەراپای كەسێتی ژن دەكاو ئادگاری تەواو دەكا • ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی (ڕاپەرین)و (پارۆك) دەبینین لە شارستانێتی ڕۆژاوادا سەردەمی وا هەبووە چەك‌و خشڵ پەیوەندی‌یەكی زۆر نزیك‌و پتەوی بە ئادگاری ئافرەتەوە هەبووەو وەكو دەستووری ئەمڕۆی ئافرەتی كورد پارچەیەك بووە لە جل‌وبەرگی •

هەندێ پارچە بەرگ هەن خۆیان لە خۆیانەوە خشڵن ، بۆ نموونە ، وەكو «ژێرچەنە» یان «كرمەك» كە یان دراوە یان موورووە ، توند كلاو لە سەر سەر ڕادەگرێ • یان وەكو دراوی سەر تۆقەڵەی «فێز» كە دەسماڵی لێ‌دەبەسترێ • گۆبەرۆك لە لێواری سوخمە دەدوورن كە زریزەیەكەو ٩٦و٠م درێژە • «گوڵ»یش هەیە • گەردانەی جەوهەرداش‌و گەردانەی زیویش هەن كە شێوەو مادەكەیان بۆ چاوو زار باشە • هەروەها قاپقورعان‌و «لوولە»ی بە پوولەكە (٢٩) بە خۆوە دەكەن • بێجگە لەمانەش ، خشڵ وەكو پارەی هیشكە وایە، وەكو دراوی سەر فێس یان وەكو لاگیرە كە زنجیرە

---

باون . ئەمەش هەندێ لەو پێوەرانە :
- بۆ درێژی ، ئەم پێوەرانە هەن : (پەنجە ، گرێ ، قولانجە ، بست ، باڵ، پێ، شەقاو ، سەدە (سەدەئێسترو سەدەكەر) ، ڕۆژەڕێ ، قۆناغ) .
- بۆ بەرزی ، ئەم پێوەرانە هەن : (بست ، چۆك ، سنگ ، بەژن) .
- بۆ قەبارە ، ئەم پێوەرانە هەن : (چەنگ ، لەپ ، مست ، ڕبە ، تەنەكە، قەزناغ ، عەلبە ، تەغار ، فەردە) .
- بۆ گرانی ، ئەم پێوەرانە هەن : (فیشەك ، پاكەت ، وەقە «وەقەی شازدە پاكەت‌و وەقەی بیست پاكەت» ، نیو وەقە ) — و .

(٢٩) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ٢٧ ود . تابلۆی ژمارە (١ ، ٢ ، ٤ ، ٥ ) .



خشڵی ژنە ئێرانییەکانی تۆپزاوە . پشتەسەر . کەمەرێك پارچە
خشڵێکی گەورەی تێدایە لە بازاڕی سلێمانی کراوە .

قاشێکەو لە سەربەست قایم دەکرێ • چەكو خشڵ کردن بەشێکە لە نەختو موڵکی تایبەتی ژنەو باری ئابووری ئافرەت پیشان دەدا • ئافرەت خشڵ بە خۆیانەوە دەکەنو ئەم خشڵ بە خۆوە کردنەش باشترین شوێنو شێوازی خشڵ هەڵگرتنە •

خشڵی‌تر وەکو : گوارە ، «بازن»و خڕخاڵ ، بەرموورەو ملوانکە ، خەزێم «لووتەوانە» ، کەمەرەو هەیاسە •

«بازن» [٣٠] وا دەبێ زیو بێو وایش دەبێ شووشەی پیرۆزەیی بێ [٣١] • بەرموورە یان «ملوانکە» زۆربەی جەوهەرداشەو لە ناوەڕاستەوە بالآبەژنی پێدا شۆڕبۆتەوە • بەتنکی بۆنداری «مێخەك» هەیە ٢٠ دنکە ، ئەویش بالآبەژنی بچووکی پێوە دەکرێ • کەمەرە هەیە بریتی‌یە لە هەندێ ئەڵقەی زێڕو بە تەنیشت یەکەوە لکاون • هەیاسەش هەیە ، کە پارچە زیوێکی خڕی گەورەو هەشت پارچەی بچووكو بیست پارچەی هەرە بچووکی لەسەرە [٣٢] • هەروەکو پێشتر باسمان‌کرد ئەم هەیاسەیە ئەوانە لەبەریان بوو کە تازە هاتبوونە تۆپزاوە • کراسی زۆر درێژو کڵاوتاسی تایبەتی‌یان لەسەر بوو • ئەم ئافرەتانە «پشتەسەر»یان لەسەر دەنا •

«لووتەوانە» دەرزی‌یەکی زێڕی بچووکە پارچە زێڕێکی پانی نەخشینی

---

(٣٠) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ٢٩ ، تابلۆی ژمارە (٦) .

(٣١) بازن زۆر جۆری هەیە : بازنی شووشە بەتایبەتی شووشەی شین ، بازنی زیو ، بازنی شاخ . بازنی مەزرینگی : بازنی مەزرینگی لە زیو دەکرێ ، پانە ، قنج‌قنج نەخشی لێ‌دەکرێو ، دەکرێتەوە . ئافرەت زۆر جار لەگەڵ بازن (دەستوانە) یان (بەربازن) لە دەست دەکەن . دەستوانە — بەربازن : کۆمەڵە مووروویەکی قل گەورەیە بە داوێکیوە دەکەنو وەکو بازن لە زەندەی دەکەن بۆ ئەوەی بازنەکان بگێڕێتەوەو نەیەنەوە سەردەستی — و .

(٣٢) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ٢٤ .



چەك و خشلی ژنــان :

كڵاوی بە دراو (هەڵەبجە) ، لوولە ، بازنی مەزرنگی (سلێمانی)



لووتەوانە (خەزێم) لە کونە لووتی چەپە دەکرێ . ڕێژەی ١/١ (سلێمانی)

پیوەیەو لە کونەکەپووی چەپەی دەکەن • منداڵیش خشڵیان هەیە • وەکو قوپچەی شین (لەپکە)و دنکە مووررووی شین [تەماشای (ئەفسوون وجادوو) بکە ـ ] • وا دەبێ شتی گرانبەهایش بە خۆیانەوە دەکەن • «گوڵ» هەیە زنـڕەو وەکو مانگی یەکشەوەی بچووك وایەو سێ پوولەکەی بچووکی وەکو دڵی پێوە کراوە • لە پێشەسەری منداڵان قایم دەکرێو بەسەر هەنیەیدا شۆڕ دەبێتەوە • عارەبیش هەمان شتیان هەیەو پێیدەڵێن «هیلال» (٣٣) • پاوانە یان قەنقاوری زیو هەیە ؛ پوولەکەو زرنزەی پێوەیە، خشڵێکی هیندییە • «کەشکووڵ» بە سنگی منداڵانەوە دەکەن • بە ناوی کەشکووڵی دەرۆزەکەرانەوە کراوە (٣٤) •

### جوانی شارستانێتی :

ژن بسکیان لە ڕاست دەمیانەوە قوت دەکەن • پیرەژنەکانی هەردوو مەڵبەندی لادێو مەڵبەندی نەخوێندەواری شار پرچیان درێژەو دەیهۆننەوەو دەیکەنە چەند کەزییەکی (٣٥) جۆراو جۆر و دەکەوێتە سەر پشتیان • بسكقوتکردن لای ئافرەتە جحێڵەکانی دەرەبەگایەتی دێو هەموو ئافرەتەکانی مەڵبەندی خوێندەواری شار ڕوو لە زیادییەو دەورانـدەوری

(٣٣) هورگرۆنج ١٨٨٨ ، ١٥٤ .
(٣٤) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، تابلۆی ژمارە (٣ ، ١٣ ، ١٤ ، ٢٧ ، ٢٨ ، ٣٠ ) .
(٣٥) ب : شتی تایبەتی ئێران ، بیشۆب ١٨٩١ ، ٢١٧ .

پرچی سەریان تا دەگاتە ئاستی دەمیان قوت دەکەن‌و بەمەوەش پرچیان وەکو پرچی هەڵپاچراوی ئەوڕوپی–ئەمەریکی ساڵەکانی بیستی لـێ دێ • پرچی ئافرەتی کورد بە گلۆازەیەو دەلێ‌ی شەپۆل دەدا • هیچ ئافرەتم نەدی بچێتە لای سەرتاش • خۆیان پرچی یەکترو پرچی کچان هەڵدەقـاچن • ئافـرەتی گەورە پرچیان ڕەشە بەڵام کچی بچکۆلە هەن پرچیان سیسە •

زۆر جار ئافرەت «خەنە»[٣٦] لە پرچیان دەنێن ، پرچیان گێزەری‌یەکی کاڵ دەردەچێ • ئافرەتی جحێڵ‌و کچی بچووك بۆ جوانی سەریان لە خەنــە دەنێن • لەلایەکی‌تریشەوە ، پیرەژنی سەر سپی دوو قاتە خەنــە لــە پرچی سپی‌یان دەنێن • یەکەم جار لە خەنەی دەگرن • خەنە : گەڵای دارخەنەیــە ووشك دەکرێتەوەو دەکوترێ[٣٧] • خەنە لە کیسەی کەتان دایە ، بە حازری لە بازاڕ دەیکڕن • پاشان وسمەی لێ‌دەنێن‌و ٢٤ سەعات سەریان بە قوماش دەپێچن‌و پاشان کە کردیانەوە پرچیان ڕەشێکی تۆخ دەردەچێ[٣٨] • پنتــکە خەنە لە بنی پێ‌و لە تەنیشتەکانی‌و لە پەنجەکانی پێ‌و لەناو لەپ‌و لە سەری پەنجەی دەست دەنێن[٣٩] • خەنەم تەنیا لە دوو مەڵبەندەکەی لادێ دی • لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتیش ئەم جۆرە جوانکاری‌یەی شارستانێتی خەریکــە ووردە ووردە جێ بۆ دەرمانی نینۆکی ئەوڕوپی – ئەمەریکی چۆڵ دەکا کە ئەویش هەر وەکو خەنە لە بازاڕ دەکڕن‌و خەریکە دەگاتــە گونــدانیش • دەرمانی نینۆك سپیاتی پێستە زیاتر دەردەخا کەچی خەنــە دەیشارێتــەوە • بەکار هێنانی ئەم دوە پێکەوە یەکدیگربوونــی بەدبەختانــەی ڕۆژهەڵات‌و

(٣٦) ب : بلاکمان ١٩٢٧ ، ٥٧ •
(٣٧) ب : بلاکمان ١٩٢٧ ، ٥٧ •
– دالمان ١٩٣٧ ، ٣٤٥ •
– لین ١٩٤٤ ، ٣٩ •
(٣٨) ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، ٢١٧ ، ٣٢٠ •
– بلایبترۆ ١٨٩٤ ، ٧٧ ، پەراوێزی ١ •
(٣٩) ب : لین ١٩٤٤ ، ٤٠ •

ڕۆژاوایە ، بەتایبەتی کە خەنە هێدی هێدی دەچێتەوەو هیچ بێزەوەرییەك جێ ناهێڵێ کەچی دەرمانی نینۆك ئەگەر باش نەکرێ لێدەبێتەوەو دیمەنێکی زۆر نارێك دەنوێنێ .

ئارایش «کل» ڕەشتنیش دەگرێتەوە. کل لەناو کلتوور دەکرێ. چاو بە «کلچەو» دەڕێژن کە نزیکەی ٠٦٢ و٠م درێژە . چاویان دەنووقێننو کلچووك بە کل دەکەنو بەسەر پێلوی چاویانیدا دێنن [٤٠] .

سووراوو سپیاوی ئەمەریکی لە بازاڕی سلێمانی ، لە دوکانی گەورەو لە ئۆرزدیباك دەکرن . لە بەغدایش لە دوکانان هەیە . لە مەڵبەندی شـاردا جیازی بووك سندووقێکی مەخمەڵی گەورەی ئارایشی لەگەڵدایە .

ئەگەر ژن لە سلێمانییەوە بگۆزنەوە بۆ مەڵبەندی ساکاری دێ زۆر باش ئارایشی دەدەن بەڵام شتی وا کەم دەبێ .

لەلایەکیتریشەوە ، کوتان هەیە[٤١] کە قەت لێناچێ . کوتان لەنـاو ئەو ئافرەتە کوردانەدا نەبوو کە من لایان بووم و لێم کۆڵینەوە . کوتان زۆر جۆرە : کوتانی دەوروبەری دەم بە پنتکی تاك تاكو بە کۆمـەڵ ، کوتـانی هێڵێك لە ناوەڕاستی دەم ، کوتانی تەوێڵ ، کوتانی پشتەدەست ، پشتەپێ ، زارمەمکان .

دەیانگوت کوتان بە دەرزییەکی ئاسایی دورمانان دەکرێ کە لە کلی گیراوە یان لە تەنیو شیر[٤٢] هەڵدەکێشرێ[٤٣] .

---

(٤٠) ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، ٢١٧ .
– بلاکمان ١٩٢٧ ، ٥٩ : « کل (کحل)ی عارەبی » .
– لێن ١٩٤٤ ، ٣٧ .
(٤١) ب : لەبارەی لوڕەکانەوە فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٢٨ ود . وێنەی ١٢٣–٠٢٦.
– سنکلێر ١٩٠٨ ، ٣٨١ .
(٤٢) شیری ئافرەت کە تازە منداڵی بووبێ — و .
(٤٣) ب : سمیتۆن ١٩٣٧ ، ٥٩ .

**جل‌و بەرگی پیاوان :**

تا ئەو ڕادەیەی کە من دەرفەتی لێکۆڵینەوەم هەبوو لە کوردستانی خواروودا ، بەرگی پیاوان زۆر لە هی ئافرەتان سادەترە • هەرچۆنی بێ بەرگی پیاوانیش ڕەگەزی ڕەسەنی کوردیو ڕەگەزی بێگانەی تێدایە •

بەرگی ڕەسەنی پیاوانەی کوردی قاتە[٤٤] • ئەویش دوو جۆرە دەستووری هەیە ، هەر یەکە لە ناوچەیەکدا باوی هەیە : دەستووری ناوچەی سلێمانیو دەستووری ناوچەی دەوروبەری ڕواندز •

**ڕەگەزی کوردی :**

«کراس» لە قوماشی سپی سادە دروست دەکرێ • لەبارەی هەڵبڕینەوە پانوپانە[٤٥] • ٨٦و٠م درێژەو ٩٦ر١م بەرینە • زی والآیە • پشت ملی کورتە • کراس لەسەر شانەکانەوە ٦٧و٠م پانە • دوو قۆڵی هەیە ، هەر یەکە ٢٤و٠م درێژو ٣٨و٠م بەرینەو بە گۆشەی تیژ بە قالبەکەیەوە لکاوە • ئەم قۆڵانە وەکو بەرگی پیاوانەی سووریایی[٤٦] فەقیانەیان پێوەیە• فەقیانە ٣٤و٠م لە قۆڵ درێژ دەبێتەوەو هەمووی ١٥ر١م درێژەو شۆڕ دەبێتەوە ، وەکو فەقیانەی کراسی ژنانو وەکو تیرێژی کراس وایە • پیاویش وەکو ئافرەتان ئەم فەقیانەیە لە ژێر بەرگی سەرەوە دێننە دەرەوەو وەکو تیلمە پەڕۆیەکی سپیو دەق‌کراو لە سەرەوە لە باسکی خۆیانی دەپێچن[٤٧] • کراس لە

---

(٤٤) ب : ڤیلچێڤسکیچ ١٩٥٨ ، ١٩٩ وێنەی ٤ باسی جلی پیاوانەی موکری کردوە .

(٤٥) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٣ .

(٤٦) ب : بووشمان ١٩٣٤ ، تابلۆی ژمارە ١ .

(٤٧) ب : سۆن ١٩٢٦ ، ٩٧ ، وەسفی جلی پیاوانەی خێلی جاف ١٩١٢ .
— نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٣٩ .

ئەنیشتەکانەوە تیرێژی تێدەبردرێتەوە • تیرێژ لە لای بنەوە ، ١٩وەم پانەو لەلای سەرەوە لە گرۆیر دەکاتەوە • فەقیانە پارچە بەرگێکی کوردانەی زۆر ڕەسەنە • وا دەبێ فەقیانە جوداو سەربەخۆ بێ • لە ئارمووش یان نایلـۆن دروستی دەکەنو لە بازاڕی شارەکانی وەکو سلێمانیو هەڵەبجە دەیفرۆشنو لەگەڵ کراسی ئەوڕوپی لەبەری دەکەن •

بەم جۆرە دوای ئەوەی ڕەگەزی ئەوڕوپیش هاتۆتە ناو بەرگی پیاوانەی کوردی ، کورد ئەم دەستوورەی خۆیان هەر پاراستوە •

«دەرپێ»[٤٨] لە تـۆلە دروست دەکـرێ • لەبـارەی هەڵبڕینـەوە فشوفۆڵە[٤٩]• وەکو دەستووری بەرگی پیاوانەی تورکی وایە [٥٠]، بەڵام لەبارەی هەڵبڕینەوە نەختێ جیان • دەرپێ ناوپیسـتێری تێدەبردرێتـەوەو لنگەکانی تا بەرەو خوار دەچێ تەسکتر دەبێتەوە ، کەچی لای سەرەوەی کە دەکەوێتە سەر ئێکان بەرینایی وەکو خۆیەتی[٥١] • ئەدمۆنز ئەم دەستوورەی ناو ناوە (هەڵبڕینی سەربەرین)• لە سەرەوە ٢٠٠م بەرینەو هـەر لنگێـکی

— های ١٩٢١ ، ٤٢ نووسیویە لە کاتی نوێژکردندا لەوەندی دەکەنەوە. . .»، من ئەمەم نەدی ؛ بە پێچەوانەوە ، دیم پیاو هەمیشە لەوەنـدییان لـە باسك دەپێچا ئینجا نوێژیان دەکرد .

(٤٨) لەبارەی لوڕەکانی ئێرانەوە . فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١١٣ ئەم پێناسەی داوە : «لێوی خوارەوەی لنگەکانی پێیدەگوترێ دەرپێ » ❋ .

❋ هەمووی پێی دەگوترێ (دەرپێ) . لێوی خوارەوی لنگەکان پێی دەگوترێ «دەلینگ ــ دەرەلینگ» . هـەر چەنـدە لـە ڕووی ئیتیمولۆژییـەوە (دەر ــ پێ) واتا شوێنی دەرچوونی پێو پێیش لەوێ دەردەچێ بـەڵام لە کوردیدا وای پێ ناگوترێ ــ و .

(٤٩) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٦ .

(٥٠) لە موزەخانەی نیشتمانی دانیمارکدا : بـەرگی شازادەیـەکی کوردی دەوری ١٨٥٠ هەیە وەکو شەلواری بەرینی تورکی وایە ؛ ب : دەستووری ئینکیشاری دەوری ١٨٢٠ .

(٥١) ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ .

۵۹۰۰م درێژەو دەلینگی ۰۰٤۰۰م بەرینە • دەرپێ لەلای سەرەوە نیفۆی هەیە دۆخینی تێدەخسترێ هەمووی کۆ دەکاتەوە ســەر ناو قەد • ئەم دەرپێیە هەروەکو چاردن لە سالی ١٧١١ تێبینی کردوە[٥٢] تایبەتی‌یەکی سەربەخۆی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە پێشەوە قەپاتەو هیچ کونی تێدا نی‌یە •

بەرگی سەرەوە یان «ڕانك و چۆغە»[٥٣] ، هەردووکیان لە کر دروست دەکرێن و خۆیان لە مالەوە کرەکە دەچنن[٥٤] • دەوری ٥ر٢ دیناری تێدەچێ • وایش دەبێ بە حازری لە بازاڕ دەیکڕن • هەروەکو باسمان کرد ئەمــە دوو دەستووری هەیە : دەستووری سلێمانی و دەستووری ناوچەی ڕواندز •

«ڕانك»ی ناوچەی سلێمانی کرەکەی مەرەزە : قاوەیی تۆخ ، قــاوەیی ئاچوغ ، سپی زەردباوی هەیە • کرەکە بەری ١٦٥ و٠٠م بەرینە • ڕانك لــە دوازدە بەر دروست دەکرێ ، هەموویان لێــك دەدوورێن • پیش دورینــی کرەکە ، هەر لەو کاتەی کە لە چنینی دەبنەوە دەقی دەکەن و بــە دەقــەوە دەیکولێنن و هەر پارچەیەك دوو سەرە دەقی تیژ دەگرێ • ئەم سەرەدەقانــە لەگەل دورمانەکان دیمەنێکی زۆر جوان بە کرەکە دەدەن کە هەر بە ڕەنگی ئاسایی خۆیەتی •

ڕانك لە شێوەو قەبارەو هەلبڕینەوە دەق وەکو دەرپێ وایە کە باسمان کرد • واتە (هەلبڕینی سەر بەرینە) ئەوەندە هەیە دەرپێ لە ڕانــك نــەرم و خــاوتــرە •

«چۆغە»ی ناوچەی سلێمانی لە دە بەر دروست دەکــرێ هەموویــان پێکەوە دەدوورێن • هەر پارچەی دوو سەرە دەقی تیژی هەیە • لەبــارەی

---

(٥٢) چاردن ١٩١١ ، ١٤٨ .

(٥٣) ب : نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٣٦ .

(٥٤) شەریعەت ڕێ نادا پیاو بەرگی ئارمووش (حریر) لەبەر بکا . ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٦ .



بەرگی پیاوان ــ دەستووری سلێمانی ، فەقیانە لە باسکیان دەپێچن



دەستە چەپ : بەرگی پیاوان ، دەستووری ڕواندز .
دەستە ڕاست : بەرگی پیاوان ، دەستووری سلێمانی .

هەڵبڕینەوە چۆغە پانو پانە[٥٥] • قۆڵی بە قەد قالبی درێژە • چۆغەش وەکو کراس پشت ملی کورتە • چۆغە ٦٨و٠م درێژەو ٥٨ر١م پانە • قۆڵی ٣٦و٠م بەرینەو سەردەستەی نەختێ تلیشاوەو بەری خامەکی مۆرە کەچی چۆغەکە خۆی بەری نییە • لە وەرزی ساردا پیاو «بنکراس» لە سەر کراسو لە بن چۆغە لەبەر دەکەن یان وا دەبێ « سوخمە »ی بە ناواخنی زی بە قۆپچە لەبەر دەکەن • هەرچۆنی بێ دەرفەتم نەبوو لە نزیکەوە ئەم جلانە بپشکنم •

«ڕانك»[٥٦] ی ناوچەی ڕواندز • کرەکەی قاوەیی زەردباوە • لە خوریو قەنناب تێکەڵە • کرەکە بەری ٣٠و٠م بەرینەو پاش چنین دەق ناکرێو سەرەدەقی تیژی لە درێژاییدا نییە • کە (ڕانك) دروا بە ئارمووشی سەوز دەینەخشێنن • هەڵبڕینەکەی وەکو ئەو ڕانکە وایە کە پێشتر باسمان کرد ئەوەندە هەیە ناو پیستێری زۆر تەسکەو دەلینگی زۆر بەرینە • زۆر لە پاشماوەی پانتۆڕی دەریاوانەکانی[٥٧] ئەوروپا دەکا ، بە پێچەوانەی دەستوورە سەربەرینەکەی ترە •

هەر دوو دەستوور وەکو یەك ٩٠و٠م درێژنو لە سەرەوە بەرینایییان هێندەی یەکە ، ٠٠ر٢ مەترە •

«چۆغە»ی[٥٨] ناوچەی ڕواندز لە بارەی شێوەو هەڵبڕینەوە وەکو هی ناوچەی سلێمانی وایە • بەڵام کری ئەم جۆرە ڕانكو چۆغەیە لەوەیتر بەرینترەو قەنناغی تێکەڵ دەکرێ • ئەم چۆغەیە لە شەش بەر دروست دەکرێ • پشتملی نییە • وەکو ڕانك لێوارەکانی بە ئارمووشی سەوز دەنەخشێنن • چۆغە ٧٠و٠م درێژەو ٧٢ر١م پانە •

---

(٥٥) ب : هانسن ١٩٥٠ ، ١٠٣ .
(٥٦ ، ٥٨) ئەم دەستوورەی باسی دەکا پێی ناگوترێ ڕانكو چۆغە بەڵکو پێی دەگوترێ : شەڵو شەپك یان پەشمەو بەرگویز ـ و .
(٥٧) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٣٠٥ : «شەلواری بنکاسانی» .



هێلکاری ــ هەڵبڕینی ڕانك ــ دەستووری ڕواندز ، بە ڕێژەی ١/٣٠



هێلکاری ــ هەڵبڕینی چۆغە ــ دەستووری سلێمانی ، بە ڕێژەی ١/٣٠
هێلکاری ــ هەڵبڕینی چۆغە ــ دەستووری ڕواندز ، بە ڕێژەی ١/٣٠



هێلكاری ـ هەلبڕینی ڕانك ـ دەستووری سلێمانی . بە ڕێژەی ١/٣٠



ڕانكو چۆغە ـ دەستووری سلێمانی



ڕانك و چۆغه ـ دەستووری ڕاوندز

لەم هەر دوو دەستوورەی پیاوان کە چۆغە لەبەر دەکەن دەیخەنــە ناو ڕانك‌و نیفۆی ڕانکەکەش دەکەوێتە بن پشتێن • پشتێن پـان‌و ئەستوورو درێژە چەند جارێك لە پشتی دەئالێنن •

«پشتێن» نزیکەی ٤٠٠ر٤م درێژە ، وەکو لوولــە وایــەو ناواخنـی تێ‌دەئاخنن تا ئەستوور بێ • ناواخن پارچە پەڕۆیە لێکی دەدوورن • پشتێن ئارمووشی دەستکردی گوڵ‌گوڵی‌یە ، [٣٥ر٣م‌درێژە] •

پێڵاو : ئەو هاوینەی من لە کوردستانی خواروو بووم • قۆنــدرەی قایشی (باتا)ی چیکۆسلۆڤاکی و قۆندرەی قایشــی خۆیی‌و «کــەلاش»ی پەڕۆیین (٥٩) هەبوو • لە کاتی نوێژکردن‌و چوونە ناو مزگەفت‌و چوونە سەر ڕایەخی ماڵ پێڵاو لە پێ دەکەنەوە • کەڵاش بۆ گەڕان‌و سووڕانی شاخـان لەبار نی‌یە* • لنگی ڕاستەو چەپەی وەکو یەك وایە • بنی لە تیلمە پەڕۆ دروست دەکەن • هەندێ تیلمە پەڕۆی کۆن(٦٠) دێنن بە شێوەی لاکێش لە تەك یەك ڕیزیان دەکەن بە درێژی ١١٥و٠م و پانی ٣٠و٠م و بە «موشتە»(٦١) (کە چەکوچێکی مسی وەکو قووچەك وایە ، ١٧٥و٠م درێژەو سەری خڕە) دەیکوتن • پەڕۆکان لە تەنیشت یەك دەکوتن‌و تیرەی تێ‌هەڵدەکێشن • تیرە : سیرمەی چەرمە • سەری بنەکڵاشەکە بە پەرگ‌و قونەدەرزی دەچنن پارچە

---

(٥٩) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ •

* بەپێچەوانەوە کڵاش بۆ گەڕانی شــاخان زۆر لەبــارە چونــکە نــاهێڵێ مرۆبخلیسکێ ــ و •

(٦٠) ب : چاردن ١٧١١ ، ١٥١ : «بنی پێڵاوەکە پەڕۆیە ، پارچــە پەڕۆ لــە تەنیشت یەك دەکوتن‌و بنەکەی لێ دروست دەکەن ... پاپووچ واتــە پێڵاوی پەڕۆیین ...» •

ــ ب : فێلبێرگ ١٩٤١ ، ٧٩ ود •

(٦١) ب : فێلبێرگ ١٩٤١ ، ٨٠ : «موشتە» یان «موستە» •



پێڵاو :

دەستە چەپ بە سەرەوە : سۆل .

دەستە ڕاست بە سەرەوە : کاڵەشی پەڕۆیین .

دەستە چەپ بە خوارەوە : بنی کلاشی پەڕۆیین .

دەستە ڕاست بە خوارەوە : مشتە .

بن مشتەو تەنیشتی : پارچە پەڕۆی کوتراوو نەکوتراو .

قایشێك لەم سەر تا ئەو سەری بنەکە دەگرن بۆ ئەوەی نەدڕێ • ئەم کڵاشە پەڕۆیینانە لە بازاڕ دروست دەکەن • یەکێ بنەکەی دەکاو یەکێ سەرەکەی • لەو ناوچانەی من سەرملێدان جوانترین‌و پتەوترین کڵاشی پەڕۆیین ئەوانە بوون کە وەستاکانی بازاڕی تەوێڵە دروستیان دەکردن •

( کڵاو ) : سەرپێچی پیاوانیش وەکو هی ئافرەتان کڵاوێکەو جامانەی لێدەپێچن • کڵاو (٦٢) یان کەڵەفی چنراوە یان کەڵەفی ئارمووشی ڕەش‌و سپی‌یە• سەری قیتەو لاتەنیشتەکانی خامەکی مۆرە یان سەری پانەو بە سیم‌و ئارمووشی ڕەنگاوڕەنگ نەخشاوە • کڵاو لەگەڵ فێسی ژنان جودایە • وا دەبێ بە تەنێ لەسەری دەنێن • هەر چۆن بێ ، پیاو بۆ ئەوەی پۆشتەو پەرداخ بێ شەدە بە دەوری کڵاوەوە دەبەستێ • شەدە قوماشێکی لاکێشەیی‌یە ، لێوارەکانی بە ڕیشوە (٦٣) ، لەسەر تیرەکەی دەقی دەکەن‌و بای دەدەن‌و دەیکەنە لوولەیەکی هێندەی باسك ئەستوورو دەیخەنە سەر ملیان‌و لە ڕاستەوە بۆ چەپە لە دەوری کڵاو دەیپێچن‌و لفکی شۆڕ دەبێتەوە خوارێ‌و سەرەکەی لەبن پێچەکان ڕادەکەن • شەدە کە ڕیشووی هەیەو ڕیشوەکانی بەسەر تەوێڵ‌و شان‌وملدا دێتە خوارێ ، بە زۆر جۆر دەبەسترێ•

«مشکی» یان «چەفتە»(٦٤) وا دەبێ چیت بێ‌و وا دەبێ ئارمووش بێ• هەیە قوماشەکەی ئارمووشی ڕەش‌و بۆری کاڵە ، ١٫٢٠م × ١٫٦٤ مەترە • ڕیشووی ٠٫٠٧م درێژەو بە هەر دوو لادا شۆڕ دەبنەوە • «جامانە» قوماشێکی ڕەش‌و سپی ئەوروپی دامەیی‌یە ، ١٫٣٥م×١٫٣٥م • هەر چوار لای بە ڕیشوە • هەر ئەمەشە کە عارەب لەسەر تیرەکەیەوە دەقی دەکەن‌و لەسەری دەنێن •

---

(٦٢) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٤٧ •
(٦٣) ب : لیذەردێل ١٩٤٨ ، ٦٩ : «کورد چەفیەی بە گولنگ لەسەر دەنێن ... » •
(٦٤) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ •

«فەرەنجی» بێجگە لەم بەرگانەی پیاوان کە لێرەدا باسمان کردن «فەرەنجی» هەیە • لبادەو تا ناو قەد دێ و شوان لەبەری دەکەن • ڕەنگە هەر ئەمە بێ کە ئەدمۆنز ناوی بە «پەستەك» (٦٥) دێنێ و دەڵێ : «چاکەتێکی لبادە، تا ناوقەد دێ ،لەسەر چۆغە لەبەر دەکرێ » (٦٦) • ئەم فەرەنجی‌یە بێ دورمانە (٦٧) • وا نی‌یە هەڵی‌بڕنو بیدورن بەڵکو یەکسەر بە پێی نموونەی خۆی دروست دەکرێ ، ٥٥٠م درێژە • بن‌هەنگڵەکانی کونە ، کە لەبەری دەکەن قۆڵیان لەو کونانە دێتە دەرێ • قۆڵی زۆر کورتە ، لە سەرەوە لچکێکی زیادی هەیە وەکو گوێ لەسەر شانەکانی کابرا قیت دەبێتەوە •

**ڕەگەزی بیانی لە بەرگی پیاوان :**

«عەبا» کە ڕەگەزێکی بەرگی پیاوانەی عارەبانە ، کورد لەبەری ناکەن• (هەر چەندە کە عەبای ئارمووشی ڕەش هەیە ئافرەتی کورد بۆ چوونە دەرەوە لەبەری دەکەن) • لە ناو کوردان تەنیا یەك مەلاو دوو شێخی پیرم لە شەدەڵەو سەرکان دی « زەبون » یان لەبەر بوو کە کەوای عارەبی‌یە ، بۆیە ناتوانین بڵێین عەبا ڕەگەزێکی تەواوی بەرگی پیاوانە لە کوردستانی خوارووەدا •

کورد بە پێچەوانەی دەستووری عەبای عارەبی کە لاقو «لباس»(٦٨) دادەپۆشێ، وەکو تورك شەلوار لەپێ دەکەن هەر بۆیەشە بە عارەبان دەڵێن (بێ‌دەرپێ)(٦٩) •

---

(٦٥) پەستەكو فەرەنجی یەك شت نین ، جیان . پەستەك کە (چۆخ)یشی پێ‌دەڵێن مەرەزی لەگەڵ دایەو پارچە پارچەیەو هەموو پارچەکان لێك توند دەکرێن . کەچی فەرەنجی هەر لبادەو هەمووی یەك پارچەیە — و .
(٦٦) ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ .
— نیکیتین ١٩٥٦ ، ٩٢ .
(٦٧) ب : بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٥١ ود .
(٦٨) ب : لێن ١٩٤٤ ، ٣٠ ود .
(٦٩) سۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٤ .

له لایەکی تریشەوە ، دژداشەی عارەبی کە لە قوماشی داخ‌داخ دەکرێ لە ڕەگەزی بەرگی پیاوانەی کوردی‌دا هەیە بەڵام تەنیا بۆ نووستن‌و بۆ ناو ماڵ لەسەر دەرپێ لەبەری دەکەن • ئەمە تەنیا لای خەڵکی شار هەیە •

له کاتێك‌دا کە ڕەگەزی جل‌وبەرگی عارەبی تەنیا جاروبار لەناو بەرگی پیاوانەی کوردی‌دا دەردەکەوێ ، دەبینین هەندێ ڕەگەزی جل‌وبەرگی ئەوروپی هەن بە تەواوی بەکار دێن • یەکەم ڕەگەزی جل‌وبەرگی پیاوانەی کوردی کە گۆڕابێ پێڵاوە• ئێستا لە باتی کاڵەش قۆندرەی قایشی ئەوروپی لە پێ دەکەن • هەروەها لەباتی چۆغەی کوردی چاکەتی ئەوروپی بە پشتەمل‌و یاخەو گیرفانمان لە دەستووری سلێمانی دی لەگەڵ ڕانکی کوردی لەبەریان کردبوو • هەرچەندە کە چاکەتی ئەوروپی بۆ ئەوە کراوە بکەوێتە سەر پانتۆڕ بەڵام ئەوان کە لەگەڵ ڕانك لەبەری دەکەن دەیخەنە ناو ڕانك‌و پشتێنێکی درێژ لەسەر نیفۆی لە پشت دەبەستن * •

هەندێ جار دەبینین چوغەی ڕەسەنی ئەتەوایەتی کەوتۆتە بەر کاریگەری چاکەتی ئەوروپی ، چۆغەیەو گیرفانی سەر سنگی بۆ کراوە (٧٠) •

له سلێمانی ، لە زۆر بۆنەو مناسبە قاتی ئەوروپی جێگای ڕانك‌و چۆغەی کوردی دەگرێتەوە • هەروەکو کراسی ئەوروپی‌و کەرەوێت‌و گۆرەویشی لەگەڵ لەبەر دەکەن • لەلایەکی‌تریشەوە ، کە قاتی ئەوروپیش لەبەر دەکەن لە ژێرەوە دەرپێی کوردی‌یان هەر لە پێ‌یە چونکە دەبێ لە

---

* ئەوە چاکەتی ئەورووپی نی‌یە ، پارچەی سەرەوەی ستارخانی‌و مرادخانی‌یە کە بەرگێکی ڕەسەنی کوردین — و •

(٧٠) دیارە مەبەستی کورتەکە • کورتەك زۆر جودایە لەگەڵ چوغە • چۆغە بەری نی‌یە کەچی کورتەك بەری هەیەو جاران لۆکەشیان تێ‌دەکرد • ئینجا چۆغە زی والاو بێ‌قۆپچەیە کەچی کورتەك هەر چەندە زی والایە بەڵام لە هەر لایەکەوە ڕیزێ کون‌و ڕیزێ قۆپچەی هەیە • زی‌یەکان دەکەونە سەر یەك‌و قوپچەکان لە کونەکان قایم دەکرێن • هەروەها چۆغە گیرفانی نی‌یە ئەگەر هەیبێ لە بنەوەیە کەچی کورتەك لەم لاو لەو لاوە گیرفانی هەیەو گیرفانێکیان سەر بەرکیشی هەیە — و •

ماڵەوە بەرگی سەرەوە فڕێ بدەن‌و خۆیان تەنها بکەن • جاری وا هەیە پیاو بە بەرگی ژێرەوە دەچێتە قاوەخانە (٧١) • بێ‌گومان دەرپێی بەرینی کوردی زۆر لە هی ئەوروپی لێوەشاوەتر بوو بۆ ئەم مەبەستە •

ڕەگەزێکی‌تری بەرگی ئەوروپی کە گەنجە هەرە پێشکەوتوەکان لەبەری دەکەن پیجامەیە • لەبەر ئەوەی لەم جۆرە شارستانیەدا پیاو شەویش هەر بە بەرگی ڕۆژ دەنوون دەبینی بیست‌و چوار سەعات پیجامەیان لەبەرە• برا (٢٦) ساڵانەکەی تەرجومانەکەم بە پیجامە لە ناو نوێن هاتە دەرێ‌و بێ ئەوەی خۆی بگۆڕێ لەگەڵ ئێمە مانان سواری ئۆتۆمۆبێلی کرێ بوو و بە بیاباندا بەرەو بەغدا کەوتینە ڕێ‌و پاش (٨) سەعات هەر بەو پیجامە گەچڵاوەیە لە شەقامە سەرەکی‌یەکەی بەغدا لە ئوتێلێکی عارەبی دابەزی •

پیجامە لە چاو بەرگی پیاوانەی کوردی دیاردەیەکی شارستانی‌یە • لە گوندان ، تەنیا کوڕە گەنجەکەی شێخی تۆپزاوەم بینی پیجامەی لەبەر بوو • مامە خەلە کە تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو پێی‌گوتم ئەم دەستووره ڕۆژاوایی‌یەو تەنیا پازدە ساڵە پەیدا بوە • ئەو خۆیشی حەزی لێ‌نەدەکرد چونکە پیجامە بۆ دانیشتنی چوارمەشقی زۆر ناخۆشە ، جا چ لەسەر عەرد بێ‌و چ لەسەر قەنەفەی پیس‌و چەپەڵ • سەرداری کوڕی شێخ کە پیجامەی لەبەر دەکرد یەك جار دیم قاتی ئەوروپی لەبەر کرد ئیدی لەو جارە بترازێ ئەم بەرگەم لە گوندان نەدی •

پیاو لەگەڵ جلی ئەوروپی جەمەدانی لەسەر نانێن ، کەسیشم نەدی بە جلی ئەوروپی‌یەوە نوێژ بکا کە ئیسلام لەسەری فەرزکردوون (٧٢) •

---

(٧١) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٧ : «دەرپێی شعادەی سپی ... کەم لەگەڵ شەلوار لە پێ ناکرێ » .

(٧٢) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٣٥٢ ، پەراوێزی (٥) سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە باش نی‌یە موسلمان لە جل‌وبەرگ‌و جۆری ژیانی لاسای غەیرەدینان بکاتەوە .

بێجگە لەمەش کە پیاو دەهاتن بە بەرگی کوردی نوێژ بکەن ئەگەر جەمەدانی‌یان لەسەر نەبوایە دەبوایە لەسەری بنێن ئینجا نوێژ دابەستن(٧٣). لە کاتی نوێژکردن پێڵاویان لە پێ دەکردەوە . نەمدی پێش دابەستنی نوێژ وەکو ئافرەتان فەقیانەیان بکەنەوە . پێڵاوی ئەوروپی هەیە : قاوەیی ــ سپی، ڕەش ــ سپی ، لمووز تیژ بە قەیتانەو قەیتانەکە توند دەکرێ‌و شل دەکرێتەوە. ئەمەیان لادانە لە دەستووری تایبەتی ئەم جۆرە شارستانی‌یە .

قاپقاپەو سۆل‌و قۆندرەی بن پانی ئەوروپی‌ی ژنانە بۆ لە پێ کردنەوە ئاسان بوو . پێش ئەوەی بەسەر مافوورو لباد بکەون پێڵاو دادەکەنن‌و فڕێی دەدەنە کەوشکەن . پێڵاوەکە هی هەر کەسێ بێ هەر ئافرەتێك بێ بەسەر پێی خۆیەوە دەکا کەچی قۆندرەی ئەوروپی پیاوانە مۆلکی تایبەتی‌یەو کەس تخوونی ناکەوێ . ئەوەی ئەو قۆندرەی لەپێ بێ دەبێ کە لە پێی کرد قەیتانی شەتەك بداو کە دایکەند شلی بکاتەوە ، بۆیە ئەم قۆندرە ئەوروپی‌یە لەگەڵ ئەو دەستوورە ناگونجێ کە نابێ بە پێڵاوەوە بەسەر ڕایەخ بکەون . هەروەها ئەوەی ئەم جۆرە قۆندرەی لە پێ بێ زەحمەتە بە چوار مەشقی لە سەر عەرد دابنیشێ یان کە لەسەر کورسی‌و قەنەفە دانیشت پێی هەڵبکێشێتەوە بنە خۆی . ئەم قۆندرانە هەنگاوێك بوون بەرەو نوێ کردنەوەی دەستوورو نموونەی هەڵس‌وکەوت‌و دانیشتنیان (٧٤) .

---

(٧٣) ب : های ١٩٢١ ، ٤٢ .

(٧٤) ب : یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٢٨٨ : «... ئەو ڕەگەزە بێ‌هێزەی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشانەی بزووتنەوەی مرۆڤە ، کە لە چوارچێوەی شارستانێتی‌دا بە دەوری پیوپادا دەڕوا تەواو بزر دەبێ» .

— بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٥١ باس دەکا کە ڕووکردنە پانتۆڕی تەسك ( واتە بەرگی ئەوروپی ) دەبێ بە مایەی پەیدا بوونی کورسی .

بەرگی ڕەسەنی پیاوانەی کوردی (٧٥) کە لە دەستووری تورکی یەوە(٧٦) نزیکە وەکو دەستووری شەلواری تورکی وایە بەلاّم لەباتی کەوای درێــژ چۆغە یان کورتەك لەبەر دەکەن‌و شەلواری ئێســتا گیرفــانی لە هــەر دوو لاتەنیشت هەیە • لەبارەی فەقیانەوە کە لە باسکی دەپێچن هەروەها لەبارەی پشتێنی بەناواخنەوەش گۆڕانێك لە ئارادا هەیە •

**سەربــاری بەرگی پیــاوان :**

دەستووری بەرگی پیاوانیش بەرامبەر بە خشلی ئافرەتان هەندێ شتی سەرباری تێدایە وەکو قەڵەمبڕی گیرفان کە دەسکی شاخە ، خەنجەری(٧٧) بەکالان کە ٣٠٠م ــ ٤٠٠م درێژەو نرخ‌و بەهای (٧٨) بە پــێی مــادەی دەسك‌و کالان دەگۆڕێ (نموونەیەك ، ٤٠٥م درێــژەو کالانی تەنــەکەی ئینگلیزی بەسەردا گیراوەو ئەنگوستیلەی دورمانی لە نــووکی گــیراوە ، نموونەیەکی‌تر ٣٢٨م درێژەو کالانی قایشەو دەســکی شــاخە بزنــە ، نموونەیەکی‌کەش ٣٤٥م درێژەو کالانی زیوەو دەسکی بە مووروویی مۆر ڕازاوەتەوە • تەزبێحێکی نەوەدو نۆ قل لە دەسکی خەنجەر دەئاڵێنن • دەشێ

(٧٥) بە گوێرەی قسەی چانتر ١٨٨٧ ، ٨١ لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا لــە ناوچەی قەوقاس جۆرە بەرگێکی وەکو بەرگی پیاوانەی کوردیان لەبــەر دەکرد : «دەستووری بەرگی زەلامان (گووری ، کۆمەڵــەی کارتڤێــلی) بریتی‌یە لە پانتۆڕێکی خوری قاوەیی ، لە سەرەوە بەرینەو لە خوارەوە تەسکە ، پشتێنێکی ئارمووشی سووری لە نــاوقەدی دەبەستن . لەگەڵ کورتەکێکی قوت‌و جۆرە مێزەرێ کە بە جوانی شــۆڕ دەبێتــەوە ســەر پشت ...» .

ــ وێنــەی ٣٠ ، ٣١ .

(٧٦) ب : ڕای بلایبترۆ ١٨٩٤ ، ٦٤ لەبارەی کوردی ئێران ئەمەیە : « بەرگی میللی کوردی لە هەندێ لایەوە وەکو بەرگی میللی تورکی وایە ... »

(٧٧) ب : بووشمان ١٩٣٤ ، ١٠٤ .

(٧٨) ڕاســتەکەی نــرخ‌و بەهــای خەنجــەر لــە ئــاسنی دەمــەکەیەتی ، کالان‌و قەفتەش ئەگەر جوان‌و چاك بێ باشە بەلاّم گرنگی لە دەمەکەدایە . خەنجەری دەبان هەیەو کەلەتیغ هەیە ــ و .



فەڕەنجی ، کڵاو مشکی لێ پێچراوە ، پشتێن .
خەنجەرو تەزبێح . خوارەوە : کڵاوی بە سیمو ئارمووش .

قلەکان شاخ یان هەر شتێکی‌تر بن بەینی هەر سی‌و سێ قل مەمەیەکی تێدەکرێ نموونەیەك ، (شاخە ، نموونەیەکی‌تر قەزوانە) • وەکو دەستوور هەتا گەنجیش کە بەرگی ئەوروپی لەبەر دەکەن تەزبێح لە دەست وەردەدەن• تەنیا بەو تەزبیح لە دەست وەردانە دەتوانین لەگەڵ ئەوروپی‌یان لێکیان جودا بکەینەوە •

پیاو پرچیان دەتاشن‌و بە گشتی بێ‌ڕدێنن بەڵام لووسیش ناتاشن •

# جل‌وبه‌رگی منداڵان

له دێدا به‌رگی منداڵی ساوا کراسێکی شۆڕه ، قۆڵه‌کانی درێــژن . « چاکه‌ت » یــان ناوداره‌و له قوماشی گوڵ‌گوڵی‌یه یان لــه ئارمووشه . کڵاوێکی ئارمووشی قیت له سه‌ر ده‌نێن . ڕۆژێکی سارد ، دایکێك دوو ده‌رپێی بچووکی بۆ منداڵه ٢ ــ ٣ ساڵی‌یه‌که‌ی دووری به‌ڵام ده‌رپێ بـۆ منداڵی وا بچووك نارێکه . له شارا ، منداڵێکی چوار مانگانم دی کراسێکی له‌به‌ر بوو ، پارچه قوماشێکی به‌سه‌ر شان‌و مل‌دا هاتبوه خوارێ‌و کراس‌و کورته‌ك‌و ساقۆی له قوماشێکی خوری ڕه‌نگاوڕه‌نــگ بوو له‌وه‌ی ده‌کرد چاولێ‌که‌ری نموونه‌ی ئه‌وڕوپی بێ هه‌مان منداڵ جارێکی‌تر به‌رگێکی په‌مبه‌و شینی کراوه‌ی له‌به‌ر بوو .

به‌ش به حاڵی منداڵی فراژی ، چ کوڕو چ کچ ، لــه شــارو له دێ کراسی شۆڕی خه‌ت‌خه‌تی قۆڵ کورت له‌به‌ر ده‌که‌ن . تا نه‌بنه شه‌ش ســاڵی ڕانك له پێ ناکه‌ن . پاش شه‌ش ساڵی ده‌سته به‌رگێکی بچووکی زه‌لامانیان له کری خۆکردی بۆ ده‌که‌ن که ده‌ق وه‌کو ده‌ستووری به‌رگی زه‌لامان وایــه کچــی نه‌ختــێ هه‌راشــتر کراســی شــۆڕی بــه شــان‌و مــلی وه‌ك هی ده‌ســتووری ئه‌فغانســتان له‌بــه‌ر ده‌که‌ن ــ کــه لــه مه‌خمــه‌ڵ‌و قوماشی گوڵ‌تۆخ‌و ئارمووش دروست ده‌کرێ . کچی پارچه‌ڵه‌ی ده ســاڵی به‌رگی ئافره‌تی گه‌وره له‌به‌ر ده‌کا که بریتی‌یــه له ده‌رپێی درێــژو کراس‌و سوخمه . له مه‌ڵبه‌ندی شارستان‌دا بــه‌رگی ئه‌وڕوپی منداڵانــه به‌رچــاو ده‌که‌وێ .

له گوندان‌دا ، پرچی تۆقه سه‌رو پشته سه‌ری منداڵان ده‌تاشن‌و لــه



جل‌وبه‌رگی منداڵی لادێ (تۆپزاوه)

پێشەوە کاکۆڵیان بۆ دێڵنەوە ، ڕەنگە ئەمە بۆ چاوو زار باش بێ (٧٩) •

کچ پرچیان درێژەو دەیکەنە چەند کەزی‌یەك ، لە پشتەوە بە داوێـك لێکیان دەبەستن •



(٧٩) جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٥٩ پەراوێزی ٢ •

# بەشی چوارەم

## سووڕی ژیان

**لەدایکبوون :**

لە ڕۆژهەلات کە ژن دێنن بە هیواو مەبەستی منداڵبوون ژن دێنن[1] • لای کوردانیش هەر وایــە •

ژنی شێخی تۆپزاوە ئەم زانیارییە تایبەتییانەی خوارەوەی لە بارەی منداڵبوونەوە دامێ :

ژن بە دانیشتنەوە منداڵی دەبێ • مەنجەڵێکی سفری چێشتلێنان یــان مەنجەڵی شیر لەسەر زەوی نخوون دەکەنەوە [2] ،نیمدەرێکی لەسەر دادەنێن و ئەو ژنەی ژانی گرتوە لەسەری دادەنیشێ • ژنێك لە پشتییەوە دەوەستێ و توند بنهەنگڵی دەگرێ و ئەویش پشتی خۆی پێ دەدا • مامانیش لە پێشەوە لەبەردەمییەوە هەڵدەکونجێ و ژنەی ژانگرتوو دەستی لە ملان وەردێنێ • بۆی هەیە مامان هەر ژنێکی خواسایی دێ بێ • مامانێك لە سەرکان هەبــوو سێ مانگ دەورەی لە بەغدا دیبوو • ئەو ئافرەتەی مامانەتی هەر دوو ژنی ماڵی تەرجومانەکەمی کردبوو و ناوکی بیستو حەفت منــداڵی بڕیبــوو ، دەیانگوت مامانێکی زۆر شارەزایەو وەختی خۆی مەشقی مامانەتی کردوە •

---

(۱) ب : وودسمۆل ۱۹۳٦ ، ۲۸٥ •

(۲) لێن ۱۹٤٤ ، ٥۰۹ باس دەکا کە لەناو عارەبەکانی میسر مامان کورسییەك لەگەڵ خۆی دێــنێ •

ئەو ئافرەتە یەکەم کەس بوو لە سلێمانی کە مەشقی مامـانەتی کردبێ [٣] •
ئەو کاتەی ئەمن لەوێ بووم تەمەنی لە دەوروبەری ٥٠ ساڵیدا بوو •

ئافرەت لە هەر ژوورێکی ماڵەوە ڕێك بکەوێ منداڵـەکەی دادەنێ •
دەیانگوت باوك دەتوانێ بچێتە دیار منداڵبوونی ژنەکەی • ناوکی منـداڵ
بە چەقۆ یان بە مەقەس دەبڕن • دکتۆرە عارەبەکەی ئاوبەستی دووکان بۆی
باس کردم گوتی ئەگەر بێتو ئافرەتێك کتوپڕ لە شاخان منداڵی ببێ ناوکی
دەخەنە سەر بەردێكو بە بەردێکی تیژ دەیبڕن •

ئەو گوندانەی من سەرم لێدان دختۆریان لێ نەبوو • منداڵ بـوونی
سەخڵەتو بەزەحمەتیش هەر دەکەوتە دەست دراوسـێیەکی لـێزان یـان
مامانێکی سێ مانگ مەشـق کردوو • دختۆرێکی ئەڵەمـانی کە پسـپۆری
نەخۆشی ئافرەتان بوو لە نەخۆشخانەی سلێمانی گێڕایەوە گوتی : جارێکیان
لە گوندێكدا ، ئافرەتێك منداڵی ببوو و منداڵەکەی مردبوو و خۆیشی زۆر
شڕ بوو ژنەکانی دێ ٢٤ سەعات کۆسپیان خستبوە پێشو دوایان خستبوو ،
هەر گفتوگۆیان بوو داخۆ ئەم ئافرەتە نەخۆشە بە سواری ئێسترو بە نـاو
شاخاندا بیگەیەننە سلێمانی یان نا ؟ ئەنجام قسەیان یەکی گرتو بڕیاریاندا
بیگەیەننە شارو لە شار چارەی کرا • سوپـاس بۆ تەقـەلای دختۆرەکەی
پسپۆری ئافرەتان •

---

(٣) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٣١٤ لەبارەی مەشق پێدانی مامانەوە نووسیویە کـە
نەخۆشخانەکانی میری لە بەغداو مووسلو بەسرا دەورەی تـایبەتی بۆ
مامانەتی دەکەنەوەو دەورەی سێ مانگیش بۆ ئەو ئافرەتە لادێییانـە
دەکەنەوە کە لەبەر تاقیکردنەوەو دنیادیتەیی خۆیانەوە مامانەتی دەزانن .
ئەو مامانەی تەواو مەشقی پێبکرێ بڕوانـامەی پێدەدرێ . ئەوانەی
مەشقیان کەمتر بێ لای خۆیان ناویان تۆمار دەکەنو ڕێدەدەن مامانەتی
بکەن . بەڵام بە زۆری وا دەبوو ئـافرەت لەو دەورانـە سـڵ بـوون ،
لێدەکشانەوە ، چونکە پیشەی مامانەتییان بەلاوە باش نەبوو ، وایـان
دادەنا نەختێ لە حەشەریاتی باشترە .

جارێکی‌تر ، له سه‌رکان ، ئافره‌تێك دوای ئه‌وه‌ی که منداڵه‌که‌ی دانا تووشی نه‌خۆشی‌یه‌کی گران هات • به سواری ئێسترو به په‌ست گه‌یاندیانه نه‌خۆشخانه‌ی سلێمانی به‌ڵام نه‌یانتوانی کۆرپه‌که ببه‌ن که ته‌مه‌نی چه‌ند رۆژێك بوو و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و ماوه‌یه بێ دایك بوو ، مرد •

«منال» که تازه له دایك ده‌بێ له پارچه تۆله‌یه‌کی ده‌پێچن‌و رۆژێ سێ جار ئه‌و په‌ڕۆکه‌ی ده‌گۆڕن • پاشان قوماشێکی نزیکه‌ی ٥٠را م × ٥٠را م دێنن‌و به شێوه‌ی سێ‌گۆشه ده‌قی ده‌که‌ن‌و منداڵه‌که‌ی له‌سه‌ر داده‌نێن • قوماشه‌که ده‌گاته سه‌ر شانی ئه‌و مه‌لۆتکه‌یه‌و نه‌ختێ له لاقه‌کانی تێده‌په‌ڕێ• لاقی منداڵه‌که ڕاست درێژ ده‌که‌ن‌و لچکه‌کانی خواره‌وه‌ی قوماشه‌که‌ی له لاقی ده‌پێچن • دوو لچکه‌که‌ی‌تریش که ده‌که‌ونه سه‌ر شانی به‌سه‌ر سنگی‌دا لێك‌تێ‌ده‌په‌ڕن • قۆڵی له ته‌نیشت قالبی درێژ ده‌که‌ن • سه‌ره‌کانی قوماشه‌که به سه‌ر پشتی کۆرپه‌که‌دا لێك‌تێ‌ده‌په‌ڕن‌و دێنه‌وه پێشه‌وه له‌ناو گه‌ڵانی گرێ ده‌درێن • دوو پارچه په‌ڕۆی سێ‌گۆشه له سه‌ری منداڵه‌که ده‌پێچن : یه‌کێ ده‌بێته سه‌ربه‌ست‌و ئه‌وه‌ی‌تریش له نێوچه‌وانی ده‌به‌ستن • گرانفیست [٤] باس ده‌کا که عاره‌بی فه‌له‌ستینیش به‌م جۆره مه‌لۆتکه‌یان به په‌ڕۆ ده‌پێچن •

که مه‌لۆتکه‌که‌یان به‌م جۆره پێچا بێژنگێك دێنن ، نیمده‌رێکی له‌سه‌ر راده‌خه‌ن‌و ئه‌و مه‌لۆتکه قۆنداغه‌ی له‌سه‌ر داده‌نێن • تا حه‌فت رۆژ هه‌ر له‌سه‌ر بێژنگ ده‌مێنێته‌وه • نیکیتین [٥] باسی ئه‌وه ده‌کا که کورد له کوردستانی خوارووی‌دا مه‌لۆتکه ده‌خه‌نه سه‌ر بێژنگ‌و ده‌ڵێ منداڵ شه‌ش رۆژ نه‌ك حه‌فت رۆژ له‌سه‌ر بێژنگ ده‌مێنێته‌وه به‌تایبه‌تی به شه‌و که ترسی ئه‌وه هه‌یه گیانی پیس‌و به‌د [٦] دایك‌و کۆرپه‌که له‌ناو به‌رێ • هه‌روه‌ها ده‌ڵێ : له‌و ماوه‌یه‌دا

---

(٤) گرانفیست ١٩٤٧ ، ٧٤ .

(٥) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٠ – ١٩٥٦ ، ١٠٧ .

(٦) له کورده‌واری‌دا ، ئه‌و ماوه‌یه شه‌و نۆبه‌ت له دیار دایك‌و کۆرپه ده‌گرن بۆ ئه‌وه‌ی شه‌وه له کۆرپه‌که نه‌دا – و .

نابیٚ نه مامانو نه یاریدەرەکانی لەو ماڵە بڕۆن یان ئەو شتانە ببەنەوە کە بـۆ منداڵبوونەکە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان (٧) • دۆنالدسۆن باسی ئەوە دەکا کە لە ئێرانیش یەکەم جار منداڵ دەخەنە سەر بێژنگو دەڵێ ئەم بێژنگە بـۆ ئەوە باشە منداڵەکە لە ئەفسانەو جادوو دەپارێزێ کە زۆر جـار منداڵـەکە بەساوایی لەناو دەبات(٨)• لێن باسی بەکارهێنانی بێژنگ دەکا لە میسر، دەڵیٚ کۆرپەکەی زۆر باش لەناو ڕادەژەنن گوایە بۆ گەدەی باشـە (٩) • ئـەم زانیاری‌یەی لێن بۆ نیوەی سەدەی بووری دەگەڕێتەوە • جا (بلاکمان) دیٚو زانیاری‌یەکەی بۆ تەواو دەکاو دەڵیٚ ئەوەی میسری بەکاری دێنن سەرەندەو شەوی حەفتەم واتە شەوی پێش ڕۆژی حەفتەم هەندیٚ دنکە دەغڵ دەکەنـە ناو سەرەندەکەو سەرەندەکە بە منداڵو بە دنکە دەغڵەوە ڕادەژەننو پاشان دەغڵەکە هەڵدەگرنەوە (١٠) •

زەیستان بۆی هەیە حەفتەیەك بکەوێتە ناو جیٚو بۆیشی هەیە تا ٢٠ ڕۆژ ڕاست نەبێتـەوە •

**لانکی کوردی :**

پاش حەفتەیەك منداڵەکە لەسەر بێژنگ هەڵدەگرنو دەیخەنە ناو لانك• سیٚ جۆرە لانکی جیاوازم لە کوردستان بینی : بێشکە ، جۆلانە ، لەلووك•

جۆری یەکەم کە «بێشکە»یە هەڵدەگیریٚو دەگوازرێتەوە • بێشکە : تەختەدارێکی پانە ٨٥ر٠م × ٤٠ر٠م لەسەر چوار پیٚی ستوونی وەستاوە • هەر دوو پیٚی لایەك لەسەرەوە بە کەوەیەکی پانی دارو لـە خوارەوە بـە

---

(٧) نیکیتین ١٩٥٦ ، ١٠٨ •

(٨) دۆنالدسۆن ١٩٣٨ ، ٣٠ •
ــ ب : بلاکمان ١٩٢٧ ، ٦٣ •

(٩) لێن ١٩٤٤ ، ٥١٠ •

(١٠) بلاکمان ١٩٢٧ ، ٦٣ ، ٧٩ •

پێچکەیەك پێکەوە لکاون • هەردوو کەوەکە لە سەرەوە بە درێژایی بێشکە دارێکیان بە بەیندا هاتوە پێی دەگوترێ تیرە یان سەردەرە • بەم تیرەیـە بێشکە هەڵدەگرن • تەختەدارەکەی بێشکە قەراغێکی بچووکی هەیە بـۆ ئەوەی «دۆشەك»ی لەناو ڕابوەستێ کە ٨٠و٠م × ٣٨و٠م × ٠٨و٠ مەترە تەختە بە قەراغەکانەوە وەکو سندووق وایە • سندووقو دۆشەك هەردووکیان لە ناوەڕاستەوە کوتێکیان تێدایە • وایش دەبێ دوو کونیان تێدا بێ بۆ ئەوەی بتوانن دۆشەکەکە وەربگێڕنو جێی سەری منداڵەکە بگۆڕن •

«بلوێر»ێکی ٢٣و٠م درێژ بە ستوونی دەخـەنە نـاو کونی لانـكو دۆشەکەکە • بلوێری منداڵی نێرینە سەرەکەی کوتێکی خڕە کەچی بلوێری منداڵی مێینە سەرەکەی کوتێکی هێلکەیییە • ئەم بلوێرە بۆ میزەو زۆر چاك بە پەڕۆ دەپێچن بۆ ئەوەی کە خستیانە ناوگەلانی منداڵەکە ڕانـەکانی ئەزیەت نەدا • منداڵەکە لەسەر پشت لەناو بێشکە ڕادەکێشنو «سەرین»ێکی ٣٨و٠م × ١٨و٠م × ٠٦٥و٠م دەخەنە ژێر سەریو قۆڵەکانی لە تەنیشت قالبی درێژ دەکەنو بەو دەقە توند شەتەکی دەدەن • بە دوو «دەسرازە»ی[١١] ١٥و٠م × ٨٠و٠م دەیبەستنەوە • داوێك لە لا تەنیشتێکی بێشکە هەیە بـە درێژایی سندووق لەم سەرو لەوسەری پێچکەکان قایم کراوە • سەرێـکی دەسرازەکان بە نیفۆ لەم داوە هەڵدەکێشرێو سەرەکەیتری پەتێـکی پێوەیە ٦٠ر٢م درێژەو سەری بە سامۆتەیە • کە منداڵەکە لە بێشکە دەنێنو دەیپێچن دەسرازەیەك دەکەوێتە سەر سنگو قۆڵیو ئەوەیتر دەکەوێتە سەر وورگو لاقیو توند بلوێری میز لە شوێنی خۆیەوە ڕادەگرێ • پەتەکە بە بن بێشکەدا

(١١) دەبێ دەسرازەو دەزبێنك لێك جودا بکەینەوە . ئەو دوو پەتەی منداڵیان پێ لە بێشکە شەتەك دەدرێ ، ئەو بەشـەی دەکەوێتـە سـەر سنگو ڕانەکانی منداڵەکە پانەو پێی دەگوترێ دەزبێنك ، ئەوەیتر درێژ دەبێتەو لەسەر دەرەی بێشکە دەئالێنرێو سەری بە گولینـگە پێی دەگوتـرێ دەسرازە ــ و .



بێشکەو دەسرازەو پەت . بلوێری میز بە قیتی لە کونی بنەوە داندراوە

دەڕواو لە تیرە دەئاڵێنرێ‌و ساموتەکەی پێدا شۆڕ دەبێتەوە . ئەم ساموتەیە یان هەر بۆ جوانی‌یە یان بۆ خافڵاندنی منداڵەکەیە کە لەناو بێشکە شەتەك دراوە . کە دەسرازەی سەر لاقی منداڵەکە دەبەستن پێ‌یەکانی بۆ لای دەرەوە دەبەن . زانیم کە ئەم پێ فش کردنەی منداڵ تا تەمەنی سێ ساڵی پیتەی پێ‌دەکرێ (١٢) . پارچە پەڕۆیەك لە ژێر منداڵەکە ڕادەخەن بۆ ئەوەی ئەگەر بلوێرەکە میزی لێ‌هات ئەم پەڕۆیە خێرا هەڵی‌بمژێ ... بۆیان باس کردم کە جاری وا هەیە بوتڵێك شتێکی وا بە بن بێشکەوە (١٣) دەکەن بە تایبەتی بە زستان‌و لە ژووری بەمافوور بەڵام نەمدی بە هاوین لە حەوشەو سەربان‌و ژووری بێ‌ڕایەخ شتی وا بکەن کە هەر ئاوێکی بڕژێ یەکسەر دەبێتە هەڵم.

---

(١٢) لۆرنز ١٩٣٢ ، ٢٧٧ هەمان جۆرە لانکی لای تاتارەکانی کریمیا بینیوە .

(١٣) ب : لە بارەی ئەرمینیاوە ، ڤیرچۆف ١٩٢٤ ، ٢٠٩ .

لەسەر دەسرازەوە «لیف»ێکی بچووك بە منداڵـەکەدا دەدەن • بێشـکە «پەردە»ی[14] هەیە • پەردەی بێشکەی منداڵی تازە ڕەشەو لە تیرەی لانکی دەبەستن و کە تەماشای دەکەی دەڵێی منداڵەکە لەناو ڕەشماڵێکی بچووکدایە• پەردەی بێشکەی منداڵی نەخـتێ گەورەتر یـان پەمبەیە یان پیرۆزەیی یە • ئەمە وەکو کیفك وایە بەسەر بێشکەدا هەڵدەکێشرێ و لە لاتەنیشتێـکەوە کونێکی تێدا دەمێنێتەوە • پەردە پارچە قوماشێکە ١٫٨٠م درێژەو ٨٤و٠م پانە ، دەینووشتێننەوەو دەیکەنە فەردەیەکی وا بەرزی و بەرینی یەك بە بێشکە دەردەچێ و لای سەرەوەی بە ڕیزە دورمانێك دەدوورن و لە لاتەنیشتێکەوە کونێکی تێدا دێڵنەوە • ئەگەر شەوبای ساردی بێ ، سەربێشکە هەیە (وەکو جاجم وایە) لەسەر پەردەوە بەسەر بێشکەیدا دەدەن تا منداڵەکە بـای پێ نەکەوێ • جاری وا هەیە چاوی منداڵەکە بە پەڕۆیەکی سپی دەبەستنەوە تـا خەوی خۆش بێ •

لە کاتی ژیرکردنەوەو مەمكدانە منداڵدا ، دایکی لە تەنیشت بێشکە ، لەسەر چینچکان دادەنیشێ و بێشکەکە خوار دەکاتەوەو قۆڵێکی داوێتە سەر تیرەو پەردە لەسەر بێشکە لادەدا •

سەرباری بێشکە ، کە بە بلوێرەو بلوێرەکەی بـە پـەڕۆ دەپێچـن و شووشتنی ناوێ، کۆمێدی شەویش هەیە ، کە وەکو کورسی بەقوڵ وایـە ، منداڵی لەناو دەنێن و لەشی تێدا دەجوولێتەوە • کۆمێدی شەو کونێـکی لە بنەوەدایە دەوراندەوری قوماشی ناوداری بە ڕێشوە • دەفرێکی لە ژێـر دادەنێن • ئەو شوێنەی منداڵەکە پشتـی وێ دەکا کوشـینە • بۆیـە کە منداڵەکەی خرایە ناو وەك ئەوە وایە کە بە هێمنی پاڵی دابێتەوە نەك دانیشتبێ•

وا دەبێ کە بێشکە ، لە باتی دوو کونە بچووکەکە کە بەو دوو کونـە

---

(١٤) لە هەندێ شوێنی‌تر پێی دەگوترێ «کوللە» ـ و •



بێشکه . منداڵەکه له پشت بێشکه لەناو کۆمێدی شەو نراوه (سلێمانی)

دەتوانن سەری منداڵەکه به هەر کام لایەك بکەن ، کونێکی گەورەی تێدا بێ و لەگەڵ کونی گەورەی دۆشەکه تێك بکاتەوه • ئەم کونه گەورەیه دەفرێکی گڵینەی وەکو ئینجانەی گوڵی پێدا شۆڕ دەکرێتەوه که ۱۲۹و۰م بەرزەو تیرەکەی نزیکەی ۱۰و۰ مەترە• «لووله»ی میز ، که ۱۷و۰م درێژەو له حەیزەران [۱٥] دروست دەکرێ و بۆ کچان کونێکی درێژووکانی له نزیك سەرێکەوه هەیه ، لەم دەفره گلینەیه دەخرێ • ئەم جۆره بێشکەیەم له بەڵخەی نزیك سنووری ئێران دی • له ژێر دۆشەکەوه ، سەری دەفرەکه ئەڵقەیەکی به ناواخنی هەیه • لیژنەی سێیەمی دانیمارکیی ئاسیای ناوەڕاست جۆره بێشکەیەکی وای له ئەفغانستان هێناوه که ویگور

(۱٥) لووله یان بلوێری میز به زۆری قامیشه ــ و .



دەفری گڵینەو بلوێری حەیزەرانی میزی کچان (بەڵخە) .
بلوێری داری کوڕانو هی کچان (سلێمانی)

Uigur و فیرغانا Fergana (١٦) به کاری دێنن • باسی بێشکەیەکی تری دەق وایش کراوە گوایە هی تاتار Tartar ەکانی کریمیایە Crimea ، ئەمەیان دەفری گلێنەو بلووری میزی پێوەیە ، بە دوو دەسرازە مندالّ لە بێشکە دەشەتینن (١٧) •

دوو جۆرە لانکەکەی تری کوردستانی خواروو بۆ مندالّی نەختێ هەراشترن : یەکێ جۆلانەیەو ئەوەی تر لەلووکە •

جۆلانە وەکو لەلووك وایە • فەردە (تەلیس ، گوش)ێك دێنن ، لەم لاو لەو لا دوو گوریسی تێدەخەنو سەری گوریسەکان لەم سەرو لەو سەر لە فەردەکە دەچێنە دەرەوەو جۆلانەکە بەو گوریسانە هەلّدەواسنو دارێك لەم سەرو دارێك لەو سەری فەردەکە ڕادەکەن تا ڕەپ ڕابوەستێ • پەڕۆیەك لەبن مندالّەکە ڕادەخەنو هەر کاتێ خەبەری بوەوە دەری دێنن •

لەلووك وەکو جۆرە کەرەستەیەکی ناو مالّ وایە • سندووقێکی پانی لاکێشەییەو بە دار لەلووکەوە هەلّدەواسرێ • ئەم سندووقەی بەم لاو لادا دەهەژێتەوە لە گوندان قەسەرو فەردەو پەڕۆی لەناو ڕادەخەن کەچی لە سلێمانی دۆشەکیان لەناو ڕادەخست • ئەم لەلووکە بۆ ئەوەیە شەو مندالّی نەختێ هەراشترو خاوێنتری لەناو دەنێنو ڕۆژیش بۆ کەم وەختێك مندالّی ساوای لەناو دەنێن • کە مندالّەکە نەختێ گەورەتر بوو و وای لێهات لەناو لەلووك جێی نەبێتەوە ، چیتر لە ناوی نانێن ، ئیدی وەکو گەوران نوێنی بۆ لەسەر عەرد ڕادەخەن •

سندووقی نووستنی وا لەناو ئەو کۆچەرانەش هەیە کە بە پشتوو Pushtu دەئاخفنو بە ڕەچەلّەك خەلّکی ناوچەی کافر Kafir ی

---

(١٦) زاخارۆڤا ١٩٥٩ ، ٢٧٠ وێنەی ٢٤ •
(١٧) لورنز ١٩٣٢ ، ٢٧٥ ود •



لەلووك . (سلێمانی) .

ئەفغانستانن • ئەمەیان چوارچێوەکەی دوو پارچەیە • قەبارەی ٨٨و٠م × ٥٠و٠م × ٣٠و٠ مەترە • بنو تەنیشتەکانی بە شوورك دەکەنو بە کندر هەڵیدەواسن •

**شیکردنەوەی هەر سێ جورە لانکی کوردی :**

بێشکەی کوردی لەناو ئۆسێت Ossete و[18] جۆرجی Georgi یەکانی[19] قەوقاسیش هەیە • پلۆس[20] بۆ قەوقاسو بۆ

---

(١٨) ئانۆلم ١٨٩٥ ، ٥٩ ، وێنەی ٣ .

(١٩) پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، ٥٣٦ ، وێنەی ١٦ .

— چانتر ١٨٨٧ ، تابلۆی ١ .

(٢٠) پلۆس ١٩٠٢ ، وێنەی ٤٤٨ ، ٤٥٦ ، ٥٣٦ ، ٥٧٥ .



بێشکە ، پەردەی بەسەردا هەڵکشاوە (تۆپزاوە)

لوبنانی دەباتەوە • لە ئەرمینیاو [٢١] تورکیاش [٢٢] هەیە • بووشان باس دەکا
کە دەتوانن ئەم جۆرە بێشکەیە لە وولاغ بار بکەن [٢٣] • لە کوردستان ،
من ئەمەم بە چاوی خۆم لای هەندێ کۆچەر بینی لە کاتی کۆچو باردا •
بیشۆپ [٢٤] بە بێشکەی ئێرانی ـ ڕۆژاوایی Iranian Bactrian

---

(٢١) لیزیشیان ١٩٥٥ ، ٢١٢ ، وێنەی ٢٠ •
ـ ڤیرچۆف ١٩٢٤ ، ٢٠٨ ود • ١ـ٣ •

(٢٢) پێنزەر ١٩٥٦ ، ١٦٠ ، وێنەکە •
ـ ب : ٢٢٥ پەراوێزی ٢ •

(٢٣) بووشان ١٩٢٣ ، ٣٥١ ، ٣٦١ ، ٢٣٤ •
ـ ب : ئەبرامزۆن ١٩٤٩ ، ١١٧ وێنەی ٩ (کیرگیز) •

(٢٤) بیشۆب ١٨٩١ ، ٣٧٢ ، وێنەکە •

داناوەو پلۆس باسی ئەوەی کردوە کە لە ئێران بە کاری دێنن [٢٥] • بە بێشکۆکەی دارو قوڕی مندالآنەوە دیارە کە ئەم جۆرە بێشکەیە لای تاجیك Tajik و ئۆزبەکەکانیش Uzber [٢٦] هەیە • لە بوخاراش [٢٧] Bokharo هەیە • لێژنەی سێیەمی دانیمارکیی ئاسیای ناوەڕاست بێشکەی وای لە ئەفغانستان هێناوەتەوە • هەروەها ویگورو Uigur فیرغانا [٢٨] Ferghana و کیرگیز Kirgiz یش [٢٩] هەیانە •

هەندێ بلۆێری میزی بێشکەی کوردییان لە تورکستانەوە هێناوە• لوکۆك باسی هەمان بلوێری کردوە [٣٠] • ئەو بلوێرانەی کە بە بێشکەوە لە ئەفغانستان هێناویانن ( ئەم بلوێرانە یان دارن یان ئێسکن ) ، پۆکرۆڤسکی [٣١] بە هی جورجیایان دادەنێ ، فیرچۆ [٣٢] بە هی ئەرمینیایان دەزانێ ، لۆرنز [٣٣] بە هی کریمیا • کیرگیزیش [٣٤] بەکاری دێننو لە ئێسکی مەڕ دروستی دەکەن •

پلۆس دەڵێ ئەم جۆرە بێشکەیە لە بنجو بناواندا هی ئەرمینیای

---

(٢٥) پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٧ .
ـ ئەم جۆرە لانکە وەکو کاشییەکی ئەستێرەی سەدەی سێزدەمینە «دەفری ـ مینای» . ویلسۆن ١٩٥٧ ، وێنەی ٢٨ .
(٢٦) پێسچیرێڤا ١٩٥٧ ، ٥٩ وێنەی ١٥ .
(٢٧) کرافت ١٩٠٢ ، وێنەی بەرامبەر ل ٢٠ : «بوخارا . ناو بازاڕ : کۆلآنی لانك فروشان» .
(٢٨) زاخارۆڤا ١٩٥٩ ، ٢٧٠ وێنەی ٢٤ .
(٢٩) ئەبرامزۆن ١٩٤٩ ، ١١٢ ، ١١٤ ، ١١٥ وێنەی ٣ ، ٤ ، ٦ ، ٧ .
(٣٠) لوکۆك ١٩١٦ ، ١٩ وێنەی ٩ ـ ٢٠ وێنەی ١٠ .
(٣١) پۆکرۆڤسکی ١٨٩٩ ، ٥٣٨ ، وێنەی ١٧ ـ ١٨ .
(٣٢) ڤیرچۆڤ ١٩٢٤ ، ٢٠٩ .
(٣٣) لورنز ١٩٣٢ ، ٢٧٥ .
(٣٤) ئەبرامزۆن ١٩٤٩ ، ١١٦ ، وێنەی ٨ .



پارچەیەکی مینایی ڕەنگاوڕەنگ (ڕەی) هی سەدەی سێزدەمینە
(ڕالف پندەر ولسۆن : هونەری ئیسلامی ، لەندەن ١٩٥٧ ، وێنەی
٢٨) . دایکێ لە بێشکەیەکی وەکو بێشکەی کوردی شیر دەداتە منداڵەکەی.

ڕووسیە (٣٥) . بەڵام زەحمەت شتی وا ڕاست بێ . زۆر لەگوینە ئەم جۆرە بێشکەیە بنیاد هی ئەو گەلانە بێ کە لە ئاسیای ناوەڕاست دەژین ؛ چونکە بە ئاسانی هەڵدەگیرێ‌و ئەمەش بۆ ئەوان شتێکی زۆر گرنگ‌و پێویستە . بە ڕای من پێچکەی بێشکە شتێکی هێندە گرنگ نییە بگرە بێشکەی کیرگیزی (٣٦) پێچکەی هەر نییە بەڵام ئەو تیرەی بێشکەی پێ‌هەڵدەگرن شتێکی زۆر گرنگ‌و بنجییە . ئەم جۆرە بێشکەیە لەگەڵ ئەو بێشکە قووڵە یەك دەگرێتەوە کە ئەو کۆچەرانەی بە بەخێوکردنی شوور بەڕێوە دەچن بەکاری دێنن . ئەمەش لە ڕۆژاواوە لە لاپەوە Lap دەڕوا تا دەگاتە ناو هیندییەکانی کەناری پاسیفیکی باکوور لە ڕۆژهەڵات (٣٧) . ئەم ناوچەیە

(٣٥) پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٨ .
(٣٦) ئەبرامزۆن ١٩٤٩ ، ١١٢ ، ١١٤ ، ١١٥ وێنەی ٣ ، ٤ ، ٦ ، ٧ .
– بووشان ١٩٢٣ ، ٣٥١ ، ٢٣٤ .
(٣٧) لە بارەی (لاپ) ؛ ب : موزەخانەی نیشتمانی .
– لەبارەی (سامۆید) ؛ ب : پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، وێنەی ٣١ .

جۆرە بێشکەیەکی تریشی لێیە کە بێشکەی تەختەو بە شارستانێتی لیانەوە بەندە کە لە باکوورەوە لەناو ئەلگونکی Algonki یەکانەوە دێ و بە ناو ئامێریندی Amerindi یەکان‌دا بڵاو دەبێتەوەو لە باشوورەوە دەگاتە ناو ئارانکانی Arankani یەکان • لقێکیشی لەناو ئاینۆ Aino کانی دوورگەکانی باکووری ژاپۆن هەیە (٣٨) • شان بە شانی بێشکەی تەخت ، بێشکەی قووڵ (شێوازی دانیشتن)(٣٩) لە کالیفۆرنیای باکووردا هەیە •

---

ـ لەبارەی (ئوستیاك) ؛ ب : پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، وێنەی ٢٣ ، ٢٥ •
ـ لەبارەی (یاکوت) ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ لەبارەی (هیندی چینووك) ؛ ب : ماسۆن ١٨٨٧ ، ١٧٤ ، وێنەی ٨ •
ـ لەبارەی (هیندی تسیمشی) ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ لەبارەی (هیندی تۆمپسۆن) ، (کۆلومبیای بەریتانی) ؛ ب : مووزەخانەی نەتەوایەتی •
ـ لەکۆتایی سەدەی هەژدەم لەدانیمارك هەوڵیان‌دا لانکێکی قووڵی وا بە سەرپۆش دروست بکەن کە شەو منداڵی لەناو بنێن بۆ ئەوەی دایەن کە شیری دەداتێ نەیخنکێنێ • ساکستۆرف ١٧٨٨ ، ٢٥٦٠ ود • وێنەی ئەم (منداڵ پارێز)انەی پێشنیار کردوەو وەسفی کردون •

(٣٨) ئۆرۆکانی‌یەکان ؛ ب : ماسۆن ١٨٨٧ ، ٢٠٩ وێنەی ٣٩ •
ـ (پیما) لە باشووری کالیفۆرنیا ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ کرۆیبەر ١٩٢٥ ، تابلۆی ٣٩ ــ ٤٠ ؛ ٥٣٥ ، وێنەی ٤٨ •
ـ (ئەپاچ) ؛ ب : ماسۆن ١٨٨٧ ، ٢١٢ ، وێنەی ٤٣ •
ـ پایوت ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ مۆهاوك ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ ئەلگۆنکین ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ (چیپەویان)ی نزیك ڕوباری (چورچیل) : «تەختەی لانك» لەگەڵ سندووق ، «سندووقی گەورە» ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •
ـ ئاینو ؛ ب : مووزەخانەی نیشتمانی •

(٣٩) کرۆیبەر ١٩٢٥ ، ٩٢ ، ٢٤٨ ، تابلۆی ٣٥ : لانکی (دانیشتن) •
ـ ب : ماسۆن ١٨٨٧ ، ١٨٢ وێنەی ١٤ •
ـ (کوتچین) کورسی‌یەکیان هەیە پشتی کووڕەو دارێکی وەك قەڵپووزی پێوەیە دەکەوێتە ناو لنگانی منداڵەکە ، ڕیچادسن ١٩٥١ ، ٣٨٤ ، تابلۆی٦ •

له باکوورو له ناوەڕاستی ئاسیادا بێشکە هەیە شتی وەکو بلوێری میزی بێشکەی کوردی تێدایە • پۆکرۆڤسکی لەبارەی ئۆستیاک Ostyak ەکانەوە دەڵێ : کیسەیەکی پڕ ئاردەدار دەخەنە ناو بێشکەیەکی قووڵی هێلکەیی کە لە داری شلك یان تفری سەرەوەی قەدی دار دروست دەکرێ • ئەگەر منداڵەکە نێرینە بێ تفرەدارێکی لە کێری دەپێچن و میزەکەی پێدا دەڕوا بۆ پێبینگانی بێشکەو لەوێ ئاردە دارەکە خێرا هەڵیدەمژێ (٤٠) •

هینیك هاسلوند کرستنسن هەندێ تفرەداری وای لەناو گەلی سۆلۆن Solon ی مەنچوریا Manchoria (٤١) هێناوە ، کە لەو پارچەی بێشکەن • کالمیك Kalmuk بێشکەی سندووقی بەکاردێنن کە بلوێرێکی ئاسۆیی تێدەگیرێ و پێی دەگوترێ (تساوکۆ) (٤٢) • یاکوت Yakut ەکان بێشکەی تەختی بە پێچکەیان هەیە منداڵەکەی لێدەبەستن و بلوێرێکی (٤٣) پێوەیە میز لە بێشکە دوور دەخاتەوە • ئاشکرایە ئەم جۆرە بێشکەیە لە بنجدا وەکو بێشکەی کوردی وایە (٤٤) •

بەرامبەر بە جۆلانە ، کە فەردەیەکە ، بە هەر چوار لچکەوە

---

ـ لانکی دانیشتن لە (بۆرنۆ) هەیە ، نیۆڤێنویس ١٩٠٤ ، ١ ، ٧١ •
ـ هۆس ١٩٢٥ ، ٥٩ وێنەی (بەرامبەر ل ٣٥) •
ـ لانکی دانیشتن لە سیبریا (مانتسی) هەیە لیڤیناو پۆتاپۆڤا ١٩٥٦ ، ٥٩١ •

(٤٠) پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، ٥٤٩ •

(٤١) (موزەخانەی نیشتمانی) •

(٤٢) پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، ٥٦٠ ، وێنەی ٣٤ ـ ٣٥ •

(٤٣) پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، ٥٦٢ ، وێنەی ٣٦ ـ ٣٧ •

(٤٤) جۆرە لانکێکی جوان هەیە بنەکەی لارە (ومیزی پێدا دەڕوا) کە منداڵی لەناو دەندرێ پێی دەکەوێتە سەر دارێك . لای (سێلێب)ان هەیە ، ئەدریانی کرووبت ١٩٥١ ود .
ـ ب : ١٩٥١ وێنەی ٧٥ •
ـ گروبۆیەر ١٩١٣ ، ٤٠٠ ، وێنەی ٢١٢ •

هەڵدەواسریٚ‌و لە بەلخەو هەڵەبجە هەبوو ، شتی وا لە ئێرانیش هەیە ، لە قایش دەکریٚ‌و داری تیٚ‌ڕادەکەن تا ڕەپ ڕابوەستیٚ (٤٥) . لە ئەرمینیاش هەیە، بە پارچە پەڕۆیەك یان کەچە جلێك دروستی دەکەن‌و بۆ کەم وەختێك لەناو زەوی‌و کێڵگەدا هەڵی‌دەبەستن . دەڵێن ئەم جۆلانەیە زۆر لە بێشکەی ئەرمەنی خۆشترە کە زۆر بە بێشکەی کوردی دەچیٚ‌و بە زۆری ئەو کاتە بەکاری دێنن کە منداڵەکە نەساغ بیٚ (٤٦) . لە قەوقاس کە منداڵ لەناو جۆلانە دەنێن توند بە کەژی دەیپێچن (٤٧) تا بەرنەبێتەوە نەك وەکو جۆلانەی کوردی کە منداڵی تێدا ڕەهایەو نابەسترێتەوە . خێڵی عارەبی سووریش جۆلانەی وایان هەیە، هەر دوو سەری داری تیٚ‌ڕادەکریٚ (٤٨) کۆچەرە (رەحالە)کانی عارەبستان چارۆکە دەکەنە جۆلانەو بە ڕەشماڵەوە هەڵی‌دەواسن (٤٩) . لە یەمەن جۆلانە هەیە دەق وەکو ئەو جۆلانانەی سوریەکان بە ڕەشماڵەوە هەڵی‌دەبەستن . هەروەها بێشکەی قایشیشیان هەیە . بێشکەکە قایشێکی چیڕی نیمچەبازنەیی تیٚ‌دەخریٚ بۆ ئەوەی سەری بێشکەکە هەڵبدەفیٚ ، کەژی‌یەکیشی پێوەیە بێشکەکە لە دەوری پیٚی منداڵەکە خڕ دەکاتەوە سەر یەك (٥٠) . دواجار توارێگ Tuareg ەکانی ڕۆژاوای نیگەر Niger شتێکی وا بەکار دێنن کە نە بێشکەیەو نە جۆلانەیە ، لەو ناوەندەیە . وەکو تاقێکی دار وایە ، لەم سەرو لەو سەر دوو شەپکەداری بازنەیی تێدایە . منداڵی لەناو دەنێن‌و توند شەتەکی

---

(٤٥) پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٧ .
(٤٦) پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٩ .
(٤٧) پۆکرۆڤسکی ١٨٨٩ ، ٥٣٨ وێنەی ١٩ .
ـ ب : پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٩ .
(٤٨) بووشمان ١٩٣٤ ، ٩٧ ، وێنەی ٤١ .
(٤٩) موزیل ١٩٢٨ ، ١٢٦ .
(٥٠) دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٠٢ ، وێنەی ٢ ، ١٠٥ ، ١٠٦ ، ١٧٩ .

دەدەن‌و (٥١) لەناو ڕەشماڵەوە هەڵی‌دەواسن •

ئەو کاتەی لە کوردستان بووم دیم لەناو جۆلانە تەنیا پەڕۆیان لە ژێر منداڵ ڕادەخست • گوایە عارەبی کۆچەری سوریا عولە حوشتر ووشـک دەکەنەوەو ووردی دەکەن‌و لەناو جۆلانەی دەکەن بۆ ئەوەی میزو پیسایی هەڵبمژێ (٥٢) کوچەرە ڕەحالەکان پێش ئەوەی منداڵ بخەنە ناو چارۆکەو (٥٣) لەناو ڕەشماڵەوە هەڵی‌بواسن بە عولە حوشتری ووشك دەیهەنوون •



لەلووکی هیندی (مووزەخانەی نیشتمانی‌ی دانیمارك) لەگەڵ لەلووکی کوردی یەك ڕەگەزە . سندووقێکی نووستنەو بە دوو دارەوە هەڵواسراوە.

جۆری سێیەم کە لەلووکەو لەسەر پێچکانە ، لە ئێرانیش هەیە (٥٤) •

(٥١) لۆت ١٩٤٧ ، ١٠١ ، ١٠٧ ، وێنەی ٤١ .
(٥٢) بووشمان ١٩٣٤ ، ٩٨ .
— دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٧٩ .
(٥٣) موزیل ١٩٢٨ ، ١٢٦ ، ١٢٧ .
(٥٤) پلۆس ١٩١١ ، ٢٤٧ .

جۆرە لانکێکی هیندی لە مووزەخانەی نیشتمانی هەیە بریتی‌یە لە دارلەلووکۆ سندووقێکی لاکێشەیی پێوە هەڵواسراوە • سندووقەکە بنی دارێکی پانەو لاتەنیشتەکانی شەپکەیەو وەکو قەفەز وایە (٥٥) • ئەم لانکە هیندی‌یە هەمان ڕەگەزو بنچینەی لەلووکی کوردی تێدایە • لەلووکێکی زۆر سادەو سەرەتایی لەناو لوڕان هێنراوە بە دیمەن وەکو بێشکەو لەلووك وایـە • بێشـکەی لوڕستان بریتی‌یە لە (تەختی ڕاژەئین)و دوو پارچـە حەیزەرانی تەریـب کە منداڵەکەیان لەناو شەتەك دەدرێ بۆ ئەوەی تێـدا ڕابکشێو بلوێری مـیز لە جێی خۆی نەجووڵێ • تەختەکە لە هەر سەرێکەوە پەتێـکی پێوەیـەو پەتەکان بە دارێکەوە هەڵواسراون کە کەوتۆتە سەر دوو داری دووگوێ(٥٦) • دوو جۆرە بلوێر هەیـە : بلوێری منداڵی نێرینـە وەکو بـۆڕی وایە ، هی مێیینە وەکو کۆلێکی بچووك وایە • دەڵێن ئەم بلوێرانـە وەکو بلوێـری بێشکەی کوردی بە ستوونی دادەندرێن (٥٧) بەڵکو وەکو بلوێری بێشکەی کالمیکی بە ئاسۆیی دادەندرێن •

ئەو سێ جۆرە لانکەی لە کوردستان بەکار دێن هەموویان لە ئـێران هەن • بێشکە ڕەگەزێکی کۆچەرایەتی‌یەو لە خێلە کۆچەرەکانی ئاسیـای ناوەڕاستەوە وەرگیراوە • جۆلانە ڕەگەزێکی ئێرانی ــ عارەبی‌یە • کەچی لەلووك ڕووەو هیند دەبێتەوە •

---

(٥٥) ( مووزەخانەی نیشتمانی ) .

(٥٦) ــ ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٣٢ .
ــ فردیناند ١٩٥٩ ، وێنەی ١١ .

(٥٧) خاتوو هێنی لە هیچ شوێنێ باسی ئەوەی نەکردووە کە جیاوازی‌یەکی بلوێری نێرینەو مێیینەی بێشکەی کوردی ئەوەیە بلوێری نێرینە بـە ئاسۆیی لەناو ڕانەکانی منداڵەکە درێژ دەکرێو سەری لە پێیینـگانی بێشکە دەچێتە دەرەوە کەچی بلوێری مێینـە ستوونی‌یـەو یەکسـەر لە ناوەندی بێشکەوە بەناو کونێکی ناو بێشکەو دۆشەگدا شۆڕ دەبێتەوە خـوارێ ــ و .



دایك‌و كۆرپه‌كه‌ی ـ ئێواره‌یه‌ك . منداڵێكی (١٣) ساڵی كردوویه (سلێمانی)

بێشکەی کوردی تەنیا شەو منداڵی دەناو دەنێن و قایمی دەکەن، کەچی دوو جۆرەکەی دی بۆ ڕۆژە. کە منداڵ بە ڕۆژ خەوی بێ لەناوی دەنێن. منداڵ کە بە ئاگا هات یان خوشکی گەورەی هەڵی‌دەگرێ یان ژنێک دادەنیشێ و لە کۆشی خۆی دادەنێ. لە دەرەوەی گوندانیش، زۆر جار دەبینی کچی نەختێ فەراژی منداڵی بچووکیان بە کۆڵەوەیە. بۆ منداڵی نەخۆشیش، جارێکیان منداڵێک زۆر نەخۆش بوو وایان پێ چاک بوو دایکی لەسەر کۆشی خۆی دابنێ یان لە هامێزی بکا نەک لەناو بێشکەی بنێن. ئەگەر بیانەوێ بە ڕۆژ منداڵ بخەوێنن دۆشەکی بۆ لەسەر عەرد ڕادەخەن و لەسەری درێژ دەکەن. ئەگەر لەناو بێشکەی بنێن ئەوا ڕایدەژەنن تا خەو دەیباتەوە. ئافرەتێک بە چوارچمکی دادەنیشێ و بێ ئەوەی لەنگەری تێک بچێ لنگێکی درێژ دەکات و بێشکەکەی پێ دەژەنێ (٥٨).

---

(٥٨) نازانم چۆنە خاتوو هێنی باسی لایلایەی نەکردوە کە دیاردەیەکی زۆر بەرز و نازداری لانکژەنینی کوردی و سەراپای ڕۆژهەلاتە. ئافرەت کە دادەنیشێ و کۆرپەکەی دەژینێ بە دەم کۆرپەژەندنەوە لایلایەی زۆر ناسک و بەتاسیر دەڵێ. ئەگەر کۆرپەکە کوڕ بێ لایلایەکە باسی ئەوە دەکا کە کوڕەکەی ئەوەندە کۆک و کنک دەبێ کچی هەموو دونیا ئەشقی دەبن و ئەوەندە ئازاو نەبەرد دەبێ پاشای هەموو دونیا سەری بۆ شۆڕ دەکەن و وا هەڵدەکەوێ کەس و کارو دۆست و برادەر پێی‌سەربڵند دەبن و دوژمن و ناحەز لە ترسی دەتۆقن. کەچی ئەگەر کۆرپەکە کچ بێ لایلایەکە باسی ئەوە دەکا کە گەورەبوو ئەوەندە نازدار دەبێ هەموو گەنجی دونیا شێت دەکات و نەختی ئەوەندە زۆر دەبێ کەس پێی‌هەڵناستێ، بە دایکی کوڕان دەبێ و سەری دایک و باوکی بەرز دەکاتەوە. یان وا دەبێ لایلایەکە باسی لانک و لانکژاەندن دەکا وەکو :

لانکۆرەم دارە دارە
لانکۆرەم دارەسێوە
سەر لانک چیتی پێوە
با بژینی یار بە پێوە .

★ ★ ★

**شیردانــە منــداڵ :**

بە گوێرەی قورعان ماوەی شیردانە منداڵ دوو ســاڵی خشتە • لــە سوورەتی (٢) ئایەتی (٢٣٣)دا ، دەڵێ : «کەس ئەرکی لە توانــای خــۆی بەدەری ناخرێتە ئەستۆ ••• (دایكو باوك) ئەگەر حەز بکەنو هەر دوو لا رازی بنو (دوای) ڕاوێــژ منداڵــەکە لە شــیر بــکەنەوە ، گونــاحیان ناگاتێ ••• »* لە کوردستانی خوارووی ئەو دایکەی شیری تێدا بێ تــا منداڵەکەی دەگاتە تەمەنی دوو ساڵی هەر شیری دەداتێ بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە من دیمن زۆربەیان خۆیان شیریان تێدانەبوو بیدەنە منداڵەکانیان • ڕەنگە ئەمەش هۆی کەمی پرۆتین بێ چونکە خواردنیان یەك جۆر بوو ، لە هەمووی

---

لانکۆرەم دارە دارە
لانکۆرەم دارەبەنە
سەرلانــگی بە مەنــگەنە
با بژینی یــار ڕەوشەنــە .

★ ★ ★

لانکۆرەم داری بی‌یــە
غورغورەی سەتو سی‌یە
بژینی یــار لەعلی‌یە .

★ ★ ★

لانکۆرەم داری گــیزە
کەمەی لانکم بە زریزە
کوڕم لە مەمکان زیزە .          — و .

★ ★ ★

* مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لە بەرگی یەکەمی تەفسیری نــامی‌دا (ل ٤٩١ — ٤٩٢) لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێ : «لەلایەنی خودای تەعالاوە داوا ناکرێ لە هیچ نەفسێ ئیللا ئەو ئەندازەیە کە وا لە تەوانایا : دەولەمەند بە پێی خۆیو گەدا بە پێی خۆی . . . وە ئەگەر دایکی منداڵو باوکەکەی ویستیان لە پێش تەواوبوونی دوو ساڵەکەدا منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە بە دڵخوازی هەردوولایان لەسەر ئەساسی راوێژو خێرخواهی ئەوە تاوانیان لەسەر نی‌یە ، مادام زیانی منداڵەکەی تیا نی‌یە » — و .

باشتر برنج بوو • شیری تۆزیان له بازاڕ دەکڕی‌و دەیاندا منداڵان بەڵام ئەنجامی باش نەبوو چونکە بە شارەزایی نەیاندەگرتەوەو بە پێی ڕێ‌و شوێنی تەواوی تەندروستی‌یەوە ئامادەیان نەدەکرد • جارێکیان کۆرپەیەکی چوار مانگیم دی نەخۆشی‌یەکی گرتبوو دختۆرە عارەبەکە گوتی ئەم نەخۆشی‌یە سکچوونە • شیری تۆزو ئاوی تەزی‌و چای بەڕەنگ‌و شیرینیان دەدایە • ماڵی تەرجومانەکەم لە سلێمانی منداڵێکیان نەخۆش کەوت ، بردیانە نەخۆشخانە ، لەوێ دختۆر تەماشای کرد ، بەڵام دایکی منداڵەکە قایل نەبوو لە نەخۆشخانە بیخەوێنێ • ڕۆژەکانی پاشتر سستەرێك دەهات شریقەی ئالۆزبوونی گەدەی لێ‌دەدا ، پارێزیشی بۆ داناو پێی گوتن کە چ خواردنێکی بدەنێ‌و (بە تایبەتیش چی نەدەنێ) ، بەڵام پارێزیان ڕانەگرت‌و بە قسەیان نەکرد • پاشان بۆ ئەوەی ئەم کۆرپەیە لە چنگی مردن ڕزگار بکەن ناردیانە شوێن ئافرەتێکی منداڵ‌لەبەر ، ژنە هات‌و شیری دایە منداڵە نەساغەکە • ئەو شەوەی کە دوا شەوی منداڵەکە بوو یەکێکیان ناردە لای ئەو ژنەو هەندێ شیری لەکن هێنا • تەرجومانەکەم بۆی باس کردم کە ئەو دایکە وەختی خۆیشی شیری تێدا نەبوە بیداتە منداڵەکەی پێشوو کە ئەو کاتەی من لەوێ بووم تەمەنی سێ ساڵ بوو • تەرجومانەکەم بە زەردێنە هێلکەی خاو ئەو زڕخوشکە بچووکەی پێ‌گەیاندبوو • لەبەر ئەوەی منداڵ زۆر دەمرن ، تا وایان لێ‌نەیە لەگەڵ گەوران نان بخۆن ژیانیان مسۆگەر نابێ • کورد مردنی منداڵ دەدەنە پاڵ قەزاو قەدەر [٥٩] •

لەبەر ئەوەی ئیسلام ڕێ نادا بەری منداڵبوون بگیرێ ، تا ماوەی شیردان بە بەریەوە هەبێ ئافرەت هەر سك‌و زا دەکا • بۆ نموونە ، دایکە (٥٥) ساڵی‌یەکەی تەرجومانەکەم (١٢) سکی کردبوو و هەندێکیشی لەبار چووبوو • ئەمانەش زۆریان بە ساوایی مردبوون‌و ئەو کاتەی من لەوێ

---

(٥٩) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٢٨٤ •

بووم تەنیا سێ مابوون : کوڕێکی ٢٦ساڵی‌و دوو کچ : کچێکی ٢٥ ساڵی (تەرجومانەکەم)و کچێکی ٢٣ ساڵی • ژنەکەی‌تریش کە تەرجومانەکەم پێی دەگوت (باوەژن) تەمەنی (٣٣) ساڵ بوو ، پازدە سکی کردبوو • نۆیان مابوون • پێنجیان کچ بوون (١٩ ، ١٧ ، ١٦ ، ١٥، ٣) ساڵی بوون‌و چواریان کوڕ بوون (١٣ ، ٨ ، ٦) ساڵی‌و یەکێکی چوار مانگان •

بلاکمان دەگێڕێتەوە ، دەڵێ لە هەندێ ناوچەی میسردا کە ئافرەت شیر دەداتە منداڵی نابێ مێردەکەی بۆن‌و بەرامە بەکار بێنێ ئەگینا منداڵەکە بۆنی لێ‌دەداو هەموو لەشی دەبێتە زیپکە (٦٠) • کە لە ماڵی تەرجومانەکەم بووم ، منداڵێکیان نەخۆش کەوتبوو ، جارێکیان کە خۆم ڕێك‌دەخست ، بۆنێکم لەخۆمدا ، بۆنەکە زۆر توندیش نەبوو بەلاّم گوتیان منداڵەکە پێ خراپتر بوە چونکە لەیەك ژووردا بووین •

«کوڕ» زۆر لە «کچ» خۆشەویستترە • محەمەد کە ڕەوشتی کۆنی زیندەبەچاڵ‌کردنی کچانی لای عارەبان قەدەغە کرد ، زۆر جار لە قورعاندا باس دەکا کە نێرینە زۆر لە مێینە ئازیزترە (٦١) •

لە کوردستاندا ئەگەر کابرایەك هەر کچی ببێ لەوانەیە بە تیخ‌تیخەی دراوسێکانی هەوڵ بدا ژنێکی‌تر بێنێ (٦٢) بۆ ئەوەی کوڕی لێ ببێ • زۆر جار بۆ ئەوەی منداڵی نێرینە لە چاوی پیس بپارێزن بەرگی کچانی دەکەنە

---

(٦٠) بلاکمان ١٩٢٧ ، ٥٩ .
ـ ب : دیکسۆن ١٩٥١ ، ٥١١ .

(٦١) سوورەتی ١٦ ، ئایەتی ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٩ . [خاتو هێنی لە مانای ئەو ئایەتانە نەگەیشتووە بۆیە وا دەڵێ . خودا لەو ئایەتانەدا باسی بت‌پەرستەکانی عەرەب دەکا کەپێیان ناخۆش بووە کچیان ببێ‌و لەسەر ئەو هەڵوێستەیان بەدناوو ڕسوایان دەکا ـ و ] .

(٦٢) ب : وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٢٨٤ .

(م – ١٦)

بەرو [٦٣] نووشتەی سێ سووچی لە بەرگ دەدوورن‌و لەپکەو موورو لە پرچی سەری قایم دەکەن‌و بازیبەندی لە قۆڵ دەبەستن • لەپکەو مووروەکان ڕەنگیان شینە • گوایە ڕەنگی شین بۆ چاوو زار باشە (بڕوانە : حەتۆتە) •

**خەتەنـە :**

خەتەنە دەستوورێکی کۆنی عارەبی‌یەو لە ئیسلامەتی‌دا ماوەتەوە بەڵام ڕاستەوخۆ لە قورعان باسی نەکراوە • بە قسەی جوینبۆل [٦٤] کوڕ لە ڕۆژی حەفتەم یان چلەم یان کە دەگاتە حەفت ساڵی یان ئەو وەختەی شەیتـانی پێ پێ‌دەکەنێ ، خەتەنە دەکرێ • بە گوێرەی قسەی یۆستروپ [٦٥] کوڕ لـە ڕۆژی هەشتەمی تەمەنی ئاهەنگی ناونانی بۆ دەکرێ‌و سوننەتیش دەکرێ • بەش بە حاڵی منداڵی کورد ، لە دەوروبەری پێنج ڕۆژی‌دا خەتەنە دەکرێ [٦٦] •

**ئاهەنـگی ناونـان :**

دەیانگوت لە کوردستانی خوارووداً ، لە ڕۆژی حەفتـەمی تەمـەنی منداڵەکەوە ، ئاهەنگی ناونانی بۆ دەکرێ • بە گوێرەی قسەی تەرجومانەکەم «مەلا»یەك بە چوارمەشقی دادەنیشێ‌و کورپەکە لەسەر ڕانی خۆی دادەنێ‌و حەفت جار دەچرپێنێتە گوێی «ناوم نای (•••) ، کوڕی (کچی) حەوا » •

نموونەی ناوی کوڕان ئەمانەن : عارف ، حامید ، جەعفەر ، کەریـم ، کەمال ، مەحموود ، مەجید ، محەمەد ، قاسم ، سەعید ، سەردار ، واحید ، وەلیـد •

---

(٦٣) ب : ڕاپۆرتی تری وا دەربارەی باکووری هێند لەلایەن وودسمۆلـەوە ١٩٣٦ ، ٢٧٧ ، هەروەها لەبارەی میسرەوە لەلایەن بلاکمان ١٩١٧ ، ٨١ .

(٦٤) جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦١ ود .
— فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٣٣ دەڵێ لوڕ کوڕو کچیـان خەتەنـە دەکـەن . کوردەکانی عێراق باسی خەتەنەی کچیان نەدەکرد .

(٦٥) یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٣١٩ .

(٦٦) کەم وا دەبێ ، منداڵی کورد لەم تەمەنە سوننەت بکرێ . سـوننەتکردن لە ساڵەوەختی‌یەوە تا حەفت ساڵی هەیە — و .

نموونەی ناوی کچان ئەمانەن : ئاجە ، عەتیە ، گوڵە ، مەلیحە ، ناهید، ناهیدە ، سەبیحە •

بە گوێرەی ڕەوشتی ڕۆژهەڵات کورد لەقەبیان نییە (٦٧) ، بەڵام وا دەبێ ناوی پیاوان لەقەبی شێخو سەیدی بێتە سەر (٦٨) • ئەو خانەخوێیەی لە تۆپزاوە لەماڵیان بووم ژنەکەیو هەموو خەڵکەکە پێیان دەگوت « شێخ » تەیفوور • بە پێی ئاگاداری من بە دەرەبەگە خاوەن دێکانیان دەگوت (شێخ) • بۆ نموونە ، شێخ تەیفوور هەبوو • ئەویش برایەکی هەبوو پێیان دەگوت «مامە خەلە» بەڵام ناوی ڕاستەقینەی خۆی عبدالقادر شێخ عارف بوو ، سەرکاری گوندی تۆپزاوەو ڕەکاوە بوو • برایەکی تریشیان هەبوو ناوی کاکە ڕەزا یان شێخ ڕەزا بوو ، گوندی سەرگەڵووی هەبوو • هەروەها بە کوڕە گەورەی شێخ تەیفووریشیان دەگوت شێخ سەردار • بەم جۆرە دەبینین ووشەی «شێخ» لەقەبی نەوەکانی پێغەمبەر نییە وەك بارتو (٦٩) لیس (٧٠) بۆی چوون • ئەم دوو زاتە لەقەبی شێخو سەیدیان

---

(٦٧) ب : نیبوهر ١٧٧٨ ، ٣٠٩ ، پەراوێز •
[ کورد لەقەبیان هەیەو لەقەب بە زۆری ڕەنگدانەوەی باری ڕەوشتی کەسێتیو گوزەرانی کۆمەڵایەتی کابرا پێشان دەدا . بە زۆریش هەر لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیان خەڵك لەقەبەکە دەقەبەر کابرا دەکەن وەکو: عەولا شەل ، سمایل بێسەحەت ، عەزە گورگە ، عەولا تورگە ، سمایل سێلێو ، عەلی ماستاو ، مەولوودە کەڕ . باسی لەقەبو ناوو ناتۆرەی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی دەوێ ـ و ] .

(٦٨) لەقەبی شێخو سەیدو فەقێو مەلاو حاجیو خەلیفەو سۆفیو دەرویشو پاشاو کوێخاو ئاغا زۆر جار دەدرێتە پاڵ پیاوان وەك : شێخ تەیفوور ، سەید حوسێن ، فەقێ سمایل ، مەلا عوسمان ، حاجی کەدین ، خەلیفە عوسمان ، سۆفی عوتیل ، دەرویش نادر ، سمایل پاشا ، کوێخا حەسەن، عوسماناغا ـ و .

(٦٩) بارت ١٩٣٥ ، ٦٢ پەراوێزی ١ ، ـ ٨٣ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٩ ، ٩١ ، ٩٢ .

(٧٠) لیس ١٩٢٨ ، ٢٥٤ .

لێ تێکەڵ بوە • هەستم کرد لە کوردستان ووشەی (شێخ) بە مانای ئەندامی بەرەبابی دەسەڵاتداری خێل دێو (٧١) وەکو لیچ دەڵێ : «بۆی هەیە وەکو هەر ناوێکی‌تر لە هەر کەسێکی بنێن» (٧٢) • بەش بە حاڵی ئەو خەڵـکەی من لەناویان بووم لەقەبی (شێخ) هیچ هێزو توانایەکی ئایینی یان ناوبانگێکی پیرۆزی پێوە نەبوو (٧٣) •

شتی زیادەکی وەك (باوکی ــ ابو ، بەندەی ــ عبد ، کوڕی ــ ابـن‌و شتی وا ) (٧٤) کە لە عارەبستان‌و ئێران (٧٥) هەیە ، لەناو کوردان بەکار نایە•

بە ئافرەتانیان دەگوت «خاتوو»(٧٦) • (بە منیان دەگوت خاتوو هێنی

---

(٧١) ب : ئەدمۆنز ١٩٣٥ ، ١١٤ •
ــ های ١٩٢١ ، ٣٨ •
ــ لیچ ١٩٤٠ ، ٣ •

(٧٢) لیچ ١٩٤٠ ، ٣ •

(٧٣) بلاکمان ١٩٢٧ ، ٢٤٠ •
ــ بورتـۆن ١٩٤٤ ، ٧٢ •
ــ ئەدمـۆنز ١٩٣٥ ، ١١٤ •
ــ هـاملتن ١٩٤٧ ، ٨٠ •
[ ڕاستە لە هەندێ شوێن‌دا (شێخ) هیچ پەیوەندی بە چەمکی ئایینی‌یەوە نی‌یە . وەکو بەگ‌و ئاغاو میر وایە . بەڵام لە ناوچەکانی‌تر شێخ دەورو دەسەڵاتێکی ئایینی زۆری هەیە . شێخ بە دووگردو تەقواو خواپەرستی پێ‌دەگا . هەر شێخێك چەند خەلیفەیـەك‌و ژمارەیـەکی زۆر مریـدی هەیـە ــ و ] •

(٧٤) ابو ، عبد ، ابن : تایبەتین بە عارەب . وەکو :
ابو : ابو حسین ، ابو علی ، ابو جـاسم ، ابو خلیـل ، ابو احمـد ، ابو محمود ...
عبد : عبدالله ، عبدالعزیز ، عبدالجبار ، عبدالرحمان ... تەنانەت : عبدالحسین ، عبدالرسول ــ و •

(٧٥) فیلیپ ١٩٥١ ، ٧ ود •

(٧٦) ابن : ابن العمده ، ابن رشیق ، ابن خلکان ، ابن المستوفی ، ابن بطوطه.. =

نەك خاتوو هانسن ) • سەرباری ئەمەش ، شتێکی تایبەتی‌یە بە کوردان کە لەقەبی «خان»ی پیاوان دەدەنە ئافرەتی کۆکو بەناوبانگ [٧٧] • تەرجومانەکەم کە باسی خوشکە سێ ساڵانەکەی دەکردو ناوی دەهێنا دەیگوت بێلا خان ، بە ژنی شێخ تەیفووری دەگوت نەعیمە خان ، بە خۆیشیان دەگوت حەلیمە خان •

**شی‌کردنەوەی شوێنی منداڵان :**

ئیسلام بە پێچەوانەی گاورایەتی هیچ شوێن‌و بایەخێك بە کۆرپەو منداڵی ساوا نادا • ئەو حەلە دان پێدا دەنێ منداڵ ئەندامێکی کۆمەڵە کە منداڵەکە تەمەنی دەگاتە ٦ ــ ٧ ساڵی‌و لە حوجرە دەچێتە بەر قورعان خوێندن‌و فەرزی ڕۆژانەی ئایینی بەجێ دێنێ [٧٨] • لە لایەکی تریشەوە ، هەر وەکو خۆم لە کوردستانی خوارووودا دیم ، منداڵ بەو پێیەی کە ئەندامێکی کۆمەڵە ، لە ماڵەوە شوێن‌و پایەی لە منداڵی ئێمە گەورەترە • دەوری منداڵی لە دەورو سەردەمی گەورایەتی نەپچڕاوە بگرە هەمووی

---

لەقەبن . خاتوو پێش ناو دێ ، وەکو : خاتوو هێنی ، خاتوو حەلیمە، خاتوو خانزاد . لەقەبی خان دوای ناو دێ ، وەکو : نەعیمە خان ، فاتمە خان ، ئایشە خان ، حەپسە خان . لەقەبی خاتوون بە تەنیا دێ . کە قسە لەگەڵ یەکێ دەکەن دەڵێن خاتوون ... بۆی هەیە خاتوون لە پێش ناوەوە بێ ئەو حەلە دەبێتە خاتوونە : خاتوونە خانزاد ، خاتوونە مێرەم، خاتوونە ستی .

لەقەبی خان ئەگەر بە تەنێ بێ‌و چ ناوی لە دواوە نەیە دەبێتە (خانم) هەروەکو لەقەبی (بەگ)ی پیاوان بۆ ناوی ئافرەتان دەبێ بە (بەگم) ــ و .

(٧٧) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٨٣ ، پەراوێزی ١ : «کچێ لە بنەماڵەیەکی خانەدان بێ دوای ناوەکەی لەقەبی (خان)ی پیاوانی دەدەنێ بەڵام کە ناوی نەهێنن هەر بە (خانم) بانگی دەکەن » .
ــ ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .
ــ سۆن ١٩٢٦ ، ٢٨٧ .

(٧٨) ب : بووسکێت ١٩٥٣ ، ١٩ ود .

خۆئامادەکردنە بۆ سەردەمی گەورایەتی (٧٩) •

بە ڕۆژ ، کە منداڵ واگا دێ ، دایکی یان هەر ئافرەتێکی تری ماڵەوە لە باوەشی دەکاو بە دەم ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوە لە دوو خۆی دەگێڕێو ئەویش ئەم شوێنانەی بۆ دەبێتە (باخچەی ساوایان) •

نەبوو منداڵ یاری بکا• ڕاستی لەیستۆکو بووکە شووشە هەر نەبوو* •
لە جۆری پەروەردەی ڕۆژاوای لای خۆمانەوە ، بە تایبەتی پاش داهاتنی (سەدەی منداڵ) ، ئێمە هەمیشە شتی گەوران بۆ گچکان دەکڕینو پێمان گرنگە کە تەمەنی یاریکردنی منداڵان بە بووکەشووشەو شیردانو شتی وا ناشێوێنین • کۆمەڵی کوردەواری وا هەڵکەوتوە کە شوێنی منداڵی تێدا دیارە ، منداڵ لە زۆر قۆناغی ژیانی جێگای خۆی لە دەسەڵاتی خێزانەکە هەیە • منداڵ زۆر باش بۆ ئەوە پەروەردە دەکرێ کە بتوانێ دوا ڕۆژ ئەرکی سەرشانی ڕاپەڕێنێو هەست بکا چ پایەو شوێنێکی هەیەو چی لێڕەچاو دەکرێ • هەر بۆیەشە کە بێ ئەوەی بە گۆڕانێکی کتوپڕی بزانێ زۆر بە هێمنو ئاسایی دەخزێتە دونیای پیاوانەوە •

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ڕێزی میوان دەگرن • ئەم ڕێزگرتنە لەناو ئەندامەکانی خێزانیش هەیە • هەڵبەت ئەم ڕێزگرتنە منداڵانیش دەگرێتەوە بەڵام ڕێگای هەراو زەنای منداڵانەیان لێناگرێ••• ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان زۆر زۆر مەندو هێمنو سەنگینە • هەر کەسە عەوداڵی ئیشی خۆیەتیو کاروباری کۆمەڵایەتی زۆر بە خۆشی دەڕواو

(٧٩) ب : کابێری ١٩٣٩ ، ٧٢ لەبارەی نەتەوەکانی ئوسترالیاوە بە پێچەوانەی پێشۆپە ١٨٩١ ، ٢١٨ کە سۆزێکی قووڵ بەرامبەر منداڵی ئێرانی پێشان دەدا کە دەوری منداڵێتییان نییە .

* هەر لە کۆنەوە منداڵی کورد بووکۆکەو لەیستۆکی هەبوە ، بەڵام بووکۆکەو لەیستۆکی شارستانێتی نوێ نا ، بەڵکو هی خۆماڵی . بۆ کچی بچکۆلە بووکۆکەیان لە پەڕۆ دروست دەکردو ناویان بە قوماش یان پەمۆ یان شتی وا دەئاخنیو تەنانەت جلوبەرگیشیان بۆ دەکرد ــ و .

کارێکی هێمن‌و ناسك له منداڵان دەکا • ڕەنگه ئەم ڕەفتاره بەرزه هەر لایەنی دەرەوه بگرێتەوه ، بەڵام دەبێته هۆی مسۆگەرکردنی دونیایەکی خۆش‌و کەشێکی دڵگر لە ماڵەوه • شێوەی گفتوگۆیان زۆر هێواش‌و بە شێنەیی‌یه • ناو بە ناو وەستانی تێدایه • یۆستروپ گوتەنی ڕۆژهەڵاتی حەز ناکەن وەکو ئەوروپی‌یان به هەموو دەمێ هەر چەنه لێبدەن (٨٠) • باکیان پێ نی‌یه ئەگەر زۆریان منداڵ بێ چونکه منداڵ بەشداری کاروباری ناو ماڵ دەکات‌و ئەمەش دەرفەتێکی باشه بۆ ئەوەی هێزی زیادەی ناوەوەی پێ بەتاڵ بکات • زۆر ئیشی ماڵەوه هەیه لای ئێمه به ئاوی بۆری‌و گازو کەرەستەی تەکنیکی نوێ جێ به جێ دەبێ کەچی لای کوردان دەبێ مرۆ هەڵیسوورێنێ‌و له توانای منداڵانیش زیاتری ناوێ • زۆر ئیش هەیه ئێمه به کەمی دەزانین لەوێ گەنج دەیکەن • منداڵ خزمەتی گەوران دەکەن که شێوازی ژیانیان نەختێ بە ویقارو دەبدەبەیه • زانیم که زڕدایکێکی شەحتۆ زڕ کچێکی (١٢) ساڵی هەبوو زۆری دەڕەتاندو تا بڵێی لەگەڵی خراپ بوو • بەڵام ئەمەیان زیاتر ئەنجامی نەزانی بوو تا بەرگەگرتنی منداڵەکه ، ئەنجامی خەونی منداڵی بوو تا نیازی خراپ •

له کوردستانی خواروودا ، گەوره ژیانیان ناخۆش بوو جا چ جای منداڵ • وەکو کۆمەڵەکانی سەردەمی ناوەڕاست تەنیا ئەو منداڵەی بەهێزو پتەو بێ ئەو دەمێنێتەوەو پێڕادەگا • داوو دەرمانی پزیشکی کەمه ، کەم کەس شارەزای باری تەندروستی‌یه • له کوردستانی خواروودا سروشت سەخت‌و ناخۆش‌و دڵڕەقه بەڵام ئاوو هەوای له هی ئێمه فێنکتره • کەم وا دەبێ لەگەڵ منداڵان ڕەق‌و توندو تیژی بنوێنن ئەو پەڕی گەفیان لێدەکەن• منداڵ هەر به خۆڕسك حەزیان لێیه بەشداری ئیشی گەوران بکەن •

(٨٠) یۆستروب ، ٤٢ .

گەورە زۆر چاویان لە منداڵانە • بایی ئەوە ئیشیان پێدەسپێرن کە بە شانازی‌یەوە بیکەن • ئیدی کەم وا دەبێ لێیان ببێتە دەمەقاڵێو شتی بچووك گەورە نائەنو لێناگەڕێن بگاتە ڕادەی لێدانو سزاو جەزرەبەدان بەو پێیەی کە منداڵ لە دەرەوەی کۆمەڵی گەوراندان •

منداڵیان گوێ لە مستن • خۆیان لە شت هەڵناقوتێنن ، بە ئەدەبن ، ئیشکەرن • ئێواران مەگەر مەلۆتکە ئەگەرنا قەت منداڵ بە خورتی لەناو جێ ڕاناکەن • بەڵکو کەیو لە کوێ بۆیان ڕێك بکەوێ لەوێ دەنوون • ئافرەت کە دەچوونە میوانداری منداڵیان لەگەڵ خۆیان دەبردو سەر لە ئێوارێ زوو منداڵەکان خەویان لێ دەکەوتو کە دەگەڕانەوە دایکە منداڵەکەی لە هامێزی دەکرد یان دەیخستە سەر باسکی یان لە پشتی دەکردو دەیهێنایەوە ماڵێ • منداڵ کە شەکەت دەبوون لەسەر زەوی ڕادەکشانو هەر چی بکەوتایە بەر دەست پێیاندا دەدان • بە زۆریش بەرماڵی نوێژیان پێدادەدان ، پاشان کە گەورەکان جێیان ڕادەخست منداڵەکانیان دەبردە سەر نوینو شەو لەوێ دەنووستن • هەموو لە هەموو زوو لەخەو ڕادەبن بەڵام منداڵ ئەو وەختە لەخەو هەڵدەستێ کە خەبەری دەکەنەوە • جل گۆڕینی شەو چۆن لەناو گەوران نەبوو لە ناو زارۆکانیش نەبوو • هەروەها دەموچاو شووشتنی سبەینەو ئێواران • بە ڕۆژ ، ئەگەر منداڵێك دژوون بوایە دەیانگرت جلکیان لەبەر دادەکەندو سەریان دەشووشت • هەر کاتێ ئاوی گەرم لە ماڵێ زیاد بوایە سەری منداڵانیان پێدەشووشت •

لەبەر ئەوەی کە منداڵ بە هەموو دەمێ لەناو گەورانن لە هەموو مەسەلەو پەیوەندی‌یەکی جنسی دەگەنو فێری دەبنو شارەزای هەموو بارێکی ژیان دەبن • لەبارەی بارو دۆخی عارەبەکانی میسر [٨١] لێن نزیکەی

---

(٨١) لێن ١٩٤٤ ، ٥٦ •

سەد ساڵ پێش ئێستا گوتوویەتی : منداڵیان زۆر چاك پەروەردە دەكەن و نازیان ڕادەگرن • منداڵیش زۆر ڕێزی دایك و باوكیان دەگرن • هەروەها گوتوویەتی : ئەگەر منداڵ لە قسەی دایك و باوكی دەربچێ و بە گوێیان نەكا ئەمە یەكێكە لە تاوانە هەرە گەورەكان •

بۆ ئەوەی كۆتایی بە باسی ژیانی منداڵی كورد بێنین كە بە شێوەیەكی گشتی وەكو ئەوە وایە كە لێن دەرهەق میسر باسی دەكا ، پێویستە هەندێ نموونە لەو منداڵانە بێنینەوە كە تەنگ و چەلەمەی ناتەبایی‌یان هەبوو • ئەمەش زیاتر ئەوەمان لا ڕون دەكاتەوە كە بۆچی دەوری هەرزەكاری لای منداڵی كورد مەندو بێ ئاژاوەیە • لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا كوڕە بچووكەكەی شێخ تەیفوور كە تەمەنی شەش ساڵ بوو زۆر لەگەڵ باڵندەی بچكۆلە خراپ بوو ، دەیگرتن و لە گیرفانی خۆی دەنان • گاڵتەی بە كارژۆڵان دەكرد ، بە دڵڕەقی لەگەڵ كەرەكەی دەجووڵایەوە ، هەر بۆی هەڵبكەوتایە تفیشكی لە ژووری ئازووقە دەدزی • سەیر لەوەدا بوو ، سەرباری ئەمەش باوكی زۆر بە نەرم و دڵنەوازی‌یەوە لەگەڵی دەجووڵایەوە • ئەم منداڵە كە پاشەبەرەی تیرەیان بوو ، دایكی وای دەویست هەر بە بچووكی بمێنێتەوە كەچی ئەو دەچوو ململانەی لەگەڵ برا گەورەكانی دەكرد كە یەكێ تەمەنی ١٣ ساڵ و ئەوەی‌تر تەمەنی ١٨ ساڵ بوو • دیار بوو ئەم منداڵە لەبەر نازگیران و بارو زروفی تایبەتی‌یەوە وای لێهاتبوو • جارێكیان، منداڵە جوتیار ڕاوی بێگانەیەكیان نابوو ، ویستبوویان كەرەستەی كامیرای لێ‌بڕفێنن ئەمەش بۆ ئەوە دەچێتەوە كە ترسیان لە بێگانان هەیە • ئەم ترسە لای گەورانیش هەبوو • پێش چەند ساڵی ئەندازیاری ئەوروپی هاتبوون نەخشەی ئاوبەستی دۆكان دابنێن دەیانگوت لەو تۆپزاوەی من لێ‌بووم و كرێكاریان بۆ ئیشی بیناسازی لێ‌دەبرد ، تەقەیان لێ‌كردبوون • جارێكیان ، لە شاخان ، لە نزیك كێڵگەیەكی لاپەڕ هەندێ منداڵی چەتوونم لێ‌ڕاست

هات • هەندێ کچ بەردەپلووکەیان تێ گرتمو کە ویستم لە گەلیەوە دەرباز بم هەندێ کوڕ کە بە خۆو بە کۆڵەگیاوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە ، هەڕەشەیان لێ کردمو بە داس لێیان دام •

لە مەڵبەندی شارستانیدا ، جارێکیان ژنی فەرمانبەرێکی بچووك لەگەڵ ئەو ژنەی مێردی بە موتەسەڕیفی عارەبی سلێمانی کردبوو چووبوونە سەیران • ئەم ژنە ترسابوو نەوەك منداڵەکانی لەگەڵ منداڵی موتەسەڕیف باش نەجووڵابنەوە ، شێتانە وەرگەڕابوە سەرو پۆتەڵاکی منداڵەکانی خۆی لێی دەدان ، ئەوانیش بەستەزمانان تاوانیان نەبوو • دەیانگوت هەر ئەو ژنە کە ژنێکی عولعولی بوو جارێکیتر ، لەبەر هەرچی بووبێ ، منداڵەکانی لە ژوورێك کردبوو و دەرگای خشت لەسەر کلیل دابوون •

منو تەرجومانەکەم ، لە تۆپزاوە زڕبرا (١٣) ساڵیەکەی تەرجومانەکەمان لەگەڵدا بوو ، کە دەچووینە گەشتو گەڕانیش لەگەڵمان دەهات • لەم ماوەیەدا هیچ گرفتێکی بۆ دروست نەکردین بگرە ئەوەندە لەگەڵمان تەباو تفاق بوو هەر ئەوەتە هەستمان دەکرد لەگەڵمان دایە • لە سلێمانی ، لە ماڵی قەوغەی تەرجومانەکەم ، جارێکیان دایکی تەرجومانەکەمم دی ، کە ژنە گەورەی ماڵێ بوو ، سەرەبزۆتێکی بە دەستەوە بوو ڕاوی دەنا لێی بدا • من وای بۆ چووم کە دایکە بە غەدر داوای لێ کردبوو شتێ بکاتو ئەویش نەیکردبوو • واتە دایکە خۆی تاوانبار بوو •

لە مەڵبەندێکیتری شارستانی ، مەڵبەندی تەواو نەخوێندەوار ، جارێکیان کچێکی نازدار بەڵام شپرزەم بینی • ماڵەکە دوو کچیان هەبوو ، ئەمە کچە گەورەیان بوو • ماڵەکە دوو کچیتریشیان مردبوو • دایکیان شلەژانو شپرزەیی پێوە دیار بوو چونکە مێردەکەی بە فیکەی جیرانانو بە ئارەزووی خۆیشی چوبوە داخوازی زۆر کچو دەیەویست ژنێکیتر بێنی بۆ ئەوەی بەڵکو کوڕێکی لێ ببێ ، چونکە ژنەکەی کوڕی نەدەبوو •

شپرزەیی منداڵەکەش هەر هی دایکی بوو لێی بەدەرکەوتبوو • بەلای منەوە ئەم نموونەیە شاز بوو لەناو ئەو منداڵە کوردانەی من خۆم لەگەڵیان ژیاوم •

★ ★ ★

بە هۆی لێکۆڵینەوەی چالاکیی منداڵ لە ماڵەوەو لە دەرەوە ، لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتانی کوردستانی خواروو ، هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێك لەبارەی دەوری هەرزەکاریو چۆنیەتی پێگەیاندنی منداڵان دەربڕین •

کچی ساوای دەرەبەگایەتی دێ بە پێی تەمەنو تواناوە لە کاروباری ماڵەوە بەشداری ئافرەتان دەکەن •

لە تەمەنی سێ ساڵییەوە هەویر لەگەڵ ژنان پان دەکەنەوەو نانیان لەگەڵ دەکەن • کە لە حەوشە بزن دەدۆشن سەری بزن بۆ ژنان دەگرن • کە گەورەکان نان دەخۆن مێشیان لێ پاس دەکەنو کە دەستیان دەشۆن ئاویان بە دەستدا دەکەن (ئەوەی دەستی دەشوا لەسەر چینچکان دادەنیشێ منداڵێك بە مەسینە ئاوی بە دەستدا دەکا ) • سەماوەر بە خەڵووز دەجۆشێنن‌و هیربار لەگەڵ ژنان دەشۆن‌و چا دەگێڕن • چونکە ڕەوشت وایە کە دەبێ منداڵێك ، ئەگەر چ منداڵ نەبوو سادەترین کەسی ئەوێ ، پیاڵەی چا لەلای سەماوەرەوە بباو یەك یەك لە پێش خەڵکەکەی دابنێو کە پیاڵەکان بەتاڵ بوون بۆشەکان بباتەوە • کچ زۆر بە چاکیو بە جوانی ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنن کەمیش شانازییان پێ نایە کە هەست دەکەن گەیشتوونەتە ئەو تەمەنەی فەرمانیان پێ بسپێردرێ • کچ چاویان لە خوشكو برای بچووکیان دەبێ ، خواردنیان دەدەنێو لە پشتیان دەکەنو دەیانبەنە دەرەوە• کچ ناچنە قوتابخانە • «مەلا»یەك پێی گوتم گوایە کچی خۆی لەگەڵ کوران دەنێرێتە قوتابخانەی گوندی (بەڵخە) کە هەر خۆیشی دەرزی تێدا

دەگوتەوە ، بەلاّم ئەمە شاز بوو [٨٢] •

کچی بچووکی دەرەبەگایــەتی دێ کە گەورە دەبێ تــەواو کارزانو شارەزای ئەرکی دوارۆژی خۆی دەبێ • ئیش‌وکاری ناومال باش دەزانێ ، مندال باش بەخێو دەکا ، ڕەفتاری جوانە •

لە مالی شێخ تەیفوور ، لە تۆپزاوە ، زۆربەی ئیشی مال کچێکی (١٧) سالی دەیکرد • بۆ نموونە ، ئەگەر دایکی بیویستایە خۆی لە « حەمـــام » بشوا ، ئەو بەدەم میوانانەوە دەچوو • دەیانگوت تا کوڕێك (کە گەورەکەیان ١٨ سالاّن بوو) ژن نەهێنێ‌و بە خۆو بە ژنەوە نەیەتەوە ناو مالێ ، دایکی لێ ناگەڕێ ئەو کچەی بە مێرد بدرێ کە هەموو ئیشی مالی هەلدەسووڕاند •

لە مەلبەندی دەرەبەگایەتی دێدا ، کوڕ دەچنە قوتابخانە • کوڕەکانی شێخ تەیفووری تۆپزاوە کە دەگەیشتنە تەمەنێکی تایبەتی دەیانناردنە مـــالە خزمان لە کەرکووك‌و سلێمانی بۆ ئەوەی لە قوتابخانە بخوێنن [٨٣] • جا ئەو سالەی لە مەلبەندی دێ دادەبڕان تەنیا بۆ پشووی هاوین دەهاتنەوە دێ • کە دەهاتنەوە هەر لەناو زەلامان بوون ، واتە زۆربەی وەخـــت لــە دەرەوە بوون‌و لەگەل هاوزێی خۆیان دەگەڕان • شەو لەسەر قەرەوێلەی ئاســـن دەنووستن‌و سبەینان چێشتەخەویان دەکرد • کوڕەکان تەنیا ئەو کاتــە بــە ناچاری لە مال دەمانەوە کە میوانێکی زەلام دەهاتە دیوەخـــان • دەبوایـــە

(٨٢) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٥١ باس دەکا کە یەکەم جار قوتابخانەی تێکەلەی کوڕو کچ سالی ١٩٥٥ بۆ نموونە کرایەوە . بەلاّم (٣٣) سال پێشتر کـــە هێشتا قوتابخانەی کچانیش نەبوو باوکە ڕوناکبیرەکان کچەکانی خۆیان تا تەمەنی ١٢ـ١٣ سالی دەناردە قوتابخانەی کوڕان .

(٨٣) کچ‌و کوڕ دەتوانن لە زانکۆی ئەمەریکایی لە بیروت هێشتا بخوێنن . ئەم زانکۆیە تا سی‌یەکانیش زانکۆی ئەوانە بوو کـــە بە عارەبی داخڤن . ب : وودسمۆل ١٩٣٦ ، ١٤١ .

خزمەتی بکەن‌و ئەو نان‌و چایەی ژن لە ماڵەوە ئامادەیان دەکرد، بیبەن لەبەری دابنێن •

لەم دوو کوڕە ، گەورەکەیان کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو لەگەڵ ئەندازیارە ئەورووپی‌یەکان لە هەواری ئاوبەستی دۆکان ئیشی دەکردو ڕەوشت‌و ڕەفتاری لە ناخەوە هەڵتەکابوو و چاك بوونەوەی بۆ نەبوو • ئەم کوڕە لەبەر ئەوەی میرکوڕی دێ بوو هەموو بەیانیان بە سواری ئەسپ لە ماڵی شێخەوە بـۆی دەردەچوو کەچی کرێکارەکانی‌تری تۆپزاوەو ڕەکاوە لە گوندەوە بە پــێ دەچوونە هەواری ئاوبەستی دۆکان کە بەو گەرمای هاوینە نزیکەی سەعاتە ڕێیەك دەبوو• کە دەگەیشتنە ئەوێ کوڕەکەی شێخ لە کرێکارە کـوردە نەشارەزاکان بزر دەبوو • خۆی میکانیکێکی پیس‌و پڕتۆخ بوو • بـەڵام کە ئێواران سواری ئەسپ دەبوو و بە شـاخان هەڵدەگەڕاو بـەرەو مـاڵ دەبووەوە لە ناو هەموو کرێکارەکان دیار بوو • کە دەهاتەوە زڕخوشکە (١٢) ساڵی‌یەکەی ئەسپی لێ‌وەردەگرت ، زینی لێ‌دەکردەوە ، دەیبرد بەری دەدا ناو گیاوگۆڵ • پاشان دەچوو ئاوی بۆ زڕبرای دەهێنا بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوا ، ئەمە ئەگەر بهاتایە خۆی لە ماڵەوە لەسەر سەکۆی قوڕی بەردەرگای ژووری ناوەڕاست بشووشتایەو نەچووبوایە سەر حەوزەکەی ناو باخچە •

هەر چەندە ئەم کوڕە لەنـاو ئەورووپی‌یـەکان تاقمـە فەڕەنسی‌یەکەی خۆش‌دەویست‌و دوور بە دووریش چاوبازی لەگەڵ کچێکی ئینگلیز دەکرد بەڵام وورده وورده سەعاتی ئیشی کەم دەکردەوە چونکە هەمووی ئـەوە بوو پارەی وەردەگرت‌و پارەش لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا بە هیـچ ناچێ • هەر بە هیوا بوو بێگانە ڕووی بدەنێ‌و باوەشی بۆ بکەنەوە بـەڵام بێ‌هوودە بوو • ئەم کوڕە نموونەیەکی وا بوو نرخ‌و بەهای کۆنی دەقگرتووی لا نەمابوو ، هەمووی لەژێر کاریگەری ڕەوشتی ئەورووپی توابووەوە ، بەڵام هیچ نرخ‌و بەهایەکی‌تری نەهاتبووە جێ •

له مه‌ڵبه‌ندی ساکاری دێدا هه‌روه‌کو مه‌ڵبه‌ندی ده‌ره‌به‌گایه‌تی کـچ به‌شداری ئه‌رکی ماڵه‌وه ده‌که‌ن • ده‌چن له دووری ماڵان ئاو دێنن • بـۆ بێر ده‌چنه شاخان • کچی بچووك به ده‌وام کچی بچووکتریان به کۆڵـه‌وه بوو ، چی‌یان بویستایه بۆیان ده‌کردن • که ناچار بوونایه خۆیان له ده‌م جۆگا ده‌شووشت • کچ هیچ شتێ له باره‌ی قوتابخانه‌وه نازانن به‌ڵام که گه‌وره‌بوون ته‌واو شاره‌زای ئه‌رکی دوارۆژی خۆیان ده‌بن ئـه‌و کاتـه‌ی مێرد ده‌که‌ن‌و منداڵیان ده‌بێ • کوڕه‌کانی مه‌ڵبه‌ندی جوتیارانیش قوتابخانه‌یـان نی‌یـه • زیاتر به کشت‌و کاڵه‌وه خه‌ریکن ، ده‌چنه به‌ر مه‌ڕو بزن • به داس‌و ته‌لیس گیا له شاخان دێنن • به‌شداری ئیش‌و کاری زه‌وی‌و زارو کرت‌وکێڵ ده‌که‌ن • جوت به هه‌وجاڕ ده‌که‌ن که لێك ده‌کرێته‌وه‌و له زه‌وی‌یه‌که‌وه بۆ زه‌وی‌یه‌کی‌ترو له خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه ده‌گوازرێته‌وه • کوڕ که ئاوها به‌شداری کاروباری کشت‌وکاڵ ده‌که‌ن ، ئه‌وانیش وه‌کو کچان ، شاره‌زای ئه‌و ئیشانه ده‌بن که دوارۆژ دێتـه پێشیان •

له مه‌ڵبه‌ندی سێ‌یه‌م‌و چواره‌م که مه‌ڵبه‌ندی خوێنده‌وارو نه‌خوێنده‌واری شاره • چوونه قوتابخانه بۆ کوڕو کچ عاده‌ته • له کوردسـتانی خوارووه‌دا سیسته‌می قوتابخانه بریتی‌یه له شه‌ش ساڵی سه‌ره‌تایی‌و پێنج ساڵی پـاش سه‌ره‌تایی • ئه‌م پێنج ساڵه ده‌بێته دوو قۆناغ • سێ سـاڵی ناوه‌ندی‌و دوو ساڵی ئاماده‌یی • پاشان ده‌چێته کۆلیژو ئه‌ویش چوار ساڵ داژوا • ته‌مه‌نی چوونه قوتابخانه حه‌فت ساڵی‌یه‌و له ١٩٤٠/ه‌وه هه‌ر کاتێ ڕێـك بـکه‌وێ قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی له ته‌مه‌نی شه‌ش ساڵی‌یه‌وه ئیجباری‌یه •

هه‌ندێ گوند قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی‌یان لێ‌بوو وه‌کو گوندی به‌ڵخه‌و سه‌رکان‌و سه‌رگه‌ڵوو ، به‌ڵام به هه‌موو مانایه‌که‌وه نه‌ء • تۆپزاوه‌و ڕه‌کاوه قوتابخانه‌یان لێ‌نه‌بوو • وا ده‌بێ حوجره‌ی قورعان خوێندن به مزگه‌فته‌وه

بێ وەکو گوندی سەرگەڵوو کە منداڵ تا دەگەیشتنە تەمەنی چوونە قوتابخانە لە حوجرە دەیانخوێند .

لە بارەی بارو دۆخی قوتابخانەوە دەبێ بگەڕێینەوە لای لۆنگریگ‌و ستۆکس (٨٤) . لێرەدا من باسی ڕەنگدانەوەی باری قوتابخانە دەکەم لەو ماڵانەی لێیان بووم‌و کاریگەری هەندێ ئەندامی خێزانەکان دەردەخەم کە فێری خوێندن‌و نووسین ببوون یان خەریك بوون خۆیان فێر دەکرد .

هەروەکو لۆنگریگ‌و ستۆکس باس دەکەن کتێبی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی‌و پاش سەرەتایی لە کۆمەڵێکی وەکو کۆمەڵی کورد جۆرە دابڕینێکی تێدایە (٨٥) . ئەگەر تەماشای جیاوازی کاریگەری قوتابخانەکانی ئەوروپاو ئەوانەی وولاتی کوردان بکەین دەبینین جیاوازی‌یەکە زۆر گەورەو زەقە .

ئەو کتێب‌و دەفتەرانەی کوڕە (١٣) ساڵی‌یەکەی شێخی تۆپزاوە لە پشووی هاوین هێنابوونیەوە ماڵ شتی تەواو غەریب‌و نارێك بوون لە ماڵ . جارێ هیچ شوێنێك نەبوو کتێبەکانی لێ دابنێ . تەنیا دەلاقەو دۆلاب هەبوو کە کەل‌وپەلی ماڵیان تێدا بوو و بۆ کتێب نەدەشیان . ئینجا هیچ مێزی نووسینیان نەبوو چونکە جۆری ژیانیان وایە هەموو ئیشێك هەر لەسەر زەوی دەکەن . سەرباری ئەمانەش کڕی‌و بێدەنگی‌یەکی وا نەبوو کە دەرفەت بۆ خوێندن‌و خوێندنەوە بهێڵێتەوە چونکە ماڵەکان نە جێگای زۆریان هەبوو بەش بکا نە شوێنی تایبەتیشیان هەبوو کە یەکێ بیەوێ بتوانێ خۆی لێ‌مات‌و گۆشەگیر بکا .

لە سلێمانی‌و لە ماڵی تەرجومانەکەم هەستم کرد کە ساڵی ١٩٥٧

---

(٨٤) لونگریگ‌و ستۆکس ١٩٥٨ ، ١٧٢ ود . : پەروەردە .
(٨٥) ب : لۆنگریگ‌و ستۆکس ١٩٥٨ ، ١٨٧ .

ئافرەتی کورد زۆر هەلی خوێندنو مەشقو ڕاهێنانی لەبەردەم والآ بـووە •
تەرجومانەکەم خـۆی لە بەغـدا لە کولـێژی پێگەیـاندنی مامۆستـایان
خوێندبووی(٨٦)• لە کاتی خوێندندا، لەوێ لە بەشی ناوخۆ بووبوو• لێرەدا
ئەگەر یەکێ بیویستایە لە قوتابخانەی سەرەتایی (٦) ساڵی گوندان دەرز
بڵێتەوە کە خەریك بوو تاكو تووك دەکرایەوە ، دوو ساڵی دەخوێندو ئەگەر
بیویستایە هەر لەم جۆرە قوتابخانەیە بەڵام لە شار دەرز بڵێتەوە دەبوایـە
سێ ساڵ بخوێنێ • تەرجومانەکەم سێ ساڵی خوێندبوو و ئەو کاتەی کە من
لە ماڵیان بووم مامۆستای قوتابخانەی گۆیژەی کچان بوو کە ساڵی ١٩٥٦
کرابووەوە • خوشکە (١٦) ساڵی‌یەکەی تەرجومـانەکەم لە پـۆلی سێ‌یەمی
ناوەندی بوو و لە ماتماتیك کەوتبوو ، دەبوایـە بخوێنێ بۆ ئەوەی پـاش
پشووی هاوین بچێتەوە تاقی‌کردنەوە تا پۆلی سێ‌یەم تەواو بکا • پێویستی‌ی
خوێندنی کچەو ئیش‌و کاری ڕۆژانەی ماڵەوە تەواو دژو پێچەوانە بوون •
کتێب‌و دەفتەرو گۆشەپێوو ڕاستەی لە دەلاقان کەوتبوون‌و لەگەڵ پیاڵەو
پەرداخ‌و دەرمان تێکەڵ ببون • خۆیشی دەچوو لە کوژی‌یەك لەسەر عەرد
دادەنیشت‌و بێ هوودە هەوڵی دەدا بیری لە بازنەو لاکێشەکان بخاتە کارو لە
ژمارەکان وورد بێتەوە • دواجار ماڵی بەجێ‌هێشت‌و کتێب‌و کەرەستـەی
ئەندازەی لەبن عەبا ناو ڕۆیشت چوە ماڵی خوشکی کە لە مێژ نەبوو مێردی
کردبوو و مێردەکەیشی نەختێ دوای گواسـتنەوەی بۆ ئیش‌کردن چوبوە
گوندان • ئەم هەموو بارە قورسەی ژیانی ڕۆژانە ، کە دوو ژنی نەخوێندەوار
لە ماڵێ هەبوون‌و هەموو خێزانەکە پێکەوە دەژیان ، ئیشی ئەو مندالآنـەی
زۆر شڕ کردبوو کە دەچوونە قوتابخانە • لە هەر شوێنێکی وەکو مەڵبەندی
شارستانی سلێمانی کە کچ دەچنە قوتابخانە ڕۆژێ چەند سەعاتێك لە ماڵەوە
دوور دەکەونەوە ، ئیدی لەو مەشق‌و ڕاهێنانە دەپچڕێن کە بۆ ئامادەبوون بۆ

---

(٨٦) بۆ زانیاری زیاتر ب : کۆنوای ١٩٢٧ ، ٣٣٤ ود .

ژیانی ژناتی‌و دایکێتی دوارۆژ پێیان دەکرێ • ئەگەر بێت‌و وەکو مـالی تەرجومانەکەم لە سلێمانی ، کچی پارچەلە بچنـە قوتابخـانەو کچی گەورە مامۆستا بن مەگەر کاتی پشوودان ئەگەرنا هەموو چێشت‌لێنـانو هیربـار شووشتن‌و ڕێژەوپێژەو هەموو پێویستی‌یەکی ئەو (١٤) سەر خێزانە دەکەوتە ملی دوو ژنە نەخوێنـدەوارەکە • سەرباری ئەمـە دەغـل شـووشتنەوەو نان‌کردنیش هەیە کە لە شارستانێتی ئێمەدا بە مەکینە دەکرێ •

ئەگەر ئەو کچە لە ماڵەوە نەبێ کە کاروباری ماڵ جێ‌بەجێ دەکا ئەوا ئەو ژنەی لە ماڵەوە دەمێنێتەوە کارێکی سەخت‌و قورسی دەکەوێتە ئەستۆ • بەم جۆرە ، ئەو دابەش‌کردنی کارەی ماڵ کە لە بەینی نەوەکان هەیەو بچووك خزمەتی گەورە دەکا ، تێك دەچێ‌و هەڵدەگەڕێتەوە • ئەو دەسەڵاتە پتەوەی خێزانیش کە لە گوندان ماوە دەتوێتەوە • منداڵ هـەر لە گچکەیی‌یـەوە دەچنە دوای ئیشی خۆیانەوەو بەرە بەرە کە گەورە دەبن ئەرکی سەرشانیان زیاد دەبێ • ڕژێمەکە وایە بچووك خزمەتی گەورە دەکات‌و کچ خزمـەتی کوڕ دەکات •

بیشۆپ [٨٧] دەڵێ جێی داخە کە منداڵی ئێرانی دەوری منداڵێتی‌یـان نی‌یە • لۆنگریك‌و ستۆکس[٨٨] باس‌دەکەن کە لە ئێران دەوری منـداڵێتی تەمەنێکی دیارو تایبەتی‌ی نی‌یە• مەسەلە ئەوەیە ئاخۆ بە گەورەی دادەنێن یان نا ؟ بەم جۆرە تا بتوانن ئەو ماوەیە کورت دەکەنەوە کە منداڵی پێدا دەڕوا تا دەگاتە ڕیزی گەورانو دەبێتە خاوەنی لێپرسینەوە •

بەلای منەوە ، شارستانێتی‌و جۆری قوتابخانەی لای خۆمان بارێـکی زۆر گرانتر دەخاتە سەر منداڵان تا ئەوەی کوردان • ئێمە لە کاتی ئیش‌و لـە کاتی بێ‌ئیشی‌دا منداڵ لە گەوران هەڵداوێرین بۆ ئەوەی بتوانن پاشان داوای

---

(٨٧) بیشۆپ ١٨٩١ ، ٢١٨ •
(٨٨) لۆنگریك‌و ستۆکس ١٩٥٨ ، ١٩٣ •

قوڕسی کۆمەڵی پیشەسازی بەجێ بێنن • ئەنجام ماڵ دەبێ بە ئێستــگەی خزمەتگوزاری‌و هەموو پێویستی‌یەکی منداڵی تێدا کۆ دەبێتەوە بۆ ئــەوەی منداڵ بتوانن بچنە قوتابخانەو وایان لێ‌بێ بتوانن ئەو خزمەتە بە باشی بکەن کە لی‌یان ڕەچاو دەکرێ • ماڵ ئەو شوێنە نی‌یە کە منــداڵی تێــدا ببێ بــە ئەندامی کۆمەڵێکی بچووك‌و ئەرك‌و شوێنی تایبەتی خۆی بناسێ‌و لە چوونە قوتابخانە زووترو چاکتر پێ‌بگات •

وا دیارە قوتابخانە لەناو کوردان دینداری وەلا دەنێ • دیار بوو لــە سلێمانی ئایین‌و داب‌و دەستووری ئایینی‌یان بەشتێکی مێژوویی دادەنــا • ئەو کوڕو کچانەی دەچوونە قوتابخانە هیچیان نوێژیان نەدەکرد • دیــارە داواکاری گرانی ئایینی ئیسلام لەگەڵ قوتابخانەدا دژە • بەڵام دەبێ چ شتێ هەبێ جێی ئایین بگرێتەوەو ئەو دڵنیایی‌یە قووڵە گیانی‌یەو ئەو مێشــك هێمنی‌یە مسۆگەر بکات کە من لای ئافرەتە لادێ‌یی‌یە نەخوێندەوارەکــان هەستم پێ دەکرد ؟

لە سلێمانی کوڕ هەر لە (٦ ــ ٧)ساڵی‌یەوە دەکەونە ناو ژیانی دەرەوەو سەرشەقام • گۆڕەپانی یاری‌کردن نی‌یە چونکە لایان وایە منداڵ نابێ وەختی خۆی بە یاری بکوژێ • بۆ ئەوەی هەقی خۆی بدەینە ژیانی دەرەوە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە زەلامیش هەر لە دەرەوەن کەچی ئــافرەت‌و منــداڵی سەرکەوبنکە لە ماڵەوە دەرناچن • کوڕو زەلام لــە کاتی ئیــش‌و لە کاتی بێ‌ئیشیش هەر لە دەرەوەن جا منداڵ لە دەرەوە شت لە زەلامان فێر دەبێ‌و پەروەردەی خۆی وەردەگرێ • بۆ ئەمەش دەبێ بگەڕێینەوە لای گریــکی کۆن ، لەوێ شتی وامان [٨٩] بەرچاو دەکەوێ کە چاکەو خراپەی ئەو جۆرە پەروەردەیە لێك جودا بکاتەوە •

قورعان لە سوورەتی (٤) ، ئایەتی (١)دا دەڵێ : «ووریای ئەرکی خۆتان

---

(٨٩) ب : یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٦٦ لەبارەی بارو دۆخی تورکانەوە .

| چالاکی | (١) دەرەبەگایەتی دێ | | (٢) جوتیاران | | (٣) مەڵبەندی خوێندەوار | | (٤) مەڵبەندی نەخوێندەوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ | کچ | کوڕ |
| ئیشی ماڵەوە | × | | × | | × | | × | |
| ئیشی دەرەوەی ماڵ | | | × | × | | | | |
| چوونە قوتابخانە | | × | | | × | × | × | × |
| ژیانی دەرەوەو شەقام | | × | | × | | × | | × |

شوێنی منداڵ لە ماڵەوەو لە دەرەوەی ماڵ .

### لێکدانەوەی خشتەکە :

لە هەر چوار مەڵبەندا کچ بە گوێرەی تەمەن هاوکاری ئیش‌و کاری ماڵەوە دەکەن‌و بەمەوەش کچ مەشقی ڕاپەڕاندنی چالاکی‌یـەکانی مـاڵ وەردەگرێ . کچی فراژی خوشك‌و برای بچووك بەخێو دەکاو بەمەوەش فێری بەخێوکردنی منداڵ دەبێ .

کچی مەڵبەندی ساکاری جوتیاران لە ئیشی دەرەوەی مـاڵ یـارمەتی ئافرەتی گەورە دەدات وەکو چوونە بێرو ئاوهێنان ...

کچی مەڵبەندی شار ، واتە مەڵبەندی خوێندەوارو نەخوێندەوار هەموو دەچنە قوتابخانـە .

مەشق‌و ڕاهێنانی کوڕان لە دەرەوەو سەرشەقامە . کوڕ لەگەڵ پیاوان دەچنە دەرەوە . لە مەڵبـەندی دێدا بەشـداری ئیشی کشت‌وکاڵ دەکەن . دەچنە بەر مەڕو بزن ، ئالیك پەیدا دەکەن .

لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا کوڕیان دەنێرنە کەرکووك‌و سلێمانی بۆ چوونە قوتابخانـە .

کوڕ لە هەر دوو مەڵبەندی خوێندەوارو نەخوێندەواری شار دەچنـە قوتابخانـە .

لە مەڵبەندی جوتیاران ئەگەر قوتابخانە لەدێدا هـەبێ‌و ڕێ لە ئیشی منداڵان نەگرێ کوڕ دەنێرنە قوتابخانە .

بن بەرامبەر بە خوا ٠٠٠و بەرامبەر بە سکان ٠٠٠»* مندالّ تا ڕادەیەکی زۆر ئەم فەرمانە بەجێ دێنن • بۆ ئەوەی پەیوەندی دایكو کوڕمان پتر بۆ ڕون بێتەوە دەڵێم جارێکیان گەنجێکی کوردم دی دایکی نەخۆشی کردبوە کۆڵو بە گرد هەڵدەگەڕا بۆ ئەوەی بیباتە نەخۆشخانە بچکۆلانەکەی هەواری ئاوبەستی دۆکان ، بێگومان ئەم جۆرە هەڵگرتنە زۆر لە سواری کەرو ئێستر خۆشتر بوو (٩٠) •

**ژنهێنان :**

قورعان دیاری کردوە کە پیاو چ ژنێکی پێدەشێو (٩١) چی پێ ناشێ• پیاو ئەمانەی پێناشێ : دایکی (یان هەر باوەژنێکی) ، کچی یان نەوەی ، خوشکی دایکی ، خوشکی باوکی ، خوشکی خۆی ، کچی برای ، خەسووی،

---

* ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس لە بارەی ئەم ئایەتەوە لە بەرگی دووەمی تەفسیری نامیدا (ل ٢٣٤ ــ ٢٣٥) دەڵێ :

«وە لە خودا بترسن لەبارەی حقووقی ناوتان : دەست درێژ مەکەن بە ناحەق بۆ حەقی کەس نە پیاو نە ژن ؛ چونکی ئێوە لە حقووقا وەکو یەك وەهانە. هەمووتان لە ئادەمو ئادەم لە گڵە . ئەو خودایە کە هەموو هۆشیاریێ دان ئەنێ بە وجوودیاو ئەڵێ هەیەو تەوانایە ، ئەو خودایە کە ئەوەندە گەورەیە لەلاتان یەکێکتان داوای شتێ بکا لە یەکێکتان بە هۆی ناوی ئەوەوە داوای ئەکا ، ئەڵێ : بۆ خاتری خوا ئەم شتەم بدەرێ . ئەو قسە بکە ئەوە مەکە ، بۆ خاتری خوا خزمەتم بکە ، ئازارم مەدە ... وە خۆتان بپارێزن لە بڕینی حقوقی میهرەبانی پێویست لەناو خزمانا ؛ چونکی بێجگە لەوە هەمووتان لەگەڵ هەموو کەسێکدا هاوڕشتەنو ئەڕۆنەوە سەر ئادەم لەگەڵ خزمەکانا نزیکترنو حقووق لەناوتانا زۆرە ، وە بڕینی ڕشتەی میهرەبانی خزمایەتی ئەبێ بە هۆی گەلێ ئازارو بێزاری تەنهاییو گشتی » ــ و .

(٩٠) لەبارەی بارو دۆخی ئێران ب : بیشۆب ١٨٩١ ، ٢١٨ :

« ... دایك کە دڵسۆزی کوڕەکەیەتی ، کە کوڕی گەورە بوو ئەو پاداشتەی دەداتەوە ، خۆشیو دڵنیایی دایکی بە ئەرکی خۆی دەزانێو ئارەزووی لە چی بێ بە دەستووری دادەنێ ، تا زۆریش دەکەوێتە ساڵانەوە ... » .

(٩١) سوورەتی ٤ ، ئایەتی ٢٢ ، ٢٣ .

زڕخوشکی • پێك نەشیان وەنەبێ تەنیا خزمی پشتو ئەو خزمـانە بگرێتەوە کە بە ژن تێکەڵ بووین • بگرە خزمی شیریش دەگرێتەوە کە وەکو خـزمی پشت وایە • پیاو دەتوانێ لە بنەماڵەی خۆیەوە ژن بێنـێ • لە خزمـەکانی ئەمانەی پێدەشێ : (٩٢) دۆتمامو کچە پوور ، کچی دۆتمامو کچی پوورزا ، واتە منداڵی مامو پوور ، منداڵی مامی باوك یان دایك ، پووری باوك یـان دایك (٩٣) • لە مانەی کە پێی دەشێ دۆتمام لە هەموویان پەسندترە • ئینجا کچە پوور • زاراوەی خزمەکان ئەمانەن : « ئامۆزا » کچی برای بـاوك ، «پوورزا» کچی خوشکی باوك ، «خاڵۆزا» کچی برای دایك ، «پوورزا» کچی خوشکی دایك •

لەو ماڵانەی لێیان بووم ، لە چینی بەرزی کۆمەڵی دێ دیم کوڕ کچی برای باوکی بێنێ • لیچو (٩٤) بارت (٩٥) دەڵێن کورد ئەم جۆرە ژنەیان بەلاوە پەسندە • لە ماڵی شێخ تەیفووری تۆپـزاوە ، ژنـەکە کچی برای بـاوکی مێردەکە بوو لە سەرگەڵوو • لە سەرکان ، شێخ سێ کوڕی بە ژنی هەبوو • لەمانە دوویان دوو خوشکیان هێنابوو کچی برای باوکی خۆیـان بوون • لیچ لای وایە کاربەدەستانی دێ هەروەکو (ژنهێنانی پادشاکانی ئەوڕوپای سەدەکانی ناوەڕاست) هەر (بە نیازو مەبەستی دۆستایەتی سیاسی‌یەوە) ژن

---

(٩٢) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٨ ود .
ـ ب : گرانڤیست ١٩٣٩ ، ٦٥ ود .
ـ ب : لین ١٩٤٤ ، ١٦١ ود .

(٩٣) ب : بارث ١٩٥٣ ، ١٣٧ .

(٩٤) لیچ ١٩٤٠ ، ٢٠ .

(٩٥) بارث ١٩٥٤ ، ١٧١ .

ـ دیکسۆن ١٩٥١ ، ١٤٠ ، ١٤٧ باس دەکا کە دۆتمام هێنان لەناو خێلە عارەبەکانی عێراقیش هەیە ، بلاکمان ١٩٢٧ ، ٣٨ دەڵێ لەناو جوتیارەکانی میسریش هەیە .

# زاراوەکانی خزمایەتی




[ بڕوانە : لیچ ١٩٤٠ ، ٦٣ - بارث ١٩٥٢ ، ٢١ ]

دێنن (٩٦) • من بە تاقیکردنەوەی خۆم شتی وام نەدی ، چونکە ئەوانـەی من دیمن بریتیبوو لە هێنانی کچی برای باوك کە لە ناوچە ئیسلامیەکاندا زۆر باوە •

دەیانگوت دوو بنەماڵە دەتوانن ژن بە ژنی بـکەن • تەرجومانەکەمو برای شێخ تەیفوور گوتیان ئەگەر یەکێ بچێتە داخوازی کچێـکو کچـە برایەکی گەورەی هەبێ داوا دەکەن کە ماڵی زاوا کچێك بدەنە کوڕەکەیان• کە لە کوڕە (١٨) ساڵیەکەی شێخی تۆپزاوەم پرسی گوتی ئەوەی لە چینی ئێمە بێ هەر کچێکی بیەوێ دەتوانێ بیهێنێ • بەلاَم وێ ناچێ قسەی ئـەو کوڕە جێی بڕوا بێ • جا دەمەوێ باسی باری ڕاستەقینەی ناوماڵەکانتـان بۆ بکەم • لە مەڵبەندی ساکاری دێدا (تۆپزاوە) سێ جار دیم ژنیان لـە سلێمانیەوە هێناو ژنەکان هەیبەتو گرانیەکیان بە گوندەکە دابوو • لـە لایەکی تریشەوە ، لە مەڵبەندی خوێندەواری شار زۆریان حەز دەکرد بـە ژنان لەگەڵ خێزانو بنەماڵەی ناسراوو خانەدان تێکەڵ بین •

**جیاوازی شوێنی ژنو پیاو لە کاتی ژن هێناندا :**

لە کوردستاندا ، ئەو بووکانەی من دیمن هیچێکیان وەکو بووکی لای خۆمان شادو خەندان نەبوون • لە کوردستاندا ، بووك یان ئەوەتە هەر هیچ بەسەرە خۆی ناهێنێ یان وا پێشان دەدا کە هیچ لە گۆڕێ نیە یان ئەوەتـە خۆی کزو کوێر دەکا • کاتێ کە جیازو تەدارەکیان بۆ خوشکی تەرجومانەکەم ڕێك خستو گواستیانەوە ، ڕۆژی پێش زەماوەندو گواستنەوە زۆر شڕو شپڕێو بوو • هیچ جیاوازیەکی وای پێوە دیار نەبوو • کە هۆی ئەمەم لە تەرجومانەکەم پرسی وەلاَمی دامەوە گوتی عادەت نیەبە بـووك بەشداری تەدارەك ڕێکخستن بکاتو شەنگو تاقەت لە خۆی ببڕێ • بێجگە لەمەش

(٩٦) لیچ ١٩٤٠ ، ٢١ •

بووك نابێ بە لە خۆ خەفتنەوە وا پێشان بدا کە حەزی لێ‌یە بە مێرد بچێ • گراڤیست کە لە زەماوەندو بووك‌گواستنەوەی فەلەستین دەکۆڵێتەوە باسی شتی وا دەکا کە لە کوردستانیش هەیە ، دەڵێ (٩٧) زاوا بە خۆو بە ماڵو خێزانو بە دۆستو برادەرانەوە هەموو شادو بەکەیفو بێ‌غەمن • ماڵی زاوا زەماوەند دەکەنو دەیکەنە بەزمو گۆوەندو هەرا کەچی بووك داخ بۆ چارەنووسی خۆی دەخوا ؛ ئەی لە ماڵە باوانی دەرناچێتو ئەو ماڵە یەکێکی لێ کەم نابێ ؟ بێجگە لەمەش گراڤیست دەڵێ جوان نی‌یە بووك بەکەیف بێ•

کاتێ کە بۆ برای تەرجومانەکەم چوونە داخوازیو باسی بەزمو زەماوەند کرا تەگبیریان کرد کە بەزمو ئاهەنگێکی خۆش بگێڕن • داوا لە دراوسێ‌کەیان بکەن بۆ ماوەی زەماوەند خانوەکەیان بۆ چۆڵ بکا ، خانوەکە حەوشەی گەورە بوو و کەوتبوە تەنیشت ماڵیان ، بۆ ئەوەی شایی لێ‌بکەن• پاشان نامەیەکم بۆ هات لە ٢٣ی ئابی ١٩٥٨ بۆم نووسرابوو ، لە نامەکەدا باسیان کردبوو کە لە دوو (٦٠٠) کەسیان گێڕاوەتەوەو لە بەیانی‌یەوە تا نیوەشەو شایی‌یان کردوە • کوڕەکە پێش ئەوەی ژن بێنێ تەنیا دۆشەگێکی هەبوو لە تەنیشت دۆشەگی ئەوانی‌تری ڕادەخستو لە پەنا ئاوێنەوەش دەلاقەیەکی هەبوو شتو مەکی خۆی لێ دادەنا • هەموو جارێ لە قوژبنێکی دیوەخانە خۆی دەگۆڕیو بێجامەکەی (کە بەرگی نووستنو کاتی بێ‌ئیشی بوو ) لەوێ فڕێ دەدایە سەر کورسی‌یەك • بە کورتی بڵێین پێش ژنهێنان هیچ ژووری تایبەتی خۆی نەبوو بەڵام کە ژنی هێنا لە سێ ژوورەکەی ماڵەوە ژوورێکیان بۆ خۆیو ژنەکەی بەتاڵ کرد • بەم جۆرە کوڕە بە خۆو بە ژنەوە شاییکی بچووكو سادەو سەرەتایی لەناو خێزانی خۆیانەوە پێکەوەنا — ئەمەش گۆڕانو پێشکەوتنێکی دیارو ئاشکرایە لە پایەو شوێنی کوڕ لە ماڵەوە •

---

(٩٧) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١١٨ .

**خوازبینیو ژنهێنـــان :**

« زۆر ماڵ هاتوونەتە خوازبینیم » ، ئەمە بوو وەڵامی تەرجومانەکەم ئەو کاتەی کە لێمپرسی داخۆ قەت دەرفەتی مێردکردنی بۆ نەڕەخساوە ؟ بـە جۆرێکیتر بڵێین شانازی بەوە دەکرد کە زۆر خێزانو بنەماڵە داوایان کردوە. لە ناوچەی ئیسلامەتیدا کە ژنو پیاو تەواو لێكدابڕاونو پیاو لە خزمە هەرە نزیکەکانی خۆی بترازێ کە پێی ناشێن چاوی بە هیچ ئافرەتێ ناکەوێ ، چوونە خوازبینی سەرەتاو ڕێخۆش‌کردنە بۆ ژن هێنان .

لە سلێمانی ، لە ماڵی تەرجومانەکەم زۆر لە نزیکەوە ئاگاداربووم کە بۆ گەنجەکەی ماڵەوە چوونە خوازبینی ئەو کچەی کە بە تەما بوون بـۆی بێنن . دەستپێشکەری لە گەنجەکە خۆیـەوە بوو . خـۆی مـامۆستای سەرەتایی بوو ، تەمەنی بیستو شەش ساڵ بوو و هێشتا لەناو ماڵدا بوو . دوای ئەوەی کە خوشکێکی بە مێرد چوو بە شێنەیی لەگەڵ خوشکیتری (تەرجومانی من)و باوەژنی کەوتە گفتوگۆ . بە ڕۆژ ، واتـە بە ئاشـکرا ، باسیان نەدەکرد . ئێواران کە هەموو لا پاڵ دەکەوتن ئەو دەچوو لـەگەڵ هەر دوو ئافرەتەکە دەیکردە چپەچپ . دەیگوت داخۆ لەو ماڵانەی چوونەتە سەردانیانو دەیانناسن چ کچی جوانو لێوەشاوە نییە بچنە لای دایـکیو بۆی بخوازن ؟ کوڕە هەنـدێ پارەی پاشـەکەفت کرد بـوو ، فلس فلس گرتبووی ، لە پۆستەی دانا بوو (نەك لە بانق) . ئێستا پارەکەی گەیشتبوە ئەو ڕادەیە بایی نەختی کچێك بکا . گوایە پارەکەی گەیشتبوە (٥٠٠) دینار. بەڵام بۆچی خوشکیو باوەژنی ناردە داخوازیو دایکی خۆی نەنارد ؟ بۆیە دایکی خۆی نەنارد چونکە دایکی خۆی کۆلەوارو کۆنەپەرست بوو کەچی ژنە گچکەی [٩٨] باوکی کۆلكو کنکترو بە دەمو زارتر بوو . کچێکیان بـۆ دەستنیشان کرد کە کاتی خۆی لە قوتابخـانەی گۆیژەی کچـان بوو کە تەرجومانەکەم لەوێ مامۆستا بوو . لەبەر ئەوەی کوڕو کچە سەر بە دوو

(٩٨) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ١٩٣ .

خێزانی خانەدانی سلێمانی بوون هیچ پەیوەندی‌یەکیان لە نێودا نەبـوو • هەموو پەیوەندی بەینیان ئەوەندە بوو جارێکیان کچە عەبای لە خۆی دابوو و ڕاسپێری‌یەکی بۆ ماڵی مامۆستاکەی هێنابوو و پێ‌یان‌گوتبوو ئەو کوڕەی تازە چوە دەرەوە برای مامۆستاتە • باسی کچەکەیان دەکرد دەیانگوت (زۆر بە ئەدەبە) • ئەمەش مانای وایە کە ئادگاری ڕێك‌و پێکە ، ڕەفتاری باشە ، پەروەردەی تەواوە ، ماڵی پێ‌بەڕێوە دەچێ • ئـەم دوو خێزانـە هیچ خزمایەتی‌یان لە نێواندا نەبوو •

لەبەر ئەوەی کە من‌و تەرجومـانەکەم بە سەفەر چووبوویـن ، داخی گرانم ، دوو گفتوگۆی بەراییم لە دەست چوو کە لە بەینی ئافرەتەکانی ماڵی کوڕەکەو دایکی کچەکە کرابوو بەلام پێ‌کەوتم کە زڕدایکی گەنجەکە لەگەڵ ژنە ناسیاوێکی خان‌ومان ، کە منداڵی دەوڵەمەند بوون‌و سەرو سامانێـکی زۆریان هەبوو ، یەکەم جار ڕۆژی چوار شەممەی (٢٨)ی ئابی ١٩٥٧و دوەم جار ڕۆژی هەینی (٣٠)ی ئاب بۆ ڕێگا خۆش‌کردن‌و پێشەکی دامەزراندن چووبوونە ماڵی کچە • کە بۆ جاری سێ‌یەم چوون من‌و تەرجومانەکەشم لەگەڵیان چووین • ئەم جارەیان چوار ئافرەتی مـاڵی کوڕە لـەگەڵ تـاقە ئافرەتێکی ماڵی کچە ، کە دایکی بوو ، قسەو گفتوگۆیان کرد • کە چووین لە ژووری میوانان دانیشتین • ژوورەکە کەوتبوە لاتەنیشتێکی دالانـەکەو دەرگای لەلای هێروە بوو ، پێش ئەوەی بگەیتە ناو حەوشەو ژوورەکانی ماڵەوە • قەت هیچیان نەداینێ تەنانەت ئاوی ساردیشیان پێشکەش نەکردین ئەمە مانای ئەوە بوو کە تا ئەو وەختە هێشتا قسەیان نەگەیشتبوە یـەك • لە ژوورەوە ، لەسەر قەنەفەی بڵندو ناخۆش‌و لەسـەر کورسی نارەحـەت دانیشتین • ژوورەکە ڕووت‌و قووت بوو • لە عانی گفتوگۆدا ئامۆزایەکی[٩٩]

(٩٩) ئەو دەڵێ ( cousin ) پیاو نازانێ مەبەستی کامەیە ، چونـکە ئـەم ووشە ئینگلیزی‌یە لە کوردی‌دا ئەم هەموو کەسانە دەگرێتەوە :
١ ـ ئامۆزا (کوڕی برای باوك) ٢ـ دۆتمام (کچی برای باوك) ٣ـ پوورزا

کچە هاتە ژووریٚ ، ئیدی باسەکەیان تەپس کرد [100] .

لە سەردانی سێیەم لە دوو بابەتیان کوڵیەوە : یەکێ ئەو زانیاری‌یە بوو کە ماڵی کچە دەرهەق ڕەوشت‌و ڕەفتاری کوڕەکە کۆیان کردبوەوە ، ئەوەی‌تریش ئەوە بوو کە مارەیی چەند بێ‌و بە چی بدەن ؟

بە پێی تاقی‌کردنەوەی من دەبوایە لەم قۆناغەدا مارەیی کچە دیار بکەن‌و ببڕنەوەو بۆ ئەو کاتە نەیهێڵنەوە کە ئیشەکە دەکەوتە بەر دەستی زەلامان‌و کچە مارە دەکرا ... هەڵبەتە ماڵی کوڕە پێش ئەوەی بچنە داخوازی کچە باش وێ دەکەون داخۆ کچەکە خۆی چۆنەو خێزانەکەیان چۆنە ئینجا دەچن ؛ کەچی ماڵی کچە هیچ ئاگایان لە چ نی‌یەو تەنیا پاش سەردانی یەکەم دەرفەتیان دەبێ تاقیبی زاوا بکەن‌و لەو شوێنەی کە زۆربەی کاتی ئیش‌و کاتی بێ‌ئیشی تێدا دەباتە سەر بە پرسیار لە خوو و ڕەوشتی بکۆڵنەوە . ئەو جارەی من لەوێ بووم لێم کۆڵیەوە گوتیان کوڕە لە چاخانان زۆر (مەیسیر) دەکا ، مەیسیر قومارێکی خۆوبەختی عارەبی‌یە . (سورەتی (٥) ، ئایەتی (٩١)ی قورعان قوماری قەدەغە کردوە) . بەڵام تەرجومانەکەم کە خوشکی گەنجەکە بوو ، زۆر بە توندی ئەم قسەو قسەڵۆکانەی ڕەت کردەوەو گوتی خوا لەسەر ڕانی ئاگا لێیە برام شتی وای نەکردوە . بابەتی دوەم کە قسەیان لێ‌کرد ئەوە بوو مارەیی چەند بێ‌و چەندی لێ بە چەك‌و خشڵ بدەن‌و چەند بە کەل‌و پەلی ناوماڵ بدەن‌و ... هتد . تەرجومانەکەم کە باسی مارەیی‌و

(کوڕی خوشکی باوك) ٤ــ پوورزا (کچی خوشکی باوك) ٥ــ خاڵۆزا (کوڕی برای دایك) ٦ــ خالۆزا (کچی برای دایك) ٧ــ پوورزا ( کوڕی خوشکی دایك ٨ــ پوورزا (کچی خوشکی دایك) ــ و .

(١٠٠) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ١٩٤ کە لەبارەی دەستووری موسڵمانەکانی سێراجێڤۆ دەڵێ :
« کە کوڕ لە ماڵی دەزگیرانی بێ دەزگیرانەکەی ناچێتە مەجلیسی کوڕەکە، بەڵام کچە دەتوانێ لە حەوشەو داڵان خۆی پێشانی کوڕە بدا ...» .

ئەندازەی مارەیی دەکرد بە پێچو پەناوە دەیگوت : «چ بۆ کچە بکەین ! »
بابەتێکی‌تریش هاتە پێشەوەو لێی‌دوان ئەویش بریتی بوو لە ئادگاری گەنجەکە • جێی سەرنجە هەر چەندە کە وێنەگر لە سلێمانی هەبوو بەڵام گەنجەکە وێنەی خۆی نەگرتبوو بۆیان ڕەوانە بکا • جا تەگبیریان کرد کە دایکی کچە ـ عەباو پێچە لە خۆی بدا ـ بە سواری ترومبێل هێدی بە بەر دوکانی بچووکی کارەبایی باوکی گەنجەکەدا بڕوا (ئەو وەختە پشووی هاوین بوو و کوڕەکە لە دوکان بوو)و تەماشای ئەو گەنجە بکا کە لەوانەیە دڵی بگرێو کچی خۆی بداتێ •

بە تەما بوون گفتوگۆی سێیەم دوا ئەڵقەی گفتوگۆی ژنان بێو بیبڕێتەوە • پاش گفتوگۆی سێیەمی ژنان دایکی کچە مەسەلەکە بە مێردی ڕادەگەیەنێو ڕازی دەکا کە ژن پێك هاتوون ، ئیدی لەوە بەولاوە مەسەلەکە دەکەوێتە بەر دەستی پیاوان • کوڕەکە لەگەڵ باوکیو هەندێ برادەر [101] دەچن لەگەڵ باوکی کچە کە «وەلی»یەتی [102] دادەنیشن • لە بارەی ئەم دانیشتنەوە لەلادێ ، بیستم جارێکیان ١٥٠ زەلامی گوندی گەنجەکە چووبوونە خزمەت باوکی کچەو سوپاسیان کردبوو کە کچی خۆی داونەتێ • ئەمانەش کە دۆستو دەستەبەری گەنجەکە بوون ، باوکی کچە چای دانێو زاواش کلۆ شەکری قەندی بەشی‌یەوە کە بە بۆنەی وا بە کاردێ • ڕەنگە لای کوردان ، ئەمە لەباتی ئەو جەمە بێ کە گرانڤیست [103] دەڵێ عارەبی فەلەستین بۆ هەردوو خێزانەکە دەیکەنو پێکەوە دەیخۆن •

---

(١٠١) ب : ئەوەی لێن ١٩٤٤ ، ١٦٣ لەبارەی عارەبی میسری باسی کردوە .
ـ ب : ئەوەی لێڤی ١٩٥٧ ، ١٠٨ لەبارەی هەلومەرجی گشتی موسلمانان باسی‌کردوە .

(١٠٢) مەرج نی‌یە هەر باوك وەلی بێ . ئەگەر باوك نەبوو باپیر یا سەرەوەتر ، سەرەوەتر ، برا ، مام بەپێی ڕێو شوێنێکی لە ئایینداا دیاری‌کراو دەبن بە وەلیو هەقی بە مێرد دانی کچیان هەیە ـ و •

(١٠٣) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٠٥ ، ١٠٦ .

تەرجومانەکەم گوتی وا چاکە پاش ئەم دانیشتنەی سێیەم ماوەیەك پێ بچێ ئینجا زەلام بۆی بکەونە خۆ ؛ چونکە بۆ ماڵی کورەکە باش نییە واپێشان بدەن کە زۆر پەرۆشن ژنەکە بێنن جا لەبەرئەوەی گەڕامەوە دانیمارك بۆم نەکرا لەوێ لەگەڵ مەسەلەکە بەردەوام بم ، بەڵام پاشان حەلیمە نامەیەکی بۆ ناردم هەندێ دەنگو باسی تازەی تێدا بوو ، نووسیبووی :

[ تکایە لەبارەی براژنمەوە پرسیارت کردبوو • براژنم ئەو کچە نییە کە لەگەڵ تۆدا چووینە ماڵیان ؛ چونکە لەگەڵ ماڵەکە ڕێك نەکەوتین ، جا کچێکی‌ترمان لە بنەماڵەیەکی خانەدانی کورد بۆ هێنا ، باوکی ئامۆزای شێخ مەحموودە کە تۆ بابا عەلی کوڕیت دیبوو ] •

لەم نامەیەدا دیارە کە ماڵی کوڕە دەتوانن نەختێ دوای خوازبینی ، مەسەلەکە هەڵبوەشێننەوەو وازی لێبێنن ، کە دەڵێ : (کچێکی‌ترمان ... بۆ هێنا) لەم قسەیەدا دیارە کە گەنجەکە خۆی نا بەڵکو ماڵەوەیان‌و بەتایبەتیش ئافرەتەکان بووکیان گۆڕیوە • هیچ باسی ئادگارو لێهاتوویی کچەکە ناکەن • لە مەڵبەندی شارستانی‌دا لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە خزمایەتی لەگەڵ خێزانێکی خانەدان‌و دیارو پایە بەرزی کۆمەڵایەتی بکەن •

بە کورتی وەری‌بگرین ، دۆزینەوەو داخوازی‌کردنی بووك لەناو ماڵەوە نابێ • لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ‌دا هێنانی دۆتمام (کچی برای باوك) باوە • ژن‌هێنان سیاسەتی خێزانە • پێنەیەکی زۆر بە ناوبانگی کۆمەڵایەتی ئەو ماڵە دەکەن کە دەیانەوێ بە ژن لەگەڵیان تێکەڵ بن • ئافرەتەکانی ماڵی کوڕە بووك دەبیننەوەو هەوڵی بۆ دەدەن چش با وەکو باسمان‌کرد تەقەڵای یەکەمیشیان سەر نەگرێ • ئافرەت یەکەمجار (١٠٤) دەچنە داخوازی‌و پاشان

(١٠٤) گرانقیست ١٩٣٩ ، ٨٣ .
– هانگی ١٩٠٧ ، ١٩٣ (لەبارەی موسلمانەکانی بۆسنیا) .
– لین ١٩٤٤ ، ١٦٢ .
– لێڤی ١٩٥٧ ، ١٠٨ .

پیاوی هەردوو بنەماڵە بڕیاری لەسەر دەدەنو کۆتایی پێ‌دێنن •

کچ دەتوانێ نارەزایی بەرامبەر مێردکردن پێشان بدا بەڵام بۆیان باس کردم کە ئەمە سووکایەتی‌یەکی گەورەیە • بە گوێرەی یاسا باوكو باپیر بەو ناوەی کە (وەلی) کچەن هەقیان هەیە بێ ئەوەی پرسی پێ‌بکەنو (قرێر)ی لێ‌وەربگرن ، بە شووی بدەن (١٠٥) •

لە هەمان کات‌دا کچە کورد دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی دژی مێردکردن بوەستێ • تەرجومانەکەم کە کچێکی زۆر ژیرو زیرەك بوو ، چاوی لەوە بوو کە خوێندن لە دەرەوە تەواو بکا ، دەسەڵاتدارانی شاریش بە پێی توانا هەولیان دەدا بۆی جێ‌بەجێ بکەن ، جا بۆیە ئەو وەختە حەزی نەدەکرد مێرد بکا • تووشی هیچ نموونەیەکی وا نەبووم کە دایك یان باوك بە کوتەکی کچی بە مێرد بدا • لەلایەکی ترەوە جارێکیان باوکێك کوڕی خۆی ناچار کردبوو کچی بێنێ کە پازدە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو جا کوڕە بۆ ئەوەی لەم ژن لە مل ڕاکردنە ڕزگاری ببێ هەڵاتو دایە کێوان بەڵام بێ‌هوودە بوو باوکی چوو هێنایەوە • لە کوردستان‌دا ئەم ژنەو بەری مێردکردنەکەیشم دی کە کچێکی بچکۆلانە بوو بەڵام تەنیا دوور بە دووری مێردەکەیم بینی •

لە بارەی تەمەنی بەمێرد دانی کچ نموونەی زڕخوشکی تەرجومانەکەمان لە بەردەستدایە کە لە دوازدە ساڵی بە بووك چوو • کە گوتمان داخۆ حەزی لە مێردە بێ دەنگ بوو (١٠٦) • دەیانگوت ژنو ئاوەدانی‌یەو بەری مێرد دەگرێ • لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌و ١٨ ساڵی‌دا دوو منداڵی ببوو • ژنە

---

(١٠٥) ب : جۆینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٠ : «وەلی چ باوك بێ‌و چ باپیر دەسەڵاتی هەیە کچی نەبالق بە مێرد بدا بەو مەرجەی بیداتە یەکێکی وەك خۆی‌و بە نەختێکی باشی بدا » .

(١٠٦) کچ کە بێ دەنگ بوو مانای وایە ڕازی‌یە . ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٠ .

به خۆو به منداڵەوە زۆر ساغ‌و سەلامەت بوون • لە هەڵەبجە لە ماڵێك بووم ژنێکی تێدا بوو ئەوسا تەمەنی (٢٥) ساڵ بوو ، بە یازدە ساڵی مێردی کردبوو، ئەو کاتەی مێردی کردبوو مێردەکەی ٢٥ ساڵی بوو (١٠٧) ، ٦ — ٧ ساڵ پاش مێرد کردن ئینجا تۆبەرەی ببوو • دەیانگوت لە ناوچەکانی دەوروبەری تەوێلە کە زۆر ماڵ بە هاوین دەچوون ئیشیان لەناو باخچەی توان دەکردو کوڕو کچی هەرزەکار پێکەوە میوەیان دەڕنی ، کچ کچێنی خۆی پێ ڕانەدەگیرا هەر بۆیەش پێش ئەوەی کچ خۆی بناسێ بە مێردیان دەدا • لە بەڵخە بووك هەبوو ١١ — ١٢ ساڵی بوو • دەیانگوت بۆیە وا زوو ژن دێنن چونکە ژنی گەورەیان لە ماڵەوە کەمەو ئیشیان زۆرە بەڵام مسۆگەر تا ٦ — ٧ ساڵ دوای ژن هێنان تۆبەرەیان نەدەبوو • کەواتە لە کوردستانی خوارووداو ، هەروەکو هیند ، وێ ناچێ ، تا کچ تەواو پێ نەگا ، دایکێتی لا شتێکی ئاسایی بێ •

ڕەنگە وای بۆ بچی کە کچی ١١ — ١٢ ساڵی لەبارەی کابانیی‌یەوە کەم بە کەڵك پیاو دێ ؛ بەڵام تەرجومانەکەم بۆی باس کردم کە کچ لەو تەمەنەدا — کە بەلای ئێمەوە هێشتا هەر منداڵە — هەر چەند تەواو کوڵەوارو نەخوێندەوارە بەڵام زۆر چاك لە ئیشی ماڵ ڕاهاتوەو تەواو شارەزای ئەو کردارو ڕەفتارەیە کە ماڵی نوێ لێی ڕەچاو دەکەن بۆیە هیچ گرفتی گەورە پەیدا نابێ • بەرامبەر بەمە ئەوەمان هەیە کە کابێری (١٠٨) دەرهەق بارو دۆخی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئوستڕالیا باسی دەکا ، لەوێ بووك هەر منداڵە ، ٩ — ١١ ساڵانەو تەواو لەو ئیشانە ڕاهاتوە کە لێی ڕەچاو دەکرێ ، نەختێ زانیاری جنسی هەیە ، خۆی بۆ ئەرکی ژناتی ئامادە کردوە ، بۆیە بە هیچ جۆرێ ناشێ لەگەڵ کچە قوتابی ئەوروپی ئاوقوفی خۆی بەراوردی بکەین•

(١٠٧) لەبارەی لوڕەکانەوە فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٣٣ دەڵێ جاران عادەت بوو گەنجی (٢٠) ساڵی کچی (٩ — ١٢) ساڵی بێنێ •

(١٠٨) کابێری ١٩٣٩ ، ٩٣ •

**مـارەکردن :**

ئاهەنگی کلیسە یان مەدەنی گەورەترین نیشانەی مارەکردنی ژنە لـە ئەورووپا • لە کاتی ژنمارەکردندا باسی شـتی وەکو تـەلاقدانو مـردنی هاوسەرو پایەی ئابووری ئافرەت ناکرێ • زۆر لە مارەکردنو باری جیاوازی ژنو مێرد ناکۆڵنەوە ، هەر چەندە دەست لێکبەردان زۆریشـە بەڵام لـەو وەختەوە حسێبی بۆ ناکەن • مەسەلەی میراتیش ـ ئەگەر شتی وا هەبێ ـ پاشان تاووتووی دەکەن •

لە ئیسلامەتیدا ، ژنهێنان دوو نیشانەی هەیە : مارەبڕینو زەماوەندی بووکگواستنەوە •

هەروەکو لێڤی (١٠٩) باس دەکا مارەبڕین نیشانەی سەرەکی ـ من دەڵێم بنچینەیی ـ ژنهێنانە • بە گوێرەی قسەی تەرجومـانەکەم لە مەڵبـەندی شارستانی سلێمانیدا کە ژن مارە دەکەن دەبێ چوار پیاوی ماڵی بووک ئامادە بنو لە هەموویان گرنگتر وەلی کچەکەیە کە وەک دەستوورێک هەر باوکی خۆی دەگرێتەوە • چوار پیاوی ماڵی زاواش ئامادە دەبن ، واتە زاواو سێ کەسیتر • «مەلا» و «قازی»یش (١١٠) دێـنو مـارەییەکە دەبڕن (١١١) • تەرجومانەکەم گوتی دەشێ بووکیش ئامادە بێ بەڵام پێچە لە خۆی دەداو دەورێکی سلبی هەیە • هەر چەندە زاوا تا بووکی بۆ نەگوازرێتەوە چـاوی پێناکەوێ دەبینین بووک دەرفەتی زاوا بینینی هەیـە • بیسـتم لـە کاتی

---

(١٠٩) لێڤی ١٩٥٧ ، ١١٤ ود .

(١١٠) مەلاو قازیش هەردووکیان نایەن . ئەگەر مارەکردنەکە ڕەسـمی بـێ ئەوا یان قازی دەبەنە ماڵی بووک یان بووکو زاوا دەبەنە بەر دەم قازیو قازی مارەیان دەکاو لە تۆماری ڕەسمی دەنووسرێ . ئەگەر ڕەسمیش نەبێ مەلایەک بەسەو بە شایەتی چەند کەسێک ژنەکە مارە دەکا ـ و .

(١١١) بۆیان باس کردم کە لە لادێدا مەلا بە تەنێ چەند ڕۆژێ یان ماوەیەکی کەم پێش بووکگواستنەوە ، مارەی دەکا .

مارەکردندا پرس بە کچە دەکەن داخۆ ڕازی‌یە یان نا ، گوایە ئەویش بە کەیفی خۆیەتی ئەگەر حەزی لەو مێردکردنە نەبێ باوکی ناتوانی خورتی لێ‌بکا . بە گوێرەی مەزەبی «شافیعی» بووك دەبێ قرێر بدا کە بەو مێردکردنە ڕازی‌یە [112] . مارەبڕین لە بەینی بووك‌و زاوا نابێ ، لە بەینی زاواو «وەلی»ی بووك دەبێ‌و ئەوانەی ئەوێ دەبن بە شایەت [113] . زاوا ڕازی‌یە کە مارەیی بدات‌و دیار دەکەن چەند بێ‌و بۆچی بێ ؟ چەندی یەکسەر پێش گواستنەوە بدەن‌و چەندی بۆ پاشان بهێلنەوە ئەگەر تەلاق درا ، واتە ئەگەر پیاوەکە ژنەکەی تەلاق‌دا (ژن ئەم هەقەی نی‌یە ) یان عەمری خوای کرد . کە خوشکی تەرجومانەکەم مێردی کرد گوتیان ئەو مارەیی‌یەی بۆ کاتی تەلاق‌دان یان بێوەژنی داندراوە وەك دەستوور [114] ، نیوە یان سێ‌یەکی ئەو مارەیی‌یە نی‌یە کە پێشەکی دەیدەن بەلکو ــ ئەگەر سەهووم نەکردبێ ــ نزیکەی چوار هێندەی نەختەکەیە . مارەیی پاشەکی‌یان ١٥٠٠ دینار دانابوو کەچی نەختی پێشەکی ٤٠٠ دینار بوو . ماڵی تەرجومانەکەم بۆیە مارەیی پاشەکی‌یان وا زۆر دانا بوو تا شوێنی کچەکەیان مسۆگەر بکەن‌و مەترسی تەلاقدانی لێ دوور بخەنەوە ئەو کاتەی کابرا بیەوێ ژنێکی‌تر

---

(١١٢) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٠ .

(١١٣) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٤ ود . بەجێ هێنانی داب‌و دەستووری ژن مارەکردن زۆر شتێکی پێویستە . چونکە بەو داب‌و دەستوورە مارە دەبێ . یەکێکی شارەزاو لێزان قسەکان بۆ بووك‌و زاوا دەڵێ‌و ئەوانیش لە دووی دەلێنەوە . وا دەبێ ئەو شارەزایانە ببن بە وەکیلی هەردوولا ، بە تایبەتی وەکیلی وەلی کچە ، هەلوێستەکە زۆر ناخۆشە چونکە بووك کە لەوێ نی‌یە دەبێ پەرژەوەندی ڕەچاو بکرێ .

(١١٤) لێن ١٩٤٤ ، ١٦٤ .
ــ ب : لێفی ١٩٥٧ ، ١١٤ : «نیوەی یان دوو سێ‌یەکی پێش تەواوبوون دەدرێ ... » .
ــ جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢١٦ : « ... نیوە یان دوو سێ‌یەکی (مەهر)... ».

بێنێ (١١٥) • من ناتوانم بڵێم مارەیی پاشەکی بۆیە وا زۆر بوو تا هەیبەتێك بە پایەی ئابووری بنەماڵەکە بدات •

لەگەڵ مارەبڕیندا ، پیاوەکە سەرباری ئەوەی کە نەختەکە دەدا ئەوەیش وە ئەستۆ دەگرێ کە ژنە بەخێو بکاتو خواردنی بۆ مسۆگەر بکاتو بەرگی بۆ بکاتو وای لێبکا وەکوماڵی باوکی خۆی بە خۆشی بێ (١١٦) • ئەگەر ئەمانە نەکا ژنە هەقی هەیە خۆی پێ تەڵاق بدا • لە بارێکیتریش ژن هەقی هەیە خۆی بە مێردی تەڵاق بدا ئەویش ئەوەیە کە نەختەکەی ڕەت بکاتەوە ئەمانەی لێدەربچێ ئەوەی دی مافی تەڵاقدان هەر بۆ پیاوە کە سێ جار ناوی «تەڵاق» دێنێو دەڵێ (تەڵاقم دای) یان وەکو جوینبۆل (١١٧) دەڵێ (لە هەموو مافێکی تۆ بەریم) • جا هەندێ جار لە کاتی مارەکردندا هەندێ ووشەی تایبەتی «تالیق»ی تێدەخرێ بۆ ئەوەی کابرا هەر زەللەیەك شتێکی وا بکا هیچ هەقی بەسەر ژنەکەیەوە نەمێنێو ژنە بتوانێ داوای تەڵاقی لێ بکا• لە کاتی مارەکردندا ، ژن بەخێوکردنی منداڵەکان وەئەستۆ دەگرێ کە هی مێردن ، هەروەها لە کاتی تەڵاقدانیش • ڕاستە ، لەکاتی دەستلێكبەردان ژن منداڵە ووردیلەکانی دەبا بەڵام کە کوڕ گەیشتە تەمەنی شەش ساڵیو کچ گەیشتە هەشت ساڵی دەبێ بیانداتەوە باوکیان •

---

(١١٥) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ٢٠٤ : «...بۆ ئەوەی ئەگەر کابرا تەڵاقی بدا لایەنی مادی ژنە مسۆگەر بێ ... » .
— ب : گیب ١٩٥٥ ، ٣٣ ود . : «دەستووری تەڵاق ... باری ئافرەتی پتەو کرد » .
— ب : های ١٩٢١ ، ٤٤ ، دەڵێ ئەو بەشە مارەیی‌یەی کە لە پێشەکی نادرێ وەکو دەستەبەرکردنێك وایە بۆ بووك .
— ب : ئەندرسن ١٩٥٠ ، ١٧١ .
(١١٦) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢٢٣ .
(١١٧) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٨٤ ، ٢٢٩ : «...کە بەو پەڕی سەربەستی‌یەوە وازی لە مافی خۆی هێنا ، ئەوەش بە (تەلاق) ...» .

هەروەکو گوتمان قازی ژن مارە دەکا • (دەیانگوت لە گوندان تەنیا مەلای دێ بەسە) • ئەمەش وای لە یۆستروپ [١١٨] کردوە کە بڵێ ژنمارەکردن دیاردەیەکی مەدەنی‌یە • بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش ئەوە دێنێتەوە کە مارەکردن لە مەکتەبی قازی دەبێ نەك لە مزگەفت کە جێگای نوێژو تەقوایەو وەکو کلیسەی دیانان دایەرەی تۆمارکردنی ژنهێنان نی‌یە • (بلاکمان)یش [١١٩] هەمان بیروڕای هەیەو دەڵێ موسلمان لە کاتی مارەکردنی ژندا هیچ ویردو ئاهەنگێکی ئایینی ناگێرن ـ ژن هێنان پیرۆزیی ئایینی تێدا نی‌یە •

لیڤی دەڵێ : «لە ئیسلامەتی‌دا ، ژن هێنان پەیمانێکی دنیایی‌یەو هیچ داب‌و دروشمی ئایینی نی‌یە » [١٢٠] • ئەمە کورد ناگرێتەوە چونکە مارەبڕین بە پێی ڕێ‌و شوێنی ئایینی دەکرێ • بۆ نموونە ، دەبێ لە حزوور مەلا بێ• بە قسەی جوینبۆل [١٢١] دەستووری هاوسەرێتی‌و مافی میراتگری بە شێوەیەکی گشتی ، کەم تا زۆر ، پەیوەندی بە ئایینەوە هەیەو لە سیستەمی ڕەوای دووکۆیی‌دا ، مافی خێزان‌و هاوبەرێتی ، مافی دینی‌و دونیایی ، هەمووی دەچێتەوە لای قازی‌یەکی ڕوحی • ئیسلام هەر تەنیا ئایین نی‌یە • سستەمێکی فراوانەو هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە [١٢٢] • لەبەر ئەوەی کە باسی نەخت‌و مارەیی لە قورعاندا هاتوە زۆر سەیرو جێی سەرنجە ئەگەر مارەکردن بە شتێکی دنیایی دابنێین [١٢٣] • دەتوانین بڵێین کە

---

(١١٨) یۆستروپ ١٩١٤ ، ٦٥ •
ـ ب : نێرێتەر ١٧٠٣ ، ٣٩٢ •
(١١٩) بلاکمان ١٩٢٧ ، ٩٢ •
(١٢٠) لیڤی ١٩٥٧ ، ١٠٠ •
(١٢١) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٦٣ ود •
(١٢٢) ب : گۆتیێر ١٩٤٩ ، ١٨ : «قورعان وەکو ئینجیل نی‌یە تەنها کتێبێکی پیرۆز بێ‌و بەس ... ؛ قورعان دەستوورە ... یاسایە » •
(١٢٣) سوورەتی ٤ ، ئایەتی ٤ ، ٢٠ •

مارەکردن لە مەزەبی شافیعیی ئیسلامی کە مەزەبی کوردانە شتێکی ئایینییە• لەلایەکی‌تریشەوە ، بێجگە لە مارەکردن ئاهەنگی ژن گواستنەوەش هەیە کە دەتوانین پێی بلێین زەماوەندو هیچ پەیوەندی بە دەسەلاتی دینیو دنیاییەوە نییە • دیاردەیەکی زۆر تایبەتییەو چ زوو و چ درەنگ ، بگرە زۆر جار چەند ساڵ پاش مارەکردنی ژن ئینجا وەکو داوەتو گۆوەندێکی گەورەی خزمو برادەران دەکرێ • دەتوانین بلێین ئەم ئاهەنگو زەماوەندە بە پێچەوانەی مارەبڕین کارێکی تەواو تایبەتییە •

**پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەر : کە ناسیاو بن :**

لە مەڵبەندی خوێندەواری سلێمانیدا ، یەك نموونەی ژنو مێردم بینی کە پێش بە یەك شاد بوون یەکتریان دەناسیو دەزگری یەك بوون • ئەمە شتێکی زۆر دەگمەن بوو • سەبارەت بە جۆری مەڵبەندەکەیانەوە بۆیان چوبوە سەر •

لەم نموونەیەدا ، کچەکە تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو ، خوشکی تەرجومانەکەم بوو • کچەکەو کوڕەکە هەردووکیان مامۆستای سەرەتایی بوون • لە سەردەمی قوتابییتیدا یەکتریان دی بوو و حەزیان لە یەك کردبوو • کە کوڕە تەواو کەوتە داوی کچەوە ، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە لادێ بوو و ژنەکانی ماڵەوەیان (دایکی یان خوشکی) پێیان نەدەکرا بچنە داخوازی ، کوڕە خۆی بە تەرجومانەکەمی گوت کە ئەویش هەر مامۆستا بوو پێی گوت گوایە (حەز دەکا خزمایەتییان لەگەڵ بکات)و داوای لێکرد پشتی بگرێو مەسەلەکە بە باوکی ڕابگەیەنێ • ساڵێك پێش چوونم بۆ کوردستان ئیشەکە یەك لا ببووو ژنە مارە کرابوو • کە گواستیانەوە ئەمن لەوێ بووم • ئەو چەند مانگەی پێش گواستنەوە توانیم لە ڕەفتاری ئەم دوو دەزگیرانە مارەبڕاوەو لە ماڵی ئایندەی بووكو زاوا بکۆڵمەوە •

دوای ئەوەی کە ژنەیان مارە کردبوو ، کوڕە وەکو ئەندامێکی ئەو ماڵەی لێهاتبوو ، بگرە لەگەڵ تەرجومانەکەمو زڕبرا سێزدە ساڵیەکەی هاتە ماڵی شێخ تەیفوور لە تۆپزاوەو شەو لەوێ مایەوە بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ جێمان باشە • لەگەڵ تەرجومانەکەمو زڕبراکەی پێکەوە لە ژوورێک نووستن • تەرجومانەکەم گوتی ئەوەی پێم نەشێ دەتوانم لە ژوورەوە لەگەڵی بخەوم • کوڕەکەش پاش ئەوەی کچەی لێمارەکرابوو ببووە زاوای تەرجومانەکەمو پێك نەدەشیان • بلاکمان(١٢٤) لە بارەی «فەللاحین»ی میسرەوە دەڵێ : «دەزگراتی وەکو ژن‌گواستنەوە توندو پتەوە» • لەلایەکی تریشەوە ، گەنجەکە قەت بە تەنێ لەگەڵ دەزگیرانەکەی پێکەوە نەدەبوون • ئەم دوو گەنجە (کوڕەکەو کچەکە) کە پێکەوە لە ژوورێ دادەنیشتن‌و قسەیان دەکرد تەرجومانەکەم دەچوە کنیان • کوڕە زۆر نەدەهاتە سەردانی ماڵیان • قەت پێکەوە نەدەچوونە سینەماو میوانداری • کچەکە کە قسەی لەگەڵ کوڕەکە دەکرد چارۆکەیەکی سپی بەسەر سەریدا دەدا بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا شپرێو بوو • جلی کۆنی لەبەر دەکرد • بەرگی پیس بوو • ئەم دووە پێکەوە چوونە بەغدا بۆ ئەوەی ئەو نەختەی لەبەر چەك‌و خشڵ مابووەوە بە جل‌و بەرگ‌و کەل‌و پەلی ناو ماڵی بدەن • کەل‌و پەلەکان مۆدیلی هەرە نوێی بەغدا بوون لەگەڵ تاقمێکی ژووری نووستن کە لە دار کرابوو • تەرجومانەکەم ، کە خوشکی گەورەی کچەکە بوو ، لەگەڵیان چوو • زڕخوشکە (١٥) ساڵیەکەشیان برد بۆ ئەوەی پێتەخت ببینێ • لە شەقامی سەرەکی رەشید چوونە ئوتێلێکی عیراقی – عارەبی • تەرجومانەکەم بۆی گێڕامەوە گوایە هەر چواریان لە یەك ژوور بوون ، بووك‌و زاواش لەگەڵ ئەواندا بوون • هەموو لەو ژوورە دەنووستن ، چونکە هەروەکو ماڵەوە شەو جلیان نەدەگۆڕی ، خواردنیان لەشار دەکڕی‌و دەیانهێنا لەو ژوورە

---

(١٢٤) بلاکمان ١٩٢٧ ، ٩٢ .

پێکەوە دەیانخوارد • پاشان منو تەرجومـانەکەمو برا (٢٦) سالیـەکەی چوونە هەمان ئوتێلو ئێمەش بە هەر سێکمان ژوورێکمان گرت • ئـەو کاتەی بووكو زاوا لە بەغدا بوون قەت بە تەنێ نەدەگەڕان ، هەمیشە لەژێر چاوەدێری توندی ئەو دوو خوشکەدا بوون کە لەگەڵیان چووبوون •

کاتێ کە بووك لەگەڵ برا گەورەیو ژنەکانی ماڵ بە ئۆتۆمۆبیل چوونە سەیران (بە خۆو بە ژنەکانیتر) عەباو پێچەیان لە خۆ داو زۆر هەوڵیان دەدا پێچەیان لانەچێو هەڵنەدرێتەوە بۆ ئەوەی قسەی ماڵەمێردو خەزوورانیـان نەیەتە سەر • هیچ نیشانەیەکی ئەو خۆگرتنو خۆشاردنەوەیـە نەبوو کـە گرانڤیست [١٢٥] لە بارەی عارەبەکانی فەلەستین باسی دەکاو دەڵێ کە بووكو زاوا لێك مارە کران ئیدی نابێ یەکتر ببیننو کە کوڕە دێتە سەردانی مـالی خەزووری بووك خۆی دەشارێتەوە • هەر چۆن بێ ئەم دوو دەزگیرانە ، لـە ماڵی تەرجومانەکەم لە سلێمانی ، لە ماوەی دەزگراتیدا کۆتو چاوەدێرییان زیاتر بەسەرەوە بوو لەوەی کە جاری یەکەم لە قوتابخانەدا وەکو دوو هاوڕێ یەکتریـان ناسیبوو •

نەختی بووك (١٢٦) :

خەرجو بایەخی کۆمەڵایەتی •

«مەهر» لە قورعان ، لە سورەتی (٤) ئایەتی (٤)و لـە سـورەتی (٥) ئایەتی (٥)دا باسی کراوە کە دەبێ بـدرێ • زۆر بـە ئاشـکرایی دەڵـێ ئیماندارەکان دەتوانن ژنی داوێنپاکی ئیماندارو ژنی داوێنپاکی ئەو نەتـەوانە بێنن کە پێشتر کتێبی پیرۆزیان بۆ هاتوە ــ واتە ، جولەکەو دیـان • بـەو

---

(١٢٥) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ٥٩ .

(١٢٦) ئیڤانس ــ پریتچارد ١٩٣١ ، ٣٦ زاراوی (سامانی بووك)ی پێ باشترە، ب : مان ١٩٣١ ، ژمارەی ٨٤ ، ٨٥ ، ٢٣٤ .

مەرجەی مارەیی‌یان بدەنێو بە سەربەرزی لەگەڵیاندا بژین • لە زووەوە ، هەر لە (١٧٧٨)ەوە نیبوور باسی کردوە کە کوردی ناوچەکانی سەر بە تورکیای ئەوسا زۆر لەگەڵ عارەب جودان لەوەوە کە ئەو کاتەی کچیان دەبێ پتر هەوەسیان پێ دێ تا کوڕ ؛ چونکە دوارۆژ نەختێکی باشی پێ وەردەگرنو تەنیا جیازێکی بچووکی بۆ دەکەن ، کەچی عارەبو تورك هەموو نەختەکە لە جیازی بووك خەرج دەکەنو هی خۆیشیانی دەخەنە سەر • نیبوور لە کۆتایی قسەکانی‌دا دەڵێ : «بەم جۆرە زۆر کچ سەرچاوەی سامانیان لەگەڵ خۆیان دایە •••» [١٢٧] •

بۆیان باس کردم کە لە مەڵبەندێکی ساکاری دێ ، بەڵخە ، بووکێکی ١١ ــ ١٢ ساڵان نەختی ٢٠ دینارو چەكو جلك بوو • بەلام نەمزانی داخۆ نەختەکە پارەی هیشکەیە یان مەڕوماڵاتو شتی وا • بیشۆپ [١٢٨] باسی بەختیاری‌یەکان دەکا دەڵێ بە پێی بارو گوزەرانی خێزانەکە وا دەبێ نەختەکە پارەی هیشکە بێو وا دەبێ مەڕوماڵاتو شتی وا بێ • هەروەها بووکێکیان لە سلێمانی بۆ مەڵبەندی ساکاری (تۆپزاوە) هێنابوو نەختی ٢٠٠ دینار بوو • گوتیان باوکی بووك چارەکێکی لەو نەختە گلداوەتەوە ، ڕەنگە ئەمەیان بۆ ئەوە بێ تا ئەگەر کچە تەلاق درا یان بە بێوەژنی مایەوە شتێکیان بە دەستەوە بێ • ئەوەی‌تریش کە (١٥٠) دینار بوو بە چەكو خشڵو سێ دەستەبەرگی بووكو زیافەتی نیوەڕۆو دۆشەكو لێفو سندووقی بووکیان دا • زاوا ڕادیۆیێکی بە پاتری پێشکێشی بووك کرد • گوتیان ماڵی بووکیش شەش دەستە بەرگی تەواویان بە دیاری بۆ بووك کرد (بەلام هیچ دیاری‌یان نەدا ماڵی زاوا ) •

دەیانگوت نەختی بێوەژن یا ژنی تەلاقدراو لە هی کچ کەمترە ، ئەمەش

---

(١٢٧) نیبوور ١٧٧٨ ، ٤٢٠ •
(١٢٨) بیشۆب ١٨٩١ ، ٣٥٥ ود •

لەگەڵ قسەی لێن تێك دەکاتەوە کە لە بارەی عارەبەکانی میسر دەیکا (١٢٩) •

لە سلێمانی زۆرترین نەختم بیستبێ (١٥٠٠) دینار بوو ، دەبێ ئەوەیشی بخەینە سەر کە بۆ کاتی تەلاقدان یان بێوەژنی هەڵدەگیرێ • ئەویش ئەگەر سێیەك بێ بەلایەنی کەمەوە دەکاتە (٥٠٠) دینارو ئەگەر نیـوە بێ دەکاتـە (٧٥٠) دینار • هەروەکو باسمان کرد برای تەرجومانەکەم (٥٠٠) دینـاری گرتبوو کەچی برای ژنەکە تەنیا ٤٠٠ دیناری لە خوشکی سەرف کرد • لـە هەمان کاتیشدا گوتیانماڵی کچە مارەیی پاشەکیان (١٥٠٠) دینار داناوە •

بۆ چۆنیەتی خەرج کردنی نەختی بووك دەتوانین وەك نموونە بـاسی ئەو شتانە بکەین کە بەو (٤٠٠) دینارە کڕیبوویان • خشڵو چەکی بـووك ئەمانەیان کردبوو : پاشەسەرەی بە ئاقیقو جەوهەرداش ، ژێرچەنەی زێڕی بە ئاڵقە کە کڵاوی پێ توند دەکرێ ، ئەمەیان لە سلێمانی لای زێڕینگر بـە کردن دا • ئەو چەكو خشڵەی بۆیان کرد وەکو ئەوە وا بوو کە ژنی شێخی تۆپزاوە بە خۆیەوە دەکرد • دەتوانین بڵێین بە لایەنی کەمەوە بایی (١٠٠) دینار دەبوو • ئەم شتانەیان لە بەغدا کڕی : تاقمی ژووری نووستن کە بریتی بوو لە سیسەمێکی داری دوو نەفەری ، کانتۆری دوو نەفەری جلوبەرگ ، مێزی خۆ ڕێکخستن کە ئاوێنەیەکی هێلکەیی پێوە بـوو ، دوو مێـزی شـەو ، ستوولێك ، سندووقێکی جوانی بە ئارمووشی مەخمەڵی سوور ، زبڵدان ، چەرچەفێکی پەمبەی نەخشین ، شاشێکی تەنكو گەورە بۆ بەخۆدادان ، دوو سەرینی ڕازاوە ، پەردەیەکی پۆپلین ، پۆپەشمینێکی نەخشـین ، بەرگـە قورعانێکی پەمبە(١٣٠) ، دەستە پەمۆیەك ، قوماشی بەرگە بالیف ، دۆشەکێکی

---

(١٢٩) لێـن ١٩٤٤ ، ١٦٦ .

(١٣٠) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ١٥٧ : «... دەبێ قورعان لە جێگایەکی بڵنـد دابنرێ ... هەر چۆن بێ نابێ لە چۆکێك نزمتر بێ ، دەبێ لە هەوراز چۆك بێ...» .

دوو نەفەری زیادە ، دوو دۆشەکی یەك نەفەری بۆ ڕاخستنی سەربان ، چەرچەف ، لێف ، بەرگە بالیف ... ئەو شتانەی‌تر کە بۆ ناومالیان کڕیبوو ئەمانە بوون : قەنەفەیەك ، چوار کورسی ، تەپلەیەکی گەورەو یەکی بچووکی جگەرە ، ئەمانە هەموویان لە ئاسن‌و پلاستیکی سەوز بوون • ئینجا قاپ‌و ئامانی چێشت‌لێنان ، پیالەی چا ، سەماوەر ، دەستشۆر ، مەسینەیەکی سفر ، وردە خشلی ئەوڕوپی ، گولی کاغەز بۆ ناو ئینجانەی چینکۆ ، کودەری بۆ سوخمەو کورتەك ، چیت ، نایلۆن ، جورجێتی بە سیم بۆ کراس • قوماشی بەسیم یان ئاگرباران بۆ دەرپێی درێژ ، خامەك‌و کودەری بۆ کەوێ • ئەم قوماشانەیان لە سلێمانی‌و بەغدا کڕی‌و دایانە دورمانکەرەکانی بازاڕو ژنەکانی مال تا بۆیان بدوورن •

بە کورتی : نەختەکەیان لەم شتانە خەرج کرد : جیازی بووك ، کەرەستەی ناومال ، ژووری نووستنی مۆدیلی سەدەی رابردووی ئەوروپا ، کەلوپەلی ژووری میوانان کە لە چاو هی مالە باوانی زۆر نرت‌و نوێ بوون• ئەوان کەلوپەلی ژووری میوانانیان قەنەفەی بلندو پیس‌و شلۆق‌و کورسی کۆن بوو کەچی هی بووك‌و زاوا بەرگی مەخمەلی سووریان تێ گیرابوو و وەکو مۆدیلی هەشتاکانی[131] فەڕەنسا وا بوو •

بەرامبەر بەم هەموو شتەی کە بۆ بووك‌و بۆ مالدانان کڕیبوویان ـ هەلبەت بەو (٤٠٠) دینارە کڕیبوویان کە زاوا بە نەخت دابووی ـ مالی بووك ، کە لێرەدا مەلبەندی خۆیندەوارو نەخوێندەواری شار دەگرێتەوە ، نزیکەی (١٥٠) دیناری خۆیان بۆ زاواو خزمەکانی بە دیاری دا کە ڕۆژی پێش بووك گواستنەوە هاتبوون •

(١٣١) خاتوو هێنی خۆی ئەم کتێبەی لە سالی ١٩٦١ نووسیوەو لێرەدا کە دەلێ مۆدیلی هەشتاکان دیاری نەکردوە هەشتاکانی کام سەدە • بەلام وێدەچێ مەبەستی سەدەی نۆزدەم بێ چونکە پێشتر باسی (مۆدیلی سەدەی ڕابردووی ئەوڕوپا)ی کردوە ـ و •

مالّی بووك دەستەبەرگێکی زەماوەندی ئەوروپی هاوینی‌یان بۆ زاوا کڕی لەگەڵ جووتە قۆندرەیەکی قایش‌و گۆرەوی‌و قەرەوێت‌و دەسەسڕو کراس‌و بەرگی بنەوەو پێجامەو سابوونو تاقمەتراش‌و ڕۆبی حەمام‌و مافوورێکی مەخمەلّی بچووکی حەمام بۆ ئەوەی لە کاتی خۆشووشتن لەسەری دابنێشی‌و پاکەتێك شیرناتی • ئەمانەیان هەموو خستە ناو بوخچەیەکی[132] ئارمووشی ڕازاوەو بە پیرەژنێك ڕەوانەیان کردو لەوێ کوڕەکە هەندێ پارەی بەخشیش دابوە پیرەژنەکە • هەروەها مالّی بووك قوماشیان بە دیاری دا بە سێ ئافرەتی زۆر نزیکی زاوا کە دەکاتە دایکی‌و دوو خوشکی ، بۆ کراس • مالّی بووك کراس‌و دەرپێ‌یان بە دیاری دایە حەفت پیاوی خزمی زاوا • کراسەکان سێ‌یان ئەوروپی بوونو لە بەغدا کڕابوون ، گۆری‌و قەرەوێت‌و دەسەسڕیان لەگەڵدا بوو ، کەچی چوار کراسەکەی‌تر کراسی کوردی بوونو لە مالّەوە دروابوون • دەرپێکان هەر حەفتیان کوردی بوونو کونیان لە پێشەوەدا نەبوو • سێ‌یان بۆ ئەوە بوون لەگەڵ کراس‌و قاتی ئەوروپی لەبەریان بکەنو بەقەد ئەوانەی‌تر بەرین نەبوون کە بۆ ژێر بەرگی کوردی دروابوون • ئەمانەیان لە قوماشی بۆری ئینگلیزی کرد • دورمانکەرێك هاتە مالّەوە هەلّی بڕین‌و بردنی بیاندووری •

بێجگە لەو پارەی کە مالّی بووك بۆ زاواو مالّی زاوا بە دیاری‌یان دا ، پاش حەفتەیەك کە بووك هاتەوە باوەخوند خۆی بشوا ، لە مالّەوە هەندێ ووردە خشلّیان بۆ کڕی • دەیانگوت ئەم ووردە خشلاّنە بایی (٤٢) دینار بوون • بەم جۆرە سەر لەبەری مەسرەفی بووك‌و زەماوەند ، بە پێی ئاگاداری من ، (٤٠٠) دیناری مالّی زاواو (١٩٢) دیناری مالّی بووکی تێچوو • مەسرەفی مالّی بووك نزیکەی نیوەی نەختەکە بوو و ئەو مەسرەفەیشی هاتە

---

(١٣٢) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ١٤٨ ، باس دەکا کە لە بۆسنیا دیاری‌یان لە بۆخچەیەکی ڕازاوە دایە مامۆستایەکی قوتابخانە : «...هەندێ جار جلیش لەناو ئەم جۆرە بوخچەیە دەنێن ...» .

سەر کەماڵی بووك ڕۆژی زەماوەنــد لەو ژنانەیــان کرد کە لــە دوویــان گەڕابووەوەو ھاتبوونو تا بووك ڕۆیشت لە کنی بوون •

ھای باسی ئەوە دەکا کە لە کوردستاندا ، مەڵبەندی شارو مەڵبەندی لادێ ، لە بارەی خەرجی زەماوەندی ھەر دووخــێزان ، جــودان • بەلای ئەوەوە (١٣٣) لە مەڵبەندی لادێدا ، دەبێ گەنجی کورد بایی ئەوە پارە کۆ بکاتەوە کە ژنی پێبێنێ کەچی لە شار ماڵی بووك کەلوپەلێــکی زۆر بــۆ بووك دەکەنو چ پێویست ناکا کوڕە پارە پاشەکەفت بکا تا بووکی پــێ (بکڕێ) • ئەم قسەیە لەگەڵ تاقیکردنەوەی منو لەگەڵ ئەو زانیاریــەی لە کوردانم وەرگرت یەك ناگرێتەوە •

ھەروەکو باسمان کرد بارو دۆخی کوردستانی خوارووی وایە کە لــە لادێدا دەبێ کوڕە ھەندێ پارەی ھیشکە یان مەڕومالات بداتە نەختی بووكو جلوبەرگیشی بۆ بکا • بەرامبەر بەمەوە ماڵی بووك قــەت ھیچی نــادەنێ ــ تا ئێرە زانیاری من لەگەڵ ھی ھای یەك دەگرێتەوە ــ ھەروەھــا لەگەڵ زانیاری (لێن) یش(١٣٤) یەك دەگرێتەوە کە لەبارەی لادێییــەکانی میسر پێشانی داوە • کە دێینە ســەر بــارو زروفی شــار دەبینــین ، بــە پێی تاقیکردنەوەی من ، زاوا ناچارە ئەو نەختە بدا کە باسمان کردو چۆن بــە پێی پایەی کۆمەلایەتی کچەکە دابەشی سەر خــەرجو مەسرەفی دەکەن • ماڵی بووك بایی نزیکەی نیوەی نەختەکە دیاری بۆ خزمو کەسو کاری زاواو بۆ بووك دەکڕن • ئەمە لەگەڵ قسەی ھایدا ناگونجێ کە باس ناکا کــوڕ لە مەڵبەندی شاردا دەبێ نەختی بووك بدا • ھەروەکو لەگەڵ ئەو زانیارییەش ڕێك ناکەوێ کە (لێن) لەبارەی شارستانی عارەبەکانی میسر بــاسی دەکاو

---

(١٣٣) ھای ١٩٢١ ، ٨٤ : «ڕەوشتی بووك ھێنانی شار لە ھی دێ جودایــە • عادەتە خزمی بووك بــارگەی بۆ دەکەن ، نەك گەنجەکە پارەیەکی زۆر کۆبکاتەوە تا بووکی پێ بکڕێ » •

(١٣٤) لێن ١٩٤٤ ، ١٦٦ پەراوێزی ١ •

دەڵێ مەسرەفی ماڵی بووكو ئەو نەختەی زاوا دەیدا بە قەد یەكترن ، هەروەها دەڵێ ماڵی بووك پارەكە لە كەلوپەلی ناوماڵو جلو بەرگو خشڵی بووك خەرج دەكەنو ئەمانە پێیان دەگوترێ «جیهاز»و موڵكی تایبەتی بووكنو ئەگەر بووك تەڵاق بدرێ (١٣٥) ئەو شتانە بۆ خۆی دەباتەوە ... كەچی هیچ باسی ئەوە ناكا داخۆ ماڵی بووك چ دیاری دەدەنە ماڵی زاوا یان نەء ؟

**خۆئامادەكردن بۆ زەماوەند :**

لە جیازی بووك ؛ لێفی ئەتلەسو كورتەكی بە نەخشەیان لە بازاڕ بە كردن دا . لەلایەكیتریشەوە ، دورمانكەرێكی ئافرەت هاتە ماڵو بە سەرپەرشتی ژنەكانی ماڵێ كراسو دەرپێو كورتەكی لەو ئارمووشو مۆزلینو كودەرییە هەڵبڕی كە لە بەغداو سلێمانی كڕیبوویان . كە قوماشەكەیان هەڵبڕی ، زڕدایكی بووك ، هەڵبەت ژنێكی بەمێردە ، چوو پارچە قەندێكی گەورەو شەكرشكێنێكی هێنا . شەكرەكەی وورد كردو بەسەر قوماشەكەی وەركرد . گوتیان ئەمە بۆ ئەوەیە تا بەختەوەر بن .

هەمان دورمانكەر كراسی كوودەریو دەرپێیەكانی لە تۆپە قوماشێكی بۆری ئینگلیزی هەڵبڕی كە ماڵی بووك بۆ زاواو خزمەكانی كردیانە دیاری . ئینجا دورمانكەرەكە هەموو پارچە قوماشەكانی لوول داو بردی لە ماڵی خۆیان بیاندورێ .

ڕۆژی پێش زەماوەند ژنێك هاتە ماڵی تەرجومانەكەم لە سلێمانی بۆ ئەوەی مووی زیادەی لەشی بووك هەڵبگرێ ، بووك خۆیشی پێشتر سێ جار لە سەر شۆرك خۆی شوشتبوو و هەموو مووی لەشی كردبوو . كچە كوردیش وەكو كچە عارەب قەت مووی لەشی ناتاشێ بەڵام كە هات بە مێرد بچێ دەبێ سەراپای لەشی لە موو پاك بكاتەوە(١٣٦) . مووەكە بە مەعجوونێك

---

(١٣٥) لێن ١٩٤٤ ، ١٦٦ .

(١٣٦) ب : دیكسۆن ١٩٥١ ، ٢٠٤ .

لێدەکەنەوە ، مەعجوونەکە لەسەر موەکە ڕوو دەکەن • بەڵام نەمزانی ئـەم مەعجوونە لەچی دەگرنەوە • دیکسن باس دەکا کە بەدەوی مادەیەکیان هەیە مووی پێ لێدەکەنەوە لــە زنكو زرنیخ(١٣٧) دەگیرێتەوەو دەوڵەمەندەکان بەکاری دێنن کەچی ئافرەتەکانیتر بە پەنجەی دەست موەکان دەردەکێشن •

لێن باس دەکا کە لە میسر ژن جۆرە چڕەیەك بەکار دێنن پێی دەگوترێ Liban Shame'e ، دەیتوێننەوەو لەسەر مووی دادەنێن کەچی ژنــەکانیتر ڕەژوو (١٣٨) دەخەنە سەر موەکەو ئینجــا دەری دەکێشن • لــێن (١٣٩) لە شوێنێکیتر باسی «نورە» دەکا کە لە قسلاوو هەشــتێکی (ئــۆری مێنت) دەگیرێتەوە • ئەم تۆزە لەناو ئاو دەکەنو دەیشەقێنن تا دەبێتە مەعجوونو لە موەکەی دەنێنو پاش دوو دەقیقە موەکان خاو دەبنەوەو پاشــان شــوێنەکە دەشۆنو هەموو موەکانی لێدەبنەوە •

ماڵی تەرجومانەکەشم ئاوها بە هاوکاری ژنێکی شارەزا مووی بووکیان هەڵگرت • مووهەڵگرتنەکە لە ماڵەوە بوو نــەك لە گەرمــاوی گشتی (١٤٠) وەکو گرانڤیست لەبارەی عارەبە فەلەستینییەکان بــاس دەکا • دەیانگوت زاواش بەم جۆرە هەموو لەشی لە موو پاك دەکاتەوە (١٤١) •

ئەم ئارایشدانەی بووك ، لە ماڵی تەرجومــانەکەم ، ئەرکو خــەمی هەموو ئافرەتەکانی ماڵەوە بوو ، بە ڕادەیەك کە ئەو کاتەی بووك چوارچمکی لە حەوشە دانیشتبوو پوورێکی توند لاقی گرتو کەلەواژی کردەوە ســەر پشت بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە هەموو مووی لەشی بە چاکی هەڵگــیراوە • ئاسانیش بوو تەماشای لەشی بکا چونکە ئەو ئێوارەیــە بووك دەرپــێی

(١٣٧) دیکسۆن ١٩٥١ ، ٢٠٤ .
(١٣٨) لێن ١٩٤٤ ، ٤٢ ، پەراوێزی ١ .
(١٣٩) لێن ١٩٤٤ ، ٣٥٠ ، پەراوێزی ١ .
(١٤٠) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٣٠ .
(١٤١) ب : گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٣٠ لەبارەی عارەبەکانی فەلەستین .

کوردی لە پێ نەبوو ، فستانێکی درێژی قۆڵفشی سووری لەبەر بوو • ئەم جۆرە فستانە ڕەگەزێکی ئەوروپی‌یەو لەگەڵ دەستووری کوردی گونجاندوویانەو سوخمەی لەگەڵ لەبەر دەکەن بەڵام دەرپێی درێژ نەء • بێجگە لەم کردەوانە کە نیشانەی ئەوەن کە زەماوەند تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکی‌یە خێزانی‌یە نەك تاکە کەسی ، کورد زۆر ناسكو خاکین • لەلایەکی‌تریشەوە خاکی‌و ڕوناسکی لای کوردان زۆر لەوە جودایە کە ئێمە لە ڕەفتاری خۆمان لێی‌ڕاهاتووین •

ئافرەتی کورد حەز ناکەن لەشیان ڕووت بێ • بە ڕۆژ کە جلیان دەگۆڕی لەسەر چینچکان دادەنیشتن‌و لێ‌نەدەگەڕان هەموو لەشیان بە دەرەوە بێ • کچەکەی شێخ تەیفووری تۆپزاوە کراسێکی ئەوروپی بێ‌قۆڵی هاوینانی کردەبەرو ویستی شکلی خۆی پێوە بکێشێ بەڵام کە دیتی دوو ژنە جوتیار بۆ سراوێ هاتن‌و لە دەرگاوە گەیشتنە حەوشە دانیشتنەکەی تێكداو هەر ڕایکرد چوە ژووری تاریك‌و نوتەکی ئازووقەو لەوێ خۆی لە کوژی‌یەك گرمۆڵە کردو توند قۆڵی ڕووتی لە لاقەکانی وەرهێنا • لە مەڵبەندی شارستاندا ، کە من‌و تەرجومانەکەم پێکەوە لە سەرشۆرك خۆمان دەشووشت هەموو جارێ کە لەسەر تەختە بچکۆڵەکە دادەنیشت دەستی هەر لەسەر کۆشی بوو چونکە ڕووت بوو ، چی لەبەردا نەبوو • لەلایەکی‌تریشەوە ئافرەت شەرمیان نەدەکرد لە ئاوێ بکەون • بە کۆمەڵ‌و لە دیار یەك لە ئاوی حەوز دەکەوتن کە دەچوون شتی تێدا بشۆن جا چ حەوزی ماڵی شێخ تەیفوور بێ لە تۆپزاوەو چ ئەوەی حەوشەی ماڵی شێخی سەرگەلوو بێ کە زۆر لە بیر دەچوو ، چ کانی ژنان بێ • کە لە ئاو دەکەوتن جلی خۆیان دەکردە چەپەر • لە ئاو کەوتنیان تایبەتی نەبوو ، تێکەڵلایی بوو • شوێنەکە کپ‌و هێمن نەبوو ، ئەوانیش نەیاندەویست وا بێ •

**زەماوەندو بووکگواستنەوە :**

لێن[١٤٢] دەڵێ عارەب ڕۆژی دووشەمو هەینی بووك دەگوازنەوە ــ واتە ئەو ڕۆژەی بووك بۆ زاوا دەبەن ــ کەچی بە گوێرەی قسەی هانگی[١٤٣] ناوچە ئیسلامی‌یەکانی سەر بە تورکیا یەکشەمو پێنجشەم بووك دەگوازنەوە •

ئەگەر بە پێی ئەم چوار زەماوەندە لێکی بدەینەوە کە لەبەر دەستمانن ئەوا لە کوردستانی خواروودا کەم تا زۆر پێڕەوی ڕێگای تورکی دەکەن • لەلادێدا ، دوو زەماوەندیان ڕۆژی یەکشەم کرد (١٦ی حوزێرانو ١٤ی تەمموزی ١٩٥٧) یەکێکیش ڕۆژی چوارشەم کرا (٢٢ی مایسی ١٩٥٧) کەچی لە سلێمانی یەك تاقە زەماوەند ئامادە بووم ئەویش ڕۆژی پێنجشەم کرا (٨ی ئابی ١٩٥٧) • پاشان تەرجومانەکەم بە نامە باسی زەماوەندی برای بۆ کردم کە ڕۆژی دووشەم کرابوو (٢٥ی ئابی ١٩٥٨) • ئێمە ناتوانین هیچ دەستوورێك لەم کەرەستە کەمەیە هەڵێنجین تەنانەت ئەوەش لای کوردان نی‌یە کە عارەب زەماوەندی ڕۆژی هەینی‌یان پێ خۆشە• بە لای موسلمانانەوە هەینی لە هەموو ڕۆژەکانی‌تری حەفتە گەورەترو پیرۆزترە • ئەو زەماوەندانەی لە تۆپزاوەو ڕەکاوەی تەنیشتی دیم هی مەڵبەندی ساکاری دێ بوون ، ئەو ماوەی لە کوردستانی خواروو بووم چینی بەرزی مەڵبەندی لادێ هیچ زەماوەندیان نەگێڕا •

★ ★ ★

ئەو سێ زەماوەندەی دیم ، دوویان پیاو دەوریان تێدا گێڕاو یەکێ ئافرەت • هەر سێ جار لە ماڵی زاوا بووم کە «بووك»یان بۆ هێنا هیچ جارێ دەرفەتم نەبوو بزانم لە ماڵی بووك چ دەکەن ؟

---

(١٤٢) لێن ١٩٤٤ ، ١٦٦ •
(١٤٣) هانگی ١٩٠٧ ، ٢٠١ •

لەو هەموو بووکانەی من دیم بووکیان لە دەرەوە هێنا بووکهێنـــان ئیشی پیاوان بوو [١٤٤] • سەعات شەشی بەیانی کۆمەڵە ترومبێلێکی کرێی پــڕ بووکنیی زەلام چوونە گوندی ماڵی بووك • بووکنی زۆربەیان خەڵکی دێ بوون ، باوکی زاوایان لەگەڵدا بوو بەڵام زاوا خۆی نەچووبوو لەگەڵ یەك دوو گەنجو خزم لەماڵەوە چاوەڕێی بووك بوون • هــەر چەندە کــە جوتیار زەماوەندەکەیان کرد بەڵام نوێنەری ماڵی شێخیش ، خۆی یان کوڕی، چوونە دوو بووك • کە بووکیان هێناو هاتنەوە ترومبێلێك هی بووك بوو و دوو ئافرەتی لەگەڵ هاتبوو : ئافرەتێکی خزمی کە نابێ دایکی بێو [١٤٥] ئەم ئافرەتەش کە پاشان دەچێتەوە ماڵی بووكو پەڕووی ڕووسپیــاتی دەباتەوە کە نیشانەی کچێنی بووکە • لە زەماوەندێکیتر کە لە ڕەکاوە کراو ترومبێل نەدەگەیشتێ بووکیان بە سواری ماینێکی سپی هێناو ژن بە پێ بــە گەڵی کەوتن • بۆیەش سواری ماین کرابوو گوایە تا منــداڵی ببێ • کە هــاتن گەیشتنە جێ ئەو ئافرەتانەی چاوەڕێن بووكو یاوەرەکانی دەبەنە ژوور ، کەچی زەلام یان لەسەر بانی خۆ یان لەسەر بانی دراوسێیەك کۆدەبنەوە ، لەوێ مافوور ڕادەخەن چ مافووری خۆیان بێو چ هی خەڵك بێو بۆ ئــەو ڕۆژە بیخوازنەوە ، پاشان نانی بووك دەخۆن • دەستووره هەر کەسێ لــە دووی بگەڕێتەوە دەبێ ئامادە بێ ئەوە ناڵێم ئەگەر هۆیەکی زۆر گــەورە هەبێ ڕێی لێبگرێ • لەلایەکیتریشەوە خانەخوێ ــ لێرەدا باوکی زاوا ــ دەبێ دڵنیا بێ کە ئەو زیافەتەی کراوە بە پێی دەســتووری ئیسلامــەتی لێندراوە [١٤٦] • ئافرەت چێشت لێدەنێن بەڵام پیاو دەیەن لەبەر زەلامــان

---

(١٤٤) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ٢٠٦ .

(١٤٥) هانگی ١٩٠٧ ، ٢١٦ باس دەکا کە لە ناوچە ئیسلامییەکانی بۆسنیا بووك ئافرەتێکی خزمی لەگەڵ دەچێ بەڵام دایکی قەت لەگەڵی ناچێ . هەروەها دەڵێ بووك ئافرەتێکیتریشی لەگەڵ دەچێ پێی دەگوترێ (جێنگیجا)و ڕێنمایی بووك دەکا ، (٢٠٨) .

(١٤٦) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٤ .

ڕیزی دەکەن • هەر پیاویش سەماوەر دادەخەن‌و چا دەگێرن[147]• هیچ ژنێ وا ناکا کە زەلام ببینن • خواردنی تاقمی ژنان‌و تاقمی پیاوان جودایەو هەر تاقمێك جوداو سەربەخۆیە • کە جەمەکە خورا ، زەلام لە گۆڕەپانی بچووك‌و نارێکی ناو مالآن شایی دەکەن • ئاهەنگی بووك‌گواستنەوە قەت لە ڕۆژێك[148] پتر ناخایەنێ •

شایی زەلامان خڕە • زەلام لە تەنیشت یەك دەوەستن ، دەستی یەك دەگرن‌و قۆلیان تێك هەلدەکێشن‌و شان دەدەنە شانی یەك • سەرچۆپی‌کێش دەسرۆکێك بە دەستەوە دەگرێ‌و هەلی‌دەشەقێنێ • شایی ئیوە بازنەیی‌یە کە هەنگاو داوێن قولەپی‌یان دەلەرێننەوەو شاقاو بۆ پێشەوە داوێن‌و دەکشێنەوەو لە هەمان کات‌دا بە هیواشی بۆ لای تەنیشت دەجوولێنەوە • ئەو شایی‌یەی لە بەلخە کرا وەکو کۆلۆ Kolo ی یۆگۆسلاڤی وایە• ویلسۆن[149] باسی ئەم وێکچوونەی کردوە • گوایە ئەم شایی‌یە بە ئەلقەیە لای لوڕی ئێران‌و[150] بەختیاریش[151] هەیەو لە ئەرناتیکا Arnautika ی گریکی دەکا • لە یۆگۆسلاڤیاو ئێران زەلام لە کاتی شایی کردن‌دا پشتێنی یەك دەگرن کەچی کورد دەستی یەك دەگرن[152] •

---

(١٤٧) ب : ئەوەی گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٠٥ لەبارەی عارەبەکانی فەلەستین باسی دەکا .

(١٤٨) سەیرە کە دەلێ ئاهەنگی بووك‌گواستنەوە «قەت» لە ڕۆژێك پتر ناخایەنێ . چونکە مەشوورو باوە کە زەماوەندی کورد حەفت شەوو حەفت ڕۆژ درێژە دەکێشێ‌و دۆل‌و زوڕناو شایی‌و ڕەشبەلەك دەگەڕێ ـ و .

(١٤٩) ویلسۆن ١٩٣٧ ، ٢٩١ .

(١٥٠) فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٥٧ .

(١٥١) بیشۆپ ١٨٩١ ، ٣٥٦ .

ـ گارنێت ١٨٩١ ، ١٣٢ : «وەکو (هۆرا)ی گریك وایە» .

(١٥٢) شایی کوردی زۆر جۆرە ، هەر ناوچەیەکی کوردستان جۆرە شایی‌یەکی تایبەتی خۆی هەیە ، وەکو :
=



شایی‌و زه‌ماوه‌ند . ده‌هۆڵ‌و زوڕنایه‌و زه‌لام پێچه‌ شایی‌یه‌ك ده‌كه‌ن (ره‌كاوه‌)

دۆڵەنگێوو زوڕناژەن دەهۆڵو زوڕنا لێدەدەنو یەکێکیان لەگەڵدایە بە تایبەتی بۆ پارە کۆکردنەوە • شاییکەرەکان پارە شاباش دەکەنو بـۆی داوێن ئەویش دەیقۆزێتەوەو لە کیسەی بەر پشتێنی دەکـا • دۆڵـەنگێو دەهۆڵەکە[153] بە پەتێکەوە لە مل دەکاو بە دوو داردۆڵ لێی دەدا : یەکێکیان دارێکی ڕاستو باریکەو ئەوەیتر ئەستوورەو سەری بە گۆمکە هەر یەکە بە دەستێکەوە دەگرێو لە لایەکی دەهۆڵەکەی دەدا• کە لە دەهۆڵ کوتانیش بوەوە هەردوکیان لێك دەبەستێ • زوڕنا[154] سەر بە گەرۆمەیە کە ئیشی پێنەکەن لێکی دەکەنەوەو دەبێتە دوو پارچە ، دەیانخەنە ناو یـەكو لەبـەر پشتی ڕادەکەن • چەند ڕۆژێ پێش زەماوەند زوڕناژەنو دۆڵەنگێو هاتنو لە چاخانەکەی دێ دەهۆڵو زوڕنایان بۆ زەلامان لێدا لە دوای نیوەڕۆوە تا سێ بەتری شەو چوو زەلام لەبەر ڕوناکی لۆکس شاییان کرد ، ئاوازەکـە مرۆی دەجۆشاند • ئێوارەیەکیان لە تۆپزاوە شایی بوو ، کوڕی شێخ بـە دەمانچەیەکی ، نازانم ئەوڕوپی بوو یان ئەمەریکی ، تەقەی کردو شایی پێ بەردان • ماڵی شێخ سێ چوار دەمانچەی وایان هەبوو • وەستانی بەینـی ئاوازەکانی [زوڕنا ـ و] لە هی مۆسیقای ئەوڕوپی کەمترە • لەباتی(١٢) تۆنی ئێمە ئەوان لەسەر (٧١) تۆن لێدەدەن • ئاوازەکە ڕێکیو هاوئاهەنگی تێدا نییە • هەروەکو یۆسـتروپ[155] دەڵێ ئـەم ئاوازە بۆ ئێمەمانان ووشكو ساردە• شمشاڵی شوانانیش هەبوو (٢٠ـ٣٠)سم درێژ بوو • هەروەها بلوێرو

---

شـایی شێخـانی ، سـێپێیی ، چۆپـەیی ، ئـایشۆکی ، بۆتـانی ، چەپە ، فەتاح پاشا ، ڕەوت ـ و •

سووسکەیی ـ و •

(١٥٣) هانگی ١٩٠٧ ، ٢٩ باسی دەهۆڵی وا دەکا لە بۆسنیا •

(١٥٤) ب : نیکیتـین ١٩٥٦ ، ١٠٩ •
ـ هـای ١٩٢١ ، ٦٢ •

(١٥٥) یۆسترۆب ١٩١٤ ، ٧٩ •

دووزەلە هەبوو کە های باسی دەکا (١٥٦) • منیش یەکێکم دەست کەوت بەڵام نەمدی لێی بدەن •

بە کورتی ، لە زەماوەندی دێ ، مەڵبەندی جوتیاران ، دەوری پیاوان ئەوەیە لەگەڵ ڕۆژەڵات دەوری سەعات شەش دەچن بووك دێنن و دەیبەنە ماڵی زاواو لەوێ نان دەخۆن • (زەماوەندێك لە ڕەکاوە کرا گوتیان بە یەکجار خواردنیان لەبەر ٣٠٠ زەلام دانا) پاشان پێچە شایی‌یەك دەکەن و دەوری سەعات چواری دوای نیوەڕۆ شایی بەردەدەن • شایی بەردان نیشانەی تەواوبوونی بەزم و گۆوەندە ئیدی هەر کەسە پەرتە دەکاو بەرەو ماڵ دەبێتەوە • لە لادێدا ، بێجگە لەو نەختەی کە زاوا دەیدا ، دایك و باوکیشی پارەی ئەو ترومبێلانەی دەچنە دوو بووك و پارەی خواردن و پارەی شایی‌یەکە دەدەن •

دەوری ژنانیش شان بە شانی دەوری پیاوان دەڕوا ، ئەوەندە هەیە ژن و پیاو تێکەڵ نابن • ئافرەتی خوندی چەند سەعاتێك پێش ئەوەی بووك لە توولە ڕێی شاخان دەربکەوێ و بگاتە جێ دەچن لە ماڵی زاوا کۆدەبنەوە • لەو زەماوەندەی کە من دیم لە نهۆمی سەرەوە هەیوانیان دایە ئافرەتان کە بەردەمەکەی ئاخەبانی بانێژەی ماڵەوە بوو و لەوێوە قادرمەی قوڕی بلندو نارێك دەچوە سەر بان • دیواری پشتەوەی هەیوانەکە دوو دەرگای تێدا بوو هەر یەکە دەچوە ناو ژوورێکی بچووك و یەکێکیان بۆ بووك تەرخان کرابوو • دۆشەکیان لە بن دیواری پشتەوە ڕاخستبوو تا بووك لەسەری دابنیشێ • پاروە نانێکی بە هەنگوینیان خستبوە ژێر دۆشەکەکە دەیانگوت ئەمە بۆ ئەوەیە تا بووك شیرین و نازدار بێ • بێ گومان ژنە خوندی‌یەکان منداڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو ، منداڵەکان هەر هێندێك لە تەمەنێك بوون ،

---

(١٥٦) های ١٩٢١ ، ٦٢ •
– گارنێت ١٨٩١ ، ١٣٢ : «جۆرە دووزەلەیەك» •

ئەوەندە زۆر بوون هەیوانەکە جمەی دەهات • جێگایەکی تایبەتی‌یان بۆ ژن‌و کچی شێخ لەسەر دۆشەکی بن دیوار دیار کردبوو • ئەو ماوەی چاوەڕێی بووك بوون جگەرەی کوردی‌یان گێڕاو ئافرەتێکی عازەبیش کە کچێکی پازدە ساڵی بوو چایەکی زۆر شیرینی گێڕا • کە تڕومبێلی بووك دەرکەوت زاوا بە خۆو بە دوو گەنجی خزمی کە ئەوانیش نەچووبوونە دوو بووك هاتنە ناو ژنان ، دایکی زاوا خانەخوێی (١٥٧) ژنان بوو • زاوا بە هاوکاری دوو گەنجەکە دارێکی دوو مەتر درێژی خۆش کردو چوو لە بەرامبەر دەرگای ماڵ لەسەر لێوی بان ڕاوەستاو ئافرەتەکانیش هەموو هەستان‌و بەسەر بان‌دا چوون دەورەیان‌دا • حەلوایان بەناو ئافرەتان‌دا بەشی‌یەوە • ئافرەتێك لە تەنیشت زاوا ڕاوەستابوو پەڕەورێکی (١٥٨) بە دەستەوە بوو کە بووکیان لە تڕومبێل هێنایە خوارێ ، دوو ژن گرتبوویان ، پووری‌و مامانی (١٥٩) ، بۆ ماڵەوەیان هێنا • ئەم بووکەش هەر وەکو بووکەکانی‌تر کە هاتبوونە دێ ، تارایەکی زەردو سورباوی شاش‌و ڕوونی بەسەر سەریدا دابوو و بەسەر دەم‌و چاوی‌دا (١٦٠) هاتبوە خوارێ ، جل‌وبەرگیشی (١٦١) هەر زەردی سوورباو بوو • هەر چەندە کە دونیا گەرمیش بوو بەلام ئەوەندەی جل لەبەر کردبوو بە ئاستەم لەبن دەجوولایەوە • کەمەری

---

(١٥٧) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ٢٠٦ لەبارەی موسلمانەکانی بۆسنیا .

(١٥٨) ووشەی fowl ی بەکارهێناوە کە مانای پەڕەورو مانای مریشکیش دەدا ــ و .

(١٥٩) مامان نی‌یە . مامان ئەوەیە سەرپەرشتی منداڵ بوون دەکاو ناوکی دەبڕێ . ئەمەی لەگەڵ بووك دەچێ پێی دەگوترێ (بەربووك ــ پێ‌خەسوو ) ــ و .

(١٦٠) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٣٣ باس دەکا کە لە فەلەستین بووك بە شێوەیەکی تایبەتی دادەپۆشرێ ، هەروەها لێن ١٩٤٤ ، ١٧٠ ، ١٧٧ باس دەکا کە لە میسر بووك بە شێوەیەکی تایبەتی دادەپۆشرێ .

(١٦١) ڕەنگی سوور ، بەختەوەری بەدەمەوەیە . ب : لێن ١٩٤٤ ، ١٧٠ . ــ نیکیتین ١٩٥٦ ، ١١٠ .

نەبەستبوو بەڵام ئەمەیان ناهەموار نەبوو چونکە ژن هەر بێ کەمەرن • وێ ناچێ ئەم بێ‌کەمەری‌یە بەو مانایە بێ کە گرانقیست لەبارەی عارەبە فەلەستینی‌یەکان باسی دەکات‌و دەڵێ بووك بۆیە کەمەر (١٦٢) نابەستێ تا منداڵی ببێ (١٦٣) • کە بووك گەیشتە بەر دەرگای ماڵ‌و هات پێ لە کۆسپەوە باوێتە ژوورێ پەڕەورەکەیان بەرەللا کردو بەسەر بووکدا فڕێ‌و باڵی لێکدا، لە هەمان کاتیش‌دا ، زاوا بە هەر دوو دەست دارە قوڕسەکەی قیت کردەوەو بە توندی لە تەوقی سەری بووکی دا • ئینجا بە خۆو بە گەنجە هاوڕێکانی لەناو ژنان بزر بوون‌و تا میوان لەوێ بوون دەرنەکەوتنەوە • هەر دوو ژنەکە بووکیان گرت‌و لە قادرمە سەریان خست • بە هەیوانەکەدا بردیان‌و لە ژوورەوە لەسەر دۆشەکیان دانا • دایکی زاوا بەخێر هاتنی کردو بەخێرهاتنەکەیشی وا بوو کە داهاتەوە سەری‌و یەکەم جار سەری خستە سەر شانی ڕاستەو پاشان خستی‌یە سەر شانی چەپە(١٦٤) • ئینجا تارای زەردی سوورباوی بووکیان لاداو ژن کەڕەسیسەیان کردو کردیانە قەڕەپەستە دەیانەویست ئەم ئەندامە نوێ‌یەی کۆمەڵەکەیان ببینن • دەیانگوت ئەم بووك‌و زاوایە پێش زەماوەند هیچ چاویان پێك نەکەوتبوو • یەکەم پەیوەندی‌یان ئەوە بوو کە کاتێ بووك گەیشتە جێ زاوا لە سەر بانڕا دارێکی لێدا • دوا بە دوای هێنانی بووك بارگەو جیازیشیان سەرخست کە بە تەختی بووك کرابوو و جل‌وبەرگی خۆی تێدا بوو : سندووقی بووکێنی کە

(١٦٢) ژن پشتێنێکی تەنك‌و باریك دەبەستن بۆ ئەوەی باخەڵی بەسەردا بێتە خوارەوە . جا لە کاتی لەبەرکردنی جلی بووکێنی‌دا ڕوو لە کوڕێکی بچووك دەکەن کە پشتینەکەی ببەستێ بۆ ئەوەی بووك نۆبەرەی کوڕ بێ — و .

(١٦٣) گرانقیست ١٩٣٩ ، ١٣٣ .

(١٦٤) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ٥٦ : «چاك‌و خۆشی کردنی بە دەست لەناو موسلمانان نی‌یە» — ٢٣١ : «موسلمان قەت دەم‌و کولمەی یەك ماچ ناکەن . یەکتر دەگرنە ئامێزو سەریان یەکەمجار دەخەنە سەر شانی ڕاستەو پاشان دەیخەنە سەر شانی چەپە ...».

پێشەوەی شووشەبەندەو بۆیاغ کراوە دۆشەکی بە لۆکەی تێدا بوو ، لەگەڵ ڕادیۆیێکی بە پاتری ، هێنایانە ئەو ژوورەی بۆ بووك تەرخان کرابوو •

بووك پشتی دەستیو سێ پێنکی لەسەر قلینجك کوترابوو • ناو لەپو سەرە پەنجەکانی لە خەنە گیرابوون • بە خەنە نەخشی ڕۆژو مانگی یەکشەوەو ئەستێرەی لەناو لەپ کرابوو • گۆرەوی لە پێدا بوو بۆیە نەمزانی داخۆ پێیشی لەخەنە گیراوە یان نەء ؟ گۆرەوی لە پێ کردنم تەنیا لای ژنە تورکمانەکانی مووسڵ دی •

ئەو دوو ژنەی لەگەڵ بووکدا بوون : پووری بۆ ئەوە هاتبوو حەفتەیەك لەم ماڵە نوێیە بمێنێتەوە کەچی ئەوەیتر بۆ ئەوە هاتبوو سبەینەی پاشتر پەڕۆی ڕووسپیاتی کە نیشانەی کچێنی بووکە(١٦٥) بیاو بچێتەوە سلێمانی ، بووکەکە لە سلێمانی هاتبوو • دەیانگوت ئەگەر دەربکەوێ بووك کچ نیە دەبێ پیاوێکی خزمی خۆی بیکوژێ •

چ خواردنیك بۆ پیاوان کرا هەمان خواردنیش بۆ ئافرەتان کرا • خواردنیان لەسەر سینی زل زل هێنایە ژوورێ • یەکەم جار ژن خواردیان ئینجا منداڵ • کە خواردن خورا ژن پەرتەیان کرد •

بەم جۆرە ، لەم مەڵبەندەی دێدا دەوری ئافرەتان بریتییە لە پێشوازی کردنو بەخێرهێنانی بووكو تەماشاکردنی بەزمی یەکەم پێوەندی بەینی بووكو زاوا کە بریتییە لەوەی پەڕەورێك بەسەر سەری بووکدا هەڵدەفڕێننو زاوا دارێك لەسەری بووك دەدا • پاش ئەم بەزمە ژن نان دەخۆنو کە نان خورا بەزمو ئاهەنگ تەواو دەبێ • خەسوو بووك بەخێر دێنێ بەڵام دایکی بووك کە دێن لە ماڵەوە کچەکەی دەبەن لەگەڵی ناچێو لە ماڵی زاواش ئامادە نابێ بووك بەخێر بێنێو بیداتە دەست زاوا • لەباتی دایکی کچە ، ژنێکی

(١٦٥) ب : نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٢ •

خزمیانو ئەوەی هێنانەوەی نیشانەی کچێنی پێدەسپێرن لەگەڵی دەچن •

لەبارەی ئەو پەڕەوورەی لەسەر سەری بووك بەرەڵلای دەکەن دەیانگوت جاران دەیانکوشتەوە بەڵام ئێستا تەنیا بەرەڵلای دەکەن • لێرەدا خۆشە کە گرانیست لەبارەی عارەبەکانی فەلەستین دەڵێ لە هەندێ شوێندا کە بووكو زاوا دەگەنە ماڵی زاوا حەیوانێك دەکەنە قوربانی[١٦٦] گرانیست ئەوەش دەڵێ کە بە پێی ڕەوشتی عارەبی پێخستنە ناو ماڵ شتێکـی زۆر گرنگـە چونکە هەموو جۆرە «جن»و عفریتو لەمە چێتر دەخزێنە ژووریێ• بێ گومان یەکەم هاتنی بووکیش بۆ ماڵی نوێی کارێکی زۆر گرنگو تایبەتیە[١٦٧] •

لەبارەی تورکە ئیسلامەکانی چینو تورکستانی رووسی ، کرۆن سەرنج بـۆ پاشماوەی (شامانیزم) Shamanism و ئولداری پێشینـان ڕادەکێشێو باسی ئەو شتانە دەکا کە پێش ئەوەی بووك بگاتە ماڵی زاوا لەوێ دەیکەن • کرۆن لە گرینارد ی وەرگرتوە کە دەڵێ : «هەر چەندە کە پەیوەندی نێـوان ئەندامەکانی هۆز زۆر پتەوە بەڵام ڕێ دەدەن ئافرەتێکیتر بێتە ناویانەوەو ببێ بە ئەندامێکی هۆزەکەیان» [١٦٨] •

بەلای منەوە ئەم کارە (دروشمی تێپەڕبوون)ە[١٦٩] کە زاوا هێشتـا بووکی نەناسیوە بە هەموو هێزی خۆیەوە دارێکی لە تەپڵی سـەری دەداو گەنجەکانی خزمیشی بە شێوەیەکی ڕەمزی پشتی دەگرن کە دەچن لە تەنیشتی ڕادەوەستنو دارە قوڕسەکەی لەگەڵ خۆش دەکەن •

بووك کە دوو ژن گرتوویانە ، هەر کە گەیشتە بەر دەرگا دەزانێ چی لێدەکەن • هەموو لا دێنە سەیری ئەم بەزمە کە بۆی هەیە لە بەدبەختی بووكو

---

(١٦٦) گرانفیست ١٩٣٩ ، ١٥٠ .
(١٦٧) گرانفیست ١٩٣٩ ، ١٤٩ ود .
(١٦٨) کرۆن . ئێس . ئێی ، ٣٠٣ .
(١٦٩) ب : بارث ١٩٥٣ ، ١١١ .

زاوا سەری بووکی کلۆڵ بشکێ بەڵام ئەمە داب‌و نەریتێکە ناتوانن لێی لابدەن . ئەم دارلێدانە لە دیار زەلامان نی‌یە بەڵکو لە دیار کۆمەڵی ژنانە . کرۆن لە لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە دەڵێ هەر چەندە کە دارلێدان بۆتە عادەت بەڵام مەبەست ئەوەیە کە بووك لە ماڵی باوکی دەردەچێ ، پێش ئەوەی یەکەم پەیوەندی جنسی ببێ ، هەر کە پێ لە کۆسپەی ماڵی نوێ داوێتە ژووری مانای وایە دەکەوێتە باوەشی ئەو ماڵە نوێیەوە . گراثیست دەڵێ لە فەلەستین پێش ئەوەی بووك بچێتە ناو ماڵی تازەی دەستی دەخاتە سەر دەرگاو زاوا سێ داری لە دەست دەدا . گراثیست لەم بارەیەوە قسەی نووسەرانی‌تری وەرگرتوە کە لێدانەکە ڕەمزە بۆ ئەوەی دوارۆژ زاوا دەستی بەسەر بووکدا بشکێ‌و ببێ بە خاوەن دەسەڵاتی ماڵێ(١٧٠). من نەمبیست ئەم لێدانەی بووکی کورد دەیخوا بەم جۆرە لێك‌بدەنەوەو من بڕوا ناکەم وا بێ(١٧١) . قوربانی دانی ڕەمزیانەی پەڕەورو لە بارەی ئەو دارەی زاوا لە بووکی دەدا هەندێ نیشانەمان هەیە کە بۆ شارستانێتی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە هەر وەکو نیکیتین باس دەکا شارستانێتی کوردی لە ئیسلام کۆنترەو لە زۆر لایەنی گرنگی ژیانەوە خۆی دەنوێنێ وەکو : لەدایك‌بوونی منداڵ ، ژن‌هێنانی گەنج ، ناشتنی مردوو (١٧٢) .

★ ★ ★

لە مەڵبەندی شارستانی سلێمانی‌دا دەرفەتم بۆ ڕەخسا بووك لە ماڵی خۆیانەوە ببینم ئەو ڕۆژەی کە بۆ دوای نیوەڕۆ بۆ زاوایان گواستەوە . ئاهەنگی ماڵی بووك بە پێچەوانەی ئەوە بوو کە پێش ئێستا باسمان‌کرد

---

(١٧٠) گرانقیست ١٩٣٥ ، ١٠٥ ، پەراوێزی ٢ .

(١٧١) خاتوو هێنی بڕوا بکەی باشترە چونکە هەر وایە ، لەناو کوردەواریش وا باوە ئەم دار یان قامیش‌لێدانە بۆ ئەوەیە زاوا سامی بەسەر بووکدا بکەوێ ــ و .

(١٧٢) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٤ .

هەرووەها بە پێچەوانەی ئەوە بوو کە من لە لادێدا دیم. ئەم ئاهەنـگە لـە مەڵبەندی خوێندەوار بوو • لێرەدا دەتوانین پەنجە بۆ لایەنی وێکچوون و جیاوازی هەردوولا درێژ بکەین •

لەم زەماوەندەدا ، پیاوەکانی ماڵێ ، واتە خزمی بووك سبەینێ زوو لـە ماڵەوە دەرچوون و تا ئێوارێ درەنگ نەهاتنەوە گوایە ئەو ڕۆژە لای زاوا بوون لەو خانوە دوو ژووریە شـارستانییە بچـووکەی بۆ بووك و زاوا گیرابوو و کەل و پەلی لێ داندرابوو ؛ چونکە ماڵی زاوا لە سلێمانی دوور بوو. بووك و زاوا کە هەردووکیان لە مەڵبەندی خوێندەوار بوون دەیانـەویست پاش چەند مانگێ لە گوندێکی وا ببنە مامۆستا کە قوتابخانەی کچانیشی لێ بێ • ئەو کەل و پەلەی بە نەختی بووك کڕابوو ، چەند ڕۆژێ پێش زەماوەند هەموویان برد لە ماڵی بووك و زاوا دایان نا • ڕۆژی پێش زەماوەند ژنەکانی ماڵی بووك لەگەڵ دەستە خوشکان چوون ماڵەکـەیان ڕێك خسـت • کـە خانوەکەیان وەرگرت بووك لەوێ نەبوو تەنیا زاواو خوشکی بووك لـەوی بوون • ئەم خانوە بوو بە ماڵی زاواو ئاهەنگیان لـەوێ گێڕاو بووکیـان گواستەوە ئەوێ • ئافرەتە خزمەکانی زاوا لە حەوشەو هەیوانی ئەم خـانوە بچووکە کۆبوونەوە بەڵام کارەکە نەختێ شێواو بارەکە تۆزێ شلەژا چونکە خوشکی بووك ، کە هەیوان و دوو ژوورەکەی ڕێکخست ، زۆر بەتونـدی گرتبووی ، هەر سێ ژووری کلیـل دابوو : ژووری نووسـتن و ژووری میوانان و ژووری ئازووقەی بێ دەلاقە ؛ بۆ ئەوەی ئەو منداڵ و تاڵانەی ماڵی زاوا لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بەو ژوورانە وەرنەبن و ماڵەکـە سـەراوبن نەکەن و تێك و پێکی نەدەن • ئەم ڕەفتارەی زیاتر لەوە دەچوو کە مەڵبەندی شاری پێ لە دەرەبەگی دێ گەورەتر بوو و لافی لەسـەر لێدەدان • تـا حەوشەی ماڵی بووك گرتی لە دوو ئافرەتی سلێمانیان گێڕایەوە ، هـاتن و ئەو ڕۆژەی کچەکە بە بووك چوو لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەگەڵیدا بوون و

که بووك سواری ترومبیل کرا ئەوانیش بە سواری ترومبێل کەوتنە شوێنی‌یەوەو بەناو شاردا سووڕانەوە • ئەم گەڕانە نیشانەی تەواو بوونی زەماوەندەو کە لە گەڕانەکە بوونەوە دەچنە ماڵی زاواو بووکی دەدەنە دەست •

ئەو ڕۆژە بووك لە بەیانی‌یەوە بە بەرگی کوردی لە حەوشە دانیشتو میوانی بەخێر هێناو چاو کێك‌و «شەربەت»یان گێڕا • هەرچی دۆشەك‌و مافوورو ڕایەخی ماڵەوە هەبوو هەموویان ڕاخست‌و ماڵ پڕ ژن‌و منداڵ بوو • دەوری سەعات سێ‌ی دوای نیوەڕۆ بووك لەگەڵ خوشکی‌و هەندێ ئافرەتی‌تر خزانە ژووری میوانان • بووك جلی خۆی گۆڕی‌و بوو بە (بووکێکی سپی)ی ئەوروپی ، لەباتی خشلی کوردی خشلی قەلپی بە خۆوە کرد• تارایەکی سپی بووکێنی کورت‌و تاجێك‌و دەسکەگولێکی کاغەزی سپی لەگەڵ کراسی سپی بووکێنی کردە بەر کە لە ئەتلەس بووو بە پوولەکە ڕازابووەوە • بووك بەم بەرگەوە ، لە ناوەندی حەوشە لەسەر کورسی‌یەکی داری نارێك دانیشت‌و هەموو ئافرەتەکان بۆ تەماشاکردن دەورەیاندا • بڕیار بوو سەعات پێنجی ئێوارە ترومبێلەکان بێن بەڵام نەختێ دواکەوتن‌و ماڵەکە هەموو تەنگاو بوون• ئەنجام ، کۆڵانە تەسکەکەی پێش ماڵەوە پڕ ترومبێلی زل زل بوو • ترومبێلی بووك قوماشێکی سووری زەردباوی بەسەر بۆنیتدا درابوو و تیلمە پەڕۆیەکی درێژی لە هەمان ڕەنگیشی لە دەورەوە ئاڵاندرابوو ، وای لێ‌هاتبوو دەتگوت پاکەتە چوکلاتە • لێرەش هەروەکو لادێ ، ڕەنگی سوورو زەردی سوورباو نیشانەی پیرۆزی‌و بەختەوەری‌یە •

ئینجا دایکی بووك لەو ناوە هاتە دەرێ‌و مامان (١٧٣) بووکی گرت‌و ڕۆیشتن • مامانەکە بۆ ئەوە چوو پەڕۆی ڕووسپیاتی بێنێتەوە کە نیشانەی کچێنی بووکەو بە تەما بوون هەر ئەو ئێوارەیە پێش سەعات دە ئیش تەواو

---

(١٧٣) هەروەکو گوتمان ئەمە مامان نی‌یە ، بەربووکە ــ و .

بێ • هەموو ئافرەتە میوانەکانیش سواری ترومبێل بوونو کەوتنە شوێــن بووك •

بە پێچەوانەی زەماوەندی لادێ کە سبەینێ زوو بەربووەی زەلام چون بە ترومبێل بووکیان هێناو کرێی ترومبێلەکانیش ماڵی زاوا دایان ، لێرە لە مەڵبەندی خوێندەوار ، سەعات پێنجی ئێوارە بووکیان بە ترومبێــل بۆ زاوا گواستەوەو ئافرەت لەگەڵی چوون • ماڵی بووك ترومبێلەکانیــان تێگەیاندبوو بێنو هەر خۆیشیان کرێی هەموانیان دا • ئەو ڕۆژە تــا ئێوارێ زەلام لای زاوا بوون بەڵام کە بووك گەیشتە جێ ماڵیــان چــۆل کرد • ژنەکانی ماڵی بووك لە ماڵی زاوا مانەوە • لەبەر ئەوەی ژنەکان لــە حەوشەو هەیوانو یەکسەر لە کن پەنجەرەی بووكو زاوا بوون ، بووكو زاوا ناچار بوون کشانەوە ناو ژووری بچکۆلانەی ئازووقە • دۆشەکێــکی زیادەیان لەوێ ڕاخست کە بۆ ئەوە بوو لە هەیوان لەسەری دابنیشنو لــە سەربان لەسەری بنوون •

لە زەماوەندی مەڵبەندی شار ، پاش حەفتەیەك ماڵی بووك زیافەتێکیان کردو پیاوی هەر دوو بنەمــاڵەیان داوەت کرد • بــاوکی بووك مــاڵخۆی ماڵەوە بوو • بێگومان ئافرەت خواردنیان لێنا بەڵام کە تێیــانکرد تــا دەرگەی ژووری میوانانیان بردو خۆیان نەچوونــە ژوورەوە • کە خواردن هەڵگیرا یەکسەر زەلامەکان هەستانو ڕۆیشتن • ئەم داوەتە تا ئەو ڕادەیەی کە مەڵبەندی شار ڕێ دەدا بێ ئافرەت کرا • هەر ئەو ڕۆژەش بووك پــاش بە مێردچوونی ، بۆ یەکەم جار هاتەوە باوەخوێدو خۆی شووشتو دراوی ملوانکەیان بە دیاری دایە کە بایی ٤٢ دینار بوو • ئەمەش لە پاداشتی ئەوە بوو کە سەری بنەماڵەکەی بەرز کردبووەوە • ئەو کاتەی لە ماڵی بــاوکی بوو کە باوکی لەوێ بوایە چارۆکەیەکی بەسەر سەریدا دەدا ، خوشکی دەیگوت

(ئەوە شەرم دەکا) ئەمەش نیشانەیەك بوو لە دیاردەی خـۆگرتنی نۆبووك لە بـاوکی •

**گرنـگی کچێنـی :**

زۆر لا ئەم دەستوورەیان پاراستوە (١٧٤) ، نیشانەی هـەرە دیـاری زەماوەند ، واتە بووك گواستنەوە الای تورك‌و عارەب‌و ڕۆژهەلاتی‌یـەکان بەگشتی کچێنی‌یە • کە خوشکی تەرجومانەکەمم لە حەوشەوە بە بەرگی سپی ئەوروپی بووکێنی‌یەوە بینی لە بارەی کچێنـی بووکەوە پرسـیارم کرد ، تەرجومانەکەم زۆر بە کورتی وەلامی دامـەوە : «ئـەگەر کچ دەرنـەچێ دەیکوژین» کەواتە ئەم بووکەش وەکو ئەو بووکانەی لەلادێ دیمن هەمان مەترسی لە پێش بوو ئەگەر بەربووك بە بەلگەی ئاشکرا پەڕۆی ڕووسپیاتی نەباتەوە ، بووك دەکوژن • کە پرسیم : ئەگەر شتی وا ڕێك‌کەوت کێ کچەکە دەکوژێ ؟ گوتیان : خزمێکی خۆی ، جا باوکی بێ ، برای بێ ، ئامۆزای بێ! تەرجومانەکەم ئەوەندەیشی گوت پێش ئەوەی کچەکە سزا بدەن چونکـە شەرەفی بنەمالەکەی دۆڕاندوە (بێ‌گومان میردی بریندار ی سـزای نادا ، بەلکو زەلامێکی خزمی خۆی سزای دەدا) دەبێ بیبەنە لای ئافرەتێك لەوانەی مندال لەبار ژنان دەبەن بۆ ئەوەی تەماشای بکا نەوەك بێ‌کچێنـی بـووك سەبارەت بە تێکچوونی باری تەندروستی‌و نەخۆشی‌و شتی وا بێ • دەیانگوت مالی بووك تا نزیکەی سالێك ئەو قوماشە سپی‌یە هەلدەگرن کە نیشـانەی ڕووسپیاتی کچەی پێوەیە بۆ ئەوەی وەکو بەلگە بە دەستیانەوە بێ نـەوەك مالی زاوا پەلپیان پێ‌بگرن‌و گومان بخەنە سەر شەرەفی کچە • بۆیەش تـا ماوەی نزیکەی سالێك هەلی‌دەگرن چونکە لەوانەیە تا ئـەوکاتە نۆبەرەیان بێ • پاشان پەڕۆکەکە دەشۆن‌و دەیخەنە ناو پەڕۆو پاتالی مالەوە •

---

(١٧٤) یۆسـتروپ ١٨٩٤ ، ٣٢٦ .
– نیبوور ١٧٧٢ ، ٣٥ ود .

لەبارەی ئەو شەرمو حەیایەی کورد هەیانەو لەبارەی ئەوەوەش کە زۆریان پێ ناخۆشە خۆیان ڕووت بکەنەوە ، دەبینین لاچوونی ئەو شەرمە لە یەکەم پەیوەندی جووتبوونەوە زۆر جێی سەرسوڕمانە • لەوانەیە زۆر مایەی هەراسانی بێ بۆ کچە ، هەروەکو بۆ کوڕەکەش ناخۆشە کە لە دەرەوە چاوەڕێی دەکەن زوو بە زوو بێتە زاوا • کە کوڕە بوو بە زاوا خۆی ڕێك دەخاتو دەچێتە دەرەوە ئینجا بەربووك دەچێتە ژوورەوەو زۆر بە چاکیو بە توندی ناوگەڵانی بووك بە پەڕۆی ڕووسپیاتی دەسڕێتەوە تا پەڕۆکە نیشانەیەکی زۆری پێوە بێ • نەمبیست هیچ بووکێ پاش گواستنەوەی بۆ سۆزی کوژرابێ •

های (١٧٥) دەڵێ کورد زۆر توندن دەرهەق شەرەفی ئافرەت بەڵام وا دیارە مەبەستی شەرەفی ئافرەتی بە مێردە ؛ چونکە دەڵێ : «ئەو ژنەی ••• خۆی بدۆڕێنێ یان سووڕ بزانن خۆی دۆڕاندوە مسۆگەر دەبێ لەناوی ببەن، جا چ مێردی بێ ، چ برای بێ ، چ هەر لێپرسراوێکیتری بێ • ئەگەر پێی نەکرێ بیکوژێ بە بێ ناموسی دادەنێن • گرنگترین شتیش لای کورد پاراستنی «ناموس»ە ••• » کەچی وایان لە من گەیاندوە کە تەنیا کچی مانگوڕی بێمێرد وا بە توندو تیژی ئاگاداری ناموسی دەکرێ •

لە بارەی پەڕۆی ڕووسپیاتیەوە نیکیتین (١٧٦) دەڵێ لە (١٩٢٢)ەوە بەرەو کزی دەڕوا • هەروەها دەڵێ : «ئەمە ڕوو لە نەمانە کە ڕەوشت وایە پەڕۆیەکی سپی (پسیار) لەسەر نوێنی بووكو زاوا ڕادەخەنو پاشان بۆ بەڵگەی کچێنی پێشانی دایكو باوکی بووکی دەدەن ••• »•

فیلبێرگ(١٧٧) باس دەکا کە لوڕی ئێرانی پەڕۆی ڕووسپیاتی بەکار

(١٧٥) های ١٩٢١ ، ٦٩ .
(١٧٦) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٢ .
(١٧٧) فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٣٥ .

دێنن • دیکسۆن [178] باس دەکا کە لەناو عارەبان ئەگەر کچێك لەم تاقی‌کردنەوەیە دەرنەچێ خزمێکی خۆی دەیکوژێ • ئەوەیشی دەخاتە سەر کە یەك جار بیستوویە : «••• کابرا ئەوەند مەرد بوو بە دزی وڵمە گۆشتێکی بە خوێن‌و خوڕی بردە ژووری بووك‌و پەڕۆی ڕووسپیاتی پێ سوور کرد» • ئەو زانیاری‌یەی نێریتەر لە ساڵی (١٧٠٣)وە دەربارەی عارەبانی نووسیوە دەتوانین بیخەینە پاڵ ئەمەوە : «زۆر دەگمەنە کە بووك ئەم هونەرە بزانێ» [179] •

**فرەژنی‌و دەست‌لێك‌بەردان :**

بە گوێرەی قورعان ، پیاو دەتوانێ لە یەك کات‌دا [180] تا چوار ژن بێنێ بەو مەرجەی پێی بەڕێوە بچن ، بەڵام لەسەریەتی بە یەك چاو تەماشای هەموویان بکات‌و ماوەیەکی هێندەی یەك (شەوو ڕۆژ) لای هەر یەکێکیان بێ [181] •

تەنیا مێرد مافی هەیە ڕاستەوخۆ پێوەندی ژن‌و مێردایەتی هەڵوەشێنێتەوە ، ئەویش کە بە ئاشکرا ژنی تەڵاق بداو بڵێ : «تەڵاقم دای» یان بڵێ : «هیچ هەقم بەسەر تۆوە نەما» • ژنەکە تا «عدە» [182] تەواو نەبێ ناتوانێ مێرد بکاتەوە • پێویستە ئەم ماوەیە خۆی بپارێزێ [183] • پیاو دەتوانێ دوو تەڵاق بخواو دەست لە ژنی بەر بدا بەڵام ئەگەر پاشگەز بووەوە

(١٧٨) دیکسۆن ١٩٥١ ، ٢٠٥ .
(١٧٩) نێریتەر ١٧٠٣ ، ٤٠٧ .
(١٨٠) سوورەتی ٤ ، ئایەتی ٣ .
(١٨١) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ٢٢٤ .
(١٨٢) سوورەتی ٢ ، ئایەتی ٢٢٨ .
– سوورەتی ٦٥ ، ئایەتی ٤ (سێ مانگ) .
(١٨٣) سوورەتی ٢ ، ئایەتی ٢٤١ .

دەتوانێ لەو ماوەی باسمان‌کرد (١٨٤) بێ بینەو بەرە ژنەکەی بێنێتەوە • خۆ ئەگەر سێ تەلاقی خواردبێ یان جاری یەکەم سێ جار دووبارەی کردبێتەوەو بشیەوێ ژنەکەی بێتەوە کنی ئەوە دەبێ ژنەکەی مارە بە جاش بکرێتەوە • واتە لە بنەوە لە کابرایەکی مارە دەکەن‌و کابرا دەچێتە لای‌و پاشان تەلاقی دەدا (١٨٥) • قورعان ، لە کاتی ژن‌و مێردێتی‌دا ، مەسەلەی خۆگرتنی قەدەغە کردوە کە دەکاتە نیمچە تەلاقدان واتە مێردەکە بڵێ : «وەك دایکم پشتت لە من بێ» کە ئەمەش پێی دەگوترێ (ظهار ــ پشتێنە) (١٨٦) لێرەدا ژن مافی ئەوەی نابێ چی لەکاتی مێردکردن هێناویەو چی خۆی پەیدای کردوە بیباتەوەو داوای مارەیی پاشەکی لە مێردی بکات (کە بە زۆری سێیەکی نەختی پێشەکی‌یە) ، هەر وەکو ناتوانێ مێرد [بەم کابرایە ــ و] بکاتەوە •

ئافرەتیش بەش بە حاڵی خۆی ، لە هەندێ هەڵویست‌دا ، دەتوانێ داوای تەلاق لە مێردی بکات • بۆی هەیە لە کاتی مارەبڕین‌دا پەیمانەکە ڕستەیەکی وای تێبخرێ ئەو مافە بداتە ژن کە هەر کاتێ مێردی پشت‌گوێی خست داوای تەلاقی لێ‌بکات‌و مارەیی‌یەکەی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بێت‌و بتوانێ لە بەردەم قازی‌دا ئیسپاتی‌بکا کە کابرا ئەرکی مێردایەتی خۆی بەرامبەر بەجێ‌ناهێنێ • ئەمەش بۆی هەیە هۆی نەخۆشی کابرا بێ‌و بۆیشی هەیە هەر زگماك بێ •

لە کاتی مارەکردن‌دا ، مێرد ئەرکی بەخێو کردنی ژن دەگرێتە ئەستۆی خۆی‌و بەرامبەر بەمەوەش ژنەکە منداڵی بۆ دەبێ واتە ئەو منداڵانەی دەبن هی مێردن • ئەگەر کابرا ژنەکەی تەلاق بدات‌و منداڵەکانی هێشتا سەرکەو بنکە بن ژنەکە منداڵەکان لەگەڵ خۆی دەباو کە نێرینە گەیشتە تەمەنی دوو

(١٨٤) سوورەتی ٢ ، ئایەتی ٢٢٩ •
(١٨٥) سوورەتی ٢ ، ئایەتی ٢٣٠ •
(١٨٦) سوورەتی ٥٨ ، ئایەتی ٢ ــ ٣ •
ــ سوورەتی ٣٣ ، ئایەتی ٤ •

سالی‌و[(١٨٧)] مێینه گەیشتە نۆ سالی (یان بوونە سەروعوزر شۆر) ئەو وەختە دەگەڕێنەوە لای باوکیان •

لە کاتی مێردکردندا ژن مەترسی تەڵاقدرانی لە پێشە (و هەوڵ دەدا چارەی ئەم مەترسی‌یە بەوە بکا کە داوای نەختێکی زۆر بکات‌و مارەیی پاشەکی زۆر دابنێ) • مەترسی ئەوەیشی لە پێشە کە مێردی ژنی بەسەر بێنێ کەچی پیاو لەوە دەترسێ کە نەتوانێ لەگەڵ ئەو ژنەدا بگونجێ کە ئافرەتەکانی ماڵەوە بۆیان دۆزیوەتەوەو زۆر جاری وا هەیە خۆی هەر چاویشی پێ نەکەوتوە • لەم حاڵەتەدا مافی تەواوی هەیە کە ئەو ژنەی تەڵاق بداو ژنێکی‌تر بێنێ •

دوای ئەوەی کە بە کورتی باسی یاسای ئیسلامەتیمان کرد بە پێی مەزەبی شافیعی کە مەزەبی کوردانە ئێستا هەوڵ دەدەم باسی تاقی‌کردنەوەی کورتی ئەو ماوەی خۆم بکەم کە لە کوردستانی خواروو بووم بۆ ئەوەی مەسەلەی فرەژنی‌و دەست لێك‌بەردانمان باش بۆ ڕون بێتەوە • من ئەم هەردوو دیاردەیە بە یەکەوە وەردەگرم ؛ چونکە وەکو لە خوارەوە دەردەکەوێ ئەم دوو دیاردەیە تێکچڕژاون‌و بە زۆری یەك سەبارەت بەوەی‌تر پەیدا دەبێ •

ئەو کاتەی من لەوێ بووم ، ئەو سێ چوار ماڵە دەرەبەگەی لادێ لێم‌کۆڵینەوە ، هەر یەکە تەنیا یەك ژنی تێدا بوو • لە ماڵە شێخەکانی تۆپزاوەو سەرگەڵووو شەدەڵەو سەرکان وا بوو • سۆن[(١٨٨)] دەڵێ لە سەرەوە بگرە تا خوارێ کورد هەمووی یەك ژن دێنن • ژنەکەیشی هەمان شتی دووپات کردۆتەوە[(١٨٩)] • ئەم قسەیە تەواو لەگەڵ تاقی‌کردنەوەی مندا ناگونجێ • لە تۆپزاوە ، ژنە نوێ‌کە پێنج منداڵی هەبوو ، ژی‌یان ١٨ ، ١٧ ، ١٣ ، ٨ ، ٦

---

(١٨٧) ب : لین ١٩٤٤ ، ١٠٢ •
(١٨٨) سۆن ١٩٢٦ ، ٣٩٦ •
(١٨٩) لیندفیلد – سۆن ١٩٣٥ ، ٤١٠ •

سالْ بوو • ئەم ماڵە زڕکچێکی ١٢ سالیشی تێـدا بـوو • جـۆری ژیانو شارستانێتی کورد منداڵی بیژیو بەرەللا بەخۆیەوە ناگرێ • شێخ لە ماوەی ١٩٣٩ ــ ١٩٤٨ دووژنی هەبوە • ژنە گەورەکەی ، کە تەنیا یەك منـداڵی هەبوو ، ڕەوانی ماڵی باوکی کردبوەوە •

خوشکی ژنەکەی ئێستای کە تەمەنی دەوری ٣٥ ساڵانە مێردی بە پیرە شێخێکی سەرگەلوو کردوە • دیارە لێرەدا مێرد دەتوانێ ژن لـە دوای ژن بێنێ چونکە ئەم ماڵە هەندێ گەنجی بەژنو ماڵو منداڵی تێدا بوو ، واتـە دەبێ شێخ پێشتر ژنی‌تری هەبووبێ • شـێخ بە زمانی خۆی گوتی گوایە بەدرێژایی ژیانی نۆزدە ژنی هێناوە • (های)ش (١٩٠) دەڵێ : « پیرە ئیبراهیم ئاغای دزەیی کە تەمەنی حەفتا ساڵ بوو نۆزدە ژنی هێنابوو »• تا ئەو ڕادەیەی من تێ‌ی گەیشتم مەسەلەکە وەکو ئەوە وایە کە لێن(١٩١) باسی دەکاو دەڵێ : «زۆر جار وا دەبێ کابرایەك ژنی هەیەو دەیەوێ کچێك یان ژنێکی‌تر بێنێ ، باوکی ئەم کچە یان ئەم ژنەی کابرا چۆتە داخوازی ، یان ئافرەتەکە خۆی داوا لە کابرا دەکا ژنی خۆی تەلاق بدا ، تا تەلاقی نەدا پێ‌ی ڕازی نابێ» • جـا ئەگەر کابرا بۆ ڕازی کردنی دلی کچەو ماڵەوەیان ژنی خۆی تـەلاق بـدا منداڵەکانی‌هەر لای خۆی دەمێننەوەو کە ژنە نوێکەی گواستەوە منداڵەکانی دێنـەوە نـاو ماڵێ •

دوو کچە ١٣ ــ ١٤ ساڵی‌یە هەراشەکانی ماڵی شێخی سەرگەلوو و سێ کوڕە بە ژنو ماڵەکەی ماڵی شێخی سەرکان نیشانەی ئەوە بوون کـە ئـەو شێخانە پێشتر ژنیان هێناوە گوتیان لەم ماڵەدا وەنەبێ هەر تەنیا شێخ پێشتر ژنی هێنابێ بگرە ژنەکەیشی پێشتر مێردی کردوە • ژنەکە بێوەژنی بـرای شێخ بوو ــ ئەمەش نیشانەی دوو مێردکردنی ژنە • بەم جۆرە ، لە مەلبەندی

---

(١٩٠) هـای ١٩٢١ ، ٤٣ ود •

(١٩١) لێن ١٩٤٤ ، ١٨٨ ود •

دەرەبەگایەتی دێدا دەست لێك بەردانو هێنانی ژن لە دوای ژنو مانەوەی منداڵی پێشووم بینی • بەڵام لەم مەڵبەندەدا نەمدی مێرد لە یەك کاتدا لە ژنێکی زیاتر هەبێ •

دیار بوو یەکژنی لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا زۆر باوتر بوو ، ڕەنگە ئەمەش سوخمەراتی باری ئابووری بێ • لەلایەکی تریشەوە ، لێرە ، دوو ژنم دی لەبەر ئەوەی مێردیان پێیان بەخێو نەکرابوون بە خۆو بە منداڵەوە ڕۆیشتبوون ــ لە تۆپزاوە ژنێك کوڕێکی دوو ساڵیو کچێکی چوار ساڵی هەبوو ، لە سەرکان ژنەکە کۆرپەیەکی تێرینەو کچێکی پێنج ساڵی هەبوو ، پاشان هەردووکیان مردن • ئەم ژنانە ببوونە کارەکەری ماڵە شێخەکانی تۆپزاوەو سەرکانو(١٩٢) نەچووبوونەوە ماڵی باوکیان • هەر لە مەڵبەندی ساکاری دێدا ، لەبەڵخە ، ژنێك ، هەبوو تەلاق درا بوو کوڕێکی دوو ساڵانی هەبوو ، بە خۆو بە کوڕەوە لە ماڵی باوکی بوو •

لە مەڵبەندی خوێندەواری شار ، ژنو مێردێکم بینی تازە ببوونە هاوسەر ، هەردووکیان مامۆستا بوون ( پێش ئەوەی ببنە هاوسەر یەکتریان دیبوو • ژنو مێردێکی ترم بینی ئەوانیش هەردووکیان مامۆستا بوونو دوو منداڵیان هەبوو (پێش ئەوەی ببنە هاوسەر چاویان بەیەك نەکەوتبوو) • لەم هەردوو بارەدا مێرد تەنیا یەك ژنی هەبوو و مارەیی پاشەکیان زۆر دانابوو بۆ کاتی تەلاقدران (یان بە بێوەژنی مانەوەی) ژنەکە •

---

(١٩٢) ب : هانگی ١٩٠٧ ، ٢٣٩ لەبارەی بۆسنیاوە :
« جاری وا هەیە ژن ناپاکی (خیانەت) لەگەڵ مێردی دەکا بەڵام بە زۆری تەلاق ئەو وەختە دەبێ کە مێرد بایەخ بە ژنو منداڵەکانی نەداو ڕووتو برسی‌یان بکا . ئەوحەلە بە زۆری خزمەکانی ژنە وەخۆی دەگرنو بەخێوی دەکەن ، وایش دەبێ ژنە دەبێتە کارەکەری ماڵە موسلمانێكو ئەوانیش وەکو ئەندامێکی خێزانی خۆیانی حسێب دەکەن چونکە وە خۆ گرتنی ئەم جۆرە ژنە پاداشتی زۆر گەورەیە لای خودا . »

مایەوە سەر مەڵبەندی نەخوێندەواری شار ، یان وا چاکە بڵێین مەڵبەندی ڕەسەنی شار کە هەر لەسەر ڕەوشتی کۆنو ڕەسەنی خۆی ماوەو کاریگەری ڕۆژاوا زەفەری پێ نەبردوە • ئەم مەڵبەندە ، کە لێم کۆڵیوەتەوە ، دیار بوو بنکەیەکی ئابووری باشیان هەبوو • بازرگانی بچووکی سایێمانیو کەرکووك بوونو نوێنەری کۆمپانیاکانی بەغدا بوون بۆ کەرەستەی کارەباییو پایسکلو سپێری ئۆتۆمۆبیل • ئەمانە لە ڕوانگەی بازرگانییەوە نوێنەری سەردەمی نوێ بوون بەڵام ڕێکخستنی ماڵەوەیان لەسەر شێوازی کۆن بوو • لێرەدا فرەژنی هەبوو و دەوری ئەم فرەژنییەم لە : ژیانی ڕۆژانەو ڕێکخستنی ماڵو بایەخدانی پیاو بە هەردوو هەوێو پێوەندی بە منداڵی هەر ژنێكو دابەش کردنی کار لە بەینی ژنەکانەوە بینی • کابرا تەنیا دوو ژنی هەبوو • قورعان ڕێی داوە پیاو لە یەك کاتدا ، چوار ژنی هەبێ ــ کە سامانی زۆرو پایەی بەرزی گەرەکە ؛ جا بۆیە ئەم دیاردەیە تایبەتی بوو بە چینە بەرزەکانی کۆمەڵ هەروەکو لە وڵاتە عارەبەکانو لە تورکیاش تا هاتنی ئەتاتورکو شۆڕشی ١٩٢٠ ئەم دیاردەیە تایبەتی بوو بە خانەدانو دەولەمەندو پایەدارەکانی کۆمەڵ •

ئەو ماڵەی لە کەرکووك لێی بووم دەستووری یەکسانی هەر دوو هەوێی زۆر بە ووردی لێ بەدی دەکرا • ژنەکان لە دوو خانووی جودادا بوون(١٩٣) • خانوەکان وەکو یەك وا بوون • هەردووکیان ژووری نووستنو ژووری میوانانیان هەبوو ، دالانێکیان بەین بوو لە دەرگاوە دەچوویتە ناویو لەو دیو کە دەردەچووی دەکەوتییە ناو حەوشێکی پڕ دارمێو • لە هەردوو خانوودا دەوراندەوری حەوش ناندینو ئاودەستو سەرشۆرکو شتی وا

(١٩٣) ب : لێن ١٩٤٠ ، ١٨٩ : « خانوویەکی سەربەخۆ ... یان کۆمەڵە شوقەیەك ( کە بریتییە لە ژوورێکی نووستنو رابواردنی ڕۆژ ، مەدبەقێكو ئاودەستێك ) کە دەشێ سەربەخۆ بێو لە هەموو شوقەکانیتری هەمان خانوو دابڕابێ ...» •

بوو • پێ بلقە چیمەنتۆ بوو • هەردووك پێکەوە کرابوونو لەسەر یەك پارچە عەرد بوون بەڵام دەرگای سەر جادەیان جودا بوو • هەر ژنەو ماڵی سەربەخۆ بوو و پەیوەندی بەوەی‌ترەوە نەبوو • ژنەکان تەمەنیان لێك نزیك بوو ، لە دەوری سیو پێنج ساڵی‌دا بوون • منداڵیان نەبوو (جا ئایا لەباریان چووبوو ، عەمەلیات کرابوون ...) هەردووکیان بە جودا جودا چووبوونە حەج • کەلو پەلی ناوماڵیان وەکو یەك وا بوو • مێردەکە پێویستی ڕۆژانەی هەردوولای دەکڕیو بە نۆرە هەر شەوو ڕۆژێك لای یەکێکیان دەبوو واتە ئەو ماوەی پیاو لە ماڵەوە ڕادەبوێرێ کە لێرەدا بریتی بوو لە ناشتا کردنو شێو خواردنو نووستنی شەو • ژنەکان هاتو چۆی یەکیان دەکرد بەڵام هەرکەسە سەربەخۆ بوو • سەرەنجی سەرەکی من ئەوە بوو وام هەست دەکرد کە ئەمانە دوو ماڵنو کابرایەك بە نۆرە سەریان لێ‌دەدا ـ نەك یەك ماڵ بێو مێردەکە دوو ژنی هەبێ •

ماڵێکی‌تر کە دوو ژنی تێدا بوو ماڵی تەرجومانەکەم بوو لە سلێمانی• ئەم ماڵە کۆنە تەلاقدانێکی تێدا قەومابوو • بۆیان باس کردم چۆن کابرا ژنە نوێ‌کەی هێنابوو • ژنە گەورەکە ساڵی ١٩٥٧ تەمەنی لە بەینی پەنجا شێست ساڵی‌دا بوو • بە ووردیو بە تەواوی نازانن تەمەنیان چەندە ؛ چونکە ژن تەنیا پاش گۆڕانو پێش گۆڕانی گەورەی ژیانی خۆی دەزانێ • ژنە گەورەکە لە خۆ گەڕابووەوە • گەورەترین منداڵی کە مابوو ٢٦ ساڵان بوو • ژنی گچکە تەمەنی بۆ چل ساڵی دەچوو و گەورەترین منداڵی ١٩ ساڵان بوو• کابرا وەختی خۆی بە بازرگانی چووبوە گوندێك ، چاوی بەو کچە کەوتبوو، ئەشقی ببوو و پاشان چووبوە داخوازی • بێ‌گومان تا پرسی بە ژنی گەورەی نەکردبوو و هەرێی پێ‌نەدابوو کە ئەو ژنەی تازە دەیهێنێ بۆ ئەوەیە لە کاروباری ماڵەوە یاریدەی بداو هەردوو ژنو منداڵە بچووکەکەش پێکەوە دەبن ، ئەو ژنەی نەهێنا • بەڵام ئەم دوو هەوێیە زۆر پێکەوە هەڵیان

نەدەکرد • ژنی یەکەم ، یان بلێین ژنی گەورە بە هەموو بارگەو تەدارەکەوە چوەوە ماڵی باوکیو سێ منداڵی لەسەرو کۆکلی کابرا بەجێ هێشت کە ٦ـ٧ ساڵان بوون • کە ئەم منداڵانە پێڕاگەیشتن دەسەر باوکیان کرد کە دایکیان بێنێتەوە • ژنە بە پێی دەستووری یاسا مارە بـە جـاش کراو هـاتەوە • تەرجومانەکەم باسی کرد کە دایكو باوکی پێکەوە نین بەڵام ژنـە مـێردی لەگەڵدا بوایەو لەگەڵیدا نەبوایە گرنگ نەبوو چونکە کەوتبوە ناو ساڵانەوە، تەمەنی لە بەینی پەنجا شێست ساڵیدا بوو • ئێستا با بزانین پێوەندی ڕۆژانەی ئەم دوو ژنە چۆن بوو ؟ لە «قوربان بەیرەم»دا(١٩٤) کە دەچوونە میوانداری کابرا هەردوو ژنی دەبرد • ژنی دوەم بۆ کوڕی ژنی یەکەم چوە داخوازی • ژنی یەکەم لانکی قنـۆرەی چوار مانـگی ژنی دوەمی دەژەنـیو ژیـری دەکردەوە • کە قنۆرەی ژنی دوەم مرد ، کچی ژنی یەکەم کە تازە مـێردی کردبوو بە جلی ماتەم (واتە بێ خشڵ) هاتەوە ماڵی باوکی • تەرجومـانەکەم کە کچی ژنی یەکەم بوو ، لە ڕووی هەستو سۆزو ئابووریـیەوە لەگەڵ خوشكو براکانی چۆن بوو (وەك ئەوەی کە لە بەغدا پێڵاوو دیاریو بەرگی منداڵانی بۆ کڕین) ، لەگەڵ زڕخوشکە بچووکەکەیشی دەق وا بوو • کـە کچی ژنی یەکەم هات بە مێرد بچێو ئافرەتەکانی ماڵەوە نەخشەیان بۆ ژیانی دواڕۆژی ئەم ژنو مێردە نوێیە دادەنا کە لەیەك گوند مامۆستا بـوون ، تەگبیریان کرد دایکی بووك کە دەکا ژنە گەورەی مـاڵێ بچێ لـەوێ لـە ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوە هاوکاری کچـەکە بـکاو کە سـبەی ڕۆژێ منداڵیان بوو چاوی لێ بێو بە ڕۆژ ، کە بە پێی دەبـستووری ناوچەکانی ئیسلامەتی پیاو زۆربەی وەختی لە دەرەوە ، لەناو زەلامان ، ڕادەبوێرێ ،

---

(١٩٤) خاتوو هێنی لێرەو لەمەودواش هەر کاتێ باسی جەژنی قوربان بـکا دەڵێ (قوربان بەیرەم) . کورد قەت ئەم زاراوەیە بەکار ناهێنێو بە جەژن ناڵێ (بەیرەم) . ڕەنگە ئەم ووشە تورکییەی لەو ماڵە بیستبێ کە لـە کەرکووك چوبوە سەردانیان ــ و .

بێ به ئاوەنگی کچەکەی • ژنی دووەمیش که دەکاته ژنی گچکه له سلێمانی لەگەڵ هەر نۆ منداڵی خۆی (یەکێکیان کچ بوو و به مێرد درابوو )و هەر سێ منداڵی گەورەی ژنی یەکەم‌و مێردەکەشی که ژمارەیان دەگەیشته ١٤ سەر خێزان ، له ماڵەوه بمێنێتەوه • تەگبیرەکەیان زۆر پێ چاك‌و بەجێ بوو• هەموو کچەکان به پێچەوانەی دایکیان که دەگەیشتنه تەمەنێکی تایبەتی‌یەوه دەچوونه مەلبەندی خوێندەوارو له ماڵ دوور دەکەوتنەوه بەمەوەش ئەرکێکی زۆر گرانیان دەخسته سەر ئەستۆی هەر دوو ژنی ماڵەوه بەتایبەتی زستانان، وەکو : چێشت‌لێنان ، نان‌کردن ، شت‌شووشتن ••• هتد • هەر دوو ژن به یەکسانی ئەم ئیشانەیان دەکرد بەڵام ئەم ئەر که بۆ ژنی گەوره گران بوو • ژنی گەوره که لەگەڵ کچی نۆبووکی بچووبایه لادێ باری سووکتر دەبوو• له سلێمانی ڕەوای هەق نەبوو ، له ماڵەوه ژنێکیان ئەرکێکی زیاتر بخاته ئەستۆی ژنەکەی‌تر • به پێچەوانەوه زۆر به ویژدانی ئیشیان دابەش دەکرد• ئەوەی چای لێ‌دەنا بۆ هەموو خێزانەکەی لێ دەنا • ئەوەی چێشتی لێ دەنا یان جلی دەشووشت ، ئەویش هەر وا • بەم جۆره ، به هەر دوو ژنەکان ئیشی ماڵەوەیان ڕادەپەڕاندو منداڵەکانیش بەقەد یەك ڕێزی دایك‌و زڕدایکیان دەگرت •

کەواته لەم بارەدا ، کابرا کچێکی جوان‌و پەلەستووری له گوندێك دیبوو ، وەکو ئەوڕوپی‌یان گۆتەنی حەزی لێ کردبوو، پرسی به ژنی یەکەم کردبوو ئەو ژنەی بەسەر هێنابوو • بۆیەش تووشی تەڵاق‌دان هاتبوو چونکه ئەو دوو هەوێ‌یه لەگەڵ یەك نەحەوابوونەوه •

وەك نموونەیەکیش بۆ ناتەبایی میزاج ئەوه دێنینەوه که مێردێك ژنەکەی به خۆو به هەر دوو منداڵی بچووکەوه ناردبووەوه ماڵی باوکی • کابرا زۆر له ژنەکه به تەمەنتر بوو ، زۆر دەوڵەمەندیش بوو بەڵام دەیانگوت ئەوەنده قرچۆکه نەبێتەوه • ژنەکەیشی بەم شتانه ڕازی نەبوو • پێش ئەوەی بێمەوه

بیستم کابرا له تەڵاقەکەی پەشیمان بۆتەوە ، تەڵاقی سێ بە سێ نەخواردبوو، بۆیە تەواو نەکەوتبوو • جا بە تەما بوو تا ژنەکەی «عده»ی نەچوە بیهێنێتەوە•

کابرایەك هەبوو لە بنەماڵەی تەرجومانەکەم ، زڕبرای زڕدایکی تەرجومانەکەم بوو ، ژنێکی بیستو پێنج ساڵی هەبوو • ئەو وەختەی مێردی پێ کردبوو تەمەنی یازدە ساڵ بوو • چوار کچی لێ ببوو • دوویان ( کە ٧ ساڵیو ٢ ساڵی بوون) مابوون • لەبەر ئەوەی هەموو منداڵەکانی مێینە بوون ، دۆستو دراوسێش دنەیان دەدا ، دەگەڕا ژنێکیتر بێنێ بەڵکو کوڕێکی لێ ببێ • سێ جار بۆی چووبوونە داخوازی هەر سێ جار شکستی هێنابوو • کابرا تەمەنی بۆ چل ساڵی دەچوو • دیار بوو ژنەکەی بەم کارە قەڵس بوو ، ئاخر سەر بە هەوێیی ناخۆشە ، زەحمەتە لەگەڵ ژنی نوێ هەڵ بکا بێجگە لەمەش ئەوەی لە پێش بوو کە لەوانەیە ژنە نوێکە بەو مەرجە ڕازی بێ مێردی پێ بکا کە ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا ، یان ئەگەر بێ ئەو مەرجەش ژنی هێنا لەوانەیە هەر دوو هەوێ پێکەوە نەحەوێنەوەو کابرا ئەم ژنە کۆنە وەدەر بنێ •

بە کورتی : لەناو کوردانەدا ، فرەژنی لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شار هەیە • بەڵام لە دوو ژن تێناپەڕێ • لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتیدا ئەوە هەیە کە پیاو ژنێ بێنێو منداڵی لێ ببێو تەڵاقی بداو ژنێکیتر بێنێو لەگەڵ منداڵەکانی ژنی پێشوو ، هەموو پێکەوە بژین • لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا یەکژنی باوە • ڕەنگە ئەمەش سەبارەت بە باری ئابووری بێ • هەروەها یەکژنی لە مەڵبەندی خوێندەواری شاریش باوی هەیە •

★ ★ ★

# مردن

«خەستەخانە» لە شارەکانی وەکو هەڵەبجەو سلێمانی هەیە ، بێگومان لە شارە هەرە گەورەکانیش هەیە • لە هەڵەبجەدا دیم بەشی پیاوان تەنیا برینپێچی پیاوی تێدا بوو • گوندەکان دختۆریان نەبوو • بۆ نموونە ، تەنیا سەرگەڵوو برین پێچێکی پیاوی مەشق پێکراوو هەندێ داوو دەرمانی (١٩٥) لێ بوو • لەبارەی خزمەتگوزاری پزیشکییەوە ، ساڵی ١٩٥٧ کە ئەنفلۆنزای ئاسیایی لە سلێمانی بڵاوبوەوە باوکی تەرجومانەکەم ڕازی نەبوو دختۆر بێننە سەر هیچ نەخۆشێك یان هیچ نەخۆشێکی ماڵەوە بە ترۆمبێل ببەنە لای دختۆر • هەر لەو ماڵەدا ، دایکی تەرجومانەکەم بۆ ئازاری پشتو بۆ (تا) دەرمانی بەکار نەدەهێنا • لەسەر عەرد لەسەر قەلیسکان دادەنیشتو پشتی کووڕ دەکردەوەو کچێك بەسەر پشتی دەکەوتو بەم جۆرە پشتی دەشێلا • لە تۆپزاوە ، منداڵێك (تا)ی هاتێو ڕۆژی پاشی بردیانە نەخۆشخانە بچووکەکەی دووکان ، ڕۆژی پێشتر کە تازە تای هاتبوێ پیرەژنێك ڕووتی کردەوەو هەموو لەشی بە کەرەی تازە چەور کرد •

نەخۆش تەنیا ئەو کاتە دەکەوێتە ناو جێ کە خۆی لەسەر پێ ڕانەگرێ• لە سلێمانی ، ئەوانەی نەخۆشی ئەنفلۆنزایشیان لێبوو ، ئێواران دەیانبردنە میوانداری هاوسێکان • بۆ سەرێشە پەڕۆیەکیان لە ئێوچەوانیان (١٩٦) دەپێچاو ئەوەی سەری بهێشایە دەچوو لە ماڵەوە دەنووستو پاشان بۆ ئێوارێ ئینجا دەردەکەوتەوە • کە پەتای ئەنفلۆنزا بڵاوبوەوە هەوڵیان نەدەدا قاپو قاچاغی خواردنو خواردنەوەی نەخۆشەکان لە هی ئەوانەیتر جودا

(١٩٥) ب : گاوان ١٩٣٨ ، ٢٠٢ :
«ئەجزاجانەیەکی بچووك لە بارەگای هەموو بەڕێوەبەرایەتییەك ... لە هەموو پۆلیسخانەیەك ... هەیەو دەرمانی تێدایە ...»

(١٩٦) ب : گرانفیست ١٩٤٧ ، ٧٤ لەبارەی فەلەستینەوە .



چارەی باداری . کچێك بەسەر پشتی دایکی کەوتوە (سلێمانی)

بکەنەوە . زۆر تفیان لە حەوشە لەسەر بانو لـە ژووری ڕوو دەکرد(۱۹۷) . دەستو لاقی شکاویان خراپ دەگرتەوەو کابرا سەقەت دەبوو . من شـتی وام لە سلێمانیو سەرکان لە منداڵی بچووك بینی . شریقەی دژی ژەهری مار (تریاك) لە گوندان نەبوو . سەپایێك لە تۆپزاوەو منداڵێك لە بەڵخە مـار پێیەوە دانو بە سواری ئەسپو ئینجا بە ترومبێل یان پەسـت ماوەیـەکی زۆریان بڕی تا گەیاندنیاننە نەخۆشـخانە بۆ چارەسـازی . لەو بەشـەی کوردستان کە من لێ بووم D. D. T. یان دەڕشـاند بۆ قەلاچۆکردنی

(۱۹۷) ب : دیکسۆن ۱۹۵۱ ، ٦١٨ کە لەبارەی بارو دۆخی کوێت قسەی سی . ئیس . گی . میلریا ی وەرگرتوە .

مێش‌و مەگەز • هەر ماڵێکیان بڕشاندایە ئەم پیتانەیان لەسەر دیواری دەنووسی • بە قسەی ویلکنسۆن (١٩٨) لە گوندان ساڵ بە ساڵ ماڵان دەڕشێنن •

هەر چەندە جێگایان کەم بوو بەڵام ئەگەر بشیانتوانیبایە ژووری تایبەتی بۆ نەخۆشان تەرخان بکەن ، نەخۆش‌و مردوویان جودا نەدەکردەوە •

**نـاشتن :**

ئەو ماڵانەی لە کوردستان لێیان بووم ئەو ماوەیە هیچ کەسی گەورەیان لێ نەمرد • بەڵام لە میرزا ڕۆستەم دوو شتم لە دەرەوەی مزگەفت بینی‌و لێم کۆڵینەوە ، کە بۆ شووشتن‌و هەڵگرتنی مردوو بەکاری دێنن • یەکیان مەشفەن یان بڵێین تاتەشۆر بوو • مەشفەن مێزێکی لاکێشەیی گەورەیەو چۆکێك بەرزە ، تەختەی سەری زۆر توندو پتەوە ، پێچکەکانی ئەستوورن ، مردووی لەسەر دەشۆن • ئەو ماڵەی مردوویان لێبمرێ دەچن مەشفەن لە مزگەفت دێنن‌و پاش سێ ڕۆژ دەیبەنەوە مزگەفت • دارەبازەیەکیش لە تەنیشت مەشفەنەکە هەبوو • دارەبازە قەفەزێکی لاکێشەیی‌یە ، بنی پانەو پێچکەی قوتە ، لە هەر سەرێکەوە دوو دەسکی پێوەیە بۆ هەڵگرتن ، ئەمەش هەر هی مزگەفت بوو •

بەرگێکی بێ دورمان لەبەر مەیتەکە دەکەن‌و بە کفن دەیپێچن ، بە بێ تابووت دەیخەنە ناو دارەبازەو هەڵی دەگرن دەیبەنە گۆڕستانی دەرەوەی شار (١٩٩) • هەمان شت لە عارەبستان‌و (٢٠٠) میسریش (٢٠١) هەیە •

ئەو ماوەی لەوێ بووم ، ئەو خەڵکەی لایان بووم ، دوو منداڵیان لێ مرد : کچێکی بچووك‌و کوڕێکی بچووك • هەر چەندە کە جەنازەکان هی

---

(١٩٨) ویلکنسۆن ١٩٥٨ ، ٦٢ •
(١٩٩) ب : نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٢ •
(٢٠٠) دیکسۆن ١٩٥١ ، ٢٠٩ •
(٢٠١) لێن ١٩٤٤ ، ٥١٨ •

منداڵان بوون بەڵام من جیاوازی تایبەتیم لێ دیتن ، کە لە جەنازەی گەورانیش بەرامبەریان هەبوو • کە منداڵەکە مرد یەکسەر لەناو لانك دەریان هێنـاو لەسەر عەرد ، لەسەر ڕایەخێکیان دانا •

دوو منداڵەکە یەکیان پێنج ساڵان‌و یەکیان شەش مانگان بوو • کە کچە بچووکەکە مرد درێژیان کردو خاولیەکیان بەسەردا دا • هیچ دختۆریـان نەهێنا وەفاتنامەی بنووسێ : دەیانگوت شتی وا پێویست ناکا بۆ منداڵـی بچووك ، پاشان دەسەڵاتداران ئاگادار دەکەینەوە • لەبەر ئەوەی دەبوایـە هەمان ڕۆژ جەنازەکە بنێژن زەلامێکی ماڵەوەیان ناردە بازاڕ خـام بۆ کفن بکڕێ • لەولاوەش ئافرەتەکانی ماڵەوە ئاویان گەرم کرد مەیتـەکەی پـێ بشۆن • شووشتنەکە بریتی بوو لە دەستنوێژ پێ‌هەڵگرتن ، واتە شووشتنی دەست‌و باسك‌و پێ‌و تەڕ کردنی پێشەسەر ، لەگەڵ شووشتنی سەراپای لەش بۆ ئەوەی دابی پاك‌و خاوێنی تەواو مسۆگەر بێ (٢٠٢) • کچە هی مـاڵی دراوسێی تەرجومانەکەم بوو ، ئەوەی من لە سلێمانی لە ماڵیـان بووم • ئەو خانوەی تێیدا بوون کاتی خۆی خانووی دەوڵەمەندێـك بوو بـەڵام ئێستا ببوو بە بینایەکی شڕ‌و هەژارانە‌و چەند خێزانێکی تێدا بوو • خانوەکە جۆگایەکی لە ناوەڕاستی حەوشە تێدا بوو ماڵەکان ئـاوی ڕێژەوپێژەیـان لێ‌دەبرد • مەیتەکەیان بەم ئاوە نەشووشت چونکە پێیان پاك نەبوو • ڕەنگە نەخۆش کەوتن‌و مردنی منداڵەکەش هەر لەبەر ئەم ئاوە پیسـە بووبـێ • لەبەرئەوەی ماڵی تەرجومانەکەم ئاویان ڕاکێشابوو چوون هەندێ تەنەکە ئاوی پاکی شارەوانی‌یان لەوێ هاورد • مەنجەڵێکی گەورەیان لە حەوشە وەسەر ئاگر نا • دایك‌و داپیرو پووری منداڵەکە لە ژوورەوە لە تەنیشت جەنازەکە دانیشتبوون دەگریان‌و دەیانلاواندەوە • ئەم گریانەی بۆ مردوو دەیکـەن ڕەوشتێکی کۆنەو هەر چەندە پێچەوانەی باوەڕی ئیسلامـە بـەڵام هـەر

(٢٠٢) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٧٠ •

ماوە[٢٠٣] • ئافرەتاکانی‌تریش لە دەوری ئەم سیانە دانیشتبوون بەڵام چ پیاو لەوێ نەبوو • باوکی منداڵەکەو هەندێ زەلامی‌تر لەو سەری حەوشە ، لای قەتەرە دانیشتبوون چاوەڕێی دەوری خۆیان دەکرد لە ناشتنی منداڵەکە • پاش قەیرێ مەیتشۆر هات هەندێ خامی لەبن کەوش بوو • لەبەر ئـەوەی مردوەکە مێیینە بوو دەبوایە ژن کفنی بۆ بکەن[٢٠٤] • خامی کفنی منداڵەکە ٥ر٣ یارد بوو • مەیتشۆر بە بێ چەقۆو مقەس خامەکەی کردە چەند پارچەیەك، هەر پارچەی بۆ شتێك • یەکەم جار لێوارەکانی لای درێژایی لێ‌کردەوە (ئەو لێوارانەی چنراون) • بەژنی منداڵەکەیان لە تەوقی سەری‌یەوە تا بنی پێی بە خامەکە پێوا لە هەر سەرێکەوە نزیکەی ١٥و• مەتریان زیاد دایە بەرێو خامەکەیان بە بەرینایی بڕی • لەم دوو پارچەیە گەورەکەیان وەلا نا ، ئەمە بۆ ئەوە بوو لەسەر پارچەکانی‌تر لێی بپێچن • ئەو خامەی مایەوە کردیانە چوار پارچە، دووی لاکێش‌و دووی چوار گۆشە • لەم پارچانە پارچەیەکی لاکێش‌و دەرزی‌و داویان دایە ژنێك ــ کە ناسیاری ماڵەکە بوو خزمی نزیکی منداڵەکە نەبوو ــ پارچەکەی دوری‌و وەك توورەکەی لێ‌کرد • ئەمە بۆ ئەوە بــوو پاشان مەیتشۆر لە دەستی ڕاستەی خۆی کردو مەیتەکەی پێ شووشت[٢٠٥]. ئەو پارچە خامانە کە هەموو پێکەوە پێیـان دەگـوترێ «کەفـەن»[٢٠٦] جیاوازی‌یان هەیە • لە پارچە پارچە کردنی خامەکە دەستوورێکـی ووردو تایبەتی ڕەچاو دەکەن[٢٠٧] • خامەکە دەکەنە حەفت پارچە ، بـەڵام لەبـەر

---

(٢٠٣) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٩ ، پەراوێزی ٣ .

(٢٠٤) ب : دیکسۆن ١٩٥١ ، ٢٠٧ .
ــ ب : لێن ١٩٤٤ ، ٥١٨ ، پەراوێزی ١ .

(٢٠٥) ب : دیکسـۆن ١٩٥١ ، ٢١١ دەڵـێ عارەبـەکانی بیابـان مەیـت بـە ( دەستەوانەیەکی خوری زوور ) دەشۆن .

(٢٠٦) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٧٠ .
ــ هانگی ١٩٠٧ ، ٢٦١ .
دیکسۆن ١٩٥١ ، ٢١٣ .
ــ لێن ١٩٤٤ ، ٥١٨ .

(٢٠٧) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٧٠ .

ئەوەی ئەو پارچەی لێ کەم دەبێتەوە کە لە دەستی دەکەن‌و مەیتەکەی پێ دەشۆن ، تیلمێك لەو دوو تیلمەی لە لێوارەکانی دەکەنـەوە لە ناوەڕاستەوە



هێلکاری ـ هەڵبڕینی کفن : گەورەکەیان : بەشی پێچانی لای سـەرەوە . درێژەکەیان : کراسی بێدروومان . سیانە بچووکە لەڕاستەوە بۆ چـەپ : یەکەم دەستەوانەی شوشتن . دووەم‌و سێیەم دوو پارچەی پێچانی سـەرو دەنیـە .

دەکەنە دوو پارچەو بەمەوەش ژمارەی پارچەکان دیسان دەبێتەوە حـەفت پارچە • گوتمان لە دوو پارچە لاکێشەکە ، پارچەیەکیان کردە دەستەوانەی شووشتن ، پارچەکەی‌تریان هێناو ناوەڕاستەکەیان بە دەم تەڕ کرد تـا زوو بدڕێ‌و بایی ئەوەی سەری منداڵەکەی پێوە بچێ هەڵیان تلیشاند • بەمەوەش وەکو کراسێکی بچووکی پان‌و بـێ دورمانـی لێ‌هـات • دوو پارچـە چوارگۆشەکەیان بە سێ قولینچکی نووشتاندەوە ، یەکێکیان لەسەری پێچاو ئەوەی‌تر لە هەنیەی • ئەو خامەی من دیم کردیانە کفـن خامێـکی سـپی نەشۆراو بوو • بە قسەی لێن بە زۆری ڕەنگی سپی یان سەوز بەکار دێنـن بەڵام شینی لێ دەربچێ دەتوانن هەر ڕەنگێکی‌تر بەکار بێنن [٢٠٨] •

مەیتشۆر کچە بچووکەکەی لە حەوشە شووشت‌و ژنێکی‌تر بەردەستی دەکرد ، بە جامێك ئاوی بە مەیتەکەدا دەکردو کەفاوەکەی لێ دەشووشت • دایك‌و داپیرو منداڵەکە نەچوونە دیار شووشـتنی • منداڵەکەیـان ڕووت کردەوە• یەکەمجار لەسەر پشت‌و پاشان لەسەر سك خستیانە سەر پشـتی

(٢٠٨) لێن ١٩٤٤ ل ٥١٩ .

سینی‌یەکی خڕ، سێ دەستە سابوونیان لێداو (٢٠٩) مەیتشۆر بە دەستەوانەکەی دەستی شووشتیو کەفەکەیان لێ‌پـاك کردەوە • مەیتشـۆر کونی گوێو کەپووو قوزی پاك کردەوە • وورگی پاڵ دا تا ڕیخۆڵەکانی پاك بنەوە • بە سابوونێکی سپی دەم‌وچاوانو بە ئاوی گەرم شووشتیان • پاشان مەیتشۆر منداڵەکەی خستە سەر ڕانیو بە خاولی‌یەکی گەورە تەواو ووشکی کردەوەو لەسەر ڕایەخێکی دانا کە دووگوردێکی بە ڕیشووی لەسەر ڕاخرا بـوو و کفنەکەی لەسەر داندرابوو • کراسە بێ دورمانەکەیان لەبەر کردو پارچەیەکیان لەسەری بەستو پارچەیەك لە نێوچەوانی • قۆلیان لە تەنیشت قالبی درێـژ کردو کفنەکەیان لێ پێچا • ئەو دوو تیلمە کورتەی لە لێواریان کردبوەوە هەر یەکەیان لە سەرێکی کفنەکە گرێ‌داو تیلمە درێژەکەشیان لەسـەر کفنەکەوە لەنـاو قەدی بەست •

کە مەیتەکە بوو بەم پریاسکە سپی‌یە بچووکە دووگوردەکەیان لـێ پێچا ــ و دەوری ژنان تەواو • جا کابرایەك هات، باوکی منداڵەکە نەبوو کە لە نزیك دەرگای حەوشە چاوەڕێی دەکرد، هاتو چوە لای مەیتەکە • دوو جار بە دووگوردەوە بڵندی کردو دایناوە سـەر زەوی، جـاری سێـیـەم خستیە سەر باسکیو بۆ لای باوکی منداڵەکەو زەلامەکان چوو کە لە لای دەرگا چاوەڕێیان دەکرد • لەوێوە بردیانە مزگەفتو لە مزگەفت بە پـێی مەزەبی شافیعی نوێژیان لەسەر کرد (٢١٠) • پاشان هەر پیاوەکان (٢١١) مەیتی

---

(٢٠٩) شووشتنی مەیت هەموو جارێ بەقەد یەك نی‌یە،
ب : جوینبۆل ١٩١٠، ١٧٠ .

(٢١٠) جوینبۆل ١٩١٠، ١٧٠ .

(٢١١) کە ژنێ دەمرێ تەنیا ئەو پیـاوانەی پێی نـاشێن دەتوانـن دەسـتی بدەنێ ... : باوکی، برای، برای باوکی، برای دایکی، هەردووباپیری، کوڕی، کوڕی برای ... و نەوە نێرینەکانیشـی . لەلایەکـی‌ترەوە، مێردی، شووبرای، کوڕی برای باوکی ... کوڕی برای دایکی ... یان بێگانە نابێ دەستی بدەنێ ... هەر ئافرەتێ براکانی بەرەو ئەبەدیەت ڕێنوێنی دەکەن . گرانڤیست ١٩٣٥، ٢٨٨ .

کچەیان هەڵگرت‌و بردیانە گۆڕستان کە کەوتبوە سەر گردێکی ڕووت لـە دەرەوەی سلێمانی •

بێجگە لە گریان‌و لاواندنەوە نیشانەیەکی ئاینی کۆنی تریشـم لـەم جەنازەیەدا دی • کە خەریك بوون کراسی بێ دورمانیان لەبەر مەیتەکە دەکردو کفنیان دەکردو لەباتی تابووت لە دووگوردیان دەپێچا پەڕەوڕێکیـان لـە حەوشە گرت‌و سەریان بڕی ـ وا بزانـم پەڕەورەکە کەڵـەشێر بوو بەڵام لەوانەیە من سەهوو بم‌و مریشکێکی گەورە بووبێ• بلاکمان(٢١٢) لە بارەی جوتیارەکانی میسرەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ «کە منداڵێك دەمرێ مریشکێك سەر دەبڕن •••»• دەیانگوت سەری پەڕەورەکە لەگەڵ منداڵەکە دەخەنـە ناو گۆڕەوە تا کەسی‌تر لەوماڵە نەمرێ چونکە پێـش نیو مـانگ خـاڵی منداڵەکە مردبوو ، هەر بۆیەش ئافرەتەکانی ماڵەوە بەرگی ڕەشی ماتەمیـان لەبەر بوو •

★ ★ ★

لە سلێمانی ، کوڕێکی بچکۆلە پێش بەیانی لە ماڵی تەرجومانەکەم مرد• یەکسەر لەناو بێشکە دەریان هێنا • دۆشەکێکیان لە حەوشە ڕاخست • عەبای دایکی منداڵەکەیان لەسەر پان کردەوەو منداڵەکەیان لەسـەر درێـژ کرد • یەکسەر بێشکەکەیان فڕێ دایە سەر کۆمەڵە دارێکی قەلاشکەری کە لـە لاتەنیشتێکی حەوشە ، لە کن ئاندین هەڵدرابوەوە • هەر چەندە وەختەکەیشی زوو بوو زەلامێکیان ناردە بازار خامی کفن بکڕێ • دەیانگوت کە یـەکێ بمرێ ئەگەر نیوەشەویش بێ دەتوانن بچن لە ماڵەوە بانگی دوکانـدارەکە بکەن ؛ چونکە دەبێ کفن خامێکی نەشووراوی نوێ بێ • لەبەر ئـەوەی منداڵەکە کوڕ بوو دەبوایە پیاوێك بیشوا ـ ئەم جارەیـان مەلایـان لـە مزگەفت هێناو خاڵی منداڵەکە بەردەستی کرد • کە کوڕەکەیان شووشت ،

(٢١٢) بلاکمـان ١٩٢٧ ، ١١١ •

هەروەکو شووشتنی کچەکە ، دایكو ئافرەتەکانی خزمی نەچوونە دیاری • منداڵەکەیان لە ماڵەوە لە سەرشۆرك شووشت ، لەبەر ئەوەی من ئـافرەت بووم نەمتوانی بچم تەماشا بکەم منداڵەکەیان لە کاتی شووشتن لەسەر چ دانا • بەڵام دوای شووشتن لە ژووری پێش سەرشۆرکێ لەسەر قەنەفەیەکیان داناو کفنیان کرد • ئەم جارەیان کە مردووەکە نێرینە بوو خاڵی منداڵەکە خامی کفنەکەو دەستەوانەی شووشتنی بڕی بەڵام لێرەش دیسان هەر ئافرەتێـك (زڕخوشکی منداڵە مردووەکە) دەستەوانەکەی دوری • نە دایكو نە هیـچ ژنێکیتری ماڵێ نەیانکردە قەپو قیڕو لاواندنەوە ، هیچ حەیوانیشیان نەکردە قوربانی بەڵام هەروەکو مەسەلەی کچەکە ئەو کاتەی کە مەیتشۆر مەیتەکەی هەڵگرتو بردییە سەرشۆرکێ منداڵەکە لە دەستی دایکی دەرچوو • پاشان دیسان بە مەرەدی کچەکە کفنیان کردو لەناو بەرماڵیـان پێچـاو بردیـانە مزگەفت •

لەناو گۆڕ ، مەیت لەسەر تەنـکێشی ڕاستــە درێـژ دەکەنو ڕووی دەدەنە لای مەککە • بەردی بەسەر ڕادێننو خۆڵی بەسەردا دەکەنو پاشان دەیکەنە گلکۆ • دوو کێلە بەردی تاشراوی لاکێشەیی ــ یەك لە سەرینگانو یەك لە پێینگان ــ (٢١٣) دەچەقێنن • گۆڕستان لە دەرەوەی شارو دێیە • وەکو دەستوورێك هەمیشە بنەدارێك یان چەند بنەدارێکی لێیە لە هەموو بنەدارێکی ئەو ناوە گەورەترە • گۆڕستانەکانیـان وەکو هی عـارەبستان ڕووتو قووتە • ساڵی ١٨٩٤ یۆستروپ (٢١٤) ئەو جیاوازییە گەورەیـەی دەستنیشان کردوە کە لە بەینی گۆڕستانی ڕووتو ترسناكو بێ گیاوگۆڵی عارەبانو گۆڕسـتانی تورکان هەیە کە شتی لەســەر چاندراوەو کێلەکان نووسینیان لەسەرە کەچی کێلی عارەبان وەکو هی گۆڕستانی کوردان (٢١٥)

(٢١٣) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٢ •
(٢١٤) یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٣١٦ •
(٢١٥) کێلی گۆڕی کوردان هەر چەندە هەمووی بە نەخشو نووسین نییە بەڵام

بێ نەخش‌و بێ نووسینە • بە گوێرەی قسەی تەرجومانەکەم کە یەکێ دەمرێ خزمەکانی تا پێنج ساڵ دەچنە سەر گۆڕی ، ئافرەت هەموو جوعمان دەچنە سەر قەبران بەڵام من ئەمەم دەرهەق مردنی منداڵەکە نەدی ، ئیدی پاشـــان گۆڕەکە لە بیر دەکەن •

کە دوو منداڵەکە مردن ، ئەو داب‌و نەریتە ئایینی‌یەو ئەو ئـــاهەنگی ماتەمینەیان بۆ دۆست‌و ناسیاران نەکرد کە خونبۆل (٢١٦) دەڵێ لە ناوچەکانی ئیسلامەتی‌دا باوە (٢١٧) • ئەو ڕۆژەی منداڵەکە مرد لە ماڵـــەوە چێشتیـــان لێ‌نەنا ، تەنیا نان‌و شووتی‌یان هەبوو • نیکیتین باس دەکا کە لە کوردەواری سێ ڕۆژ پاش مردن حەلوا بەسەر دۆست‌و دراوسێ‌یان‌دا دەبەشنەوە (٢١٨) کەچی من هەستم کرد تەنیا ئەگەر مردوەکە گەورە بێ ئەمە دەکەن نەك منداڵ بێ • چەند ساتێ دوای مردنەکە خەڵك دەچنە سەر پرسەیان • کە ئافرەت دەچن چەك‌و خشڵیان لەبەر دەکەنەوە • پرسە سێ ڕۆژ دەخایەنێ • بێجـــگە لە پرسەو لاواندنەوەش ئەو سەرشۆرکەی مەیتی لێ شووراببوو دایانخست‌و تا هەشت ڕۆژ نە گەرمیان کردو نە خۆیان تێدا شـــووشت • تا (١٤) ڕۆژ تازیەی منداڵان ناڕەوێننەوە ، لەو ماوەیەدا ناچنە سینەماو سەیران نـــاکەن•

---

لەسەر هەر گۆڕستانێك گەلێ کێل دەبینی کە نووسینیان بە نەقـــاری
لەسەر هەڵکەندراوەو نەخشیان لەسەر کراوە . کێلەکان هەیانە ناوی
خاوەنەکەی‌و کاتی مردنی‌یان لەسەر نووسراوە ، هەیە ئایەتی قورعان‌و
هەیە پەندێکی کوردی یان قسەیەکی نەستەقی لەسەر نووسراوە ، هەیە
قسەیەکی مردوەکەی لەسەر نووسراوە . بێجگە لە نووسین گۆڕ هەیـــە
نەخشی لەسەر کراوە وەکو نەخشی خەنجەرو تفەنـــگ‌و تیروکەوان‌و
تەون‌و بێجگە لەمەش ڕەوشتێکی‌تر هەیە ئەگەر بووك‌و زاوا هەردووکیان
یان هەر یەکێکیان لەشەوی پەردە بمرن کێلی گۆڕیان لە خەنە دەگرن‌ـو.
(٢١٦) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٧١ کە دەڵێ ئەو داوەتە لە ڕۆژی حەفتـــەم
یان چلەی پاش مردن دەکرێ .
(٢١٧) کە یەکێ دەمرێ تا چەند ڕۆژێك تازیەی بۆ دادەندرێ‌و پاشان خـــێرو
خێرات‌و سەلات‌و ئیسقات‌و بەدەل حەجی بۆ دەکەن — و .
(٢١٨) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٣ .

دەیانگوت ئەگەر مردوەکە گەورە بێ پرسە حەفتەیەك دەخایەنێ بەلاّم تا دوو سێ ساڵ تازیە نارەوێننەوە • لە ماوەی تازیەدا ئەگەر بۆ پرسە ئەگەرنا ناچنە هیچ ماڵێك • ئافرەت بەرگی ڕەش یان تاری دەپۆشنو هەر ژنێکیش بگوازرێتەوە دەبێ زۆر بە کرو بێدەنگی بێ • لە تۆپزاوە ڕۆژی پێش زەماوەندێکی سێبەگایی کتوپڕ پیرەمێردێك مردو ناچار بوون شاییان بەردا •

بە کورتی : گەورەترین نیشانەی جەنازەی کوردی لە عێراق بەم جۆرەیە: یەکسەر پاش مردن مردوەکە دەشارنەوە • ئەگەر مردوەکە منداڵ بێ وەفاتنامەی بۆ دەرناهێنن • کفن دەبێ خامێکی سپیو نوێ بێ • ئەگەر نیوەشەویش بێ دەچن لە بازاڕ دەیکڕنو ئەگەر پێویست بکا دەچن خاوەن دوکان لە ماڵەوە دەردێنن • ژن مێینە دەشۆنو پیاو نێرینە • لەم دوو جارە هیچ جارێ مەشفەنیان لە مزگەفت نەهێناو لە دیار دایکی نەیانشووشت • دایك هیچ دەوری تێدا نەبوو • کفن دەبێ چەند پارچەیەك بێو نابێ پارچەکان بەقەد یەك بن • خامەکە نە بە چەقۆ دەبڕنو نە بە مقەس • کچەکەو کوڕەکەیان هەردووك کفن کردو لە بەرماڵیان پێچانو بردیاننە مزگەفتو لەوێوە بۆ گۆڕستان • پیاوێك ـ «خاڵ»ی منداڵەکە ـ منداڵەکەی هەڵگرتو زەلامەکانیتر بە گەلی کەوتن • ئیسلام ڕێی سەردوولکەو لاواندنەی نەداوە • لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شار مریشکێکیان کردە قوربانی • ئەم قوربانییە وەنەبێ وەکو هی میسر بە تایبەتی بۆ منداڵەکە بێ بەڵکو لەبەر ئەوە بوو ئەو ماڵە بە ماوەیەکی کەم دوو کەسیان لێ مردبوو و نەیاندەویست وا زوو کەسیتریان بمرێ • ماتەم بۆ منداڵان چواردە ڕۆژ دەخایەنێ • ئەو سەرشۆرکەی مەیتیان لێ شووشت تا هەشت ڕۆژ دایانخست• ئافرەت تا پێنج ساڵ هەموو ڕۆژێکی هەینی دەچنە سەر قەبرانو پاشان لە بیری دەکەن • بە خێری مردوەکە حەلوا بەسەر دۆستو ناسیاراندا

دەبەشنەوە • ماتەمی گەوران (٢ ـ ٣) ساڵە • کە منداڵێك دەمرێ هەشت ڕۆژ پرسە دادەنێن • ئەو ماوەیە ئافرەتەکانیماڵەوە خشڵ دادەنێن و خۆیان ناشۆن •



گۆڕستانەو درەختێکی زلی لەسەرە کەوتۆتە دەرەوەی ئاوایی (تۆبزاوە)

# بەشی پێنجەم

## شوێنی ئافرەت لە ژیانی ئایینی ئیسلامدا

هەر وەکو دەزانین پێنج کۆڵەگەی ئیسلام ئەمانەن : شادە (واتە باوەڕهێنان کە خوا یەکەو ئاوقەرانی نی‌یە) • نوێژ واتە ڕۆژێ پێنج جار لە حزوور خوا وەستان • سکات‌دان • بە ڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان کە نۆیەمین مانگە • حەج کردن ، واتە چوونە مەککە بۆ مالی خوا لە دوازدەمین مانگی سالی قەمەری ئیسلامی‌دا (١) •

شادە یان باوەڕ بە خوا هێنان لە کتێبەکانی دەستووری ئیسلامی باسی نەکراوە بەلام چوار کۆلەگەکەی‌تر شان بە شانی دوعاو ویردی ڕۆژانە ، ئەو چوار کردارە ئایینی‌یەن کە تەقواو خواپەرستی ڕاستەقینە پێك دێنن •

خواپەرستی چ شوێنێکی لە ژیانی ئافرەتی کوردا هەیە ؟

ئەو بیروباوەڕەی کە دەلێ ئیمانداره‌کان پەری‌و زەری‌و حوری‌یان لە بەهەشت بۆداندراوە لەسەرەتای هاتنی وەحی بۆ محەمەدەوە سەری هەلداو (٢) پاشان نەما (٣) • ئافرەتی ئیسلام لەچاو بیروباوەڕی رۆژاوای ئێمەوە تا

(١) لەبارەی داب‌و دەستووری ئایینی‌یەوە پشتم بە جوینبۆل ١٩٦٠ ، ٦٦ ود . بەستوە .

(٢) سوورەتی ٢ ، ئایەتی ٢٥ ، سوورەتی ٤٤ ، ئایەتی ٥٤ . [لە سوورەتی ٢ ئایەتی ٢٥ هیچ پێوەندێکی بەم باسەوەوە نی‌یەو باسی خۆشی‌و ڕابواردنی بەهەشت دەکاو لە مەدینەش بۆ پێغەمبەر هاتووەو ، ئایەتی ٥٤ لە سوورەتی ٤٤یش هەروەها پێوەندی بە سەرهەلدانی ئەم بڕواوە نی‌یەو ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەهلی بەهەشت حۆری‌یان لێ مارە دەبڕێ ـ و ].

(٣) سوورەتی ٤ ، ئایەتی ١٢٤ ؛ سوورەتی ٤٣ ، ئایەتی ٧٠ .

ڕادەیەك لە ژیانی ئایینی ئیسلام لاونیوە • ئەگەر سەرێك لە مزگەفت بدەی ئەم ڕایەت تەواو لا دەچەسپێ • لە شارستانێتی ڕۆژاوای ئێمە زۆربەی ئەو نوێژکەرانەی ڕۆژی یەکشەم (لای ئێمە تەنیا ئەو ڕۆژەی حەفتە بۆ ئایین تەرخان کراوە) لە کلیسەدا کۆ دەبنەوە ئافرەتن کەچی کەم وا دەبێ لە ناو ئیسلاماندا مزگەفتی والاّو پڕ مافوور کە جێگایەکی کپو بێدەنگی نوێژکردنە ئافرەتی تێدا بێ • ئەگەر ئافرەت بچنە مزگەفت دەخزێنە قوژبنێکی بچووكو لەو پەڕەکەی مزگەفت ناوبڕەیەکی نزمیان بۆ دەکەن (٤) •

ئەوەی بچێتە ماڵە ئیسلامان بۆی دەردەکەوێ کە لە ئیسلامەتیدا تەقواو خواپەرستی ئەرکی سەرشانی پیاوانە • لەگەڵ ئەمەشدا زەلام تەنیا بۆ نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی بە زۆری بۆ جەماعەت لە مزگەفت کۆ دەبنەوە• ئەو پیاوانەی هەموو ڕۆژێ چەند نوێژێك لە مزگەفت دەکەن ئەوانەن کە لە ماڵەوەو لە سەر ئیش جێگای کپو هێمنو ڕێكوپێکیان نییە دەستنوێژی لێبشۆنو نوێژی لێ بکەن • زۆر لە زەلامەکانیتر لە ماڵەوەو لە دوکانو

---

– چوونی ئافرەت بۆ بەهەشت لە سوورەتی ٩ ، ئایەتی ٧١ ، ٧٢ ؛ سوورەتی ٣٣ ، ئایەتی ٣٥ ؛ سوورەتی ٣٦ ، ئایەتی ٥٥ ؛ سوورەتی ٤٨ ، ئایەتی ٥ ؛ سوورەتی ٥٧ ، ئایەتی ١٢ زیاتر باس کراوە .
[ئایەتی ١٢٤ای سوورەتی ٤ پێوەندی بە نەمانی ئەو بیروباوەڕەوە نییەو ئەوەندە دەڵێ هەر موسوڵمانێکی چاکەکەر لە نێرو لە مێ دەچێتە بەهەشتو مافی نافەوتێ . هەروەها ئایەتی ٧٠ی سوورەتی ٤٣ ئەوە دەگەیەنێ کە ژنو مێردی موسوڵمان دەچنە بەهەشت. سەرەڕای ئەمە قسەی خاتوو هێنی هیچ ڕاست نییەو بوونی حۆری بۆ مۆسوڵمانان لە بەهەشتدا بیرێکی دامەزراوەو هەڵنەوەشاوەتەوەو لە چەند شوێنی قورئان باسی لێ کراوە – و ] .

(٤) ب : وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٤٠١ ود . [ ئەوە نیشانەی لاونیویی ئافرەتی موسوڵمان نییە لە موسوڵمانەتی ، بەڵکو نیشانەی هەڵوێستی موسوڵمانانە لەئاست لێك نزیکیی ژنو پیاو . سەرەڕای ئەوە لە ئیسلامدا شتیوا نییە کە ژن نەچێتە مزگەوت ، بەڵکو تێکڕا ژنان زۆرتر بە ئایینەوە خەریك دەبن لە پیاوان – و ] .

لەسەر ئیش نوێژ دەکەن (٥) • دیار بوو ئافرەتی کورد هەوەسیان بە دینداری دەهات بەڵام هەر لە چوارچێوەی ماڵەوە خواپەرستی خۆیان دەکرد •

ژنەکانی دەرەبەگایەتی دێی تۆپزاوە زۆر بە دڵسـۆزیو مکووڕی ڕۆژێ هەر پێنج نوێژیان دەکرد • هـەردوو ژنـەکەی مـاڵو کچـە (١٧) ساڵی‌یەکەش شتاق نوێژی نیوەڕۆیان بە جەماعەت نەدەکرد ، هەر بە تـەنێ دەیـانکرد •

نوێژی نیوەڕۆ لە نیوڕانەوە تا سەعاتێك مـاوەی کردنی بـە بەرەوە هەیە (٦) • «بەرماڵ»ی نوێژ لە موو دەکەن ، شێوەی لاکێشەیە ، قەبارەی ٠ر٦٠م × ١٦ر١ مەترە • لە ڕیسی بۆرو قاوەیی (بێ ئەوەی ڕەنگی بکەن) دەیچنن‌و نەخشی کەشکۆلی لێ‌دەکەن (٧) • بەرماڵیان لە هەیوان ڕادەخستو



بەرماڵی نوێژ لە موو کراوەو هەر بە ڕەنگی ئاسایی خۆیەتی (تۆبزاوە)

(٥) ب : لێن ١٩٤٤ ، ٨١ .

(٦) نوێژی نیوەڕۆ سەعاتێك زیاتری بە بەرەوە هەیە . تا مەلای عەسر بانگ دەدا نوێژی نیوەڕۆ هەر دەمێنێ ــ و.

(٧) بەرماڵ ، مەرج نی‌یە ڕەنگ نەبێ . بەرماڵ هەیە بە ڕەنگی خۆیەتی‌و هەیشە ڕەنگ دەکرێ . بێجگە لەمەش بەرماڵ هەیە سادەو بێ نەخشە . هەیشە بە نەخش‌و نیگارە ، جا چ ڕەنگاوڕەنگ بێ‌و چ ڕەش‌و سپی ، ئەمەیان پێ‌ی دەگوترێ کەشکۆڵ ــ و.

بەریان دەدا لای مەککە • ئافرەت کە نوێژ دەکا چارۆکەی سپی لەسەر دەکاتەوەو لە چەکی دەداو تەنیا دەم‌و چاوی دیار دەبێ • ئەگەر پێڵاوی لە پێ بێ لە پێی دەکاتەوەو کە چوە سەر بەرماڵ ڕاوەستا دامەنی کراسی دەخاتەوە ژێر پێی خاوسی‌و بەمەوەش پێی دادەپۆشرێ ، ئینجا فەقیانەی دەکاتەوە ، چونکە یان فەقیانە لە باسکی دەپێچێ یان سەری گرێ دەداو بەسەر سەریەوە ئاوای پشتەوەی دەکا ، کە فەقیانەکەی کردەوە فەقیانەکە بەسەر دەست‌و پەنجەیدا شۆڕ دەبێتەوەو دەگاتە سەر زەوی بەم جۆرە دەست‌و پەنجەیشی دادەپۆشرێ • کە ئەمانەی تەواو کرد ڕاست ڕادەوەستێ‌و نیەتی لێ دێنێ کە ئەو نوێژە بۆ خوا بکات ، ئەمە وەکو پێشەکی نوێژ وایە• ئینجا دەستی بەرز دەکاتەوەو ناو لەپی کە فەقیانەی بەسەردا شۆڕبۆتەوە پان دەکاتەوەو تا ئاست بناگوێی بەرزی دەکاتەوەو دەڵێ : «خوا گەورەیە»• ئینجا دەستی دێنێتە خوارەوە لە ناو قەدی‌یەوە دەستەکانی دەخاتە سەر یەك • بە دەستی ڕاستە توند زەندەی دەستی چەپە دەگرێ‌و دەست پێ دەکا سورەتی فاتیحەو سورەتێکی‌تری قورعانی پیرۆز دەخوێنێتەوە • ئینجا دادێتەوەو دەستەکانی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی‌و پاشان دەچێتە سەر چۆك‌و دوو کڕنۆش دەبا • ئەمە هەمووی یەك «ڕەکعە»یەو نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە • لە ڕکاتی دوایی‌دا (٨) لەسەر چۆك دادەنیشێ‌و تەحیات دەخوێنێ‌و شادە دێنێ‌و پاشان سەلام دەداتەوە یەکەم جار بەسەر ملی چەپەو پاشان بەسەر ملی ڕاستەدا (٩) • بەگوێرەی قسەی جوینبۆل (١٠) نوێژ دابەشی نۆ

---

(٨) لە ڕکاتی کۆتایی‌و ڕکاتی دوەمیش تەحیات دەخوێنێ ــ و •

(٩) سەیرە خاتوو هێنی چوار مانگ لە کوردستان ماوەتەوەو بە چاوی خۆی نوێژکردنی بینیوە کەچی سەرباری ئەمەش دەڵێ نوێژکەر ( یەکەم جار بەسەر ملی چەپەو پاشان بەسەر ملی ڕاستەدا ) سەلام دەداتەوە . ڕاستی‌یەکەی یەکەم جار بەسەر ملی ڕاستەو پاشان بەسەر ملی چەپەدا سەلام دەداتەوە ــ و.

(١٠) جوینبۆل ١٩١٠ ، ٧٥ ود .

هەڵوێست دەبێ • هەڵوێستی ٣ ــ ٨ ، واتە شەش هەڵوێست ڕکاتێــکە • کەچی گیب [(١١)] هەر ڕکاتێکی بە حەفت هەڵوێست داناوە چونکە ڕاوەستانی یەکەمیش بە هەڵوێست دادەنێو ڕاوەستانی بەینی ڕکاتەکان یان سەرەتــای هەر ڕکاتێکیش بە هەڵوێست دادەنێ •

نوێژی عەسر وەکو نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکاتە • بە زۆری دەورو بەری سەعات شەشی ئێوارەو بەرەبەری ڕۆژاوا ئەم نوێژەیان لە سەربان دەکرد •

نوێژی سبیانێ دوو ڕکاتەو ئەوەندە زوو دەیانکرد من دەرفەتــم بــۆ نەدەڕەخسا ببینم ؛ چونکە ژووری نووستنی من پشتی دابوە دیوەخــانو تەواو لە ژوورەکانیتریماڵەوە دابڕابوو •

نیشانە هەرە دیارەکانی بەجێ هێنانی پێنج نوێژی ڕۆژ ئەمانەن : ئافرەت بە تاك تاك نوێژ دەکەن[(١٢)] ، قەت ناچنە جەماعەتو پێکەوە لەیــەك وەخت نایکەن ( بە پێی شەریعەت کە نوێژ بوو لەو کاتەوە تا مەلا بۆ نوێژی دادێ بانگ دەدا ، لەو ماوەیە هەر کاتێ ڕێیان بێو بیانەوێ دەتوانن نوێژەکــە بکەن)[(١٣)] • لە ماڵەوە نوێژ دەکەنو دەوروپشتیان خەڵكو ئاوەدانیو هەرایە• وا دەبێ منداڵ لە نزیك سەماوەری پڕ پۆلوو و ئاوی کوڵاو لەسەر چەقــۆ بەشەڕ بێن ، وا دەبێ کوڕێك دانیشتبێو ڕدێنی بتاشێ ، وا دەبێ لۆکسێــك لە ژوورەوە لەسەر تەپلە بێو ژوورەوە پڕ هەراو جەنجاڵ بێ ، بۆی هەیە چا بخۆنەوە ••• ئەمانە هیچێکیان کار لە نوێژکەرەکە ناکەن ، خۆ ئەگەر کاری لێ بکەنو نوێژی پێ ببڕن ناچارە دووبارەی بکاتەوە • ئەوانەی لەوێشن هیچ

---

(١١) گیب ١٩٥٥ ، ٥٤ ود .

(١٢) ب : فرێزەر ١٨٤٠ ، ٢٢١ .

(١٣) تەنیا نوێژی بەیانی لەم دەستوورە بەدەرە ؛ چونکە نوێژی بەیــانی تــا مەلابانگدانی نیوەڕۆ نامێنێ کە نوێژی دوای ئەوە . هەر ڕۆژ پەڕی لــە کەلەوە دەرکەوت نوێژی بەیانی دەچێ ــ و .

کارو جولانەوەیەکی وا ناکەن نوێژی پێ ببڕن چونکە نوێژ بڕین تاوانێکی[١٤] وایە قەت لێ‌خۆش بوونی بۆ نی‌یە •

لەوانەیە لیچ[١٥] ڕاست بکا کە دەڵێ لەناو کوردان ئەگەر یەکێ خۆی بە ئیسلامێکی بەدین پێشان بدا زۆری ڕێز دەگرن • ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمە دەرهەق خواپەرستیی ئافرەتانیش هەر وایە کە یەکسەر دوای زەلامان نوێژی مەغریب‌و ماڵ‌نووستنان دەکەن •

بچووکترین کچم دی نوێژی دەکرد تەمەنی (١٧) ساڵ بوو • نەمدی هیچ کچی (٨ــ١٢) ساڵی نوێژ بکا •

لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا ، ئافرەت کە دەچێتە سراوێ لەوێ نوێژ دەکا ؛ چونکە دەتوانێ لەوێ دەستنوێژ بشوا • دەستنوێژ بریتی‌یە لەوەی کە دەم‌و چاویان دەشۆن ، مستیان پڕ ئاو دەکەن‌و بە دەم‌وچاویاندا دەکەن‌و ناولەپیان بە سەروچاویاندا دێنن تا پڕووشکیان بە شمەکی نەکەوێ • ئینجا دەست‌و باسکیان دەشۆن ، دەستی ڕاستە تەڕ دەکەن‌و بە سەر پرچیاندا دێنن ؛ ئەمە ڕەمزی شووشتنی سەراپای لەشە • لە پاشان پێیان دەشۆن‌و بەمەوە دەستنوێژەکە تەواو دەبێ • دەبێ پێشتریش ئافرەتەکە لەسەر حەوز یان لە دەم جۆگا چووبێتە سەر دەستاوو (لەشی) خۆی شووشتبێ بۆ ئەوەی لە بارەی لەش‌و لە بارەی گیانەوە پاک‌و خاوێن بێ • ئینجا دەچێتە سەر تاتێکی گەورە ، ڕادەوستێ ، ئەو جۆرە تاتە نوێژە بە زۆری لە دەم کانی‌و حەوزاوان هەیەو لەباتی بەرماڵ نوێژی لەسەر دەکەن ، نزیکەی بەقەد بەرماڵێکیش دەبێ •

(١٤) ب : لێن ١٩٤٤ ، ٨١ . [ئەمەش وا نی‌یە . لە ئیسلامەتیدا تەنیا تاوانی هاوبەش بۆ خودا دانان خۆش‌بوونی لێ نی‌یە ــ و ] .

(١٥) لیچ ١٩٤٠ ، ٦٠ .



ژنێك لەناو لێڕەوارە ، لەسەر تاتی‌کانی‌یەك نوێژ دەکا ( بەلخە )

له سلێمانی ، له مه‌ڵبه‌ندی خوێنده‌واری شار ، ئافره‌ت نوێژیان نه‌ده‌کرد. ته‌نیا یه‌ك نموونه‌ی ناجۆرم دی : خوشکه گچکه‌ی ته‌رجومانه‌که‌م که دابوویانه ماڵێکی ئه‌وتۆ که ئافره‌ته‌کانی نه‌خوێنده‌وار بوون ، هه‌رچه‌نده که ده‌زگیرانه‌که‌یشی وه‌کو خۆی مامۆستای قوتابخانه بوو ، به‌ڵام زۆر به دوڕدڵی نوێژی ده‌کرد ــ به‌تایبه‌تی ماوه‌ی پێش گواستنه‌وه‌ی .

له سلێمانی ، ئافره‌ته‌کانی مه‌ڵبه‌ندی نه‌خوێنده‌وار ، هه‌یانبوو زۆر به ووردو باریکی داب‌و ده‌ستووری ئایین‌و خواپه‌رستی به‌جێ ده‌گه‌یاند به‌تایبه‌تی له‌باره‌ی نوێژی عه‌سرو مه‌غریب‌و ماڵنووستنانه‌وه . له داوه‌ت‌و ئاهه‌نگی ئێواران به‌رماڵیان بۆ میوانان ده‌خواسته‌وه‌و ده‌رفه‌تی ده‌ستنوێژ شووشتنیان بۆ ده‌ڕه‌خساندن‌و که نوێژیان ده‌کرد لێ نه‌ده‌گه‌ڕان شتێکی وا ڕوو بدا نوێژیان پێ ببڕێ . ئه‌وه‌یشم دی کاتێ که ئافره‌ته‌کانی ده‌ره‌به‌گایه‌تی دێی تۆپزاوه چوونه ماڵه ئه‌ندازیارێکی عێراقی که ماڵیان له هه‌واری ئاوبه‌ستی دووکان بوو ، له‌وێش هه‌مان ده‌رفه‌تیان بۆ ڕێکخستن . میوانه‌کان له سه‌رشۆرکی ئه‌وڕوپی ده‌ستنوێژیان شووشت که ئاوی ساردو گه‌رمی تێدا بوو به‌ڵام ده‌ستنوێژی ئێره‌یان به‌قه‌د ده‌ستنوێژی سه‌ر حه‌وزی ناو باخچه‌ی ماڵه‌وه پێ خۆش نه‌بوو . به‌رماڵیان له‌سه‌ر عه‌ردی ته‌خته‌به‌ندی ژووره‌وه ڕاخست . ئه‌و کاته ئه‌و ژووره بۆ ئافره‌تانی کۆمپانیاکه ببوو به ژووری دانیشتن‌و نانخواردن‌و حه‌سانه‌وه ؛ چونکه زه‌لام ژووری دانیشتن‌و نانخواردنی ماڵه‌وه‌یان بۆ ئه‌و ڕۆژه کردبوو به ژووری میوانان .

★ ★ ★

سکات دان : له تۆپزاوه دیم ماڵی شێخ سکاتیان‌دا دوو ده‌رۆزه‌که‌ر . هاتن ، ئه‌وه‌ی بچووکترێ کوێر بوو ، ده‌ستی خستبوه سه‌ر شانی ئه‌وه‌ی‌ترو له دووی ده‌ڕۆیشت . ماڵی شێخ شه‌کرو ئاردیان دائێ‌و له‌ناو که‌شکۆڵیان کرد. که‌شکۆڵ : یان له‌به‌ر پشتێن ڕاده‌که‌ن یان به شانی‌به‌وه ده‌که‌ن . دوو ئافره‌تی

سەقەت بە دار دەڕۆیشتن‌و گونــد بە گونــد دەگەڕان ، هــاتن هەنــدێ پڕوبوزگوڕی کۆنیان دانێ * .

ئافرەتەکانی ماڵی شێخ واتە دایك‌و کچی گەورە ، ئەگەر شێخ‌و بــرا گچکەی کە لەکنەوان بوو ، لەوێش نەبوونایە بە بێ پەنگانەوە سکاتیــان دەدا کە سێیەمین کۆڵەگەی ئیسلامە .

هەر لە ئەنجامی ئەم سکاتدانە بە خــورتی‌یە دەبینی لە ســلێمانی ، دەرۆزەکەر لەسەر شەقام دانیشتوون‌و دەست لەبەر خەڵك پان دەکەنــەوە بۆ ئەوەی خێریان پێ بکەن . ئافرەتێك عەباو پێچەی لە خۆی دابوو ، وەکو قووچەکەیەکی ڕەش لەبەر دەرگای مزگەوت ، لەسەر عــەرز دانیشتبوو ، منداڵێکی ساوای خستبوە سەر ڕانی بۆ ئەوەی هەستی خەڵك ببزوێــنێ‌و خێری پێ بکەن . کچێکی لێوەو گێلۆکەش لەناو حەوشەی مزگەوت هەبوو، هەموو ڕۆژێ دایك‌و باوکی بە سواری عارەبانە دەیانهێنا ، دەستی سەقەت بوو ، قاپێکی بە دەســتەوە دەگرت‌و دەرۆزەی دەکرد . ئــەم دوو تــاقمە دەرۆزەکەرەی باسمانکردن هەر چەندە گوایە پەیمانگەی گشتی‌یان بــۆ کرابوەوە کە بچن لەوێ بژین بەڵام بۆ ئەوان سکات وەرگرتنەکە کە قورعان ڕێی داوە لە چوونە پەیمانگەی گشتی باشترو بەسوودتر بوو . ئەوەندەی من تێی گەیشتم ئەو پەیمانگەیە بە هیچ جۆرێ لە تەمبەڵخانەی دەوری بەرێی لای خۆمان چاکتر نەبوو .

★ ★ ★

یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان کەوتبوە (٢)ی نیسانی ١٩٥٧ . ئــەو چوار مانگەی لە کوردستانی خواروو مامەوە ، ئەو (٣٠) ڕۆژەم نەدی کــە

* ئەوە سکات نەبوە ، خێرکردن بووە . سکات دابی خۆی هەیە ، ســاڵی جارێك دەدرێ لە حەیوان‌و دەغڵ‌و دراو کە بگاتە ڕادەیــەکی تــایبەتی‌و ئەندازەیەکی تایبەتی لێ دەدرێ‌و بە چەند کۆمەڵێکی تایبەتیش دەدرێــو .

موسلمانه بەدینەکان بە ژنو پیاوەوە بە ڕۆژوو دەبن ؛ واتە هەر لە بەیانی‌یەوە کە داوی ڕەش‌و سپی لێك دەکرێتەوە تا ڕۆژ ئاوا دەبێ توخنی هیچ خواردن‌و خواردنەوەیەك نەکەون‌و خۆیان لە جگەرەکێشان‌و چوونە لای ژنیش دوور بگرن • جەژنی ڕەمەزان‌و شەشەرانم نەدی کە ئەو ئافرەتانەی تووشی مەهك دەبن لەبەر بێ نوێژی ناتوانن بە ڕۆژوو بن ، ئێستا دەیگرنەوە •

لەلایەکی تریشەوە ، یەك ژنم دی بە تاقی تەنێ بە ڕۆژوو بوو چونکە لە خۆی گرتبوو بە ڕۆژوو ببێ (١٦) ، وای دەزانێ ئەگەر ئەو بە ڕۆژوو ببێ بۆ ئەوانەی‌تر باشە • ڕۆژەکەی ڕۆژی (٣٠)ی گەلاوێژ (تموز)ی ١٩٥٧ بوو کەوتبوە یەکەم ڕۆژی مانگی حاجی‌یان • ئەو ژنە بە ڕۆژووە ژنی شێخی سەرگەلوو بوو • ئاگام لێ بوو ژنە بە درێژایی ئەو ڕۆژە گەرم‌و درێژە کە پلەی گەرمی ١٢٢° ف بوو توخنی هیچ خواردن‌و خواردنەوەیەك نەکەوت‌و خۆی لە قەرەی جگەرە نەدا کە ڕۆژی وا بەتایبەتی ئاو نەخواردنەوە وورەیەکی زۆر بەرزو خۆڕاگرتنێکی چاکی دەوێ • لەگەل ئەوەش‌دا ئیشی ماڵەوەی دەکردو بێجگە لە ووردەئیشی ناو ماڵ بزندۆشین‌و چێشت‌لێنانی ئەم خێزانە گەورەیشی لە مل بوو • بۆیە بە ڕۆژوو بوو چونکە خزمێکی هەبوو لە خۆی گرتبوو ئەگەر ئەو خزمەی بۆ حەج بچێتە مەککە کە شارێکی پیرۆزەو ناوەندی دونیای ئیسلامەتی‌یە ، بە ڕۆژوو ببێ • ئەم حەج کردنە سەفەرێکی دوورو درێژو گرانەو هێشتا هەر بە مەترسی‌یە •

★ ★ ★

ئێستا گەیشتینە کۆلەگەی پێنجەمی ئیسلام کە حەجەو دەکەوێتە دوازدەمین مانگی قەمەری • قورعان لە سورەتی (٣) ، ئایەتی (٩٧)دا دەڵێ : «چوون بۆ ماڵ ـ ی خوا ـ ئەرکی خوایە بەسەر خەلکەوە ، ئەوانەی

---

(١٦) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١١٥ ، پەراوێزی ١ •

بتوانن ئەم ڕێیە بگرنە بەر ...» * لە کوردستان ، لە هەر چوارمەڵبەندی ئافرەتاندا تەنیا ئافرەتی مەڵبەندی نەخوێندەواری شارم دی حەجیان کردبوو زۆریان چووبوونە حەج . لە بنەماڵەیەکی گەورە ، کە زۆر دوکانو ترۆمبێلی کرێیان هەبوو ، ژنێ بە خۆو بە مێردیو کچێکی (٨) ساڵی ، ساڵی پێشتر بە فڕۆکەی شام ـ جدە چووبوونە حەج . هەر لەم ماڵەیە دوو ژنیتریش لەگەڵ حاجییەکانیتر چووبوونە ئەم سەفەرە .

ئاگاداری تەواوم لە بارەی حەجەوە لە دوو ژن وەرگرت کە لـە یەك عومردا بوونو مێردیان بە بازرگانێك کردبوو و ماڵیان لە کەرکووك بوو . هەریەکە لەگەڵ تاقمێك چووبوە حەج . یەکێ ساڵێك چوو بوو و ئەوەیتر ساڵیپاشتر . یەکێ بە فڕۆکە ، بە ڕێی شامدا چووبوە جدە کەچی ئەوەیتر بە ترۆمبێل ، بە بیابانی سووریەدا چووبوە بێروتو لەوێوە بە سواری پاپۆڕ دابوویەوە کەنداوی سوێسو چووبوە جدە . ئەم سەفەرە نزیکەی دوو مانگی خایاندبوو و دەوری (٢٠٠) دیناری تێچووبوو (١٧) .

پیاو کە دەچوونە حەجو دەهاتنەوە لەوە بە دواوە چەفیەیەکی سپییان(١٨) لەسەر دەنـا . ئەمەش نیشانەی چوونە حەجە کە تاقی کردنەوەیەکی گەورەی ژیانو گۆڕانێکی ئاشکرای پایەی کۆمەڵایەتییانە .

ئافرەتیش بەو پێو دانگە پاش چوونە حەج دەستوورێکی تایبەتی لە جلو بەرگ ڕەچاو دەکەن . ئافرەتێ کە چووە حەج تازە نابێ هەتا لە نـاو

---

* ماملۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لە بـەرگی دوەمی تەفسـیری نـامیدا (بەغدا، ١٩٨٠ ، ل ١٠٥) مانای ئەم ئایەتەی وا لێکداوەتەوە : «وە بۆ خودا هەیە بەسەر هەموو ئینسانێکی موکەللەفەوە کە توانای طەیکردنی ئـەو ڕێگەیەی ببێ حەجکردنی ئەو کەعبە موعەزەمە.» ـ و.

(١٧) بارث ١٩٥٣ ، ٩٦ .

(١٨) ئەم چەفیەیە تەنیا سپی نییە ، سپیو زەردەو پێی دەگوترێ (حەڵاڵی) . ئەوەی چووبێتە حەج بەم حەڵاڵییە لەناو خەڵك دیارە ـ و .

ئافرەتانیش سەری کۆت بکا • ئافرەت کە خۆ بـە خـۆیی بـن دەتوانـن «سەرپۆش» فڕێ بدەن بەڵام ئەو ژنەی حەجی کردبێ دەبێ سەرپۆشی هەر لەسەر بێو لەناو ئافرەتـانیش نـابێ فڕێی بـدا • ئـافرەت کە فەقیانـە دەبەستنو بەسەر سەردا ئاوای پشتەوەی دەکەن باسکیان تا ئانیشك ڕووت دەبێ بەڵام ئەو ژنەی حەجی کردبێ قەت نابێ باسکی ڕووت بێ •

ئەو دوو ئافرەتەی باسیان دەکەین هەندێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگی شوێنە پیرۆزەکانیـان لەگەڵ خۆیـان هێنابوەوەو لـە ماڵەوە هەڵیانواسیبوون • چارۆگەی ئارمووشی ڕەنگاوڕەنگیشیان بۆ دۆستو خزمان هێنابوو •

ئەو ئافرەتانەی دیمن چووبوونە حەج سەر بە مەڵبەندی نەخوێندەواری شـار بوون •

لە هەمانکاتدا ، لە سلێمانی ، لە مەڵبەندی تێکەڵەی خوێنـدەوارو نەخوێندەواری شار ڕۆژەکانی جەژنی مانگی دوازدەمینی ساڵم بینی کە جەژنی قوربانە • لەو چوار ڕۆژەی کەوتبوە دەوروبەری (١٠)ی «ذی‌الحجة» ، واتە لە ٩ ــ ١٢ی[١٩] مانگ کە ساڵی ١٩٥٧ کەوتبوە ڕۆژی دووشەممەی (٨)ی تەمموز ــ ڕۆژی پێنج شەممەی (١١)ی تەمموز ، لە ماڵەوە کردیانە جەژنو لە هەمان کاتدا حاجی‌یەکان لە مەککە خەریکی سەردانو حەج بوون •

ڕۆژی شەممەی (٧)ی مانگ (٦ی تەمموزی ١٩٥٧) حەجاج گەیشتبوونە مەککەو پێیان نابوە ئەم خاکە پیرۆزەو کەوتبوونە بارێکی ئایینی پاکەوە کە دەکاتە ئیحرام بەستن • لەو کاتەوە ، پیاو نابێ هیچ جلی بەدورمانیان لەبـەر بێ • یەکەو دوو پارچە قوماشی نەدورواو بە خۆیاندا دەدەن ؛ یەکێ لەنـاو

---

(١٩) نۆی مانگ عارفەیە . جەژنی قوربان (٤) ڕۆژەو دەکەوێتە ١٠ ــ ١٢ی مانگی ذی الحجة نەك ٩ ــ ١٢ وەك خاتوو هێنی دەڵێ . ڕەنـگە بۆیـە (٩)ی مانگی بە جەژن دانابێ چونکە ئەو ڕۆژەیە عەرەفەیەو خەڵکی خۆی بۆ ڕۆژی جەژن ئامادە دەکاو کەرەستەو پێویستی جەژن دەکڕێ ــ و •

قەدیان دەبەستن‌و ئەوەی‌تر بەسەر شانیان‌دا دەدەن • دیکسۆن (٢٠) دەڵێ ئەو قوماشەی پیاو دەیبەستن سپی‌یە کەچی هی ئافرەتان سەوزە • ئافرەت پێچە ناپۆشن (٢١) •

ئەو ڕۆژە حاجی تەواف دەکەن ، واتە حەفت جار لە دەوری «کەعبە» دەسوڕێنەوە • کەعبە ماڵی خودایە ، لە شێوەی شەش‌پاڵوو دایە ، مافووری پێدا دراوە ، هەر لە کۆنەوە جێگایەکی پیرۆزی خواپەرستی بوە • کەعبە چوار سووچی هەیەو هەر یەکە ڕووی لە ئاراستەیەکی بنچینەیی‌یە • کە دەست بە تەواف دەکەن لەلای بەردی ڕەشەوە دەست پێ دەکەن‌و بەسەر ملی چەپەدا دەسوڕێن ، واتە کەعبە دەکەوێتە لای چەپــە ، لای دڵ • سێ ســوڕی بەرایی بە نەرمەغار دەکەن‌و ئەوانەی‌تر بە ڕۆیشتن • دەبێ بەردی ڕەش ماچ بکەن یان دەستی لێ‌بدەن (٢٢) • پاشان نوێژ دەکەن‌و ئینجا دەچنە ســەر بیری «زمزم» کە وەختی خۆی بە موعجیزە بۆ ئیسماعیلی کوڕی هاجــەرە دەربوە کە وەخت بوو لە تینوان بخنکێ • حەفــت جــار لە بەیــنی گردی «سەفا»و گردی «مەروە» بە لۆقە دێن‌و دەچن • ئەم هاتوچۆیەیان بە یادی

(٢٠) دیکســۆن ١٩٥١ ، ٢٤٢ •

(٢١) جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٣ : « لە حەج ، لە کاتی ئیحرام بەستن‌دا ئافرەت نابێ ڕووی داپۆشێ » •

(٢٢) دەست‌لێدان یان ماچ‌کردنی بەردی ڕەش فەرز نی‌یە وەك خاتوو هــێنی دەڵــێ must — دەبێ ) ، بەڵکو سوونەتە . ئەم بەردەڕەشە پێش ئیسلامەتیش هەر پیرۆز بوەو ئەو چیرۆکە باوە کە چۆن لە کاتی چــاك کردنەوەی کەعبەدا خۆشەویست عەبای خۆی ڕاخست‌و ئەو بــەردەی لەسەر داناو چوار سەرەك هۆزی گەورە هاتن‌و یەکەو لچکێکیان گرت‌و بەردەکەیان لە شوێنی خۆیەوە دانا بۆ ئەوەی لەسەر دانانی ئەم بــەردە پیرۆزە لێ‌یان نەبێتە کێشەو دەمەقاڵێ . پیرۆزی ئەم بەردەش لەوەدایــە کە نەیزەك بوەو وەك ئەو نەیزەکانەی ئێستاش جاروبار دەکەون ، لــە ئاسمانەوە بەربۆتەوەو خەڵکەکە بە موعجیزەو خەڵاتی ئاسمانیان زانیوەو هێناویانە کردوویانەتە بەردێکی پیرۆزو لە ئابیدەکان جێگایەکی تایبەتی‌یان داوەتێ‌و کە ئیسلامیش هاتوە پیرۆزی‌ی ئەم بەردەی هەر پاراستوە — و•

هاجەرەیە کە کاتی خۆی ئیبراهیم بە قسەی (سارا) ڕەوانەی دەشتو بیابانی کردو ئیسماعیل هێشتا کۆرپە بوو ، وەخت بوو لە تینوان بخنکێو هاجەرە بە غار لەم بەینەدا بە نائومێدی دەهاتو دەچووو لە خوا دەپاڕایەوە ئاو بـۆ کوڕەکەی بنـێرێ •

کە لەم هاتو چۆیە بوونەوە ، لە «مەروە» پرچیان دەکەنو ئـافرەت قوربانی بۆ سەری کەزییان دەکەن •

نەمدی کورد لە نیشتمانی خۆیان لە ماڵەوە هیچ شتی وا بکـەن کـە لەگەڵ دابی ئایینی ڕۆژانەی حاجیان بگونجێ لە مەککە • ماڵی تەرجومانەکەم نیوەڕۆ چێشتیان لێنا ، قەول وا بوو میوانیان بێ بەڵام ڕێـك نەکـەوت • بێ گومان ئەمە هیچ پەیوەندییەکی تایبەتی بە حەجەوە نەبوو •

ڕۆژی پاشی ، یەك شەممەی (٨)ی مانگ (٧ی تەممووزی ١٩٥٧) حاجی لە مەککەوە چوار سەعاتە ڕێ بە سواری حوشتر دەڕۆنو دەچنـە چیـای «عەرەفات»و ئێوارێ دەگەنە ئەوێ • ئەو ڕۆژە ئەگەر خەڵك هەر کەسە لە وڵاتی خۆی بە ڕۆژوو بێ باشە بەڵام کـەم وا دەبـێ پـێ بین • ماڵـی تەرجومانەکەم لە سلێمانی وەکو هەموو ماڵەکانیتر کێکی بە کاکڵە گوێـزی تایبەتییان کردو ڕۆژی پـاشی کە میوانیـان هـات خستیـانە بـەردەم میوانان • ئەم کێکانەیان بە قالبی داری خڕی وەکو سەرەکەوچك دروست دەکرد • قاڵبەکان هەریـەکە دوو کەرت بوو و نـاوەوەی نەخش‌کرابوو • هەویریان خڕ دەکردەوەو لەناو نیوەیەکی قالبەکەیـان دەکرد ، پارچـە لۆزو شەکرو مێوژیان لەسەر دەکردو هەندێ هەوێری تریان لەسەر دەکردو نیوە قالبی دوەمیان وەکو سەرقاپە لەسەر دادەناو ئەمە توند کێکەکەی دەگوشیو کێکەکە شێوەی خۆی وەردەگرت •

ڕۆژی دوو شەممەی (٩) ی مانگ (٨ی تەممووزی ١٩٥٧) حاجی بـە زیکرو تەهلیل لەسەر چیا دەبەنە سەر • ئەگەر خەڵك ئەو ڕۆژە لە وڵاتـی

خۆیان بە ڕۆژوو بین خێرە بەڵام کەم وا دەبێ پێ بین • لە کوردستان‌دا ئەوڕۆژە ڕۆژی منداڵان بوو • سەدان منداڵ بە بەرگی نوێ‌و بچووکی وەك بەرگی گەوران پێکەوە لە سلێمانی دەسووڕانەوە : ئەو منداڵانە کوڕو کچی ٥ـ٦ ساڵی‌و تا ١١ ساڵی بوون • لەلووك لە پەڕگەی شار هەڵبەسترابوون • منداڵ بەتایبەتی ڕۆژانەیان بۆ ئەوە وەرگرتبوو کە سـواری عـارەبانەی سەرواڵا بین پێی‌و بگەڕێن • ڕۆژی وا ئەم جۆرە عارەبانانە زۆرن‌و منـداڵ بە کرێ سواریان دەبن • ئەو ڕۆژە شەقامەکان ئەوەندە پڕ بوون ماوەی هات‌وچۆ نەبوو؛ چونکە لە لایەکەوە ترومبێل زۆر بوون‌و لەلایەکی تریشەوە منداڵ بە کۆمەڵ دەر ببوون ، بە سواری کەرو ئێسترو عارەبانەی چوار پێچکە لە شەقامەکانی شار دەسووڕانەوە •

ڕۆژی سێ شەممەی (١٠)ی مانگ (٩ی تەممـووزی ١٩٥٧) یەکـەم ڕۆژی پیرۆزی قوربانی‌دانی حاجیانە لە مەککە • ئەو ڕۆژە « عیدالقربان یان قوربان بەیرەم » ی ڕاستەقینەیەو لە چیای عەرەفاتەوە دەگەڕێنەوە مەککەو لە (مینا) دەمێننەوە • لەوێ بە یادی ئیسماعیل (نەك ئیسحاق) مەڕ دەکـەنە قوربانی کە کاتی خۆی بەرانی بۆ کراوەتە قۆچی قوربانی • بێجگە لەوەی کە حەفت بەرد داوێنە هەر سێ شەیتان : شەیتانی گەورەو شەیتانی ناوەنجی‌و شەیتانی بچووك • ئەمەش بە یادی ئەوەوە دەکەن کە کاتی خۆی ئیبراهیم لێرە تووشی شەیتان هات‌و بەردی تێ‌گرت • لە سلێمانی دەبینی ئەو ڕۆژە مێگەلە مەڕی گەورە دێننە شار بۆ قوربانی • هە کەسێ دەستی بڕوا مەڕێك یان گۆلکێکی سێ ساڵی دەکاتە قوربانی • بۆیە دەبێ گۆلکەکە سێ ساڵی بێ چونکە کاتی خۆی ئیسماعیل سێ ساڵان بوو کە باوکی فەرمانی پێ‌کـرا بیکاتە قوربانی • لەم ڕۆژەدا ، منداڵ بە جل‌وبەرگی پۆشتەو پەرداخ‌و ڕازاوە دەچنە شارو سواری عارەبانە دەبن‌و دەچنە بن لەلووکـان • ئـەو کاتـە پێشانگایەکی منداڵان کرابوەوە ، قوتابی (١٢) ساڵی کردبوویان ؛ بەڵام بۆم

ساغ نەبوەوە داخۆ ئەم پێشانگایە بەتایبەتی بە بۆنەی ئەم چەند ڕۆژە کرابوەوە یـان نـەء ؟ •

ڕۆژی چوار شەممەی (١١)ی مانگ (١٠ی تەمموزی ١٩٥٧) حاجی لە مەککە تەواف دەکەنو حەفت جار لە دەوری کەعبە دەسووڕێنو حەفت جار لە بەینی سەفاو مەروە بە لۆقە دێنو دەچنو پاشان دەچنە میناو لەوێ دیسان قوربانی دەدەن • لە سلێمانی ئەو ڕۆژە خەڵك دەچوونە سەردانی یـەكـ‌ـی • زڕدایكی تەرجومانەكەم بە خۆو بە دوو كچی عازەبو سێ كوڕی (١٣) ساڵیو (٦) ساڵیو (٤) مانگی بە ترومبێلی كرێ بۆ چەند ڕۆژێك بـە میوانـداری چوونە ماڵی خزمێك لە هەڵەبجـە • ئـەم ڕۆژە ڕۆژی بـەزمو رابواردنو سەیرانیشە ، بە سەیران دەچنە ناو باخچەی قەراخ سەرچنار كە ئاوی خاوێنو پاكی شار لەوێ دەردەبێو جۆگە بەناو داراندا دەڕوا • شوێنەكە سێبەرو خیوەتگای زۆرە بۆ ماڵی قەوغە كە هەر چی بۆ چێشت بیانەوێ دەیبـەنو لەوێ چێشت لێدەنێنو خورادن ئامادە دەكەن • ئەو شتانەی دەبەن وەكو ، هیربار ، ڕەژوو ، سەماوەر ، خواردن ، شووتی ••• ئەو ڕۆژە لەم شـوێنە فێنكو خۆشە بەسەر دەبەن •

ڕۆژی پێنج شەممەی (١٢)ی مانگ (١١ی تەمموزی ١٩٥٧) ، ئـەم ڕۆژە سێیـەم ڕۆژی حاجیانە لە مینا ، كەچی لە نیشتمانەوە ماڵەكان دەچنـە سەردانی یەك •

ڕۆژی هەینی (١٣)ی مانگ (١٢ی تەمموزی ١٩٥٧) بۆ دوامین جـار سێ شەیتانەكە بەردەباران دەكەنو لە مینا دەڕۆن • دوا سەردانی مەككـەو دوا تەوافی كەعبە دەكەنو ئاوی تەفڕك لە بیری زەمزەم دەخۆنەوە • ئەو ڕۆژە لە سلێمانیش هەزار كەس بۆ نوێژی جەماعەتو خوتبەی نیوەڕۆ لە مزگەوتی گەورە كۆبوونەوە • لە ماڵەوە ئافرەت چاویان لە ڕێی زەلامـان بـوو ، فراوینیان نەختێ دواخست تا لە مزگەفت دێنەوە •

هەوڵم دا باسی ئەو داب‌و ڕەوشتە بکەم کە بەرامبەر بە ویردو دابی حەج لە مەککە ، لە وولاتی خۆیان دەیکەن بەڵام نەمتوانی وێ بکەوم داخۆ زەلام ئەو ڕۆژەیان چۆن لە شار قەتاند •

★ ★ ★

بە کورتی : نیشانەی هەرە دیاری دەوری ئایین لە ژیانی ئافرەتی کوردا بریتی‌یە لەم شتانە :

هەروەکو لە ناو ئافرەتە نەخوێندەوارکانی شارو لادێدا باوە ، ئیشی ڕۆژانە بۆ پێنج فەرزەی نوێژ دەوەستێنن‌و دەکشێنەوە ناو ژیانێکی ئەقلی تایبەتی‌و سەربەخۆ • نوێژکردن وایان لێ دەکا نەختێ بیر لە شتی ووردی نامادی بکەنەوەو هێمنی‌و دڵنیایی‌یەکی دەروونی یان بە ژیانی ڕۆژانە دەبەخشێ • ئەوەی نوێژ دەکا ڕۆژی پێنج جار بە بیری دێتەوە کە ئەویش یەکێکە لە جیهانی ئیسلامەتی کە (٣٥٠) ملوێن کەسی تێدایەو هەمویان وەکو ئەو ئەم داب‌و نەریتە بەجێ دێنن • ئەم هەستە گەورەی جەزبی ئایینی هەموو هەستێکی تەنیایی‌و گۆشەگیری لا دەڕەوێنێتەوە • ئافرەت لەسەریەتی ڕۆژێ پێنج جار دەم‌و چاوی بشواو جل‌وبەرگی ڕێك بخاو سەرباری ئیش‌وکاری قورسی ڕۆژانە بیر لە شتی‌تر بکاتەوە ، ئەرك‌و مافی خۆیەتی کە بکشێتەوە ناو دونیای گیانی ناوەوەی خۆی‌و داوا لەوانەی دەوروپشتیشی بکا بکەونە سەر ئەم بارە • نوێژکەر کە دەزانێ دەبێ ڕۆژێ پێنج جار بۆ ماوەی ٣ـ٤ دەقیقە خۆی بترنجێنێتە ناو مەودای یەك مەتر چوارگۆشەو کەس ناتوانێ نوێژی پێ ببڕێ هەتا بە منداڵی کرێت‌و چەتوونیش ڕادەگا ، بڕواو متمانەی بە خۆی پتەو دەبێ • نوێژکەر ئەو ماوەیە لە ڕووی دەروونی‌و گیانی‌یەوە بە تەواوی لە دەوروبەری خۆی دادەبڕێ‌و لەگەڵ ملیۆنەها نوێژکەری‌تر سوپاس بژێری خوا دەکا • ئەمەش یەکێتی‌یەکی وای تێدایە کە لە سەرووی هەموو ڕەگەزو توخم‌و سنوورێکە •

سکات‌دان کۆلەگەیەکی وای ئیسلامە کە لە کۆمەڵی ئێمەش‌دا ئـەو کاتەی (دەزگای چارەسازی کۆمەڵایەتی) دەسەڵاتی هەموو دامەو دەزگاکانی خێرخوازی گرتە دەست ، شتی وا هەبوو •

ڕۆژووش وەکو نوێژ هۆیەکی پتەو کـردنی بەشـداریی گیانـی‌و ئایینی‌یە • ڕەمەزان کە یەکێ بە ڕۆژوو دەبێ‌و وەکو هەموو موسلمانەکانی‌دی خۆی لە خواردن‌و خواردنەوە بە دوور دەگرێ‌و ئـازارو چەرمەسـەری دەکێشێ ، ئەمە هەستی پشتگیری‌کردن‌و جەزبی ڕوحی لا پتەو دەکا •

حەج بۆ ئەو بەختەوەرانەی بۆیان ڕێك دەکەوێ جۆرە گەشتێکی ئەو دیوی سنووری وایە لە هیچ شوێنێکی‌تر هاوتای نی‌یە • لەم گەشتەدا حاجی دۆستێنی‌یەکی پتەوی ئاینی پەیدا دەکات‌و لەگەڵ ئەوانەی‌تر دەردەسـەری ڕێگا دەکێشێ‌و هەر لەگەڵ ئەوانیش‌دا داب‌و دەستووری حـەج بـە جێ دەگەیەنێ • ئەو ماوەی لە مەککەیە بە زنجیرە تاقی‌کردنەوەیەکی وادا دەڕوا کە گەڕایەوە ناتوانێ باسی نەکا • ئەم تاقی‌کردنەوەیە مۆرکی بـە گیـانی حاجیانەوە دیارەو پاشانیش ئەم حەج‌کردنە خۆی لە دەسـتووری بەرگـی تایبەتی‌یەوە دەنوێنێ •

لە ماوەی هەر پێنج نوێژی ڕۆژ ، لە هەر (٣٠) ڕۆژی ڕەمەزان ، لـە ڕۆژەکانی حەج ، ئافرەت هەمیشە شان بە شانی پیاو بە یەکسانی ئەم دیاردانە بەجێ دێنێ • ئەم شتانە گۆڕانێکی وای ژیانی ڕۆژانەیان تێدایەو خۆشی‌یەکی گیانی وا دەبەخشن کە تەواو پێچەوانەی ژیانی سەختی کۆمەڵی پیشەسازی ئێمەمانانە • ئەو داوایەی ئیسلام لە خەڵـکی دەکا لەگەڵ ژیـانی ئێمـەدا ناگونجێ ، لەولاوەش ئەم داوایە قەناعەت‌و ئۆخەو دڵنیایی‌یەکی دەروونی وا بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دەبەخشێ کە هیچ شتێ نی‌یە جێی پڕ بکاتەوە • کابانێکی سەرقاڵی وەکو ئەو ژنە جاجێڵەی لە بەڵخە دیم ، کە ڕۆژە ئیشی هەر

تەواو نەدەبوو هەر لە خزمەتکردنی مێردو منداڵانەوە بگرە تا ئیشی ناوماڵو تا چوونە ناو باخچەی توانو تا چوونە بیری شاخان ، کە هەستی دەکرد وەختی نوێژەو هەقی هەیە چەند دەقیقەیەك بۆ نوێژ تەرخان بکا چ پێش هەویرکردن بوایەو چ پێش هەڵگرتنی کونداوی گەورە نوێژی خۆی دەکرد. هەڵبەت نوێژەکە لەناو ئەو هەموو ئیشە سەختەی ماڵەوە هەشتێکی مرۆڤانەی بەرزی پێ دەبەخشی • ئافرەت مافی ئەوەی هەیەو ئەرکیشە بەسەریەوە کە ڕۆژێ پێنج جار خۆی کۆ بکاتەوەو بە کپو بێدەنگی بیر لە دونیای گیانی بکاتەوەو لەم دونیایەدا هیچ هێزێ نی یە ئەم ڕێیەی لێبگرێ • سەیر نی یە کە ئافرەتی کوردی موسلمان لە کپو هێمنیو مەندیو سەربەرزی ڕاهاتوونو تا ماوەیان هەبێو بیریان ئیش بکا قەت کاری سەختی ڕۆژانە ناتوانێ بە تەواوی دایانبگرێو پەلبەستیان بکا •

**بێنوێژی :**

لە کاتی مەهكدا ئافرەتی مەڵبەندی خوێندەوارو نەخوێندەواری شار لە سلێمانی (ئەو زانیاریەم لەوان وەرگرتوە) تۆلەیان دەهێناو چەند جارێك دەقیان دەکردو وەکو خاولیەکی لاکێشەیی پاك لە هەر چوار سەرەوە تیلمە پەڕۆی درێژیان لێقایم دەکرد.ئەو تیلمانەیان دوو دوو لێك دەبەستو دەکەوتە سەرتێکیانو خاولیەکەی لە شوێنی تایبەتی خۆیەوە ڕادەگرت • هیچ جۆرە بەرگێکی ئافرەتی کورد لەناو قەدەوە ناوەستێ هەمووی دەکەوێتە سەر تێك • دەیانگوت ئافرەت خۆی بە دزی ئەم خاولیە دەشوا بەڵام بە ئاشکرا لەگەڵ پارچەکانیدی هەڵیدەخا تا ووشك بێتەوە •

مەهكو ئەوەی پەیوەندی بە مەهکەوە هەیە زۆر ناخۆشە بۆ کچی سەروعوزر شۆر • ماوەی مەمكدانە منداڵو سكبوونی یەك لەسەر یەك وای کردبوو کە مەسەلەی مەهك لای ئافرەتی بە مێرد لە هی شارستانێتی ئێمە مەوزوعیتر بێ • لە ماوەی مەهكدا ، ئافرەت لە ڕووی ئایینیەوە لەشی

پیسە ، بێ نوێژە . لەو ماوەیەدا ، نابێ بچێتە شوێنی پیرۆز[٢٣] . بڕوانــە : (سەردانی گۆڕی چاكو پیران ) ، نابێ دەست بكاتە قورعان ؛ هەر بۆیەشــە بەرگێكی تایبەتی بۆ قورعان دەدورنو لــە ژووری نووســتن بــە داری هەڵدەواسن[٢٤] . ( بڕوانە : نەختی بووك ) ئافرەت كە ماوەی مەهكی بەسەر چوو تەنیا بەوە لە ڕووی ئایینی‌یەوە پاك دەبێتەوە كە سەراپای لەشی خۆی بشوات . ژنو مێردیش دەبێ پاش گانكردن سەراپای لەشیان بشۆن بــۆ ئەوەی بتوانن فەرمانبەرداری دەستووری نوێژ بن [٢٥] . بــەم جــۆرە ، لەبارەی پەیوەندی جنسی‌یەوە زۆر ئاگاداری خۆیانن [٢٦] .

**سۆفیگەری لەنــاو كوردان :**

موتەسەڕیفی عارەبی سلێمانیو قایمقامی عــارەبی ڕانیــە بــە ترسو سووكایەتی‌یەوە دەرهەق ماڵی شێخەكانی تۆپزاوەو سەرگەڵوو دەیــانگوت ئامەنە «هەقە»ن . سەرۆكی ئەم دوو بنەماڵە شێخەیە برا بوون ، هەردووك ژنیان خەڵكی سەرگەڵوو بوو . خوشكەژنی یەكێكیان مێردی بــە شــێخی بەسالآچووی شەدەڵە كرد بوو كە دەكەوێتە دۆڵی بەینی چەمەربەندو چیــای پیرەمەگرون . پێیان گوتم زەحمەت بتوانم زانیاری زۆر دەرهــەق ئــەم ناوچەیە وەدەست بێنم . ئەوانەی بۆ وەرگرتنی زانیاری چووبوونە ئــەوێ پاشان حەزیان نەدەكرد سەری خۆیان بە ڕەوشتو مەزەبە نهێنی‌یەكانیانەوە بیەشێنن . تەرجومانەكەم بە گوێرەی ئاگاداری خۆی گوتی ئەمانە لەبارەی

---

(٢٣) ئەمەمان لە سەردانی گۆڕی پیاوچاكێكی دەرەوەی هەڵەبجە بینی .
ــ ب : دیكسۆن ١٩٥١ ، ٢٤١ .

(٢٤) لە زەماوەندێكی سلێمانی جلێكی وایان لەگەڵ بووك ڕەوانە كرد .

(٢٥) ب : دیكسۆن ١٩٥١ ، ١٦٢ .

(٢٦) لە تۆپزاوە ، ژنو مێرد لە حەوزی ناو باخچە خۆیان دەشووشت ، كــە ئەوان خۆیان دەشووشت دایاندەخستو لێ‌نەدەگەڕان كەس بچێتە ئەوێ نە هی ماڵی خۆیانو نە ژنی گوندیش كە دەهاتن ئاویان لە حەوزەكە دەبرد.
ــ ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ٧٤ .

ئەدەب‌و نامووس‌و شەرم‌و حەیاوە لە یاسای گشتی ئیسلامەتی لایان داوە .
بەلاّم هیچ زانیاری‌دیکەی لەبارەی ئەم نهێنی‌یانەوە نەدامێ .

هەر چۆنێك بێ دەتوانین بلێین ئەم مەسەلەیە مەسەلەی پێرەوکـەرانی ئەهلی هەق نی‌یە کە خواپەرستی ڕاستن‌و لە ڕۆژاوای ئێران پێ‌یان دەگوترێ عەلی ئیلاهی‌و لە کوردستانی عێراق پێ‌یان دەگوترێ کاکەیی‌و بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکوك هەن ؛ بەلکو بە پێچەوانەوە ، ئەمانە لقێکی[27] سۆفیگەرین لە ڕێبازی دەروێشی «نەخشبەندی»[28] «نقشبندیە»[29] کە لـە سـەدەی چواردەمین محمد بهاءالدین ، یان بهاءالدین لە بوخارا دایهێناو شێخ مەولانـا خالیدی خێلی جاف لە سەدەی هەژدەم هێنایە کوردستان ، پاشان هەر ئەویش کاك ئەحمەدی باپیری شێخ مەحموودی هێنایە سەر ئەو ڕێبازەو ووردە ووردە ڕێبازەکە گەیشتە ناوچە دوورەکانی کوردستانی خواروو [30] .

بە پێی قسەی گاوان [31] ، کۆمەلێ لە پـێرەوکەرانی نەقشبەنـدی

(٢٧) ب : کیسلینك ١٩٥٤ ، ٢٣ : «...دەستووری دەروێـش سـەر بـە (کۆمەلی پیاوان)ە » .
– ٢٧ : «... لەبـارەی سـۆسیۆلۆجی ئـایینی‌یەوە ، دەروێشـاتی ڕێکخراوێکی ئایینی ئیسلامی‌یە » .
(٢٨) گاوان ١٩٣٨ ، ١٩٩ .
– ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ١٤٢ .
– لیچ ١٩٤٠ ، ٣ .
(٢٩) گیب ١٩٥٥ ، ١٢٥ .
– واریس ١٩٥٤ ، ١٣٨ .
– کرۆهن . ئێس . ئێ‌ی ، ٣٠٥ .
(٣٠) بۆ تێگەیشتنی ڕاستی ئەم زانیاری‌یەو زانیاری‌ی زیاتریش دەربـارەی پەیدابوون‌و بلاّوبوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی‌و دەوری مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هێنان‌و بلاّوکردنەوەی ئەم ڕێبازە لە کوردستان‌دا بڕوانە:
مەلا عبدالکریمی مدرس : یادی مەردان ، بەرگی یەکەم : مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧ . کاك ئەحمەدی باپیری شێخ مەحموودیش لەسەر تەریقەتی قادری بووەو هەرگیز نەبوە بە نەقشبەندی – و .
(٣١) گاوان ١٩٣٨ ، ١٩٩ .

به سەرۆکایەتی حاجی شێخ عارف کۆمەڵەیەکی نهێنییان بـۆ پێڕەوکردنـی ڕێبازی ( ڕووتی ــ بەرەللایی ) پێك هێنابوو • شوێنی یەکدگیربوونی ئەم تاقمە مزگەوتی دێ بوو • مزگەوت خانیلکەی خۆ بسمیل کردنی تێدایە ، جا ژن‌و پیاو پێکەوە بە ڕووت‌و قووتی لەم خانیلکەیە لـە ئاوێ دەکـەوتن‌و پێکەوەش بە پیاسە دەچوونە شاخان •

بە پێی قسەی ئەدمۆنز[٣٢] شێخ عبدالکـریمی شەدەلـەی نزیـك سەرگەلوو ڕێبازی «هەقە»ی داناوە ، شێخ عبدالکریم خزمی ئەو شێخ عارفە بوو کە تازە باسمان کرد • ئەم ڕێبازە لەسەر بناغەی کۆنی (سەمای سۆفیانە) دامەزراوەو نیشانەی لادانێکی بنجی‌یە لە یاســاو ڕەوشت‌و دەســتووری پیرۆزی ئیسلام • ئەم ڕێبازە سیمایەکی ژنپەرستی پێوەیە •

ژن‌و پیاو پێکەوە لە مزگەوت دەئاو دەکەون‌و سەگیش لەگەڵ خۆیان دەشۆن • کوڕو کچی عازەب پێکەوە بە پیاسە دەچنە شاخان • کە بۆ بەزم‌و ڕابواردن کۆ دەبنەوە بادی‌یەك پڕ میز دەکەن‌و وەك شەڕاب دەستەو دەست دەیگێڕن ــ بە یەك ووشە بیلێین ئەم ڕێبــازە تێکەللایی‌یــەکی حەشــەری‌و بێ‌حەیایی‌یەو ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئایینی ئیسلامە • چەند ساڵ بــوو دەسەڵاتدارە عارەبەکان لەو مقۆمقۆیە دەترسان گوایە ڕێبازی « هەقــە » خەریکە بە لەزوبەز بە ناو کوردان‌دا بڵاو دەبێتەوە • ئەمــانە مەڵبەندیــان سەرگەڵوو بوو و هەر چەندە زوو زوو شێخ‌و مریدەکانی بانــگی سلێمــانی دەکران‌و هەق‌و حسێبیان لــەگەڵ دەکرا بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ڕێبــازەکە خەریك بوو هەر وورده وورده بە ناوچەکانی ئەو دەوروبەرەدا بڵاو دەبوەوە•

لەمەوە دەردەکەوێ کە وا بوە لێکدانەوەی میتافیزیکیانەی سۆفیگەری لە ژێر کاریگەری ئەفلاتوونی‌یەتی تازەدا چۆتەوە ســەر یەکێــتی بــوون‌و بیروڕایەکی دژ بە دەستووری ئیسلامی چەسپاندوە • ئەمە کارێکی تەواوی

---

(٣٢) ئەدمۆنز ١٩٥٧ ، ٢٠٤ ود .

لەو کوردانە کردبوو کە من لایان بووم •

ئەم باسە باسێکی مێژوویی‌و ئایینی‌یەو بە بەریەوە هەیە زۆری لەسەر بنووسرێ ، من تەنیا ئیشارەتم بۆ کردوەو بەس ✻ •

**ئەفسوون (خەڕافە)و جادوو :**

ئێمە باسی هەندێ شتمان کرد کە دەتوانین بیانبەینەوە سەر ئەفسوون (خەڕافە)و جادوو و باوەڕی پڕو پووچ : پێش ئەوەی جلی بووك بدورن شەکر بەسەر قوماشەکە دەکەن ، کە بووك گەیشتە بەر دەرگەی ماڵەوە زاوا دارێکی لە سەری دەداو پەڕەورێکی بەسەر سەردا بەرەڵلا دەکەن ، پاروەنانێکی بە هەنگوین لە ژێر ئەو دۆشەکە دادەنێن کە بووك گەیشتە جێ لەسەری دادەنیشێ ، باسی ئەوەشمان کرد کە منداڵێك مرد مریشکیان کوشتەوە •

ئێستاش لە هەندێ شتی‌دی دەکۆڵمەوە وەکو : نووشتەو حەتۆتە ، بە هەردوو جۆرەکانی‌یەوە : ئەوەی ڕووت‌و ئەوەی بە کیفك ، گرنگی‌ی دەستی پیرۆز ، چوونە سەر گۆڕی چاك‌و پیران ، دواجاریش دێمە سەر دارچاك‌و دارئالآی سەر قەبران‌و قوربانی کردنی گیانداران بۆ چاكبوونەوەی نەخۆش •

**نووشتەو حەتۆتە :**

ئەمانە ، لە کوردستانی خوارووودا ، لەناو ئافرەتەکانی مەڵبەندی

✻ خاتۆ هێنی کە ئەم قسانە دەگێڕێتەوەو خۆیشی ماوەیەکی زۆری لە ناوچەی هەقەکاندا بەسەربردووە ، ناکا بڵێ قسەکان تا چەند ڕاستن یا ڕاست نین . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بۆخۆی هیچی‌وای نەدیوەو ، ئێمەش ئەوەندە دەڵێین تێکرا ئەم قسانە پڕۆپاگاندەی ناحەزان‌و ئەقڵیش نایانگرێ . بۆ زانیاری زیاتریش لەبارەی بزووتنەوەی (هەقە) بڕوانە : مستەفا عەسکەری : بزووتنەوەی هەقە . پێداچوونەوەو پەراوێزی : محمدی مەلا کەریم ، بەغدا ، ١٩٨٣ ــ و •

دەرەبەگەو مەڵبەندی جوتیاران‌و مەڵبەندی نەخوێندەواری شار هەبوون ، بەڵام لە مەڵبەندی خوێندەواری شار بەکاریان نەدەهێنان . نووشتەو حەتۆتە خاوەنەکەی لە گیانی بەدی وەکو (جـن)و شەیتـان کە لە ئاگر دروسـت کراوە [٣٣] دەپارێزێ . بۆ چاووزاریش باشـە . ئەمە دوو جۆرە : هەیـە ڕووتەو پەڕۆو شتی وای لێ ناپێچرێ پێی دەگوترێ (حەتۆتە) ، هەیشـە بەرگەو کیفکی بۆ دەکرێ پێی دەگوترێ (نووشتە) .

**حەتـۆتـە :**

ئەمەیان جۆرە خشڵێکەو جوداکردنەوەی لە پارچە خشڵەکانی‌تر کە ئەو هێزە ئەفسووناوی‌یەیان تێدا نی‌یە ، نەختێ زەحمەتە . ئەمانە لە بازاڕ دەکڕن واتە کەوتوونەتە قالبی بازرگانی‌یەوە . ئەمانە هێزێکی نهێنی وایان لە ڕەنگ‌و شێوەو مادەکەدایە کە خاوەنەکەیان لە هەموو خراپەیەك چەپاڵە دەدەن . لە کوردستانی خوارووی ئەم حەتۆتـە ئەفسووناوی‌یـانە بە گیان‌لـەبەرو بێ‌گیانەوە دەکەن .

خەناوکەیەکی مووررووی شینیان بە ملی ئەسپێکەوە کردبوو (سەرکان)، لەپکەیەکی شینیان بە سێپێکی مەشکەوە کردبوو (تۆپزاوە) ، کووژەکەیەکی شینیان بە مەکینەی سنگەری دورمانەوە کردبوو (کەرکووك) . بۆیە وایـان کردبوو تا ئەو حەتۆتانە گیاندارو بەروبوومی بێ‌گیانەکان لە چـاوی بـەد بپارێزن . زۆر جار باسیان دەکرد کە ڕەنگی شین بۆ چاوو زار باشـە [٣٤] .

ئەو ڕەنگە شـینە لەو کەرەسـتە بچووکانەش‌دا هەیـە کە منـداڵ بەخۆیانەوە دەکەن . ملوانکەی منداڵان هەیە ، ٢٨و٠م درێژە ، لە ژەنگیانەی

---

(٣٣) ب : گیب ١٩٥٥ ، ٥١ : «...شەیتان بە ئەجندەی یاخی دادەندرێن... لە ئاگر ... دروست‌کراون » .
— سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٣ .

(٣٤) ب : بێرلینەر . یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٤ : «شینە، خاوەنەکەی ، لە چاوی پیس دەپارێزێ...».

ڕەش‌و سپی هۆنراوەتەوەو هاژیلەیەکی شینی کالی بە ناوەڕاستەوەیەو لەم لاو لەو لاوە دوو دەستی بچووکی پلاستیکی سوورو شینی پێوەیە[٣٥] . بێجگە لەو لەپکەی لە بەرگی منداڵانی دەدوورن [٣٦] ، دووپشکی ژەنگیانەی شینی کاڵ هەیە ، ئەویش هەر لە بەرگی منداڵان دەدوورن . زریزەی زیو هەیە لە ملی دەکەن‌و دەکەوێتەوە سەر سنگیان[٣٧] . زریزەکە لە سلێمانی هەیەو پێی دەگوترێ «کەشکۆڵ» . زریزەکە چل چوارپالوە ، ٧٣٠م درێژ دەبێ ، لە ناوەڕاستی چوارپالوەکانەوە کەشکۆلێکی زیوی تێدایەو زریزەکە بە ناوی ئەم کەشکۆڵەوە کراوە[٣٨] . زریزەکە دوو زەنگولۆکەی زیوو[٣٩] دوو قالکە نووشتووی لاکێشەیی زیوو[٤٠] دوو قوتووی بچووکی زیوو[٤١] دوو پوولەکەی بە ئاقیقی زەردی سووورباوی[٤٢] پێوە کراوە .

ئافرەت ملوانکە لە مل دەکەن . دوو ملوانکەمان هێناوە یەکێکیان پێی دەگوترێ «بەرمووره» ، ١٠١رام درێژە ، چل دنکە مووروە ، بەردێکی

---

(٣٥) ب : بێرلینەر. یو. بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٤ : «...دەست بۆ دژی هەموو جۆرە جادوویەك باشە » .

(٣٦) ب : دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ٢٠٤ .

(٣٧) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٣ .

(٣٨) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ٢٨ ، تابلۆی ، ٣ .

(٣٩) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٣ ، تابلۆی ، ٨ ـ ١٠ : « ... دژی مەترسی «في القرينة» چەپاڵەی دەدا » .

(٤٠) ب : بێرلینەر یو . بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٤ ، تابلۆی ، ٣ ـ ٤ .
ـ لێن١٩٤٤ ، ٢٥٦ : «... نووشتەی چاووزار لە بەرگێکی سێ‌گۆشە دەپێچن ...» ـ ٥٧٥ .

(٤١) ب : بێرلینەر. یو. بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ١٤ .

(٤٢) ئاقیقی سووری زەردباو ئاقیقی یەمانی‌یە . لە شوێنی‌تریش هەیە ـ لە هیند . ب : براگستید ١٩٣٣ ، ٣٢ ود .
ـ براگستید ١٩٥٣ ، ٧٤ ود .



ملوانکەی بە نووشتەو حەتۆتەی ئافرەتان ، مێخەکبەندو نوشتەی سێ‌گوشە ، جەوهەرداش‌و ئاقیق‌و باڵەبەژن ، جەوهەرداش‌و باڵەبەژن .

خڕی سپی پاتی[٤٣] لە ناوەڕاست کراوە خراپەو دەردو بەڵا دەگێڕێتەوە[٤٤]، بێجگە لەمەش ئەم ملوانکەیە نووشتەیەکی چوارگۆشەی پێوەیە بەرگێکی قوماشی بۆکراوە (کە هاتینە سەر باسی نووشتە بە درێژی لێی دەکۆڵینەوە). ئەوەی دی کە هەر پێی دەگوترێ ملوانکە، ٤٦رام درێژە، ٣٨ قلە مووروە. هەموو ڕەنگ‌و شێوەیان جودایە. دوو مەمەی سپیشی تێدایە. بە پێی قسەی دۆنالدسۆن[٤٥] ئەمانە بۆ چاوی پیس باشن. ئەم ملوانکەیە ئاقیقێکی گەورەی لوولەیی‌و[٤٦] باڵەبەژنێکی تێدایە.

لە حەتۆتەی ئافرەتان لاسەرە هەیە لە کڵاو قایم دەکرێ. تاقمێکـی‌تر هەیە، پێی دەگوترێ «گوڵ» بریتی‌یە لە دوو ئاقیقی پان‌و هێلکەیی سووری زەردباوی لە زیو گیراو. ئەو پەڕی تیرەکەی ٠٣٦و٠ مەترە، پوولەکـەو دراوی ئێرانی پێوەیەو گوایە وەکو ئاقیقی خەناوکەی منداڵان بۆ چاوی پیس باشـە.

وەستاکانی بازاڕ ئەم حەتۆتانە دروست دەکەن‌و یان بە تەنیاو یان لەناو ملوانکە بە خۆیەوە دەکەن. هێزی نهێنی پارێزگاری کردنی ئەم حەتۆتانە لە ڕەنگ (شین)و شێوە (لەپکەیی)و دەنگ (زرنگانەوە)و مـادەکە (زمرووت، ئاقیقی سوور، ئاقیقی زەرد) دایـە.

---

(٤٣) ئاقیقی یەمانی‌یە. بە زۆر ڕەنگ‌و زۆر نیشانەی جودا جودا هەیـە، لە هیند هەیە. ب: دراگستید ١٩٣٣، ١٣.
— دراگستید ١٩٥٣، ٧٤.
(٤٤) ب: دۆنالدسن ١٩٣٨، ٢٠، ٢٠٤.
(٤٥) ب: دونالدسن ١٩٣٨، ٢٠: «چاوبەستە».
(٤٦) ب: براگستید ١٩٣٣، ١٣.
— براگستید ١٩٣٥، ٧٤، کە لەگەڵ زمرووتەکـانی‌تر باسـی جـۆرە زمرووتێکی سەوز دەکا ئاقیقێکی یەمانی پێوەیە — بە قسەی دۆنالدسن ١٩٣٨، ٢٠، ئاقیقەکە پێی دەگوترێ «بابا گـوڕی» واتـە «باوکـی قرچۆك» ... بۆ ئەوەی چاوی بەد ڕەت کاتەوە ...



حەتۆتەی چاووزاری منداڵان . زریزەی بە کەشکۆڵ ، ملوانکەی ژەنگیانــەو دەستی بچکۆلە ، لەپکەی شین ، دووپشکی ژەنگیانەی شین ، گوڵ (چەناغە)ی زێڕ ، بۆ ئافرەتیش لاسەرە .

نووشــتە :

جۆری دووەم ئەوەیە کە بە بەرگ‌و کیفکەو پێی دەگوترێ نووشتە • پارچە کاغەزێکە دەینووسن‌و دەینووشتێننەوەو لەناو کیفکێکی دەگرن • جا ئەو کیفکە چ قوماشێکی[47] ڕەنگاوڕەنگی وەکو جورجێت ، مەخمـەڵ ، شەمێمشت بێ ، چ قالکێکی چوار گۆشە یان لاکێشە [48] بێ • ئافرەتەکە خۆی بەرگەکەی دەدورێ • وا دەبێ کە نووشتەکە بە ناوەڕاستی ملوانکەوە دەکەن [49] • ( نووشـتەکان قەبـارەیان بـەم جـۆرەیە : ٠٠٧٥و٠ م × ٠١٥و٠ ، ٠٠٦و٠م × ٠٠٦و٠م × ٠٠٩و٠م) وا دەبێ نووشتە لە ڤێز دەدوورن ، وا دەبێ بە قولابەیەك لە سوخمە یان کورتەکی منداڵ قایمی دەکەن • هەروەها جاری وا هەبوو ، لە کوردستان ، ئەم نووشتە پەڕۆپێچەیان بـە دیـواری ژوورەوە هەڵدەواسی تا ماڵەکە بپارێزێ • بۆی هەیە کیفکـی نووشتەکـە تەنەکە یان قوتوویەکی لاکێشەیی پان بێ[50] وەکو ئەوەی کە گوتمان بـە شانی منداڵی‌یەوە دەکەن ، یان بۆی هەیە «لوولە»یەکی درێژووکانی[51] بێ وەکو ئەوەی کە ژن لە سوخمەی دەدەن یان بـە ملوانکـەیەوە دەکـەن • لوولە هەیە درێژی ٠٩٢و٠ مـەترەو لە قـالك گـیراوەو هەنـدێ دراوی ئێرانی بۆ جوانی پێوە کراوە [52] • بەرگی ئەم نووشتانە ئەگەر قوماش بـێ ئافرەت خۆیان لە ماڵەوە دروستی دەکەن‌و ئەگەر مەعدەن بێ وەستا دروستیان دەکەن •

---

(٤٧) ب : دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ٢٠٣ .

(٤٨) ئۆلوفسن ١٩١١ ، ٨٤٠ و لوکۆك ١٩١٦ ، ٤ ، ٦ تابلـۆی ١ ، ٥ بـاس دەکەن کە نووشتەی سێ‌سووچ لە تورکستان هەیە .

(٤٩) ب : دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ٢٠٣ : «... باڵەبـەژن ملوانـکەیەکە لە لای خوارەوە دوعایەکی پێوەیە بەرگی مەخمەڵە یان قایشـە » .

(٥٠) ب : لێن ١٩٤٤ ، ٢٥٣ ، ٥٧٥ .

(٥١) ب : بووشان ئێس • ئێ‌ی ، ١١ (هیند) .
— هورگرۆنج ١٨٨٨ ، ١٥٤ ( سعودیە ) .
— ئۆلوفسن ١٩١١ ، ٤٧٥ (تورکستان) .

(٥٢) ب : بێرلینەر یو • بۆرچاردت ١٩٢٢ ، ٢٧ ود • تابلۆی ، ١ ، ٢ ، ٤ ، ٥ .

له لایەکی تریشەوە ، من خۆم دروستکردنی دوو نووشتەم لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا بینی • ڕۆژێکیان دوو سەیدی گەڕاڵ (کە کەسـکی تایبەتییان لەسەر بوو) هاتنە ماڵی شێخی تۆپزاوە • ئەو ڕۆژە چوار نەوەی پێغەمبەر هاتبوونە گوند • سەریان بە زۆر ماڵدا دەکرد بەڵام بـە گەرمی بەخێریان نەدەهێنان •

ئەم تاقمە ممبارەكو مەرتەبە گەورەیە (کە جلی تایبەتییان لەبـەر بوو) وەکو (گەڕاڵی دەستکورت) هاتبوونە دێ • (باث) باسیان دەکا کە ئەمانـە لەناو کوردان هەنو دەڵێ : «ئەمانە نووشتەی بەختو مراز ، نووشـتەی ئەشقو ئەوین ، نووشتەی دەردو نەخۆشی ••• دروسـت دەکەن»(٥٣) • کاتێ کە هاتن هیچ زەلامی گەورە لە ماڵەوە نەبوو • لەبەر ئەوەی بێگانـە بوونو سەر بە چینێکی تایبەتی بوون دەبوایە بچنە دیوەخان بەڵام نەچوون، زۆر جار کە پیاو لە ماڵەوە نەبوونایە ئـافرەت بەدەم میوانـەوە دەچوونـە دیوەخانو بەخێریان دەهێنا • ئەم سەیدانە یەکسەر بەناو ماڵێ کەوتن • کە هاتن لە هەیوانەکە دایان نانو دەستیان بە مامڵەت کردو دوای کێشەکێشێکی زۆر پێك هاتن ــ نووشتە بە شەکرو ئارد ، شەکرو ئاردەکەیان لە کەشکۆڵی ملیان کرد • وا وێ دەچوو ئەم سەیدانە ئاوقووفی نۆکەری شێخ بن چونکە هیچ شتێکی خواردنەوەیان نەدانێ تەنانەت جگەرەیەکیشیـان پێشکێـش نەکردن • حسێبی میوانی خاوەن ڕێزو حورمەتی ماڵیان بۆ نەکردن •

نووشتەکانیان لەبەر چاوی ئێمە کرد • سەیدێك شووشە مەرەکەبێکی لە تەنیشت خۆیەوە دانـابوو داوای دوو دەرزی لە کچی مـاڵەوە کـرد • ئەویش بۆی هێنـاو سـەیدەکە دەرزییـەکانی لە قەنـەفەی تەنیشـت شووشە مەرەکەبەکە ڕاکرد • ئینجا پارچە کاغەزێکی لاکێشەیی لەنـاو پڕو بوزگوڕەکانی دەرهێنا کە بە خەتی سوور (وەکو دامە) بە درێژایی و بەرینایی

---

(٥٣) بارث ١٩٥٣ ، ٩١ ود .

دابەشی لاکێشەی وورد وورد کرابوو • ئەم لاکێشە ووردانە پڕ نیگارو نووسین بوون بەڵام ئەمن لە دورەوە نەمزانی داخۆ ئەم نیگارو نووسینانە چین ؟ چونکە لێنەگەڕان لێیان نزیك بکەومەوە • سەیدەکە پارچە کاغەزێکیتری دەرهێناو وێنەی شمشێری لەسەر کێشا • ئەم کاغەزەش بە قەڵەمی سوور دابەشی لاکێشەی بچووك بچووك کرابوو و لاکێشەکانی پڕ وێنە کرد • کاغەزەکەی نووشتاندەوەو کردی بە سێ گۆشە ـ سەری گۆشەی بنەوەی بەسەر تیرەکەیدا شکاندەوەو لێکی پێچا •

دەرزییەکانی لە قەنەفەکە دەرهێنا ، لە ناوەڕاستەوە شکاندنی ، هاویشتنیە ناو نووشتە سێ گۆشەکە • پارچە کاغەزەکەیتریشی پڕ نیگارکردو نووشتاندییەوەو کردی بە لاکێشە بەڵام هیچ ئاسنی نەخستە ناو • کە نووشتەکانی دایە دەست ئافرەتەکان ، لە ناو قووتوویەکیان دانان کە نووشتەیتری تێدابوو هێشتا بەرگیان بۆ نەکرابوو • قووتووەکەیان لەناو باولێکی ڕەنگاوڕەنگ دانا کە جلو بەرگی خاتوونی ماڵی تێدا بوو • چاویلکەم کردە چاوو ویستم تەماشای نووشتەکان بکەم بەڵام پێیان پێشان نەدام گوتیان ئەگەر بیانکەیتەوەو تەماشایان بکەی بەتاڵ دەبنو ئەو هێزەیان نامێنێ کە ئەو کەسەی لەبەریان دەکا یان ئەو دیوارەی پێی هەڵدەواسرێن لە بەدو خراپە بیانپارێزن •

لێن باسی عارەبەکانی میسر دەکا کە «نووشتەی ••• لە ئایەتی قورعانو ناوەکانی خودا »(٥٤) یان هەیە • کە دوو سەیدەکە نووشتەکانیان کرد لێنەگەڕان لێیان نزیك ببمەوە بەڵام تا ئەو ڕادەیەی کە دوور بە دووری بێ چاویلکە دیم ئەو نووشتانە نووشتەی وێنەو نیگار بوون • دۆنالدسۆن (٥٥)

(٥٤) لێن ١٩٤٤ ، ٢٥٤ : « هێشتا زۆر ئافرەت «مەسحەف»و «حەگاب» بە خۆوە دەکەن ، کە بە تێکرایی بەرگیان زێڕ یان زیوێکی بریقەدارە ••• بۆ نەخۆشیو سیحرو چاوی پیسو هەموو جۆرە خراپەیەکیتر ،باشە» •

(٥٥) دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ١٣٦ ، ٢٠٣ •

دەڵێ لە ئێران کە نووشتە دەکەن پارچە ئاسنێکی دەخەنە ناو ، ئەمەش وەکو دەرزیەیە شکاوەکە وایە • لەوە نەدەچوو ئەم نووشتانە بە گوێرەی هیچ دەستوورو شێوازێکی تایبەتی دروست بکەن • کتێبی نووشتە کردن لە ئەفغانستان هەیەو نیکیتین (٥٦) باسی بەختنامەی کوردان دەکاتو دەڵێ : «کتێبەکە خۆی هەندێ نموونەی ئەو تەلیسمانەی تێدایە کە بۆ هەموو بارێك دەست دەدەن ...» •

**دەستی پیرۆز :**

فێلبێرگ (٥٧) باس دەکا کە لوڕەکان دەستێکی داری بچووکی نەخشینیان هەیە ، پیرەمێردێك لەبەر پشتی خۆی ڕادەکات ، دەیداتە دەست خەڵك ، هەر کەسە وەری دەگرێو ماچی دەکاتو بە ڕوومەتیدا دێنێو دەیداتەوە یەکێکیتر • ئەو چوار سەیدەی هاتبوونە ناوچەکە ، یەکێکیان دەستێکی داری گەورەی پێ بوو پەڕۆی سەوزی پیرۆزی لێ پێچابوو ، لەناو تۆپزاوە دەیگێڕا • ئەم کابرایە ویستی بێتە ناوماڵی شێخ بەڵام لە هەیوانەوە تێنەپەڕی • کچی ماڵەوە لەوێ بوو دەموچاوی دەشووشت • کە کابرا گەیشتە بەر دەرگای هەیوانەکە دەستەکەی دەرهێناو سڵاوی پێ لە کچەکە کرد ، ئەویش وەری گرتو ماچی کردو لەسەر تەوێڵی خۆی داناو بە هەر دوو کوڵمەیدا هێنا • ناوی دەستەکەیان پێ نەگوتم بەڵام لەوە دەچێ نموونەیەکی دەستە پیرۆزەکەی بەغدا بێ •

**فال گرتنەوە :**

دوو سەیدەکە بێجگە لە نووشتە کردن کە شەکرو ئاردیان پێ وەردەگرت فاڵیشیان دەگرتەوە • ڕاستی هەر لەبەر ئەوەش بوو ماڵی شێخی تۆپزاوە ڕێیان دان بێنە ناو ماڵەوە • کە مامڵەتیان کردو پێك هاتن یەکێکیان

---

(٥٦) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٤ •
(٥٧) فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٤٩ وێنەی ١٣٣ •

کتێبێکی لووسی پێ بوو لەناو بەرگێکی پلاستیکی سەوزی پیرۆزی نابوو و لەبەر پشتی خۆی نابوو کتێبەکەی دەرهێناو کردیەوە • ژنێك دەستی لەسەر داناو پەنجەی بۆ لاپەڕەیەك درێژ کرد ، سەیدە گەنجەکە بە دەنگێکی بێرو گڕو گەورە بەختەکەی بۆ خوێندەوە •

نیکیتین (٥٨) باسی ئەم جۆرە فاڵگرتنەوەی ناو کوردان دەکاتو دەڵێ : «کورد زۆر حەزیان لە پێشبینییە ، ئەمەش لە کتێبێکی تایبەتی فارسیدا هەیە ، ترسو خوا دەیکەنەوە ، تەماشای ڕستەی یەکەمی دەکەنو دەیخوێننەوە، هەر لاپەڕەیەك (چاك یان خراپ)ی لەسەر نووسراوە •••» •

بەختنامەیەکی وایان لە ئەفغانستان هێناوە • بێجگە لەوەی کە فاڵو بەخت بەو جۆرە کتێبە دەگرنەوە کە خۆوبەخت لاپەڕەیەکی دەکەنەوە ، ئەو ماوەی لای شێخی سەرگەڵوو بووم جۆرە بەخت گرتنەوەیەکی تریشم دی• سەیدێکی گەڕاڵ هاتە ماڵی شێخو لەسەر عەرد دانیشت • ئافرەت دەوریان داو ئەویش تەماشای ناو لەپی دەکردنو بەختی دەخوێندنەوە •

**سەردانی گۆڕی چاكو پیران :**

ئافرەتی کورد دەچنە سەر قسنی چاكو پیران (٥٩) • ئێمە چووینە سەر چاکێکی دەرەوەی هەڵەبجە • گۆڕەکەی لەناو گومبەتێکی بچووك بوو ، قەفەسێکی ئاسنی بۆ کرابوو و مافوورێکی بەسەردا هەڵکشابوو • کانیو حەوزاوێك لەو دیو دیواری شوورەی گومبەتەکە هەبوو • ژن دەستنوێژیان لێ شووشت • ئەو ڕۆژە ژنێك مەهکی بوو بۆیە ئەیتوانی بێتە ناو گومبەتو ئەو باخچە بچووکەی دارچاکێکی لێ بوو • ژن لە نزیك گۆڕەکەوە بەردی

(٥٨) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٣ .

(٥٩) ب : پێدێرس ١٩٢٨ ، ٢٤٥ : «بەم جۆرە (بە پێی بڕوای سۆفیەتی کە ئولداری شتێکی پیرۆزە) ئیسلام گۆڕی پیاوچاکان دەخاتە ناو گومەزی کۆمەوە • » .

بچووکیان لەسەر زەوی هەڵدەگرتەوەو دەیانەویست لەسەر دیواری تەنیشت قەفەزەکە ڕایگرن • دەیانگوت ئەگەر بەردەکە بە دیوارەکەوە بنووسێ خاوەنەکەی مرازی دێتە جێ ، ئەگەرنا هیچ •

لە تەوێڵە کە شارێکی چیایی‌یەو کەوتۆتە سەر سنووری ئێران ، لایەکی مزگەوت گۆڕی پیاوچاکانە • ئەو مزگەوتەی ئەوێ کە پێی دەڵێن « خانەقا »(٦٠) مەڵبەندێکی ئایینی سۆفیانە(٦١) نهۆمی سەرەوەی گومبەتەکان لە ژوورەوە وەکو خانوو وایە ، هەمووی مافووری ئارمووشە(٦٢) • گۆڕێکیان مێزەری مردوەکەی بەسەرەوەیە • کچێکی عازەب بە ڕیزەوە چوو مێزەرەکەی ماچ کرد(٦٣) • ئەو مەلایەی ڕێنوێنی دەکردین هەندێ خۆڵی هەڵپروخاندو دایە کچەکەو ئەویش لێی وەرگرت(٦٤) • ئەو بەشەی بیناکە ، کە لە بارەی تاقی وەکو ناڵەوە کاریگەری هونەری بیناسازیی ئێرانی پێوە دیارە ، لای سەرەوەی هەموو گومبەتەو بەسەر گۆڕی پیاو چاکەکانەوە کراونو هەریەکە دەستێکی لەسەرە ، پەنجەکانی لێك بوونەتەوە •

**دارچاكو دارئاڵاو قوربانی کردن :**

دوو پاشماوەی کۆنی ئایینی لە کوردستاندا هەن • یەکێکیان درەختە کە تیلمە پەڕۆی لە چڵەکانەوە گرێ دەدەن ، درەختێکی وا لای

---

(٦٠) ب : ئەدمۆنز ١٩٥٨ ، ٦٢ •
(٦١) ب : نیبوهر ١٧٧٨ ، ٢٩٧ : « ... خانەقا ، کە هەندێ بە شوێنی دەروێشایەتی دەزانن ... » •
(٦٢) ب : کرۆن ئێس • ئێی ، ٣٠٧ لەبارەی بنەماڵەی بەکتاشی‌یەوە نووسیویە : « تابوت ... هەیە چەند لایەو لە بەردی پان کراوەو خراوەتە عەردو بە ئارمۆش‌و مەخمەڵ داپۆشراوە • » •
(٦٣) ب : فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٤٨ : « گۆڕی «ئیمامزادە» نزم دەکەن ... » • — کرۆن • ئێس • ئێی ، ٣٠٧ : «دەستکردنە تابووت مۆجیزەیە...» •
(٦٤) ب : دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ٢٠٥ : « هەر ئەو خۆڵەی لەسەر گۆڕدوە دەیهێنن پیرۆزی یەکی تایبەتی تێدایە ... » •



دارچاکێ بەسەر قسنێکەوە ( هەڵەبجە )
ژنەکە عاباو سەرپۆشی بەسەرەوەیە

گومبەتی چاکەکەی دەرەوەی هەڵەبجە هەیە ، درەختێکی تریش لەناو قەفەزی سەر گۆڕی پیاوچاکێك هەیە کە لە ناوەڕاستی گەڕەکێکی نوێی سلێمانی‌یە، بەینیماڵەکان کێلی لێ‌یەو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە وەختی خۆی ئێرە گۆڕستان بوەو ئەم گەڕەکەی لەسەر کراوە ، ئەم درەختە وەنـەبێ تەنیا پەڕۆی پێوە کرابێ بەڵکو قۆچە بەرانیشی پێوە کراوەو دەستی پیرۆزی لە تەنیشت چەقـاوە •

دیاردەکەی‌تر دارئاڵایە • هەر دارێك یەك پارچە پەڕۆی وەکو بەیداخی بەسەرەوەیە • دارئـاڵای وا لە گۆڕستانی تـۆپزاوە لەســەر غەرەیـەك چەقاندرابون• لە گۆڕستانی گوندی جمکانەی ڕەکاوەش بەیداخی وا لەسەر شوورەی قوڕی گۆڕەکان چەقاندرابوو بەڵام پەڕۆیان بە لق‌وپۆپی درەختی زلی سەر گۆڕستانەکانەوە نەکردبوو • کە لە سلێمانی‌یەوە بۆ چەمچەمـاڵ دێی ، لە نزیك سلێمانی ، لە دەم ڕێ شوورەیەکی قوڕ کـراوەو هەنـدێ بەیداخی لەسەر چەقاندراوە ، نیشانەی ئەوەیە کە گۆڕی پیاو چاکێکە (بەڵام درەختەکانی کنی هیچ پەڕۆیان پێوە نەکراوە) • دیارە ئەمانەش دوو دیاردەی جوداو سەربەخۆن : یەکێ درەختەو پەڕۆی بە چڵەکانـەوە دەبەسـترێ ، ئەوەی‌تر بەیداخەو وەکو ئاڵا پەڕۆی بەسەرەوە دەکرێ • وا دەبێ بەیداخ لە ژێر درەختێکی بێ پەڕۆ بێ • فرێزەریش(٦٥) کە دێتە سەر باسـی قسـنی پیاو چاکانی لوڕستان وا بێ کە فێلبێرگ(٦٦) باسی دەکا • (بیشۆب)یش(٦٧) کوردستان ئەم دوو جۆرە لێك جودا دەکاتەوە ، ڕەنگە ئەمە وەکو گـۆڕی باسی ئەم شتەی کردوە • فرێزەر دەڵێ : «••• پارچەیـەك لـە کـراس‌و

(٦٥) فرێزەر ١٤٨٠ ، ١٦٦ .
(٦٦) فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٤٧ پەراوێزی ١ .
(٦٧) بیشۆپ ١٨٩١ ، ١٠٢ .
ـ ب : ئەدێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٢٦ ، وێنەی ٢١ باسی داری درێژ دەکا کە ئاڵای پێوەیەو لەسەر ڕێی نوورستان ـ کابول لەسەر قەبران چەقاوە .



دارئالا لەسەر غەرەی گۆڕستانی دەرەوەی ڕەکاوە چەقاندراوە

شەلواریان دەکەنەوەو لە نەمامەکانی ئەو ناوەی گرێ دەدەن ...» ئینجا باسی گۆڕیتری گەورە پیاوان دەکات کە نیشانەیان ئەوەیە : « بەیداخێکی لەسەر دەچەقێنن تا جێگاکەی دیار بێو فاتیحەی بۆ بخوێنن ...» (مۆنسیل)یش[٦٨] ئەم دوو شتە لێك جودا دەکاتەوە بەڵام دەیانخاتە یەك شوێن ، دەڵێ : « ... شوورەبەردێکی نزم ( لە دەوری گۆڕەکە )کراوەو بەیداخی سپیو سەوزی لەسەر هەڵدراوە ... چلی بە پەڕۆی درەختێك شۆڕ بوونەتەوە سەر گۆڕەکە ... » لە نزیك سلێمانی گۆڕێك هەبوو درەختێکی بە پەڕۆی لەسەر بوو ، دەیانگوت ژنی دووگیانو نەخۆش کە دەچنە سەر ئەو گۆڕەو چاك دەبنەوە وەك نیشانەی بەئەمەکی ، ئەم پەڕۆیانەی پێوە دەکەن . ئەمە لەگەڵ قسەی فیلبێرگ[٦٩] تێك دەکاتەوە کە دەڵێ لوڕەکان (ژنیان دەنێرن ) بۆ سەر گۆڕی چاكو پیران ( بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ ) .

دۆنالدسۆن[٧٠] باسی (درەختی مراز) دەکا کە وا دەبێ لەسەر هیچ گۆڕێکیش نەبێ ، دەڵێ : « بۆی هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ، پیاوچاکێ ، سەیدێ، لای دابێتە ژێر ئەم دارە ... جا بۆیە درەختەکە پیرۆز بوەو ... ساویلکەکان ... پەڕۆو داوی بە چلەکانەوە دەکەنو لە هەمان کاتیشدا مرازی لێدەخوازنو لە خۆیان دەگرن ئەگەر مرازیان هاتە دی خێری بۆ بکەن .» ماسێ[٧١] باس دەکا دەڵێ بۆ ئەوەی مرازەکە بێتە دی دەبێ پەڕۆکان (بێدورمان) بن .

لە بارەی ڕەوشتی پەڕۆبەستن بە دارچاکانەوە نیکیتین[٧٢] نووسیویە،

(٦٨) مۆنسێل ١٨٩٤ ، ٨٣ .
(٦٩) فیلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٤٩ .
(٧٠) دۆنالدسن ١٩٣٨ ، ١٤٢ .
ـ ب : پێدێرسن ١٩٤٨ ، ٢٧٦ .
(٧١) ماسێ ١٩٣٨ ، ٣٩٤ .
(٧٢) نیکیتین ١٩٢٢ ، ٣٤٤ .

دەڵێ : « تا پەڕۆکە بەوێوە بێ دوعای شێخەکە کار دەکا ...» ئەمەش لە قسەی فێلبێرگ نزیکە کە دەڵێ لەوانەیە ئەم پەڕۆیانە وەکو توێکلی درەختی لای ئاینۆ وابێ ، هەروەکو لە خولخولەی دوعاخوازی مۆنگۆڵو بووزایی‌یە لامایی‌یەکانی‌تر نزیکە .

سووکە گومانێك هەیە دارچاك پاشماوەی دێرینی ئایینی بێ . مۆنسێلو (٧٣) یۆستروبو (٧٤) فێلبێرگو (٧٥) سۆن(٧٦) ئەم باسەیان کردوە، یۆستروب (٧٧) کە دارچاکی لە تورکیا لە شاخەکانی توورووس دیوە ، بڕوای وایە ئەم ڕەوشتە پاشماوەی شتی کۆنی تێدایە بەڵام بە شێواوی هاتوە ، تا ئێستاش هەندێ خێلی هیند بە تەواوی پەیڕەوی دەکەن .

تەرجومانەکەم باسی کرد کە حەیوان دەکەنە قوربانی بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون . جارێکیان برا شەش ساڵی‌یەکەی پێی شکابوو و خراپ گیرابووەوە، بە تەما بوو بیباتە بەغدا بۆ لای دختۆر ، مەڕێکی بۆ کردە قوربانی تا چاك بێتەوە .

---

(٧٣) مۆنسێل ١٨٩٤ ، ٨٢ : « لەژێر پەردەی محەمەدیزم بیروڕای وەسەنی ».

(٧٤) یۆستروپ ١٩١٤ ، ٩٢ .

(٧٥) فێلبێرگ ١٩٥٢ ، ١٥٠ : « بیروباوەڕی بیدائی پیش محەمەدیزم ...» .

(٧٦) سۆن ١٩٢٦ ، ٤٠٣ : « ... ئەو چاکەی لە پەڕۆی دارچاکەوە ڕەچاو دەکرێ ... هەڵبەت ڕەوشتێکی پێش ئیسلامی‌یە ...» .

(٧٧) یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٢٦٤ .

| مەڵبەند | دەرەبەگایەتی دێ | جوتیاری لادێ | خوێندەواری شار | نەخوێندەواری شار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| حەتۆتێ | × | × | | × |
| نووشتە | × | × | | × |
| دەستی پیرۆز | × | × | | |
| قسن | | | × | × |
| دار چاک | × | | | × |
| دارئالا (بەیداغ) | × | | | × |

# ئەنجام

## شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵدا

هەروەکو باسمان‌کرد هەندێ گەڕیدەی (١) پیاو ڕای خۆیان دەربارەی شوێنی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد پێشان داوە • فرێزەری (٢) لێ دەرچێ کە چینی بەرزی شارو دانیشتوانی لادێی لێك‌جودا کردۆتەوە ئەوانەی‌دی هەموو بە یەك ناونیشان باسی ئافرەتی کوردیان کردوە • لەگەڵ ئەمەش‌دا ، ئێمە لەو کەرەستە کەمەی لە بەردەستماندایە دەتوانین چوار مەڵبەنـدی جیاوازی ئافرەتان دەست نیشان بکەین کە هەر یەکە مۆرك‌و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە (ئەم دابەش‌کردنە ئافرەتی ڕەوەند ناگرێتەوە) • سۆن مکووڕە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی کورد «وەکو ئافرەتی هەر وولاتێکی ئەوڕوپـی ئازادن•••» (٣) • ڕامبـۆش دەڵێ : «ژنو پیـاو بـەلای کوردانـەوە یەکسانن •••» (٤) لەگەڵ ئەمەش‌دا زۆر مۆرك‌و شـێوازی شارستانێتیی ئیسلامی لەناو ئافرەتانی کوردا هەیە کە لەگەڵ هی ناوچەکانی‌تری ئیسلامەتی جودان • لێرەدا ، لە باسی شوێنی ئافرەتی ئیسلام‌و بەتایبەتی ئافرەتی کورد من زاراوەی «ئازاد»و «یەکسان» زیاتر بە ترسەوە بەکار دێنم تا لەباس‌کردنی

---

(١) فرێزەر ١٨٤٠ ، ١٩٣ ، ١٩٤ .
— بلایبترۆ ١٨٩٤ ، ٦٤ .
— دیکسۆن ١٩١٠ ، ٣٦٤ ..
— هـای ١٩٢١ ، ٤٣ .
— سۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٧ ، ٣٩٥ «چارەیەکی پیاوانە» ، ٣٦٦ ، ٤٠٢ .
— ڕامبـۆ ١٩٤٧ ، ١٧ .
— ئەدمۆنـز ١٩٥٨ ، ١٥٠ .

(٢) فرێزەر ١٨٤٠ ، ١٩٣ ود .

(٣) سـۆن ١٩٢٦ ، ٢٣٧ .

(٤) ڕامبـۆ ١٩٤٧ ، ١٧ .

دەرهەق ڕۆژاوا • ئازادیو یەکسانی شتی وان دەبێ بە گوێرەی ڕابردووی شوێنی ئافرەتی ڕۆژاوا لێی بکۆڵینەوە کە لە سەدەی بووریدا دەخەبتێن بارو زروفی ژیانی خۆیان بگۆڕن • بۆیە ئەم زاراوانە ، بۆ ئێستا ، هیــچ پەیوەندییان بە ئافرەتی کوردەوە نییــه •

بۆ پێشاندانی شوێنی کۆمەڵایەتیی ئــافرەتی کورد ئێســتا بــاسی جۆرەکانی پۆشیو چۆنیەتی بەکارهێنــانیان دەکەم بە گوێــرەی دونیــای دەوروپشتو مەودای جولانەوەی ئافرەتو ڕادەی گۆشەگیریو لاتەریکی ئافرەت • هەروەها لە چۆنیەتی بەشکردنی دەسەڵاتیماڵەوە لە بەینی ژنو مێرد ، دەکۆڵمەوەو دوا جار دێمە سەر پلەی ژیانی هاوبەشی ناو ماڵ •

لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتان کە لە کوردستانی خواروو ســەرم لێدان ، لەم باسو بابەتو ڕەگەزانە دەکۆڵمەوە •

## شیکردنەوەی جۆرەکانی پۆشی

**پــۆشی :**

ئافرەت پێنج جۆرە پۆشی بەکار دێنن ، هەر یەکە ئەرکی خۆی هەیەو بە شێوەی جیاو سەربەخۆ بەسەر هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتــان دابــەش بووین • پۆشییەکان ئەمانەن : «دەسماڵ» ، «سەرپۆش» ، تارای زەردی سووربادی بووکێنی ، تارای ئەوڕوپی سپی بووکێنی ، «پێچە» •

**دەســماڵ :**

جۆری یەکەم کە دەسماڵە بە قوڵفێك لە دراوی سەر ترۆپکی تــاس قایم دەکرێ • بۆیە بە پۆشی دادەندرێ چونکە قوماشەکەی ئارمووشێکی سخو بە سیمی سەوزو پەمەییو شینی کاڵەو کە ژنی بە مێرد لەسەری دەنێ ملو کەزییەکانی دادەپۆشێ • دەسماڵ پارچە بەرگێــکی ژنی بــە مێردی

کوردانەو زۆر بە جوانی لەبەر دەکرێ • بۆ لەسەر نانی دەسماڵ ئافرەتـەکە دەبێ تاسی لەسەر بێ بەڵام سەربەست هێندە پێویست نییە • بۆ نموونـە ، لە هەڵەبجە ، ئافرەت بە بێ سەربەست دەسماڵ لەگەڵ کڵاوی بەدراو لەسەر دەنێن • ئەو کڵاوو دەسماڵ لەسەر دەکەنـەوە • لەو چـوار مەڵبـەندەی ئافرەتان ، لە سیان ژنی بە مێرد دەسماڵ لەسەر دەنێ • لەلایەکی تریشـەوە ئافرەتی خوێندەواری شار چ بەرگی ئەوروپی لەبەر بێو چ بەرگی نـوێی کوردی ، دەسماڵ بەکار ناهێنێ •

**سەرپـۆش :**

سەرپۆش قوماشێکی سووكو تەنكو شاشە • ژنی بە مێرد لەسـەر کڵاوو سەربەست لەسەری دەنێن • کە نوێژ دەکەن سەرپۆش لەچەك دەدەن• ئەویش هەموو پارچەکانی سەربەست لەسەر دەکەنەوە تەنیا سەرپۆش لەچەك دەدەن • کچێ هێشتا شووی نەکردبێ شەوو ڕۆژ تەنیا سەرپۆش لەسـەر دەنێ • زرِ کچە (١٢) ساڵیەکەی ماڵی شێخی تۆپزاوە هێندە بە شارەزایی سەرپۆشی لەسەر دەنا وای دەگەیاند کە تەمەنی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیـەی بەم زوانە بە یەکجاری لەسەری بنێ • هەر ئەم سەرپۆشـەیە کە لـێن لای عارەبەکانی میسر باسی دەکا (٥) • سەرپۆش لە مەڵبەندی دەرەبەگایـەتی دێدا بە زۆری سپی بوو • ئافرەتی مەڵبەندی جوتیارانی تۆپزاوەو ڕەکاوە سەرپۆشیان سپی یان پیرۆزەیی بوو ، پیرەژن سەرپۆشی ڕەشیان لەسـەر دەنا • دوو لچکی سەرەوەیان بە گرێیەك لە ملیـان قایم دەکردو بە بـن چەنەگەیاندا دەهاتەوەو سەرو مێشکی دەپێچانو وەکو لەچەکی لێ دەهات• هەر گوندەو سەرپۆشیان جۆرە ڕەنگێکە : لە میرزا ڕۆستەم کە ئێستا بوە

---

(٥) لێن ١٩٤٤ ، ١٨٣ : «... طرحـة یان (سەرپـۆش) کە کەم وا دەبـێ ئافرەت لەسەری بکاتەوە ...».

بەژێر ئاوەوە ئافرەت سەرپۆشی ڕەشیان لەسەر دەنا ، لە سەرگەڵوو سەرپۆشی سووری گەشیان لەسەر دەنا •

لە دوو مەڵبەندەکەی شار ، ئافرەتێك کە ئێواران بە نەردەوانە دەچوە سەر بان جێ ڕانجا قەت بە بێ سەرپۆش یان شتێکی وا کە سەری داپۆشێ نەدەچوو • ئەمە بۆ ژنی گەورەو بۆ کچی عازەبیش یەك شت بوو • خۆ ئەگەر ئافرەتەکە گەنجو خوێندەوار بوایەو بەرگی ئەوروپی هاوینیشی لەبەر بوایە هەر دەبوایە سەرپۆش لەسەر بنێ • هەر چەندە تەرجومانەکەم سەر بە مەڵبەندی خوێندەواری شاریش بوو بەڵام تا سەرپۆشی بە سەرو ملیدا نەدابوایە قەت نەیدەتوانی بێتە ژووری میوانانو بەخێرهاتنی ئەو میوانە کوردانە بکا کە دەهاتنە لای من • هەتا لە سەراپەردەی ماڵەوەش ئەگەر پیاوێك بێتە ژوورەوە سەرپۆش لەسەر دەنێن • جارێکیان مرۆیەك کە تازە بوو بە زاوای ئەو ماڵە کە هاتە ژوورەوە مامۆستایەکی کچی ڕۆشنبیر خێرا پڕیدایە سەرپۆشو بەسەر سەری خۆیدا دا ، ئەگەرچی کابرا زڕخوشکی براژنی ژنەگچکەی ئەو ماڵەی هێنابوو بەڵام نەدەبوو بە سەرکۆتی بیانبینێ• لە گوندی سەرکانیش کە شێخی بەساڵاچووی گەورەی ماڵێ هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی بەخێرمان بێنێ ، تەرجومانەکەم بە پەلە لە سەرپۆشێك ڕوو هاتو بەسەر سەری خۆیدا دا • ژنێکی کە حەفتەیەك پاش گوازرانەوەی هاتبوەوە باوەخوند ، لە دیار باوکی سەرپۆشی لەسەر دەنا (بڕوانە : دوا پەرەگرافی زەماوەندو بووكگواستنەوە ) • کە یەکەم جاریش شووبرای چوە میوانداری‌یان ، هەر چەندە ئەو حەلە کراسێکی ئەوروپی هاوینی کورتو بێ قۆڵی لەبەر بوو بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەرپۆشی لەسەر نا • ئافرەتی نەخوێندەواری شار شەوو ڕۆژ سەرپۆش لەسەر دەنێن •

بەم جۆرە ، سەرپۆش دیاردەیەکی گشتی هەردوو مەڵبەندی لادێو مەڵبەندی نەخوێندەواری شار بوو • ئافرەتی خوێندەواریش بەرگی

کوردی‌یان لەبەر بوایەو لەبەریان نەبوایە ، جاروبار کە پیاو لەوێ بوونـایە سەرپۆشیان لەسەر دەنا • ڕاستە ، ئافرەت کە بەرگی ئەوروپی لەبەر دەکرد لاقی تا سەر چۆك‌و قۆڵی تا بن هەنگڵ ڕووت بوو بەڵام دەبوایە سەری خۆی هـەر داپۆشـێ •

**تارای زەردی بووکێنی :**

دوو جار دیم ژن تارای زەردی بووکێنی لەبەر بێ • هەردوو جاریش لە مەڵبەندی ساکاری دێ ، ئەو کاتەی بووکیان گەیاندە ماڵی زاوا جارێکیان بووك بە پێ بوو (تۆپزاوە)و جارەکەی‌تر بە سواری ماینێکی سـپی بـوو (ڕەکاوە) • تاراکە بە جۆرێکی وا بەسەر سەربەستی بووکدا درابـوو کە سەرو مل‌و دەم‌و چاوی تەواو داپۆشیبوو بەڵام ڕوخساری لەنـاودا دیـار بوو • لەباتی سەرپۆشی سپی یان ڕەنگاوڕەنگ ئـەم تارایەیـان پێدا دا • نیکیتین باسی ئەم تارا زەردە سوورباوە دەکا کە بووکی کـورد بەسەریدا دەدا : «بووك دەسماڵێکی سوور بەسەر دەم‌وچاویدا دەدا بۆ ئەوەی ••• ژیانی ئایندەی سوور بێ ــ واتە بەختەوەر بێ»[٦] • هەر چەندە ئەم تـارا زەردە سووورباوەش وەکو پێچەی ڕەش ( کە پاشـان باسی دەکەیـن ) ڕوو دادەپۆشێ بەڵام نابێ وەکو ئەوی دابنێین • تارای بووکێنی‌ی کوردی ئەوەیە کە لێن لەبارەی عارەبە میسری‌یەکانی ناوەڕاستی سەدەی بووری باسی دەکات کە دەڵێ ئەو کاتەی بووك دەگاتە ماڵێ لە ژێر چەترێکی پەمبـە یـان زەرد دادەنیشێ‌و چارۆکەیەکی کەشمیری سوور بە خۆیدا دەدا[٧] • بەرگی بووك تەواو لە بەرگی ئەو ژنانە جودایە کە لەگەڵیدان ، ئەوان بەرگیان ئارمووشی ڕەشەو پێچەیان سپی‌یەو دەگاتە کەرخی چاویان بەڵام چاویان داناپۆشێ •

---

(٦) نیکیتین ١٩٥٦ ، ١٠٩ ود . : «بووك تارایەکی سوور بەسەر دەم‌وچاویدا دەدا ... » .

(٧) لێن ١٩٤٤ ، ١٧٠ ، ١٧١ ، وێنەکە .

گرانڤیست باسی جۆرە بەرگێکی بووکێنیتری ئاوها دەکا لای عارەبەکانی فەلەستین [8] ــ وای باس دەکا کە قوماشێکی خوری ئەستوورە وەکو چارۆکە وایە بەسەر سەری بووکیدا دەدەن ، دەمو چاوی دادەپۆشێ • لەولاوەش کەوێ سەراپای لەشی دادەپۆشێ • ماوەم نەبوو ساغی بکەمەوە داخۆ تارای زەردی سووربباو لە مەڵبەندەکانیتری ئافرەتان بە کار دێ یان نە؟

**تارای ئەوروپی سپی بووکێنی :**

مادام تارای زەردو سووربباوی کورتو تەنکی بووکێنی لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا هەبێ مانای وایە تارای سپیو کورتی ڕۆژاواییش لە دەستووری جلوبەرگی کوردی دێ • تارای سپی بووکێنیم لە مەڵبەندی تێکەڵەی خوێندەوارو نەخوێندەواری شار (سلێمانی)دا دی بەڵام ئەو ئافرەتانەی لەگەڵ بووکدا بوون هەموو پێچەی ڕەشیان پۆشیبوو • جیاوازی بەینی بووکی سپیو ئافرەتەکانیتر وەکو ئەو جیاوازییە وایە کە لین لەبارەی بووکی عارەبی میسرو ژنەکانی لەگەڵیدان[9] باسی دەکا •

تارای سپی بووکێنی ڕەنگی سووری بەختەوەری تێدا نییە بەڵام ڕەنگە تۆڵەی بەوە بکەنەوە کە قەمەرەی بووك بە تیلمە پەڕۆی سوور دەڕازێننەوەو بە درێژی لێی قایم دەکەنو پەڕۆیەکی پەمبەیشی پێدا دەدەن • تارای سپی بووکێنی لەناو بەرگی کوردیدا زەق دیارە • بەڵام لەوانەیە ئەم دەستوور شکاندنە بەقەد ئەوە نەبێ کە لە یەکەم سەرنجەوە دیارە • ئەو تارا سپییەی لە سلێمانی دیم جگە لەوەی کە ڕەنگی دژو پێچەوانەی پێچەکانیتری شارە بەڵام ئادگارو دیمەنێکی وا بە بووك دەدا کە زۆر لە ڕەوشتی دەشت دەوەشێتەوە •

---

(8) گرانڤیست ١٩٣٩ ، ١٣٣ ود . ، ٢١٣ ، وێنەکە .
(9) لین ١٩٤٤ ، ١٧٠ ، ١٧١ ، وێنەکە .

پێچـە :

پێچە لە تورکان وەرگیراوە • ئەمەیان جۆرە پۆشیيەکی تورکـی ـ کوردی‌یە ، جاران (و ئێستاش لە زۆر جێگادا ) لە ناوچەکانی ئیسلامەتی‌دا ، هەر لە مەڕاکیشەوە بگرە لە ڕۆژاوا تا ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵات ، لە بۆسنیاو هێرزێگوڤینا بگرە لە باکوورەوە تا عەدەن لە باشوور ، ئافرەت کە لە مـاڵ دەردەچن لەبەری دەکەن •

لە کوردستان ، هەرگیز پێچە بە بێ عەبای عارەبی لەبەر ناکەن • بۆیە وا دەڵێم چونکە ساڵی ۱۹۳۸ لە بۆسنیادا دیم ئەم پێچەیەیان لەگەڵ چاکەت‌و تەنوورەی ئەوڕوپی لەبەر بوو • لەلایەکی‌تریشەوە ، لە بەغدا دیم عەبایـان لەبەر بوو بەڵام پێچەیان لەبەر نەبوو • وەك نموونەیـەکی گاڵتـەو تیزی ڕۆژگاریش پێچە ـ کە بنیاد نیشانەی ئافرەتی بەشەرەف بوو بەرامبەر بـە ئافرەتی سۆزانی‌و حەشەری ـ ئێستا وای لێ هاتوە تەنیا ئافرەتـی خراپ‌و سۆزانی پێچە لە خۆ دەدەن‌و هەر بەمەوەش دەناسرێن[۱۰] •

سوورەتی (۲٤) ، ئایەتی (۳۰ ، ۳۱)[۱۱] بناغەی ئایینی ئەو خۆداپۆشینە گشتی‌یەی داناوە کە ئافرەتی موسلمان پەیڕەوی دەکەن • بێجگە لەمـەش

(۱۰) بە گوێرەی قسەی لێڤی ۱۹۵۷ ، ۱۱۹ حەشەری لە هەموو ناوچـەکانی ئیسلامەتی‌دا هەیە .
ـ لەبارەی هەل‌ومەرجی ژیانی ژنی حەشەری ، بڕوانە دیکسۆن ۱۹۵۷ ، ۲٤٤ .
ـ بە گوێرەی قسەی گۆتییر ۱۹٤۹ ، ٤۵ حەشـەری لـە ناوچـەکانی ئیسلامەتی‌دا نی‌یـە .
ـ دەرهەق کوردانیش ، سۆن ۱۹۲٦ ، ۳۹٦ دەڵێ ئەو ووشەی بۆ ژنی حەشەری بەکاردێ ووشەیەکی تورکی ـ عارەبی‌یەو تەنیا لە شاران دەیزانن .
ـ بە فەرمانی میری ، گەرەکێك لە بەغدا هەبوو ، من نەمدیبوو ، لـە حەشەری پاکیان کردەوە .
(۱۱) ب : هەندێ تریش وەکو پێدێرسن ۱۹۲۸ ، ۱٦۸ .

هەندێ ئامۆژگاریتر لە سوورەتی (٣٣) ، ئایەتی (٥٩)دا هەیە دەڵێ ژنو کچی ئیماندار کە لەماڵەوە دەردەچن دەبێ خۆیان داپۆشن تا خەڵك بزانێ ئافرەتی بەشەرەفن • سوورەتی «٢٤» ، ئایەتی (٣٠ ، ٣١) دەڵێ : «بە پیاوە ئیماندارەکان بڵێ چاویان بپۆشنو عەورەتیان بپارێزن ئەمە بۆ خۆیان باشترە‌و خوا خۆی ئاگادارە ئەوان چ دەکەن (٣٠) بە ژنە ئیماندارەکانیش بڵێ چاویان بپۆشنو عەورەتیان بپارێزنو زێوەریان دەرنەخەن ئەوە نەبێ کە دیارەو با پۆشی بەسەر سەرو ملو سنگیاندا بدەنو بۆ مێردیان یان باوکیان یان باوکی مێردیان یان کوڕیان یان کوڕی مێردیان یان برایان یان کوڕی برایان یان کوڕی خوشکیان یان ژنیان یان بەردەستیان یان بەندەیان یان بەرماوخۆری بێ حەوجەیان یان ئەو منداڵانەی عەورەتی ژنانیان نەدیوە ، نەبێ زیوەریان دەرنەخەن • با پێ نەکوتن تا دەنگی خشڵی ژێرەوەیان بێ [12] ئەی ئیماندارینە ئێوەش هەمووتان لەسەر دەستی خوا تۆبە بکەن بەڵکو سەرکەون (٣١)•••»

ساغ بۆتەوە کە خۆداپۆشینی ئافرەتان لە بنەڕەتەوە لای عارەبانو لای محەمەدیش شتێکی بیانی بوە[13] • پاش ئەوەی کە پێغەمبەر ساڵی ٦٣٢ ز وەفاتی فەرموو و ئایینی ئیسلام لە شامو میزۆپۆتامیا بڵاوبوەوە ، ئیسلام پۆشیان وەرگرت • لێرەدا موسلمانەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی هێلینی — بێزنتی تێکەڵیان پەیدا کرد ، دیارە ئەوان ئافرەتیان گۆشەگیر بوونو ئەم ڕەوشتەشیان لە گریکی کۆن بۆ مابوەوە • پۆشی نیشانەی شەرەفو سەربەرزی بوو بەرامبەر بە چاولەدەریو بێئابڕوویی ، جا پێچە بەم دوو ئیشارەتەی قورعان بۆی کردوە زیاتر پەرەی سەندو بڵاوبوەوە • پێچە کە ئەم پاڵپشتە ئایینییەی بۆ بوو ، با لە هەندێ ناوچەی ئیسلامەتی جوداش بێ، بەڵام بوو بە ڕەگەزێکی تەواو سەربەخۆو لە هەموو پارچە بەرگێکیتر جودا

(١٢) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٤١٦ .
(١٣) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٣ ود .

بوەوە • پێچە بوو بە ڕەمزی خواپەرستیو نموونەی جۆرە ڕەوشتێکی تایبەتی • پێچە لە هەموو پارچە بەرگێکیدی زیاتر سەربەستی بە ئافرەت دەدا • ڕێزو حورمەتێکی ڕەبەنانەی پێوەیە • ئافرەت کە پێچەی لەسەر نا کەس نایناسێو نازانێ کێیە • هیچ پیاوێ ناتوانێ داوا لە ئافرەتێ بکا پێچەی هەڵداتەوەو ڕوخساری دەربخا • ئافرەت کە دەموچاوی لەژێر پێچە بزر دەبێ نەك هەر خۆی وەك ئافرەتێك بگرە وەك نوێنەرێکی نیوەی کۆمەڵیش مافو ئیمتیازی تایبەتی هەیە • ئافرەت کە لە بن پێچەوە قسە لەگەڵ یەکێ دەکا دەیبینێ بەڵام ئەو یەکە ئافرەتەکە نابینێ • وودسمۆل (١٤) زۆر قسەی ئافرەتان دێنێتەوە کە پێچەیان لەبەر بووەو ئێستاش لەبەریانە • ئافرەتێکی موسلمانی خەڵکی ئەسکەندەریە دەڵێ ، « پێچە ... پێچەوانەیەکی سەیری تێدایە ، وەکو کۆت وایە بەسەر پەیوەندی جنسیو پاراستنی ئاسایشەوە ، نیشانەی لاتەریکیو بێلێپرسینەوەییە ، لەمپەری پێشکەوتنی ڕاستەقینەو ڕەمزی ئیمتیازێکی تایبەتییە ... بە کورتی ، پێچە نیشانەی ڕژێمێکی تەواو جودای کۆمەڵایەتییە ؛ هەر بۆیەش فرێ دانی پێچە گۆڕانێکی بنەڕەتی باری سایکۆلۆژی دەوێ کە ئافرەتی ڕۆژاوایی قەت دەرکی پێ ناکا ... پێچە شتێکی زۆر سەیرە لای ئێوەو پارچەیەکی زۆر پێویستە لای ئێمە...»

لە کوردستانی خواروودا ، عەباو پێچە لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتان لەبەر دەکرا بەڵام زۆر بە جیاوازی • ئافرەتی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە لەبەریان نەدەکرد تەنیا بۆ سەردانی شار لەبەریان دەکرد ، هەر لەو کاتەوە کە لەماڵەوە بەڕێدەکەوتن تا دەگەڕانەوە لەبەریان بوو • عەبا لەبەر کردنیان نیشانەی ئەوە بوو کە لە مەڵبەندی لادێوە دەچنە مەڵبەندی شار • لە مەڵبەندی ساکاری لادێش هەمان شت بوو • زۆر جار

---

(١٤) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٦٤ ود .
ــ ب : ئایدن ١٩٣١ ، ٥٢١ : «... پێچە لەگەڵ ئەوەی کە نیشانەی کەمایەتییە ، ئەندازەیەك سەربەستی بە ئافرەت داوە ، ...».

وا دەبوو لە بازاڕی سلێمانی ، ئافرەتێکی بە پێچە قسەی لەگەڵ دەکردم و کە پێچەی هەڵدەدایەوە دەردەکەوت خەڵکی گوندی تۆپزاوەیە کە لەوێ نەمدیبوو پێچە بپۆشێ • نەمدی لە دیار پیاوی بیانی سەرپۆش یان لەوەندی بەسەر دەم و چاویاندا بدەن کە گرانفیست دەڵێ گوایە ئافرەتی فەلەستینی ئەم ڕەوشتەیان هەیە (١٥) •

لە لایەکی تریشەوە ، ئافرەتی خوێندەوار و نەخوێندەواری شار کە لە ماڵ دەچنە دەرەوە هەمیشە عەباو پێچە لە خۆ دەدەن • قەت بە بیری کەسدا نەدەهات لە شارێکی وەکو سلێمانی یان بنکەیەکی بچووکتری بازرگانی وەك هەڵەبجە ئافرەت بێ عەباو پێچە لە ماڵەوە دەربچێ و بچێتە جادە • کچ کە تەمەنی دەگەیشتە (١٣ — ١٤) ساڵی ناچارە عەباو پێچە بپۆشێ • کچێکی پارچەڵەی ماڵی تەرجومانەکەم گەیشتبوە ئەو تەمەنەو هێشتا عەباو پێچەی لەبەر نەدەکرد • ڕۆژێکیان باوکی بینی بە کراسێکی تەنك و تەنگی هاوینی چوە دەرەوە یەکسەر ژنی ماڵێ ناردە بازاڕ و عەباو پێچەیەکی بۆ کڕی • لەو ڕۆژەوە هەتا هەتایە کچەکە لەناو شەقام و کۆڵانی شار بزر بوو و ئەگەر بچووبایە دەرەوە لەناو عەباکەوە وەکو ڕمووزێك وا بوو • ئافرەتی هەر دوو مەڵبەندی خوێندەوار و نەخوێندەواری شار کە بە میوانداری دەچنە لادێ عەباو پێچە فڕێ دەدەن • خوشکێکی شێخ تەیفووری تۆپزاوە کە لە پەنجای هەڵبواردبوو سەردانێکی درێژی برای کردو کە لە تۆپزاوەوە چوە گوندێکی‌تر کە ئاقاریان لەسەر یەك بوو عەباو پێچەی لە خۆی دا جا لەبەر ئەوەی ئەگەر ئافرەت عەباو پێچەی لەبەر بێ هیچ شتی پێ هەڵناگیرێ کچێکی (٨) ساڵی‌یان وەگەڵدا ، لە شاخان دوو بە دووی دەرۆیشت و بوخچەی پڕ دیاری بۆ هەڵگرتبوو ••• یەکەم ڕۆژ کە تەرجومانەکەم هاتە تۆپزاوە عەباو پێچەی لە خۆی دابوو • هەروەها لە دەربەندی چەمەربەند کە بە سواری

---

(١٥) گرانفیست ١٩٤٧ ، ١٦٢ (پەراوێزی ٣٧) ، ٢٧٤ •

| ڕەگەزی شارستانێتی | دەرەبەگایەتی دێ | | جوتیاری دێ | | خوێندەواری شار | | نەخوێندەواری شار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بێ مێرد | بە مێرد | بێ مێرد | بە مێرد | بێ مێرد | بە مێرد | بێ مێرد | بە مێرد |
| عەبادپێچە | (X) | (X) | (X) | (X) | X | X | X | X |
| گۆشەگیری | X | X | | | | | X | X |
| سەربەستی جولانەوە | | | X | X | X | X | | |
| شوێنی ئافرەت | یەکسانە لەگەڵ پیاو | | لە پیاو نزمترە | | یەکسانە لەگەڵ پیاو | | لە پیاو بەرزترە | |
| ژیانی هاوبەش | X | | | | | | | |
| فرەژنی | X | | (X) | | | | X | |

دابەش بوونی ڕەگەزەکانی شارستانێتی بەسەر هەر چوار مەڵبەندا .

ئێستر دەڕۆیشتین ، تەرجومانەکەم عەبای پێ بوو ، کە لە تاریکایی ڕانە مەڕێك وەك لافاو بە بن دەستو پێی وولاغەکاندا ڕەت بوو ، خێرا عەبای لە خۆی لوول داو بەم شێوەیە چووینە ناو گوندی بچکۆلانەی سەرگەلوو کە کەوتۆتە ناو دۆڵێکی پشت شاخان • جارێکیان کە لە گەشتێکی گوندی ڕەکاوە دەگەڕاینەوەو زانیمان پاش ڕۆیشتنی ئێمە میوانی پیاو هاتوونو لەبەر هەیوانی دیوەخان دانیشتوون ، تەرجومانەکەم خێرا برا سێزدە ساڵیەکەی لە پێش‌دا ناردەوە ماڵی شێخی تۆپزاوە بۆ ئەوەی عەباو پێچەی بۆ بێنێ • لەم جارە بترازێ ، تەرجومانەکەم لەو ڕۆژەوە کە هاتە لادێ هیچ عەبای لەبەر نەدەکرد • بەم جۆرە ئافرەتی شار کە دەچنە لادێ ئەو عەباو پێچەی لە شار لەبەری دەکەن لەگەڵ خۆیانی دەبەنو لەوێ جارو بار لەبەری دەکەن •

---

**لێکدانەوەی خشتەکەی لاپەڕەی بەرانبەر :**

**١ـ لە دەرەبەگایەتی دێدا :**

پێچە نیە بەڵام گۆشەگیری هەیە . دەسەڵاتی ژنو پیاو یەکسانە . ژیانێکی هاوبەشی تایبەتی لە دەرەوەی ماڵ هەیە .

**٢ـ لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا :**

نە پێچە هەیەو نە گۆشەگیری . پیاو دەسەڵاتی زیاترە . لە ماڵەوە ژیانێکی هاوبەشی کەم هەیە یان هەر نیە ، واتە ناوبڕەی کۆمەڵایەتی لە بەینی دونیای پیاوانو دونیای ئافرەتاندا هەیە .

**٣ـ لە مەڵبەندی خوێندەواری شاردا :**

پێچە بەکاردێ بەڵام گۆشەگیری نەء . دەسەڵاتی ئافرەتو پیاو یەکسانە. ژیانێکی هاوبەشی کەم لە ماڵەوە هەیە . بەم جۆرە ناوبڕەی کۆمەڵایەتی لە بەینی دونیای پیاوانو دونیای ئافرەتاندا هەیە .

**٤ـ لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شاردا :**

پێچەو گۆشەگیری هەردووکیان هەن . دەسەڵات بەلای ئافرەت دایە . لە ماڵەوە ژیانی هاوبەشیان نیە ، بەم جۆرە ناوبڕەی کۆمەڵایەتی لە بەینی دونیای پیاوانو دونیای ئافرەتاندا هەیە .

# رادەی جولانەوەو گۆشەگیری ئافرەت

لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا ژنی بە مێردو کچی عازەب لەماڵەوە دەردەچن بەڵام زۆر کەم • کەم دەچنە سەر گۆوەندو زەماوەندی دێ بەڵام کە دەچن لەناو خەڵك دیارن ، هەر لەگەڵ ئافرەتاندانو تێکەڵی پیاوان نابن• لە گوندا هیچ ئاوقەرانی خۆیان نی‌یە بچنە سەردانی • ئافرەتانی دەرەبەگایەتی دێ لەم ڕووەوە وەکو خانمی بنەماڵی شـاهان وان • مەیـدانی جولانـەوەو ئیش‌کردنیان حەوشەو ژوورەکانو سەر بانە • دیوەخان دەماڵنو ئەگەر چ پیاو لەوێ نەبن لەگەڵ میوانی ئافرەت لە دیوەخـان دادەنیشن • مەیدانی ئیش‌کردنیان دەگاتە ناو ڕەزو باخچەی تەنیشت ماڵ • تەنیا یەك جـار ژنو کچی ماڵی شێخی تۆپزاوە چوونە ناو ڕەزی شاخان پەلکە میویان بۆ چێشت هێنا • ژنی ماڵێ ، کچەکە نا ، بە سەردان چووە ماڵە خزمێك لە سلێمانی • هەردوو ئافرەت لەگەڵ شێخو برای بە ترومبێل چوونە سەردانی ئەو مـاڵە ئەندازیارە عێراقی‌یەی لەگەڵ ئەوروپایی‌یەکان لە هەواری ئاوبەستی دۆکان دەژیا • ئەم ئەندازیارە لە خانوویەکی بەردی وەکو خانووی ئەوروپی‌یەکاندا بوو • ئەو ڕۆژە ، هەموو ئافرەتەکان لە کاتی سەردانەکەدا بە جیا لە ژووری نووستندا بوون کە بۆ ئەو ڕۆژە ببوو بە حەرەمسەرا ، هەموو ئافرەتەکان لەوێ نانیان خواردو چایان خواردەوەو بـۆ پـاش نیوەڕۆش هـەر لەوێ سەرخەوێکیان شکاند •

لە گوندی سەرکان خاتوونی ماڵو بووکەکانی لە دیوەخانێکی نـوێ بەخێریان هێناین کە ئەو ڕۆژە بۆ میوانی ئافرەت تەرخان کرابوو • لە هەمان کاتدا ، پیاوەکانی ماڵ لەگەڵ نوێنەرانی (لیژنەی تەسوی‌یەی زەوی‌وزار)ی میری‌و کۆمەڵێ جوتیاری دێ کۆبوونەوەیان هەبوو • لەسەر کانی‌یەکی پشت ماڵی شێخ لە ژێر چەند درەختێکی زل کۆبوونەوە • پیاوەکان لەوێ نانیان

خواردو گفتوگۆیان کردو بۆ شەویش هەر لەوێ دۆشەکیان لەسەر عــەرد ڕاخستو لێی نووستن • بۆ سبەینێ لێپرسراوی لێژنەی چاکردنی زەوی‌و زار هاتە حەرەمسەرای ژنان بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ من بکا کە ئافرەتێکــی ئەوروپیم • دایك‌و بووك کە دیتیان ئەم کابرایە هاتە ناو ژنان ، یەکسەر قیت بوونەوەو هەڵاتن دەتگوت کەوتوونەتە بەر لرفەی ئاگر ، بە هاوکاری مێردە گەنجەکە بە دالانە تەسکەکەدا چوونە ژووری ئازووقە • هەروەها پێشتریش بڕیار وا بوو بچنە ناو باخچە بەڵام خاتوونی ماڵ زانی ئەگەر بچن زەلامەکانی کۆببوونەوە دەیبینن ئیدی چوونەکەی هەڵوەشاندەوە •

کە پێشنیار کرا کچی شێخی تۆپزاوە لەگەڵ من‌و تەرجومانەکەم‌و بــرا سێزدە سالی‌یەکەی بێ بە ترومبێلی کرێ‌و پاشــان بە ســواری ئیستر بەو شاخانەدا دوو ڕۆژە ڕێ بڕۆین بچینە مالی مامی لە سەرگەلوو ، باوکی زۆر بە توندی پێشنیارەکەی ڕەت کردەوەو لێ‌نەگەڕا هاوڕێتیمان بکا •

بەم جۆرە ، گۆشەگیری لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا هەیە ، ژنی بە مێرد زۆر بەدەگمەن لە ماڵ دەچێتە دەرەوە ، کچی عازەب هەر هیــچ ، نابێ هیچیکیشیان وا بکەن پیاوی بێگانە بیانبینێ •

لە هەمان کات‌دا ئەم تاقمە پیاوە بۆیان هەبوو بێنە ناو مالی دەرەبەگی دێ ، یەکەم : بێ‌گومان پیاوەکانی مالی خۆیان ، مێرد ، شووبرا ، کــوڕ • دوەم : خزمەکانی ژن‌و مێرد • بێجگە لەمانەش دەرگای حەوشەو هەیــوان بۆ ڕێنجبەرەکانی مالی شێخ لەسەر پشت بوو • ئەمانە لە ڕووی ئابووری‌یەوە خزمەتی شێخیان دەکرد • لە تۆپزاوە ئەمانە بریتین بوون لە جووتیارو سەپانی شێخ‌و ئەو سایەقانەی لۆری قۆنتەراتچی‌یەکانی ئاوبەستی دۆکانیان داژوا کە بە دەست شێخ‌و برای بوون • هەروەها دەرۆزەکەرو سەیدیش دەهــاتنە ناو مال • خێزانی شێخەکانی سەرگەلوو و سەرکان نۆکەرو کارەکەریان هەبوو•

ماڵی شێخی سەرکان بە دەوام مەلایەکی (١٦) کوێریان لە کن بوو ، هەر لە ناو ژنان بوو • ڕاستە ، خواردنی لەگەڵ ژنانی ماڵ بوو بەڵام شێخ مەسرەفی دەکێشا چونکە دەستو پێ سپی بوو •

ئەو جەندرمانەی لەگەڵ لیژنەی تەسوییەی زەویو زاردا بوونو زەلامی ئەوڕوپیش ڕێیان نەدەدرا بچنە حەرەمسەرای ژنان چونکە ئەمانە بێگانە بوونو نەدەبوایە چاویان بە ئافرەتەکانیان بکەوێ •

کەواتە دەتوانین بڵێین هەر چەندە کە ئافرەتی دەرەبەگی دێ گۆشەگیرو لاتەریکن بەڵام هەندێ پیاو هەن دەستووریان هەیە بچنە حەرەمسەرای ژنان هەر لەبەر ئەمەش بوو کاتی خۆی سۆن ، یەکەم جار لە بەرگی بازرگانێکی فارسو دوای شەڕی جیهانی یەکەمو لەسەر دەمی ئینتیدابی بەریتانی وەك ئەفسەرێکی بەریتانی ، دەچوە خزمەت عادیلە خانی خانمی هەڵەبجە کە پاش مەرگی عوسمان پاشا خۆی ببوو بە گەورەی بنەماڵەکەیان • عادیلە هەر چەندە سۆنی نەدەناسیو نەیدەزانی چ میللەتێکە ڕێی دەدا بچێتە ناو ماڵ • عادیلە کە مەزنی ماڵێ بوو ئەگەر ئەم ئەفسەرە بەریتانییەی بهێنابوایە ناو ماڵو گفتوگۆی لەگەڵ بکردایە نە هیچ لە سەربەرزی کەم دەبوەوەو نە لە چوارچێوەی گشتیی گۆشەگیری خۆیەوە دەردەچوو •

بەلای منەوە ، لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا گۆشەگیری ئافرەت ئەوەندە ئەنجامی فەرمانو دەسەڵاتی پیاو نییە ئەوەندەی کە ئافرەت خۆی حەز دەکا پیاوی بێگانە نەیبینێ •

من وا تێ دەگەم کە گۆشەگیری ئافرەتی کورد تا ڕادەیەکی زۆر وەکو ئەو مەسەلە ئینگلیسییە وایە کە دەڵێ : « ماڵەکەم کۆشکمە • » نەك وەکو جۆرە بەندێك وا بێ • بۆیە بڕوا ناکەم ئەو کابرایە ڕاست بکا کە لەبارەی

---

(١٦) ب : لیچ ، ١٩٤٠ ، ٥٨ •
— بارث ١٩٥٣ ، ٩٥ •

کوردی ناوچەی ڕواندز کە سەری لێدابوون ، نووسیویە ئەڵێ : « ... ئاغاکان زۆر ڕشتو مکووڕن لەسەر ئەوەی کە ژنیان بەرامبەر زەلامی بێگانە گۆشەگیر بن‌و خۆیان داپۆشن کەچی لەبارەی ڕەمەکی مەردمەوە ئەگەر نارەحەتی‌یەکیش هەبێ شتێکی وا نی‌یە . »(۱۷) . بەلای منەوە ژنەکان خۆیان وایان پێ خۆشە بێگانە نەیانبینن .

بۆ پشتگیری ئەم مەسەلەیە بلاکمان لەبارەی جوتیارەکانی میسرەوە دەڵێ : « بە گوێرەی بیروباوەڕی ئێمەوە ئەم جۆرە پێداگرتنە زولم‌و زۆرداری‌یە ، ئەم حوکمە حوکمێکی دادپەروەرانە نی‌یە چونکە گۆشەگیری‌یەکەیان نیشانەی ڕێزگرتنە ... نیشانەی ئەوەیە پیاو نرخی ئافرەت دەزانی»(۱۸) . جا بۆیە گۆشەگیری لە قازانج‌و بەرژەوەندی ئافرەتدایە. شان بە شانی ئەمەش لێن لە بارەی ژنە عارەبەکانی میسرەوە دەڵێ: «ڕەنگە خەڵك وای بۆ بچێ کە ژنی چینی بەرزو ناوەنجی هەست بە چەوسانەوەیەکی خراپ دەکەن‌و بەو گۆشەگیری‌یە ڕازی نین کە تێیدان ، بەڵام وا نی‌یە ، بگرە شتەکە پێچەوانەیە . ژنە میسری کە لە کن میردی‌یەتی ئەگەر مێردی سەربەستی بداتێ وا تێدەگا پشت گوێی خستوەو زۆر خۆشی ناوێ‌و بەخیلی بەو ژنانە دەبا کە چاوەدێری توندیان بەسەرەوەیە»(۱۹). بارنز لە بارەی زروفی هیند شتێکی لەم بابەتە باس دەکا: «ژنە محەمەدی‌یەکانی خوارووی هیند زۆر بە توندی گۆشەگیر دەبن‌و شانازیشی پێوە دەکەن‌و بە نیشانەی ڕێزو حورمەتی دەزانن‌و زۆر بە سووکی تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکەن کە ئەو بایەخەیان پێ نادرێ »(۲۰) . لە ساڵی (۱۸۹۱)ەوە گارنیت نووسیویە دەڵێ : «گۆشەگیری‌ی ژنە موسلمان لە باتی

---

(۱۷) لیچ ۱۹٤۰ ، ٦۰ .
(۱۸) بلاکمان ۱۹۲۷ ، ۳۸ .
(۱۹) لێن ۱۹٤٤ ، ۱۸٥ .
(۲۰) بارنس ۱۸۹۹ ، ۲۲٤ ود .

ئەوەی زادەی (دابەزینی پایەو شوێن)یان بێ تەماشا دەکەی بە پێچەوانەوە ئەنجامی ڕێزو حورمەتێـــکی زۆرەو جۆرە بایەخێـــکە کە پیـــاو بە ژنـــی دەدا ...»[21] .

★ ★ ★

لە مەڵبەندی ساکاری دێدا ئەم چالاکییانەی ئافرەت : ئاوهێنـــان ، بەشداری کردنی جوت‌و دروێنەو هەندێ جاریش دروست‌کردنی خانوو ، گزرە کردن‌و کۆکردنەوەی ساورمەو دارودوو ... ئافرەت ناچار دەکەن لـــە ماڵەوە هەروەدەر بێ ، هەر بۆیەش گۆشەگیری ئافرەت لەم مەڵبەندەدا سەر ناگرێ . بەڵام شایانی سەرنجـــە ، لە تۆپـــزاوەو ڕەکاوە کە پیـــاوەکانیان کرێکارییان بۆ ئاوبەستی دۆکان دەکرد هیچ ئافرەتێ نەبوو بە کارەکـــەری ئەورووپییان ڕازی بێ‌و منداڵیان بۆ بەخێو بکا . ئەگەر ئافرەتێ ڕازی بوایە خزمەتیان بکا تا زاری هەڵدەگرت پارەیان دەدایە بەڵام کەس نەبوو ، جـــا ئەورووپییەکان ناچار بوون بە نۆکەری پیاو ڕازی بن .

ئەندازیارێکی گەنجی بەریتـــانی خەریـــك بوو لـــەم دوو گوندەی باسمان‌کردن ڕەسمی بۆ فلیمێك دەگرت لەبارەی بینای ئاوبەستەکە . ئـــەم ئەندازیارە هیچ بۆی ڕێك نەکەوت بچێتە حەرەمسەرای ماڵی شێخ . هـــەر چەندە کە هەندێ جۆرە پیاو دەرفەتی چوونە ناو ماڵیان هەبوو بەڵام ڕێگای ئەم گەنجە بەریتانییەیان نەدا بچێتە ناو ماڵەوە . کابرا ناچـــار بوو تەنیـــا ڕەسمی ڕووکاری دەرەوەی خانوەکانی گرت‌و ئەو ژنە جوتیارانەی لەگەڵ دەرچوو کە لە دەرەوە بە ئیش هات‌و چۆیان دەکرد . جێی سەرنجە هیـــچ ئافرەتێ نەوەستا قسەیەکی لەگەڵ بکا . وودسمۆل[22] گۆتەنی : «... هەر

(٢١) گارنێت ١٨٩١ ، ٤٤٤ .
(٢٢) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٥٨ .
– ب : ئەدمۆنز ١٩٢٢ ، ٣٤٨ لەبارەی ئافرەتی لوڕ «... هەر خۆیان لە پشتەوە دەنێن » .
– های ١٩٢١ ، ٤٣ .

چەندە ژنـە جوتیـار لە دونیـای ئیسلامەتیدا لە ڕووی هونەرییـەوە پێچەیان نییە بەڵام ڕاستییەکەی سایکۆلۆژییەتی پێچەیان تێدا هەیە...»
تەنیا یەك ماڵە جوتیار بۆ ئەندازیارەکە لەسەر پشت بوو ، ئەویش کابرا خۆی کرێکاری ئاوبەستەکە نەبوو بەڵکو لە چایخانەی هەواری ئاوبەستی دۆکان ئیشی دەکردو ڕۆژ تا ئێوارە چای بۆ ئەوروپییان لێدەنا بۆیە لە هاوڕێکانی زیاتر بەینی لەگەڵ ئەوروپییەکان هەبوو و هەر بۆیەش ڕێی ئەندازیارەکەی دا فلیم لە ماڵییەوە بگرێ .

بە کورتی : ئافرەتی مەڵبەندی ساکاری جوتیاران نە عەبا لەبەر دەکەنو نە پێچە . لەبەر ئیشو هاتوچۆ ئافرەت ناتوانێ لە ماڵەوە بەندو گۆشەگیر بێ . کارکردنی ئافرەت نەترنجاوەتەوە چوار چێوەی ماڵ ، بگرە کێڵـگەو پەرێزو کانیو سەرچاوەو باخچەی میوەش دەگرێتەوە . بۆیە ژنە جوتیـار لە ژنە دەرەبەگان زیاتر سەربەستی جولانەوەیان هەیە . هەر چۆن بـێ ، ژن لە ڕووی هونەرییەوە گۆشەگیر نین بەڵام ژنو پیاو لێك جودان. قەت نابینی ئەم دوو تاقمە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەبێ . ژنو پیاو لە داوەتو گۆوەندو زەماوەندا تێکەڵ نابن . بە جودا نان دەخۆنو ئافرەت بەشداری شاییو گۆوەند ناکا (٢٣) ئێوارەیێ زەلامەکانی دێ بە ڕاکردن شایییان دەکرد کەچی ژن خۆیان لە تاریکی نابوو ، لەسـەر بـانەکانی نزیـك شـوێنەکە دانیشتبوون تەماشای شایییان دەکرد .

★ ★ ★

ئافرەتی مەڵبەندی خوێندەواری شار بە پێچەوانەی ئافرەتی مەڵبەندی دێ چوونە قوتابخانەیان لە ملە . لێرەدا ، ژنە موسلمانەکانی کوردستان کە دەخوێنن دوو پیشەیان لە پێشە : یان سستەرایەتی یـان مامۆستایـەتی .

(٢٣) وا نییە ، ئافرەت بەشدارییەکی زۆر دەکا لە شاییو زەمـاوەند . وا دەبێ ژن بە تەنێ شایی دەکەنو واش دەبێ ژنو پیـاو پێـکەوە شـایی ڕەشبەڵەك دەکەن . شایی ڕەشبەڵەکی کوردی زۆر بە ناوبانگە — و .

سستەرەکان یان لە بنکەی تەندروستی منداڵان کار دەکەن یانماڵەوماڵ دەگەڕێن • ئافرەتی خوێندەواری سلێمانیش وەکو ئافرەتەکانی مەڵبەندی ساکاری لادێ سەربەستی جولانەوەیان هەیە • ئەو ئافرەتانەش هەمان سەربەستیان هەبوو کە ببوونە مامۆستاو لە تاقە قوتابخانەکەی کچانی سلێمانی ، قوتابخانەی گۆیژەی کچان ، دەرزیان دەگوتەوە کە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرابوو •

لە ڕووی جوگرافیی‌یەوە هیچ جۆرە گۆشەگیری‌یەك لە مەڵبەندی خوێندەواری ئافرەتاندا نی‌یە بەڵام عەباو پێچە هەیە کە لەبەرکردنی خورتی‌یەو لە کاتی گەڕانو دەرچوونیشدا ئافرەت دەخاتە سەر بارێکی گۆشەگیری‌و لاتەریکی‌یەوە • هەروەکو چۆن گۆشەگیری جوگرافی ئافرەتەکانی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ نەرمی‌یەکی تێدایەو هەندێ جۆرە پیاوی دەرەوە هەن دەتوانن بچنە ناو ژنان ، هەرواش خۆداپۆشینی ئافرەتی خوێندەواری شار لە کاتی گەڕانو دەرچوونی‌دا نەرمی‌یەکی وای تێدایە چونکە خۆداپۆشینەکەیان بە گوێرەی پیاوەکەی بەرامبەریان دەگۆڕێ • ئەگەر کابرا بێگانە بێ وەکو : کاتبی پۆستە ، خەزنەدار ، پەستاژۆ ئەوا خۆیان تەواو دادەپۆشن • پیاویش بەش بە حاڵی خۆیانەوە بەلایانەوە زۆر ئاسایی‌یە ئەو ئافرەتەی قسەیان لەگەڵ دەکا یان شتێکیان لێ مامڵەت دەکا بەم جۆرە بەتەواوی خۆی داپۆشێ کە لەبەر دەنگی نەبێ کەس نایناسێتەوە • تەرجومانەکەم لەبەردەم پیاوی گەورەی وەکو بەڕێوەبەری پەروەردە یان فەرمانبەری وەك موتەسەڕیفی شار پێچەی هەڵدەدایەوە بەڵام لچکە عەبای سەر سەری ئەوەندە توند دەگرت بە ئاستەم دەمو چاوی دیار بوو • لە زۆربەی سەردانەکانی ڕەسمی هەر وای دەکرد • بەڵام لە سەردانی ئاساییش ئافرەت پێچەیان ئاوا دەکردە پشتەوەو عەبایان لە خۆیان توند دەکرد ، ئەمەم لە سەردانێکی ماڵی کوڕی شێخ مەحموود بینی • ئەو جارەیان تەرجومانەکەم

هەرچی خشڵو بەرگی جوانی ئافرەتەکانیماڵەوە هەیە هەمووی بە خۆوە کرد بەڵام لە کاتی سەردانەکەدا ئەو شتانەی هیچ دەرنەخست ڕەنگــە ئەمــەش لەبەر ئەوە بێ کە بێجگە لە ئێمە دوو جوتیاریتر لەوێ بوون دیار بوو بــۆ تێکەو لێکەی دروێنەی چەڵتووکی ئەو ساڵە هاتبوون.ئافرەت کە لە بازاڕ، بۆ نموونە لە دوکانی کوتاڵفرۆشی ناو قەیسەرییان ، مامڵەتیان لەگەڵ بازرگانان دەکرد پێچەیان هەڵدەدایەوەو لە درزی عەباوە خۆیان پێشانی پیاوەکان دەدا.

ئافرەت لە سینەماکانی سلێمانی ، سینەمای هاوینیو زستانی ، ئەگــەر پەچەیشیان لەبەر بوایە بەبیریاندا نەدەهات لە تەنیشت پیاوان لەسەر کورسی ئاسایی دابنیشن . ژن لەگەڵ پیاوی خۆیان دەچوونە سینەماو پێکەوە دەخزانە ناو لۆجێکی سەربەخۆ ، هەر لۆجێك دەرگای تایبەتیو پەردەی تایبەتی خۆی هەبوو . کە ڕوناکی دەکوژایەوە پەردەکەیان لادەداو کە سینەمــا ڕونــاك دەبوەوەو دەبوو بە پشوو پەردەکەیان پێوە دەدا . نەدەبوایە بە هیچ جۆرێ زەلام تەماشای ئافرەتی ناو لۆجەکان بکەن .

ئافرەتی خوێندەوار لە کاتی ئیشو لە دەرەوەی ماڵەوە تێکەڵ پیاوان دەبوون ، بۆیە وا دەبوو کە کوڕو کچێك دڵیان یەگدی بگرێو حەز لێــك بکەنو بە ئەشقو ڕەزا ببنە هاوسەر . بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کوڕە یەکسەر ڕاستەوخۆ داوای لە کچەکە نەدەکرد مێردی پێ بکا . هیچ قسەی لەســەر نەبوو دەبوایە یەکەم جار ژنەکانی هەردوو ماڵ دابنیشنو لــە مەسەلەکــە بکۆڵنەوەو پاشان مەسەلەکە بخەنە بەردەم باوکی کچە بۆ ئــەوەی بریــاری لەسەر بدا . ئافرەتی خوێندەواری شار ، ئیشەکەی وای لێدەویست کە لە ماڵەوە دوور بکەوێتەوە کەچی لە کاتی بێ ئیشیدا دەترنجایە ناو چوارچێوەی ماڵەوە . ژنو پیاو لە کاتی بێ ئیشیدا تێکەڵ یەگدی نەدەبوون . پیاو کە ئیشیان نەبوایە لەگەڵ زەلامەکانی دی دەچوونە جادەو چاخانــان . لێرەش دیسان دابڕینێکی زەق لە بەینی پیاوانو ئافرەتاندا هەبوو .

بەم جۆرە ، ئافرەتی مەڵبەندی خوێندەواری شـار وەکـو ئافـرەتی مەڵبەندی ساکاری لادێ سەربەستی جولانەوەو چوونە دەرەوەی هەیە بەڵام جوولانەوەکەی لە مەودای ئیشی خۆی تێ نـاپەڕێ . لەولاوەش ئـافرەتی خوێندەواری شار بە پێچەوانەی ئافرەتی لادێ کە دەچێتـە دەرەوە خـۆی دادەپۆشێ ، عەباو پێچە لە خۆی دەدا . ئـەم خۆداپۆشـینەی ئافـرەتی خوێندەواری شار وەکو گۆشەگیریەکەی ئافرەتی دەرەبەگی دێ نەرمییەکی تێدایە بۆ هەندێ پیاو .

لەو سێ مەڵبەندەی ئافرەتان کە هەڵمان سەنـگاندن ، لە هیچێکیـان ئافرەت وەکو ڕۆژاواییەیان لە بیری ئازادی ناگات .

★ ★ ★

لە چوارەم مەڵبەندی ئافرەتان ، کە مەڵبەندی نەخوێندەواری شـارە پۆشی شتێکی کوتەکی بوو . ئافرەتی نەخوێندەواری شار بە پێچەوانـەی خوێندەوارەکان گۆشەگیر بوون . لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هیچ شتی وا نەبوو وایان لێبکا تێکەڵی پیاوان بین . مێرد کەرەستەو پێویستی ماڵەوە دەکڕێ . بۆیان باس کردم کە کوتاڵی جلو بەرگیش ، ئافرەت هەن ماڵەو ماڵ دەیگێڕن . لەگەڵ ئەمەشدا ئافرەت تەنیا لەناو چوار دیواری ماڵی خۆیانەوە بەند نەبوون بگرە هەموو حەرەمسەرای ئافرەتانی شار تێکی دەکردەوەو ئافرەت بە لێشاو دەچوونە میوانداری یەکتر . ئـافرەتی شـار لـە ژێر عەبـاو پێچـەوە سەربەستییەکی باشی هەبوو هەر بۆیەش ئافرەتی نەخوێندەواری شار کە باری کۆمەڵایەتییان زۆر لە هی سێ مەڵبەندەکەی‌تر جودا بـوو دەرفەتی تێکەڵ بوونیان هەبوو . ئافرەتەکانی مەڵبەنـدی ساکـاری لادێش ئـەم دەرفەتەیان ئاسان بوو . لێرەدا تێکەڵاوییەکە لە ماڵەوە زیاتر بـوو تا لـە شوێنی شووشتنو چوونە سراو هتد .

لە کوردستاندا ، لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شار ، نەك تەنیا لە کاتی

بێئیشی بگره له کاتی ئیش‌کردنیش دابڕاتێك له بەینی دونیـــای ئافرەتـــان‌و دونیای پیاوان هەبوو . پیاوێك له شارێکی وەکو سلێمانی که یەك دوو ژنی سەر به مەڵبەندی نەخوێندەواری هەبێ ئەو ماڵه وەکو ئەو نموونه تورکی‌یه وایه که یۆستروپ[٢٤] باسی دەکات: «بۆ پیاوی ڕۆژهەڵاتی، ماڵی ئەو شوێنەیه که ژن‌و منداڵی تێدایه ، ئەو شوێنەیه که نانی لێ‌دەخواو شەوی تێدا دەباته سەر . بەڵام ماڵی ڕاستەقینەی یان دوکانه یان قاوەخانه که لەوێ تووشی ئەو کەسانه دەبێ که به دیداریان شادو دڵنیا دەبێ ...» .

له مەڵبەندی نەخوێندەواری شاری ســلێمانی له ماڵێکی وەکو ماڵی تەرجومانەکەم که دوو ژنی تێدا بوو و ئیش‌وکاریان له چوارچێوەی ماڵەوه بوو ، ئافرەت دەتوانێ مەودوای ڕاستەقینەی ئیش‌کردنی بگەیەنێتــه نــاو ئافرەتی ماڵه دراوسێکان . که پیانویستایه نانێکی زۆر بکەن ســبەینێ زوو ئافرەتێکی لایده دەهات هەویری دەکردو پاشان لەگــەڵ هەردوو ژنی ماڵێ دەچوونه ماڵه دراوسێ‌یەکی به تەندوورو لەوێ به گەله نانیان به تەندوورەوه دەدا . نانی به تەندوور له نانی به سێڵ باشتر بوو چونکه به تەنــدوور بــه جارێك بایی زۆریان نان دەکردکەچی به سێڵ ڕۆژ به ڕۆژ بایی خۆیان دەکردو بــەس .

پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئافرەت له دەرەوەی ماڵ بریتی بوو له سەردان‌و ڕەت‌کردنەوەی سەردان . به تاقی‌کردنەوەی من له ماڵــەوه تەنیــا ئافرەتی خوێندەوار دەچوو شت لــه بازاڕ بکڕێ ئەویش تەنیا قوماش‌و بەس نەك گۆشت‌و سەوزه . هەروەکو باسمان کرد مێرد کەرەستەو پێویســتی ماڵی دەکڕی‌و به منداڵێکی بچووك ڕەوانەی دەکردەوه . منداڵی وا زۆر بوون‌و بەم کۆڵهەڵگری‌یه بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد . ئــافرەت که بۆ گۆشت‌و سەوزه کڕین نەدەچوه بازاڕ ئەمه چەوساندنەوه نەبوو ، نەخێر . ڕاســتی ،

---

(٢٤) یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٥٤ ود .

هەستی منیش بەرامبەر بەم دیاردەیە دەق وەکو هەستی وودسمۆل وابوو کە نووسیویە ، دەڵێ : « وەکو دەستوور ، جاران ژنە موسلمانی خۆپارێز بۆ شت کڕین نەدەچوە بازاڕ ••• جاران ئافرەت کە سەربەستی چوونە بازاڕی نەبوو مانای وا نەبوو کە ئەو سەربەستی یەی لێ سەندراوە یان لێ ی شێواندراوە ، بەڵکو شتەکە زۆر ئاسایی بووە••• »(٢٥)

لە پیاوی بێگانە بازرگانو پیشەساز هەقی ئەوەیان هەیە بچنە ناو حەرەمسەرای ئافرەتانی مەڵبەندی نەخوێندەواری شار • کە ماڵی تەرجومانەکەم خەریکی بە مێرد دانی کچەکەیان بوون لیفدرووەیەکی یەکچاو سبەینەیەك هاتە ناو ماڵەوە بۆ ئەوەی هەندێ سەرینو دۆشەکیان بۆ بکا••• کەوانی پەڕەی(٢٦) لە حەوشەوە بە دارەوە کرد کە هێنابووی لۆکەی پێ پەڕە بکا • ئافرەت کیسەیان دووری‌و دوای نیوەڕۆ لۆکەیان تێ‌کردنو پاشان لیفدروەکە هەمووی دایە بەر تەقەڵان • ڕۆژێکی تەواو پێ‌هەژایەوە • لە ماڵەوەو لەناو ئافرەتان ئیشی دەکرد • ئەو ڕۆژە لیفدروەکە دوو جار بۆ نان خواردن چوە بازاڕ •

بەرگدرووەیەکی بە ساڵاچووی بازاڕ زۆر بە هەیبەتەوە هاتە ناو ماڵو پێوانەی منی گرت بۆ ئەوەی کەوێ‌یەکی خامەکم بۆ بکا • مافوورو شتی وا هەبوو زەلام بۆ فرۆشتن دەیانهێنا بەڵام نەدەهاتنە ژوورەوە بۆ ناو ئافرەتان • لەبەر دەرگای حەوشە زیاتر نەدەهاتن • ئافرەت خۆیان دەچوونە دەرەوە تەماشایان دەکرد ، کە دەچوون سەرپۆشیان بە سەور ملیاندا دەدا • جارێکی‌تریش ئاوا سەرپۆشیان بە خۆدا دا کاتێ کە کابرایەك هات سێ

---

(٢٥) وودسمۆل ١٩٣٦ ، ٧٤ .

(٢٦) ب : کەوانو مشتەیەکی پەڕەی وایان لە لوڕستان هێناوە . فیلبێرگ ١٩٤١ ، ٧٠ ود ، وێنەی ٥ ، باسی‌کردوە .
— لە سوریا بەکار دێ ؛ ب : داڵمان ١٩٣٧ ، ٣٣ ود .
— لیزیشیان ١٩٥٥ ، ٢٠٧ ، وێنەی ١٧ .

بارەگەنمی کەرانی پێ بوو • هاتە ناو دالانەکەو بارەکانی لەوێ خست • ئەو گەنمەیان بۆ زەخیرەی زستانی کڕیبوو • گەنمەکە لە تای گەورەکرابوو هەر دوو تا پێکەوە بەسترابوونو لە کەرێك بار کرابوون • کابرا گەنمەکەی هێنا لە کن قەنەفەی ڕوو کرد •

قەت نەمدی دوو ژنەکەی مالی تەرجومانەکەم بچنە سینەما • لە جەژنی قوربانا ، لە ڕۆژی سەردانو میوانداری ، ئافرەت بە تەنێ یان لەگەل مێردیان دەچوونە سەردانو میوانداری • ئافرەت بۆ هیچ ئیشێك لە مال دەرنەدەچوونو تێکەلی پیاوان نەدەبوون • لەلایەکیتریشەوە پەیوەندییان لەگەل ئافرەتەکانیدیکەی شار ئەوەندە پتەو بوو نەبێتەوە •

بەم جۆرە ، ئەم مەلبەندەی ئافرەتان کە مەلبەندی چوارەمینە ئافرەتی تەواو تێدا گۆشەگیرو لاتەریکە ، ئەوەیە کە لە ڕۆژاوا بە تیزەوە پێی دەلێن: بەندایەتی •

## ژیانی هاوبەشی مالەوە

**دابەشبوونی دەسەلاتو شوێنی پیاو لە مالەوە :**

لە مەلبەندی دەرەبەگایەتی دێدا پیاو باری گوزەرانو ئابووری مالەوەی بەڕێوە دەبرد • سەرداری مالەوە بوو بڕیاری دا کوڕە (١٨) سالیەکەی لە تۆپزاوە بچێتە کەرکووكو بەغدا بۆ سەردانی خزمان • بێگومان بە دەست شێخی تۆپزاوە بوو کە منو تەرجومانەکەمو برا گچکەکەی ئەو ماوەیە لە مالیان بووین •

ئافرەتەکانی مەلبەندی دەرەبەگایەتی وەکو هەموو ئافرەتێکی لادێ تەواو نەخوێندەوار بوون کەچی پیاوەکان هەر چۆنێ بوو نەختێکیان خوێندبوو • ئافرەتەکان ئەگەرچی نەچووبوونە قوتابخانەش بەلام هەیانبوو

زۆر زیرەك بوو ئەمەش لە چۆنیەتی ڕایی‌کردنی ئیش‌و کاری ڕۆژانـەو بەڕێوەبردنی ماڵو منداڵو خزمەت‌کردنی مێردەوە دیار بوو •

ئافرەت ئیشی خۆی باش دەزانێ ، لە ئیشی مـاڵەوە زۆر شـارەزاو دەست‌ڕەنگینە ، هەر بە منداڵی‌یەوە لە کابانەتی‌و دایکایەتی ڕاهاتوە • ژن‌و پیاو لەناو ماڵەوە یەکسانن • مەیدانی جووڵانەوەی ئافرەت ژوورەکانی ماڵە، کە مێردی دێتەوە بە یەکەوە لە ماڵێ ڕادەبوێرن • ئەگەر ژن لەمێرد زیرەکتر بێ جێی گومانە پیاو لەگەڵ ژن‌دا یەکسان بێ • های لەبارەی کوردسـتانی خواروو نووسیویە ، دەڵێ : «زوربەی سەرۆکەکان ، کەم تا زۆر ، لە ژێـر دەستی ژنەکانیاندان » (٢٧) •

لەبارەی سەربەستی‌یەوە ، هەڵبەت سەربەستی ئافرەتی ئەوروپی تەواو جودایە لەگەڵ سەربەستی ئافرەتی کورد ، دەتوانین بڵێین ئافرەتی دەرەبەگایەتی دێ (سەربەست) نی‌یـە ، لە مەیـلەو گۆشەگیری‌یـەکدا دەژی • ئـافرەت سەربەستی هەڵبژاردنی هاوسەریشی نی‌یە بەڵام ئەم مەسەلەیە هەر بۆ ژن وا نی‌یە، بۆ پیاویش وایە • هەردووکیان بێ خواست‌و دەستی خۆیان هاوسەریان بۆ دەست نیشان دەکرێ‌و دەپاڵیان دەکرێ •

★ ★ ★

هەر وەکو پێشتر باسمان‌کرد ، لە مەڵبەندی ساکاری لادێ‌دا ، مەودای کارکردنی ئافرەت دوور دەڕواو هەموو شوێنێ دەگرێتەوە • هەر بۆیەش ئەوان سەربەستی جولانەوەیان لە ئافرەتی مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێ زیاترە• لەلایەکی تریشەوە ، وەکو خۆم دیم ، ئافرەتی مەڵبەندی ساکاری لادێ وەکو ئافرەتی دەرەبەگ لەگەڵ مێردی یەکسان نەبوو زۆر ئەرکی گرانی بەسەرەوە بوو • ئەوەندەیان ئیش هەبوو لە سۆرێ سبەینێوە تا ماڵ‌نووستنان هەڵپەیان بوو و دەڕەتان : لە دوورەوە ئاوو دارودوویان دەهێنـا ، بۆ بێر دەچوونـە

---

(٢٧) هـای ١٩٢١ ، ٤٣ •

شاخان ، جوت‌و دروێنه‌یان ده‌کرد ، ئیشی ناو باخچه‌یان ده‌کرد • ده‌توانین بلێین ئافره‌ت‌و پیاو له‌م مه‌ڵبه‌نده‌دا یه‌کسان نه‌بوون‌و ده‌سه‌ڵات به لای پیاودا بوو چونکه ئه‌و ئیشه زۆره‌ی لــه ملی ئافره‌تــان بوو وای کرد بوو پایــه‌و شوێنیان له پیاوان نزمتر بێ •

★ ★ ★

له مه‌ڵبه‌ندی خوێنده‌واری شار ، له‌و ماڵانه‌ی ژن‌و مێرد هه‌ردووکیان خوێنده‌وار بوون ، ئــافره‌ت وه‌کو ئــافره‌تی مه‌ڵبــه‌ندی ســاکاری لادێ سه‌ربه‌ستی جولانه‌وه‌ی هه‌بوو • واته سه‌ربه‌ستی جولانه‌وه‌ی تا ئه‌و مه‌ودایه ده‌ڕۆیشت که ئیشی ده‌ره‌وه‌ی ماڵ پێویستی ده‌کردو له‌وه زیاتر نه‌ده‌ڕۆیشت•

★ ★ ★

له مه‌ڵبه‌ندی نه‌خوێنده‌واری شاردا ، ئافره‌ت ده‌رفه‌تی نه‌بوو به ئیش له ماڵه‌وه ده‌ربچێ‌و سه‌ربه‌ســتی جولانــه‌وه‌ی نه‌بوو بــه‌ده‌م جم‌وجــولی کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌وه • که ده‌چوونه سه‌ردان‌و میوانداری عه‌باو پێچه‌یان له خۆیان ده‌دا • له ماڵه‌وه هه‌موو شتێ به ده‌ست مێرد بوو ، به ده‌ست مێرد بوو که کێ بێته ماڵه‌وه‌و کێ له ماڵه‌وه ده‌ربچێ • له ماڵی ته‌رجومانه‌که‌م ، که هه‌ر دوو ژنه‌که سه‌ر به مه‌ڵبه‌ندی نه‌خوێنده‌واری شار بوون ، هاوینی ۱۹۵۷ که په‌تای کۆلێرا بلاوبوه‌وه مێرده‌که لێ‌نه‌گه‌ڕا ، نه ده‌ختۆر بێنن‌و نه نه‌خۆشــه‌کانی ماڵ به ترومبێل ببه‌نه نه‌خۆشخانه‌و پێشانی ده‌ختۆریان بده‌ن • نازانم ئه‌گه‌ر نه‌خۆشه‌که شڕ بوایه کابرا تا چ ڕاده‌یه‌ك له‌سه‌ر قسه‌ی خۆی سووڕ ده‌بوو •

له جه‌ژنی قوربان ، مێرده‌که ڕێگای ژنی گچکه‌ی دا که له‌گه‌ڵ هه‌نه‌زای گه‌وره‌و دوو کچی عازه‌بی‌و کوڕپه‌یه‌کی خۆی بۆ سه‌ردانی ماڵه خزمێــك بچنه هه‌ڵه‌بجه • ژنه‌که له خۆیه‌وه سه‌ردانه‌که‌ی چه‌ند ڕۆژێك درێژ کرده‌وه‌و به ترومبێل چوونه ماڵی منداڵه‌کانی خزمه‌که‌یان • که گه‌ڕانه‌وه مێردی زۆر به توندی ڕکی خۆی لێ‌کرده‌وه • ئه‌گه‌ر ماڵێك زۆری ژن‌و کچی مانگــود

تێدا بێ کابرا شوێن‌و دەسەڵاتی تێدا نزم دەبێتەوە • جا لەبەر ئەوەی هەر دوو ژن‌و هەر پێنج کچی عازەب دژی کابرا کەوتنە بەرەیەك‌و دەرو دراوسێش پشتیان‌گرتن • کابرا ناچار بوو بکشێتەوە قاوغی خویەوە ••• گۆتیێر لەبارەی زروفی ئەم جۆرە ماڵە موسلمانانەوە دەڵێ : «پیاو هەموو ژنەکانی سەراپەردەی ماڵی خۆی‌و حەریمی دراوسێ‌و هەموو ئافرەتەکانی شاری دژە ••• ئەوانە بە پەیمانی بێ‌دەنگ‌و لامل‌و خەنداوەر دژی دەوەستن » • هەروەها پێدا دەچێ‌و دەڵێ : « سەرداری حەرەمسەرای ماڵ زۆردارێکی لاملەو دەسەڵاتی تەواوی هەیە ؛ مێردی وا لە هەموو دونیا ناپاکترە•••»(٢٨)

وەك من خۆم دیم ، ئافرەتی مەڵبەندی نەخوێندەواری شار کە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ دراوسێکان هەیە ، پلەو پایەیەکی زۆر بەرزو مکوومی هەیە • مێردیش هەر چەندە کە مافی زۆر جۆرە بڕیاری هەیە بەڵام لە ئافرەت بێ هێزترە • لەلایەکی تریشەوە ئەگەر زاراوەی ڕۆژاوایی بەکاربێنین ، ئەوا دەبێ گۆشەگیری ئافرەت بە بەندایەتی بدەینە قەڵەم •

## شوێنی پیاو لە ماڵەوە

پێویستە لە ڕوانگەی دابەش‌بوونی دەسەلاتی نێوان ژن‌و پیاو تەماشای شوێنی پیاو بکەین لە ماڵەوە •

لە مەڵبەندی دەرەبەگایەتی دێدا دیوەخان جێی ڕابواردنی پیاوانە• مەودای کارکردنی پیاو بۆ دەرەوەی ماڵ دەڕوا • پیاو لە ناو گوند دەگەڕێ، سەر لە زەوی‌و زار دەدا ، دەچێتە گوندەکانی‌تر ، بە ئیش یان هەر بۆ ڕابواردن دەچێتە بەغداو کەرکووك‌و سلێمانی • سەربەستی جولانەوەی پیاو بە پێی وەخت‌و ئارەزوو و باری ئابووری دەگۆڕێ • لە هەمان کاتیش‌دا نیمچە هاوبەشی‌یەکی ئەرکی ژیانی ناو ماڵ دەکا هەر چەندە ئێمە شتی وامان

(٢٨) گۆتیێر ١٩٤٩ ، ٤٣ ، ٤٤ •

بەلاوە زۆر سروشتی‌یە بەڵام لە هیچ یەکێ لە سێ مەڵبەندەکەی تری ئافرەتاندا نی‌یە • پیاو وا نەبێ تەنیا نان خواردنو نووستنی لەماڵەوە بێ بەڵکو ڕۆژێ چەند سەعاتێکیش لەناو ئافرەتانی ماڵەوە ڕادەبوێرێ • ئەو ماوەی کە مـن لەوێ بوومو ئاگاداری ژیانی ماڵی شێخی تۆپزاوە بووم هەستم دەکرد کە پەیوەندی بـەینی ژنو مێرد زۆر گەرمو پتەوو خۆشـە • زۆریان بەلاوە شتێکی ئاسایی بوو کە دوو ژنی بیانی‌یان (منو تەرجومانەکەم) لـە ماڵەوە بوو • پیاوەکانی خزمیشیان کە دەهاتنە سەردانیان دەهاتنە ناو ماڵێ • مـاڵی ئەو دەرەبەگانەی تریش کە من سەرم لێدان ژیانی هاوبەشیان تێدا بوو •

★ ★ ★

لەلایەکی‌تریشەوە ، لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا ، پیاو کە بێ ئیش بێ لە چایخانە یان دوکان لەگەڵ پیاوەکانی دیکە بە قسەو گفتوگۆ ڕادەبوێرێ • چەند ئێوارەیێ پێش زەماوەند زەلام لە هەوەسـی چاوەشەکان دایانبەستە شایی‌و هەڵپەڕکێ • ماوەی پێکەوەبوونی پیاوان لە مەڵبەندی ساکاری لادێدا زیاترە تا مەڵبەندی دەرەبەگایەتی • دابڕانی دونیای ئافرەتانو دونیای پیاوان، کە نیشانەیەکی دیاری ناوچەکانی ئیسلامەتی‌یە ، لەم مەڵبەندەدا هەیە •

★ ★ ★

لەگەڵ سـەرنجی یەکەمدا وا تێدەگەی کە ژنو پیـاو لە مەڵبەنـدی خوێندەواری شاردا بە هاوبەشی دەژین، بەڵام شتی وا نی‌یە• دەماندی زەلام لە دەرەوەی چایخانە ، لەسەر شۆسەی شەقام دادەنیشتن ، پێکەوە بە جادەو بە ناو باخچاندا دەسووڕانەوە • ئەو باخچانە تەنیا یەك ڕۆژ بۆ ژنان بوونو ئەو ڕۆژە پیاو نەدەچوون • لە مەڵبەندی خوێندەواری شاردا ، لە ڕووی ئیش‌کردنەوە ، بۆ نموونە لە قوتابخانە ، هیچ دابڕانێك لە نێوان دونیـای ئافرەتانو دونیای پیاواندا نەبوو ، بە پێچەوانەوە کە بێ ئیش بوونایە ئەو کاتە لێك‌دادەبڕان • کە ئافرەت میوانیان بهاتایە یان بچوونـایە میوانداری

نەدەبوو چ پیاو لەوێ بێ • بەزمو ئاهەنگی تێکەڵاوی ژنو مێردان نەبوو • بەم جۆرە ، ئافرەت لە کاتی بێئیشی‌دا خاتوونو دەسەڵاتداری ماڵ بوو • پیاو لە ماڵەوە نەبوون ، دەچوونە ناو پیاوان • جارێکیان ، منو تەرجومانەکەم چووینە میوانداری دەستە خوشکێکی کە مێردی بە دۆستێکی خۆی کردبوو ، مێردەکەی لە ماڵەوە بوو بەڵام پێیەوە دیار بوو کە لەم وەزعە ڕانەهاتووەو حەز ناکا بۆ ژنێکی ئەوروپی وا بکەن • جارێکیتر هەمان ژن تاقمە مامۆستایەکی دەستە خوشکی خۆی داوەت کردە ماڵەوە ، ئەم جارەیان کابرا لەوێ نەبوو • کۆمەڵی خوێندەواری شاریش هەر وەکو مەڵبەندی ساکاری لادێ لە ساتی بێ‌کاری‌دا دەبێتە دوو دونیاو هەر یەکە ڕوو دەکاتە لایەك • ئەم دابەش‌بوونە زۆر چاك لە ماڵی تەرجومانەکەم هاتبوە دی • لێرەدا پیاوەکە تەنیا بۆ خواردنو نووستنی شەو دەهاتەوە ماڵێ ، ئەوەی‌تر هەموو وەختی خۆی بە ئیش لە دوکانە بچووکەکەی ناو شار دەبردە سەر • کابرا نوێنەری کۆمپانیایەکی بەغدا بوو بۆ هاوردنی کەرەستەی کارەبایی • کاتی بێ‌ئیشی‌یان لە جادە یان لە چایخانە دەقەتاند • ئەم دابڕانەی بەینی ژنو پیاو میردمنداڵی هەرزەکاریشی دەگرتەوە ، کە بێ ئیش بوونایە لە ماڵەوە وەدەریان دەنان (بۆ ئەوەی لەسەر شەقام پەروەردە ببن) تەنیا کوڕی (٥ ، ٦) ساڵی لە ماڵەوە واتە لە ناو دونیای ئافرەتان‌دا بوون •

مرۆی لایدە وا تێ‌دەگا ئەم لێك جودا بوونەوەی هەر دوو جنس ، بە ڕۆژ ، پیاو دەخاتە دونیایەکی تەواو بێ ئافرەتەوە • لە چایخانەو دوکانو لەسەر سەکۆیان پیاو ڕمووزنی ڕەشیان بە بەردەم‌دا تێدەپەڕی • ئافرەت کە دەچوە دەرەوە هیچ ئادگارو ڕوخساری بە دەرەوە نەبوو• یۆستروپ[٢٩] کە دەڵێ لە ڕۆژهەڵات پیاو لە دەرەوەی ماڵەوە تووشی هەندێ کەس ـ پیاوی‌تر ـ دێ کە پێویستی گیانی بەجێ‌دێنن ، ئەم قسەیە دەرهەق

(٢٩) یۆستروپ ١٨٩٤ ، ٥٤ ود .

شارێکی وەکو سلێمانی زۆر ڕاستە • دەتوانین ئەمە وا لێك بدەینەوە کە پیاو لە دەرەوە تووشی پیـاوێ دەبێو پێویستی خـۆی پێ جێبەجێ دەکـا • ڕەوشتی کۆمەڵایەتی کورد نێربازی بە خۆیەوە هەڵدەگرێ • جاری وا هەیە دەبینی پیاو بە یەکەوە دەڕۆنو قۆڵ لە پشتی یەك وەردێننو دەستی یـەك دەگرنو پەنجە تێك‌هەڵدەکێشن (۳۰) •

پیاو جێگایەکی زۆر کەمی لەماڵەوە هەیە • سنگێ یان بزمارێکی بـە دیوارەکەوە هەیە شمەکی پێوە دەکا ، کە نان دەخوا لە تەنیشت سینی لەسەر عەرد دادەنیشێ • بۆ نووستنیش لەسەر دۆشەکێ یان قەرەوێلەیەك ڕادەکشێ ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ • ئێوارەیەکیان ، لە ماڵی تەرجومانەکەم ، زۆر بە چاکی شوێنی پیاو لە ماڵەوە دەرکەوت • ئەو ئێوارەیە ئاهەنگو داوەتی ژنان بوو • دەوری سەعات دەی ئێوارە سەرداری ماڵو کوڕە (۲٦) ساڵی‌یەکەی هاتنەوە • نزیکەی (۲٥) ئافرەت لە حەوشە ، لەسەر کورسیو قەنەفەو دۆشەك دانیشتبوون • عەباو پێچەیان لە هەیوانێ بە سنگولکەوە کردبوو • زۆربەی ئافرەتەکان وایان نەکرد ئەو دوو پیاوە بیانبینن • نەدەکرا ئەم هەموو ئافرەتە بە جارێ هوڕوژم بۆ عەباو پێچە ببەن ؛ بۆیە هەر بە ڕەفتار ناوبرەیـەکی

(۳۰) وایە ئەم (قۆڵ لە پشـت وەرهێنـانو دەسـتی یـەك گرتـنو پەنجـە تێك‌هەڵکێشانەی پیاوان) لە ئەوروپا نیشانەی نێربازی‌یە . بـەڵام لـە ئەوروپا ژنو پیاو لە کاتی ئیش کردنو لـە کاتی بێ ئیشی‌دا تێکەڵاونو باری ئاسایی پەیوەندی ژنو پیاو ئەوەیە کە پێکەوە بگەڕێنو پێـکەوە بژینو دەست لە دەست گرتنی ژنو ژن یان پیاوو پیاو بە لادانو ناجۆرە دیاردەیەکی نارێکی جنسی دادەندرێ . ئەمە نیسبەت بە ئەوروپا ، بەڵام خۆ ڕەوشتو باری کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات تەواو جودایەو نەدەبوو خاتوو هێنی دیاردەیەکی کۆمەڵی کوردەواری بە یاسای ڕەوشتی کۆمەڵایەتـی ئەوروپا هەڵسەنگێنێ . چونکە لە ڕۆژهەڵاتو بە تایبەتی لە ناوچـەکانی ئیسلامەتی کە ژنو پیاو لێك دابڕاون شتێکی زۆر ئاسایی‌یـە کە پیـاو لەگەڵ پیاوو ژن لەگەڵ ژن ئەم جۆرە پیاسـەیە بکا کە ئـەو دیویـەو چ نیشانەی لادانو شزوزی جنسیش نی‌یەو ناشبێتە بەڵگەی نێربازی — و •

پتەویان خستە بەینی هەر دوو جنس • پیاوەکان وایان دانا کەس نایانبینێو ئافرەتەکانیش وایان پیشاندا کەسیان نەدیوە بێتە حەوشە• پیاوەکان بە پشت ڕیزی ئافرەتاندا ڕەت بوونو چوونە ژوورەوە خۆیان گۆڕیو بەرگی ناو ماڵو نووستنیان کردە بەر • کابرا کراسێکی شۆڕو دەرپێیەکی فشو فۆلی لەبەر کردو کوڕەکەش پێجامەیەك • پاشان لەو ژوورە هاتنە دەرەوەو دیسان هەر بە پشت ڕیزی ئافرەتاندا ڕۆیشتنو چاویاندا ئەو قوژبنەی حەوشـە کە نەردەوانی بۆ سەربان پێ هەڵپەساردرابوو • بـە نەردەوانـەکە چوونە سەربانو لە تاریکیدا بزر بوون • نە ئافرەتەکانو نە پیاوەکانیش سـڵاوی عادەتییان لەیەك نەکرد • لەم بۆنەیەدا ، هیچ لایەنێ نەدەبوایە تەماشـای لایەنەکەیدی بکا ، ئیدی پیاوەکان هەر ئەوەندەیان پێ ما خۆیان بزر بکەنو لەبەر ئەوەی حەوشە پڕ ژن بوو ناچار بوون بۆ نووستن چوونە سەر بان • لە ڕێکخستنی ماڵەوە تەنیا چەند مەترە چوارگۆشەیەك بـەر مێردو کـوڕە گەورەکە کەوتبوو • بێگومان ئـەم ماڵە دوو ژنی تێدابوو لەگەڵ ئەمەش کابرا جێگای زۆر کەم بوو • ئەو کابرایەی لە کەرکووك دوو ژنی هەبوو و هەر کەسە ماڵی جودا بوو ، نەمزانی ئەگەر میوانیان بێ چۆنی بەخێر دینن • بە گوێرەی ماڵی تەرجومانەکەم ، ئافرەت خواردن ئامادە دەکەن • خواردنیان لە ژوورێکی تەنیشت ژووری میوانان ئامادە دەکرد کە تەنیا دیواریان بەین بوو و پاشان دەکشانەوە حەوشەو ژوورەکانی ماڵ • هەر چۆن بێ ، ژووری میوانان ژووری دانیشتنی هەمیشەیی مێرد نەبوو • ئەو بەشەی ماڵەوە کە لەسەر یەك پارچە عەرد کرابوون ــ دوو دەرگایان لەسەر جـادە هەبـوو ، مێردەکە بە نۆرە هەر ڕۆژە لای یەکێکیان بوو • بـۆ ئەوەی بزانین داخۆ کابرایەکی ئینگلیز چۆن لە شوێنو پایەی مێرد گەیشتووە لە ماڵە کـوردی ئیسلامی، نەختێ لەو نامەیە دەنووسمەوەکە ئەندازیارێکی هەواری ئاوبەستی دووکان بـۆی ناردووم کە پاشی من بـە خۆو بە ژنەوە چووبوونە ماڵی تەرجومانەکەم •

«سەردانەکەمان کەوتە ڕۆژێـــکی وا کچێکیـــان بـــە مێرد دەدا ...
بێگومان ئەمە کاری ئافرەتانە ... ڕۆژی دوای بووك گواستنەوە کە دوەم ڕۆژمان بوو لەوێ ، زاوام نەکەوتە بەر چاو کە پرسیم لە کوێیە گوتیـــان لێیوەڕس بووین هێندەی لە ماڵەوە بێو بچێ ، ئیدی ڕەوانەی ناو شارمان کـــرد . » .

هەروەها بلاکمان(٣١) لەبارەی جوتیارەکانی میسرەوە دەڵێ : « هـــەر چەندە ئافرەت لە ڕوانگەی تیوری‌یەوە تـــەواو ملکـــەچی پیـــاوە بـــەڵام ڕاستی‌یەکەی خۆی زۆر داوێنگیری مێردی‌یەتی . زۆر جـــار وا دەبێ کـــە پیاوی کڵۆڵو چەوساوەی میسری سۆزم دەبزوێنێ بۆ ئـــەوەی زگـــم پێ بسووتێ ، کەچی ئافرەتی فەرمانبەردارو چەوساوە وەکو جۆرە ئەفسانەیەك وایـــە . » .

لە بارەی ڕادەو مەودای جولانەوەو دابەش‌بوونی دەسەڵاتی بەینی ژنو پیاو ، لەو زانیاری‌یەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نموونەی ئەو چـــوار مەڵبەندەی ئافرەتان کە باسمان کردنو هەڵمانسەنگاندن بەم جۆرەیە :

هیوادارم لە لێـــکدانەوەی ســـەرەوە ڕون بووبێتەوە کە بەکارهێنانی زاراوەی ئازادی (یان نەبوونی ئازادی)و یەکسانی (یان نەبوونی یەکسانی) کارێکی چەند زەحمەتە بۆ باس‌کردنی باری ژیانی کورد لە ژیارو شارستانێتی ئیسلامی‌دا . ئێمە ناتوانین گۆشەگیری ئافرەت لەگەڵ ئەو نەبوونی ئازادی‌یە بەراورد بکەین کە تا نیوەی سەدەی ڕابردوو لە شارستانێتی ئێمەدا بـــاوی هەبوو . ئافرەتی کورد وەکو هەموو ئافرەتە موسلمانەکانی‌دی هەر چەندە کە گۆشەگیرە بەڵام بە پێی دەستووری قورعان هەموو مافێکی مسۆگەرە کە ئەمەش تەواو لە گۆشـــەگیری ئـــافرەتی ڕۆژاوای بـــەر لـــە ڕزگاربوون

(٣١) بلاکمـــان ١٩٢٧ ، ٣٨ .

جیایە (٣٢) • ئافرەتی کورد چەوساوە نییە ، ئافرەتی ساکاری لادێش لە هیچ ئافرەتێکی کۆمەڵی جوتیاران زیاتر ناچەوسێنەوە کە ئەرکێکی زۆری لە ملە • ئەمەیان بارێکی نزمی فیزیکییە نەك مافپەروەری •

ناتوانین باسی نەبوونی مافی یەکسانی بکەین ؛ چونکە لە کوردستاندا، ژنو پیاو هەر کەسە جۆری ژیانی تایبەتی خۆی هەیە • دەتوانین بڵێین پیاو ئەو مافەی نییە کە ئافرەت هەیەتی چونکە ناتوانێ وەکو ئەو بژی • دونیای ژنو دونیای پیاوان ، کەم تا زۆر (زیاتریش زۆر) ، لە پێشکەوە تا گۆڕ جودان؛ بۆیە دەتوانین باسییەکسانی دادپەروەرانەی ئەم دابەشبوونە بکەین لەگەڵ داشکانی بەلای پیاوان‌دا لە مەڵبەندی ساکاری لادێو بەلای ئافرەتان‌دا لە مەڵبەندی خوێندەواری شاردا •

## شیکردنەوەی نموونەی شارستانێتی ئافرەتی کورد

ڕاستە ، ناوچەی ئیسلامەتی کوردیش وەکو هەموو وولاتە ئیسلامییەکانیدی لەبەردەم گۆڕانکاریدایە • ساڵی ١٩٥٧ ئەم وولاتە تازە پێگەیشتوە سەرایی پەرەپێدانی پیشەسازی تەقیبوو کە پێشکەوتنی لایەنی مادی ژیانی بە دەمەوەیە • جا لەبەر ئەوەی ئەم گۆڕانە بنجییەی کۆمەڵ پەل بۆ ناو کوردانیش داوێ کە کەمینەیەکی سیاسی شاخاوین هەڵبەت لەو ساڵانەی دادێ ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە ناو قالبی گۆڕانو داڕژانەوە •

بۆیە وا چاکە سەرنجێ لە نموونەی شارستانێتی ئافرەتی کورد بدەین کە ئەگەر حوکمی مەرگیشی نەدرابێ ، حوکمی گۆڕانێکی بنەڕەتی دراوە •

---

(٣٢) ب : گرانێت ١٩٠٩ ، ٢٨٢ ود . : «ئافرەتی تورکیا ، بە پێی مافی ڕەوای خۆیانەوە ... ئێستا (١٩٠٩) هەموو مافێکی کەسێتیو یاسایی و موڵکایەتییان هەیە کە ئەگەر پایەی کۆمەڵایەتییان بە گشتی لە ئافرەتی ئەوروپی بەرزتر نەبێ ، وەکو ئەوان هەر دەبێ » •

| جۆره‌کانی پۆشی | ده‌ره‌به‌گایه‌تی دێ | | جوتیاری دێ | | خوێنده‌واری شار | | نه‌خوێنده‌واری شار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بێ مێرد | به‌ مێرد | بێ مێرد | به‌ مێرد | بێ مێرد | به‌ مێرد | بێ مێرد | به‌ مێرد |
| ده‌سماڵ | | X | | X | | X | | X |
| سه‌رپۆش | X | X | X | X | X | X | X | X |
| تارای زه‌ردی بووکێنی | | ؟ | | X | | | | ؟ |
| تارای ئه‌وروپی سپی بووکێنی | | | | | | X | | |
| پێچه‌ی ره‌ش | (X) | (X) | (X) | (X) | X | X | X | X |

دابه‌ش بوونی جۆره‌کانی پۆشی به‌سه‌ر هه‌ر چوار مه‌لبه‌نددا .

ئەو بارو دۆخەی سـالی ١٩٥٧ لە ئارادا بوو بـە پێی پەیوەنـدیی بـە دروستبوونەوەو داڕژانەوەی لەمەودوای هەڵدەسەنگێنرێ • هەروەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد ، بەلای منەوە ، تەرجومانەکەم وەکـو ئافرەتێکـی خوێندەواری کورد نموونەیەکی زۆر (پێشکەوتوو) بـوو • کە ووشـەی پێشکەوتووم خستە ناو کەوانە ئەمەم بە ئەنقەس بوو •

وەك دەستوور وەریبگری تەماشا دەکەی شارستانێتی لـە هی ئێمە کۆنتر هەیە هەر چەندە کە دەرفەتی ڕۆژاوای ئێمەیشی بـۆ هەڵنەکەوتوە بەڵام ڕەنگە لە ڕوویەکیترەوە نیشانەی قوناغێکـی زۆر پێشکـەوتووی شارستانێتی بێو ئەو گۆڕانەی زادەی باری ئابووری بێ نەك پێشکەوتنی ڕاستی لەوانەیە نیشانەی دواکەوتن بێ • هەر لە یەکەم سەرنجەوە دیارە کە جۆری ژیانی ئافرەتی ڕۆژاوا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە شارستانێتی بێگانە وەرگرتوە ؛ بۆیە جێی سەرسامییە کە لە هەندێ شـوێندا دژی لادانـی پێچەو نەهێشتنی گۆشەگیریو شتیوا دەوەستن • وا چاکە لێرەدا چەنـد نموونەیەکی کەم بێنینەوە •

★ ★ ★

لە ناوچەی ئیسلامەتی یۆگۆسلاڤیاو بۆسنیاو هێرزێگۆڤینا ، سالـی ١٩٥٢ تیتۆ پێچەی پێچایەوە • سالی ١٩٣٨ لە مۆستارو ساراجێڤۆ دیم ئافرەت عەبایان لەبەر بوو • دوای دوو سالْ کە چوومەوە ئەو ناوە پێیانگوتم هەر ئافرەتێ عەباو پێچەی ڕەش لەبەر بکا سێ مانگ دەگیرێ •ئەگەر ئەم بڕیارەی ڕزگاری ئافرەتان ئەو هەڕەشەیەی گرتنی لەگەڵ نەبووبایە ، زەحمەت بوو ئافرەت وا بە گەرموگوڕی سەربەستی وەربگرن •

★ ★ ★

لە ئێراندا ، ڕەزا شا لە کانوونی دووەمی ١٩٣٦ بە سێ حەفتـە عەبـاو

پێچەی لەناوبرد(٣٣) • هەر حەفتەی لایەکی شار هەبوو ئافرەت دەیاتتوانی بە عەباو پێچەوە بگەڕێن • لە هەمان کاتدا ، مۆدیلی چاکەتی ئەوروپی‌یان خستە پێشانگاکانی شارەوە بۆ ئەوەی ئافرەتی شار لە باتی عەبا نموونەی لەسەر بگرنەوە • قوماشیان هەرزان کرد بۆ ئەوەی تەگەرە لەبەردەم لابردنی ئەم بەرگە ئیسلامی‌یە تەخت بکەن • ئافرەتەکانی ماڵی شا خۆیان پێشەوای ئەم هەڵمەتە بوونو پێش هەموو کەس عەباو پێچەیان فڕێدا • لەگەڵ ئەمەشدا ، ژنە ئەندازیارێکی دانیمارکی کە لە دروستکردنی ڕێگای ئاسن لەگەڵ لامپاکسدا بوو ، بۆی باس کردم گوتی لە سەرەتاوە ، لە تاران ئەو ئافرەتانەی ئیشیان لە کنمان دەکرد داوایان دەکرد بە تۆتۆمۆبیل بیانهێنینو بیانبەینەوە ماڵ تا بێ عەباو پێچە بە جادەدا نەڕۆن • ساڵی ۱۹۳۱ ئایدن(٣٤) لەبارەی زروفی ئێرانیانەوە نووسیویە ، دەڵێ : «•••ئافرەت وەکو ڕەمزی ڕێزو بایەخ بە پێچە ڕازی بوونو لـە هەمووی زیاتر باری ئابووری بوو ئافرەتی ناچار کرد پێچە فڕێ بداو بکەوتە سـەر ئیش • » لیڤی(٣٥) دوای بیست ساڵ زانیاری‌یەکەی نوێ کردۆتەوە ، دەڵێ : « ڕەزا شا دەستووری فڕێ دانی پێچەی لە وولاتی ئێران بەجێ هێنا ••• لەوەتی ئەو مردوە ، ئەو ماڵانەی لێ دەرچێ کە قالبی ئەوروپی‌یان گرتوە ، کۆتەکە لـە ماڵەکـانی‌تر سەری هەڵداوەتەوە •••» •

★ ★ ★

لە تورکیادا ، کەمال ئەتاتورك ساڵی ۱۹۲۵ پێچەی لەناو برد • لێرەدا گۆڕانی ژیانی ئافرەت شان بە شانی ئەو هێرشە دەڕۆیشت کە کرابوە سـەر ڕەگەزە عارەبی‌یەکانی ناو شارستانێتی تورکی • ئەو خەلافەتەی ساڵی ۱۰٤۷

---

(٣٣) ب : کریستنسن ۱۹۳۷ ، ۳۳ •
(٣٤) ئـایدن ۱۹۳۱ ، ۵۳۰ •
(٣٥) لیـڤی ۱۹۵۷ ، ۱۰۹ •

(م — ٢٦)

له دەست عارەبەکانی میسرەوە کەوتە دەست عوسمانلی‌یان ، لە (٣)ی مارتی ١٩٢٤ ، واتە دوو ساڵ پاش لادانی سولتانی تورکی ، سەری تیچوو . ساڵی ١٩٢٨ ئیسلام وەکو ئایینێکی ڕەسمی نەما ، دین‌و دەوڵەت لێك دابڕان ، لە باتی دەستووری ئایین یاسایەکیان دانا کە لە یاسای ڕۆمانی‌و سویسری وەرگیرابوو ، قورعان کرایە تورکی ، پیتی لاتینی جێگای‌پیتی عارەبی گرتەوە . بەربەرەکانی کردنی شتی عارەبی‌و کز کردنی ئیسلامەتی ، وەك یاسایەکی ژیان ، ڕێی بۆ ئافرەتی تورکیا خۆش کرد تا بەرەو ڕۆژاوا بچێ . بێجگە لەمەش (٣٠) ساڵ پێشتر دەنگێ لەناو ئافرەتان بەرز بووەوە هانی دەدان بۆ ئەوەی شارستانێتی سەد ساڵەیان بگۆڕن . لە نێوان (١٨٨٠ — ١٨٨٩) فاتمە ئەلیجەی کچی جەودەت پاشا کە ئەندامی پارتی لاوی تورك بوو ، کتێبێکی بە ناوی (ژنە موسلمان) بلاو کردەوە ، داوای کردبوو کە ئافرەت لە چوارچێوەی دەستووری ئیسلامەتی خوێندەواری‌یەکی باشترو پێشکەوتنێکی گیانی‌ی مەزنتر وەدەست بێنێ (٣٦) . بەڵام هەتا لە تورکیاش‌دا ئەو گۆڕانەی میری بەسەر ئافرەتانی‌دا سەپاند بێ مل‌پێچی نەبوو .

ڕیگارد (٣٧) ساڵی ١٩٣٠ نووسیویە ، دەڵێ : « قەدەغە کردنی پێچە لەناو خەڵکی ناوچەکانی سەر بە تورکیا بە پێچەوانەی مەبەستی خۆی کەوتەوە کە بۆ ئەوە بوو ئافرەت لە جاران سەربەست‌تر بن . ئێستاش زۆر تورکیایی هەن حەز ناکەن ژنیان بێ پێچە بچێتە جادەو لێ‌ناگەڕێن لە ماڵەوە دەربچێ » . لێکدانەوەیەکی‌تریش بۆ سوودی میری دەکا لە فڕێ دانی عەباو پێچە کە سوودەکە هیچی بەسەر گۆڕینی باری ئافرەتەوە نی‌یە . نووسیویە ، دەڵێ (٣٨) : «وەکو بیانوویەك بۆ قەدەغە کردنی ( لە خۆدانی عەباو پێچە) ، ئەوانەی داوای گۆڕانەکە دەکەن دەڵێن گوایە تاوانباری

(٣٦) ب : یۆستروپ ١٩١٤ ، ١٦٢ — ١٩٢٣ ، ٦٨ ود .
(٣٧) ڕیگارد ١٩٣٥ ، ١٦ .
(٣٨) ڕیگارد ١٩٣٥ ، ١٦ .

ئاژاوەچی زۆر بە ئاسانی دەتوانن خۆیان لە ژێر (فراجە)ی شۆڕو بێقۆڵو (کەرشەف)ی ڕەشو (یاشمەك)ی تەنك بشارنەوە کە ڕونەو تەنیا لە ژوورەوەڕا شتی تێدا دیارە • بێگومان بەمەوە خۆیان باش پێ دەشاردرێتەوە • هیچ گومانیشی تێدا نییە کە زۆر خەفیەو تاوانبار خۆیان لە ژێر ئەم بەرگەی ئافرەتان دەنێن کە هەموو ئادگارو ڕوخسارێك لوول دەداو دەیشارێتەوە» • ڕیگارد (٣٩) پێ دادەگرێ کە : « ••• ئەوەی هەندێ کەس بە ڕزگاری ئافرەتی تورکی دادەنێن هەندێ تورکیایی بە جۆرە لادانێکی دەزانن لە ڕەوشتی پارێزگاری ئاسایی • تورکیایی کە حەز دەکەن لەماڵەوە چاوەدێری توند بخەنە سەر ئافرەتەکانیان ئەمە نیشانەی خاکیەو متمانەی زۆر پێ ناکرێ بگرە پیاو بە ڕژدییەوە حەز دەکا بەو پەڕی سووکی ژنەکەی لە حەرەمسەرای ماڵەوە بەند بکا » •

ئەگەر بتەوێ ئاگاداری باری حەرەمسەرای تورکان بی لە پێش هاتنی ئەتاتورك ، ئەوا ناچاری پەنا بەریتە بەر ئافرەتان خۆیانەوە • شەریفەیەکی عارەب کە میسباح حەیدەرە بەو ناوەی کە خوشکی شەریفی مەککەیەو لەگەڵ دایکێکی ئینگلیزی بە میوانی سولتانی تورکیا لە کۆشکێکی بەشی ئاسیای بسفۆر ژیاوە ، وەسفێکی بارو دۆخی ژیانی ئافرەتان دەکا پێش شەڕی یەکەمو لە ژێر دەسەڵاتی سولتانی • لە بیرەوەری خۆیدا ( کە ساڵی ١٩٤٨ بڵاوبۆتەوە) بۆچوونی ژنێ پێشان دەدا بەرامبەر بە ژیانی چینی بەرزی کۆمەڵی تورکی ــ عارەبی • میسباح حەیدەر (٤٠) کە لەبارەی «••• ئەم خێزانە زۆر پارێزگارو ئاگادارو پیرۆزانە•••» دەدوێ باری سەرەتای گۆڕانی ژیانی ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی لە تورکیا بۆ نموونەو سەرمەشقی ڕۆژاوایی دەباتەوە • نووسیویە ، دەڵێ : «کە ڕیزی دێرینو ڕەوشتو پەروەردەی

---

(٣٩) ڕیگارد ١٩٣٥ ، ١٧ •
(٤٠) حەیدەر ١٩٤٨ ، ١٦٧ •

جاران وا خێرا لەناو چوو ، هەموو دەسـەکەوتی ئافرەتان بریتی بوو لـەو سەربەستی‌یە بەگومانەی کە هەر کاتێ‌و بۆ هەر کوێ بیانەوێ بتوانن بچن‌و چاوەدێری توندی جارانیان بە سەرەوە نەبێ » • زۆر بە توندیش ئەو وەسفە ڕەت دەکاتەوە کە بە ووتارو کتێب بڵاو بۆتەوەو وەکو لەسـەرەوە دیـارە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئافرەتی موسلمان لە تورکیا پێشان دەدا • «••• ئەو هەموو ساڵەی میسـباح لە تورکیا ژیا قـەت نەیدی ڕێ بدەن کابرایەکی ئەوروپی بێتە ناو حەرەمسەرای ئیمپراتۆری یان بچێتە ناو هیچ ماڵە گەورەو خانەدانێك • خانمی خانەدانی ڕۆژهەڵاتی عادەتیان نەبوو بێگانە بەخێر بێنن • ئەگەر بە ڕێکەوت ژنی سەفیرێ یـان بەڕێوەبـەری قونسلێ ڕێی هـاتنە حەرەمسەرای بدرایە ئەوە شتێکی گەورە بوو و ئەو ماوەیە هیچ ئافرەتێکی ماڵەوە شتی وای نەدەکرد پەیوەنـدی لـەگەڵ میوانـەکان بگاتـە پـلەی دۆستینی‌یەکی تۆخ • جا گەڕیدەی ڕەشیدو ڕۆژنامەگەری دونیادیتە هەر ئەوەندەیان پێ‌دەکرێ کە سەرنج‌و بیروڕا لە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی‌ی مەرتەبـە نۆو هەندێ کەسی ساختەو ئافرەتی پڕوپاگاندە ، کۆ بکەنەوە » (٤١) •

★ ★ ★

لە کوردستانی عێراقدا هەستم کرد ژن‌و پیاو زۆر مگێزیان لە گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بوو • ئەو گەنجانەی (٤٢) لە زانـکۆی بـیرۆت خوێندبوویان یان لە ئەوروپاو ئەمەریکا دەورەیان دی بوو کە دەهاتنە سـەر نموونەی دوارۆژ باسی (ئافرەتی خوێندەوار)و ( یەکژنی)یان دەکرد دیـار بوو نەیاندەویست دوارۆژ مافی (فرەژنی) پێڕەو بکەن کە قورعان بڕیـاری بۆ داوەو خەڵکی لای خۆیشمان زۆر بەخیلی پێ‌دەبەن • ئەوەی لە بـارەی شوێنی ماڵەوەی پیاو بە تایبەتی لە مەڵبەندی نەخوێندەواری شـار هەستم

(٤١) حەیدەر ١٩٤٨ ، ١٦٧ •
(٤٢) ب : کونوای ١٩٢٧ ، ٣٣٨ •
— وودسمۆل ١٩٣٦ ، ١١٦ •

پێ‌کرد ئەوە بوو پیاو هەر خوا خوای بوو تووشی ئەبێ بە تووشی بـەرەی یەکگرتووی ئافرەتانەوە • بەرەی ئافرەتان بریتی بوو لە ژن ( کە بە زۆری ئافرەتەکانی ماڵەوە هەڵی دەبژێرن)و خوشك‌و کچی بەربەخت کە سەراپـای ژیانی بۆ ڕێك دەخەن • پیاو خەریك بوون بە (ژنی خوێندەوار) تۆڵەی ئەو پەیوەندی‌یە ویژدانی‌و کۆمەڵایەتی‌یە بکەنەوە کە ئـەو کاتـە بە ڕۆژ لای پیاوەکانی‌دی بۆی دەگەڕان • ئەمەش دەمانباتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنی ئافرەتی کورد یان موسلمان‌و چۆنیەتی ژن‌هێنان کە لە ماڵەوە ڕێکی دەخەن• هەروەکو باسمان کرد ئافرەتەکانی ماڵەوە واتە دایك یان باوەژن‌و خوشـك هاوسەری دوارۆژ بۆ کوڕەکەیان دەدۆزنـەوەو قسەی لێ‌دەکەن‌و پاشـان مەسەلەکە دەخەنە بەردەم باوك‌و ئەویش بڕیاری لەسەر دەدا • لەبەر ئەوەی زۆر جار بووك‌و زاوا تا شەوی پەردە چاویان بە یەك ناکەوێ ، لە ئەوروپاوە وای بۆ دەچن کە زەحمەت شتی وا سەر بگرێ بێن کچێکی بەربەخت بدەنە کوڕێکی نەناسیاو • هەر چۆن بێ ، مەسەلەکە بۆ کوڕەکەش هەر وایـە • گرانڤیست [٤٣] ئەمەی بـاس کردوە ، دەڵێ : «لەبـارەی ئەوەوە کە کـچ سەربەستی شووکردنی نی‌یە ، تا ڕادەیەکی زۆر دەرهەق کوڕیش هەر وایە»•

برای شێخ تەیفووری تۆپزاوە کە بەتەمابوو بچێ لە ئەوروپا بخوێنێ لێ‌ی‌پرسیم داخۆ ڕاستە پیاو دەتوانێ لە جادە ملی هـەر ئافرەتێك بگرێ‌و داوای لێ بکا مێردی پێ بکا • بەم جۆرە لە هەڵبژاردنی هاوسەر گەیشتبوو لە ئەوروپا ، قەت بیری بۆ بناغەی ویژدانی‌ی ژن‌و مێردایەتی نەدەچوو •

★ ★ ★

بەم جۆرە ئافرەتەکانی ماڵەوە بووك هەڵدەبژێرن کە پاشان دێ لەگەڵ ئەواندا دەژی‌و ئیشیان لەگەڵدا دەکا ، چونکە بووك‌و زاوا بە زۆری هـەر لە ماڵی باوکی زاوا دەژین • ژن شانازی بە ئەخت زۆری‌یەوە دەکات‌و ئەمەش

(٤٣) گرانڤیست ١٩٣١ ، ٥٨ •

کەمو زۆر بە پێی گوزەرانو باری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ. زۆر جار وا دەبێ بووك ئەو ئافرەتانە دەناسێ کە دوارۆژ دەبنە هاوڕێو هاوکاری . بووك پێش گوازرانەوە، لە ماڵی خۆیان لە کاروباری ناوماڵ ڕاهاتوە . وای چۆتە مێشکەوە کە گرنگترین بەختو ئیوچەوانی لەوەدایە منداڵی ببێ . ئەو چەند ساڵەی لە ماڵی خۆیان ژیاوەو گەورە بوە لەناو ئافرەتان هەموو شتێکی لەبارەی ئەرکی دایکێتی دیوەو بیستوە . تێی ڕانادیترێ لە بارەی ئاستی گیانیو ئەقلی‌یەوە ببێ بە ئاوقووفی مێردی .

مەسەلەی تێکەڵبوونی چەند خێزانێك ، کە خێزانی باوكو خێزانی منداڵەکانی پێکەوە لە ماڵێك‌دا دەژین ، وای کردوە کە ژیانی ژنو مێردایەتی ئەوان لە هی ئێمە جودا بێ . هەتا لە مەڵبەندی ذەرەبەگایەتیش ، بە ڕۆژ ، مێرد ڕابواردنی کەمە لەگەڵ ئافرەتان چونکە ئەو دابڕانەی لە بەینی ژیانی ژنو پیاودا هەیە پاڵی پێوە دەنێ بە دوای کۆمەڵی پیاوان‌دا بگەڕێ . ژنیش بەش بە حاڵی خۆی دەخزێتە ناو کۆمەڵی ئافرەتان . کچی عازەب کە مێرد دەکا ، جگە لە ڕەوشتی تایبەتی خۆیەوە ، بە نوێنەری سەراپای ئەو خێزانە دادەندرێ کە تازە لەگەڵی تێکەڵ بووین ؛ چونکە کچە لە دونیاو کەشی تایبەتی ماڵی خۆیانەوە هاتوە . کچە هەموو هیوای هەر ئەوەندە بوە کە مێرد بکاو ئارەزووی سروشتی‌ی منداڵبوونی بە جێ بێنێ . لەبەر ئەوەی لە خێزانو بنەماڵە بەرزو خانەدانەکان کچو کوڕ پێش ئەوەی ببنە هاوسەر چاویان بە یەك ناکەوێ دیارە هیچ بناغەیەکی ویژدانی نی‌یە یەکێتی‌یەکەی لەسەر دابمەزرێنن بەڵام ئەمەش مانای وا نی‌یە کە ئەم دوو هاوسەرە پاشان پەیوەندی‌یەکی بەرزو پتەویان لە نێو پەیدا نابێو هەر بە ساردیو نەومێدی دەبەنە سەر بەتایبەتی کە جۆری ژیانیان وایە ژنو مێرد بە ڕۆژ لێك دادەبڕێن. بەم جۆرە ئافرەت داوای وای لە پێشە کە دەتوانێ جێ بە جێی بکاتو پێشتر نرخی دەزانێو ئەگەر سۆزو خۆشەویستی‌یەکی قوولیش لە بەینی خۆیو

هاوسەرەکەی پەیدا ببێ دەها باشتر • ئەو ژنەی تازە دێتە ناو ماڵ لە چاو ژنەکانیدی شتێکی ووردو بچکۆلانەیەو هیچی تر • مێرد لە دەرەوە چاوی بە هیچ ئافرەتێ ناکەوێ بگرە ژنە برادەرەکانیشی نابینێ ، لە ماڵەوە تەنیا ئەوانە دەبینێ کە پێی ناشێن بۆیە ژنە ترسی ئەوەی نییە کە مێردەکەی لە شوێنی خۆیەوە یان لە ناو کۆمەڵ تووشی ئافرەتێ ببێو حەزی لێبکاو بیهێنێو ژیانی ژنو مێردایەتییان تێك بچێ ، بەڵکو ترسی ئەوەی هەیە کە بیانووی بێ سەرو گوێی پێبگرن • ئەگەر ژنو مێرد پێکەوە هەڵنەکەن بۆیان هەیە دەست لێك بەر بدەن • ئەگەر بێتو ژنە بەیچەڵ بێ یان کوڕی نەبێ لەوانەیە کابرا ژنی بەسەر بێنێ • جا بۆی هەیە ئەو ماڵەی ژنیان لێ دەخوازێ داوای لێبکەن پێشتر ژنی خۆی تەلاق بدا ئینجا ژنی دەدەنێ چونکە کچی خۆیان سەر بە هەوێ نادەن • هەر بۆیەشە ماڵی بووك پێشەکی ژیانی کچەکەیان بەوە مسۆگەر دەکەن کە مارەیی زۆر دادەنێن بۆ کاتی تەلاقدان •

★ ★ ★

لەلایەکیتریشەوە ، پیاو هەرچی هەی بێ دەیداو لەوانەیە خزمەکانیشی باروبووی بکەن بۆ ئەوەی ژنێکی بە دڵی خۆی نا ، بەڵکو بە دڵی ژنە خزمەکانی ، بێنێ • پاش گواستنەوەی ژنەکە ئەگەر کابرا ڕای لێنەبوو و دڵی لەسەر ڕەش بوو یەکەم جار دەبێ ئەو پارە زۆرەیە بدا کە بۆ مارەیی داندراوە ، دوەم جار ئۆباڵی فەشەل بوونەوەکە دەخاتە ملی ئەو ئافرەتانەی ژنەکەیان بۆ دۆزیبووەوە • ئەگەر پیاو گوزەرانو باری ئابووری لەبار بێ قورعان ڕێی داوە هەتا چوار ژن بێنێو ژنی چوارەمی وەکو بلیتی بەختو تیرچەوان وایە •

هەر لەو کاتەوە کە پیاو لە باری ڕەبەنیدا دەکەوێتە باری خاوەن ژنوماڵیەوە تا بۆی ڕێك بکەوێ هەر خۆی سەرەك خێزانە • لەبەر ئەوەی لە کاتی مارەکردنی ژندا پیاو نەختو مارەیی دەدا نەك هەر هەقی خۆیەتی

بگرە واجبە لەسەری کە لە کاتی دەست لێك بەرداندا منداڵەکانی بۆ خۆی گل بداتەوە(٤٤) • بەڵام ئەوەش هەیە منـداڵی ووردیلە تا دەگەنە تەمەنێکی تایبەتی‌یەوە لای دایکیان دەبن‌و پاشان دەگەڕێنەوە ماڵی باوکیان• بەم جۆرە کابرا کە ژنێکی‌تر دێنێ ناتوانێ منداڵەکانی بەرەڵلا بکا ، ئەم ژنە نوێ‌یە (یان ئەم ژنە نوێ‌یانە) دەبێ منداڵەکانی بـۆ بەخێو بکا بەمەوەش منداڵەکان بێ جێ‌وڕێ نامێننەوەو ژیانیان مسۆگەر دەبێ ، هەڵبەت شتی وا لـە ڕۆژاوادا نی‌یە • بەم جۆرە ، ڕەگەزی سەرەکی‌و بەردەوامی ماڵەوە باوكو منداڵەکانە کەچی دایك لە باری گۆڕاندایە • ئەم بارەش هەڵومەرجێکی هاوبەش بـۆ باوكو منداڵو دایك دەڕەخسێنێ کە تەواو لەگەڵ شارستانێتی ئێمە جیایە •

قورعان ڕێی داوە پیاو تا چوار ژن بێنێ • پیاو کـە ژنێکی هـەبێ ژنێکی‌تر بێنێ‌و ئەم ژنەی دوەم بێتە ناو ماڵەوە دەبێتە هەراو گیروگرفتی بەینی هەوێیان پەیدا دەبێ • لەلایەکی تریشەوە ، ئەگەر کابرایەك منداڵی گەنج‌و هەرزەکاری هەبێ‌و ژن بێنێ ژنەکەی تەختێ تەنگ‌و چەلەمەی بۆ پەیدا دەبێ• ئەوەش هەیە کە کابرایەك ژنی خۆی تەڵاق‌دابێ‌و منداڵی گەورە بن‌و نەتوانێ ژنیان بۆ بێنێ‌و بە ڕێیان بکاو هەر لەناو ماڵەوە بن ، ئەم منداڵانە دەتوانن بینە لای دایکیان‌و داوا لە باوکیان بکەن کە بیهێنێتەوە • بۆ نموونە ، دایکی تەرجومانەکەم کاتی خۆی تـەڵاق درابوو ، چووبووەوە ماڵی باوکی‌و سی منداڵی ٦ ، ٧ ، ٨ ساڵی لە پاش بەجێ مابوو • کە ئەم منداڵانە گەورەو قڕاسە بوون لەسەر باوکیان کرد کە دایکیان بێنێتەوەو باوك ناچار بوو بە قسەیان بکا • لەگەڵ پەرەسەندنی یەکژنی‌و تەڵاق‌دان کە پیاو نەك تەنیا ژنی لە دەست دەچێ بەڵکو ماڵو منداڵیشی کاوڵ دەبێ ، لێرەبـە دواوە دیاردەیەك لـە کوردستان‌و ناوچەکانی‌تری ئیسلامەتی سەر هەڵدەدا کە پێشتر لـە ئارادا نەبوو ؛ ئەویش ئەوەیە کە کوێرانە لاسای شارستانێتی ئێمە دەکەنەوەو لـە

---

(٤٤) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٨٦ .

ئەنجامدا (دایکی تەنیا) لە کۆمەڵدا پەیدا دەبێ • کە لەلایەکەوە دایکێکــی تەنیاو تەڵاقدراوە ، لە لایەکی تریشەوە ناچارە بێوەژن کۆشی بکاو خۆی بژێنێ : بێوەژنی تەنیا •

★ ★ ★

هەر چەندە لە زۆر لاوە ڕون بۆتەوە[٤٥] کە بەکار هێنانی عەباو پێچە نیشانەی داکشانی شــوێنی کۆمەڵایەتی‌ی ئافرەتە بەڵام لە بنەڕەتەوە بەلای عارەبانەوەو بەلای محەمەدیش شتێکی بێگانە بوو • یەکەم جار موسلمانەکان ئەو کاتە بەکاریان هێنا کە عارەب لەگەڵ گریكو هێلینو بێزنتی‌یەکان تێکەڵ بوون • ئەوەش هەیە کە خۆداپۆشین پشتیوانی ئایینی هەیەو قوڕعان لــە سوورەتی (٢٤) ؛ ئایەتی (٣١)دا باسی کردوە ، بۆیە لەخۆدانی عەباو پێچە دیاردەیەکی دینی‌و دنیایی‌یە • شەریعەتی ئیسلام زۆر لە یاسای ڕۆمانی قووڵتر دەڕوا • دەستووری قورعانو یاسای فقە هەموو شتێکی بە دوورو درێژی لەبارەی ژیــانو بوونەوە تێدایــەو وەکو ڕێبەرێــکی کردەنی‌و نموونەو سەرمەشقی ڕەفتاری ژیان وایە[٤٦] •

کوردەکانی عێراق ، لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتان ، زۆر بە توندی‌و بەو پەڕی ڕێزو بایەخەوە دەستیان بەم کۆتو گۆشەگیری‌یەوە گرتوە •

بە شێوەیەکی گشتی ، لە وولاتە ئیسلامی‌یەکاندا کــە گۆشــەگیری ئافرەتی تێدا باوە ، ئافرەتی موسلمان بە ڕۆژ دەخزێنە لابالێکــی تایبــەتی

---

(٤٥) ب : جوینبۆل ١٩١٠ ، ١٦٣ ود .
— ب : لەبارەی ئێرانەوە ئایدن ١٩٣١ ، ٥٢١ .
(٤٦) ب : ئەندرسن ١٩٥٠ ، ١٧٣ .
— کالڤێرلی ١٩٣٩ ، ٢٨١ ، ٢٨٨ .
— گۆتیــێر ١٩٤٩ ، ١٨ .
— گیب ١٩٥٥ ، ١٧ : «یاسای ئیسلامی ... لە یاسای ڕۆمانی قووڵتر دەڕوا ... » .

ماڵەوە • هەر بۆیەش پیاو لە هیچ ماڵێك تێکەڵی ئافرەتان نابێ‌و نایانبینێ •
لە لادێی کوردەواری ، بێجگە لە دیوەخانەی ئاغا تەنیا ژووری میوانان بۆ پیاوان لەسەر پشتە • لە شارا ، پیاو (بێ ئەوەی سەرنج لە حەوشە بدا) یەکسەر دەچێتە ژووری میوانان‌و دەکشێتەوەو دەڕوا • ناوجەرگەی ماڵ مەحرەمە • پیاو نابێ ئافرەتەکانی سەراپەردەی ماڵەوە ببینێ • لەو کاتەی کە کوڕ دەگاتە تەمەنێکی تایبەتی‌یەوە کت‌و پڕ دیوارێك لە بەینی ئەو کوڕەو دونیای ئافرەتان (هەڵبەت بێجگە لە ئافرەتی ماڵی خۆیان) بەرز دەبێتەوە • دەرگای لەسەر دادەخەن‌و دەکەوێتە ناو دونیای پیاوان‌و سەر جادەو کۆلانان•

ئەو بانق‌و پۆستەو دایەرانەی سەرم لێدان وەکو ئۆردوو تاریك‌و ناخۆش بوون • کورسی سێکوانی جاران‌و قەنەفەی چایخانان دونیایەکی بێ ئافرەت بوو، لەوێ پیاو خۆبەخۆیی ڕایاندەبوارد• بەلای منەوە ، ئەوەندەی ئافرەت‌و منداڵ لە ناو نیوەی کۆمەڵەکەیان سەرکەوتوو بوون پیاو لە ناو دونیای پیاوان‌دا هێندە سەرکەوتوو نەبوون • هەر چۆن بێ ، ئافرەت هێمنی‌و دڵنیایی‌یەکی زیندووترو دۆستانەتریان لە ناوەخۆ پێك‌هێنابوو تا ئەوەی دونیای پیاوان‌و دونیای ڕۆژاوای لای خۆمان •

ئافرەت دەیتوانی لە ژێر پێچەوە لە ماڵ دەربچێ‌و بەناو دونیای پیاوان‌دا بسووڕێتەوە • لە دەرەوەی ماڵەوە، دونیای ئافرەتان هێندە لە دونیای پیاوان دانەدەبڕا ئەوەندەی کە دنیای پیاوان لە هی ئافرەتان دادەبڕا • وایە ئافرەت کە دەچوونە جادە پێچەیان دەپۆشی بەلام لە بن ئەو پێچەیە شتیان دەدی • زۆر جار ئافرەت لە بازاڕو بانق‌و پۆستە لەگەڵ پیاوان دەدوان‌و شتیان مامڵەت دەکرد • ئافرەتێ کە بە پێچەوە پیاوێك دەدوێنێ لەبن پێچەوە کابرا دەبینێ بەلام کابرا لە پێچەی ڕەش بەولاوە هیچی لێ دیار نی‌یە •

لە بارەی ئەو شتانەی کە لە ژیانی ئافرەتی کوردا لەگەڵ دەستووری ئیسلامی‌دا دەگونجێ ، لەبەر ئەوەی ئافرەت زۆر بە ئارەزووی دڵ‌و زۆر بە

توندی هەر پێنج کۆڵەگەی ئیسلامی گرتوە ، هەر گۆڕانێکی لە ژیـانیدا بێتە کایەوە سەر لەبەری ئەو شتانەو لایەنی ئایینیشی دەگرێتەوە • سەیر نی‌یە کە گۆڕانی ژیانی ئافرەتی تورکیا شان بە شانی ئەو تووڕەیی‌یە سەری هەڵدا کە دژی هەموو شـتێکی عارەبی‌و بگرە دینیش تەقیبوەوە • ئـەو ئافرەتە خوێندەوارانەی لەگەڵیان ژیام شتاق نوێژیان نەدەکرد • ئەو ئافرەتانە لـە دەرەوەی ماڵەوە ئیشیان دەکرد مامۆستایەتی‌و سستەری نەخۆشخانەو ماڵان بوون ، ئەمەش بوو بە هۆی لادانێك لە باری گشتی ئایینی ئیسلامی چونکە بەجێ‌هێنانی ئەرکی ڕۆژانەی ئایینی کات‌و شوێن‌و ووردبوونەوەیەکی دەوێ لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا ڕێك ناکەوێ • تەرجومانەکەم کە نموونەی ئافرەتی خوێندەواری کورد بوو ، ئەو کاتە پێویسـتی ڕۆژانـەی ئایینی بەجـێ نەدەگەیاند • ئەو هەقەی وەرنەدەگرت کە بۆ نوێژکردن واز لە ئیش بێنێ ، هەربۆیەش سەرفرازی ژیانی ڕۆژانەی نەختێ دادەشکێ چونکە ئەگەر نوێژ بکا بەری بە ئاژاوەو هەراو هۆریاوە نامێنێ • ئەگەر ئافرەت بکەوێتە نـاو ڕژێمی بەزم‌و ئاژاوەی دەرەوەی ماڵەوە ، ئایین پشت گوێ دەخات‌و (ئەو دڵ‌و مێشك هێمنی‌یەی بە ئایینەوە بەندە) لە دەستی دەچێ •

## جیاوازی نێوان ئەو بناغەی ڕزگاری ئافرەتی ئەورووپی لێ پەیدا بوو لەگەڵ ئـەوەی کە ئێستا لە نـاوچەکانی ئیسلامەتی‌دا هەیـە

ئەگەر هەڵومەرجی ڕۆژاوا لەگەڵ هەڵومەرجی ناوچەکانی ئیسلامەتی بەراورد بکەین ئەم جیاوازی‌یانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ •

لە سەدەی ڕابردوودا ، کە بزووتنەوەی ڕزگاری ئافرەتان لە کۆمەڵی ڕۆژاوادا پەیدا بوو ، دونیای ئافرەتان ــ لە تەمەنێکی تایبەتی‌یەوە ــ بوو بە

دوو بەش : دونیای ژنی بە مێردو دونیای خاتوونی یەکتەنێ • بە پێی ئـەو ڕاستەقینەی کە لە کۆمەڵێکی وەکو کۆمەڵی کوردو کۆمەڵە ئیسلامی‌یەکانی‌تر هەموو ئافرەتێك دەرفەتی ژیانی ئاسایی هەیە ـ واتە کە مێرد بکاو منداڵی ببێ ـ دەبینی لە وولاتە محەمەدی‌یەکان ئافرەت نابێ بە خڵتـەو تاقمێـکی لاپرەسەنگی کۆمەڵ وەکو ئەو ئافرەتانەی کە بوون بە هـۆی پەیـدابوونی بزووتنەوەی ڕزگاری ئافرەتان لە ڕۆژاوا • تا ئەمڕۆش ، لە کۆمەڵی ڕۆژاوادا، یەکەم شت کە لە بارەی ئافرەتەوە بیلێین ـ بێجگە لەو پایەیەی دەشێ خۆی بە دەستی هێنابێ ـ ئەوەیە داخۆ شووی کردوە یان نەء ؟ لە ڕۆژاوادا بـە پێچەوانەی کوردستان ، پێشانو ئێستاش لە ڕووی پیشەو بەهرەوە ئافرەت قازانجی زۆر لە پیاو پتر بوو کە مـێرد بکاو بچێتـە نـاو دونیـای ژنو مێردایەتی‌یەوە • هەروەکو لە زۆر جێگا باس‌کراوە (٤٧) مـێرد نـەکردنی ئافرەت لە وولاتی ئیسلامەتی‌دا شتێـکە نابێو ناکرێو کورد حەزی لێ‌ناکەن• پیاو هەموو توانای خۆی لەوە خەرج دەکا کە بایی نـەختی بووك پـارە پاشەکەفت بـکا •

★ ★ ★

گراڤیست کە باسی میسر دەکا پێ لەسەر ئەو جیاوازی‌یەی نەخـتی بووك دادەگرێ کە لە دونیای دەرەوەو لە ناوەوە هەیە ، دەڵێ : ڕاستی‌یەکەی پەیوەندی‌یەکی زۆر نزیك هەیە لـە بەینی نەختی بووكو ئەو نرخو ڕێزەی لە بووك دەندرێ • ژنە جوتیاری میسر پێی شەرمو سووکایەتی‌یە نەختی نەبێ یان زۆر کەم بێ لە هەمان‌کات‌دا مێردی خۆی بە چاوێکی کەم تەماشای دەکاو ڕای گشتیش بـە شتێـکی کەمو بێ‌نرخی دادەنێ جـا بۆیە داوای

(٤٧) گۆتییر ١٩٤٩ ، ٤٦ : «ڕەبەنی گوناحە ...» .
ـ گیب ١٩٥٥ ، ١٠٦ : «تەقوای ڕاستەقینەی قورعانی ڕەبـەنی ڕەت دەکاتـەوە» .
ـ لێن ١٩٤٤ ، ١٦٠ : «...خراپەو ناوبەدیشە...» .

نەختێکی زۆر دەکەن تا پایەی ژنەکە بەرز بکەنەوەو ڕێزو حورمەتی مسۆگەر بکەنو وا بکەن بە باشی لەگەڵی بجوولێنەوە • ئەوروپی بە چاوێکیترەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە دەکەنو دەڵێن ئافرەتی ڕۆژهەڵات پایەی ئەوەندە نزمە دێتە کرین • هەڵبەت ئەو گەلانەی نەختیان لا عادەتە لەو هەستەی ڕۆژاوایییان ناگەن • وا تێدەگەن کە ئافرەت بە شـایەنی نەختەکە نازانن • لێرەدا دوو بیروباوەڕی تەواو جیا بەگژ یەكدا دەچنو هەموو جارێکیش ئەوەی بـاوی هەیە ئەو دەیباتەوە • لێرەدا بۆمـان دەردەکەوێ کە حوکمی خەڵـك تا چ ڕادەیەك لە خوو و ڕەوشتەوە هەڵقوڵاوە کە بە پێوانەیـەکی مسـۆگەری هەڵسەنگاندن دانادرێ » (٤٨) •

★ ★ ★

ئەو بارەی ئاحرەتی موسلمانی هەموو لایەکی تێدایەو ئەوەی ، چ زوو چ درەنگ ، ئافرەتی کوردیش دەگرێتەوە ئەوەیە کە ئافرەت شوێنە مسۆگەرو بەرزەکەی خۆی نامێنێ • وایان لێ دەوێ خۆی لە ئیشی پیاوان نەگەیەنێو پیاو تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێ بگا بە بارێکی خـاوەن ژنیی زۆر بـەرزو بەنرخی کۆمەڵایەتی ، ئافرەتیش بەرامبەر بەمـە نەختێ لەو یەکسانییـەی دەست دەکەوێ کە ئێمە لـە ڕۆژاوا هەمانە • ئافرەت بەرامبەر بـەو پایە کۆمەڵایەتییە بەرزەی پشت بە جیاوازی ژنو پیاو دەبەستێ ، نەختێ یەکسانی دەست دەکەوێو دەرفەتی دەبێ لە هەموو بوارێکی ژیانەوە ململانە لەگەڵ پیاو بکاو لە هەمان کاتیشدا نرخی هەوڵی ئافرەت لەو دونیایەی ئێستا بـۆی ماوەتەوە کەم دەبێتەوە •

کە ووڵات لـە بارەی پیشەسازییەوە پێش دەکەوێ ، هەروەکو لە ووڵاتەکانیتریش وا بووە ، بەشێکی زۆری چالاکی ماڵەوەی ئافرەتان بـە

(٤٨) گرانڤیست ١٩٣١ ، ١٣٢ •

هەموو ئەنجامێکی چاك‌و خراپەوە دەبێ بە شتێکی بازرگانی ، ئەو نموونــە مکووم‌و تەکووزەی ئایین چەسپاندوویەتی هەرەس دێنێ ، چش با خۆیشی حەزی لێ نەبێ •

لەبارەی تەلاق‌دان‌و یەکژنی‌یەوە ، ئەو ماڵە خۆشەی تا ئێستا پڕ زاق‌و زوقی منداڵان بوو هەمووی لێك هەڵدەوەشێتەوە • ئافرەتی تەنیاو ئافرەتی تەلاق‌دراو دەبن بە نیشانەیەکی باری کۆمەڵایەتی‌و تێکەڵ بنچینەی کۆمەڵ دەبن هەروەکو ئێستا شارستانێتی خۆمان خەریــکە وای لێ‌دێ‌و ژمارەی (ئافرەتی تەنیــا) گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا نــە پشــت گوێ دەخرێ‌و نــە دەشاردرێتەوە • پیرو بە ساڵاچوو جێگایان لە مــاڵەوە نــامێنێ‌و مــاڵیش پارێزگاری کچی پێ ناکرێ • شتێــکی زۆر مەنتیقی‌یە بــە تونــدی داوای کچێنی لە کچ بکەن بەڵام بەو مەرجەی ماڵ هەبێ کچەکەی تێدا بژی‌و لــە گێروگرفتی ژیان بیپارێزێ دایك‌و باوکی ــ نەك خۆی ــ بە مێردی بدەن • پیرو بە ساڵاچوو ئەرك‌و مافی ئەوەیان نی‌یە ڕێ‌و شوێنی ژن‌هێنان‌و مێردکردن بۆ گەنجان دابنێن ، خۆیان بە تەنێ ، بێ دەردی سەری دەمێننەوە بەم جۆرە هەڵبژاردنی ویژدانیانەی هاوسەر دەبێ بە شتێکی گشتی • کە گەنجەکــان ووردە ووردە جلەوی چارەنووسی خۆیان گرتە دەست ئاگایان لە پیرەکان نامێنێ‌و دەبێ میری بەخێویان بکات •

کە دەڵێین لە ناوچەکانی ئیسلامەتی‌دا ئافرەت ئەو کاتە (ڕزگار دەبێ) کە پێچەو هەرچی وەکو پێچە وایە نەمێنێ‌و لەناو بچێ ، ناتوانین ئەم گۆڕانەی لێرە لە ئارادایە لەگەڵ ئەو گۆڕانە بەراورد بکەین کە لە سەرەتــای ئــەم سەدەیەدا بەسەر ئافرەتی ڕۆژاوادا هات کە ڕزگاری بوو•ڕاستە،جۆری ژیانی ئافرەتی موسلمان خەریکە بە جۆرێکی وا دادەڕژێتەوە کە وەکو ژیانی ئێمەی لێ بێ بەڵام ئــەم نموونەیەی ئێســتا وا گۆڕانی بەســەردا دێ وەکو ئەو

نموونەیەی ڕۆژاوا نی‌یە کە ئەو وەختەی شوێنی ئافرەت بەرەو گـۆڕانو پێش‌کەوتن دەچوو ، لە ئارادا بوو •

★ ★ ★

لەم قسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ بۆچی ئەو کاتەی لە وولاتە ئیسلامی‌یەکان‌دا میری بڕیار دەدا ئافرەت ڕزگاری ببێو پێچە هەڵبگیرێ ، گیروگرفت پەیدا دەبێ•ئاشکرایە کە پیاو سوود لەم گۆڕانە وەردەگرێ بەڵام لەو گیروگرفتانەی سەریان هەڵداوە دیارە کە ژنە موسلمان زۆر سـوودو مافی‌تری لە دەست دەچێ • کەواتە بۆی هەیە ئەم لێکۆڵینەوەیەی ژیانـی ئافرەتی کورد بۆمان ڕون بکاتەوە کە ئافرەتی کورد ئەمڕۆ ــ یان بڵێین ساڵی ١٩٥٧ ــ لەبەر دەرگای گۆڕانکاری دایە ، بەڵام هێشتا ئەگەر نیشـانەی نموونەیەکی تایبەتی ژیاری ئیسلامی نەبێ بەلانی کەمەوە نیشـانەی ئـەو مۆرکەیە کە بە ناوچە ئیسلامی‌یەکانی ترەوە دیارە •



# سەرچاوەکانی تێکستی کتێبەکە

# BIBLIOGRAPHY

Abbrevation:
JRCAS: Journal of the (Royal) Central Asian Society. London.


ABRAMZON, S. M.
1949 Roždenie i detstvo kirgizskogo rebenka. Sbornik muzeja antropologii i etnografii. T. XII. Akademija Nauk, SSSR. Institut etnografii im. N. N. Miklucho-Maklaja. Moskva.

ADRIANI, N. en KRUYT, ALB. C.
1951a De Bare'e sprekende Toradjas van Midden-Celebes (De Oost-Toradjas). Tweede Deel. Verhandelingen der Koninklijke Nederlandse Akademie van Wetenschappen. Afdeling Letterkunde. Nieuwe Reeks. Deel LV. Amsterdam.
1951b De Bare'e sprekende Toradjas van Midden Celebes (De Oost-Toradjas). Deel Platen. Verhandelingen der Koninklijke Nederlandse Akademie van Wetenschappen. Afdeling Letterkunde. Nieuwe Reeks, Deel LVI, No. 2. Amsterdam.

AIDIN, E. N.
1931 Recent Changes in the Outlook of Women in the Near and Middle East. JRCAS, XVIII, 4. London.

ALI, MAULVI MUHAMMAD
1920 The Holy Qur-Án; containing the Arabic text with English translation and commentary. 2. ed. Punjab.

ALLMANN, L.
1881 Der Koran. Aus dem Arabischen wortgetreu neu übersetzt und mit erläuternden Anmerkungen versehen. 8. Aufl. Leipzig.

ANDERSEN, POUL
1949 Væv og Vævild. Festskrift til H. P. Hansen. København.

ANDERSON, J. N. D.
1950 The Problem of Divorce in the Shari'a Law of Islam. Measures of Reform in Modern Egypt. JRCAS, XXXVII, 2. London.
1959 Islamic Law in the Modern World. New York.

ANHOLM, M.
1895 I Gogs og Magogs Land. Skildringar och Studier från en Resa i Kaukasien. Stockholm.

ANONYMCUS
1957 Introduction to Islam. Publications of Centre Culturel Islamique, Paris, No. I. Paris.

ARISTOVA, T. F.
1958 Očerk kul'tury i byta kurdskich krest'jan irana. Peredneaziatskij etnografičeskij sbornik, I. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. N. N. Miklucho-Maklaja. Novaja serija. T. XXXIX. Moskva.

BARNES, IRENE H.
1899 Behind the Pardah. The Story of C.E.Z.M.S. Work in India. 4. ed. London.

BARTH, FREDRIK
1953 Principles of Social Organization in Southern Kurdistan. Universitetets Etnografiske Museum, Bulletin No. 7. Oslo.
1954 Father's Brother's Daughter Marriage in Kurdistan. Southwestern Journal of Anthropology, Vol. 10, number 2. Albuquerque.

BATTUTA, IBN
1854 Voyages d'Ibn Batoutah. Traduction par C. Defrémery et B. R. Sanguinetti, II, Collection d'ouvrages orientaux publiée par la Société Asiatique. Paris.

BERLINER, RUDOLF u. BORCHARDT, PAUL
1922 Silberschmiedearbeiten aus Kurdistan. Berlin.

BHUSHAN, JAMILA BRIJ
s.a. Indian Jewellery, Ornaments and Decorative Designs. Bombay.

BIRKET-SMITH, KAJ
1948 Kulturens Veje. København.

BISHOP, Mrs. (ISABELLA L. BIRD)
1891 Journeys in Persia and Kurdistan. Including a summer in the upper Karun Region and a visit to the nestorian Rayahs. I–II. London.

BLACKMAN, WINIFRED S.
1927 The Fellâhîn of Upper Egypt. Their religious, social, and industrial life to-day with special reference to survivals from ancient times. London.

BLEIBTREU, J.
1894 Persien. Das Land der Sonne und des Löwen. Aus den Papieren eines Reisenden. Freiburg im Bresgau.

BOUCHEMAN, ALBERT DE
1934 Matériel de la vie bédouine, recueilli dans le desert de Syrie. Tribu des arabes Sba'a. Documents d'Études Orientales de l'Institut Français de Damas. T. III.

BOUSQUET, G.-H.
1953 La morale de l'Islam et son éthique sexuelle. Bibliothèque de la Faculté de Droit d'Alger, XX. Paris.

BROCKELMANN, CARL
1947 History of the Islamic Peoples, with a review of events, 1939–1947, by Moshe Perlmann. Translated from German by Joel Carmichael and M.P. (1939), 3. ed. New York.

BUHL, FR.

1914 Muhammedanismen som Verdensreligion. Religionshistoriske Smaaskrifter, anden Række, V. København

1924 Muhammeds religiøse Forkyndelse efter Quránen. København

BÜHLER-OPPENHEIM, KRISTIN u. ALFRED

1948 Die Textiliensammlung Fritz Iklé-Huber im Museum für Völkerkunde und Schweizerischen Museum für Volkskunde, Basel. Grundlagen zur Systematik der gesamten textilen Techniken. Denkschriften der Schweizerischen Naturforschenden Gesellschaft, Bd. LXXVIII, Abh. 2. Zürich.

BURTON, H. M.

1944 The Kurds. JRCAS, XXXI, 1. London.

BUSCHAN, GEORG

1923 Illustrierte Völkerkunde. Bd. II, Erster Teil. Stuttgart.

CALVERLEY, EDWIN E.

1939 The Fundamental Structure of Islām. JRCAS, XXVI, 2. London.

CHANTRE, ERNEST

1887 Recherches anthropologiques dans le Caucase. T. 4. Populations actuelles. Paris.

CHARDIN: IV

1711 Voyages de Mr le chevalier Chardin, en Perse, et autres lieux de l'Orient (I–X). Tome quatrième, contenant une Description générale de la Perse. Amsterdam.

CHRISTENSEN, ARTHUR

1937 Kulturskitser fra Iran. København.

CHRISTENSEN, JENS

1959 Islam, Muhammedanisme og Muhammedanermission. 2. udg. besørget af Alfred Nielsen. København.

CHRISTOFF, HELLMUT

1935 Kurden und Armenier. Eine Untersuchung über die Abhängigkeit ihrer Lebensformen und Charakterentwicklung von der Landschaft. Hamburg.

CONWAY, AGNES

1927 Education in Iraq. JRCAS, XIV, 4. London.

COON, CARLETON S.

1952 Caravan: The Story of the Middle East. London.

COOPER, ELIZABETH

1915 The Harim and the Purdah. Studies of Oriental Women. London.

DALMAN, GUSTAF

1937 Arbeit und Sitte in Palästina. Bd. V, Webstoff, Spinnen, Weben, Kleidung. Schriften des Deutschen Palästina-Instituts, herausg. v. G. D.; 8. Bd. Gütersloh.

DAVIDSON, NIGEL

1932 Iraq: The New State. JRCAS, XIX, 2. London.

DICKSON, BERTRAM

1910 Journeys in Kurdistan. Geographical Journal, XXXV, 4. London.

DICKSON, H. R. P.

The Arab of the Desert. A Glimse into Badawin Life in Kuwait and Sau'di Arabia. 2. ed. London.

DIMAND, M. S.

1947 A Handbook of Muhammadan Art. New York.

DONALDSON, BESS ALLEN

1938 The wild Rue. A Study of Muhammadan Magic and Folklore in Iran. London.

DOWSON, V. H.

1946 'Iraq in 1946. JRCAS, XXXIII, 3–4. London.

DOZY, R. P. A.

1845 Dictionnaire détaillé des noms des vêtements chez les arabes. Amsterdam.

DRAGSTED, A.

1933 De ædle Stene og deres Mystik. København.

DRAGSTED, OVE

1953 Guld og ædle Stene. København.

EDELBERG, LENNART

1952 Afghanistan som område for fremtidige etnografiske undersøgelser. Erfaringer fra 3. Danske Centralasiatiske Ekspedition. Naturens Verden, XXXVI. København.

EDMONDS, C. J.

1922 Luristan: Pish-i-kuh and Bala Gariveh. Geographical Journal, LIX, 5–6. London.

1925 A Kurdish Newspaper: "Rozh-i-Kurdistan" JRCAS, XII, 1. London.

1935 A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani JRCAS, XXII, 1. London.

1936 Major Soane at Halabja: An Echo. JRCAS, XXIII, 4. London.

1937 A Bibliography of Southern Kurdish 1920–1936. JRCAS, XXIV, 3. London.

1945 A Bibliography of Southern Kurdish 1937–1949. JRCAS, XXXII, 2. London.

1957 Kurds, Turks, and Arabs. Politics, Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919–1925. London.

1958 The Place of the Kurds in the Middle Eastern Scene. JRCAS, XLV, 2. Society.

ELPHINSTON, W. G.

1948 Kurds and the Kurdish Question. JRCAS. XXXV, 1. London.

1952 In Memoriam the Emir Jeladet Aali Bedr Khan. The Passing of a Kurdish Prince. JRCAS. XXXIX, 1. London.

EVANS-PRITCHARD, E. E.

1931 Bride-Price. An Alternative Term for "Bride-Price". MAN, XXXI, No. 42.

FEILBERG, C. G.

1931 Et Hovedværk om Ploven og nogle dertil knyttede Betragtninger. Geografisk Tidskrift, 34. Bd København.




(٢٧—م)

1936 Foreløbig Beretning om en rejse for Nationalmuseet til Iran 1935. Geografisk Tidskrift, 39. Bd. København.

1941 Contributions to the History of some Oriental Bazaar Crafts. Ethnographical Studies. Nationalmuseets Skrifter. Etnografisk Række, I. København.

1944 La Tente Noire. Nationalmuseets Skrifter. Etnografisk Række, II. København.

1952 Les Papis. Tribu persane de nomades montagnards du sud-ouest de l'Iran. Nationalmuseets Skrifter. Etnografisk Række, IV. København.

FERDINAND, KLAUS

1959. Preliminary Notes on Hazāra Culture (The Danish Scientific Mission to Afghanistan 1953–1955). Hist. Filos. Medd. Dan. Vid. Selsk. 37, no. 5. København.

FIELD, HENRY

1932 Threshing Sledges in Kurdistan. MAN, XXXII, No. 75. London.

1939 Contributions to the Anthropology of Iran. Field Museum of National History. Anthropological Series, Vol. 29, Number 1–2. Publication 458–459. Chicago.

1949 The Anthropology of Iraq. Part I, No. 2. The Lower Euphrates-Tigris Region. Field Museum of Natural History, Vol. 30, Part I, Number 2. Publication 631. Chicago.

1952 The Anthropology of Iraq. Part II, No. 2: Kurdistan; Part II, No. 3: Conclusions. Papers of the Peabody Museum of American Archaeology and Ethnology, Harvard University. Vol. XLVI, No. 2–3. Cambridge, Massachusetts.

FOWLER, GEORGE

1841 Three Years in Persia; with Travelling Adventures in Koordistan I–II. London.

FRASER, J. BAILLIE

1840 Travels in Koordistan, Mesopotamia, etc. I–II. London.

GARNETT, LUCY M. J.

1891 The Women of Turkey and their Folk-Lore by L.M.J.G. with Concluding Chapters on the Origins of Matriarchy by John S. Stuart-Glennie. The Jewish and Moslem Women. Folk-Lore Researches, II. London.

1909 The Turkish People. Their Social Life, Religious Beliefs and Institutions and Domestic Life. London.

GAUTIER, E.-F.

1949 Mœurs et Coutumes des Musulmans. Collection d'études, de documents et de témoignages pour servir a l'histoire de notre temps. Paris.

GIBB, H. A. R.

1934 Social Reactions in the Muslim World. JRCAS, XXI, 4. London.

1955 Mohammedanism. An Historical Survey. A Mentor Book. New York.

GLOB, P. V.

1951 Ard og Plov i Nordens Oldtid. Jysk Arkæologisk Selskabs Skrifter, Bd. 1. Århus. Ard and Plough in Prehistoric Scandinavia. Jutland Archeological Society Publications, Vol. 1. Århus University Press.

GOWAN, C. H.

1938 Northern Iraq. JRCAS, XXV, 2. London.

GRANQVIST, HILMA

1931 Marriage Conditions in a Palestinian Village. Societas Scientiarum Fennica. Commentationes Humanarum Litterarum, III. 8. Helsingfors.

1935 Marriage Conditions in a Palestinian Village, II. Societas Scientiarum Fennica. Commentationes Humanarum Litterarum, VI. 8. Helsingfors.

1939 Arabiskt familjeliv. Vi och vår värld. Stockholm.

1947 Birth and Childhood among the Arabs. Studies in a Muhammadan village in Palestine. Helsingfors.

GRUBAUER, ALBERT

1913 Unter Kopfjägern in Central-Celebes. Ethnologische Streifzüge in Südost- und Central-Celebes. Leipzig.

HAIDAR, MUSBAH

1948 Arabesque. 3d ed. London.

HAMILTON, A. M.

1947 Road through Kurdistan. The Narrative of an Engineer in Iraq. 5. ed. London.

HANGI, ANTON

1907 Die Moslim's in Bosnien-Hercegovina. Ihre Lebensweise, Sitten und Gebräuche. Autorisierte Übersetzung von Herman Tausk. Sarajevo.

HANSEN, HENNY HARALD

1950 Mongol Costumes. Nationalmuseets Skrifter. Etnografisk Række, III. København.

HAY, W. R.

1921 Two Years in Kurdistan. Experiences of a Political Officer 1918–1920. London.

HOSE, CHARLES

1926 Natural Man, a Record from Borneo with a Preface by G. Elliot Smith. London.

HOURANI, A. H.

1947 Minorities in the Arab World. Oxford University Press. London.

INNES, R. A.

1957 Costumes of Upper Burma and the Shan States. Halifax Museums.

JOLY, GERTRUDE

1951 The Women of Lebanon. JRCAS, XXXVIII, 2–3. London.

JOUIN, JEANNE

1934 Le costume féminin dans l'Islam syro-palestinien. Revue des Études Islamiques, T. VIII, 4. Paris.

NERRETER, DAVID
1703 D.N.s: Neu eröffnete Mahometanische Moschea/ worinn nach Anleitung der VI Abtheilung von unterschiedlichen Gottes-Diensten der Welt/ Alexander Rossens/(erstlich) Der Mahometanischen Religion Anfang/ Ausbreitung/ Secten/ Regierungen/ mancherley Gebräuche/ und vermuthlicher Untergang/ (fürs andre) Der völlige Alkoran. Nach der besten Edition Ludovici Maracci, verteutscht/ und kürzlich widerlegt wird. Nürnberg.

NIEBUHR, CARSTEN
1772 Beschreibung von Arabien. Aus eigenen Beobachtungen und im Lande selbst gesammleten Nachrichten abgefasset von C. N. Kopenhagen.
1778 C. N.'s Reisebeschreibung nach Arabien und andern umliegenden Ländern. Zweyter Band. Kopenhagen.

NIEUWENHUIS, A. W.
1904 Quer durch Borneo. Ergebnisse seiner Reisen in den Jahren 1894, 1896–97 und 1898–1900. Erster Teil. Leyden.

NIKITINE, BASILE
1922 La vie domestique kurde. Revue d'Etnographie et des Traditions populaires, T. III, No. 9–12. Paris.
1956 Les Kurdes. Étude sociologique et historique. Préface de M. Louis Massignon. Paris.

OLUFSEN, O.
1911 The Emir of Bokhara and his Country. Journeys and Studies in Bokhara, with a Chapter on my Voyage on the Amu Darya to Khiva. København.

PEDERSEN, JOHS.
1928 Islams Kultur. København.
1948 Islam og dens Forhistorie. Illustreret Religionshistorie under Redaktion af J. P. København.

PENZER, N. M.
1936 The Ḥarēm. An Account of the Institution as it existed in the Palace of the Turkish Sultans with a History of the Grand Seraglio from its Foundation to the Present Time. London.

PESCEREVA, E. M.
1957 Igruški i detskie igry u tadžikov i uzbekov. (Po materialam 1924–1935 G.G.). Sbornik museja antropologii i etnografii. T. XVII. Akademija Nauk SSSR. Institut etnografii im. N.N. Miklucho-Maklaja. Moskva.

PHILIPS, C. H.
1951 Handbook of Oriental History; by members of the Department of Oriental History, School of Oriental and African Studies, University of London. Ed. by C.H.Ph. London.

PICKTHALL, MOHAMMED MARMADUKE
1953 The Meaning of the Glorious Koran. A Mentor Book. New York.

PLOSS, H.
1902 Das Weib in der Natur- und Völkerkunde, herausg. v. Max Bartels, II. 7. Aufl. Leipzig.
1911 Das Kind in Brauch und Sitte der Völker, herausg. v. B. Reuz, I. 3. Aufl. Leipzig.

POKROWSKI, E.
1889 Matériaux pour servir à l'étude de l'éducation physique chez les différents peuples de l'empire russe. Revue d'Ethnographie publiée par le dr. Hamy. T. VII. Paris.

RAMBOUT, L.
1947 Les Kurdes et le droit. Rencontres 24 (Peuples et civilisations). Paris.

RASSAM, A. HORMUZD
1931 The Non-Arab Minorities in Iraq. JRCAS, XVIII, 4. London.

REICH, S.
s.a. Études sur les villages araméens de l'Anti-Liban. Documents d'Études Orientales publiées par l'Institut Français de Damas. T. VII. Le Caire.

RICHARDSON, JOHN
1891 Arctic Searching Expedition: A Journal of a Boat-Voyage through Rupert's Land and the Arctic Sea, in Search of the Discovery Ships under Command of Sir John Franklin. With an Appendix on the Physical Geography of North America, I. London.

RONDOT, PIERRE
1937 Les tribus montagnardes de l'Asie antérieure. Quelques aspects sociaux des populations kurdes et assyriennes. Extrait du Bulletin d'Études Orientales de l'Institut Français de Damas. T.VI. Le Caire.

ROTH, H. LING
1918 Studies in Primitive Looms. Bankfield Museum Notes. Second Series, No. 8–9, 10–11. Halifax.

RUSJAJKINA, S. P.
1959 Naradnaja odežda tadžikov garmskoj oblasti tadžikskoj SSR. Sredneaziatskij etnografičeskij sbornik, II. Akademija Nauk SSSR. Trudy instuta etnografii im. Maklucho-Maklaja. Novaja serija. T. XLVII.

RYGAARD, O. A.
1935 Mellem Kurder og Tyrker. En dansk Ingeniørs Oplevelser i Lilleasien. København.

SAXTORPH, M.
1788 Om Børnevogterens Nytte og Forbedring. Nye Samling af det Kongelige Danske Videnskabers Selskabs Skrivter. Tredie Deel. København.

SCHOUBOE, C. F.
1912 Nutidens Mesopotamien. Geografisk Tidsskrift, XXI (1911–12), København.

SEASI
1926 Reflections on the Mosul Problem. JRCAS. XIII, 1. London.

JUYNBOLL, TH. W.
1910 Handbuch des Islāmischen Gesetzes. Nach der Lehre der Schāfi'itischen Schule. Leiden-Leipzig, 1908–1910.
KABERRY, PHYLLIS M.
1939 Aboriginal Woman, sacred and profane. A study of the aboriginal woman of Australia. London.
KISSLING, HANS JOACHIM
1954 The Sociological and Educational Role of the Dervish Orders in the Ottoman Empire. Studies in Islamic Cultural History. Comparative Studies of Cultures and Civilizations, No. 2. The American Anthropologist, Vol. 56, No. 2, Part 2. Memoir No. 76.
KRAFFT, HUGUES
1902 A travers le Turkestan russe. Paris.
KROEBER, A. L.
1925 Handbook of the Indians of California. Smithsonian Institution. Bureau of American Ethnology, Bull. 78. Washington.
KROHN, ELSE
s.a. Vorislamisches in einigen Vorderasiatischen Sekten und Derwischorden. Ethnologische Studien, Bd. I, Heft 4. Altona-Rissen.
LANE, E. W.
1944 The Manners and Customs of the Modern Egyptians. Everyman's Library, No. 315. London.
LEACH, E. R.
1940 Social and Economic Organisation of the Rowanduz Kurds. Monographs on Social Anthropology, No. 3. The London School of Economics and Political Science. London.
LEATHERDALE, D.
1948 The Material Background of Life in Northern Iraq. JRCAS, XXXV, 1. London.
LE COQ, A. v.
1916 Volkskundliches aus Ost-Turkistan. Mit einem Beitrag von O. v. Falke: Filtzteppiche aus Kutchā. Königlich Preussische Turfan-Expedition. Berlin.
LEES, G. M.
1928 Two Years in South Kurdistan. JRCAS, XV, 3. London.
LESER, POUL
1928 Westöstliche Landwirtschaft. Kulturbeziehungen zwischen Europa, dem Vorderen Orient und dem Fernen Osten, aufgezeigt an landwirtschaftlichen Geräten und Arbeitsvorgängen. Festschrift, Publication d'Hommage offerte au P.W. Schmidt. Herausg. W. Koppers. Wien.
LEVINA M. G. and POTAPOVA, L.
1956 Narody Sibiri. Etnografičeskie očerki. Pod redakciej M. G. L. i L. P. Akademija Nauk SSSR. Institut etnografii im. N. N. Miklucho-Maklaja. Moskva.
LEVY, REUBEN
1957 The Social Structure of Islam (being the second edition of The Sociology of Islam). Cambridge.
LHOTE, HENRI
1947 Comment campent les Touaregs. Collection "Les peuples campeurs". Paris.
LINDFIELD-SOANE, Mrs. (Mrs. MALCOLM-ELLIS)
1935 A recent Journey in Kurdistan, JRCAS, XXII, 2. London.
LING ROTH (see ROTH)
LISICIAN, S. D.
1955 Očerki etnografii dorevoljucionnoj armenii. Kavkazskij etnografičeskij sbornik, I. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. N. N. Miklucho-Maklaja. Novaja serija. T. XXVI. Moskva.
LLOYD, H. J.
1926 The Geography of the Mosul Boundary. Geographical Journal, LXVIII, 2. London.
LONGRIGG, STEPHEN HEMSLEY and STOAKES, FRANK
1958 Iraq. Nations of the Modern World. London.
LORENZ, W.
1932 Über O-förmige Beine und runden Rücken bei den Krimtataren. Zeitschrift für Ethnologie, 63. Jahrg. (1931) Heft 1/4. Berlin.
MACKENZIE, D. N.
1957 A Bibliography of Southern Kurdish, 1945–1955. JRCAS, XLIV, 1. London.
MAIN, E. B.
1933 'Iraq: A Note. JRCAS, XX, 3. London.
MARGOLIOUTH, D. S.
1911 Mohammedanism. Home University Library of Modern Knowledge.
1930 Ideas and Ideals of Modern Islam. JRCAS, XVII, 1. London.
MASON, OTIS T
1887 Cradles of the American Aborigines. Smithsonian Report, U.S.A. National Museum, II. Washington.
MASSÉ, HENRI
1938 Croyances et coutumes persanes, II. Les littératures populaires de toutes les nations, nouvelle série, IV. Paris.
MAULVI MUHAMMAD ALI (see ALI, MAULVI MUHAMMED).
MAUNSELL, F. R.
1894 Kurdistan. Geographical Journal, III, 2. London.
MINORSKI, V.
1927 Enzyklopaedie des Islām, II. Leipzig.
MUMFORD, PHILIP
1933 Kurds, Assyrians, and Iraq. JRCAS, XX, 1. London.
MUSIL, ALOIS
1928 The Manners and Customs of the Rwala Bedouins. American Geographical Society. Oriental Explorations and Studies, No. 6. New York.

SINCLAIR, A. T.

1908 Tattooing – Oriental and Gypsy. American Anthropologist. New Series. Vol. 10. No. 3. Wisconsin.

SMEATON, WINIFRED

1937 Tattooing among the Arabs of Iraq. American Anthropologist. New Series. Vol. 39. No. 1. Wisconsin.

SNOUCK HURGRONJE, C

1888 Ethnographisches aus Mekka. Internationales Archiv für Ethnographie. Bd. I. Leiden.

1916 Mohammedanism. Lectures on its Origin, its Religious and Political Growth and its Present State. American Lectures on the History of Religions, Series of 1914–1915. New York.

SOANE, E. B.

1913 Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language. Luzac's Oriental Grammar Series. Vol. VI. London.

1919 Elementary Kurmanji Grammar. Baghdad.

1926 To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise; with historical notices of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan. Second ed. with a memoir of the author by Sir Arnold T. Wilson. London.

STERNER, MAJ

1944 Orientens Mattor och Deras Vård. Stockholm.

VASIL'EVA, G. N.

1954 Turkmeny-nokhurli. Sredneaziatskij etnografičetskij sbornik, I. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. Maklucho-Maklaja. Novaja serija. T. XXI. Moskva.

VIL'ČEVSKIJ, O. L.

1958 Mukrinskie kurdy. Etnografičeskij očerk. Peredneaziatskij etnografičeskij sbornik, I. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. N.N. Miklucho-Maklaja. Novaja serija. T. XXXIX. Moskva.

VIRCHOW, HANS

1924 Die armenische Wiege. Zeitschrift f. Ethnologie. 56. Jahrg. Heft 1/4. Berlin.

VORONINA, V. L.

1959 Material'y po narodnoj architekture kaškadar'inskoj oblasti uzbekskoj SSR. Sredneaziatskij etnografičeskij sbornik, II. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. N.N. Miklucho-Maklaja, Novaja serija. T. XLVII. Moskva.

WARIS AMEER ALI, SYED

1954 Muslim Brotherhoods. JRCAS, XLI, 2. London.

WENSINCK, A. J. u. KRAMERS, J. H.

1941 Handwörterbuch des Islam. Leiden.

WERTH, E.

1939 Türkische und mesopotamische Pflüge in ihrer kulturgeschichtlichen Bedeutung. Zeitschrift f. Ethnologie, 70. Jahrg. (1938). Berlin.

WIGRAM, W. A.

1928 Problems of Northern Iraq, JRCAS, XV, 3. London.

WIGRAM, W. A. and WIGRAM, E. T. A.

1922 The Cradle of Mankind. Life in Eastern Kurdistan. 2. ed. London.

WILKINSON, JOHN

1958 Oxford University Expedition to Iraqi Kurdistan 1956. JRCAS, XLV, 1. London.

WILSON, RALPH PINDER

1957 Islamic Art. London.

WILSON W. C. F.

1937 Northern 'Iraq and its Peoples. JRCAS, XXIV 2. London.

WOODSMALL, RUTH FRANCES

1936 Moslem Women Enter a New World. Publications of the American University of Beirut. Social Science Series; No. 14. London.

1938 Der Aufstieg der Mohammedanischen Frau. Autorisierte Übertragung aus dem Englischen v. Elizabeth Rotten. Erlenbach-Zürich und Leipzig.

ØSTRUP, J.

1894 Skiftende Horizonter. Skildringer og Iagttagelser fra et Ridt gennem Ørkenen og Lille-Asien. København.

1912 Verdens ældste Kulturland. Geografisk Tidsskrift, 21. Bd. København.

1914 Islam. Den Muhammedanske Religion og dens historiske Udvikling i kortfattet Fremstilling. København.

1923 Islam i det nittende Aarhundrede. Asiens Kulturer. Det nittende Aarhundrede skildret af nordiske Videnskabsmænd, redigeret af Aage Friis. VII, 1. København.

1931 Det nye Tyrki. København

ZACHAROVA, I. V.

1959 Material'naja kul'tura ujgurov sovetskogo sojuza. Sredneaziatskij etnografičeskij sbornik, II. Akademija Nauk SSSR. Trudy instituta etnografii im. N.N. Miklucho-Maklaja. Novaja serija T. XLVII. Moskva.

# فەرهەنگۆك

## ـ ئـ ـ

**ئامێژەن :** هەوێنی پەنـیر .
**ئەخشاڵ :** کەرەستەو کەلوپەلی ناوماڵ .
**ئەستێرك :** هەرزاڵە . ئەو چەند دارەی لێك دەدرێو لـە بنەبـانی ژوورەوە دادەندرێو بە ڕۆژ نوینی لەسەر دادەندرێ .
**ئەستووك :** ئەستوورك ، کولێرە .
**ئەستیو :** ئاسنێکی سەر پانی دەسك بە ئەڵقەیە ، ئـافرەت هەویری پێ لـە تەشت پاك دەکاتەوە .
**ئەشکەڵە :** دارێکی پەنجەیەك پانو نەختێ درێژە لە کاتی جەلەکردنی وولاغ بۆ گیرە ، سەری وولاغەکانی پێ لێك دەبەسترێتەوە .
**ئەنگوچك :** کلەنکوچك ، فەقیانە ، لەوەندی .

## ـ ب ـ

**باتیسقە :** قوماشێکی سپی وەکو تۆڵە ، خام ، شعادە ، وایە .
**بادی :** دەفر ، جام ، تاس ، ترار .
**باگوردان :** بانگردێن ، شەولەبان .
**باڵەبەژن :** جۆرە نووشتەیەکی چوارگۆشەیە ژنان بە خۆیانەوە دەکەن .
**بالیف :** سەرین ، سەنـیر ، بالك .
**بانـکە :** بەیتوونەی بـان .
**بانهەڵبان :** کۆشك ، نهۆمی سەرەوەی خانوو ، ئولی .
**باوەژێن :** باوەشێن ، باوەشینە .
**باوەخوند :** یەکەم جار هاتنەوەی بووك بۆ ماڵی باوکی پاش حەفتەیەك بەبووك چوونی .
**بەربوودی :** بووکنی ، ئەوانەی دەچنە دوو بووك .
**بەربووك :** پێخەسوو ، بزگێلە .
**بەردکێش :** ساوەڵ ، شتێکە لە دار دروسـتی دەکەنو لـە وولاغی دەکەنو بەردی پێدەکێشن .
**بەرسقك :** هەیوان .

**بەرهەڵبێنە :** قوماشێکە ئافرەت لە کاتی ئیش‌کردندا بەبەر خۆی هەڵدێنێ ، لە پشتێنەوە بەرەو خوار لای پێشەوەی دەگرێ‌و دەسوورێتەوە دواوەش .

**بەرەم :** ژووری ئازووقە .

**بەرم :** بەڵم ، قرشەی نیمچەکوتراو .

**بەنداو :** ئەو شوێنە کە ئاوی لێ‌دەگرنەوەو بەری دەدەنەوە سەر شینایی .

**بەنقادە :** پەتێکە وەکو گوریس دەهۆنرێتەوە بەڵام لە گوریس باریکترو کوزترە، بۆ ئەوەیە قادەی پێ لە شەغرە قایم دەکەن . بۆ وولاغ دابەستانیش بەکاردێ کە نیرو کۆپەڵانی پێ لێك قایم دەکەن .

**بووکنی :** بەربوودی ، ئەوەی دەچێتە دوو بووك .

**بن‌بیف :** ژێرزەمینێکی بچووکە بە زۆری لە خانووی شارە شاخاوی‌یەکان هەیە ، ئازووقەی تێدا هەڵدەگیرێ .

**بۆسە :** ئەو زەنگوڵەیە کە بە نێرەوەی دەکەن‌و سەری مژانەی دێتەوە ناو .

## ـ پ ـ

**پەیچەڵ :** ژنێ منداڵی نەبێ ، قسر ، پەرك ، زڕ .

**پسمام :** ئامۆزا ، کوڕی مام .

**پشت‌کۆڵ :** ئەو دارەیە کە شەو دەیدەنە بەر دەرگاو دەرگای پێ گارە دەدەن.

**پشتیر :** تەویلەی وولاغ بەڵام لەگەڵ ژووری ماڵەوە دەبێ‌و بە ناوبڕەیەك لێك جودادەکرێنەوە .

**پنـە :** فەرشە ( ناوچەی هەولێر ) ، خوان (ناوچەی‌کۆیە وخۆشناوەتی) .

**پۆلوو :** پۆلی ، پشکۆ ، پەڕەنگ ، پەنگر .

**پەڕەنگ :** پۆلوو ، پۆلی ، پشکۆ ، پەنگر .

**پەز :** مەڕو ماڵات .

**پەلاگرك :** ماشە ، مەقاش .

**پەینکە :** ئەو ئاردەی کە ئافرەت لە کاتی نان‌کردن‌و هەویر پان‌کردنەوەدا ناوبەناو بەسەر پنەو هەویرە پان‌کراوەکەیدا دەکا بۆئـەوەی نەنووسـێن بەیەکەوە .

**پێمەڕە :** دارێکی درێژە دەمێکی ئاسنی تیژی پێوەیەو لای خوارەوەی دارێکی تێ‌گیراوە پێی‌دەگوترێ ئەسپەرە . پێمەڕە بۆ هەڵکەندنی خـۆڵ بەکار دێ‌و ئەسپەرەش بۆ پێ‌داگرتنە سەرە .

## ـ ت ـ

**تاس :** کڵاوێکی زیوی قیت‌و سەرتیژە ژنان لەسەری دەنێن .

**تریان** : سەبەتەیەکی پەلو پانە ، بە شــوارِ دەکرێو بۆ ئەوەیە نانی لەســەر دادەنێن .
**تۆراخ** : ماستی پەیتی لە دۆی کولاّو گیراو ، ماستی گرتیەوە .
**تەکەنم** : نیمدەر ، ڕایەخی بچووك .
**تەلیس** : فەردە ، گوش ، گونیە .
**تەیمان** : ئەو شوورەی کە بە دار یان بە قامیش دەکرێو مەڕی تێدەکرێ .
**تێچین** : ماستو تەرۆزی .
**تێخرچان** : تێکەوتن ، فەشەلبوونەوە .
**تیرێژ** : پارچە پەڕۆیەکی درێژەو لەم لاو لــەو لای کراس دەبردرێتەوە . بە مانای تیشكو چۆڕاوگەی خوێنیش هاتوە .
**تیرە** : سەردەرەی لانك . بە مانای قطریش هاتوە .
**تیلەقە** : تیلەقەی پشت : بڕبڕەی پشت ، گازەرای پشت .
**تیمانج** : ئەو پێستەیە کە خۆش دەکرێو ئەوەندە نــەرمو تەنکە دەلێی پەڕە کاغەزە .

## – ج –

**جوڕنی** : شێرەی بۆڕی .
**جۆنی** : دۆل . جۆنی و دەسکەجۆنی : دۆلو داردۆل : بەردێکی لووسو پانە ناوەندی قوول دەکــەنو گەنمو برنجو شــتی وای تێدا دەکوتن . دەشێ لە داریش بێ .
**جەهەندەم** : بێجگە لە مانای باوی خۆی ، بەو بەشــەی سەماوەر دەگوترێ کە پۆلی ئاگری تێدەکەن .

## – چ –

**چەناغە** : گرێشك ، گول : خشلێکی بچکۆلەیە بە پێشەســەرەی منــدالەوە قایمی دەکەنو دێتەوە سەر هەنیەی .
**چیــغ** : چیت ، ئەو چەبەرەیە کە لە قامیشو بە دووتا موو دروستی دەکەنو دەورەی ڕەشمالّی پێدەگرنو بۆ زۆر مەبەستیتریش بەکاردێ .

## – خ –

**خانیلکە** : خانوویەکی بچووکەو بەشێکی کانی کەوتۆتەوە ناو و بۆ خۆشووشتن بەکاردێ .
**خۆرك** :جۆرە زیندەوەرێکی بچووکە لە جلو بەرگو شتی وا دەداو دەیفەوتێنێ.

**خوندی** : ئەو کەسەی بۆ بەشداری‌کردنی زەماوەندی بووک‌گواستنەوە لە دووی دەگەڕێتەوەو دەچێتە سەر زەماوەند .

## ـ د ـ

**دارسیله** : دیمەك ، ئەو قوتەدارەیە کە لـە وەختی دیوارکردن‌دا دەیخەنە نـاو ڕیزەکانی دیوار .
**دارکڵاوە** :دارێکی دووگوێ‌یە لە نیر دەخرێ. هەر نیرێك چوار دارکڵاوەی هەیە.
**دارودوو** : ئارودوو ، داری قەڵاشکەری‌و شتی وا بۆ سووتاندن .
**دۆدان** : ئەو پێستەی دۆی تێ‌دەکرێ .
**دۆخێن** : بەندەخوێن ، بەنەخوێن .
**دۆوك** : ئەو دۆیەی لە کاتی قرچاندنەوەی کەرەدا لەسەری پەیدا دەبێ .
**دەستشۆرك** : لەگەنێکی تایبەتی‌یە دەستی لەناو دەشۆن .
**دەستەندوو** : دارێکی درێژە لە قونگی هەوجاڕ دەخسترێ .
**دەستەمستە** : دارێکی پڕبەمستە لە سەری دەستەندوو دەخرێ‌و جوتیار لـە کاتی جوت‌کردن‌دا دەستی پێوە دەگرێ .
**دەستەوا** : ئیش بە ئیش ، یەکێ بۆ یەکێکی‌تر دەچێتە ئیشێك بەو مەرجـەی ئەویش بۆی بێتەوە هەمان ئیش وەکو ڕۆژەجوت‌و ڕۆژە دروێنەو قوڕی سەری خانی‌و شتی وا .
**دەرکابێند** : بـەندك . داوەبەن یـان داوەمـوە کە زارکی کونـدەو مەشـکەو دۆدان‌و ... ی پێ‌دەبەستن .
**دەزبێنك** : ئەو پارچە پەڕۆ پانەیە کە لە کاتی منداڵ لەناو لانك‌نان‌دا دەکەوێتە سەر دەست‌و سەر پێی ...
**دەسرازە** : پەتێکی دوو تلك پان دەبێ بە دەزبێنکەوەیەو منداڵەکەی پێ لە لانك شەتەك دەدرێ‌و دەچێتەوە سەر تیرەی لانك‌و لەوێ قایم دەکرێ‌و گوڵنگێکی پێدا شۆڕ دەبێتەوە سەر سەری منداڵەکە .
**دەهۆ** : شەلتە . ڕەشکە .
**دیمەك** : دارسیله .

## ـ ڕ ـ

**ڕاوەك** : تاڕیە ، ئەو تۆربەی ماستی تێدا خەست دەکرێتەوە .
**ڕێچاڵ** : بەروبوومەکانی شیر ، وەکو ماست‌و پەنیرو ژاژی‌و کەرەو ... تاد .
**ڕەوسە** : گەنم‌و جۆی ساف پاش ئەوەی کە شەنەبا دەکرێ‌و کای لێ جـودا دەکرێتەوە .

**ڕیخ :** شیاکە .
**ڕێژەوپێژە :** شووشتنی قاپو هیربار .

## ـ ژ ـ

**ژەمەن :** کەرەی بەری یەکجار مەشکەژەندن .
**ژی :** تەمەن ، عومر .

## ـ س ـ

**سابات :** کەپری بە هەیوان .
**ساپیتە :** بنمیچ .
**سامۆتە :** گوڵنگ .
**ساوەڵ :** بەردکێش .
**ساورمە :** داری قەڵاشکەری کە بۆ سووتان دەیهێنن . گزرە .
**سخ :** توندو پۆل .
**سرپات :** کە میوەیەك دەگوشیو ئاوکەکەی دەگری ، ئەو پەلكو پارەی دەمێنێتەوەو بێسوودەو فڕێی دەدەن سرپاتە .
**سەختیان :** کەوڵ ، دۆڵە ، سەردۆڵە .
**سەرچیخچوون :** بە هەڵەدا چوون . نەپێکان .
**سەرکۆڵ :** سەرە خڕەکەی ئەستوندە کە دەدرێتە بەر کاریتە .
**سواندە :** پاسار . سواندووکە = پاساری .
**سۆزی :** سبەینێ ، بەیانی .
**سێپێك :** هەر شتێ کە لە سێ دار پێك هاتبێ . بە تایبەتی ئەوەیان کە بۆ مەشکەژەندن بەکاردێ . خۆ ئەوەی بۆ لەسەردان بێ پێی دەگوترێ ( سێدارە ) .
**سیوسیوە :** سەری ئەو دارەی دەرگایە کە لەسەر ڕێسمەدا دەسووڕێ .

## ـ ش ـ

**شەحتۆ :** گێل ، نەفام ، کەمئاقڵ ، لێوە ، عولعولی .
**شەرت :** مەرج ... ئەو ماوەی کە شوان یان گاوان یان سەپان یان ... لای ئاغای دادەمەزرێ ، بە زۆری بۆ شوانیو گاوانی ساڵ دوو شەرتە، شەرتی زستانانو شەرتی هاوینان. بە کرێکەش دەگوترێ شەرت.
**شەقرە :** قسپ ، نێرە .

**شەکرشکێن** : تەپشوویەکی بچووکە بۆ شکاندنی شەکری قەند ، کەلەشەکر ، بەکاردێ .

**شەوبەکێو** : ئەوەیە شوان شـەو مەڕەکانی ببـاتەوە دەشــتو لە دەشـت بمێنێتەوە ، شەوبەکێو بە تایبەتی بەهاران دەبێ .

**شواڕ** : شووڕ ، شووڕك .

**شووبرا** : مێردبرا ، برای مێرد .

**شۆرە** : ئەو مادەیە کە هیرباری سفری پێ سپی دەکەنەوە .

**شوونك** : گلارکۆ ، جلشۆر ، کالاکوت .

**شوتك** : پشتێن .

**شمشیرە** : ئەو تۆپەی کە بە دەرگاوەیەو دەرگای پێ کلبل دەدرێ .

**شیرمەشك** : ئەو پێستە خۆشکراوەی شیری تێدەکەن .

**شێرە** : جوڕنی بەلووعــە .

## - ع -

**عول** : پیسایی حوشتر .

## - غ -

**غەنیم** : ناحەز ، نەیـار .

**قــادە** : دارێکی کەوانەیە ، بە بەنقادەوە لە شـەغرە دەخسترێو لەکاتی شەغرە لێنان‌دا قرشەکە ڕادەگرێ .

## - ق -

**قسپ** : شەقرە ، نێرە .

**قراسە** : **قراسەبوون** : بالقبوون .

**قەمچۆك** : پـاروو .

**قنۆرە** : مەلۆتکە ، کورپە .

**قولفانگە** : گرێیەکی بە قولفی وا کە بە ئاسانی بکرێتەوە .

**قوڕەپەست** : جاری یەکەم کە ئاخەبان سواق دەدەن هەر قوڕی لەسەر ڕوو دەکەنو پانی دەکەنەوە بەلام لووسی ناکەن ، ئەمە قوڕەپەستە .

**قەنــات** : کارێز .

**قەنتەرە** : دەرگای حەوشەی گەورە . ئەو شوێنەی کن دەرگا کە سەری گیراوە.

## ــ ك ــ

**کلدان :** پارووشك ، تۆربەیەکی بچووکە ژنان کلی تێدەکەن .
**کنج :** مەهك ، بێنوێژی ژن ، حیض .
**کنك :** قشت ، نازدار .
**کوراڤ :** سێل ، ئەو شوێنەی لەقەد تەلان خۆشی دەکەن و برنج و شتی وای لێدەچێنن .
**کۆتك :** بادی‌یە داری گەورەیە . بۆ ئاوو دۆ خواردنەوە .
**کووژەکە :** لەپکە ، هاژیلە .
**کوژی :** قوژبن ، قولینچك .
**کۆماج :** ئەو ڕێگا تایبەتی‌یەی کە لە گوندی قەدتەلان‌دا بۆ بەسەر کەوتن و هاتنەوە خوارەوە دەیبڕن .
**کونبەفر :** چاڵەبەفر .
**کەردوو :** مسەبیا ، هەنگەبێڵ . خاکەنازێکی گەورەو دەم پانە ، پەتێکی تێخراوە بە دوو زەلام ئیشی پێدەکەن و جۆگەی پێ هەڵدەبەستن .

## ــ گ ــ

**گارەدان :** پشت‌کۆڵ دانە بەر دەرگا .
**گردڵ :** چلی بە گەلاوە .
**گروێر :** گردەلە ، گرۆلە ، گرفۆلە ، پارچە پەڕۆیەکی چوارگۆشەی بچووکە لە ژێر هەنگڵی کراس دەبردرێتەوە .
**گزرە :** داری قەلاشکەری ساورمە .
**گزیری :** جۆرە خانوویەکە لەم لاو لەو لا دوو سەرتیلەی هەیە ، کاریتەیەکیان پێ ڕادەندرێ و لە هەردوو لانیشتەکانیشەوە شەقرە دێنەوە سەر کاریتەکە . بانەکە ناوەندی زەقەو ئەم لاو ئەو لای خوارە .
**گەلاوێژ :** گیشەی گەنم . بێجگە لە ئەستێرەی گەلاوێژیش .
**گوڵبینە :** کونێکە لە تەندوور هەوای پێدا دەچێتە ژوورەوەو مشکی پێ دەردەهێنرێ . کونێکە لەلای خوارەوەی پێشەوەی کەندوو ، دانی پێدەردەهێنرێ .
**گلمت :** کلۆ . گلمتەشەکر ، گلمتەخۆڵ . . .
**گونگ :** ئەنکوتك .
**گەوڕ :** ژووری داکردنی ڕەشەوولاغان .
**گیشەکەر :** تێلی‌کێش ، مەڵۆدار .

## – ل –

**لۆلەپ** : دەستەخورت ، دەسەژەن .
**لەیستۆك** : بووكەشووشە .
**لەواشە** : جۆرە نانێكی نەختێ ئەستوورە بە تەندوور دەكرێ .
**لەوەندی** : فەقیانە ، كلەنگوچك .
**لیان** : جۆرە پێلاوێكی زۆر پانە لە پەلووكەدارو پێستە دروست دەكرێو پیاو بە پێلاوەوە لە پێی دەكا . زۆر پانە بۆ ڕۆیشتنی سەر بەفرە ، تا پێی لە بەفر نقووم نەبێ . لێرەدا خاتوو هێنی باسی شارستانێتی لیان دەكا ، واتە شارستانێتی ئەو ناوچەو ئەو نەتەوانەی كە لیان بەكار دێنن .
**لێوە** : گێل ، گەمژە ، هێڕ .

## – م –

**ماڵخۆ** : خانەخوێ ، خاوەنماڵ .
**مامان** : پەژاچ ، ئەو ئافرەتەی یارمەتی ژن دەدات لە كاتی منداڵبوونو ناوكی منداڵەكەی دەبڕێ .
**مانگوڕ** : كچی عازەب ، بەربەخت ، سەروعوزرشۆر .
**مۆڵە** : قوڕی هەڵسوینی دیوار .
**مەشفەن** : تاتەشۆر .
**مەغەل** : شوێنی ڕاگرتنەوەی مەڕ لە دەرەوەی دێ ، بە زۆری وا دەبێ لە شاخان بێ .
**مەلات** : قیمە ، ئەو قوڕە یان چیمەنتۆیەی دیواری پێ دەكەن ، واتە لە بەینی ڕیزەكانی ڕوو دەكەن تا یەك بگرێ .
**مەلەغان** : جۆرە داسێكی گەورەیە .
**مەهك** : كنج ، بێنوێژی ئافرەت ، حیض .
**مەیتشۆر** : ئەو كەسەی (چ ژن چ پیاو) كە مەیت دەشوا .
**مینا** : شووشەی پەنجەرە .

## – ن –

**ناوپیستێر** : پارچەیەكە لە بەینی هەردوو لنگی دەرپێو شەلوار دەبردرێتەوە .
**نەردەوان** : پەیژە ، قادرمە ، پلیكانەی دار .
**نەورای** : عەردێكی كە نەختێ نزم بێ .

**نـیر :** ئەو دارەی دەکەوێتە سەر ملی وولاغان لە کاتی دابەستنیان بۆ جوت و جەنجـەڕ .

**نیفۆ :** پزی . ئەو شوێنەی کە لە دەرپێ و شەلوارو هەر شتێکی تر بۆ دوخین دەنووشتێندرێتەوە .

**نیمدەر :** تەکەنم ، ڕایەخی بچووك .

## ـ هـ ـ

**هاژیلە :** کووژەکە ، لەپـکە .

**هەژگ :** گردڵ ، چلی بە گەلاوە .

**هەنەزا :** زڕکوڕ .

**هەویرترش :** هەویرێکی کۆنەو ترشاوە ، لە هەویری نوێی دەکەن بۆ ئەوەی وەکو هەوێن بیترشێنێ و هەویرەکە هەڵبێ ، چونکە کە هەویـر هەڵات نانەکە یان کولێرەکە تام ترشییەکی خۆشی دەبێ .

**هەوێز :** ئەو شوێنەی لە نزیك ماڵان مێگەلی لێ ڕادەگیرێتەوە .

**هەلیزە :** هیزە . ئەو پێستە خۆشکراوەی ڕۆنی تێدەکەن .

**هیشکە :** پارەی نەقد .

# دوا ووتـــەی وەرگێڕ

**خوێنەری بەڕێــز :**

لە وەرگێڕانو بڵاوکردنەوەی (ژیانی ئــافرەتی کورد) هەوڵمــانداوە بەپێی توانا کتێبەکە بێ کەموکورتی بێ یان هەر هیچ نەبێ کەموکورتی کەم بێ ، هەوڵیشمان داوە لە کوێ پێویستی‌کردبێ ، لە پەراوێزدا هەڵەی خاتوو هێنی ڕاست بکەینەوەو شتی ئاڵۆزی ڕونبکەینەوەو درێژە بە هەندێ لایەنی ژیانی ئافرەتی کورد بدەیــن کە ئەو لە کورتی بڕیویەتـــەوە بـــەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا لەو بڕوایەداین کە کتێبەکە پەراوێــزو ڕونکردنــەوەی زیــاتر هەڵدەگرتو ئێمە بەوەندە بەسمان کرد .

لە ووتەی کۆتاییدا ، دەبێ پەنجە بۆ هەندێ لایەنی جیاوازی کوردیو ئینگلیزی‌یەکە درێژ بکەین کە بە ناچاری کەوتۆتە ناو کتێبەکەو زیاتریـــش بۆ لایەنی هونەری‌یەوە دەچێتەوە تا شتی‌تر :

● ئەو کەرەستە ئەتنۆگرافیانەی نووسەر (خــاتووهێنی) لە کوردســتان کۆی‌کردوونەتەوەو ڕەوانەی دانیمارکی کردوونەتەوە ، لەوێ خراونەتــە مووزەخانەی نیشتمانیو هەر یەکە ژمارەی خۆی دراوەتێو ژمارەکانیش پیتی ( E ) یان بۆ داندراوە . جا نووسەر لە کتێبەکەیدا باسی هەر کەرەستەیەکی لەو کەرەستانە کردبێ ژمارەکەی لە تەنیشتەوە نووسیوە بەڵام لەبەر ئــەوەی چاپی ئەو پیتو ژمارانە لە کوردی‌دا نەختێ تەگەرەی هونەری تێدایە ئێمــە ناچار بووین ئەو پیتو ژمارانەمان لابرد . ببوورن .

● وێنەکان لە کتێبە ئینگلیزی‌یەکەدا بەڕیز ژمارەیان بۆ داندراوەو لە هەر شوێنێ ناوی وێنەیەك لەو وێنانە هاتبێ ئیشارەت بۆ ژمارەی وێنەکە کراوە ، بەڵام ئێمە شوێنی هەندێ لە وێنەکانمــان پاش‌وپێـــش کرد چونـــکە لـــەو

بڕوایەدابووین لە ئینگلیزی یەکەدا ، دانانی وێنەکان لە جێی خۆیان نەبوون ، بۆیە ژمارەی وێنەکان لەگەڵ ئینگلیزی یەکەدا تێکی نەکردەوەو ناچار بووین لەناو نووسینەکەدا ، لەهەر کوێ ئیشارەت بۆ وێنەیێ کرابێ ، ژمارەکە لابەین • ببوورن •

● خاتوو هێنی لە ناو دەقی نووسینە ئینگلیزی یەکەدا هەندێ ووشەی کوردی بەکارهێناوە ، ئێمەش ووشەکانمان وەکو خۆیان نووسیوەتەوەو ئەگەر ڕاست بن دەستمان لێ نەداونو ئەگەر چەوت بن لە پەراوێز ڕاستمان کردوونەتەوە • جا لە کتێبە ئینگلیزی یەکەدا ، پرۆفیسۆر کێی • ئار فەرهەنگۆکێکی بۆ ووشە کوردی یەکانی ناو کتێبەکە داناوەو هەر یەکەی بۆ زاراوەی خۆی بردۆتەوەو مانای بە ئینگلیزی لێداوەتەوە ؛ بەڵام ئێمە ئەم فەرهەنگۆکەمان لابرد ، چونکە ووشەکانی ناو فەرهەنگۆکەکە یان ووشەی زۆر باوو ئاسانن ، یان ئەگەر گرانیش بن ئێمە خستوومانەتە ناو ئەو فەرهەنگۆکەی کە بۆ سەراپای ووشە گرانەکانی وەرگێڕانی کوردی یەکە کردوومانە • ببوورن •

**تێبینی نووسەر :**

● وێنە فۆتۆگرافی یەکان نووسەرو لێنارت لارسن گرتوویانە •

● نیگارەکان هەموو نووسەر خۆی کردوونی تەنیا وێنەکانی ٢٢ ، ٢٣ ، ٢٤ ، ٣٠ ، ٣١ ) نەبێ کە پی • یو • هانسن کردوویەو وێنەی ( ٦٨ ) کە جێنس ڕۆسینگ کردوویەتی •

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| قسەی وەرگێڕ | ٥ |
| پێشەکی | ١٠ |
| سەرەتا | ١٢ |
| بەشی یەکەم : مەیدانی لێکۆڵینەوە | ١٨ |
| بەشی دوەم : دەوروبەری مادی | ٥٨ |
| ئەرکی خانوو : | ٧٣ |
| چوستو چالاکی ئافرەت لە ماڵێ | ٩٩ |
| نانکردن | ١٠٠ |
| بەناوهێنانی شیرو ڕێچال | ١٠٥ |
| چالێنان | ١١٨ |
| چێشتلێنان | ١٢٠ |
| ئاوهێنان | ١٢٤ |
| پەیداکردنی گزرەو دارودوو | ١٢٥ |
| گەرمکردنەوە | ١٢٦ |
| ڕێژەوپێژەو شووشتنو ئوتووکردن | ١٢٧ |
| ماڵینو پاک کردنەوەی ماڵ | ١٢٨ |
| جێڕاخستن | ١٢٩ |
| چۆنیەتی دانیشتن لەکاتی ئیشکردندا | ١٣٠ |
| چالاکی ناوماڵ لە هەر چوار مەڵبەندی ئافرەتاندا | ١٣٤ |
| پیشەسازی خۆماڵی | ١٤٢ |
| گلینەکاری | ١٥٥ |
| بەشیسێیەم : جلوبەرگی ئافرەتان | ١٥٧ |
| ڕەگەزی کوردی | ١٥٧ |
| ڕەگەزی ئیسلامی | ١٧١ |
| جلی خوازراوەی شارستانێتی ئەورۆپا | ١٧٤ |
| دابەشبوونی ڕەگەزەکانی بەرگی ئافرەتان | ١٧٥ |
| دروستکردنی بەرگی ژنان | ١٨٨ |
| چەکو خشڵ | ١٨٩ |

جوانی شارستانێتی ........ ١٩٣
ـ جل‌وبه‌رگی پیـاوان ........ ١٩٦
ڕه‌گه‌زی کوردی ........ ١٩٦
ڕه‌گه‌زی بیانی له‌ به‌رگی پیاوان ........ ٢٠٨
سه‌رباری به‌رگی پیاوان ........ ٢١٢
ـ جل‌وبه‌رگی منداڵان ........ ٢١٥
به‌شی چواره‌م ـ سووڕی ژیان : ........ ٢١٨
ـ له‌دایك‌بوون ........ ٢١٨
لانکی کوردی ........ ٢٢١
شیردانه‌منداڵ ........ ٢٣٩
خه‌ته‌نــه‌ ........ ٢٤٢
ئاهه‌نگی‌ناونان ........ ٢٤٢
شی‌کردنه‌وه‌ی شوێنی منداڵ ........ ٢٤٥
ژن‌هێنــان ........ ٢٦١
جیاوازی شوێنی ژن‌و پیاو له‌ کاتی ژن‌هێنان‌دا ........ ٢٦٤
خوازبینی‌و ژن‌هێنان ........ ٢٦٦
مــاره‌کردن ........ ٢٧٣
پێوه‌ندی نێوان هه‌ردوو هاوسه‌ر : که‌ ناسیاو بن ........ ٢٧٧
نه‌ختی بووك ........ ٢٧٩
خۆئاماده‌کردن بۆ زه‌ماوه‌ند ........ ٢٨٥
زه‌ماوه‌ندو بووك‌گواستنه‌وه‌ ........ ٢٨٨
گرنگی کچێنی ........ ٣٠٢
فره‌ژنی‌و ده‌ست‌لێك‌به‌ردان ........ ٣٠٤
مــردن ........ ٣١٤
ناشتن ........ ٣١٦
به‌شی پێنجه‌م : شوێنی ئافره‌ت له‌ ژیانی ئایینی‌ی ئیسلام‌دا ........ ٣٢٦
بێ‌نوێژی ........ ٣٤٤
سۆفیگه‌ری له‌ناو کوردان ........ ٣٤٥
ئه‌فسوون‌و جــادوو ........ ٣٤٨
نووشته‌و حه‌تۆته‌ ........ ٣٤٨
ده‌ستی پیرۆز ........ ٣٥٧
فاڵ‌گرتنه‌وه‌ ........ ٣٥٧
سه‌ردانی گۆڕی چاك‌و پیران ........ ٣٥٨
دارچاك‌و دارئاڵاو قوربانی‌کردن ........ ٣٥٩

ئەنجـام : شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵدا ........ ...................... ...................... ........... ٣٦٦
شیکردنەوەی جۆرەکانی پۆشی ................ ................ ................ ............... ٣٦٧
ڕادەی جولانەوەو گۆشەگیری ئافرەت ................. ................. ................ ..... ٣٧٨
ژیانی هاوبەشی ماڵەوە ......... .......... .......... .......... .......... .......... .......... ٣٨٩
شوێنی پیاو لە ماڵەوە ................. ................. ................. ................ ٣٩٢
شیکردنەوەی نموونەی شارستانێتی ئافرەتی کورد ................................ ٣٩٨
جیاوازی نێوان ئەو بناغەی ڕزگاری ئافرەتی ئەوروپی لێ پەیدا بوو لەگەڵ
ئەوەی کە ئێستا لە ناوچەکانی ئیسلامەتیدا هەیە ................................ ٤١١
سەرچـاوەکان .......... .......... .......... .......... .......... .......... .......... ٤١٦
فەرهەنگـۆك .......... .......... .......... .......... .......... .......... .......... ..... ٤٢٢
دوا وتەی وەرگێڕ ........ .......... .......... .......... .......... .......... ..... ٤٣١

# سوپاس‌و پێزانین

● کاك محمدامین بادینی دەقی ئینگلیزی کتێبەکەی بۆ پەیدا کردم‌و ئەوە سێ ساڵە کتێبەکەم لایە . سوپاسی دەکەم .

● کتێبەکە هەندێ ڕستەو دەستەواژەی ئەڵمانی تێدابوو ، هەروەکو هەندێ لە پەراوێزەکانیش بە ئەڵمانی لێدرابوونەوە ، بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕستە ئەڵمانیانە هانام بۆ مامۆستا سەردار حەمید میران بردو ئەویش ڕستەکانی بـۆ کردمە کوردی . سوپاسی دەکەم .

● مامۆستا محمدی مەلا کەریم سەرپەرشتی چاپی‌کردوەو ئەرکێکی زۆری کێشاوە بۆ ئەوەی کتێبەکە بە پوختەو ڕوختەیی ، بێ‌کەم‌وکورتی دەربچێ ، جگە لەوەی کە لە هـەندێ پەراوێزو ڕون‌کردنەوەدا یارمەتی‌داوم . ئـەو نەبوایە کتێبەکە وا بەڕێك‌وپێکی دەرنەدەچوو . سوپاسی بێ‌پایانی دەکەم .

**عەزیز گەردی**

**ڕاست‌کردنەوە**

لە لاپەڕە ئینگلیزی‌یەکاندا کەرەستەی لاپەڕە ٤١٩و ٤٢٠ بەهەڵە کەوتوونەتە جێی یەکتر . لەوە ئاگاداربن .

له کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە (١٥٤)ی ساڵی (١٩٨٤)ی دراوەتێ

دەست پێ‌کردنی چاپ لە ۲۰/۱۱/۱۹۸۳دا

لێبوونەوە لە چاپ لە ۲۸/۱/۱۹۸٤دا

**پێنج‌هەزار دانە لەم کتێبە لەچاپ‌دراوە**

A Publication of the Iraqi Academy
— Kurdish Group —

# The Kurdish Woman's Life

FIELD RESEARCH IN A MUSLIM SOCIETY , IRAQ

by

HENNY HARALD HANSEN

NATIONALMUSEET — KOBENHAVN

1961

Translated from English into Kurdish

by

AZIZ GARDI

Iraqi Academy Press
Baghdad 1984

من مطبوعات المجمع العلمي العراقي ـ الهيئة الكردية

# حياة المرأة الكردية

دراسة ميدانية حول المجتمع الاسلامي في العراق

( باللغة الكردية )

تاليف

هينى هارولد هانسن

ترجمة

عزيز گردي

من الانكليزيـة

مطبعة المجمع العلمي العراقي

بغـداد ـ ١٩٨٤



دانەی بە دینـــارو نیوێکە